جیهانی دوای ئەمریکا

فەرید زەکەریا

وەرگێڕانی: سەلاح سەعدی

جیهانی دوای ئەمریکا

نووسینی : فەرید زەکەرییا

نووسەری کتێبی ((ئایندەی ئازادی)) کە ناوبانگێکی مەزنی وەدەستهێنا

وەرگێڕانی :

سەلاح سەعدی

ئیمەیل: salah_sana1974@ yahoo.com

مۆبایل: ٠٧٥٠٣١٠٧٩٨٣

ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارەی بڵاوکراوە:

جیهانی دوای ئەمریکا

نووسینی: فەرید زەکەرییا

وەرگێڕانی: سەلاح سەعدی

دیزاینی ناوەوە: خلیل هیدایەت مام شێخ
بەرگ: ئاکار جلیل کاکەوەیس
چاپی یەکەم: ٢٠١٧
شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەلات / هەولێر
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: (٨٥٠٠) دینار
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٢١)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە.

فەرید زەکەریا کێیە؟

ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکیی بەڕەگەز موسڵمانی هیندییە و لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە مۆمبای لە دایکبووە. لە ئەمریکا بە یەکێك لە بەرجەستەترین و بەناوبانگترین ڕۆژنامەنووس دادەندرێ. لەگەڵ تیمە مەزنەکانی گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەمریکیی وەك " کاروباری دەرەوە" و " نیوزویك" و " تایم" کاری کردووە. هەروەها لە پرسەکانی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا و پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا پسپۆڕە.

ناوبراو لەنێو خانەوادەیەکدا لەدایکبووە کەوا دایبابی موسڵمان بوون و پەیوەندییان بە جیهانی سیاسەت و ڕۆژنامەنووسییەوە هەبووە، باوکی ئەندامی پارتی کۆنگرەی نیشتمانیی هیندی بووە، دایکیشی لە ڕۆژنامەیەکی هیندیدا نووسەر بووە. ژنی هێناوە و کوڕێك و دوو کچی هەیە.

فەرید زەکەریا لە منداڵیدا چووەتە خوێندنگەی جۆن کۆنن لە مۆمبای، دواتر بەرەو ئەمریکا چووە و لەوێدا لە زانکۆی ییلی (ویلایەتی کونیتیکت) باوەڕنامەی مولەتی لە هونەر وەدەستهێناوە، هەر لەو زانکۆیەدا سەرۆکایەتیی یەکیەتیی سیاسیانەی خوێندکارانی کردووە و دواتر چووەتە زانکۆی هارفارد و لەوێدا پلەی دکتۆرای لە زانستەکانی سیاسیدا وەدەستهێناوە.

فەرید زەکەریا خۆی وەك ڕاگەیاندنکارێکی لیبراڵی لە ئەمریکا و کەسێکی نزیکی دیموکراتەکانی نێو ئیدارەی ئەمریکی دەناسێنیّ، هەروەها زۆر گرنگی بە تاوتوێکردنی پرسەکانی جیهانی ئیسلامی دەدات. لە ساڵی ٢٠١٠دا خەڵاتی (هیوبرت هێمفریی بۆ ئازادییەکان) ڕەتکردەوە کەوا ڕێکخراوێکی ئەمریکی – جوولەکە پێی بەخشیبوو، چوونکە ئەو ڕێکخراوە نەیهێشتبوو مزگەوتێك و سەنتەرێکی ڕۆشنبیریی ئیسلامی لە نیویۆرك و لە نزیك شوێنی هێرشەکانی یانزەی سێپتێمبەری ٢٠٠١دا بونیاد بنریّ.

فەرید زەکەرییا لەسەرەتای ژیانە پیشەییەکەی خۆیدا بەڕێوبەرایەتیی پڕۆژەیەکی توێژینەوەی زانکۆی هارفاردی کردووە کە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی بووە، دواتر بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری " کاروباری دەرەوە" بووە. لە زانکۆیەکانی هارفارد و کۆلۆمبیا و کایس ویسترندا وانەکانی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی و فەلسەفەی سیاسیی گوتووەتەوە.

گرنگی بە پرسەکانی لیبراڵیزمی دیموکراسی و ئیسلامی سیاسی داوە، بەڵام پێی وایە کە پاڵپشتیی ئەمریکا و خۆرئاوا بۆ پیادەکردنی لیبرالیزمی دەستووری لە لایەن دەستهەڵاتەکانی نێو جیهانی عەرەبی بەبێ فشار خستنە سەریان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، دەرئەنجامی باشتری دەبێت لەوەی هانیان بدات هەڵبژاردنی وەها بەڕێوەبەن کە لەوانەیە ئەو کەسانە تیایدا سەرکەوتوو بن کە " سەرکوتکار و تاکڕەون و زیاتر لەگەڵ خۆرئاوا و بەهایەکانی خۆرئاوا دووچاری بەریەککەوتن دەبنەوە"، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ڕەوتەکانی ئیسلامی.

فەرید زەکەریا هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٠١ی بە دەرئەنجامی " تووڕەییەکی گەورە دانا، هەروەها وەهای لە قەڵەم دا کە کارێکی کوێرانەی

تیرۆرستی نەبووە کە لەپێناو تیرۆر و تۆقاندن ئەنجام درابێ، بەڵکو کاردانەوە و سزایەك بوو کەوا بەسەر سیاسەتی ئەمریکیدا پیادە کرا".

ناوبراو لە نێوەرۆکی ئەم کتێبەدا دان بەوەدا دەنێت کە لە پشتگیریکردنی هێرشەکەی ئەمریکای ساڵی ۲۰۰۳ بۆ سەر عێراق هەڵە بووە، هەروەها دانی بە شکستی ئەو هێرشەدا ناوە و ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە هێرشەکە بووەتە هۆی پاشاگەردانییەکی جیۆسیاسی و مەرگەساتی مەزنی نێو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. هەر لەبەر ئەمەیش بووە دژی دەستوەردانی ئەمریکا بوو لە سووریا و ئەوەشی خستە ڕوو کە هەڵوێستەکانی ئەمریکا و خۆرئاوا لەهەمبەر ئەم دۆسیەیەدا سەرلێشێوانیان پێوە دیارە.

فەرید زەکەریا چووەتە نێو تیمی گۆڤاری " نیوزویك" و ماوەی دە ساڵ وەك پسپۆڕێك لە پرسەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی کاری کرد، ئەو ستوونانەی کەوا لەم گۆڤارەدا دەینووسین چەندان خەڵاتیان وەدەستهێنا. هەروەها مانشێتی سەر بەرگی گۆڤارەکە کەوا لە ئۆکتۆبەری ۲۰۰۱دا بەناونیشانی " بۆچی ڕقیان لە ئەمریکا دەبێتەوە؟" بڵاوبوویەوە، بووە جێگەی سەرنج و خوێندنەوە و تاوتوێکردنی زۆرێك لە سیاسیەکانی ئەو کاتی ئەمریکی.

لە ساڵی ۲۰۱۰دا لە گۆڤاری " تایم" کاری دەکرد و گوتارەکانی لە چەند ڕۆژنامەیەکی پڕ تیراژی ئەمریکی بڵاوبوونەوە، هەر لە ساڵی ۲۰۰۸یشەوە لە کەناڵی سی ئێن ئێنی ئەمریکی بەرنامەیەك بەناوی " فەرید زەکەریا گی پی ئێس" پێشکەش دەکات و لە بەرنامەکەدا میوانداری لە کەسییەتییە جیهانییەکانی بواری سیاسی دەکات.

فەرید زەکەریا چەندان کتێبی نووسیوە، یەکەمین کتێبی لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەناونیشانی " ئایندەی ئازادی" چاپ و بڵاوکرایەوە. هەروەها چەند کتێبێکی دیکەشی چاپ و بڵاوکردووەتەوە لەوانە: " لە سامانەوە بۆ دەستهەڵات: بنەما نائاساییەکانی ڕۆڵی ئەمریکی" و "بەرگرییەك لە لیبرالیزمی پەروەردەیی" و "جیهانی دوای ئەمریکا" کە ئێستە لەبەردەستاندایە. هەروەها لە نووسینی کتێبی " ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکی) شدا بەشداری کردووە.

فەرید زەکەریا چەندان خەڵاتی پێ بەخشراوە، لەوانە:" خەڵاتی گۆڤاری نیشتمانی" لە ساڵی ٢٠١٠دا، هەروەها خەڵاتی " بادما بۆشان" کە لە ساڵی ٢٠١٠دا لەلایەن حکوومەتی هیندی وەك سوپاس و پێزانینێك لەهەمبەر هەوڵوکۆششەکانی فەرید زەکەریا لە بواری ڕۆژنامەنووسی، پێی بەخشراوە. هەروەها خەڵاتی "بیبۆدی"ش بەخشرایە بەرنامەیە تەلەفزیۆنییەکەی واتا بەرنامەی " فەرید زەکەرییا گی بی ئێس".

گۆڤاری " فۆرین پولیسی" لە ساڵی ٢٠١٠ لە ڕێزی گرنگترین بیرمەندانی جیهانی داناوە. هەروەها گۆڤاری " فۆربس"ی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٠٨دا لە ریزی ئەو ٢٥ ڕاگەیاندنکارانەی داناوە کەوا لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکیدا زۆرترین کاریگەرییان هەیە. هەروەها لە چەندان زانکۆی ئەمریکیدا پلەی فەخریی وەرگرتووە

پێشەکی

خێراترین ئوتومبێلی پێشبڕکێ لە جیهاندا

گشت سەردەم و چاخێکی زێڕین کۆتایی خۆی هەیە. ئەوجا هەرچەندە سەردەمەکەش بریسکانەوە و درەوشانەوەی زیاتر بێت، کۆتاییەکەی خێراتر گڕ دەگرێ. ئەو داڕووخانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ڕووی دا، لە ساڵی ١٩٢٩ تا ئێستە بە خراپترین داڕووخانی دارایی دادەندرێ کە بووە هۆی خراپترین خاوبوونەوەی ئابووری، هەر لە بێبازاڕییە (الکساد) گەورەکەوە تا دەگاتە ئێستە. تەنانەت کۆی ئەو ڕووداوانەی کەوا لە ساڵی ڕابردوودا ڕوویان دا چاوەڕوانکراو نەبوون؛ لەنێوچوونی نزیکەی ٤٠ تریلیۆن دۆلار لە بەهای پشکەکانی ئابووریی جیهانی؛ و خۆماڵیکردنی گەورەترین دەستگەکانی بارمتە (الرهن) لە ئەمریکا؛ زەبەلاحترین مایەپووچبوون لە مێژوو (لیمان برزرز) و ؛ نەمانی بانکی وەبەرهێنان و ؛پلانەکانی ڕزگارکردن و هاندانی دارایی لە هەموو جیهاندا بەهایەکەی چەندان تریلیۆن دۆلار بوو. ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کەوا وەك چیرۆك بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگێڕدرێتەوە و چەندان شرۆڤەی لەبارەوە دەکرێ.

چۆن گەیشتینە ئەم دۆخەی ئێستە؟ من دەڵێم هۆیە سەرەکی و کرۆکییەکەی ئەم داڕووخانە- وەك گاڵتەیەکی قەدەرەکان- سەرکەوتن بوو. چاریەکی کۆتایی

سەدەی ڕابردوو گەشەکردنێکی دەرهاوێشتە و ناباوی بەخۆیەوە بینی کە تیایدا قەبارەی ئابووریی جیهانی هەر دە ساڵ جارێك دوو هێندە دەبوویەوە، لە ٣١ تریلیۆن دۆلاری ساڵی ١٩٩٩ گەیشتە ٦٢ تریلیۆن دۆلاری ساڵی ٢٠٠٨، لە کاتێکدا هەڵئاوسان بەشێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر هەر لە ئاستێکی زۆر نزمدا مایەوە. هەروەها گەشەکردنەکە گەیشتە چەند ناوچەیەکی نوێش. چوونکە لەو کاتەی خانەوادە خۆرئاواییەکان چوونە نێو ماڵ و خانووی گەورەتر و لاپتۆپ و مۆبایلیان دەکڕی، ئەوا جووتیارە هەژارەکان لە ئاسیا و ئەمریکای لاتیندا کار و پیشەی نوێیان لەو شارانەدا دەدۆزییەوە کەوا زۆر بەخێرایی گەشەیان دەکرد. تەنانەت لە ئەفریقیاشدا خەڵك بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان دەیانتوانی سوود لە بازاری جیهانی وەربگرن. لە گشت شوێنێکدا، نرخی کاڵاکان دادەبەزین و بەهای سامانەکانیش- نرخی پشك و قەواڵەکان و زەویوزار- دەفڕییە ئاسمان، هەروەها سیگنەڵە تێکڕاییەکانی ئابووریشدا زۆر بەسادەیی کۆی ئەم شتانەیان ڕاڤە دەکرد: ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧- دوو ساڵ بوون کەوا بە ترۆپکی چاخی زێڕین دەژمێردران- ١٢٤ وڵات (دوو سێیەکی – ثلثین- وڵاتانی جیهان) گەشەکردنێکی ساڵانەیان وەدەستهێنا کە ڕێژەکەی گەیشتە ٤٪.

چ شتێك بووە هۆی ئەم گەشەکردنە جیهانییە؟ لە ڕاستیدا، مۆنتاج و زنجیرەیەك هێزی سیاسی و ئابووری و تەکنۆلۆژی بوو کە دواتر لەم کتێبەدا بەدرێژی باسی دەکەم.

لە سیاسەتدا. ساڵەکانی دوای ڕووخانی یەکییەتیی سۆڤییەت سەقامگیرییەکی ڕێژەیی سیاسی هێنایە ئاراوە. چوونکە لە کاتی جەنگی سارددا، دەیان جەنگی ئەهلی و ناوخۆیی هەڵگیرسان کە یەکییەتیی سۆڤییەت پارەی لە زۆربەی بزاڤەکانی یاخیبوون و میلیشیا بچووکەکاندا خەرجکرد، لە زۆربەی

دۆخەکانیشدا، خۆرئاواش پارەی بەخشییە هاوپەیمانەکانی. بە نەمانی کێبڕکێی نێوان ئەو دوو زلهێزە، ژمارەی جەنگەکانی نێوخۆیی کەمبوونەوە، ئەوانەی کەوا هەلێش دەگیرسان لە سنوور و چوارچێوەیەکی تەسك و زۆر دیاریکراودا بوون. بێگومان، لەمەدا دۆخی دەرهاوێشتەییش هەبوون، وەك جەنگە دڕندانە ناوخۆییەکەی کۆنگۆ لە نەوەدەکان و ئەو تیرۆر و تۆقاندنەی کەوا ئەلقاعیدە جڵەوی بۆ بەردابوو. بەڵام، بەشێوەیەکی گشتی، جیهان لە قۆناغ و ماوەیەکی سەقامگیری و ئاشتیی ئەوتۆدا ژیا کە پێشتر هەرگیز بەخۆیەوەی نەبینیبوو. ژمارەی قوربانیانی توندوتیژیی سیاسیش لە نزمبوونەوەی بەردەوامدا بوو.

لە لایەنی ئابووریدا. لەگەڵ داڕووخانی کۆمۆنیزم سەرمایەداریی بازاڕەکانی ئازاد تاکە ڕێگەی کردارییانەی بەڕێوەبردنی ئابووری بوو، ئەمەیش حکومەتەکانی زۆربەی وڵاتانی هان دا ببنە بەشێك لە سیستمی ئابووریی نێودەوڵەتی. هەروەها ڕێککەوتنامەکان و ڕێکخراوەکانی نوێ– وەك ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی– کاری بۆ کەمکردنەوەی بەربەستەکانی بازرگانی و یەکخستنی جیهان کرد، جا وڵاتانێکی زۆر لە ڤێتنامەوە بگرە هەتا دەگاتە کۆلۆمبیا، درکیان بەوە کرد کە ناتوانن بەرگەی ئەوە بگرن لە هەنگاوهەڵێنانیان بەرەو گەشەکردن لە دەرەوەی ئەم کێبڕکێیە جیهانییەدا بن، بۆیێ چەند سیاسەتێکی دانایانەیان گرتەبەر کەوا کاری بۆ دابەزاندنی ئاستی قەرز و کۆتاییهێنان بە قەرزە مەرجدارەکان دەرکرد؛ نەك لەبەرئەوەی کەسانی وەك بۆب ڕۆبن یان هانك بۆلسۆن و هتد ناچاریان کردبن ئەو کارانە بکەن، بەڵکو لەبەرئەوەی توانیان سوودی هەنگاونان بەرەو ئەو ئاراستەیە و (هەروەها ئاقیبەتە خراپەکەی ئەنجامنەدانی ئەمە ببینن). ئەم ڕیفۆرمانە وەبەرهێنانە بیانییەکانی هان دا و دەرفەتی نوێی کاری ڕەخساند.

لە هەمان کاتیشـدا، بانکـەکانی مەرکـەزی وردەوردە فێـری ئـەوە دەبـوون چۆن بەسەر توندیی خولی بازرگانیدا زاڵبن و کـەمتری بکەنـەوە، ڕێگـەی لێ بگـرن بـۆ ئـەوەی نەبێتــە هــۆی ڕوودانــی وەرچــەرخانی کتــوپڕ و کاروپیشــە و پــارە پاشەکەوتەکان وێران بکات و ببێتە هۆی ناسەقامگیری و شۆڕش. با وەك نموونـە باسی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بکەین: لە مـاوەی نێـوان سـاڵی ١٨٥٤ و ١٩١٩ دا چەقبەستن (الركود) هەر چوار ساڵێك ڕووی دەدا و لـە هـەر جارێکیشـدا دوو ساڵی تەواو بەردەوام دەبوو. بـەلاّم لـە دوو دەیـەی کۆتاییـدا، ویلایەتـەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لەنێوان ماوەکانی ئەو چەقبەستنەی کـەوا تـەنیا بـۆ مـاوەی هەشـت مـانگ لـە هـەر جارێکـدا بـەردەوام دەبـوو، هەشـت سـاڵ گەشـەکردنی بەردەوام و پێ بەپێی بەخۆیەوە بینی. ئـەو قۆناغـەی سـەقامگیری دەرئـەنجامی چەندان دەیەی بەگژداچوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەڵئاوسان بـوو. بانکـەکانی مەڵبەنـدی لـە پـۆل فـۆلکرەوە لـە هەشـتەکان جـەنگێکیان بـەدژی هەڵئاوسـان هەڵگیرساند و تیایدا ئامرازی زۆر توندوتیژانەیان لە سیاسەتی دراویدا بـەکارهێنا، ئـەوەش لـەپێناو ئـەوەبوو کـە نرخـی کالاّیـەکان بەشـێوەیەکی ڕیـژەیی بـە سەقامگیری بمێنێتەوە. ئەو تەکتیکانەی کەوا لەو جەنگەدا چاککران یەکێك بوون لە گرنگترین هـەناردەکراوەکانی ئـەمریکا. چـوونکە لەگـەڵ هـاتنی سـاڵی ٢٠٠٧دا تەنیا بیست و سێ دەوڵەت تێکڕای هەڵئاوسانیان لـە سـەدا دە بـوو، لـە کاتێکـدا تەنیا یەك وڵات – زیمبابۆی– دووچاری هەڵئاوسانێکی زۆر و زێدەڕۆ ببوویەوە.

لـە بـواری تـەکنۆلۆژیادا. شۆڕشـی زانیـاریی کـرداری لـەدایکبوونی یـەك جـۆرە ئـابووریی جیهـانی خێراتـر کـرد. چـوونکە تێچـووی پەیوەندییـەکان دابـەزی و زانیارییەکان لـە گشـت شـوێنێکدا بەردەسـت و ئاسـان بـوون، ئەمـەیش کـردەی یەکبوونەکـەی ئاسـانکرد. بەمشـێوەیە زۆر بـەکتوپڕی مـارکێتێکی فرۆشـتنی

کەرەستەی وەرزشی لە نیبراسکا دەیتوانی کەرەستەکانی خۆی لە وڵاتی چیندا هاوردە بکات و بیفرۆشێتە ئەورووپا و پەڕاوەکانی حیساباتەکانی لە بانگالۆردا بەراورد و هاوسەنگ بکات.

بەڵام کاریگەرییە لاوەکییە سەرەکییەکانی کۆی ئەم سەرکەوتنانە- هەڵئاوسانێکی بەڕێژە کەم و گەشەکردنی جیهانی و پێشکەوتنی خێرای تەکنۆلۆژی- خۆی لە کۆتایی مەترسییەکەدا دەبینییەوە. لە نەوەدەکاندا، پیاوانی کار زۆر بە تەقییە و خۆپارێزییەوە خۆیان لە مەترسییەکانی سیاسی بەدووردەگرت؛ واتا مەترسی سەر گەشەکردنی ئابووری لە کودەتایەکان و هێرشە تیرۆرستییەکان و شڵەژانەکانی کۆمەڵایەتی. بەڵام مەترسییەکە زۆر کەم بوو. چوونکە ئەگەر کودەتایەکیش ڕووی بدابووایە، ئەوا سیستەمە نوێیەکە ڕووبەڕووی هەمان کۆتوبەندەکان و دەرفەتەکانی ئابووریی جیهانی دەبوویەوە. هەرچەندە تیرۆر و تراژیدیایەکانی جۆراوجۆر هەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا سەقامگیرییە بونیادییە سیاسییەکە بەردەوام بوو کەوا جیهانی دوای جەنگی سارد پێی دەناسرایەوە.

بەڵام ئەم پیاوانەی کار گرنگییەکی هاوشێوەیان بە گرفتە زۆر باوەکەی خۆیان نەدا کە ئەویش بریتی بوو لە مەترسیی ئابووریی. ئەوان وەها شیمانەیان کرد- کەسانی وەك گرینسپان- گەشەکردنی بەرهەمەکانی ئاڵۆزی دارایی لە میانی دابەشکردنی بەگشت ئاراستەکاندا، بەشێوەیەکی کرداری مەترسییەکەیان کەمکردووەتەوە. ئەوان پێیان وابوو کە ئاستەکانی قەرز کە پێشتر بە مەترسی دادەندرا، ئێستە زۆر بەسانایی چارە دەکرێ، ئەمەیش بەپێی ئەو هەلومەرجەی کەوا بەشێوەیەکی بەردەوام گۆڕاوە (وەك خۆیان شیمانەیان کرد). لە ئەنجامی ئەمەدا، وەبەرهێنەرەکان ئامادەبوون دەرامەت و قازانجێکی بەڕێژە کەمیان

دەستکەویٚ لە بەرانبەر ئەوشتانەی کە – لە هەلومەرجی سروشتیدا– بە وەبەرهێنانی مەترسیداریان دەزانی. جیاوازییە (الائتمانییەکان)٩ی– جیاوازییان لە قازانجی نێوان قەواڵەکانی خەزێنەی ئەمریکی وەدەستهێنا (U.S treasury bond) کەوا لەجیهاندا بە سەلامەتترین دادەندریٚ، هەروەها لەنێوان قەواڵەی ئەو کۆمپانیایانەی کەوا دۆسییەی کار و دەستکەوتەکانی پێشوویان دیاریکراو بوو– واتا لە ڕووی مێژووییەوە بە نزمترین ئاست دادەندرا. بۆییٚ وڵاتانی ناسەقامگیری وەك ئیکوادۆر و کۆمپانیا لەرزۆکەکانی وەك گرایسلەر توانیان بەهەمان نرخی هەرزان قەرز بکەن کەوا حکوومەتی ئەمریکی بەهۆیەوە قەرزی دەکرد.(بێگومان لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٠٩ دا ئیکوادۆر لە دانەوەی قەرزەکانی دواکەوت، هەروەها کرایسلەر تەنیا بەهۆی دەستی یارمەتیی لەلایەن حکوومەتەوە ئەویش لە دوا ساتدا توانی خۆی ڕزگار بکات). جا لەگەڵ ئەوەی سوو (قازانج) ی قەرزەکە زۆر کەم و نزمبوو، ئەوا وەبەرهێنەران و خاوەن خانووەکان بەشێوەیەکی زۆر زێدەڕۆیانە دەرفەتیان لێی وەرگرت، بەشێوەیەك ئەوان لە توانای خۆیان زیاتریان خەرجکرد، ئەوەی کە دڵنیایی دەبەخشییە بانکەکان و وەبەرهێنەکانیش کەوا گشت داراییەکی هەرزانیان پێدەدرا (واتا سووی کەم) خەزێنە پەنماوەکانی کۆمپانیاکان بوو– لەگەڵ قازانجێك کەوا بەڕێژە دوو ژمارەی دەیی بۆ ماوەی هەژدە چارەگی بەدوا یەکداهاتوو – لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٦دا– و دابەزینی تێکڕایەکانی مایەپووچبوون لەژێر ئاستی ئاساییدا. کاتەکان هێندە دڵخۆشکەرانە دەهاتنە بەرچاو وەك بڵێی هەرگیز کۆتاییان نەیەت.

دەکریٚ ئابووریی جیهانی بە ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهای زۆر خێرا بچوێنین کەوا توانای سەرسوڕهێنەر و توانای کارکردی وەهای هەیە کە سەری مرۆڤ

دەسوڕمێنێ. لە میانی دەیەی ڕابردوودا، هەمووان ئەو ئۆتۆمبێلەیان هاژووا، ڕژانی مادەی ئەدرینالین بەنێو خوێندا و هەستکردن بە نەشئەیان تاقیکردەوە. بەڵام، گرفتێك هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە کەسێك بەتەواوەتی نەیدەزانی – هەر وەك دەرکەوت– چۆن ئۆتۆمبێلێکی لەمشێوە بهاژوات. ئابووریی جیهانی لە میانی دەیەی ڕابردوودا بووە شتێك کە هیچ کەسێك پێشتر نەیناسیوە و نەیبینیوە– سیستمێکی یەکگرتوو کە لە ١٢٥ وڵات پێکهاتبوو، هەر هەمووان بەشدارییان تیایدا دەکرد و هەرهەمووشیان بەخێراییەکی وەها ڕێگەیان دەبڕی کەوا پێشتر تاقییان نەکردبوویەوە– وەك ئەوەی ئەم ئۆتۆمبێلە لە لایەن ١٢٥ شوفێری جیاجیاوە بهاژووڕێت (بەبێ ئەوەی کەسێك بیر لەوە بکاتەوە دەبل و سپرینگی کەمکەرەوەی تاسەکان بکرێت).

گرفتی قەرز

لە ڕاستیدا، هەندێك هەبوون کە ویستیان دەبل و سپرینگی هێورکەرەوە و کەمکەرەوەی تاسەکان بکرێن، بەڵام لە ساڵەکانی خۆشگوزەرانی و گەشەکردندا وەك بەرهەڵستکار داندران. ئەم بەرهەڵستکارانە پرسیاریان لە هۆی پۆلینکردنی پارێزەری بارمتە ناوەندییەکانی زەویوزارکرد بە هەمان ئاستی ئەو قەواڵانەی کەوا لە کۆمپانیای جەنەڕال ئەلیکتریك دێن لە ڕووی سەلامەتییەوە. بەڵام، گشت ساڵێك بە ڕاپۆرتێك کۆتایی دەهات کەوا لەهەمبەر قازانج و مووچەی ملیارێك دۆلار بۆ بەڕێوەبەری سندووقی دەستەبەرکردن (hedge fund) دلڕفێن و ئەقلڕفێن بوو، ئەمەیش وایکرد دەنگی بەرهەڵستکاران ساڵ لە دوای ساڵ نزمتر بێتەوە. جۆرە بژارکردنێکی سرووشتیی پێچەوانە لە ووڵ ستریت هاتە ئاراوە، یان بە گوزارشتی بویکین کوری– کە بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمپانیای ئیجل کاپیتاڵ بوو – کە دەڵێ لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا " ترشی ناوەکیی گشت

دەستگەکانی دارایی بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار گۆڕاوە. هەموو جارێك کەوا یەکێك لە دانیشتووانی سەرمێز بۆ زیادکردنی بەرزکەرەوەی دارایی فشاری دروست دەکرد، ئەوا چەند ساڵێکی کەمی دواتر ئەوەی دەسەلماند کە ئەوان لەسەر هەقن. بۆیێ ئەو کەسانە زیاتر بوێرییان پەیدا دەکرد و و دەستهەلأتێکی زیاتر و زیاتریان بەسەر سەرمایەدا پەیدا دەکرد. لە کاتێکدا هەر کەسێکی بەرپرس ئەگەر ڕاراییەکی پیشان بدابووایە یان پاڵپشتیی پابەندبوونێکی تەقیەکارانەی کردبایە، ئەوا کات هەڵەکەی دەسەلماند. ئەوسا ئەو کەسە تەقیەکارانە زیاتر دەترسێندران و پلە و پۆستیان بەرز نەدەکرایەوە و کۆنترۆڵیان بەسەر سەرمایەدا نەدەما".

وارن بافیت دەڵێت کرۆکی گرفتەکە خۆی لە زیادبوونی بەردەوامی ئاستەکانی بەرزکەرەوەی داراییدا حەشارداوە (ئەم وشە بە بریقوباقەی کەوا وول ستریت بۆ وەسفکردنی قەرز بەکاری دەهێنێ): تاکە ڕێگەی شکستخواردنی کەسی زیرەکە. تۆ کاری زیرەکانە دەکەیت و لە کۆتاییدا زۆر دەوڵەمەند دەبیت. بەلأم ئەگەر کاری زیرەکانە بکەیت و بەرزکەرەوەکە بەکاربێنیت و لە ڕەوتەکەدا یەك هەڵە بکەیت، ئەوا دەبێتە هۆی لەنێوبردنت، چوونکە هەر شتێك جارانی سفر بکرێت هەر سفر دەردەچێت. بەلأم، کاتێك گشت کەسانی دەوروبەرت کارەکانیان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەنجام دەدەن و تۆیش کارەکانت بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەنجام دەدەیت، ئەوا مەسەلەکە زیاتر بە چیرۆکەکەی سەندرێلا دەچێت لە ئاهەنگی سەماکردندا. گەنج و تولازەکان لە باشترین دۆخدان، مۆزیکەکەش لە باشترین دۆخدایە، چێژ وەرگرتن زیاتر و زیاتر دەبێت، لە مێشکی خۆتدا بیر دەکەیتەوە و دەڵێیت: " بۆچی دەبێ چارەگە سەعاتێك پێش

هاتنی دوانزەی نیوەشەو بڕۆم". ئەمە بەکورتی و بەچەند وشەیەکی زۆر کەم، چیرۆکی گەیشتنمانە بە تراژیدیای ساڵی ٢٠٠٨.

بەپێی یەکێك لە ئاستەکان، قەرز تەوەری تەواوی چیرۆکەکەیە. هەر لە سەرەتای هەشتایەکانەوە ئەمریکییەکان هێندەی حەزی بەکاربردنیان هەیە هێندە بەرهەم ناهێنن؛ جیاوازییەکەش بە قەرزکردن قەرەبوو دەکەنەوە. ئەمە لە گشت ئاستەکانی جڤاکەکەیاندا بەڕێوە دەچوو، چوونکە ڕێژەی قەرزی خانەوادەیی لە ٦٨٠ ملیار دۆلاری ساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٤ تریلیۆن دۆلاری ساڵی ٢٠٠٨ بەرزبوویەوە (تەنیا لە ماوەی حەوت ساڵی دواییدا دوو هێندە بوویەوە). خانەوادەیەکی مامناوەندی لە ئێستەدا ١٣ گرێبەند کارتی هەیە و ڕێژەی 120,000 دۆلار لەسەر شێوەی بارمتەی بواری زەویوزار (العقاري) قەرزارە. لەگەڵ ئەمەیشدا، خانەوادەکان پێشتر بەپێی هەندێك پێوەر بە لووتکەی دەستپێوەگرتن و پاشکەوتکردن دادەندران. سیاسییەکان لەسەر ئاستی ویلایەتەکان و لۆکاڵیدا– پەرۆشی ئەوەن باریگە نوێیەکانی تۆپی سەبەتە و ڕێگەکانی خێرای هەشت ئاراستەیی ببەخشنە ئەو کەسانەی هەڵیاندەبژێرن بەبێ ئەوەی باج (زەرائیبەکان بەرزبکەنەوە– ئەوانیش بەڕۆڵی خۆیان دەستیان بە قەرزکردن کردووە. جا لەپێناو ئەمەدا چەند قەواڵە (سندەکان) بەخشینێکی پرۆژە تایبەتەکانیان دەرکردووە، یان ئەو قەواڵانەی پشت بە باجە ئایندەییەکان دەبەستێ یان ئەو قازانجانەی لە یانسیبەکانەوە دەستدەکەون. بەڵام تەنانەت خودی ئەو سیاسییانە بەبەراورد لەگەڵ مولکی قەرز وەرگرەکان: حکوومەتی فیدراڵی شتێکی ئەوتۆ نەبوون. چوونکە لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕێژەی قەرزی نیشتمانی گەیشتە ٣ تریلیۆن دۆلار. دواتر و لەگەڵ کۆتاییهانی ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتە سەرووی ١٠ تریلیۆن دۆلار (ئێستەیش – واتا لەکاتی نووسینی ئەم چەند دێرە–

گەیشتووەتە 10,9 تریلیۆن دۆلار). لە كاتژمێرە بەناوبانگە نیشتمانییەكەی قەرزدا كەوا كەوتووەتە شاری نیویۆرك شوێنێك نەماوە بۆ ئەوەی هەموو خانەكان پیشان بدات، ئێستە خاوەنەكانی پلان بۆ ئەوە دادەڕێژن لەمساڵدا یەكێكی نوێتری فراوانتر دابنێن.

بە واتایەكی دیكە، ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا بووەتە گەلێكی قەرزدار، گرفتەكەش لە خودی خۆیدا قەرز نییە: چوونكە قەرز و بەرزكەرەوەكانی دارایی، ئەگەر بە داناییەوە بەكارمانهێنان، ئەوا دوو هێزی جوولێنەری ئابووریی هاوچەرخن، بەڵام گەیشتنی (واتا قەرز) بەم ئاستە نەخۆشییەكی كوشندەیە. بۆیێ دەبێ هەردوو لای هاوكێشەكە هاوسەنگ بكرێ؛ ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا نەدەگەیشتە ئەم دۆخە ئەگەر چەندان دەوڵەت نەبووان قەرزی پێبدەن. لێرەوە متمانەی سیاسی و ئابووریی بۆ جیهانی تازە گەشەكردوو هات- بووژانەوە و گەشەكردنی ئەوانی دیكە هەروەك چۆن من ناوی دەبەم- باشترین بەرجەستەكاری ئەم دۆخەش گەشەكردن و ڕابوونی وڵاتی چینە.

هەرچەندە چەند ساڵێكی گەشەكردن هەبوون كەوا دڵخۆشكەربوون، بەڵام خانەوادە و كۆمپانیاكانی چین زۆر بەئاگایی و تەقیەوە مامەڵە دەكەن. چین نیوەی دەستكەوت و دەرامەتەكانی بۆ ڕۆژی ڕەش پاشەكەوت دەكات. ئەم پاشەكەوتە زیاد لە ئەندازەیە و هەروەها ئەو گەشەكردنە مەزنە، بوونە هۆی كەڵەكەبوونی سەرمایەیەكی زەبەلاح لە چیندا. بەڵام ئەم مەسەلەیە هیچ پەیوەندییەكی بە كەلتووری كۆنفۆشیوسییەوە نییە، بەڵكو پەیوەندیی بە سیاسەتی حكومییەوە هەیە كەوا ئامۆژگاریی خەڵكی كردووە پارە خەرج نەكەن و بەشێوەیەكی بەشەكیش هانی پاشەكەوتیشی داوە بۆئەوەی دەستەبەری ئەوە بكات ڕێژەی هەڵئاوسان بە نزمی و دراوەكەی بەهەرزان بهێڵێتەوە: ئەمەیش

وایکردووە کاڵای چینی نرخی کەم بێت و بۆ بەکاربەری خۆرئاوایی سەرنجڕاکێش بێت. جگە لەمانەیش، وڵاتانی وەك چین بەهۆی قەیرانی ساڵی ١٩٩٦ی ئاسیاوە زۆر بێزاربوون کاتێك ئابووریی ئاسیایی داڕما و کەسانی بانکیی خۆرئاوایی بەهانایەوە هاتن، بەڵام بە مەرجی زۆر قورس. لەبەر ئەم هۆیە، حکومەتەکانی ئاسیایی و (حکوومەتەکانی دیکەی دەرەوەی ئاسیاش) دوای گەڕانەوەی تەندروستییە ئابوورییەکەیان، بڕیاریان دا یەدەگە تایبەتەکانی خۆیان کەڵەکە بکەن بۆ ئەوەی ناچار نەبن جارێکی دیکە پشت بە بەزەیی و لوتفی کەسانی بێگانە ببەستن.

بەمشێوەیە، لەجیات سەرلەنوێ وەبەرهێنانەوە لە پاشەکەوتە زۆرەکانی نێو ئابووریی نیشتمانی، ئەوا دەستهەڵاتەکانی چین کاریان بۆ پاشەکەوتکردنی کرد. بەڵام، حکوومەت چۆن پارە و داراییەکانی عەنبار دەکات؟ بە کڕینی ئەو شتانەی کە لەو کاتیدا و تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت-بە سەلامەتترین وەبەرهێنان دادەندرێ لەجیهاندا: قەواڵەکانی خەزێنەی ئەمریکی. جا لە میانی کەڵەکەکردنی ڕێژەیەکی زەبەلاحی قەرزی ئەمریکی، مەسەلەکە لەلای چینیەکان وەها کۆتایی هات پاڵپشتیی ئەو ڕەفتارە بکەن کە بووە هۆی ئەمە، ئەویش لایەنی بەکاربردنی ئەمریکییە. چوونکە ئەوان پاڵپشتیی ئەو زێدەڕۆییەی ئێمەیان کرد کە لە خەرجکردندا دەیگرینەبەر، پاڵشتییەکەش بەبەخشینی قەرز بوو بە ئێمە، بەمەیش عەنبارکراوێکی فراوانیی قەواڵەکانی قەرزیان بە دۆلار کەڵەکەکرد.

چین تاکە قەرزدەر نەبوو، چوونکە هەشت وڵاتی دیکەی بازاڕی تازەگەشەسەندوو بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی جەنگ دەستیان بە کۆکردنەوەی سەد ملیار دۆلار یان زیاتر کرد کە بەشی هەرە زۆری بە دۆلار بوو. بەڵام چین جارێکی دیکە بەتەنیا سەرلیستی یەدەگی دراوی بیانی بوو کە بریتیبوو لە دوو

تریلیـۆن دۆلار؛ و زۆربـەی بـە دۆلار بـوو. لـە ئـەیلوولی ڕابـردوودا، چـین بـووە گـەورەترین قـەرزدەری بیـانی کـە قـەرزی بـە ئـەمریکا بەخشـیبێت، لەمەیەشدا یابانیشی تێپەڕاند کە ئیدی چیتر ڕێژەیەکی گەورەی قەواڵەی خەزێنەی ئەمریکی نەدەکڕی. (بە وەدەستهێنانی مافی ڕەفتارکردن (الحیـازە) لەسـەر ١٠ لەسـەدای قەواڵەکانی خەزێنەی ئـەمریکی کـە تـا ئێسـتە نەدراوەتـەوە، چـین بـە مـەزنترین قەرزدەر دادەندرێ بۆ ئەمریکا، ئەمە ڕاسـتە، بـەڵام خەزێنـەی ئـەمریکی بـەدوای قەرزکارانی ناوخۆییدا ناگەڕێ).

بەڵام زێدەڕۆییکردن لە پاشکەوتدا لەسەر ئاستی جیهانیدا، ئـەوەی سـەلماند کـە گرفتێکـە و هیچـی کـەمتر نییـە لـەو زێدەڕۆییـەی کـەوا لـە بەکاربردنـدا پیـادە دەکـرێ. چـوونکە ئـابووریزانێکی زانکـۆی هارفـارد بـەناوی دانـی ڕۆدریـك ئـەوە دەخـەملێنێ کـە نـاردنی ڕێژەیـەکی زۆری پـارە و دارایـی بـۆ دەرەوە لـەجیات وەبەرهێنان و سـوود لێـوەرگرتنی بەشـێوەیەکی بەرهەمهێنەرانـە، خـاڵی سـەدی لەسەر چین دەسەپێنێ لە کۆی بەرهەمە لۆکاڵییەکانی ساڵێکدا، یانیش زیـاتر لـە ٤٠ ملیـار دۆلاری سـاڵانەی تێدەچـێ. هـەروەها قـەرزی چـینی بـۆ ویلایەتـەکانی یەکگرتووی ئەمریکا زیـاتر بەبەرنامەیـەکی زەبـەلاحی هانـدان دەچـێت، چـوونکە تێکڕای سووەکانی لە نزمی هێشتەوە، ئەمەیش هـانی کەسـانی خـاوەن خـانوو و مـاڵی دا دەسـتکاریی قـەرزەکانیان بکەنـەوە، هـەروەها پـاڵی بـە بەڕێوەبـەری سندووقەکانەوە نا لە زیادکردنی بەرزکـەرەوە دارییەکەیانـدا کـردەی پارێزسـازی (hedging) بکەن، هەروەها هانی بانکەکانی وەبەرهێنانیشـی دا گوژمـەکانیان فراوان بکەن. هەر سـەبارەت بـەم مەسـەلەیە، نووسـەرێکی ڕۆژنامـەی فایننشـاڵ تایمز بەنێوی مارتن وولـف دەڵـێ:" قـەرز وەرگـرتن لـە چـین پـارەی کەمبـەهای

بەرهـــەمهێنا، " پـــارەی کەمبـــەهاش چ لـــەڕووی قـــەرزکردن و چ لـــەڕووی خەرجکردنەوە تەوژمێکی بەهێزی داهێنانی دارایی دروستکرد".

هـەروەها وولـف دەڵـێ: " ئیـدی وەك جـاران ناتوانـدرێ بچـینەوە سـەر کـار". واپێدەچی وەك شتێکی قەدەری بەسەرماندا سەپێندرابێ کە ئەم دۆخەی ئێسـتە بـۆ ماوەیـەکی زۆر درێـژە بکێشـێ. چـوونکە پـێش ماوەیـەکی کـەم لـە دەستبەکاربوونی باراك ئۆباما هۆشداری دا کە ئەگەری ڕوودانی" کورتهێنانێك لـە ساڵی ئایندەدا هەیـە کـە بەهایەکـەی تریلیۆنێـك دۆلارە "، لـەو کاتـەی ئیـدارەی نــاوبراو مەسـەلەی دەسـتکاریکردنی قـەبارەی خەرجییـەکانی خسـتووەتە بەرنامەوە)، ئەوا بەسەر گشت شتێکدا پیادەی دەکات؛ لە تەکنۆلۆژیای سەوزە وە بگـرە تـا دەگاتـە چـاودێریکردنی تەندروسـتی و دووبـارە بونیادنانـەوەی ئابوورییە و فشۆڵەکە، ئێمەیش ناچار دەبـین زۆربـەی ئـەم پارەوپوولـە لـە چـین قـەرز بکـەین. بـەلام چـینییەکانیش بەدەسـت گرفتـە تایبەتـە ئابوورییـەکانی خۆیانـەوە دەنـاڵێنن و ئێسـتە ٦٠٠ ملیـۆن دۆلار (واتـا ١٥٪ تێکـڕای داهـاتی لۆکاڵییـان) لـەپێناو چارەسـەرکردنیدا خـەرج دەکـەن. واتـا ئێمـە داوا لـە چـین دەکەین کە لە یەك کاتدا پارە بۆ دوو لە گەورەترین فراوانبـوونی داراییـی تـەرخان بکات کە بۆ یەکەم جارە مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوەی بینیوە واتا فراوانبوونی خۆمان و ئەوانیش. ئەمریکا گشت ئـەو هۆیانـەی هەیـە کـەوا پـاڵی پێـوە دەنێـت دەسـتبلاوی لـە قەواڵـەکانی خەزێنەکەیـدا بکـات. جـا بـەبێ ئـەم دەسـتبلاوییە هەناردەکانی چین دووچاری گرفـت و نەخۆشـی دەبێتـەوە و تێکڕایـە بـەرزەکانی گەشەکردنی بەرەو سفر دادەبەزێ.

بەلام چینییەکان هێشتا چەند بژارێکیان لەبەردەستدا ماوە. بەپێی ڕا و بۆچوونی جۆزیف ستیگلیتزی خاوەن خەلاتی نۆبڵ لە ئابووریـدا، " چـینییەکان لـە هـەوڵی

خۆیـان بـەردەوام دەبـن بـۆ ئـەوەی بـەردەوامی ببەخشـنە لایـەنی بـەکاربردنی ئەمریکی، بەڵام ئەگەر ئەوەیان بۆ ڕوونبوویـەوە ئەمـە شـتێکی بەرهەمـدار نییـە، ئـەوا بێگومـان پلانـی جێگرەوەیـان هەیـە ". پلانـە جێگرەوەکـەش بریتییـە لـە پتـەوکردن و پاڵپشـتیکردنی لایـەنی بـەکاربردنی چـینی ئـەویش لـە میـانی خەرجکردنی حکوومییانە و زیاتر پشتبەسـتن بـە گەلەکـەی خـۆی. لەمبارەیـەوە نیال فێرگیسۆنی مێژوونووس دەڵـێ" : پرسـیارە گەورەکـە لـە ئێسـتەدا ئەوەیـە ئاخۆ چین–ئەمریکا (چـین و ئـەمریکا) بەیەکـەوە دەمێننـەوە یـان بـەهۆی ئـەم قەیرانەوە ناکۆکی دەکەوێتـە نێوانیانـەوە. ئەگـەر لەگـەڵ یـەکتری مانـەوە، ئـەوا ڕێگـەی دەربـازبوون لـە دارسـتانەکەدا دەدۆزیتـەوە. بـەڵام ئەگـەر لەیـەکتری جیابوونەوە، ئەوا ماڵئاوایی لە جیهانگەرایی بکە".

باشـترین سـیناریۆ ئەوەیـە چـین و ئـەمریکا لـەپێناو پچـڕاندنی ئـەو کەلەپچـە خۆکوژییەدا بەیەکەوە کاربکەن کەوا هەردووکیانی بەیەکەوە بەستووەتەوە. چین بەهەبوونی پارەیەکی زۆر سوودێکی زۆر گەورە دەبینێ بۆ ئەوەی سـەرلەنوێ لـە ئابوورییـە نێوخۆییەکەیـدا وەبـەری بهێنـێ، هـەروەها ویلایەتـەکانی یـەکگرتووی ئەمریکایش سـوودمەند دەبێـت، ئـەویش لـە میـانی ناچـارکردنی بـۆ دەرکـردن و پیادەکردنی چـەند بڕیـارێکی دژوار کـەوا لـە کۆتاییەکەیـدا بارودۆخەکـەی بـەرەو باشتر دەبات. چوونکە بەلای کەمـەوە لـە هەشـتاییەکانەوە ئـەمریکا درکـی بـەوە کردووە کـە دەتـوانێ بـە دەسـتبلاوییەوە خـەرج بکـات، کـاتی دانەوەکەشـی بـۆ کاتێکی نادیار دواخستووە. ئەمەیش بۆ سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆیشی کـارێکی باش نەبوو، چـوونکە ئەمـە وایکـرد واشـنتۆن لووتبـەرز و تەنبـەڵ و گوێپێنـەدەر بێت، بەڵام ئەم خوول و گەشتە بەخۆڕاییە گەیشتە کۆتاییەکەی.

گوڕوتاو بەرەو جیهانی دوای ئەمریکا

هەرچەندە ئاست و مەودای ئەم قەیرانە داراییە لە هەموو ئەو شتانە گەورەترە کەو بتوانین لە یادگەی دوورمەودادا بیپارێزین، بەڵام ڕووداوێکی نائاسایی و دەگمەن نییە. چوونکە هۆڵەندییەکان بەهۆی گوڵەکانی تولیبەوە لە سەرەتایەکانی سەدەی حەڤدەیەمدا بەتەواوی شێتبوون؛ هەروەها لە چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا شەیدایی بۆ هێڵی ئاسنین دووچاری برتانییەکان بوو. تەنانەت لە چەند دەیەیەکی ڕابردوودا، تراژیدیایەکی دارایی لە مەکسیك و ئەرژەنتین و بەرازیل و گشت وڵاتانی ئەمریکای لاتینیدا دروستبوو. لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا ڕووسیا و هەموو ئەوانەی لە تەوەرەی ئەودابوون، مایەپووچ و قەلۆش بوون. دواتر لە کۆتایی ئەو دەیەیەدا پەتایەکە ئاسیاشی گرتەوە. هەروەها ڕووخانی بەڕێوەبەرایەتیی سەرمایە بۆ دوورمەودا Long-Term Capital Management– یەکێك لە گەورەترین سندووقی پارێزسازی(hedging) لە جیهاندا لە ساڵی ١٩٩٨ هێندە تۆقێنەربوو کە بانکی یەدەگی فیدراڵی بۆ ڕێگەگرتن لە داڕووخانی سیستەم هەڵمەتێکی ڕزگارکردنی دەستپێکرد.

ئەوەی قەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ بەوردی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە ناوچەیەکی دواکەوتووی جیهانی تازەگەشەسەندوودا ڕووی نەداوە، بەڵکو لەنێو جەرگەی سەرمایەداریی جیهانیدا– ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا– ڕووی دا و دواتر بەنێو شادەماری سیستەمی دارایی نێودەوڵەتیدا ڕێگەی خۆی بەرەو شوێنی دیکەش بڕی، گەرچی هۆشداری لە کۆتاییهاتنی سەرمایەداری نادات– وەك هەندێك شارەزا بۆی دەچن– بەڵام تا ئاستێکی زۆر بەرز بۆ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا واتای کۆتاییهاتنی جۆرێکی دیاریکراوی هەژموونی جیهانی دەگەیەنێ. هەڵچوون و تەوژمی ئابووریی هەنووکەیی هەنگاوی چوونە نێو

جیهانی دوای ئەمریکا خێراتر دەکات. چوونکە ئەگەر جەنگی عێراق و سیاسەتی دەرەوەی جۆرج دەبلیو بۆش بوونە هۆی لادانی سیفەتی ڕەوایی (شەرعی) لە دەستهەلاتی سیاسیی- سەربازیی ئەمریکا لە چاوی جیهاندا، ئەوا قەیرانی دارایی دەبێتە هۆی لادانی ڕەوایی لە دەستهەلاتە ئابوورییەکەی.

ڕا و بۆچوونی خەلك سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی هەرچۆنێك بێت، ئەوا هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا ئابوورییەکی نوێگەراتر و پێشکەوتووتر و بەرهەمدارتری هەیە لە جیهاندا؛ بازاڕە دراوییەکەیشی هەروایە. لە ئەنجامی ئەمەدا، ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا هەر تەنیا لە بواری هێزی سەربازی و دیبلۆماسیدا هەژموونی بەسەر جیهاندا پەیدا نەکرد، بەلکو لە بواری هزریشەوە هەژموونداره. باشترین بەلگەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە بەڕێوەبەرانی بانکەکانی نێوەندی و وەزیرانی دارایی لە هەموو جیهاندا بنەمایەکانی پیشەکەی خۆیان لە قوتابخانەکانی ئەمریکادا خوێندووە، هەروەها سیاسییەکانیش ئابووریی خۆیان بە پێڕەوکردنی ئەو ئامۆژگارییانە پێشخست کە لە لایەن کۆڕایی واشنتۆنە پێشکەش کرابوو، داهێنانەکانی سیلیکۆن فالی جێگەی ئیرەیی پێبردنی هەموو جیهان بوو. بازاڕە قازانجکار و قوولەکانی نیویۆرك لە لایەن گشت کیشوەرەکانەوە لاساییان کرایەوە تەنیا جەمسەری بەستووی باشوور نەبێت.

جیهانگەرایی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بەپێی گوزارشتی براد سیتسیری (ئەندامی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە) تا ئاستێکی زۆر هاوواتا و هاوتای بە ئەمریکیکردن بوو. هەروەها دەڵێ: " قەرزکارانی بەرتەمای بیانی بۆ کۆکردنەوەی پارە حەزیان بە دەرکردنی ئەو قەوالانە دەکرد کەوا بە دۆلار ناسێندرابوو، هەروەها یاسای نیویۆرکیان بەکاردەهێنا و لە هەمبەر دۆزینەوە و

ئاشکراکردنیدا پابەندی پێوەرەکانی لیژنەی کاغەزەکانی دارایی بوون ". لایەنی بەکێشکردنی هزرەکان و دەستگەکانی ئەمریکی بەهۆی سەرکەوتنی ئابووریی وڵاتەکەوە پاڵپشتیی لێ دەکرا.

داڕووخانی وول ستریت میراتی ئەم سەرکەوتنە زۆر لاواز دەکات، ئابووریی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٠٩دا دەپووکێتەوە یان خاو دەبێتەوە، ئەگەری ئەوەش هەیە ساڵەکانی دوای ئەم ساڵەش بەهۆی قەرزەوە بەهێواشی گەشە بکات، لەمەیشدا زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی لەگەڵ ئەمریکا لەسەر هەمان کەشتیدا دەبن. زۆر سروشتییە کەوا چالاکیی ئابووریی شوێنە جیاجیایەکانی جیهان بەهۆی ڕووخانی جیهانی یەکەمەوە کاریگەر بىن. گەرچی پارەدانەکە (التمويل) بەشێوەیەکی هەمەکی بەجیهانی کراوە، ئەوا بازاڕەکانی دراو و ئابووری لە گشت شوێنێکدا پێی کاریگەر بوون. بەڵام ئابوورییەکانی کرۆکی (الجوهرية) لە بازاڕە تازە گەشەکردووەکاندا– چین و هیند و بەرازیل– بەپێی پێویست گەورەن و چالاکییەکی تایبەت بەخۆیان هەیە (خواستی لۆکاڵی) کە پشت بە هەناردەکانی خۆیان بۆ خۆرئاوا نابەستن. لە ئەنجامی ئەمەدا، سندووقی دراوی نێودەوڵەتی وەهای دەخەملێنێ کە سەدا سەدی گەشەکردنی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٩دا لە بازاڕەکانی تازە گەشەسەندوودا دێتە ئاراوە. بەمشێوەیە بازاڕەکانی دراوی و ئابووریی ئەم وڵاتانە، هەرچەندە بە بازاڕەکانی ئابووری و دراویی ئەمریکاوە بەستراون، بەڵام بۆ یەکەم جارە لە مێژووی خۆیاندا جۆرە سەربەخۆییەکیان وەدەستهێناوە.

هێزەکانی جیهانی لەسەرووی هەموو شتێکی وەك كۆنترۆڵکردنی هزرەکان و ئەجینداکان و شێوازە نموونییەکانن. دۆزینەوەی زۆرێك لە داهێنانەکانی ئابووریی کەوا لە دەیەی ڕابردوودا بەرپابوون کەمێك زیاتر لە ماڵێکی کارتۆنیی

فشۆڵیان بەرهەم هێنا کە هێزی ئەمریکا لاواز بکات. لەسەر ئەم بنەمایەوە، فرۆشتنی هزرەکانی ئەمریکی بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان لەمرۆ بەدواوە هەوڵ و کۆششێکی زیاتری گەرەکە. وڵاتانی تازەگەشەکردوو بە متمانەبەخۆبوونێکی زۆرەوە چەند سیاسەتێکی نموونەیی ئابووریی بۆخۆیان هەڵدەبژێرن. یو یونگدینی ڕاوێژکاری پێشووی بانکی نێوەندیی چینی لە کۆتاییەکانی ئەیلوولی ساڵی ۲۰۰۸ دا گوتی:" وەها لە سیستمی ئابووری و دارایی ئەمریکی دەنواڕدرا وەك ئەوەی نموونە و سەرمەشقێك بێت، ئێمەیش تا پێمان کرا بۆ لاساییکردنەوەی هەوڵی خۆمان دا. کتوپڕ بینیمان کە مامۆستایەکەمان ئەو کارامەییەی نییە کەوا پێشتر پێشبینیمان دەکرد. لەبەرئەوە، کاتێك لە جاری داهاتوودا پلان بۆ سیستمی دارایی و ئابووریی خۆمان دادەڕێژین، زیاتر ئەقڵمان بەکار دەهێنین".

هەرچەندە کردەی ڕابوونی ئەوانی دیکە (البقیە) لە کرۆکدا دیاردەیەکی ئابوورییە، بەڵام ئەو وەرچەرخانەی ئەمرۆ دەیبینین تەنیا چەند دۆلار و سنتێك نییە، بەڵکو دەرئەنجامی سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیریی هەیە. لەو کاتەی کە وڵاتان هێز و دەوڵەمەندییان زیاتر دەبێت، هەروەها لەو کاتەی کەوا ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا کار بۆ ئەوەی دەکات متمانەی جیهان لەهەمبەر خۆیادا دروستبکاتەوە، لەوانەیە ئێمە زۆرێك لە بەرەنگاربوونەوە و تەگەرە و خۆسەلماندنی گەلانی تازە گەشەسەندوو ببینین کەوا وردەوردە ڕادەبن و بەرزتر دەبنەوە. لە ماوەی هاوینی ڕابردوودا لە مانگێکدا هیند ئامادەبوو لە گفتوگۆیەکانی بازرگانیی دەوحەدا ڕاستەوخۆ بەرەنگاری ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بێتەوە، هەروەها ڕووسیا هێرشی کردە جۆرجیا و چەند ناوچەیەکی لێ داگیرکرد، چینیش میوانداریی لەو گەمە ئۆلۆمپیانە کرد کە لە

مێژوودا سەرسوڕهێنەرترین و شکۆدارترین بوو (کە زیاتر لە ٤٠ ملیار دۆلاری تێچوو). لە کاتێکدا هەر یەکێك لەم سێ دەوڵەتە، پێش تەنیا دەیەیەك لەمەوبەر، هێز و متمانەیەکی ئەوتۆیان بەخۆیان نەبوو بەو شێوە ڕەفتار بکەن کە ئەوکات کردییان. تەنانەت ئەگەر تێکڕای گەشەکردنیشیان دابەزیبێت، کە بێگومان ئەمە ڕوودەدات، بەڵام ئەم دەوڵەتانە لەنێو سیستمی جیهانیدا بەئاسانی و هێمنی واز لە ڕۆڵی خۆیان ناهێنن.

چەند نموونەیەك دەهێنمەوە؛ لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەژموونی خۆی فراوانکرد بۆ ئەوەی بگاتە ئەو شوێن و پێگانەی کەوا بۆ ماوەی چەندان سەدە لەژێر هەژموونی ڕووسیادا بوو. لە قۆناغی هەژموونی ئەمریکی کە دوای جەنگی سارد هات، مۆسکۆ ملکەچیی نواند و پێویستی بە ئەمریکا بوو بۆ ئەوەی پارە و پاڵپشتی دابین بکات. بەلآم لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٠٨ دا هێزی خۆی وەدەستهێنایەوە. لە نیوەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٩دا کۆماری قیرغیزیا گەیشتە ئەو بڕیارەی کەوا بنکەی ئاسمانیی ماناج دابخات، – ئەم بنکەیە بنکەیەکی ئاسمانیی ئەمریکییە کەوا پاڵپشتییەکی زۆر زیندووی ئاسمانی بۆ کردەکانی سەربازیی ئەمریکا لە ئەفغانستان دابین دەکات، بەتایبەت دوای داخستنی بنکەی ئاسمانی لە ئۆزباکستان لە ساڵی ٢٠٠٥ – پاڵنەری ئەم داخستنەش پارە بوو، چوونکە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا ساڵانە ٥٥ ملیۆن دۆلاری بۆ بەکرێگرتنی بنکەکە دەبەخشی و ئاماژەشی بەوەکرد کە ئامادەیە ڕێژەی پارەکە بۆ سەد ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا بەرز بکاتەوە. بەلآم حکوومەتی ڕووسیی بیرۆکەی هەبوونی نیمچە بەردەوامی سەربازیی ئەمریکی لە باغچەکەی پشت ماڵی بەباش نەدەزانی، کردەی یارمەتیدانەکەی بۆ ٢.٣ ملیار دۆلار بەرزکردەوە و لەو قەرزەش خۆشبوو کە

بەهایەکەی ١٨٠ ملیۆن دۆلار بوو، هەروەها چەند یارمەتییەکی دیکەی کرد کە بەهایەکەی ١٥٠ ملیۆن دۆلاربوو، داوای قەرزێکیشی لە ئەمریکا کرد کەوا بەهایەکەی دوو ملیار دۆلار بۆ ئەوەی بونیادنانی وێستگەیەکی وزەی هایدرۆکارەبایی تەواو بکات. ئەم پرۆژە هاوبەشەی وزە بە رێژەی ٤٠٪ پالپشتیی لە بەرهەمی وزەی کۆماری قیرغیزیا دەکات و رێژەی هەناردەکردنی وزەی بۆ بەرزترین ئاستی رێتێچوو بەرز دەکاتەوە. رووسیاش تەنانەت لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت بۆ ٤٠ دۆلار -بۆ بەرمیلێك- لە هەمان ئەو پێگەیەکدا دەمێنێتەوە کە رێگەی بۆ خۆش دەکات سیاسەتێکی ئازادانەتری دەرەکی بگرێتەبەر.

تەنانەت هیند- هاوپەیمانە نوێیەکەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا- دەیەوێ لەهەمبەر ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا ئازادیی خۆی بپارێزێ. گەرچی هیند لە هەمبەر ئەمریکادا هەست بە سوپاس و پێزانینێکی زۆر دەکات چوونکە لە بەشەرعی ناساندنی هیند وەك هێزێکی سروشتیی ناوەکی پشتگیریی لێی کردووە، بەلام تاکو ئێستەیش لە کاردانەوەی لە هەمبەر ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا سەبارەت بە پرسەکانی سەرەکیی ئاسایش خۆی دەگنخێنێ، بۆنموونە: هەرچەندە ئەمریکا سەبارەت بە ئێران فشارێکی زۆری خستە سەر هیند، بەلام هیند زۆر بەسادەیی ئێران بەو هەرەشەیە نازانێ کەوا واشنتۆن بۆی چووە. راستە کە جارێك رازی بووە لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئەمریکادا لە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی دەنگ بدات، بەلام لە پەیوەندییە فراوانەکانی لەگەڵ ئێراندا بەردەوامە بە ئەنجامدانی مانۆڕی هاوبەشی دەریاییشەوە. هیند ئێران بە هاوبەشێکی بازرگانیی خۆی دەزانێ، بەهەموو شێوەیەك ئەوە رەت دەکاتەوە ئێران دابڕێندرێ. لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٨دا،

فڕۆکەوانەکانی سەرۆك ئەحمەدی نەژاد لـەکاتی گەڕانـەوەی سـەرۆکی ئێرانـی لـە سەفەرەکەی سیریلانکای بەرەو وڵاتی خۆی داوایان کرد لەپێناو بەنزین وەرگـرتن لـە نیـودەلهی بنیشـنەوە، حکوومـەتی هینـدیش یەکسـەر بانگهێشـتێکی فـەرمی دەرکرد و وەستانە کاتییەکە بووە سەردانێکی نێو دەوڵەتی.

هەروەها ئەم دۆخەی ئێستە وانەیەکی گرنگ و بەسوود بـە سـندووقی دراوی نێـو دەوڵـەتی و بـانکی نێودەوڵـەتی دەدات. چوونکە بـەردەوام ئـەو دوو دەسـتگەیە وەها تەماشایان دەکرا کـە پـڕن لـە هـزر و پـارە و دارایـی ئـەمریکی و وەك دوو ئامرازی هەژموونی ئەمریکی لێکدەدرانەوە، بـەڵام ئێسـتە بـەپێی بۆچـوونی بـراد سیستێر " ئابوورییە گەشەسەندووەکانی وەك چین و ڕووسـیا و هینـد و کۆریـا و تەنانەت بەرازیل، نـەك هـەر تـەنیا پێویسـتیان بـە سـندووقی دراوی نێودەوڵـەتی نییـە، بـەڵکو لەگەڵیـدا لـە پێگـەی کێبڕکێشـدان، بۆنموونـە: فـەنزوێلا یارمـەتیی ئـەرژەنتینی دا بـۆ ئـەوەی پابەندییـەکانی خـۆی لەهەمبـەر سـندووقی دراوی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکـات. هـەروەها بـانکی بەخشـینی گەشـەپێدانی چـینیش ئەلتەرناتیڤی قەرزەکانی بانکی نێودەوڵەتی دەبەخشێت".

ئەگەر سەبارەت بە قووڵایی ئەو گۆڕانکارییانە نموونەیەکی باشتر دەوێـت کـەوا بەهۆی ڕابوونی ئەوانی دیکەوە دێنە ئاراوە، دووبارە ڕووماڵەکـەی لووتکـەی ئـەو بیست دەوڵەتە بخوێنەوە کەوا لە تشرینی دووەمی سـاڵی ٢٠٠٨ دا لـە واشـنتۆنی پایتەختدا بەڕێوەچوو. کۆی قەیرانەکانی دارایی پێشوو یـان لـە لایـەن سـندووقی دراوی نێو دەوڵەتییەوە یانیش بـانکی نێودەوڵـەتی یـان کۆمەڵـەی حـەوت وڵاتـە گەورەکە (دواتریش هەشت وڵاتەکە) چارەسەر دەکران. لە قەیرانەکانی پێشـوودا خۆرئاوا ڕۆڵی مامۆسـتایەکی توندوتیـژی خوێندنگـەی دەبینـی کـەوا سـەرکۆنەی خوێنـدکارانی نـاڕێکی پۆلێـك دەکـات، بۆنموونـە: لـە میـانی قـەیرانی ئاسـیاییدا

ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی خۆرئاوایی، داوایان کرد کە وڵاتانی ئاسایی سێ هەنگاو هەڵێنن؛ لێبگەڕێ بانکەکانی شکستخواردوو بەتەواوی دابڕووخێن و کۆنترۆڵی خەرجییەکانیان بکەن، ڕێژەی سوود و سووەکانیش بەرز بکەنەوە. بەڵام خۆرئاوا لە هەرسێ لایەن و سەنگەردا لە قەیرانە تایبەتەکەی خۆیدا تەواو پێچەوانەی ئەم داواکارییەی ئەنجام دا.

هەرچۆنێك بێت، خۆرئاوا بەتەنیا نەیتوانی ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە ببێتەوە و بەرپەرچی بداتەوە. چوونکە لە ئابووریی جیهانیی زۆر وابەستە بەیەکتر و پەیوەندداردا، هەر کاردانەوەیەك پێویستی بە بەشداریی گشت یاریزانەکانی گۆڕەپانەکە هەیە؛ بە ئابوورییە گەورە تازە گەشەسەندووەکانیشەوە. چوونکە سەبارەت بە دابینکردنی دارایی، بوونی چین و سعوودییە گرنگییەکی سەرەکیی هەبوو. هەروەها سەبارەت بە شەرعییەتیش یانە کۆن و بابردەڵەکانی خۆرئاوایی – پاشماوەی جیهانی ڕابردوو– نەیانتوانی بەتەنیا چارەسەرێکی جیهانی بسەپێنن. دوای ڕوونبوونەوەی ڕوخسار و لایەنەکانی قەیرانەکەی، تەنانەت خودی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا ئیدی نەیدەتوانی بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە ڕەفتار بکات. لەبەر ئەم هۆیانە بەیەکەوە، بۆ یەکەمین جار کۆبوونەوەی سەرانی حکوومەتی بیست وڵاتی گەورە کۆبوونەوە؛ بە هەشت وڵاتەکە و دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوو سەرەکییەکانیشەوە.

بێگومان، هەموو شتێك نەگۆڕا، چوونکە کۆبونەوەی بیست دەوڵەتەکە لە واشنتۆن بەڕێوەچوو، جۆرج دەبلیو بۆشی سەرۆکیش لە دانانی خشتەی کارەکانی کۆبوونەوەکەدا ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا. ڕاستە جیهانێکی نوێیە، بەڵام ئەو جیهانەش نییە کەوا تیایدا ئەمریکا لە دەستهەڵاتەکانی داماڵدرابێ. چوونکە تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت ئەمریکا وڵاتێکە لە هەموو وڵاتانی دیکە گرنگترە،

هەروەها دەتوانێ هەژموونی خۆی لە گشت بوارەکان و گشت کیشوەرەکاندا بەشێوەیەك بەکاربێنێ کە ولاّتانی دیکە و هێزی دیکەی سەرەکی هەرگیز ناتوانن. بەپێی گوزارشتی جۆزیف جۆفی نووسەری ئەڵمانی هێشتا " زلهێزە شیمانەکراوەکەیە". لەگەڵ ئەمەیشدا، ئێمە لە ئێستەدا لە جیهانێکدا دەژین کە تیایدا کاری بەکۆمەڵ و هاوبەش نەك هەر گرنگە، بەڵکو پێویستیشە.

هاوکاریی یەکتر بکەن

هاوکاریی نێودەوڵەتی بە گیاندارێك دەچێت کە بەزەحمەت ماڵی دەکرێت. تەنانەت لەو کاتەی کە ویستیش هەیە، زۆربەی جار ڕێگە لێڵ و نەزاندراوە، بۆ نموونە: ئەفغانستان نموونەی هاوکارییەکی سەرکەوتووانەی نێودەوڵەتی بوو؛ بەلای کەمەوە بەشێوەیەکی تیۆری. ئەو هێرشەی کرایە سەر ئەفغانستان پشتگیریی نەتەوەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەدەستهێنا، کردە سەربازییەکانیش– هەرچەندە حەوت ساڵی خایاندووە– سەربازی بریتانی و کەنەدی و پۆڵەندی و تەنانەت فەرەنساشی لە خۆی گرتووە. بانکی نێودەوڵەتی و ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێو دەوڵەتی USAID و حکوومەتەکانی نیشتمانی، ملیارەها دۆلاریان لەپێناو دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی ئەفغانستاندا پێشکەش کردووە. لەگەڵ ئەمەیشدا تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت جەنگەکە زیاتر لە شکست و دۆڕان نزیك دەبێتەوە نەك سەرکەوتن. حکوومەتی حەمید کەرزای کۆنترۆڵی بەسەر کەمتر لە سێیەکی ولاّتدا هەیە، میرانی جەنگیش لە دەرەوەی کابوولدا سەرچاوەی ڕەهای دەستهەلاّتن، بزووتنەوەی تالیبانیش، هەرچەندە لاواز بووە، بەلاّم بەشێوەیەك خۆڕاگرە کە جێگەی نیگەرانییە. ئەفیونی هاوردەکراو بووەتە هەناردە سەرەکییەکەی ئەو ولاّتە. زۆربەی ولاّتانیش– لە ولاّتانی هاوسێی وەك پاکستانەوە تا دەگاتە هاوبەشانی ئەورووپیی

وەك ئەڵمانیا– زیاتر حەز دەکەن خۆیان لە پابەندییەکانیان بدزنەوە لەوەی کە حەز بە بینینی بکات بێتەدی. زۆربەی جار بەرژەوەندییەکانی تەسکی نەتەوەیی بەسەر هاوکارییەکی رۆشنانەی نێودەوڵەتیدا زاڵ دەبێت.

پەند و عیبرەتەکەی ئەفغانستان ئەوەمان پێ دەڵێ کە هاوکاریی نێودەوڵەتی شتێکی سانا نییە، بەراستیش بەردەوام نییە. بەڵام هەوڵەکەی نێو ئەفغانستان دووچاری کەم گرنگیدان بوویەوە، چوونکە ئیدارەی بۆش سەرقاڵی ریکلامکردن و رەواجپێدان و دواتریش سەرقاڵی هێرشکردنە سەر عێراق بوو، لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتا دەتواندرێ رزگار بکرێ. جگە لەمانەیش، گرفتەکانی ئەم رۆژگارە پێویستیان بە چارەسەرێکی هاوبەشی هاوکارانە هەیە ئەوجا ئەگەر وەدیهێنانیشی زۆر دژوار بێت. تەماشای کۆی ئەو گرفتانە بکە کە ئێستە رووبەروویان دەبینەوە– تیرۆر، پەتای دارایی، نەخۆشییەکانی گوازراوە، وزە، ئاسایش– کۆی ئەم گرفت و بەرەنگارییانە پێویستیان بە چارەسەری هەماهەنگ و رێکوپێك هەیە، لە هەندێك دۆخیشدا چەند دەستگەیەك هەن کەوا دەتوانن ئەم چارەسەرانە پیادە بکەن.

با وەك نموونە دۆخی نەخۆشییەکی گوزاروە وەربگرین؛ هەر نەخۆشییەك لەمرۆدا بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان بڵاو دەبێتەوە. ئەمەیش مانای ئەوەیە کە ئێمە هەموومان ئەو پاڵنەرەمان هەیە هۆی نەخۆشییەکە بە خێراترین کات دیاری بکەین و قوربانییەکان داببڕین و کار بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بکەین. بەدڵنیاییەوە رێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەتوانێ بێتە نێو پرسەکە و داوا بکات چەند نموونەیەکی ڤایرۆسەکەی بۆ بنێرن و دوا دەستنیشانکردنیش دیاری بکات و ئەو رێکارانەش دەستنیشان بکات کەوا پێویستە پێرەو بکرێن. بەڵام بۆ بەدبەختی، گوژمە و پارەی پێویستی لەبەر دەستدا نییە و بەدەست کەمیی

کادیرەوە دەناڵێنێ، هەروەها ئەو دەستهەڵاتەشی نییە سەرپشکی بکات بۆ ئەوەی چەند بنەمایەك دابنێت کەوا لەسەر هەمووان پێویستە پێڕەوی بکەن. چین لە نێو چوارچێوەی سنووری خۆیدا و بەچەند هەفتەیەك پێش ئەوەی جیهان پێی بزانێ، نەخۆشیی ئەنفلەوەنزای باڵندەی شاردەوە. لە یەکێك لە قۆناغەکاندا، ئەندۆنیسیا ئەوەی ڕەتکردەوە چەند نموونەیەکی ئەنفلەوەنزایەکە ڕادەست بکات، چوونکە دەترسا لەپێناو دروستکردنی دەرزی و پێکوتەی زۆر گرانبەها بەکاربێت کە وڵاتەکە ناتوانێ بەرگەی خەرجییەکانی بگرێ.

ئەمە ئەو جیهانەیە کەوا ڕووبەڕووی سەرۆك باراك ئۆباما بووەتەوە: جیهانێکی پڕ لە هەراوزەنا و گێروگرفت، لەگەڵ کەمە وەڵامێکی ئاسان. بەڵام لەگەڵ کۆی گرفتەکانیشیدا، بەشێوەیەکی نائاسایی هەر بە جیهانێکی ئاشتیخوزانە دەمێنێتەوە. بەلای کەمەوە، بەرپابوونی جەنگێك لەنێوان زلهێزەکاندا پرسێکی شیمانە نەکراوە. جا ئەگەر مەسەلەکەمان بۆ هەندێك پێوەری وەك هێدمەکانی مەدەنیی نزیککردەوە، ئەوا دەبینین لە زەمەنێکدا دەژین کە لە هەموو زەمەنەکانی دیکە دروستتر و ساغترە. هەروەها ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کە یەکەم هەڕەشەی مەزنی سەدەی بیست و یەك بوو، ئێستە بێ ڕەگوریشە بووە و چووەتە نێو دۆخی بەرگری لەخۆکردن، چوونکە موسڵمانانی جیهان لە هەمبەر شکۆدارکردنی توندوتیژی و ئامادەییە فراوانەکەی بۆ کوشتنی مەدەنییەکان ڕقییان لێی هەڵسا، چوونکە ڕێکخراوی ناوبراو سڵی لە کوشتن و تۆقاندنی مەدەنییەکانی موسڵمانیش نەدەکردەوە. هەڵبژاردنی سەرۆك ئۆباما- ئەو کەسە ئەمریکییەکەی نەژادێکی تێکەڵی هەیە و لە باوکێکی موسڵمانە بەناوی حوسێن- ئەوا کۆمەڵە تیرۆرستەکەی دووچاری سەرسوڕمان کرد. لە کاسێتێکی ڤیدیۆییدا کە بەمدواییانە بەدیارکەوت، سەرکردەکانی ئەلقاعیدە دژ بە سەرۆکە نوێیەکە

پەنایان بردە بەر هێرشی زۆر لاوازی کەسی و بە (کەسی زنجییان ناوبرد). لە ڕاستیشدا پاڵنەری نیگەرانییەکەشیان پاساوی خۆی هەیە، چوونکە هەڵبژاردنی ئۆباما سینبوڵی هیوایە بۆ جیهان، هەروەها بۆ سەر قاعیدە و ئەیدۆلۆژیایەکەی– کەوا لەسەر ڕقوکینە بونیادنراوە– بە هەڕەشەیەکی مەزن دادەندرێ.

بێگومان نیگەرانییەکی کۆن هەیە، ئێستەیش بوونی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە کاتەکانی ڕاگوزەرییدا بەزۆری ئاشتی وەردەچەرخێ. هەر لەو کاتەوەی کە مێژوونووسی یۆنانی سیۆسیدیدس تێبینیی ئەوەی کردووە کە هۆی سەرەکیی وەرچەرخانی دەستهەلآت لە سپارتەوە بۆ ئەسینا بەرپابوونی جەنگی بیلۆبۆنیسوس بوو، لێکۆڵەران بە جۆرە نیگەرانییەکەوە چاوەنواڕی ئەو ساتانە بوون. بەلآم ئەمجارە پێویست بەوە ناکات ڕابوونی ئەوانی دیکە، ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو بەڕێوەبرێ، ببێتە هۆکارێک بۆ تێکدان و لەرزاندنی سەقامگیری. چوونکە ئەمریکا بەخێرایی گرۆلەی ناکەوێتە لێژییەوە، هەروەها لەسەر لێواری ئەوەشدا نییە ببێتە دەوڵەتێکی دیکە و بگۆڕێت. هەروەها قەیرانەکەش بەهەمان پلەی یەکسان کاریگەریی بەسەر هەمووانیدا هەیە. جگە لەمانەیش، ئەمڕۆ ولآتانی دیکە دەتوانن بۆ پاراستنی سەقامگیری ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن، ئەویش نەک تەنیا لە بواری ئابووریدا بەتەنیا. چوونکە لە ماوەی ململانێی نێوان ڕووسیا و جۆرجیادا، سەرۆک نیکۆلا سارکۆزی چووە مۆسکۆ نەک بۆش. هەروەها کاتێک لە هاوینی ڕابردوودا ئیسرائیل و سووریا چوونە نێو دانوستانەوە، تورکیا ڕۆڵی نێوەندکاری نێوانیانی گێڕا نەک واشنتۆن. کاتێک حزبەکانی لوبنان لە ئایاری ڕابردوودا بۆ جارێکی دیکە بەچەک لەیەکتریان دا و شەڕ لەنێوانیاندا پەیدابوو، میری قەتەر تاکە کەسێك بوو کەوا توانی بیانهێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ. ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە هیچ یەکێك لەم

ڕووداوانـەدا نـەبوو. ئـەم مەسـەلەیە پـێش دەیەیـەك لەمەوبـەر تەنانـەت هـەر نەدەتوانرا بیریشی لێ بکرێتەوە، بەڵام هەنووکە بووەتە شتێکی ئاسایی. ڕاسـتە بوونی جیهانێـك کـە چـەندان یـاریزانی بـەهێز و پشتبەخۆبەسـتووی هـەبێت واتـا چەندان ڕکابەر و دیماگۆجیی هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا واتـای بـوونی زۆرێـك لـە دانوستانکار و سەرکردەی هەرێمیش دەگەیەنێ کە بەرژەوەندییان لـە پاراسـتنی ئاشتیدا هەیە. جا ئەگەر تواندرا ئەم پاڵنەرە ڕێکبخرێت و هانبدرێ، ئەوا بێگومان جیهان دەبێتە شوێنێکی باشتر.

زۆربـەی زلهێزەکـان هـەمان بەرژەوەنـدیی هاوبـەش و نموونـەکانی بـاڵای ویلایەتەکانی یـەکگرتووی ئـەمریکایان هەیە. دەبـێ ئـەم پاڵنـەرە هاوبەشـانەش جووڵـەی جیهـان بـەرەو زۆرێـك لـە سـەقامگیری و گەشـەکردن بپـارێزێ. بـەڵام، مەترسییەکی ڕاستەقینە هەر دەمێنێ، ئەویش ئەوەیە کە واشنتۆن بـە مەبەسـت هەوڵی شلکردنەوەی مشتی دەستهەڵات و هەژموونی خۆی بـدات، چـوونکە ئەمـە دەبێتە هۆی هـەراوزەنا و ناسـەقامگیری، خـۆ ئەگـەر لـە بـەکارهێنانی هێزیشـیدا زێدەڕۆیی بکات هەر مەترسـیدارە، چـوونکە وادەکـات وڵاتـانی دیکـە ڕقیـان لێـی بێتەوە، ئەو وڵاتانەش هان دەدات تەنیا گرنگیـی بـە کاروبـاری تایبـەتیی خۆیـان بدەن. ئیدارەدانی هێزی سیاسی و سەربازیی ئـەمریکا بـۆ سـەقامگیریی جیهـانی هەر بە گرنگتر دەمێنێتەوە. لەسەر ویلایەتەکانی یـەکگرتووی ئـەمریکا پێویسـتە چەند بنەما و دەستگە و خزمەتگوزارییـەك پێشـکەش بکـات کـەوا یارمەتیـدەری چارەسەرکردنی گرفتەکانی سەرەکیی جیهان دەبن، هەروەها پێویستە لە هەمان کاتیشدا پشکێك لە سیستم و دەستهەڵات ببەخشێتە وڵاتانی دیکـە، بەتایبـەتیش ئەو وڵاتانەی کەوا تازە گەشەیان کردووە.

ڕاستە کە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە چەند دەیەیەکی دواییدا ئەمجۆرە سەرکردایەتییەی لەخۆی پیشان نەدا، بەلاّم ئەم مەسەلەیە بەسەر پاریس و لەندەن و مۆسکۆ و پەکین و نیودەلهیشدا پیادە دەبێت. ئەورووپا حەز و گوروتاوێکی وەهای نەبوو بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی سندووقی دراوی نێو ...ەتی و ئەنجوومەن و یانەکانی دیکە واز لە دەستهەلاّت بێنێت، زۆرێکیش لەو ولاتانەی کەوا بازاڕەکانیان تازە گەشەیان سەندووە، بەهەمان ئیرەیی و سووربوونی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە هەمبەر سەروەریی خۆی، ئەوانیش لەسەر سەروەریی خۆیان پێداگرن، هەندێك جاریش ئەو ئیرەییەیان لە هی ئەمریکایش زۆرترە. جا ئەگەر بۆ فراوانکردن و پتەوکردنی بنەما و دەستگە جیهانییەکانی هاوکاریکردن چەند ڕێگەیەك نەدۆزینەوە – سەبارەت بە ئابووری و وزە و گۆڕانی ژینگەیی و نەخۆشییەکان و مادەکانی هۆشبەر و پەناهەندەیی و چەندان پرسی گەورەی دیکە– ئەوا جیهان چەندەها قەیرانی دیکە بەخۆیەوە دەبینێ و کاردانەوەی حکوومەتەکانیش خێرا و کورت دەبن و تایبەت دەبن بە گرفتە تەسك و تایبەتەکانی خۆیانەوە. ئەمەیش توانامان پێنابەخشێ بەهێزەوە لە قەیرانی هەنووکە دەربچین ئەگەر بێت و ولاّتە مەزنەکانی جیهان بەیەکەوە و لە سنوورێکی زۆر فراواندا بەردەوام کار لەگەلّ یەکتریدا نەکەن.

لە بەرانبەریشدا، ئەگەر بەیەکەوە کۆببینەوە و ڕووبەڕووی گرفتەکانی گشتیی مرۆڤایەتی ببینەوە، ئەو دەرفەتانە بێننە بەرچاوتان کەوا دەکرێ بۆ هەمووانی بڕەخسێنین. وەها بێننە بەرچاوتان ئەگەر ئێمە توانیمان چەند بنەمایەکی نوێ بدۆزینەوە کەوا دەرفەت بۆ کردەی جیهانگەرایی و گەشەکردنێکی مەزن خۆش بکات کە بتوانن خۆڕاگر ببن و لە گشت توێژەکانی نێو جڤاکدا بلاّوببنەوە و ئاستەکانی گوزەران و چاودێریی تەندروستی بۆ خەلّکانی زۆر هەژار دەستەبەر

دەکات و ڕێگە بۆ ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵك خۆش دەکات توانا و کارامەییەکانیان پێشبخەن.

ئەگەر بەیەکەوە کاربکەین و ئەم قەیرانە تێپەڕێنین، ئەوا دەرفەتەکان بەشێوەیەکی بێسنوور دێنەپێشێ. ئابووریی جیهانی هیوای ژیانێکی سەربەرزانە بۆ خەڵکی گشت شوێنێکی سەر گۆی زەوی دەرەخسێنێ. هەروەها ئامرازەکانی جۆراوجۆری پەیوەندی ڕێگەمان بۆ خۆش دەکەن باشتر یەکتری بناسین و لەیەکتری فێرببین کە هەرگیز لە ڕابردوودا نموونەی نەبووە. هاوکاریی سیاسی دەتوانێ ئاگری کێبڕکێی نێوان زلهێزەکان دامرکێنێ. جا ئەگەر خەڵك لە گشت ڕۆژێکدا لە گشت شوێنێك کاری سەرسوڕهێنەرانە ئەنجام بدەن، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە حکوومەتەکانیان بە داهێنانی تایبەت بەخۆیان پێ بەپێی ئەو ئافراندنانەی مرۆڤایەتی بڕۆن و چەندان جۆری هاوکاریی نێوانیان برەخسێنێ. بەرەنگاربوونەوە و کۆسپە گەورەکەی بەردەم باراك ئۆباما و سەرکردەکانی هاونەوەی، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە سیستمێکی نوێی پەیوەندیی نێودەوڵەتی دابمەزرێنن؛ سیستمێك بێت هاوکارییەکی نێونەتەوەیی ڕاستین و کارا سەبارەت بەو پرسە مەزنە هاوبەشانە بەرهەمبێنێ کەوا هەمووماني شەکەت کردووە. ئەمە پڕۆژەی مەزنی سەدەی بیست و یەکە: نموونەیەکی نوێ کەوا ئاشتی و گەشەکردن و ئازادیی بۆ هەمووان دەستەبەر بکات.

١- ڕابوونی ئەوانی دیکە

ئەم کتێبە هێندە داڕووخان و لێژبوونەوەی ئەمریکا پیشان نادات هێندەی ڕابوونی گشت گەلانی دیکە پیشان دەدات. ئەم کتێبە تیشك دەخاتە سەر ئەو وەرچەرخانە مەزنەی کەوا لە ئێستەدا لە جیهاندا دەگوزەرێ؛ وەرچەرخانێکە و

هەرچەندە جێگەی گفتوگۆ و بێزبازییەکی زۆرە، بەڵام هێشتا بەشێوەیەکی باش تێینەگەیشتوون. لە ڕاستیدا ئەمەیش شتێکی سروشتییە، چوونکە گۆڕانکارییەکان– تەنانەت ئەگەر لە دەریاکانیشدا ڕووبدەن– بەشێوەیەکی پلەبەپلە بەرێوە دەڕۆن. جیهان وەك شتێکی ناسراو و باو دێتە پێش چاومان، هەرچەندە ئێمە لێرەدا باس لە قۆناغێکی نوێ دەکەین. بەڵام، لە ڕاستیدا، جیهان تا ئاستێکی زۆر جیاوازە.

لە میانی پێنج سەدەکەی ڕابردوودا سێ وەرچەرخانی سەرەکی لە هێزدا هاتنە ئاراوە، گۆڕانکاریی کرۆکی لە دابەشکردنی هێزدا بووە هۆی ئەوەی ژیانی نێونەتەوەیی لە لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە سەرلەنوێ دابرێژرێتەوە. وەرچەرخانی یەکەم بە سەرهەڵدان و بەرجەستەبوونی جیهانی خۆرئاوایی دەستپێکرد؛ ئەم کردەیە لە سەدەی پانزەیەمەوە دەستپێکرد و لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمەدا بەخێرایی چووە پێش و ئەوەی لێ پەیدابوو کە ئێمە پێی دەڵێین نوێگەری: زانست و تەکنۆلۆژیا، بازرگانی و سەرمایەداری، هەروەها دوو شۆڕشی کشتوکاڵی و پیشەسازی. ئەوجا لە ئەنجامی ئەم گۆڕان و وەرچەرخانەدا هەژموونی دووردرێژی سیاسیی گەلانی خۆرئاواشی لێ کەوتەوە.

وەرچەرخان و گۆڕانی دووەمیش، کەوا لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا هاتە ئاراوە، خۆی لە بەرجەستەبوون و زەقبوونەوەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا بینیەوە. چوونکە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا دوای ماوەیەکی کەم لە وەرچەرخانە پیشەسازییەکەی بووە مەزنترین وڵاتی زلهێز لە جیهاندا کە لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەوە تا ئێستە وێنەی نەبووە، هەروەها لە هەر هاوپەیمانییەکی شیمانەبۆکراوی نێوان وڵاتانی دیکەدا بووە بەهێزترین و تاکە وڵاتی زلهێز. ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە میانی زۆربەی ماوەکانی

سەدەی ڕابردوودا لە جیهاندا هەژموونی بەسەر بازرگانی و سیاسەت و زانست و ڕۆشنبیریدا پەیداکرد، ئەم هەژموونەش لە میانی بیست ساڵی ڕابردوودا کەس نەیتوانی کێبڕکێی لەگەڵدا بکات، واتا هیچ کێبڕکێکارێکی بۆ پەیدا نەبوو؛ ئەمەیش لە مێژووی نوێدا دیاردەیەکی دەگمەن و ناوازەیە.

ئێمە لە ئێستەدا لەنێو سێیەمین وەرچەرخانی مەزنی هێزی سەدەی نوێدا دەژین، دەشتوانین ناو لەم وەرچەرخانەش بنێین وەرچەرخان و گۆڕانی ئەوانی دیکە. چوونکە لە چەند دەیەیەکی کەمی ڕابردوودا، چەندان وڵات لە شوێنەکانی جۆراوجۆری جیهاندا تێکڕایەکانی گەشەکردنی ئابووریيان هێندە بەرزبوویەوە کە لە ڕابردوودا بە شتێکی ئەستەم دادەندرا. هەرچەندە ئەم وڵاتانە چەند قۆناغێکی بەرزبوونەوە و گەشەکردن و دواتریش لێژبوونەوەیان بەخۆیانەوە بینی، بەڵام ڕووگە و ئاراستەی گشتی بەبێ هیچ گومانێك بەرەو سەرەوە هەڵدەکشا. ئەم گەشەکردنەش لە ئاسیادا ڕوونتر بەدیاردەکەوت، بەڵام لە ڕاستیدا هەر تەنیا تایبەت نەبوو بە ئاسیا. لە هەردوو ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا، ١٢٤ دەوڵەت تێکڕایەکی گەشەکردنی وەهایان بەخۆیانەوە بینی کە ٤٪ و زیاتریش بوو، لەنێویاندا ٣٠ وڵاتی ئەفریقی هەبوو. ئەنتوان ڤانی بەڕێوەبەری دارایی کەوا زاراوەی بازاڕەکانی تازە گەشەکردووی داهێنا، دەستی بە پۆلینکردنی بیست و پێنج کۆمپانیا کرد بۆ ئەوەی لە قۆناغی داهاتوودا ببنە گەورە کۆمپانیای فرەڕەگەزی جیهانی، لیستەکەی چوار کۆمپانیای لەخۆگرتبوو کە لە بەرازیل و مەکسیك و کۆریای باشوور و تایوان و سێ کۆمپانیای هیندی و دوو کۆمپانیای چینی و یەك کۆمپانیا لە هەر یەکە لە ئەرژەنتین و چیلی و مالیزیا و باشووری ئەفریقیا پێکهاتبوون.

تەماشای چوار دەوری خۆت بکە. درێژترین تەلار لە جیهاندا لەمڕۆدا دەکەوێتە تایبی، هێندەشی پێناچێت تەلارێکی دیکە لە دوبەی دروستدەکرێ کە زۆر لەو سەرکەوتووتر و بەرزترە. هەروەها دەوڵەمەندترین پیاو لە جیهاندا مەکسیکییە و گەورەترین کۆمپانیایەکانی جیهان لە ڕووی فرۆشتنەوە چینییە و زەبەلاحترین فرۆکە لە جیهاندا ئێستە لە ڕووسیا و ئۆکراین دروست دەکرێت، گەورەترین پالێوگەش لە جیهاندا ئێستە لە هیند بونیاد دەنرێ. ئێستە سینبوڵەکانی بەناوبانگی ئەمریکی بوونەتە موڵکی بێگانەکان. گەورەترین یەکەی کاتبەسەربردن لە جیهاندا لە سەنگافوورەیە، هەروەها یەکەم گازینۆ لە جیهاندا لە لاس فیگاسدا نییە، بەڵکو لە ماکاودایە کە لەبواری داهاتی قومار و پۆکەرەوە سالآنە زۆر لە فیگاس زیاتری دەست دەکەوێ. هەروەها مەزنترین سینەما لە جیهاندا- تایبەت بە ژمارەی فیلمەکانی بەرهەمهاتوو و ژمارەی پلیتەکانی فرۆشراو- بۆلیۆدە نەك هۆلیۆد. تەنانەت بازاڕکردنیش (التسوق) – یەکەم چالاکی لە ئەمریکادا- ئێستە بەشێوەیەکی جیهانی و لەنێو دە مەڵبەندی بازاڕکردن لە جیهاندا، یەك مەڵبەندیان دەکەونە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا و مەزنترینیان دەکەوێتە پەکینەوە. لە ڕاستیدا، ئەم لیستانە هەڕەمەکین، بەلآم ئەوەی لە مەسەلەکەدا سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە کە تەنیا پێش دە ساڵ لەمەوبەر ئەگەر ئەمریکا لە هەمووشیاندا پلە و پێگەی یەکەمی داگیر نەکردبێ، ئەوا لە زۆربەیاندا سەرلیست و پێشکاروان بووە.

لەوانەیە بە شتێکی سەیرو نامۆ بێتە بەرچاو کە جەخت لەسەر خۆشگوزەرانییەکی تازە گەشەسەندوو بکەینەوە لە کاتێکدا هێشتاکە سەدان ملیۆن مرۆڤ لە هەژارییەکی کوشندەدا دەژیەن. بەلآم ئەگەر لە گۆشەیەکی دیکەوە بنوارینە مەسەلەکە، دەبینین ڕێژەی ئەو کەسانەی ڕۆژانە بە یەك دۆلار

یـان کـەمتر دەژیـەن لـە ٤٠٪ی سـاڵی ١٩٨١دا بـۆ ١٨٪ سـاڵی ٢٠٠٤دابـەزیوە. پێشبینیش دەکرێ لەگەڵ هـاتنی سـاڵی ٢٠١٥دا بـۆ ١٢٪ دابـەزێت. گەشـەکردنی چین بەتەنیا زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن مرۆڤی لە دۆخی هـەژاری دەربـاز کـردووە و لـەو وڵاتانەی کەوا ٨٠٪ دانیشتووانی جیهـان لـەخۆیان دەگرن پاشەکشـەی کـردووە. ئـەوە ڕاسـتە کـە پـەنجا دەوڵەتەکـەی کـە بەدەسـت گرفتـە زۆر خراپـەکانی ئابوورییەوە دەناڵێنن و هەژارترین مرۆڤی جیهان لەخۆیان دەگرن، پێویستیان بە چاودێری و گرنگیپێدانێکی بەپەلە هەیە، بەڵام، لە ١٤٢ وڵاتی دیکەدا– بە چین و هینـد و بـەرازیل و ڕووسـیا و تورکیـا و ئەندونیسـیا و کینیـا و باشـووری ئەفریقیاشەوە– وردە وردە هەژاران لە ئابوورییـەکی گەشـەکردوو و بەرهەمهێنـدا لەخۆ دەگیرێن. ئێمە بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا گەشەکردنێکی ڕاستینی جیهـانی دەبیـنین، ئەمـەیش سیسـتمێکی نێونەتـەوەیی بەرهەمـدەهێنی کـە لـە وڵاتـانی دیکەی جیهانـدا هـەر تـەنیا ئامـانج و چـاودێر نـین بـەڵکو یـاریزانی سـەربەخۆن. بەکورتی لەدایکبوونی سیستمێکی ڕاستینی جیهانییە.

ڕووخسار و ڕەهەندێکی دیکە هەیە کەوا پەیوەندیی بـەو قۆناغـە نوێیـەوە هەیـە، ئەویش ڕۆیشتن و گوازرانەوەی هێـزە لـە چـەند وڵاتێکـەوە بـۆ چـەند یـاریزانێکی دیکـە. ئـەوانی دیکـەی ڕابـوو لـە ئێسـتەدا یـاریزانی نـاحکومی و ڕێکخـراو و تاکەکەسی وەها لەخۆیان دەگرن کەوا لەسـەر حیسـابی لاوازکردنـی پلەبەنـدی و مەرکەزییـەت و کـۆنترۆڵکردنی جیهـان هێزیـان وەدەسـتهێناوە. ئـەو چـالاکی و ئەرکانەی کەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان لەژێر کـۆنترۆڵی حکوومەتەکانـدا بـوو، ئێسـتە بـە بەشـداریی دەسـتە و دامـەزراوەکانی نێونەتـەوەیی وەك ڕێکخـراوی بازرگـانیی جیهانی و یەکییەتیی ئەورووپییـەوە بەڕێوەدەچـێ. هەنـدێك کۆمپانیـا و سـەرمایە هەن لە شوێنێکەوە دەچنە شوێنێکی دیکە و بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکانیان بەدوای

گونجاوترین شوێندا دەگەڕێن، جا لەمەدا پاداشتی هەندێك حكوومەت دەكات و هەندێكیشیان سزا دەدات. هەروەها تیرۆرست و بازرگانانی مادەكانی هۆشبەر و یاخیبووەكان و میلیشیایەكان بە گشت جۆر و چەشنەكانیانەوە، لە گۆشە و بۆشایی و خاڵەكانی لاوازی سیستمی جیهانیدا پانتاییەك بۆ ئەنجامدانی چالاكییەكانیان دەبینن. هێز لە گشت وڵاتانەوە دەگوازرێتەوە و دەچێتە گشت لایەن و ئاراستەیەكەوە. جا لە كەشێكی وەهادا، زاراوە و بەكارهێنانە تەقلیدییەكانی وەك هێزی نیشتمانی — ئابووری و سەربازی بەیەكەوە- كاریگەرییان كەمتر بووەتەوە.

لەوانەیە كە سیستمە گەشەسەندووە نێونەتەوەییەكە لە سیستمەكانی پێش خۆی تەواو جیاواز بێت. چوونكە سەد ساڵ دەبێت سیستمێكی فرە جەمسەر هەبوو كەوا لەگەڵ گۆڕانی بەردەوامیش لە هاوپەیمانییەكان و كێبڕكێیەكان و حیساباتە نادروستەكان و جەنگەكاندا كۆمەڵێك حكوومەتی ئەورووپی بەڕێوەیان دەبرد و ئاراستەیان دەكرد. دواتر سیستمی جەنگی سارد هات كە دوو جەمسەری سەرەكیی هەبوو؛ لە زۆربەی لایەنەكاندا سەقامگیرییەكی پتری هەبوو، بەڵام بەهۆی زێدەڕۆییكردنی هەردوو زلهێزەكە لە كاردانەوەی هەمبەر گشت هەنگاوێكی جەمسەری بەرانبەریاندا لە ساڵی ٢٠٠١ وە لەژێر هەژموونی ڕەهای ئەمریكادا ژیاین، جیهانێكی یەكجەمسەر و زۆر بێهاوتا بوو كە تیایدا ئابووریی كراوەی جیهانی بەشێوەیەكی زۆر دراماتیكی فراوان بوو و هەنگاوەكانی زۆر خێرابوون. ئەم فراوانبوونەش لە ئێستە لە سروشتی سیستمی نێودەوڵەتیدا بەرەو گۆڕانێكی دواتر دەچێت.

لەسەر ئاستی سەربازی — سیاسیدا ئێمە هێشتا لە جیهانێكی یەكهێزیدا دەژین. بەڵام هێزەكە لە گشت ئاستەكانی دیكەی — پیشەسازی، دارایی، فێركردن،

کۆمەلآیەتی، رۆشنبیریدا- دابەش دەبێت و دوور لە هەژموونی ئەمریکی دەگۆڕێت و وەردەچەرخێ. ئەمەیش مانای ئەوە نییە ئێمە دەچینە نێو جیهانێکی دژ بە ئەمریکا، بەلآم دەچینە جیهانی دوای ئەمریکا؛ جیهانێك کە زۆرێك لە کەسەکان و لەزۆر شوێنی جیاجیادا ئاراستە و نەخشە ڕێگەکانی دەکێشن و نەخشەکانی بۆ دادەڕێژنەوە.

ئەو دەرفەت و تەگەرانە چین کەوا ئەم گۆڕانکارییانە پێشکەشیان دەکات؟ ئایا ئەو گۆڕانکارییانە چ شتێکیان بۆ ئەمریکا هەلگرتووە؟ ئەدی ئەم قۆناغە نوێیە سەبارەت بە جەنگ و ئاشتی و ئابووری و کار و هزر و رۆشنبیرییەکان چۆن دێتە بەرچاو؟ بەکورتی، مانای ئەو ڕستەیە چییە کە ئێمە لە جیهانێکی دوای ئەمریکا دەژین؟

٢-تۆپی کریستاڵیی پێشبینیکردن

وەهای دابنێ تۆ لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠دا دەژیت و پرسیارت لە دانایەك کردووە بۆ ئەوەی پێشبینیی ئەوەت بۆ بکات کە لەماوەی ساڵانی داهاتوودا چ شتێك بەسەر ئابووریی جیهانیدا دێت. با وەهای دابنێین تۆ هەندێك بەلگە و ئاماژەت پێداوە بۆ ئەوەی لەکاتی نوارینی لە تۆپە کریستاڵییەکە یارمەتیی بدەیت. ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا دووچاری مەترسیدارترین هێرشی تیرۆرستی دەبێتەوە لە مێژوودا- تۆ وەهای پێ دەڵێیت- ئەویش سەبارەت بە دوو جەنگ وەلآمت دەداتەوە کە لە یەکێکیاندا زۆر بەخراپی تێکدەشکێت و عێراق بەجێدەهێلێ- ئەو ولآتەی کەوا لە یەدەگی نەوتیدا پلەی سێیەمی هەیە- بۆ ماوەی چەندان ساڵ لە هەراوزەناو پاشاگەردانیدا دەستوپێ دەکوتێ، هەروەها ئێرانیش لە خۆرهەلآتی نێوەڕاستدا دەبێتە دەوڵەتێکی بەهێز و بەرەو

وەدەستهێنانی توانا و هێزی ئەتۆمی دەچێت، هەروەها کۆریای باکوور ڕێگەیەکی زۆر دەبڕێت کە زۆر زیاترە لە ڕاگەیاندنی خۆی وەك هەشتەم هێزی خاوەن چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا، ڕووسیاش وەردەچەرخێت و دەگۆڕێت و زۆر دوژمنکارانە و لووتبەرزانە ڕەفتار لەگەڵ هاوسێیەکان و خۆرئاواشدا دەکات. لە ئەمریکای لاتینیشدا هۆگۆ چافیزی سەرۆکی فەنزوێلا هەڵمەتێکی دژ بە خۆرئاوا ڕادەگەیەنێ کە توندوتیژترینە، زۆرێکیش لە هاوپەیمان و سەرساممان بۆخۆی ڕادەکێشێت، ئیسرائیل و حیزبوڵڵاش لە باشووری لوبناندا جەنگێك بەرپا دەکەن کە دەبێتە هۆی لەرزاندنی حکوومەتە فشۆڵەکەی بەیرووت و تێوەگلانی ئێران و سووریا، تۆقین دەخاتە نێو دڵی ئیسرائیلییەکان، غەززەش دەبێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو کەوا حەماس حوکمی دەکات، گفتوگۆیەکانی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلی و فەڵەستینییەکانیش دەگاتە بنبەست. دواتر بە دانایەکە دەڵێت: : بە پشتبەستن بەم هەموو ڕووداوە، ئابووریی جیهانی لەماوەی شەش ساڵی داهاتوودا چۆن دەبێت؟"

ئەمە بەتەواوی شیمانە نییە– لەڕاستیدا– چوونکە ئێمە پێشبینیی وەهامان لەبەردەستە کەوا لەلایەن چەند کەسێکی شارەزاوە لەو ساڵانەدا دەرچووە. بەڵام هەموویان ڕاست نەبوون. دەبووایە پێشبینییە دروستەکە ئەمە بێت: لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٠و ٢٠٠٧ دا ئابووریی جیهانی بەبەراورد لەگەڵ دە دەیە زۆر بەخێرایی گەشە دەکات، دەرامەتی تاکیش لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا بەخێراییەکی وەها بەرز دەبێتەوە کە لەمێژوودا وێنەی نەبووە (٣.٢ لەسەدا).

ئێمە هەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی ساردا لە دژبوونێکدا دەژین، دۆخێکە و گشت بەیانییەك کاتێك ڕۆژنامەکان دەخوێنینەوە دووچاری دەبینەوە. چوونکە وەها پێدەچێ سیاسەتی جیهانی وەك بلێی لە دەریایەکی زۆر شەپۆلاویدا

کەشتیوانی بکات، لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەییانەی کەوا باس لە تەقینەوە و کودەتایەکانی تیرۆرستی و دەوڵەتانی هەڵگەڕاوە و تێکۆشانی مەدەنی دەکات دەریایەکە مەنگتر دەبێت. لەگەڵ ئەمەیشدا، ئابووریی جیهانی پێشکەوتنێکی جێگیر بەخۆیەوە دەبینێ، ڕاستە کە پچڕان و قەیرانی مەترسیدار ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام ڕەوتە گشتییەکەی زۆر بەخێرایی بەرەو هەڵکشان دەچێت. هەرچەندە بازاڕەکان دووچاری تۆقین دەبنەوە، بەڵام ئەمە ڕەنگدانەوە و پیشاندەری هەواڵی ئابوورییە نەك سیاسی. بە واتایەکی دیکە، هەردەڵێی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان تەواو لە بەشی ئابووری دابڕاون.

ئەو گفتوگۆییەی خۆمم بیردێتەوە کە لەگەڵ ئەندامێکی پایەبەرزی حکوومەتی ئیسرائیلی ئەنجامم دا، گفتوگۆیەکەش دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە هەڵگیرسانی جەنگیی ساڵی ٢٠٠٦ ی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵلا بەڕێوەچوو. بەڕاستی ئەو ئەندامە لە هەمبەر ئاسایشی وڵاتەکەی زۆر نیگەران بوو، چوونکە ڕۆکێتەکانی حیزبوڵلا لەوە زۆر دوورتری بڕی کە خەڵکی ئیسرائیل پێشبینییان کردبوو، وەڵامدانەوەی سەربازیی ئیسرائیلیش هەرگیز متمانەی دروست نەکرد. دوای ئەمە، سەبارەت بە ئابووری – بواری پسپۆڕییەکەی خۆی– پرسیارم لێی کرد، ئەویش گوتی:" ئەمە هەموومانی سەرسوڕماو کردووە. بازاڕی دارایی و پارە لە ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی جەنگەکە بەرزتربوو بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژی کۆتاییهاتنی جەنگەکە! ئەمە بەسەر شێکلیشدا (دراوی ئیسرائیلی) دا پیادە دەبێت. حکوومەت لەهەمبەر جەنگەکەدا تۆقیبوو، بەڵام بازاڕ وەها نەبوو.

با ئاوڕێك لە جەنگی عێراقیش بدەینەوە کە لەو وڵاتەدا بووە هۆی هەراوزەنا و پاشاگەردانییەکی قووڵ و دوورودرێژ و زیاتر لە دوو ملیۆن پەنابەر بەرەو وڵاتانی دراوسێ کۆچیان کرد. وەها دێتە بەرچاو کە ئەو جۆرە قەیرانە سیاسییانە بڵێیت

و نەڵێیت کاریگەریی لە چوار دەوری خۆیان دەکەن، وەك ئەو جامەی کەوا دەخولێتەوە و کەسانی چوار دەوری تەڕ دەکات. بەڵام ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا سووڕابێتیەوە، لەهەمبەر کەمیی کاریگەریی گرفتەکانی عێراق لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە هێدمە لێت دەدات. بێگومان، بچیتە هەر شوێنێ دەبینی خەڵك لەهەمبەر سیاسەتی ئەمریکی ناڕەزایی و بێزاریی خۆیان دەردەبڕن. بەڵام، کوا بەڵگە ڕاستەقینەکانی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا؟ لە ڕاستیدا، زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست- میسر، سعوودیە، ئوردن - بووژانەوەیەکی ڕاستین بەخۆیانەوە دەبینن. هەروەها تورکیا کەوا سنووری هاوبەشی لەگەڵ عێراقدا هەیە گەشەکردنێکی ساڵانە بەخۆیەوە دەبینی کەوا لە کاتی جەنگەکەوە لە ٧٪ زیاترە. هەروەها ئەبوزەبی و دوبەی کە بە فڕۆکە یەك کاتژمێر لە بەغداوە دوورن، هێشتاکە هەر لە دروستکردنی هەوربڕی وەها بەردەوامن کە چاوەکان ئەبڵەق دەکەن، وەك بڵێی ئەوان لە هەسارەیەکی دیکەدا بژیەن. بەڵام سەبارەت بەو دوو دەوڵەتەی کە خۆیان هاوێشتە نێو تەڵەی عێراق- سووریا و ئێران- ئەوا تا ئاستێکی زۆر لە دەرەوەی بازنەی ئابووریی جیهانیدا کار دەکەن، لەبەرئەوە ئەوان شتێکی هێندە زۆریان نییە کە بە دروستکردنی گرفت لەدەستی بدەن.

کەواتە، چ شتێك لێکدانەوە بۆ ئەم دژبوونەی نێوان دابەزینی حەلەزۆنییانەی سیاسەتی جیهانی و بەرزبوونەوەی جێگیری ئابووری دەکات؟ یەکەم، زۆر بەسوودە کە بە وردییەکی زیاترەوە تەماشای هاتنی لافاوی هەواڵەکانی خراپەکان بکەین، چوونکە وەها دێتە پێش چاومان وەك بڵێی لە قۆناغێکی هێندە توندوتیژدا دەژین کە گەیشتووەتە ئاستی شێتی؛ بەڵام، باوەڕ بە کۆی ئەو شتانە مەکە کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆندا دەیانبینیت، چوونکە ئەو

بۆچوونەی لەلای ئێمەدا دروست دەبێت لەهەمبەر ئەو شتانەی دەیانبینین و گوێمان لێیان دەبێت تەواو نادروست و ناڕاستن. لە ڕاستیدا، جەنگ و توندوتیژیی سیستماتیك لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا زۆر دابەزیون. ئەمەیش ئەو شتەیەکە تید ڕۆبێرت و تیمی شرۆڤەکارانی مەڵبەندی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و بەڕێوەبردنی کێشە لە زانکۆی میریلاند جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەوانە کاریان بۆ ئەوە کردووە زۆر بەوردی بەدوای زانیارییەکاندا بچن، لە دوا وێستگەدا گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجام و بۆچوونە:" قەبارەی گشتیی کێشمەکێشەکان لە جیهاندا لە نێوەڕاستی هەشتایەکانەوە بە ڕێژەی سەدا ٦٠ زیاتر دابەزیوە، هەروەها لە کۆتایی پەنجایەکانەوە تا هاتنی ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی ". لە میانی قۆناغەکانی جەنگی ساردەوە، بەشێوەیەکی بەردەوام زیادی کرد- کە زیادبوونەکەی شەش هێندەی ماوەکانی نێوان پەنجایەکان و سەرەتای شێستەکانە- هەروەها پێش ماوەیەکی کەم لە ڕووخانی یەکییەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ دا گەیشتە تروپك، دواتر لە دەیەی یەکەمی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، پلەی ململانێی نێوان وڵاتان و نێو وڵاتەکانیشدا بەڕێژەی نیوە دابەزی ". ستیڤن بینکەری پرۆفیسۆری زۆر ئاگادار لە زانکۆی هارفارد سەبارەت بەمە گوزارشتێکی زۆر جوانی هەیە و دەڵێ" لەوانەیە ئێمە لە ئێستەدا لە قۆناغێکدا بژین کە لە هەموو قۆناغەکانی دیکەی مێژووی مرۆڤ هێمنترە".

لەوانەیە یەکێك لە هۆیەکانی نێوان واقیع و هەستکردنمان بە واقیعەکە ئەوە بێت کە ئێمە لە ماوەی هەمان ئەم دوو دەیەدا، شۆڕشێکمان لە تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان بینیبێت کەوا ئێستە هەواڵی گشت ناوچەکانی جیهانمان بەشێوەیەکی هەنووکەیی و زیندوو و بەردەوام بۆ دەگوازێتەوە. لەوانەیە

هەنووکەییبوونی وێنەکان و چڕیی ماوەی ئەو هەواڵانەی کەوا بەدرێژایی کاتژمێرەکان ناوەستن، یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی لە دەروونماندا بۆچوونێکی زێدەڕۆیانە و بەردەوام دروست بکەن. چوونکە هەر جۆرە تێکچوونێکی کەشوهەوا دەبێتە باوبۆرانی سەدە. هەر بۆمبێك بتەقێ دەبێتە هەواڵێکی بەپەلە. زۆر زەحمەتە بۆ ئێمە لەو هەموو شتانە تێبگەین، چوونکە هێشتاکە شۆڕشی زانیارییەکان بۆ ئێمە نوێیە. ئێمە وێنە و دیمەنە جەرگبڕەکانی مەرگەساتی نزیکەی دوو ملیۆن کەسمان نەکەوتووەتە بەرچاو کەوا لە حەفتایەکاندا لە کێڵگەکانی کوشتن لە کەمبۆدیا ڕۆژانە ڕوویان دەدا و تیایاندا هەزارن مرۆڤ کۆمەڵکوژ دەکران، هەروەها وێنە و هەواڵی یەك ملیۆن کەسیشمان نەبینیوە کەوا لە جەنگەکانی نێوان عێراق و ئێراندا لە هەشتایەکاندا ڕوویان دا. تەنانەت زۆربەی ئەو وێنەی ئەو جەنگانەشمان نەبینیوە کەوا لە نەوەدەکاندا لە کۆنگۆ هەڵگیرسان و بوونە هۆی کوشتنی چەندان ملیۆن کەس. بەڵام ئێستە بەشێوەیەکی ڕۆژانە و بە پەخشێکی زیندوو و ڕاستەوخۆ، کاریگەریی ئامرازە داهێنەرەکانی تەقینەوە IED و ئوتومبێلەکانی بۆمبڕێژکراو و ڕۆکێتەکان دەبینین؛ ڕاستە کە ئەم ڕووداوانە زۆر تراژیدین، بەڵام ڕێژەی کوژراو و قوربانییەکانیان بەزۆری و لە زۆربەی کاتەکاندا ناگاتە دە کەس. ئەوەی نیگەرانییەکەشمان زیاد دەکات هەڕەمەکیبوونی توندوتیژیی تیرۆرستیانە و بەئامانجگرتنی خەڵکی سڤیل و خێرا ڕووخاندنی دیوارە پارێزەرەکانی جڤاکە نوێیەکانە، بۆنموونە خەڵك دوای هەر ڕووداوێکی تیرۆرستیانە دەڵێن:" لەوانەبوو من بەرکەوتبمایە و هێندەی نەمابوو منیش ببمە قوربانی".

ئەم جیهانەی ئێستە زۆر بە مەترسیدار دێتە پێشچاو، بەڵام لە ڕاستیدا وەها نییە. شیمانەکانی مردنت بەهۆی توندوتیژییەکی تیرۆرستییەوە جا هەر جۆرێك

بێت زۆر کەمە و ڕۆژانەش کەمتر دەبێتەوە. هەروەها دراو و داتایەکان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە ئاراستەیەکی فراوان بۆ خۆ دوورگرتن لە هەڵگیرساندنی جەنگە گەورەکانی نێوان وڵاتانی زلهێز هەیە، مەبەست ئەو ململانێیانەیە کەوا ژمارە و ڕێژەیەکی زەبەلاحی قوربانی و زیانی لێ دەکەوێتەوە.

بێگومان، من پێم وانییە کە جەنگ بووەتە شتێکی کۆنی بابردەڵە و ڕابردوو، چوونکە سروشتی مرۆڤ هەر وەك خۆیەتی و نەگۆڕاوە، هەروەها سیاسەتی نێودەوڵەتیش چ گۆڕانێکی وەهای بەسەردا نەهاتووە، سیاسەتی نێودەوڵەتیش هەروایە. جیهان پێش ماوەیەك لەمەوبەر ماوەماوە هێمنیی بەخۆیەوە دەبینی دواتریش خوێنڕێژییەکی نائاسایی بەدوادا دەهات. ژمارەکانیش تاکە سیگنەڵی پیشاندانی بەدخوازی نین، چوونکە لە سەرەتای نەوەدەکاندا سروشتی جەنگ و کوشتن لە یوگسلاڤیای پێشوو بە ئەنقەست بوو، لە هەمان کاتیشدا پاڵنەری ئاینی و سیستماتیکی لەپشتەوە بوو، ئەو جەنگانەش زیاتر لە ۲۰۰.۰۰۰ قوربانی —بە کوژراو و بریندار— لێ کەوتەوە و بە چەپەڵییەکی ئاکاری هێندە نەگریس دانرا کەوا دەبێ لەسەر هەر پێوەرێکدا بەرزترین پلەی شەرمەرزاری داگیر بکات.

لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەگەر بمانەوێ ئەو سەردەمە بناسین کەوا تیایدا دەژین، دەبێ یەکەم جار زۆر بەوردی وەسفی بکەین. ئەویش لە سات و کاتی هەنووکەییدا— لە ڕەوتی مێژووییدا — بەشێوەیەکی زۆر نائاسایی هێمن و بەسرەوتە.

هەڕەشەی ئیسلامییانە

ڕاستە کە ئەوەی بە تیرۆر و تۆقاندنی ئیسلامگەرایانە وەسف دەکرێت و مانشێتی زۆربەی ڕۆژنامە و سەردێڕی هەواڵەکانی ڕۆژانەی بۆ تەرخان دەکرێ،

گرفتێکی گەورە و دژوارە، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا تەواوی ئیسلامییەکان وەهانین، بەلّکو ژمارەیەکی زۆرکەمی دەمارگیرەکان دەگرێتەوە. ئەمەیش خۆراکی خۆی لە دەستەپاچەیی و هەستکردن بە داگیرکراوی و سەرشۆڕی (ڕاستین یان خەیالاّویی) بەردەستی خۆرئاواییەکان و ئاسانیی دەستڕاگەیشتن بە تەکنیکەکانی توندوتیژییەوە وەردەگرێ. بەلاّم ئاخۆ ئەمە بە هەڕەشەیەکی مەترسیدار دەزاندرێ ئەگەر هاتوو دیاردەی ئیسلامگەرایی توندوتیژ بە هەولّی ئەلّمانیا بۆ هەژموون پەیداکردن بەسەر جیهان بەراورد بکرێ کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەبیندرا؟ یان لەگەلّ فراوانبوونی سۆڤییەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا؟ یان هەولّەکانی ماو بۆ چاندنی تووەکانی جەنگ و شۆڕش لە ولاّتانی جیهانی سێیەم لە پەنجایەکان و شێستەکاندا؟ کۆی ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کردن بەرەنگاربوونەوە و گرفتی وەها بوون کەوا ولاّتانی گەورە– و بەزۆریش لەگەلّ هاوپەیمانانی گرنگ– و چەند ئایدۆلۆژیایەك لە پشتیانەوە بوون کە بۆ دیموکراسییەتی لیبرالّی بە ئەلتەرناتیڤێکی لۆژیکی دادەندران. هەر بۆ بەراوردکاری، بەوردی لە هەڕەشەی جیهادییانە بنواڕە. پێش یانزەی ئەیلوول، کاتێك گرووپەکانی وەك ئەلقاعیدە لەبەرچاوی خەلّك چالاکییەکانی خۆیان ئەنجام دەدا، حکوومەتەکان وەك سەرچاوەی هەراسانییەکی کەمبایەخ لێیان دەنواڕی، ئەمەیش وایکرد زۆر بە ئازادی بجوولێن و هەندێك هێز بۆ خۆیان بونیادبنێن و بەزۆری لە هەندێك ئامانجی ڕەمزیی– سەربازی بدەن و ببنە هۆی کوشتنی ژمارەیەك ئەمریکی و خەلّکانی دیکەی بیانی. لەگەلّ ئەمەیشدا، ئەو زیانەی کە لەو هێرش و بەئامانجگرتنانەدا پەیدابوون بەجۆرێك لە جۆرەکان زۆر دیاریکراو بوو. لە ١١/٩ بەدواوە حکوومەتەکان وەخۆ کەوتن بۆ ئەوەی تۆڕەکانی تیرۆرستی دەستگیر بکەن و دەست بەسەر سەرچاوەی داهات و لایەنی داراییاندا بگرن و تاقیبی

ئەندامەکانیان بکەن، لەمەیشدا زۆربەی جار دەرئەنجامی ڕاستەوخۆیان وەدەست دەهێنا، بۆ نموونە لە ئەندونیسیادا کە گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامییە لە جیهاندا، حکوومەت ڕابەری کۆمەڵەی ئیسلامی و سەرکردە سەربازییەکەی هەمان کۆمەڵەی جیهادییان دەستگیرکرد کە لە وڵاتەکەدا خوێنڕێژترین کۆمەڵە بوون و هەر ئەوانیش بوون کە تەقینەوەکانی ساڵی ۲۰۰۲ی بالییان ئەنجام دا. هەروەها بە یارمەتیی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا، سوپای فلیپین هێرشی زۆر کەمەرشکێنی کردە سەر کۆمەڵەی ئەبو سەییاف کەوا زۆر هاوشێوەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بوون. لە کانوونی دووەمی ساڵی ۲۰۰۷دا ڕابەری کۆمەڵەکە لە لایەن سەربازانی فلیپینی کوژرا و ژمارەی ئەندامەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوە، پێشتر و لە ماوەی شەش ساڵدا ژمارەیان نزیکەی دوو هەزار چەکداربوو، کەچی ئێستە لە چەند سەد کەسێك تێناپەڕن. هەروەها لە میسر و سعوودیەشدا خانە و ڕێکخستنەکانی ئەلقاعیدە دەستگیرکران و ئەوانەش کە دەستگیر نەکران، توانای خۆیان لەدەستدا و ماوەی سێ ساڵە نەیانتوانیوە هیچ هێرشێکی دیکەی نوێ ئەنجام بدەن. وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری – بەتایبەتیش وەزارەتی دارایی ئەمریکا– ئابلۆقەی لەسەر تیرۆرستەکان زۆر توند کرد، ئەم ئابلۆقەیە وەهای کرد کە ئەنجامدانی چالاکییەکانیان زۆر دژوار بێت. ڕێکخراوەکانی جیهانی ناتوانن گەشە بکەن ئەگەر نەتوانن پارەوپوولەکانیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازنەوە. لەسەر ئەم بنەمایەوە، هەرچەندە تاقیبکردن و بەئامانجگرتنی سەرچاوەی داهاتەکانی تیرۆرستەکان زیاتر بێت، زیاتر ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر کردە هەڕەمەکی و خێرا و بێ بەرنامەکان کە لە سنووری زۆر تەنگەبەردایە و دیاریکراوە. بێگومان ئەم ململانێیەی نێوان حکوومەتەکان و تیرۆرستەکان بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەوە حکوومەتەکانن کە تیایدا شتەکان یەکلا دەکەنەوە و دەستی پۆڵاینیان هەیە.

لە عێراقدا، ئاڵۆزییەکی دیکە سەریهەڵدا کە پەیوەندیی بە دوژمنایەتیی دێرینی نێوان سوننی – شیعییەوە هەیە، ئەمەیش بووە هۆی لاوازکردنی ئەلقاعیدە و ڕەنگدانەوەی لەسەر دابەزینی ئاست و ڕێژەی هێرشەکانی تیرۆرستیدا هەبوو. ئەلقاعیدە لە فەتوا و ڕاگەیەندراوەکانی سەرەتاییدا، باسی شیعەی نەدەکرد، بەڵکو هەر تەنیا هێرشی دەکردە سەر خاچپەرستان و جوولەکەکان. بەڵام عێراق ئەم ئاراستەگرییەی گۆڕی. ئەلقاعیدە لەپێناو بەکێشکردنی پاڵپشتیی سوونییەکان، بوونە کۆمەڵەیەکی دژ بە شیعە، لەمەیشدا پێڕەوی ڕا و بۆچوونێکی سوونینیانەی بنەوانگریان (اصولی) کرد بۆ ژیان. ئەبو موسعەبی زەرقاوی، ڕابەری ڕێکخستنی ئەلقاعیدە لە وڵاتی نێوان دوو ڕووباردا، بەردی بناغەی ئەو ڕەوتە نوێیە بوو، چوونکە زۆر ڕقی لە شیعەکان دەبوویەوە. زەرقاوی لە نامەیەکدا کە لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ دا بۆ ئوسامە بن لادنی ناردووە ئەم ڕقوکینەیە بەدیاردەخات.

لە ڕاستیدا، دابەشبوونی نێوان سووننە و شیعە تەنیا یەکێکە لەو دابەشبوونە زۆروزەوەندانەی کەوا لە جیهانی ئیسلامیدا ڕوویان داوە. دابەشبوونەکان زۆرن؛ وەك دابەشبوونی شیعە و سووننە، فارس و عەرەب، خۆرهەڵاتی ئاسیایی و خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر میانەڕەو و توندڕەوکان. هەر وەك چۆن هەمەڕەنگی و هەمەجۆری لەنێو جیهانی کۆمنیزمیدا لە کۆتاییەکەیدا بووە هۆی لاوازکردنی، ئەوا ئەو هەموو هەمەجۆرییەش لەنێو ئیسلامدا توانای سارێژکردنەوە و یەکگرتنیان لاواز دەکات و نایەڵێ ببنە ڕکابەرێکی زەبەلاح. ڕابەران و سەرکردەکانی خۆرئاوا باس لە یەك بزاڤی جیهانیی ئیسلامی دەکەن؛ لەمەیشدا بەشێوەیەکی دژ بە لۆژیك و واقیع، لۆژیکی سەربەخۆخوازانەی چیچان لە ڕووسیا و ئەو چەکدارانایەن کۆکردووەتەوە کە لەهیندستاندا لە لایەن

پاکستانەوە پشتگیری و پاڵپشتییان لێ دەکرێ، هەروەها ڕێکخراوەکانی شیعییەکانی لوبنان و جیهادییەکانی سوننیی میسر. بەلام هەر کەسێکی ستراتیژستی ئاگادار ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە هەر یەکە لەو کۆمەلانە بەتەواوی لەوانی دیکە جیاوازە، چوونکە هەر یەکێکیان پرۆژ و دوژمن و دۆستی جیاوازیان هەیە. ئەم مەسەلەیەش بانگەشەی ئەو کۆمەلانە ڕەتدەکاتەوە کەوا نوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن، هەروەك چۆن لە ڕاستیدا هەن ئاوایان وەسف دەکات: ئەوانە چەند دەستە و تاقمێکی بچووکی لۆکالین و لە چەند کەسێك پێکهاتوون کە نەیانتوانییوە تەقلی جڤاکەکانیان بن و هیوای ئەوە دەخوازن بەهۆی ڕەتکردنەوەی واقیع و ئەنجامدانی کار و ڕەفتارەکانی بەربەرییەوە سەرنجان بۆخۆیان ڕابکێشن.

ڕاستە کە ململانێیی تایبەت بە کۆمەڵەکانی ڕادیکاڵیی ئیسلامییەکان بەردەوامە، بەلام زیاتر پەیوەندیی بە هەلومەرجە دیاریکراوەکانی لۆکاڵییەوە هەیە نەك پەیوەندیی بە هیواخوازی و بەرتەمایی جیهانییەوە هەبێت، بۆنموونە: لە باشووری ئەفریقیا کەوا تیرۆر و تۆقینێکی بەردەوامی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت لە جەزائیر، دەبینین کۆمەڵەی سەرەکی لەوێدا — کۆمەڵەی سەلەفییە بۆ بانگخوازی و جیهاد کە لە فەڕەنسا بەGSPC ناسراوە— بەشێکە لە جەنگێکی دوورودرێژی نێوان حکوومەتی جەزائیری و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی، هەرگیز ناکرێ تەنیا لە ڕوانگەی ئەلقاعیدە یان جیهاد بە دژی ئەمریکا لێی بنواڕدرێ. ئەم مەسەلەیە بەسەر ئەو ناوچەیەشدا ڕاست دەردەچێ کەوا زیادبوونێکی مەترسیداری هێزی ئەلقاعیدەی تیادا دەبینردرێ، واتا سنووری نێوان ئەفغانستان = پاکستان کەوا سەرکردایەتیی ئەلقاعیدەی پەنا داوە، ئەوجا ئەگەر قەوارەیەکی وەهاش لەوێدا بوونی هەبێت. بەلام ئەم کۆمەڵەیە توانیویەتی

بوونی خۆی بپارێزی – هەرچەندە ناتۆ هەوڵی بێوچانی داوە– چوونکە لە ماوەی جەنگی دژ بە یەکییەتیی سۆڤییەت ڕەگی خۆی لەوێدا باش داکوتاوە، هەروەها هاوپەیمانەکەشی – بزووتنەوەی لۆکاڵییانەی تاڵیبان– لە لایەن بەشێك لە هۆزەکانی پەشتۆن پاڵپشتیی لێ دەکرێ، پاشتۆن کۆمەڵەیەکی نەژادین و لە ئەفغانستان و پاکستاندا هەژموونداڕن.

بەکورتی، سەرکردایەتیی ئەلقاعیدە– ئەو کۆمەڵەیەی کەوا ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری ڕێبەراتییان دەکەن– لەو شەش ساڵەی کە لە دوای هێرشەکانی یانزەی ئەیلول هاتن نەیتوانیوە لە گشت شوێنەکانی دونیادا هیچ هێرشێکی گەورە بکات. لە ڕێکخراوێکی تیرۆرستییەوە بووە کۆمپانیایەکی پەیوەندیکردن، لەجیات ئەوەی کاری ڕاستینی تیرۆرستی ئەنجام بدەن تەنیا کاروپیشەیان بەرهەمهێنانی چەند ڤیدیۆیەك بوو کە ماوەماوە پەخشیان دەکردن. ڕاستە کە جیهادەکە بەردەوامە، بەڵام جیهادییەکان ناچاربوون پەرتەی لێ بکەن و بە ئامانجە بچووکەکان ڕازی بن و لەسەر ئاستی لۆکالیدا کار بکەن؛ بەزۆری لە میانی چەند کۆمەڵەیەك کە بەهیچ شێوەیەك هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان بە ئەلقاعیدەوە نییە. ئەم ستراتیژە پەرتەوازە و هەڕەمەکییە خاڵێکی زۆر لاوازی هەیە: ئەوان دانیشتووانی نێوخۆیی دەکوژن، بەمەیش ڕقی موسڵمانانی ئاسایی هەڵدەستێنن؛ کردەیەکی کرداریییە و بەگرنگیدانێکی یەکرێتمییەوە لە وڵاتانی جۆربەجۆری وەك ئەندۆنیسیا و عێراقدا بەڕێوەدەبرێن. لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا، پاڵپشتیکردن و لایەنگریی بۆ ئوسامە بن لادن و ئامانجەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام لە گشت شوێنەکانی جیهانی ئیسلامیدا کەمبووەتەوە، هەروەها لەنێوان ساڵانی ۲۰۰۲–۲۰۰۷دا لایەنگریکردنی تەقینەوەکانی خۆکوژی وەك تەکتیك لە زۆربەی ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی کەوا

ڕاپرسییان تیادا کراوە بەڕێژەی ٥٠٪ دابەزیوە و ڕێژەکەش بەردەوام لە کەمبی داوە. ئەو فەتوایانەش لە هەموو کاتێکی دیکەدا زۆر زیادیانکرد کەوا توندوتیژی و بن لادن شەرمەزار دەکەن. ڕاستە هێشتا کارێکی زۆر ماوە کە دەبێ لەپێناو نوێکردنەوەی جیهانی ئیسلامیدا بکرێ، ئەمەیش وەهای کردووە نوێخوازەکان بەلای کەمەوە نەترسێن. ئەوان درکیان بەوە کردووە کە چەند کەسێکی بە ژمارە کەم دەیانەوێ لەژێر سایەی فەتوایەکانی ئەلقاعیدەدا بژیەن. تەنانەت ئەوانەی لە ڕابردوودا پێڕەوی ئەلقاعیدە و فەتوایەکانیان کردووە، ئێستە بوونەتە دوژمنی هەرە سەرسەختیان. بە بەراورد لەگەڵ کۆمۆنیزمی سۆڤییەتی و تەنانەت فاشیزم لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، هیچ جڤاکێك نییە بەچاوی خۆشەویستی و سەرسامبوونەوە بنوارێتە دیاردە و نموونەی بنەوانگری (الاصولییە) یان حەز بە پێڕەوکردنی بکات. لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژییەوە ناتوانێ کێبڕێی نموونە نوێگەرییەکەی خۆرئاوا بکات کەوا ئێستە ولاتان لە گشت شوێنێکی جیهاندا پێڕەویی لێ دەکەن.

لە یانزەی سێپتێمبەرەوە پیشەسازییەکی لۆکاڵی بۆ ڕەوجدان و ریکلامکردن لە خۆرئاوادا و بەتایبەت لە ویلایەتەکانی یەکگرتوودا پێشکەوتووە و سەری هەڵداوە و شارەزایان تیایدا گشت ئەو ئاراستەگری و خولیایانە قەبە دەکەنەوە کەوا حەزی پێناکەن، لەمەیشدا پێشدەستییان بە هەر توێژینەوەیەکی جیدی زانیارییەکان و داتەیەکانی بەردەستدا کردووە. زۆربەی چاودێران و وتەبێژانی موحافەزەکار باسیان لە بەئیسلامکردنێکی وەکاتانەی (الیقینیە) ئەوروپا کردووە و (ناویان لێی ناوە ئەوروپای عەرەبی، ئەمەیش بۆ ئەوەیە نیگەرانییەکەت زیاتر بکەن)، هەرچەندە خەملاندن و مەزەندەکردنەکانی هەرە بەرزی ئاژانسەکانی هەواڵگریی ئەمریکی ئاماژە بەوە دەکەن کە موسڵمانان سەدا سێی ژمارەی

دانیشتووانی ئەورووپا پێکدەهێنن و و لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٢٥دا ڕێژەکەیان دەگاتە ٥ تا ٨ لەسەدا، دواتر دەچنە نێو قۆناغێکی جێگرییەوە، چوونکە زیادبوونی ژمارەیان دەبێتە شتێکی پەراوێزی. چاودێران چاودێریی سەرجەم قسە بێمانا و خەیاڵپڵاوەکانی گشت ئیمامێکی خەیاڵاوی دەکەن، هەروەها لە ئەرشیفدا بەدوای هەر ئاماژەیەکدا دەگەڕێن کە باس لە کۆتاییهاتنی جیهان بکات و گشت هزر و بۆچوونەکانی ئەو کەسانە لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنیدا تۆمار و بڵاو دەکەنەوە کەوا ڕیکلام بۆ خۆ شەهیدکردن دەکەن، کاتێکیش سۆماڵییەکی شوفێری تاکسی لە شوێنێکدا ئەوە ڕەتدەکاتەوە سندووقێك شەراب لە ئۆتومبێلەکەی بار بکات، وەك گای هار تووڕە دەبن و ئەمە بە سەرەتای پیادەکردنی شەریعەت لە خۆرئاوا لە قەڵەم دەدەن. بەڵام کۆی ئەم ڕووداوانە لە واقیعدا ڕەنگدانەوە و نمایشکاری ئاراستەگری و خولیاکانی سەرەکیی نێو جیهانی ئیسلامی نین، ئەو جیهانەی بەرەو پێشکەوتن دەچێت- هەرچەندە پێشکەوتنەکەی لە وڵاتانی دیکە هێواشترە. ڕاستە کۆنەپەرستەکانی نێو جیهانی ئیسلامی ژمارەیان زۆرترە و لە هەر کەسێکی نێو کەلتووری دیکە توندڕۆترن، بەڵام لەنێو ئەو موسڵمانانەی جیهاندا کە ژمارەیان لە ملیارێك دانیشتووان زیاترە، هەر بە کەمینە دەمێننەوە. پشتگوێخستنی ئەو هەلومەرجە ئاڵۆزانەی کەوا تیایدا هەندێك لەو داتا ساختە ئاینییانەی تیادا دروست دەکرێت- وەك ململانێی نێوخۆیی ئێران لەنێوان پیاوانی ئاینی و عیلمانییەکان بۆ وەرگرتنی دەستهەڵات - دەبێتە هۆی پەیدابوونی پێشبینیی زۆر پووچ، هەرچەندە جێگەی تۆقینە، هەر لەمبارەیەوە بێرنارد لویس بانگەشەیەکی کردووە و پێی وایە مەحموود ئەحمەدی نەژاد پیلانی داناوە بۆ ئەوەی ڕۆژێکی گرنگ لە ساڵنامەی ئیسلامی (٢٢ی ئابی ساڵی ٢٠٠٦) بکاتە وادەی کۆتاییهاتنی جیهان. (بەڵێ، بەڕاستی ئەمەی نووسیوە).

چاودێرەکانی بواری ئایدۆلۆژی زۆرێك لە کاتەکانی خۆیان بە تاوتوێکردن و شەنوکەوکردنی بەڵگەنامەکانی جیهادی بە فیرۆداوە، ئەمەیش وەهای کردووە نەتوانن ڕاستیی جڤاکەکانی ئیسلامی ببینن. ئەگەر ئەوان سەریان بەرزکردابایەوە و بەجوانی بیاننواڕیبایە، ڕق و تووڕەیی و بێزاریی خەڵکیان لە هەمبەر بنەوانگرەکاندا دەبینی. هەروەها حەزی نوێکردنەوەشیان بەرچاو دەکەوت (هەرچەندە بەڕاستی لەهەمبەر کەلتووری خۆیاندا هەست بەشانازی دەکەن)، هەروەها پەرۆشیی خەڵکانی موسڵمانیان بۆ چارەسەری کردارییانە دەبینی. کاتێك موسڵمانەکان سەفەر دەکەن، ئەوا بەملیۆنانیان دەچنە شاری سەرسوڕهێنەری دوبەی نەك بچنە بازنەکانی ئاینیی ئێران. ڕاستە ئەو کەمینەیە ڕاستەقینەن کەوا حەز بە جیهاد دەکەن، بەڵام کاری ئەو کەمینەیە دەکەوێتە نێو چەند جڤاکێکەوە کەوا تیایدا جەماوەربیوونی ئەو جۆرە چالاکییانە ڕۆژ بەڕۆژ لە کەمبوونەوەدایە.

لە خۆرئاوادا، کاریگەرییەکانی تیرۆر و تۆقاندن دوای هەر هێرشێکی نوێ کەمتر دەبووەیەوە. دوای ٩/١١، بازاڕەکانی دراوی و دارایی داڕووخان و تەنیا دوو مانگ دوای بەرواری٩/١٠ ئەوجا گەیشتنەوە ئاستی پێشوو. لە دوای تەقینەوەکانی ساڵی ٢٠٠٤ی مەدریدیش، بازاڕەکانی ئیسپانیا پێویستیان بە مانگێك بوو بۆ ئەوەی چاکببنەوە و وەك جارانیان لێ بێتەوە. بەڵام لە زنجیرە تەقینەوەی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٥ی لەندەن پشکەکانی بریتانی لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا گەیشتەوە هەمان ئاستی پێش تەقینەوەکان. ئەم مەسەلەیە بەسەر وێنە گەورەکەی ئابووریشدا پیادە دەبێت. چوونکە دوای ٩/١١، ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە چەند چالاکییەکی جۆربەجۆری ئابووریدا سەدان ملیار دۆلاری لەدەست دا. هەروەها سەبارەت بە دووەم هێرشی هەرە گەورە—

تەقاندنەوەی یانەیەکی شەوانە لە بالی لە ساڵی ۲۰۰۲دا- کاریگەرییەکی نەرێنیی زۆر زەبەلاحی لە ئابووریی ئەندۆنیسیا کرد، چوونکە گشت چالاکییەکانی گەشتیاری چەقیان بەست و بۆ چەند مانگێکیش کارەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان راوەستان. بەلام، دوای ساڵێك لە تەقینەوەیەکی دیکەی نێو ئەندۆنیسیادا- ئەوجارە لە هوتێلی ماریۆت لە جاکارتا- بازاڕ تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم کاریگەر بوو، زیانەکەشی بۆ سەر ئابووریی ئەندۆنیسیا زۆر کەم بوو. هەروەها لەو تەقینەوانەی کەوا لە مەغریب و تورکیادا لە ساڵی ۲۰۰۳دا ڕوویان دا، کاریگەرییان زۆر کەم بوو. هەروەها ئەو تەقینەوانەی لە ساڵی ۲۰۰٤دا لە ئیسپانیا و ئەوانەی لە ساڵی ۲۰۰٥دا لە بریتانیادا ڕوویان دا، لە وەستاندنی ڕێژەکانی گەشەکردنی ئەو وڵاتانە سەرکەوتنیان وەدەستنەهێنا.

بێگومان، مەسەلەکە زۆر جیاواز دەبوو ئەگەر ڕێکخراوێکی مەزنی تیرۆرستی چەکی کۆکوژی دەستبکەوتبایە، چوونکە هێرشی ئەتۆمی دەبێتە خۆی تۆقینێکی گەورە و تێکدان و ڕووخاندنی فراوانتر. بەلام ئەو چەکانە هێندە بە ئاسانی ناکەونە بەردەستی تیرۆرستەکان هەر وەك زۆربەی خەڵك پێیان وایە، دەستڕاگەیشتن بە هەر ڕێژەیەکی ئەو چەکانە بەتەواوی ئەستەم دەبێت ئەگەر واشنتۆن بۆ ڕێگەگرتن لەمە هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ. لەوانەیە تیرۆر و تۆقاندن و هێرشی بایۆلۆژییانە زیاتر جێگەی نیگەرانی بێت، چوونکە مادەکانی بایۆلۆژی بەئاسانی دەستدەکەون، بەلام دابەشکردنی ئەو جۆرە چەکانە قورسترە، هەروەها لەوانەیە دەرئەنجامەکانی لەو ئاستە کەمتر تراژیدی بێت کەوا تیرۆرستەکان بۆی پەرۆشن. من لە کۆی ئەم قسانەی لەسەرەوە باسمکردن مەبەستم ئەوە نییە بڵێم کە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێویست نییە، بەڵکو دەڵێم

پێڕەوکردنـــی سیاســـەتی ئاگـــاداری و ورد و زیرەکانـــە دەرئـــەنجامی زۆر سەرکەوتووانەی دەبێت.

خەڵك بەشێوەیەکی باس نەکراو و ڕانەگەیەندراو پێیان وایە کە باشترین سیاسەت بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی تـیرۆر نەرمییـە (توانـای چـاکبوونەوە لـە نسـکۆیەکان بەشـێوەیەکی خێـرا). تـیرۆر و تۆقانـدن ڕەفتـارێکی نائاسـاییە، بـەو واتایـەی کاردانـەوەی بینـەران دەستنیشـانی سـەرکەوتنی هـەر تـەکتیکێکی سـەربازی دەکات. ئەگەر نەتۆقین، ئەوا مانـای ئەوەیـە تـیرۆر لـە هەوڵەکانیـدا سـەرکەوتوو نەبووە. خەڵك، لە نیویۆرك و لەندەنەوە تا دەگاتە مۆمبـای و جاکارتـا، لـەمیانی ئەزموونـــەوە درك بـــەو ڕاســـتییە دەکـــەن، هـــەروەها لـــەنێو دۆخێکـــی زۆر نادڵنیاییشـەوە بـەردەوامی بـە ژیـانی ڕۆژانـەیان دەدەن. ڕاسـتە کـە زنجیرەیـەك هێرشـی تیرۆرسـتی بـە ئۆتـومبێلی بۆمبڕێـژکراو و پشـتێنی بۆمبڕێـژکراو لـە ویلایەتەکانی یەکگرتوودا دەبێتە هۆی دروستکردن شـۆك و هێدمـە، بـەڵام دوای دوو هەفتـــە کاریگـــەری و شـــوێنەوارەکانی نامێنێـــت، هـــەروەها ئاقیبەتـــە دوورمەودایەکانیشی زۆر کەم دەبێت. لە جڤاکەکانی گەورە و بەهێز و ئاڵۆزدا (لـە ئێستەدا قەبارەی ئـابووریی ئـەمریکی بـە نزیکـەی ١٢ تریلیـۆن دۆلار دادەنـدرێ) گرفتی چەند شوێنێك بەئاسانی کـار لـە شـوێنەکانی دیکـەی ناکـات. جڤاکـەکانی پێشکەوتوو زۆر لەوە بەهێزترن کەوا ئێمە باوەڕمان وایە.

هـەروەها ئـەو تەگـەرە و بەرەنگاریيانـەی کـەوا وڵاتـانی هەڵگـەڕاوە و قینلـەدڵ دەیانسەپێنن ڕاستەقینەن، بەڵام لەسـەرمان پێویسـتە لـەمیانی ڕەوت و ڕێـڕەوی گشتییەوە لێی بنوارین.تێکڕای بەرهەمی نێوخۆیی ئێران Gross Domestic Product دەگاتە ١/٦٨ تێکڕای بەرهەمی نێوخۆیی ویلایەتـەکانی یـەکگرتووی ئـەمریکا و خـەرجیی سەربازیشـی ١/١١٠ لـە بەرانبـەر ئـەو خەرجییەیـە کـەوا

پەنتاگۆن خەرجی دەکات[1]. جا ئەگەر ئێمە وەها شیمانەی بکەین کەوا لە ساڵی ١٩٣٨دا دەژین– هەروەك چۆن زۆربەی موحافیزەکارەکان بێژبازیی لەسەر دەکەن– ئەوا مانای ئەوەیە کە ئێران هاوتای ڕۆمانیایە نەك ئەڵمانیا. کۆریای باکووریش لە ئێران مایەپووچتر و کورتهێنەرترە. هەروەها ئەو مەترسییە سەرەکییەکەی کەوا دروستی دەکات– ئەوەی کە لێناگەڕێ حکوومەتی چینی خەو بچێتە چاوی– ئەوەیە کەوا لە نێوەخۆدا بتەقێتەوە و ناوچەکە پڕبکات لە پەنابەر. لەوانەیە ئەم وڵاتانە بتوانن گرفت بۆ چوار دەوری خۆیان دروستبکەن و

---

[1]) تێبینییەك سەبارەت زاراوەکانی تایبەت: سەبارەت بەو بیرۆکە سادەیە، تێکڕای بەرهەمی نێوخۆیی بە پێوەرێکی ئاڵۆز دادەندرێ کە سەر دەسوڕمێنێ. هەرچەندە مادەکانی بازرگانیی وەك iPods و پۆشاکەکانی وەرزشیی وەك Nike تێچووەکەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکەی هاوسێی جیاوازییەکی هێندە گەورەی نییە، بەلام هەندێك لەو کالایانەی کە ناتواندرێ لە ڕێگەی سنوورەکانەوە بگوازرێنەوە، ئەوا لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوودا تێچووەکەیان کەمترە. لەبەرئەوە هەمان دەرامەت لە هێند زیاتر دەمێنێتەوە ئەگەر بە بریتانیا بەراورد بکرێ. لەبەر ئەم هۆیە زۆرێك لە ئابووریزانان یەکێك لە پێوەرەکانی تێکڕای بەرهەمی نێوخۆیی بەکاردەهێنن کە پێی دەگوترێ هاوکێشەی هێزی کڕین PPP کە بە ئاستێکی زۆر گەورە دەرامەتی وڵاتانی گەشەسەندوو قەبە دەکات. لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە دەڵێن کە ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی باشتر جۆری ژیان پیشان دەدات. بەلام، کاتێك مەسەلەکە پەیوەندیی بە هێزی خاوی نەتەوەییەوە هەیە، ئەوا پێوانی تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی بەپێی تێکڕایەکان (المعدلات)ی خەرجکردنی دراو لە بازاڕدا تەندروستترە. چوونکە تۆ ناتوانیت هەڵگری فڕۆکەکان بکڕیت یان پارە بۆ هەڵمەتێکی پاراستنی ئاشتیی سەر بە نەتەوەکانی یەکگرتوو خەرج بکەیت، یان قازانجەکانی کۆمپانیایەك ڕابگەیەنیت، یان بە دۆلار چەند کۆمەکێکی دەرەکی بکەیت کەوا بە پێوەری هاوکێشەی هێزی کڕین بپێورێ. لەبەر ئەم هۆیە لەم کتێبەدا –بەشێوەیەکی گشتی– تێکڕای بەرهەمی نێوخۆیی تەنیا بە بەکارهێنانی تێکڕایەکانی خەرجکردن لە بازاڕ حیساب دەکەم، کاتێکیش هاوکێشەی هێزی کڕین زیاتر گونجاو بێت یان کاتێك ژمارەکانی بەردەست تەنیا بەم پێوەرە هەبن، تێبینییەکی سەبارەت دەنووسم.

دەبێ چاودێرییان بکرێت و بەرزەفت بکرێن، بەڵام لەسەرمان پێویستە ئەوە لە مێشکی خۆماندا بهێڵینەوە کە ئەمە لەم جیهانەدا بەشێکی بەرێژە بچووک پێکدێنێت. تەماشای ئەمریکای لاتینی بکە؛ فەنزوێلا دەوڵەتێکە و گرفت دروست دەکات، ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەمە چ واتایەك دەگەیەنێ لەسەر زەویدا؟ ئاراستەی گشتی لە ناوچەکەدا– ئەو شتەی کە سیاسەتەکانی وڵاتانی گەورەی وەك بەرازیل و مەکسیك و چیلی بەرجەستەی دەکەن– بەرەو ئاراستەی بازاڕی ئازاد و بازرگانی و دەستهەڵاتی دیموکراسی و کرانەوە بە ڕووی دەرەوە هەنگاو دەنێت. ئەم ئاراستەیەشە کەوا نوێنەرایەتیی ئاراستەگریی مێژوو دەکات، نەك قیژە و هاوارەکانی چافیزە شێت.

فراوانبوونە مەزنەکە

ئەو هێمنییە ڕێژەییەی کەوا ئێستە تیایدا دەژین بنەمایەکی بونیادیی پتەو و قووڵی هەیە کەوا لە گشت شوێنێکی سەر ئەم گۆی زەوییدا هۆیەکەی بۆ زاڵبوون و سەرکەوتنی ئابووری بەسەر سیاسەتدا دەگەڕێتەوە. ئەوەی شرۆڤەکارانی ووڵ ستریت بە مەترسیی سیاسی ناوی دەبەن، هەر ئەوەتە دەتوانین هەست بەبوونی بکەین. جەنگ و کودەتا و تیرۆر، زۆرێك لە توانای خۆیان بۆ پەکخسستنی بازاڕ لە دەستداوە، ئەمەیش ماوەیەکی زیاتر لە کەمە. بێگومان – لەوانەیە جارێکی دیکە– ئەم دۆخە بەردەوام نەبێت (لە ڕووی مێژوویشەوە زۆری نەخایاندووە)، بەڵام جیهانێکە کەوا بەلای کەمەوە ماوەی دەیەیەکە تیایدا دەژین.

ئەمە یەکەمجار نییە کەوا شڵەژان و تێکچوونی سیاسی و گەشەکردنی ئابووری هاوکات لەگەڵ یەکتری بێن. دوو قۆناغی پێشووتر هەن کە زۆر بەو قۆناغە دەچن: ئەو ڕابوون و گەشەکردن و پێشکەوتنە ئابوورییەی کەوا لە میانی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەم و دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتە ئاراوە، هەروەها ئەو پێشکەوتن و گەشەکردنەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و بەدیاریکراوی لە پەنجایەکان و سەرەتای شێستەکاندا هاتە ئاراوە، لە هەردوو قۆناغدا سیاسەت شڵەژان و لەرزینێکی ڕەشەباییانەی بەخۆیەوە بینی، بەڵام لایەنی ئابووری لە دۆخێکی زۆر بەهێز و تەندروستدا دەژیا. ئەم دوو قۆناغەش تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە وڵاتەکانی مەزن دەچوونە نێو ئابووریی جیهانییەوە، ئەمەیش بووە هۆی زیادبوونی قەبارەکەی و گۆڕانی شێوەکەی، فراوانبوونی بابۆڵەکەش (الشطيرة) زۆر گەورە بووە بە پلەیەك کە بەسەر شڵەژان و تێکچوونەکانی ڕۆژانەدا زاڵبوو.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ترسی بەردەوام لە هەڵگیرسانی جەنگی نێوان زلهێزەکانی ئەوروپا هەبوو، هۆیەکەشی — ئەو ترسە — سەرچاوەکەی لەو قەیرانانەوە گرتبوو کەوا دووچاری بەڵقان و باکووری ئەفریقیا و چەند شوێنێکی دیکەی گەرم و پڕ لە کێشەبوو. لەگەڵ ئەمەیشدا هەرچەندە شوێنەکان پەنماو و گرگرتوو بوون و کێبڕکێی خۆپڕچەککردن زۆر بوو، بەڵام ئابووریی جیهانی لە دۆخی هەڵکشان و گەشەکردن و ڕابووندا بوو. ئەو ماوەیە یەکەمین جوولەی مەزنی سەرمایە بوو کە لە ئەوروپاوە بەرەو جیهانی نوێ دەچوو. ئەوجا لەو قۆناغیدا، ئەڵمانیا و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا وەرچەرخانێکی خێرای پیشەسازییان

بەخۆیانەوە بینی کە لەنێو سێ لە مەزنترین ئابوورییەکانی جیهاندا پێگە و شوێنێکی بۆ دابینکردن.

قۆناغی پەنجایەکان و سەرەتای شێستەکان هەندێکجار بە قۆناغێکی هێمن باس دەکرێن، بەڵام لە ڕاستیدا قۆناغێکی پڕ لە گرژی بوو، چوونکە لەو کاتیدا جەنگی سارد ماوەی چەند ساڵێك بوو بەرپابیوو، هەروەها ترس لە ڕوودانی ململانێی نێوان یەکییەتیی سۆڤیەت و چین و هەڵگیرسانی جەنگێکی ڕاستین لە کۆریا هەبوو. هەروەها چەند قەیرانێکی قۆناغیی ڕاگوزەریی بەخۆیەوە بینی کە زۆربەیان بوونە جەنگ؛ گەرووی تایوان، کۆنگۆ و کەناڵی سوێس و کەنداوی بەرازان و ڤێتنام. لەگەڵ ئەمەیشدا، سیستمە ئابوورییە پیشەسازییەکان زۆر بەهێز و گوڕوتاوەوە لە ڕێگەبڕینی خۆیاندا بەردەوام بوون. ئەمە دووەم مەزنە قۆناغی جوولەی سەرمایە بوو، چوونکە پارە لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکاوە بەرەو ئەورووپا و خۆرهەڵاتی ئاسیا دەچوو. لە ئەنجامی ئەمەدا ئەورووپای خۆرئاوایی سەرلەنوێ لەنێو خۆڵەمێشی جەنگی دووەمی جیهانیدا خۆی بونیادنایەوە، هەروەها یابان- کە یەکەم گەلی ناخۆرئاوایی بوو بۆ ماوەی بیست لە گەشەکردنێکدا کە بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٪ دەخەملێندرا- وەرچەرخانی پیشەسازی بەسەرکەوتوویی پیادە دەکرد.

لە هەردوو ماوە و قۆناغدا، ئەم هێدمە ئەرێنییەی خستنەڕوو- زاراوەیەکە کە بەهۆیەوە شارەزایانی ئابووری ئاماژە بە زیادبوونی درێژمەودای بەرهەم دەکەن - بووە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنێکی جێگیر و دوورمەودا و نرخی زۆر دابەزیو و ڕێژە نزمەکانی سوودەکان و بەرهەمێکی هەڵکشاو لە بازاڕە گەشەسەندووەکانی ئەو کات (ئەڵمانیا و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا و یابان). جا بەهۆی سایلۆیەکانی دانەوێڵەی ئەمریکییەوە، لە ماوەیەکی

دیاریکراوی سەدەی بیستدا نرخی گەنم لە ئەوروپادا بەرێژەی ٢٠ بۆ ٣٥ لەسەدا دابەزی هەرچەندە داواکارییەکی زۆریشی لەسەربوو. (بەهەمانشێوە، لە ئێستەدا نرخی کاڵایەکان بەهۆی تێچووە نزمەکەوە لە ئاسیا دادەبەزێ، هەرچەندە خواستیش لەسەری زۆر زیاد دەبێت). لە هەردوو ماوە و قۆناغدا، چەند یاریکەرێکی نوێ لە میانی هەناردەکردنەوە گەشەیان کرد، گەرچی هاوردەکردنیش زیادی کردووە. چوونکە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٦٠ و ١٩١٤دا، هاوردەکراوەکانی ئەمریکا پێنج هێندە زیادی کردووە لە کاتێکدا هەناردەکانی حەوت هێندە زیادی کردووە.

ئێمە لە ئێستەدا لەنێو قۆناغی سێیەمین فراوانبوونی ئابووریی جیهانیدا دەژین کە لە هەمان کاتدا لە هەمووشیان مەزنتر. لە ماوەی دوو دەیەی دواییدا، نزیکەی دوو ملیار مرۆڤ هاتوونەتە نێو جیهانی بازاڕ و بازرگانییەوە؛ ئەمەیش جیهانێکە و پێش ماوەیەکی کورت لەمەوبەر تەنیا لە لایەن یانەیەك قۆرغ کرابوو کە لەچەند وڵاتێکی خۆرئاوایی پێکهاتبوو[٢]. ڕۆیشتنی سەرمایەی خۆرئاوایی بەرەو ئاسیا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ و ٢٠٠٧دا لە ٢٢.٨ تریلیۆن دۆلارەوە بووە ٥٣.٣ تریلیۆن دۆلار، هەروەها بازرگانیی جیهانی بەرێژەی ١٣٣٪ زیادی کرد. ئەوەی بە بازاڕەکانی گەشەسەندوو ناودەبرێ بەرپرسی زیاتر لەنیوەی ئەم گەشەکردنە جیهانییەیە و لە ئێستەشدا هۆی زیاتر لە ٤٠٪ی ئابووریی جیهانە کە بەپێوەری هاوکێشەی هێزی کڕین پێوراوە (واتا زیاتر لە ٣٠٪ بەپێی تێکڕایەکانی خەرجکردن لە بازاڕدا). هەروەها پشتبەستنی گەشەکردنی هاتووە نوێیەکان بۆ

---

٢) دەڵێم دوو ملیار، چوونکە هەژارانی گوندنشین لە باشووری ئاسیا و چین و ئەفریقیا بە پلەیەکی گرنگ بەشداری لە ئابووریی جیهانیدا ناکەن. بەڵام لە گشت ساڵێکدا بە ملیۆنانیان دەگوازنەوە شارەکان.

نێـو بازاڕەکـانی تایبـەت بـەخۆیان لـە زیادبووندایـە، ئـەویش نـەك تـەنیا لـە هاوردەکانیـان بـۆ خۆرئـاوا، ئەمـەیش ئـەو واتایـە دەگەیـەنێ کـە ئـەم دیاردەیـە تیژتێپەڕ نییە.

هەندێك کەس گرنگیی بەو دیاردانە نادەن و ئاماژە بە ڕابـوون و گەشـەکردنەکەی هەشتایەکانی یابان دەکەن، کاتێك خۆرئاواییـەکان لـەوە دەترسـان یابانییـەکان هـەژموون و دەسـتهەڵات بەسـەر ئـابووریی جیهانیـدا پەیـدا بکـەن. بـەڵام ئـەوە ڕوونبوویەوە کە ترسێکی وەهمییە، چوونکە لە ڕاستیدا یابان کەوتە نێـو قۆنـاغی چەقبەسـتن و قـەیرانێکی ئابووریـیـەوە کـەوا پـانزە سـاڵی خایانـد. بـەڵام ئـەم وێکچوواندنە ڕاستی دەشـێوێنێ، چـوونکە یابـان پێشـتریش و لـە سـاڵی ١٩٨٥دا دووەم گەورە ئابووریی جیهانی بوو، زۆربەی شارەزایانیش باوەڕیان وەهابوو کـە یابان لـە ڕێگەدایـە بۆئـەوەی پێگـەی ئـەمریکا وەك گـەورەترین لایـەنی ئـابووری داگیربکـات، بـەڵام نـەیتوانی ئـەم دوا قەڵـەمبازەی خـۆی بهـاوێ، چـوونکە ئابوورییەکـەی و دەسـتگەکانی و ژیانـە سیاسـییەکەی هێشـتا بەتـەواوی نـوێ نەکرابوویـەوە. وەلێ لـە بەرانبـەردا وڵاتـی چـین هێشـتا هـەر وڵاتێکـی هـەژارە، چوونکە تێکڕای بەرهەمە نێوەخۆییەکەی لە بەرانبەر هەر کەسێك ٢.٥٠٠ دۆلارە. کاتێك دەبێتە یەکێك لە وڵاتانی جیهانی یەکەم، بەدڵنیاییەوە ڕووبـەڕووی گرفتـی زۆر دەبێتـەوە. بـەڵام لـە ئایندەیـەکی چـاوەنوارکراودا، بێگومـان لـە چـەند هێندەکردنـەوەی ئابوورییەکـەی سـەرکەوتن وەدەسـتدەهێنێ، ئەمـەیش تـەنیا بەهۆی بەردەوامبوونیەتی لە دروستکردنی بووکۆڵە و کراسی نیو قۆڵ و مۆبایلدا. هیندیش کە لە دەرامەتێکی نزمتر لە دەرامەتی چین دەستپێدەکات- دەتوانێ بۆ مـاوەی چـەندان دەیـە گەشـەبکات پـێش ئـەوەی ڕووبـەڕووی چـەندەها تەگـەرە ببێتەوە کەوا پێشتر ڕووبـەڕووی یابـان ببوویـەوە. تەنانـەت ئەگـەر چـین و هینـد

پێگەی دەرامەتی ناوەندیش تێنەپەڕێنن، ئەوا وەك دیارە لە زۆربەی قۆناغەکانی سەدەی بیست و یەکدا دەبنە دووەم و سێیەم گەورەترین ئابووری لە جیهاندا.

ڕێکەوتێکی مێژوویییە کەوا ئەو وڵاتانەی لە جیهاندا دەوڵەمەندترن، لە میانی چەند سەدەیەکی نزیکی بەر لە ئێستە، ژمارەی دانیشتووانیان کەم بێت. بێگومان ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بە جیاوازییەکی زۆر گەورەتر بوو، ئەمەیش ئەو هۆیە بوو کەوا ئەمریکای کردە ئەو یاریزانەی کۆنترۆڵی جیهانی کرد. بەڵام، ئەم هەژموون و کۆنترۆڵە کردەیی نەدەبوو تەنیا لەو جیهانەدا نەبێت کەوا وڵاتانی دیکەی مەزن بەڕاستی کەوتبوونە نێو زەلکاوی هەژارییەوە و نەیاندەتوانی یان حەزیان نەدەکرد سیاسەتی وەها پێڕەو بکەن کە بۆ گەشەکردنیان یارمەتیدەر بێت. بەڵام ئێستە، وڵاتانی مەزن و زەبەلاح دەستیان بە جووڵە کردووە، شتێکی سروشتیشە - بەهۆی قەبارەکەیانەوە- جێپەنجەیەکی مەزن لەسەر نەخشەدا دابنێن. جا ئەگەر کەسی ئاسایی لەو وڵاتانەدا بەپێی پێوەری خۆرئاوایی بە هەژار بێنە بەرچاو، بەڵام تێکڕای سامان و سەرچاوەکانیان زەبەلاح دەبێت. یان با بەشێوەیەکی بیرکارییانە بیرۆکەکە ڕوون بکەینەوە: هەر ژمارەیەك، هەرچەندە بچووکیش بێت، ئەگەر جارانی ٢.٥ ملیار بکرێت (ژمارەی نزیك لە دانیشتووانی چین و هیند بەیەکەوە) ئەوا دەبێتە ژمارەیەکی زەبەلاح. ئەم دوو هۆکارە- خاڵێکی نزمی دەستپێك و ژمارەیەکی زەبەلاحی دانیشتووان- دوو هۆکاران کەوا قەبارە و بەردەوامیی وەرچەرخانی هێز لە جیهاندا دەستەبەر دەکەن.

هەرسێ هێزەکە: سیاسی، ئابووری، تەکنۆلۆژی

ئەو هەموو شتانە چۆن روویان دا؟ بۆ وەلآمی ئەم پرسیارە لەسەرمان پێویستە چەند دەیەیەك بگەڕێینەوە دواوە- بۆ حەفتایەکان- و ئەو ڕێگەیە وەبیری خۆمان بهێنینەوە کەوا زۆربەی ولآتان لەو کاتیدا ئابووریی خۆیانیان پێ بەڕێوەبردووە. من ئەو کەشەم بەشێوەیەکی روون بیردێتەوە، چوونکە لەو کاتیدا لە هیند دەژیام، ئەو ولآتەی کەس باوەڕی وەها نەبوو هەمان ڕۆڵ لە هەمان ئەو شانۆیەدا بگێڕێت کەوا ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا دەیگێڕا. لەو کاتیدا دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیریی هیندی باوەڕیان وەهابوو کە نموونەیەکی سەرمایەداری هەیە و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە جەمسەرێکدا ڕۆڵی تیادا دەگێڕێت، لە جەمسەرەکەی دیکەشدا نموونەیەکی سۆسیالیزمی هەیە کەوا یەکێتیی سۆڤییەت بەڕێوەی دەبات. نیودەلهیش دەیویست لە نێوان هەردووکیاندا ڕێگەیەکی مامناوەندی بگرێ. خۆ لەمەشدا بەتەنیا نەبوو، چوونکە بەرازیل و میسر و ئەندۆنیسیا — لە ڕاستیدا زۆرینەی ولآتانی دونیا- لەسەر ئەو ڕێگە مامناوەندییە دەڕۆیشتن. بەلآم، دواتر ئەوە روونبوویەوە کە ڕێگەیەکە و داخراوە و مرۆڤ ناگەیەنێتە هیچ شوێنێك، ئەم مەسەلەیە لەگەڵ هاتنی کۆتاییەکانی حەفتایەکان بۆ زۆربەی خەڵکی ئەو ولآتانە روونبوویەوە. چوونکە لەو کاتەی ئەو ولآتانە بەدەست چەقبەستەیی و قەیرانەوە دەیانناڵاند و هیچ جۆرە گەشەکردنێکیان وەدینەدەهێنا، ئەوا ئابووریی یابان و هەندێك ولآتی خۆرهەلآتی ئاسیا کە ڕێگەیەکی نیمچە سەرمایەدارییان بۆخۆیان هەڵبژاردبوو، سەرکەوتنی روون و بەرچاویان وەدیدەهێنا، لەو ساتیدا پەند و عیبرەتەکە بۆ هەمووان روونبوویەوە.

بەلآم رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت لە کۆتاییەکانی هەشتایەکاندا بووە هۆی تێکدان و لەرزاندنی گشت شتێك. چوونکە لەگەڵ شێوان و زڕانی ناوبانگی پلانی

مەرکەزی و ڕووخانی یەکێك لە جەمسەرە سیاسییەکاندا سەرتاپای پرسەکە گۆڕا. کتوپڕ هیچ شتێك نەمایەوە تەنیا یەك نزیککردنەوەی ڕێکخستنی ئابووریی وڵاتەکان نەبێت. لەبەر ئەم هۆیە ئالان گرینسپان ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەتی بە ڕووداوە دانا کەوا کاریگەریی بەسەر زەمەنی ئێمەدا هەیە. لەو کاتیەوە– لەگەڵ کۆی ئەو نیگەرانییانەی لەگەڵ ئەو پلانانەدا هاتن کەوا ئامانجیان ڕزگارکردنی ئابووری و ڕووکردنە ئابووریی بازاڕ بوو– ئاراستە گشتییەکە نەگۆڕا. یان بەپێی گوزارشتە بەناوبانگەکەی مارگرێت تاتشەر لەو ساڵانەی کەوا تیایدا دووبارە ئابووریی بریتانی چالاك دەکرایەوە: " هیچ بژارێکی دیکە نییە".

لە ڕاستیدا، وەرچەرخانی ئایدۆلۆژی لە بواری ئابووریدا لە هەفتایەکان و هەشتایەکاندا و تا پێش ڕووخانی دیواری بەرلین پێشدەکەوت. ئاراستە باوەکەی ئابووریی ئەو کات کە لە لایەن دەستگەکانی وەك سندووقی دراوی نێو دەوڵەتی و بانکی نێونەتەوەییەوە نوێنەرایەتی دەکرا، زیاتر و زیاتر ڕەخنەی لەو ڕێگەیانە دەگرت کەوا هاوشێوەی سۆسیالزم بوون و وڵاتانی وەك هیند دەیانگرتەبەر. لەبەر ئەم مەبەستە، شارەزایانی ئەکادیمیی وەك جیفری ساکس بە وڵاتاندا دەگەڕان و ئامۆژگاریی حکومەتە جۆراوجۆرەکانیان بە لیبراڵیبوون، لیبراڵیبوون لیبراڵیبوون دەکرد. هەروەها دەرچووانی بەرنامەکانی ئابووریی خۆرئاوایی – وەك کوڕانی شیکاگۆ– لە چیلییەوە گەڕانەوە وڵاتەکانیان و سیاسەتە باو و پەسندکراو و ئاسانگرەکانی بازاڕیان پیادەکرد. گەرچی هەندێك وڵاتی تازەگەشەسەندوو لە وەرچەرخان و گۆڕانیان بۆ وڵاتی چلێسی سەرمایەداری نیگەران بوون، بەلام لە هەمان کاتدا ساکس پێیانی دەگوت کە لەسەریان پێویستە بەقووڵی بیربکەنەوە و لەوەی ئاخۆ دەیانەوێ زیاتر بە سوید بچین یان فەرەنسا و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا. بەلام لەو کاتیدا ئەوەشی پێیان

دەگوت کە پێویست ناکات لەهەمبەر ئەم بڕیارەدا نیگەران بن؛ چوونکە زۆربەیان زیاتر لە یەکیەتیی سۆڤیەت نزیکبوون.

ئەو هێزە داراییەی کەوا چاخی نوێ دەجوولێنێ سەربەستیی جوولەکردنی سەرمایەیە، ئەمەیش دیاردەیەکی بە ڕێژە نوێیە. قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە تێکڕایەکی جێگیری ئاڵوێری دراوی دەناسرێتەوە، چوونکە زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوایی بە فەرەنسا و ئیتاڵیاشەوە، چەند ڕێکارێکی داراییان هەیە کەوا جوولەی ئەو دراوانە کۆتوبەند دەکەن کەوا دێنە نێو سنوورەکانیانەوە و لە سنوورەکانیشیانەوە دەچنە دەرەوە. دۆلاریش بە زێڕ بەسترابوویەوە. بەڵام، لەگەڵ گەشەکردنی ئاڵوێری جیهانیدا، تێکڕا جێگیرەکانی ئاڵوێرەکان ئەو ناکۆکی و لاوازییەی لە کاراییدا دروستکرد و نەیهێشت سەرمایە بەشێوە هەرە باش و نموونەییەکەی بەکاربهێندرێ. لەبەرئەوە، زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوایی لە حەفتایەکان و هەشتایەکاندا ئەو کۆتوبەند و ڕێکارانەیان لابرد، دەرئەنجامەکەش: دەستگیرۆیی و کۆمەکێکی زەبەلاح و زۆری سەرمایەبوو لەگەڵ ئەگەری گواستنەوەی بەشێوەیەکی ئازادانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. لە ئێستەشدا، کاتێك خەڵك بیر لە جیهانگەرایی دەکاتەوە، دەبینین بە ڕێژەیەکی زەبەلاحی دراوی دەبەستنەوە- بازرگانان ڕۆژانە نزیکەی دوو تریلیۆن دۆلار ئاڵوێر دەکەن- کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا پەرش دەبێت، ئەمەیش لەپێناو پاداشتکردنی هەندێك وڵات و سزادانی هەندێکی دیکەیانە. ئەمە میکانیزمی جیهانگەراییە بۆ سەپاندنی ڕێککاری (الانضباط).

لەگەڵ خولانەوەی ئازادانەی سەرمایەدا شۆڕشێکی دیکە لە سیاسەتی ئابووریدا هاتەکایەوە، ئەویش پەیدابوونی بەربڵاوی بانکە مەڵبەندییە سەربەخۆیەکان و جڵەوکردنی هەڵئاوسان بوو. هەڵئاوسانی زێدەڕۆیانە خراپترین نەخۆشیی

ئابوورییە کەوا ڕووبەڕووی هەر گەلێك دەبێتەوە. بەهای پارە و حیساباتەکانی پاشەکەوت و موڵکایەتییەکان و دواتریش کار دادەڕووخێنێ. تەنانەت لە ڕوودانی چەقبەستن(رکود) و قەیرانی قووڵیش مەترسیدارترە. چوونکە هەڵئاوسانی زێدەڕۆیانە لەو شتە بێبەشت دەکات کە ئێستە موڵکی تۆیە (پارەی پاشەکەوتکراو)، لە کاتێکدا چەقبەستن لەو شتانە بێبەشت دەکات کە لەوانەیە ببنە بەشی تۆ (واتا ئاستە بەرزەکانی بژێوی ئەگەر ئابووری گەشەکردنێکی بەخۆیەوە ببینێت). لەبەر ئەم هۆیە، هەڵئاوسانی زێدەڕۆیانە دەبێتە هۆی لادانی حکوومەتەکان و بەرپابوونی شۆڕشەکان، بۆنموونە: بێبازارییە گەورەکە لە ئەڵمانیا نەبووە هۆی گەیاندنی نازییەکان بە دەستهەلآت، بەڵکو هەڵئاوسانی زێدەڕۆیانەبوو کەوا چینی ناوەندی وێرانکرد، چوونکە پارەی پاشەکەوتکراوی لێیان بێبەهاکرد.

لە ڕاستیدا، زۆر بەدەگمەن ڕێکدەکەوێ کە جەنگێك ببینی کەوا لایەنێکی جەنگەکە بەشێوەیەکی تەواو تیایدا سەرکەوتوو بووبێت. لە کۆتاییەکانی هەشتایەکاندا، دەیان دەوڵەتی گەورە و گرنگ بەدەست هەڵئاوسانی زێدەڕۆیانە نالأندیان. لە ئەرژەنتیندا ڕێژەی هەڵئاوسان ٣.٥٠٠ لە سەدا بوو، لە بەرازیلدا ١.٢٠٠ لە سەدا بوو، لە پیرۆ ٢.٥٠٠ لەسەدابوو. لە نەوەدەکاندا هەریەك لەم دەوڵەتانە یەك لە دوای یەك بەشێوەیەکی واقیعی بەرەو ڕێککاری (الانضباطی) دراوی و داریی چوون. هەندێکیان بەوە ڕازی بوون کە دراوەکانیان تعویم بکرێ*،

---

*) مەبەست لە (التعویم) ئەوەیە بانکی مەڵبەندی بەشێوەیەکی هەمەکی دەست لەسەر دراو لابدات و پەیوەندیی دراوەکە لەگەڵ هەر دراوێکی دیکە یان زێڕ بپچڕێنێت و واز لە دراوەکە بهێنێ بەپێی میکانیزمەکانی خواست و خستنەڕوو بەرز و نزم بێتەوە، جا لەسەر ئەم بنەمایە نرخەکەی لە بازاڕی بانکەکانی نێو بازاڕی نێوەخۆیی دیاری دەکرێ. ئەم کردەیە بە هۆکارێکی سیاسەتی دراویی وڵاتان دادەندرێ.

بەڵام هەندێك وڵاتی دیکە دراوەکانیان بە یۆرۆ یانیش دۆلار بەستایەوە. لە ئەنجامی ئەمەدا لە ئێستەدا تەنیا دوانزە دەوڵەت هەن کە ڕێژەی هەڵئاوسان تیایاندا لە سەدا پانزە تێدەپەڕێت، زۆربەشیان وڵاتی شکستخواردووی وەك هایتی و و زیمبابۆی بۆرمان. ئەم کەشە باوەی هەڵئاوسانە نزمە لە سەقامگیریی سیاسی و ڕەخساندنی دەرفەتی باشی ئابووری بۆ وڵاتانی گەشەسەندوو هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بوو.

لەگەڵ هەردوو هۆکاری ئابووری و سیاسیدا کەوا پاڵیان بە وڵاتانەوە نا بە ئاراستەی کۆبەندییەکی نوێ بچن، ئەوا زنجیرەیەك داهێنانی تەکنۆلۆژی هاتن بۆ ئەوەی بەهەمان ئاراستە پاڵیان پێوە بنێن. لە ئێستەدا بۆ ئێمە زۆر زەحمەتە ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کەوا ژیان لە ڕۆژانی تاریکی حەفتایەکاندا چۆن بووە لەو کاتەی نەدەتواندرا هەواڵەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگوازرێنەوە. بەڵام لەگەڵ هاتنی نەوەدەکاندا دۆخەکان گۆڕان، چوونکە ڕووداوە هەنووکەییەکانی شوێنە جۆربەجۆرەکانی جیهان– ئەڵمانیای خۆرهەڵات، کوەیت، گۆڕەپانی تیانان مین– لەگەڵ ڕوودانیان بۆ گشت شوێنێك دەگوێزرانەوە. ئێمە وەها بیر دەکەینەوە کە هەواڵەکان بەشێوەیەکی سەرەکی سیاسین، بەڵام نرخەکانیش جۆرێکن لە هەواڵ، هەروەها توانای گواستنەوەی هەواڵی نرخەکان بەشێوەیەکی یەکسەر و بەپەلە و شەفافانە بۆ گشت شوێنەکانی جیهان، شۆڕشێکی دیکەی لە چالاکیدا بەرپاکرد.

ئێستەیش دەتوانین لە ماوەی خولەکێکدا بەهۆی ئینتەرنێتەوە بەئاسانی بەراوردی نێوان نرخەکانی بەرهەمهێندراوەکان بکەین. پێش بیست ساڵ لەمەوبەر، چالاکییەکی زەبەلاح لە بواری کڕین و فرۆشتنی هەنووکەیی

(arbitrage) هـەبوو، چـوونکە بـەراوردکردنی خێـرا لـەنێوان نرخەکانـدا زۆر زەحمەت بوو.

فراوانبوونی گەشەکردن و پەیوەندییەکان واتای ئەوەیە کە جیهـان زۆر بەپتـەوی و قووڵییـەکی زیـاتر لـە جـاران بەیـەکترەوە بەسـتراوە و بـەپێی گوزارشـتە بەناوبانگەکـەی تۆمـاس فریـدمان بووەتـە شـتێکی تـەخت و تـاقران. مۆبایلـە هەرزانـەکان و توانـای گواسـتنەوەی داتـا و زانیـاریی زەبـەلاح بەخێراییـەکی لـە رادەبـەدەر (بـەهۆی broadband) ئـەو توانایـەی بـە خـەڵك بەخشـیوە لـە وڵاتێکـدا کـار بـۆ وڵاتێکـی دیکـە بکـەن و بەمـەیش بەشـی دووەمـی چـیرۆکی سەرمایەداری بەردەوامـە. لـە سـەدەی پانزەیەمـدا کاڵایـەکان لەگـەڵ داهێنـان و دروستکردنی کەشتیی زەبەلاحدا لە شوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی دیکـە گوازرانـەوە. لـە سـەدەی حەڤدەیەمـدا، سـەرمایەگوزاری لەگـەڵ سیسـتمی نـوێی بانکیـدا گوازرایەوە. لە نەوەدەکانیشدا خودی کاریش گوزاریەوە، چوونکە ئیدی لەسـەر خەڵك پێویست نەبوو بچنە ئەو شوێنەی کەوا کاری لێیە، لەبەرئەوەی ئەو توانایە پەیـدابوو کـار بێتـە ئـەو شـوێنەی کـەوا خـەڵکی لێیـە. تێچـووی گواسـتنەوەی کاڵایەکان و خزمەتگوزارییەکان ماوەی چـەند سـەدەیەکە کـەم دەبێتـەوە، بـەڵام لەگەڵ داهێنانی broadband لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکاندا دابەزییە ئاستی سفر. گەرچی ناکرێ لە گشت پیشـەیەکدا سـوود لـە کرێکـارانی بیـانی ببینـدرێ، بـەڵام کاریگـەریی دامەزرانـدنی دەرەکـی outsourcing دەکـرێ لـە گشـت شوێنێکدا هەستی پێبکرێ.

بە واتایـەکی دیکـە، کـاری بازرگـانی هەمیشـە بەمشـێوەیە بـووە؛ بۆنموونـە، لـە سەرەتایەکانی سەدەی بیستەمدا کارگەکانی ڕستن و چنین لە بریتانیای مەزنەوە گواسترانەوە یابان. بەڵام پەیوەندییـەکانی هەنووکـەیی و بـەردەوام واتـای ئـەوە

دەگەیەنێ کەوا کردەکە زۆر بەتوندی خێرا بووە. چوونکە ئێستە ئەو توانایە هەیە کارگەیەکی دروستکردنی پۆشاك لەتایلاند بەشێوەیەك بەڕێوەببرێ وەك ئەوەی لەنێو ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکایە. لەبەر ئەوە ئێمە تێبینی دەکەین کەوا لە ئێستەدا کۆمپانیایەکان دەیان دەوڵەت وەك ئەڵقەی زنجیرەیەك بەکاردێنن کەوا دەکڕن و دروست دەکەن و دەبەستنەوە و بازاڕکاری دەکەن و کاڵاَیەکان دەفرۆشن.

لە هەشتایەکانەوە ئەم سێ هۆکارە – سیاسی و ئابووری و تەکنۆلۆژی– بوونەتە پاڵنەرێك کە لەپێناو دۆزینەوەی کەشێکی نێونەتەوەیی کراوەتر و پەیوەنددارتر و داواکارتردا یەك ئاراستەیان هەیە. بەلاَم لە هەمان کاتیشدا، دەرفەتی نوێی بە جۆرەها ولاَتی جیهان بەخشیوە بۆئەوەی بەسەر پەیژەی گەشەکردن و پێشکەوتندا هەڵگەڕێن.

تۆ تەماشای ئەو گۆڕانە گەورەیە بکە کەوا بەسەر دوو دەوڵەتی نا ئاسیایی – بەرازیل و تورکیادا– هاتووە. بیست ساڵ لەمەوبەر بەرازیل و تورکیا بە دوو دەوڵەتی گەشەسەندووی نموونەیی دادەندران: گەشەکردنێکی هێواش و هەڵئاوسانێکی خێرا و قەرزێك کە بەخێرایی لە هەڵکشاندا بوو، هەروەها کەرتی تایبەتیان لاواز بوو سیستەمە سیاسییەکەشیان فشۆڵ بوو. بەلاَم لە ئێستەدا بە بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتووانە و هەڵئاوسانێکی نزم و تێکڕای زۆر بەرزی گەشەکردن و ئاستێکی نزمی قەرز و کەرتی تایبەتی گەشەکردوو و دەستگەی دیموکراسیی سەقامگیرتر دەناسرێنەوە. ڕاستە کە بەرازیل و تورکیا هێشتا بەدەست چەندان گرفتەوە دەناڵێنن– جا چ ولاَتێك بێ گرفتە؟ – بەلاَم دوو دەوڵەتی گرنگن و زۆر بەهێزەوە گەشە دەکەن.

هەروەها بازاڕیش بۆچوونی خۆی لەهەمبەر ئەم دوو دەوڵەتدا گۆڕیوە. چوونکە ئیدی وەها لە قەرزەکانیان ناڕوانرێ وەك ئەوەی لە قەرزەکانی جیهانی یەکەم مەترسیدارترین. لە ڕاستیدا، زۆرێك لە بازاڕەکانی هەڵکشاوی گەشەسەندوو زێدەیەکی (الفائض) دارایی زەبەلاحیان کەڵکە کردووە، بە پلەکەیشی هێندە بەرزە کە ئێستە ٧٥٪ ی یەدەگی دراوی نێودەوڵەتیی جیهان پێکدەهێنن. چین بەتەنیا زیاتر لە ١.٥ تریلیۆن دۆلاری لە ئەکاونتەکانی خۆیدا هەیە. دەستگەی گۆڵدمان ساکس پێشبینیی ئەوەی کردووە کە پێنج دەوڵەت نوێنەرایەتیی ئەو بازاڕە هەڵکشاوە گەشەسەندووە دەکەن– چین و هیند و بەرازیل و ڕووسیا و مەکسیك – لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٤٠دا بەرهەم و داهاتێکی هێندە گەورەی ئابوورییان دەبێت کە لە کە لە بەرهەم و داهاتی ولاتانی گەورەی کۆمەڵەی حەوت G-7 گەورەترە؛ حەوت ولاتە خۆرئاواییەکەی کەوا چەندان سەدەیە کۆنترۆڵی کاروباری جیهانییان کردووە.

گرفتەکانی زۆری و مشەیی (الوفرة)

لە ماوەی هەردوو دەیەی ڕابردوودا کات و وزە و بایەخێکی زۆرمان لە نیگەرانیی هەمبەر قەیرانەکان و داڕووخانی ئابووریی جیهانی و تیرۆر و هەڕەشەی ئەتۆمی و جەنگەکانی جیۆسیاسیدا بەفیڕۆدا. لە ڕاستیدا ئەمە شتێکی سروشتییە، چوونکە لەوانەیە خۆئامادەکردن بۆ خراپترین ئەگەر بۆ خۆ دوورگرتن لەو خراپترینانە یارمەتیدەر بێت. خۆ بەڕاستیش شتی خراپ ڕوویان دا؛ لە جەنگەکانی بەلقان و ئەفریقیاوە تا دەگاتە تیرۆر لە گشت جیهاندا، هەروەها قەیرانەکانی ئابووریی خۆرهەلاتی ئاسیا و ڕووسیا و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا، جا لەوەی کۆتاییدا قەیرانی ئابووریی لە هەموویان مەترسیدارتربوو. بەلام جەختکردنەوە لەسەر ئەو غەمانەی کەوا دەبنە هۆی غەمۆکی نەیهێشت گرنگی بە زۆرێك لەو

گرفتە گەورانە بدەین کەوا لەمڕۆدا ڕووبەڕوویان بوونەتەوە: کە ئەوانیش لە ئەنجامی شکستەوە دروست نەبوون بەڵکو بەهۆی سەرکەوتنەوە هاتوونەتە کایەوە. ڕاستە کە شتێکی زۆرباشە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کەوا گەشەکردنێکی هاوکاتانەی جیهانی بەخۆیەوە دەبینێ، بەڵام ئەمەیش کۆمەڵێك گرفتی ئاڵۆز دەوروژێنێ کە لەوانەیە ببنە هۆی تراژیدیا و مەرگەساتی گەورە.

گەشەکردنی جیهانی لەم زەمەنەدا گەورەترین و بەرجەستەترین ڕووداوە. لێکدانەوە بۆ زیادبوونی ڕێژەو یان ڕۆینەی دراویی (السیولە) – کەڵەکەکردنی پارە و دارایی دەکات کەوا بەردەوام لە زێدەبووندایە و بە گشت جیهاندا بڵاو دەبێتەوە– وایکردووە متمانە (الائتمان) هەرزان بێت و زەوی و زار و پشك و قەواڵەکانیش نرخیان بەرز بێت. لە هەمان کاتیشدا، گەشەکردنی ئەو وڵاتانەی کەوا کرێیان هەرزانە بەڕادەیەکی یەکجار زۆر نەیهێشتووە هەڵئاوسان زیاتر بێت. یەکێك لەو وەسف پێناسانەی کەوا دەکرێ بۆ چین و هیند بەکاری بهێنین ئەوەیە کە دوو ئامێری گەورەی کرژبوونەوەن (انکماش) لە جیهاندا، کەوا هەر یەکە لەم دوو وڵاتە یەکێکیان (چین) کاڵا دەڕژێنێتە نێو خۆرئاوا و ئەوی دیکەش (هیند) لە بەرانبەر بەشێکی بچووکی تێچووی بەرهەمەکانی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات. ئەمەیش یەکێکە لەو هۆیە سەرەکییانەی کەوای کردووە بانکەکانی نێوەندی سەبارەت بە هەڵئاوسان زۆر نیگەران نەبن و ئەو توانایەیان پێیان بەخشیوە سوودی بەڕێژە نزم بۆ ماوەی دوو دەیە بپارێزێ، ئەمەیش بەشێوەیەکی نائاسایی ماوەیەکی دووروودرێژە. بێگومان سوودە بەڕێژە کەمەکان و قەرزەکانی هەرزان دەبنە هۆی ئەوەی پاڵ بە خەڵکەوە بنێن بە دەبەنگی و هەڵپەوە ڕەفتاربکەن، و چەندان بڵق لە کاڵای تەکنۆلۆژیا و دانیشتواندا یانیش لە قەرزە مامناوەندییەکانی بواری عەقاریدا Subprime یان پشکە

قازانجییەکاندا equities دروست بکەن؛ چەند بلقێکن و لە کۆتاییەکەدا هەر دەتەقنەوە. لەگەڵ زیادبوونی وابەستەیی و گرێدراویی جیهان و سەمەرەیی ئامرازەکانی داراییدا، زۆرێك لە چاودێران هەست بە نیگەرانی دەکەن لەوەی کە سووڕی گەشەکردن و متمانە ببێتە سووڕی تۆقین و بێهیوایی. بەڵام هەمەجۆریی سەرچاوەکانی نوێی گەشەکردن و ڕێژە زەبەلاحە نوێیەکانی سەرمایەداری ئێستەشی لەگەڵدا بێت ڕێژەیەکی زۆری نەرمی دەبەخشێتە سیستمی ئابووریی جیهانی.

تۆ لە نرخەکانی نەوت ڕابمێنە. هێدمەی نەوتیی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك جیاوازە لە هێدمەکانی پێشوو. لە ڕابردوودا نرخەکان بۆیێ بەرز دەبوونەوە چوونکە وڵاتانی نەوتدار (ئۆپێك) بەئەنقەست بەرهەمی خۆیان کەم دەکردەوە، بەمەیش دەبوونە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین. بەڵام لە چەند ساڵی دواییدا نرخەکان بەهۆی داواکاریی چین و هیند و بازاڕە گەشەسەندووەکانی دیکە و داواکاریی زەبەلاح و بەردەوامی جیهانی پێشکەوتووەوەیە. جا ئەگەر نرخەکان بەهۆی گەشەکردنی ئابوورییەوە بەرز دەبنەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئابووری بۆ چارەسەرکردنی تێچووەکان هێز و نەرمی هەیە، بێگومان ئەم توانایەش لە میانی چاکترکردنی بەرهەمەوە (بەپلەیەکی کەمتریش بەهۆی گواستنەوەیەتی بۆ بەکاربەران). لەبەر ئەم هۆیە، بەرزبوونەوەی نرخەکان لەم دەیەیەدا بە ئاسانییەکی گەورەتر لە جاران لەخۆگیران و ڕەفتاریان لەگەڵدا کرا. ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠١دا داوامان لە دانایەکەمان کرد کاریگەریی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بە چوار هێندە بخەملێنێ، ئەوا بێگومان پێشبینیی ڕوودانی پاشەکشەکردن و کرژبوونێکی زەبەلاحی جیهانی دەکرد.

بەلأم نەوت تاکە کالاّ نییە کەوا نرخی بەرزبوو بێتەوە. بەڵکو نرخی مادە خاوەکانی گشت جۆرێکیش بە بەشێوەیەکی بەردەوام زیاد دەکات. بەرهوومی کشتوکاڵی لە ئێستەدا نرخەکەی هێندە گرانە کە وڵاتانی تازەگەشەسەندووی دووچاری گرفتێکی سەرەکی کردووەتەوە و ڕۆژ بەڕۆژیش لە زیادبووندایە و پەیوەندیی بە چۆنییەتیی رووبەڕووبوونەوەی هەڵئاوسانی نرخەکانی خۆراکەوە هەیە. هەروەها نرخی خانوو و ماڵ لە نیویۆرك و دوبەی و شنگهای زۆر گران بووە. تەنانەت گازی هیلیۆم کە تەنیا لە بالۆنی ئاهەنگەکاندا بەکار نایەت بەڵکو لە لەرینەوەی موگناتیسی MRI و کارگەی دیکەشدا بەکاردێ، بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە جیهاندا هەیە، هەرچەندە لەنێو ریزی ئەو ڕەگەزانەی کەوا لە گەردووندا مشەن لە پلەی دووەمدا دێت. گومانی تیادا نییە کە ئەم فشارانە قۆناغی هەڵئاوسانی نزم بەکۆتا دێنی کەوا بە پاڵپشت و پایەی گەشەکردن و پێشکەوتنی جیهانی دانراوە.

لە هەمان کاتیشدا، گەشەکردنی بەهێز چەند شتێکی ناوازەی بەرهەمهێناوە. لەم جیهانە گلۆبالیزەکراوەی کە زۆر بەشێوەیەکی زیادەوە ڕێککراوە و بەرزەفتکراوە، چەند وڵاتێکی دیاریکراو هەن- ئەوانەی سامانی سروشتییان هەیە، بەتایبەتیش نەوت و گازی سروشتی- بەشێوەیەکی بێ پارە و بەخۆڕایی سوود لە دۆخی هەنووکەیی جیهان وەردەگرن. ئەو جۆرە وڵاتانە سواری شەپۆلی گەشەکردنی جیهانی دەبن و ڕۆژ بەڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن بەبێ ئەوەی ناچاربن خۆیان پابەندی زۆربەی ئەو یاسایانە بکەن کەوا حوکمی ئابووریی جیهان دەکەن. ئەم دیاردەیەش دەرئەنجامێکی نابیاوە، بەلأم بێگومان سەرکەوتنی هەمووانە تەنیا ئەو جۆرە وڵاتانە نەبن، ئەوانە چەند مشەخۆرێکن کە سەر بە ئابووریی ئەو بازارە نین کەوا لەجیهانێکدایە و ئابووریی بازاڕ حوکمی دەکات.

تۆ بەوردی لە بەرەنگاربوونەوە و گرفتە سەرەکییەکانی سیاسی بنوارە کەوا ڕووبەڕووی هزرەکانی ئەمریکی و خۆرئاوایی دەبێتەوە سەبارەت بەو شتانەی کەوا پەیوەندییان بە سیستمی نێونەتەوەییەوە هەیە. لە خۆرهەلاتی نێوەڕاستەوە لە ئێرانەوە وەك باهۆز هەڵدەکات، لە ئەمریکای لاتینیشەوە لە فەنزوێلاوە و لە ڕووسیاشدا لە ئۆراسیا هەڵدەکات. کۆی ئەو دەوڵەتانە هێزێکی نوێیان هەیە کەوا پشتی بە نەوت بەستووە. ئەگەر سوودان یەدەگی نەوتیی نەبووایە زۆر زەحمەت دەبوو سەبارەت بە پرسی دارفور دژی جیهان بوەستێتەوە. نەوت ڕێژەیەکی زەبەلاحی پارە و دارایی ڕادەکێشێ. داهاتی ئێران لە نەوت لە ساڵی ٢٠٠٦دا نزیکەی ٥٠ ملیار دۆلار بوو؛ ئەم ڕێژە پارەیەش بەسە بۆ چاودێریکردن و گرنگیدان بەو کۆمەلانەی کەوا لە بەرژەوەندیدا لەگەڵی یەکدەگرنەوە، هەروەها ئەم ڕێژە زۆرەی پارەوپوولی ئێران کە لە نەوتدا وەدەستی هێناوە، بۆ بەرتیلدان بەسوپا و مانەوە لە دەستهەلات و بەکارهێنانی کەڵکەکانی دیکەی پارە بۆ دروستکردنی گرفت لە دەرەوەی ئەو ولاتەدا، پاڵپشتی و زەمینەسازێکی گەورەیە. ئەگەری ئەوە نییە کە ئەم دۆخە بگۆڕێت، چوونکە وڵاتانی دەوڵەمەند بە سامانەکانی سروشتی گەشەدەکەن مادامەکێ ئەوانی دیکە – وڵاتانی دیکە گەشە دەکەن. ئەمە ئەلین و یانگ (نێر و مێ) ی جیهانگەرایی ئەمڕۆن.

بێگومان، گشت وڵاتێکی دەوڵەمەند بە سامانەکانی سروشتی وڵاتی هەڵگەڕاوە و نەیارنین، چوونکە کەشوهەوای گونجاوی بەڕێوەبردنی ئابووری پاڵی بە هەندێکیانەوە ناوە بە داناییەکی زۆرتر لەوەی ڕابردوو سامانەکانی خۆیان بەکاربێنن، بۆنموونە: تەماشای کەنەدا بکە وا خەریکە دەبێتە وڵاتێکی مەزن، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا بەشێوەیەکی زۆر بەرپرسانە ڕەفتار دەکات. هەروەها

کەنداوی عەرەبی کە داهاتێکی زۆری نەوتی بەسەردا دەڕژێ، زۆربەی قازانجەکانی لە ژێرخانی ئابووری و پیشەسازیدا وەبەردەهێنێ، نەك لە ئەکاونتە بانکییەکانی سویسری یان گازینۆیەکانی مۆنتی کارلۆ (هەرچەندە زۆرێك لە داهاتەکانیشی بەو ئاراستەیەدا دەڕوات). هەروەها دوبەی بووەتە مەڵبەندێکی ئازادی بازرگانی کەوا زۆر بە کارامەییەوە بەڕێوە دەبرێ؛ بەڕاستی سەنگافوورەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە. هەروەها چەند وڵاتێکی دیکەی کەنداو هەن– وەك سعوودیە– کە دەیانەوێ بگەنە هەمان پێشکەوتنی دوبەی، چوونکە ئێستە لە پرۆژەکانی پترۆکیمیایی نوێدا پلان بۆ وەبەرهێنانی ٧٠ ملیار دۆلار دەکات بۆئەوەی لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠١٥ دا ببێتە بەرهەمهێنەری سەرەکی پترۆکیمیایی. وڵاتانی کەنداو لە میانی پێنج ساڵی ڕابردوودا تریلیۆن دۆلاریان لە وەبەرهێنانەکانی داراییدا قازانج کرد، دەستگەی ماکنزی ئاند کۆمپانی وەها مەزەندە دەکات کەوا کردەییە لە ماوەی دەیەی داهاتوودا دوو تریلیۆن دۆلار قازانج بکات. بێگومان، ئەم جۆرە سەرمایەدارییەی کە لە لایەن حکومەتەوە بەڕێوە دەبرێ وەك تێبینی دەکرێ پێشکەوتنێکی سنووردار وەدەستدەهێنێ، هەروەها ئەگەری ئەوەش نییە ببێتە گەشەکردنێك کە بەشێوەیەکی خۆکارانە و خودی توانای بەردەوامبوونی هەبێت (ئەگەرچی چەند ڕەگەزێکی بەهێز هەن کە بەشێوەیەکی حکومییانە لە سەرمایەداریی ئەورووپی و خۆرهەڵاتی ئاسیایشدا ئاراستەکراون). بەڵام هەر چۆنێك بێت زیاتر لە نموونە سەرمایەدارییەکانی جیهانی نزیکە نەك ئەو سیستمە ئابوورییانەی کەوا پێش ماوەیەك لەو وڵاتانەدا بەرقەراربوون.

بەڵام کاریگەریی گەشەکردنی جیهانی لە سەرچاوەکانی سروشتی و ژینگەییدا گەورەترین گرفتە کەوا لە مشەییەوە سەرچاوەی گرتووە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر

بڵێین جیهان بەدەست چۆڕپڕبوونی هەوای پاك و ئاوی خواردنەوە و بەرهەمی کشتوکاڵی و زۆرێك لە کاڵای دیکەی زیندوو دەناڵێنێ. هەرچەندە هەندێك لەو گرفتانە دەکرێ چارەسەر بکرێن- بەهۆی چاکترکردنی کارایی و پێشخستنی سەرچاوە نوێیەکانی بەخشین و کۆمەکەوە- بەڵام پێشکەوتنەکە لەم بوارەدا زۆر خاوە، بۆنموونە: هەرچەندە بەرهەمی کشتوکاڵی زیاتر دەبێت، بەڵام خۆراك پەیداکردن بۆ دانیشتووانی سەرگۆی زەوی کە لەساڵی ٢٠٢٥ ژمارەیان دەگاتە هەشت ملیار، پێویستی بە بەرووبوومێکی کشتوکاڵیی ئەوتۆ هەیە کە ڕێژەکەی چوار تۆنە لە یەك هێکتار زەویدا بەبەراورد لەگەڵ ئەو ژمارەیەی کەوا ئێستە وەدەستی دەهێنین کە بریتییە لە سێ تۆن بۆ هەر هێکتارێك. هەروەها بەهەمانشێوە، توانای ئیدارەدان و پاراستنی ئاو بەهەمان خێرایی بەکاربردنی ئاو گەشە ناکات. ژمارەی دانیشتووانی جیهانی سێیەم لە سەدەی بیستەمدا سێ هێندە زیادی کردووە، لە کاتێکدا بەکاربردنی ئاو شەش هێندە زیادبووە. ئەمریکییەکان بۆ خواردنەوە و چێشتلێنان و پاککردنەوە لە ڕۆژێکدا زیاتر لە ٤٠٠ لیتر ئاو بەکار دەهێنن. جا ئەگەر دانیشتووانانی وڵاتانی هەژار- ئەگەر لە ڕۆژێکدا ٤٠ لیتر ئاو وەدەستبێنن بەبەختدار دەژمێردرێن- دەوڵەمەندتر ببن، ئەوا داواکارییە زۆروزەوەندەکانیان دەبێتە هۆی دروستکردنی فشارێکی زۆر. ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە دەبینین خەڵك لەپێناو گەڕان و دۆزینەوەی ئاودا شوێنی نیشتەجێبوونیان گواستوەتەوە، ئەدی ئەگەر سەرچاوەکانی ئاو لە ئاییندەدا وشکبن چی؟ ئەوا دەیان ملیۆن مرۆڤ ناچار دەبن بچنە شوێنی دیکە. ئەمەیش دەبێتە هۆی بەرپابوونی ململانێی زۆر توندوتیژ، وەك ئەوەی پێشتر لە ئەفریقیا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕووی دا.

لە دەیەی ڕابردوودا ئەوە ڕوونبوویەوە کە زۆربەی ئەو پێشبینییانەی تایبەت بوون بە گۆڕانی کەشوهەوا لە شوێنی خۆیاندا نەبوون، چوونکە گەشەکردنی جیهانی گشت مەزەندەیەکی تێپەڕاند، بۆ نموونە لە ساڵی٢٠٠٧دا دوا ڕاپۆرتی مەزەندەیی لیژنەی هاوبەشی حکومیی نێو دەوڵەتیی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا دەرچوو. جا لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵدا زانایان ئەوەیان سەلماند کە لووتکە بەفرینەکانی جەمسەریی بە دوو هێندەی خێرایی ئەو پێشبینییە دەتوێتەوە کەوا ڕاپۆرتەکە پێشبینی کردبوو. خواست لەسەر کارەبا و ئۆتومبێل و فڕۆکە زۆر لەو پێشبینییانە گەورەتر بوو کەوا هەر کەسێك پێش پەنجا ساڵ لەمەوبەر پێشبینیی کردبوو- لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣- و ٢٠٢٠ لە ٢٦ ملیۆنەوە بۆ ١٢٠ ملیۆن. هەروەها هیند و ڕووسیا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست؛ ئەوانی دیکەش هەن.

پێشبینی دەکرێ خواست لەسەر کارەبا بە ڕێژەی ٤٪ی ساڵانە و بۆ ماوەی چەند دەیەیەك زیاد بێت. ئەم کارەبایەش بەزۆری لە خەڵووز دێت کە پیسترین جۆرە بەردەستەکانی سووتەمەنییە. بۆچی خەڵووز؟ چوونکە هەرزانە و زۆریشە، لەبەر ئەم هۆیە جیهان لە بەرهەمهێنانی ئەو کارەبایە پشتی پێدەبەستێ کەوا پێویستی پێی هەیە. جا بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی ئەم پرسە لەسەر بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گۆی زەوی، لەو ڕاستییە وردبەرەوە. لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠١٢ دا چین و هیند ٨٠٠ کارگەی بەرهەمهێنانی وزە -بەهۆی خەڵووزەوە- بەرهەم دەهێنن، هەروەها قەبارەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی سەرچاوەگرتوو لەو خەڵووزە بە تێکڕایی، بە پێنج هێندەی تێکڕای ئەو قەبارەیە دادەندرێ کەوا لە ڕێککەوتننامەی کیۆتۆ ڕێگەی پێدراوە.

گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی

لەم جیهانە گلۆبالیزەکراوەدا، گشت گرفتەکان سنووربڕ و کیشوەربڕن، لەبەر ئەم هۆیە، جا ئەگەر گرفتەکە پەیوەندیی بە تیرۆر و بە بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی و نەخۆشییەکان و قەیرانی دارایی و زیانگەیاندن بە ژینگە و کەمیی ئاوەوە هەبێت، ئەوا بەرپەرچدانەوەی هەر یەکێك لەمانە بەبێ هەماهەنگی و هاوکارییەکی زۆری نێوان زۆرێك لە وڵاتان، ناکردەییە. بەڵام لەو کاتەی دەکرێ ئابووری و زانیارییەکان و تەنانەت ڕۆشنبیریش بکرێتە جیهانگەرایی، ئەوا دەستهەڵاتی فەرمیی سیاسی هەر وابەستە و پەیوەندیدارە بە وڵاتانی سەربەخۆوە، تەنانەت ئەگەر یەکێك لەو وڵاتانە بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی گرفتەکان بەشێوەیەکی تاکەکەسی توانای کەمتر بێت. بەداخەوە، ئامادەیی وڵاتانی سەربەخۆ بۆ هاوکاری لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی باودا بەبەردەوامی لە کەمبوونەوەدایە. چوونکە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی یاریزانانی حکوومی و نا حکوومی و گەشەکردنی هێز و متمانەی هەر یەکێکیان، ئەگەرەکانی ڕوودانی ڕێکەوتن و هاوکارییەکی هاوبەش لە کەمبوونەوەدان. ئەمەیش بەرەنگاربوونەوە و تەگەرە سەرەکییەکەی ڕابوون و پێشکەوتنی ئەوانی دیکەیە؛ بۆ ڕێگەگرتن لە هێزی گەشەکردنی جیهانی لەوەی نەهێڵدرێ ببێتە هێزی شڵەژاندن و تێکدان و لەیەکدابڕانی جیهانی.

گەشەکردنی شانازی و متمانەبەخۆکردنی وڵاتانی دیکە، بەتایبەتیش ئەوانەی بەقەبارە گەورەتر و سەرکەوتووترن، پێشتر ڕوون و ئاشکرایە. سەبارەت بە خۆیشم، پێش چەندان ساڵ لەمەوبەر لە قاوەخانەیەکی ئینتەرنێتی لە شنگهای ئەوەم بۆ ڕوونبووەوە کاتێك گفتوگۆم لەگەڵ بەڕێوەبەرە جێبەجێکارە چینییەکە دەکرد کەوا کەسێکی گەنج بوو. ئەو بەڕێوەبەرە گەشەکردنە نائاساییەکەی چینی بۆم باس دەکرد کە چۆن چین لە ئایندەدا دەبێتە وڵاتێکی

هاوچەرخ و گەشەکردوو. بەڕێوەبەرە گەنجەکە پۆشاك و ڕەفتاری زۆر سەیر و نامۆ بوو، بە ئینگلیزییەکی زۆر ڕەوانیش قسەی دەکرد، دەیتوانی بەوپەڕی ئاسانییەوە گفتوگۆ لەسەر دوا ئاراستە باوەکانی بازرگانی بکات یانیش زۆر بە ڕەوانی باس لە کەلچەری گشتیی ئەمریکی بکات. وەها هاتە بەرچاوم کەوا بەرهەمهێنەرێکی نموونەیی جیهانگەراییە و ڕێك ئەو کەسەیە کەوا پرد لەنێوان ڕۆشنبیری و کەلچەرەکاندا دروست دەکات و جیهان بچووك دەکاتەوە و هەمەڕەنگتری دەکات. بەلام هەر لەگەڵ ئەوەی باسی تایوان و یابان و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکامان کرد، وەلامەکانی توورەییان پێوە دەبیندرا. بە تۆنێکی پڕ لە تووڕەیی و ڕقەوە بەمنی گوت: " ئەگەر تایوان بوێریی ئەوەی کرد کە سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێ، ئەوا لەسەر چین پێویستە یەکسەر داگیری بکات". هەروەها گوتی:" یابان گەلێکی دەستدرێژکارن و ناکرێ متمانەیان پێ بکرێ". سەبارەت بە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکایش دڵنیابوو لەوەی کە لە شەڕی کۆسۆڤۆی ساڵی ١٩٩٩ دا بە ئەنقەست باڵیۆزخانەی چینی بۆردومان کرد، ئەمەیش بۆ ترساندنی گەلی چینی بوو بە هێزە سەربازییەکەی. هەستمکرد هەر دەڵێی لە بەرلینی ساڵی ١٩١٠دام و قسە لەگەڵ گەنجێکی ئەڵمانیی دانپێدانراو و ڕۆشنبیر دەکەم؛ چوونکە ئەو گەنجە وەك نموونەیەکی پیاوی هاوچەرخ دەهاتە بەرچاو– بەپێی پێوەرەکانی ئەوکات – و بۆ نەتەوەکەی خۆی زۆر دەمارگیر بوو.

لەگەڵ گەشەکردنی دەرفەتەکانی ئابووریدا هەستی نەتەوەییش گەشە دەکات. ئەمەیش شتێکە لە ڕاستیدا و هەمووومان تێیدەگەین. وەها بێنە بەرچاوت تۆ لە ولاتێکدا دەژیت کەوا ماوەی چەندان سەدەیە بەدەست هەژاری و نا سەقامگیرییەوە دەناڵێنێ. لە کۆتاییدا، هەلومەرج و شتەکان دەگۆڕێن و

ولآتەکەت دەست بە گەشەکردن دەکات. بێگومان تۆ شانازی بەخۆتەوە دەکەیت و پەرۆشی ئەوەیت خۆت بە خەڵکی پیشان بدەیت. ئەم حەزەی خۆسەلماندن و وەدەستهێنانی ڕێزە لە تەواوی شوێنەکانی جیهاندا بلأوبووەتەوە و شتێکی باوە. ڕەنگە دژبوونێك لە قسەکانماندا ڕوویدات ئەگەر بڵێین جیهانگەرایی و نوێگەرایی گەشە بە ئابووری نەتەوەیی سیاسی دەدەن، بەلأم ئەم بۆچوونە تەنیا لەو کاتەدا دێتە نێو مێشکەوە کە بە ئایدۆلۆژیایەکی پاشەکشەکردووی لاواز لە نەتەوایەتی بنوارین، چوونکە لەم دۆخەدا بێگومان لەگەڵ کاروانەکەی پێشەوەی پێشکەوتندا ڕادەماڵدرێ و لەنێو دەچێ.

هەستوسۆزی نەتەوایەتی بەبەردەوامی ئەمریکییەکانی سەرسوڕماو کردووە. کاتێك ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە دەرەوەی ولأت خۆی دووچاری کێشە دەکات، ئەوا زۆر بەڕاستی باوەڕی بەوە هەیە کەوا هەوڵ دەدات یارمەتیی ولأتانی دیکە بدات بۆ ئەوەی خۆیان چاکتربکەن. لەبەر ئەم هۆیە، کاتێك هەوڵەکانی ئەمریکا لەنێو فلیپین و هایتی و ڤێتنام و عێراقدا ڕووبەڕووی بەرهەڵستی و بەرپەرچدانەوەی دانیشتووانانی ئەم ولأتانە دەبوویەوە، ئەمریکییەکان لەهەمبەر کاردانەوەی دانیشتووانانی نێو ئەم ولأتانە دووچاری هێدمە دەبوون. لە ڕاستیدا ئەمەیش شتێکی سەیرە، چوونکە ئەمریکییەکان شانازی بە ولأتەکەیانەوە دەکەن – ئێمە بە نیشتمانپەروەریی لێکی دەدەینەوە– لەمەیشدا تەواو مافی خۆیانە، بەلأم کاتێك خەڵکانی دیکە شانازی بە نیشتمانەکەیانەوە دەکەن و پێوەی پەیوەستن ئەوان – ئەمریکییەکان– دەتۆقن.

لە دوا ڕۆژەکانی حوکمی بریتانیا لە هیند، دوا دەستهەلأتداری بریتانی کە لۆرد لویس ماونتباتن بوو، بە توورەییەوە ئاوڕی لە ماهاتما گاندیی ڕابەڕی

هیندییەکان دایەوە و بەتووڕەییەوە گوتی:" ئەگەر ئێمە بڕۆین، ئەوا پاشاگەردانی و هەراوزەنا بڵاو دەبێتەوە". گاندیش وەڵامی دایەوە: " بەڵێ، بەڵام پاشاگەردانییەکی تایبەت بە خۆمانە". ئەم هەستە بەوەی کە خۆت حوکمی خۆت دەکەیت، بەبێ ئەوەی خەڵکانی دیکە دەستی تێوەربدەن، بەشێوەیەکی زۆر بەهێز لەنێو ئەو وڵاتانەدا هەیە کە تازە گەشەیان کردووە، بەتایبەتیش ئەوانەی پێشتر لە لایەن ئیستیعمار داگیرکراو بوون یان بەشێوەیەکی نیمچە ئیستعمارکراو لە لایەن خۆرئاواوە داگیرکرابوون.

زبیجنیۆ بریجینسکی بەمدواییانە سەرنجی خەڵکی بۆ ئەو دیاردەیە ڕاکێشا کەوا بە ڕابوونی سیاسیی جیهانی ناوی بردووە، هەروەها ئاماژەی بە هەستوسۆزە هەڵکشاوەکەی جەماوەر کردووە کە چەند پاڵنەرێکی جۆراوجۆر پاڵی پێوە دەنێن؛ سەرکەوتنی ئابووری، شانازیی نەتەوەیی، بەرزبوونەوەی ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن، گەشەکردنی توانای وەدەستهێنانی زانیاری و زیادبوونی شەفافیەت، یادەوەرییەکانی ڕابردوو. نابراو ئاماژەی بەو لایەنانە کردووە کەوا دەبنە هۆی شڵەژاندن و تێکدانی هێزە نوێیەکە، بۆیێ دەنووسیێ: " دانیشتووانی زۆربەی جیهانی گەشەسەندوو لە رووی سیاسییەوە چالاك دەبن و لە زۆر شوێندا هەست بە نارەزایی دەکەن. ئەو (واتا جیهانی گەشەسەندوو) تەواو و بە ڕێژەیەکی نائاسایی درك بە ستەمی کۆمەڵایەتی دەکات... ئەمەیش جڤاکێکی وەها دروست دەکات کە تاکەکانی نێوی هەڵوێست و حەزی هاوبەشیان هەیە و دەکرێ بەهۆی حەزە دیماگۆگییە سیاسی و ئاینییەکانەوە بوروژێندرێ و ئاراستە بکرێ. ئەم وزانە سنوورەکانی سەربەخۆ دەبڕن و دەبنە بەرەنگاری و گرفت بۆ ئەو وڵاتانەی کە هەن، هەروەها مەترسی بۆ سەر پلەبەندییە جیهانییەکەش

دروست دەکەن کە تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئـەمریکا لەسەر ترۆپکی ئەو پلەبەندییەدا جێگەی گرتووە".

لە زۆربەی ئەو وڵاتانـەی کـەوا کەوتوونەتـە دەرەوەی جیهـانی خۆرئـاوایی، ڕق و تـووڕەیی و بێزارییـەکی چـەپێندراو هەیە لەهەمبـەر ناچـاربوون بـۆ قبـوڵکردنی چیرۆکی ئەمریکایی یان خۆرئاوایی سەبارەت بە مێژووی جیهـان؛ ئـەو چـیرۆکەی کەوا ئەو وڵاتانە یان ڕۆڵێکی نـەگونجاو یـانیش ڕۆڵێکـی نێوەنـدی تێـدا دەگێـڕن، بۆنموونـە: ڕووسـەکان بـەردەوام لـە چـیرۆکە تەقلیدییەکـەی جـەنگی دووەمـی جیهانی هەراسان دەبن کەوا تیایدا بریتانیا و ویلایەتـەکانی یـەکگرتووی ئـەمریکا لە لایـەن هێزەکـانی ئـەڵمانیا و یابـانی فاشـی شکسـتیان هێنـا. چـوونکە بـەپێی چیرۆك و گێڕانەوە باوەکانی ئەمریکا- لە ستیڤن ئەمبرۆز تا دەگاتە کـێن بێرنـز- دەکرێ چاو لەو باوەڕەی ئەمریکییە بپۆشین و لێی ببوورین کە پێی وایە ڕووسـیا ڕۆڵێکـی مامنێوەنـدی لـە جەنگـە یەکلاکـەرەوەکانی دژ بـە هێتلـەر و تۆگـۆ دا بینیوە، گەرچی بەرەی خۆرهەلاتی، لە ڕاستیدا گۆڕەپانی مەڵبەندی و سەرەکیی جـەنگی دووەمـی جیهـانی بـووە. چـوونکە ئـەو جەنگانـەی تیایـدا بـەڕێوەبران زۆرتربـوون لەوانـەی کـە گۆڕەپانـەکانی دیکـەی جـەنگ بەخۆیانـەوە بینیـان و بەهۆیەوە سی ملیۆن کوژراوی لێ کەوتەوە. لەو بەرەیەدا سـێ چاریەکی سـوپای ئەڵمانی جەنگی کرد و ڕێژەی زیانەکانی ٧٠٪ لـە سـەدا بـوو. هەرچـەندە بـەرەی ئەورووپا لە زۆربەی لایەنەکاندا گۆڕەپانێکی لاوەکی بوو، بەلام لە خۆرئاوادا وەهـا مامەڵەی لەگەڵدا کرا وەك ئەوەی شـانۆ و گۆڕەپـانی سـەرەکیی جەنگەکـە بێـت، بنجامین شـوارتزی نووسـەر دەڵـێ کـە سـتیڤن ئـەمبرۆز " زێـدەڕۆیی دەکـات لـە ڕاکێشانی سەرنج بۆ هێرشی ئەمریکی و بەریتانی بـۆ سـەر دوورگـەی سـەقەلیە، کە تیایدا لە دەرکردنی ٦٠،٠٠٠ ئەڵمانی لەو دوورگەیە سـەرکەوتنی وەدەسـتهێنا،

بەڵام بەتەواوی کۆرسك فەرامۆش دەکات کە گەورەترین جەنگ بووە لە مێژوودا و تیایدا ملیۆن و نیوێك سەربازی سۆڤییەتی و ئەڵمانی دژی یەکتر جەنگیان کرد و لە هەمان کاتی شەڕی دوورگەی سەقەلییەدا ڕووی دا... جا بەقەد ئەوەی ئەم مەسەلەیە دووچاری نارەحتیمان دەکات..بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە جەنگی دژ بە ئەڵمانیای نازی... بەشێوەیەکی سەرەکی- بەپێی وەسفی مێژوونووسی سەربازی جۆن ئەریکسۆن= جەنگی ستالین بووە".

هەروەها تەماشای بۆچوونێکی دیکەی تایبەت بە هەمان جەنگ بکە کە دەکەوێتە شوێنێکی دیکەی سەر نەخشەکە. هاوڕێیەکی هیندیم پێمی گوت: " سەبارەت بە بریتانیا و ئەمریکا، جەنگی دووەمی جیهانی جەنگێکی پاڵەوانانە بوو کەوا ئازادی بەسەر بەدخوازیدا زاڵبوو. هەروەها بۆ ئێمەیش، جەنگێك بوو کە بریتانیا هیند و هێزە چەکدارەکانی هیندستانی تێوەگلاند بەبێ ئەوەی خۆی لە وروژاندنماندا ماندوو بکات. بریتانیا داوای لە ئێمە کرد کە لەپێناو ئەو بیرۆکەیەی ئازادیدا بمرین کەوا لە هەمان ئەو ساتیدا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە لە ئێمە قەدەغەکرابوو".

بەردەوام ئەم بۆچوونە جۆراوجۆرە نیشتمانییانە هەبوون، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا و بەهۆی زیادبوونی مەعریفە و زانیارییەکان و گەشەکردنی متمانەبەخۆکردنەوە لە تۆڕە نوێیەکانی هەواڵی و وێستگەکانی کێبڵی و پێگەکانی ئینتەرنێتی جیهانی گەشەسەندوودا بڵاو دەکرێنەوە. زۆرێك لە وڵاتان (ئەوانی دیکە) شیکردنەوە بۆ گێڕانەوە و بەڵگە و شیمانەکانی خۆرئاوا دەکەن و بە نوارینێکی جیاواز لە جیهان ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەرپرسێکی گەنجی چینی لە ساڵی ٢٠٠٦دا پێمی ڕاگەیاند:" کاتێك بە ئێمە دەڵێن کە پشتگیری لە ڕژێمی دیکتاتۆریی سودان دەکەین لەپێناو وەدەستهێنانی نەوتەکەی، ئەوا من پێتان دەڵێم: ئایا ئەمە

جیاوازە لەو پالپشتییەی ئێوە بۆ ئەو ولاتانەی کەوا بەرهەمهێنەری نەوتن؟ ئێمە دووڕوویەك دەبینین، بەلام لەگەڵ ئەمەیشدا هیچ نالێین".

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، هیوا و پێشبینییەکی گشتی هەبوو بەوەی کە ڕووسیا و چین زۆر بەهێزەوە تەقلی سیستمی ئابووری و سیاسیی خۆرئاوایی دەبن کەوا دوای جەنگی دووەمی جیهانی سەری هەلداوە. کاتێکیش جۆرج دەبلیو بۆش باسی لە سیستمی نوێی جیهانی کرد، زۆر بە سادەیی مەبەستی ئەوەبوو بلێ کە سیستمی کۆنی خۆرئاوایی بە پانایی و درێژیی سەرتاپای جیهاندا فراوان و بلاو دەبێتەوە. لەوانەیە ئەم بۆچوونە بەهۆی ئەزموونی خۆرئاوا لەگەڵ یابان و ئەلمانیای دوای جەنگەوە بەرهەم هاتبێ، چوونکە گەرچی هەردووکیان گەیشتنە ترۆپکی هێزی ئابووری، بەلام تا ئاستێکی زۆر بەرز هەر بە دوو ئەندامی باپەند و هاوکار و بێدەنگ لەگەڵ سیستمە بەرپایەکەدا مانەوە. بەلام، لەوانەیە ئەمە بەهۆی چەند هەلومەرجێکی تایبەتەوە بووبێت. چوونکە ئەم دوو ولاتە دوو مێژووی بێهاوتا و تایبەت بەخۆیان هەیە، چوونکە دوو جەنگی دوژمنکارانەیان بەڕێوەبردووە کە وای کردووە لە جیهاندا بێزراو بن، هەروەها ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی نوێی کۆمۆنیزمی سۆڤییەتی بوونەوە و لەپێناو پاراستنی خۆیاندا پشتیان بە هێزی سەربازیی ئەمریکا بەست. بەلام کۆمەلەی دواتری هێزە هەلکشاو و گەشەسەندووەکان زۆر پەرۆشی ئەوە نەبوون لەگەڵ سیستمە بەرپایەکەدا تێکەل بن.

ئێستەیشی لەگەلدا بێت ئێمە بیر لە جیهانێك دەکەینەوە کەوا دەبێ هەر هێزێکی گەشەسەندوو لەنێوان دوو بژاری توندوتیژدا یەکێك هەلبژێرێ: تەقلیبوون بە سیستمی خۆرئاوایی یانیش ڕەتکردنەوە، بەمەیش ولاتی هەلگەڕاوە و نەیار ڕووبەڕووی بێزراندن دەبێتەوە. بەلام وەها دێتە پێشچاو کە هێزەکانی

گەشەسەندوو ڕێگەی سێیەم بگرنەبەر: دەچنە نێو سیستمی خۆرئاوایی بەڵام بەپێی مەرجە تایبەتەکانی خۆیان؛ لەمەیشدا شێوەی سیستمەکە دەگۆڕێ. چوونکە لەو جیهانەی کە هەمووان هەست بە هێز و متمانەبەخۆکردن دەکەن- بەپێی بۆچوونی زانایانی سیاسی، نازنین بارما و ئیلی ڕاتنز و ستیڤن و یبر- دەکرێ هەندێك وڵات چەق و سەنتەرە خۆرئاواییەکە پشتگوێ بخەن و چەند پەیوەندییەکی تایبەت لەنێوان خۆیاندا ببەستن. ئەوجا لەوانەیە لە جیهانی دوای ئەمریکادا هەر لەبنەڕەتەوە هیچ مەڵبەند و چەقێك بوونی نەبێت. جیمس بێکەری وەزیری دەرەوەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١دا ئاماژەی بەوە کرد کە جیهان بەرەو چوونە نێو سیستمی مەڵبەندی دەچێت (hub-snd-spoke system) کە تیایدا گشت وڵاتێك لەپێناو گەیشتن بەو ڕووگەیەی کەوا مەبەستیەتی لە میانی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکاوە پێیایدا گوزەر دەکات. بەڵام وەسفێکی باشتر بۆ جیهانی سەدەی بیست و یەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە جیهانێکە و ڕەوتی جۆراوجۆری هەیە و تیایدا ڕۆژانە پلانەکانی کاروان و گەشتەکان دادەڕێژرێن (ئەمەیش ڕاستە تەنانەت بە مانا مادییەکەیشی، چوونکە لە میانی تەنیا دە ساڵدا، ژمارەی ئەو سەردانکەرە ڕووسییانەی کەوا سەفەری چین دەکەن زیاترە لە چوار هێندە، لە ڕێژەی ٤٨٩,٠٠٠ی ساڵی١٩٩٥گەیشتووەتە ٢.٢ ملیۆنی ساڵی ٢٠٠٥). جێگە و پنتی جەختکردنەوە وەرچەرخاوە، وڵاتان زیاتر گرنگی بەخۆیان دەدەن- بە چیرۆکی هەڵکشانیان- هەروەها گرنگییەکی کەمتر بە خۆرئاوا و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا دەدەن. لەبەر ئەم هۆیە دەبینین کە ئەو گفتوگۆیانەی تایبەتن بە زەروورەتی کەمکردنەوەی دوژمنایەتیی هەمبەر ئەمریکا، لە ڕەوتی هەڵمەتی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٠٧دا بەجۆرێك لە جۆرەکان گرنگییەکی هێندە گەورەی

پێنـەدرا. جیهـان لـە تووڕەییـەوە بـەرەو گوێپێنـەدانی و لـە دوژمنایـەتیکردنی ئەمریکاشەوە بەرەو ئەمریکایەکی دوای ئەمریکا دەچێت.

ئـەو ڕاسـتییەی کـە پێـی وایـە هێزەکـانی نـوێ لـە ڕژدبـوون لەسـەر بەرژەوەندییەکانیان لە جاران زیاتر پشتئەستوورتر و لێبڕاوانەترن، لـە جیهـانی دوای ئـەمریکادا ڕاسـتییەکی سـەرەکییە، ئەمـەیش مەسـەلەیەکە و ئـەو گرفتـە سیاسـییە دەوروژێنـێ کـە خـۆی لـە چـۆنییەتیی وەدیهێنـانی ئامانجـەکانی نێونەتەوەییدا دەبینێتەوە؛ لە جیهانێکدا کە لـە چـەندان یـاریزان پێکهـاتووە و یاریزانی حکوومی و نا حکوومین. بەپێی نموونەی کۆن، ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا و هەندێك هاوپەیمانی خۆرئاوایی خۆیـان بەتـەنیا ڕووداوەکانیـان ئیدارە دەدا، جیهانی سێیەمیش یان خۆی لەگەڵیاندا دەگونجاند (وەك خـۆدوورگرتن لـە گرفتەکان یانیش هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوتێك) یـانیش لـە دەرەوەی بازنەکـەدا دەمانـەوە، واتـا هـیچ ڕۆڵ و گرنگییـەکیان نـەبوو. بـەڵام یاریزانـەکانی ناحکوومی ژمارەیان کەم بوو، هێندەش لاواز و بێهێز بوون کە هی ئەوە نـەبوون غـەمیان لێ بخورێـت. لـە بەرانبەریشـدا، وەك نموونـە سـەیری دانوسـتانەکانی بازرگانی بکە، ئەوسا دەبینی چۆن جیهـانی گەشەسـەندوو بەهێزێکـەوە ڕەفتـار دەکات کەوا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێت. چوونکە لەو کاتـەی وڵاتـانی وەك بـەرازیل و هینـد بەهـەر جـۆرە ڕێککەوتننامـە و گرێبەسـتێك ڕازی دەبـوون کـەوا لـە لایـەن خۆرئاواوە بۆیان دەخرایە ڕوو- یانیش بەتەواوی پشتگوێی دەخسـت- دەبیـنین ئێستە بەوپەڕی هێزەوە مانۆڕ دەکەن بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتننامـە و گرێبەسـتە وەدەسـتبێنن کـە دەیانـەوێ. ئـەوەیان گـوێ لێبـووە کـە چـۆن بەڕێوەبـەرانی جێبـەجێکاری خۆرئـاوایی ڕاڤـەی ئـەوەیان کـردووە کـە ئاینـدە لـە کوێـدا خـۆی

حەشـــارداوە، هـــەروەها ڕاپـــۆرتی دەســـتگەی گۆڵـــدمان ساکســـیان BRIC خوێندەوەتەوە، لەبەرئەوە دەزانن کە تەرازووی هێز گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ڕێککەوتنامـەی کیۆتۆ(کـە لـە ئێسـتەدا بـەهۆی ڕەتکردنـەوەی لەلایـەن سـەرۆك بۆشەوە بە ڕێککەوتننامەیەکی تایبەتمەند دادەنـدرێ)، بـەوە دەناسرێتەوە کـە پشتگیریی لە دونیابینیی کۆنی جیهان دەکات. کیۆتۆ وەهای شیمانە کردووە کـە ئەگـەر خۆرئـاوا لەسـەر پلانێـك ڕێککـەوتن، ئـەوا جیهـانی سـێیەم بنـەمای نـوێ دەگرێتەبەر و گرفتەکە چارەسەر دەبێت. لەوانەیە ئەمە ئەو ڕێگەیە بێـت کـە بـۆ مـاوەی چـەند دەیەیـەکی ڕابـردوو کـارە تایبەتـەکانی نێودەوڵـەتی پـێ بـەڕێوە دەبردرا، بەڵام لە ئێستەدا وەك جـاران هێنـدە پابەنـدکار نییـە. چـوونکە چـین و هیند و بەرازیل و چەند وڵاتێکی دیکەی گەشەسـەندوو پێـڕەوی هـیچ ڕێکارێکیـان نەکردووە کەوا خۆرئاوا سەرکردایەتی دەکات، بەتایبەت ئەگـەر خۆیـان واتـا ئـەو سێ وڵاتە تیایدا بەشدار نەبن. لەمانەیش گرنگتر ئەوەیە حکوومەتەکان بـە تـەنیا نـاتوانن بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتێکـی گـەورەی وەك گـۆڕانی کەشـوهەوا کـار و هـــەوڵێکی زۆریـــان هـــەبێت. چـــوونکە چارەســـەری ڕاســـتین پێویســـتیی بـــە هاوپەیمانییەکی فراوانتر هەیە کەوا کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکـانی نـاحکوومی و شـــار و هەرێمـــەکان و ئامرازەکـــانی ڕاگەیانـــدن بگرێتـــەوە. لـــە جیهـــانێکی گلۆبالیزەکراو و دیموکراسی و لامەرکەزیدا، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە تاکـەکان هانبدەین ڕەفتاری خۆیـان بگـۆڕن. بـاج و فەرمانـە (رسـومات) و جەنگـەکان بـۆ ئەنجامـدانی ئەمـە چـەند ڕێگەیـەکی کـۆنن، بـەڵام ئێسـتە دەوڵـەتان پانتاییـەکی کەمیان لەبەردەستە بۆ ئـەوەی لـەو بەرانـەدا (الجبهـە) مـانۆڕ بکـەن، لەبەرئـەوە لەپێناو ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویستیان بە ئامرازی زیرەکانەتر و کاراتر هەیە.

میکانیزمە تەقلیدییەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی پاشماوەی قۆناغ و سەردەمێکن که ئیدی کاتیان بەسەرچووە. سیستمی نەتەوەکانی یەکگرتوو بۆ ڕێکخستنی هەژموون مۆدێلی زۆر کۆنە. چوونکە ئەندامەکانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش سەرکەوتووی جەنگێکن کە ماوەی شێست ساڵە کۆتایی هاتووە. هەروەها ئەنجوومەنەکە یابان و ئەڵمانیای تیادا نییە کە دووەم و سێیەم گەورەترین ئابووریی جیهانین، هیندیش ناگرێتەوە- کە مەزنترین وڵاتی دیموکراسییە لە جیهاندا- هیچ وڵاتێکی ئەمریکای لاتین و ئەفریقیاشی تیادا نییە. هەروەها کۆمەڵەی هەشت وڵاتی چین لەخۆی ناگرێ - کە چوارەمین مەزنە ئابووریی جیهانییە- هەروەها هیند و کۆریای باشووریشی تیادا نییە- کە بەدوای یەکتریدا دوانزەیەم و سێزدەیەمن. ئەوە بووەتە نەریت کە کەسێکی ئەورووپی ببێتە سەرۆکی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و کەسێکی ئەمریکیش ببێتە سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی. ڕاستە کە ئەم نەریتە- وەك نەریتی یانەکانی کۆنی کۆمەڵایەتیی ڕەگەزپەرستەکانن- لەوانەیە باش و دڵخۆشکەر بێت و کەسانی بەشداری نێوی دڵخۆش بکات، بەڵام لەلای ئەو کەسانەی ڕێگەیان لێ گیراوە سەرکردایەتییەکەی بگرنە ئەستۆ، قێزاوییە و نیشانەی دەمارگیرییە.

ئاڵۆزی و گرێیەکی دیکەش هەیە: کاتێك باس لە گەشەکردن و ڕابوونی نەتەواییانە دەکەم، باس لە دیاردەیەکی فراوانتر دەکەم، ئەویش جەختکردنەوەیە لەسەر شوناس. دەوڵەت- نەتەوە داهێنانێکی بەڕێژە نوێیە، چوونکە تەمەنی لە سەد ساڵ تێناپەڕێ. بەڵام شێوە کۆنترەکەی بریتیبوو لە کۆمەڵەکانی ئاینی و ئەتنیکی و زمانەوانی و لەنێو سنووری دەوڵەتێکدا دەژیان. ئەم پەیوەندییانەش هەر بەبەهێزی مانەوە، نەك هەر ئەمە، بەڵکو لە لەگەڵ قووڵبوونەوەی متمانە و پشتبەستنی ئاڵۆزکراوانەی ئابووریدا بەهێزتریش

بوون، بۆنموونە: لە ئەوروپا فلامنگییەکان (Flemish) و فەڕەنسییەکان لە بەلژیك وەك جاران مۆرکی تایبەتمەندانەی خۆیان پێوە دیارە. هەروەها لە بریتانیادا، سکۆتلەندییەکان حزبێکی دەستهەڵاتداریان هەڵبژارد کەوا پێشنیازی کۆتاییهاتنی یاسایەکانی یەکییەتی (Acts of Union) دەکرد کە تەمەنی – مەبەست لە یاسایەکە– سێ سەدەیە کەوا میرنشینی یەکگرتووی دروستکرد کە لە ئینگلتەرا و سکۆتلەندا و وێلز پێکهاتبوو. لە هیندیشدا، پارتەکانی نیشتمانی لە بەرانبەر پارتەکانی هەرێمی و ناوچەییدا لە پاشەکشەدان. لە کینیاشدا جیاوازییەکانی هۆزی و عەشیرەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگییەکی زیاتر وەدەستدەهێنن. هەروەها لە زۆرێك لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا هێشتا ئەو شوناسانە سەرەکین (لە دەوڵەت– نەتەوە قووڵترن) و بە شەقڵی دیاریکەری ژیان دادەندرێن و پاڵ بە خەڵکەوە دەنێن دەنگ بدەن، لەپێناویشیدا ژیانی خۆیان دەکەنە قوربانی. هەروەها لە ئابووریی کراوەی جیهانیدا، ئەو کۆمەڵگەرابیانەی خەڵك هەست دەکەن کە پێویستییان بە حکوومەت نەماوە، ئەم هەستەش ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە. هەروەها لە سایەی سەردەمی هەنووکەیی دیموکراسیدا، ئەو جۆرە خەڵکە زۆرێك لە هێز و هەژموون وەدەستدەهێنن کاتێك وەك یەك کۆمەڵەی یەکگرتوو خۆیان دەهێڵنەوە. بەکورتی: گەشەکردنی هەستکردن بە شوناس وادەکات کردەی ئامانجداری نەتەوەیی دژوارتر بێت.

کاتێك دەستهەڵات هەمەچەشن و دابەشکراوە، کردەی شەرعییەت لە جاران زیاتر گرنگ دەبێت، چوونکە تاکە ڕێگەی ڕاکێشانی یاریزانانی جیاوازی سەر گۆڕەپانی جیهانییە. ئێستەیش، هیچ چارەسەرێك نییە – جا هەرچەندە کرداریی بێت– بتوانێ بەردەوام بێت، ئەگەر بە شەرعی دانەندرێ. هەروەها سەپاندنیشی

سەركەوتن وەدەستناهێنێ ئەگەر وەها لێكبدرێتەوە كە بەهۆی هەژموون و هەڵبژاردنی یەك دەوڵەتەوە هاتووەتە كایەوە، جا ئەو دەوڵەتە چەندە بەهێزیش بێت گرنگ نییە. لەگەڵ كۆی ئەو ڕووداوە نامرۆڤانە و مەترسیدارانەی كەوا لە سوودواندا ڕوو دەدەن، بەڵام دەستوەردانی سەربازی لەوێدا – تاكە هۆكاری سەركەوتوو بۆ وەستاندنی– تەنیا لەو كاتەدا سەركەوتوو دەبێت كە زلهێزەكان و وڵاتانی ئەفریقیی هاوسێیی سودان بڕیاری لەسەر بدەن. جا ئەگەر ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا هەر لەخۆیەوە یان لەگەڵ هاوپەیمانییەكی بچووكدا ڕەفتار بكات– واتا لە ماوەی پێنج ساڵدا سێیەمین وڵاتی موسڵمان داگیر بكات– ئەوا بەزۆری و بەدڵنیاییەوە ئەم هەوڵە دەرئەنجامی پێچەوانەی دەبێت، چوونكە دەرفەتێكی مەزن بۆ حكوومەتی سوودانی دەڕەخسێنێ گەل لە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریكی هان بدات. لە ڕاستیدا، دۆسییەی ئیدارەكەی بۆش لە سیاسەتی دەرەوەدا بەشێوەیەكی زۆر ڕوون زەروورەتی كرداریی بۆ شەرعییەت ڕوون دەكاتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا– بەبێ ڕەچاوكردنی شكستەكانی بۆش– گرفتەكە ئەوەیە: ئەگەر شیمانەی ئەوەمان كرد كە زۆربەی وڵاتان لەپێناو چارەسەركردنی گرفتێكدا پێویستیان بە هاوكاریی هەیە، ئاخۆ ئەمە لە جیهانێكدا چۆن ڕوو دەدات كە ژمارەیەكی زۆری یاریزانی هەیە و زۆربەشیان بەهێزن؟

زلهێزەكانی دووایی

زۆرێك لە چاودێران و شرۆڤەكاران لە زیندوویەتی و چالاكیی ئەو جیهانە گەشەسەندووەیان نواڕیوە و ئەو دەرئەنجامەیان وەدەستهێناوە كە ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا گەیشتووەتە كۆتایی خۆی. ئەندی گرۆڤی دامەزرێنەری كۆمپانیای ئینتل زۆر بەڕاشكاوی گوزارشت لەمە دەكات و دەڵێت: " ئەمریكا

ڕووبەڕووی مەترسیی هەنگاوهەڵێنان و شوێنپێهەڵگرتنی ئەورووپا بووەتەوە بەرەو داڕووخان. خراپترین شتیش لە مەسەلەکەدا ئەوەیە کەس بەمە نازانێت. ئەوان هەموویان لە دۆخی نکۆڵیکردندا دەژیەن، لەو کاتەی تایتانیک ڕاستەوخۆ بەرەو چیایەکی بەستەڵەک زۆر بەخێرایی ڕێگە دەگرێ، ئەوان دەست لە پشتی یەکتری دەدەن ". بەڵام تۆماس فریدمان وەسفی چاودێرییەکەی خۆی دەکات بۆ شەپۆڵی ئەو کەسە لاوە پیشەییە هندییانەی کە لەکاتی هاتنی وادەی کارکردنی شەوانەیان لە کۆمپانیای ئینفۆسیس لە شاری بانگالوردا دێنە سەر کار، ناوبراو دەڵێ: چۆن کچەکانم و ملیۆنەها ئەمریکیی دیکە دڵیان دەهێنێ دەستخۆشی لەوە بکەن کە ئەم هیندییانە بتوانن هەمان کار بکەن کەوا خۆیان لە بەرانبەر بەشێکی بچووکی کرێیەکانیاندا پێیان دەکرێ؟". هەروەها جابوور شتاینگارت- سەرنووسەری ڕۆژنامەی دیر شپیگلی ئەڵمانی- لە کتێبەکە بەناوبانگەکەی خۆیدا جیهانگەرایی تۆڵە دەکاتەوە، دەڵێت:" ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا پیشەسازییەکانی سەرەکیی خۆی لەدەست دا، گەلەکەشی وازیان لە پاشەکەوتکردنی پارە هێناوە، حکوومەتەکەی بەردەوام قەرز لە بانکەکانی مەڵبەندیی ئاسیا دەکات، ئەمەیش ڕێک لەو کاتەیە کە ڕکابەرەکانی گەشە دەکەن".

بەڵام لێرەدا مەسەلە سەرسوڕهێنەرەکە ئەوەیە کە ئەم گۆڕانکارییانە لە چوار دەورماندا ڕوودەدەن؛ بەشێوەیەکی کرداریش کاریگەرییان بەسەر ئەنجامەکانی ئەمریکادا نەبووە. چوونکە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا- لەو کاتەی جیهانگەرایی و تەوزیفی دەرەکی بەشێوەیەکی زۆر گەورە گەشەیان دەکرد- ڕێژەی گەشەکردن لە ئەمریکادا کەمێك لە ٣٪ زیاتر بوو، بە یەك خاڵی تەواوی سەدی لە ئەڵمانیا و فەرەنسا زیاتر بوو (لەو کاتیدا تێکڕای یابان لە هەمان کاتدا

٢.٣ لە سەدا بوو). هەروەها پارێزەری گەشەکردن لە توانای بەرهەمهێناندا- دەرمانی ئابووریی نویێ- لە ماوەی یەك دەیەی تەواودا لە رێژەی ٢.٥ لە سەدا بەرزتر بوو (جارێکی دیکە بە یەك خاڵی سەدی لە تێکرای ئەورووپی زیاتر بوو). تەنانەت هەناردەکراوەکانی ئەمریکا چالاکیی خۆیان پاراست، هەرچەندە بەهای دۆلار بۆ ماوەیەکی یەك دەیەی تەواو بەرزبوویەوە پێش ئەوەی لەم دواییانەدا کۆتایی بێت. (لە ساڵی ١٩٨٠دا هەناردەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا ١٠٪ی کۆی هەناردەکانی گشت جیهانی پێکدەهێنا. لە ساڵی ٢٠٠٧دا هێشتا ژمارەکە لە ٩ لەسەدا نزیك بوو). بەپێی یانەی ئابووریی جیهانی، ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا هەر بە کێبڕێکارترین ئابووریی جیهانی دەمێنێتەوە، چوونکە لە داهێناندا پلەی یەکەمی هەیە، هەروەها لە ئامێری تەکنۆلۆژیدا پێگەی نۆیەمی هەیە، بۆ پارەدارکردنی کۆمپانیاکانی توێژینەوەی تەکنۆلۆژی لە پلەی دووەمدایە، هەروەها لە جۆرایەتیی دەستگەکانی شرۆڤەکردندا لە پلەی دووەمدایە. وڵاتی چینیش ناچێتە نێو چوارچێوەی ئەو سی وڵاتەی کەوا لە هەر یەکێك لەو کەرتانەدا دوای ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا دێن، لە کاتێکدا هیند تەنیا لیستی دە یەکەمەکە لە یەك کەرتدا دەبڕێت کە ئەویش قەبارەی بازاڕە. هەروەها دەستگەکانی ئەمریکا -لە ڕووی جیهانییەوە- لە ڕەوتی توانای بەرهەم و قازانج لە گشت ئەو کەرتانەی کەوا وڵاتانی پێشکەوتوو لە پیشەسازیدا تیایدا بەشدارن، پلەی یەکەم داگیر دەکەن.

پشکی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە ئابووریی جیهانیدا لە کاتی جەنگەکان و بێبازاڕییەکاندا بەشێوەیەکی نائاسایی بەجێگیری مایەوە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری هێزی دیکە ڕابوون. ١٢٥ ساڵە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ٥٪ ی دانیشتووانی جیهان

پێكدەهێنی، لەنێوان ٢٠ – ٣٠٪ كۆی بەرهەم و كاڵای جیهانی بەرهەم دەهێنی. بێگومان پێگەی ئەمریكا لە ماوەی چەند دەیەیەكی داهاتوودا هەندێك دابەزین بەخۆیەوە دەبینێ، ئەمە واژەیەكی سیاسی نییە بەڵكو تەواو بیركارییانەیە، چوونكە قورسایی ئابوورییە رێژەییەكەی ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا بەهۆی خێرا گەشەكردنی وڵاتانی دیكە كەم دەبێتەوە، بەڵام ئەم دابەزینە زۆر بەرفراوان و خێرا و گرنگ نابێت مادام ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا دەتوانێ بەشێوەیەكی باش لەگەڵ بەرەنگاری و گرفتەكاندا خۆی بگونجێنێ هەر وەك چۆن رەفتاری لەگەڵ ئەو دیاردەیە كرد كەوا لە سەدەی رابردوودا رووبەرووی بوویەوە. لەوانەیە چەند گەلێكی گەشەسەندوو لە چەند دەیەكی كەمی داهاتوودا لەسەر حیسابی ئەورووپای خۆرئاوا و یابان سەرهەڵبدەن كە لەنێو چوارچێوەی لێژبوونەوە و دابەزینی دیموگرافییەكی هێواش و مەبەستداردان.

ئەمریكا رووبەرووی ركابەرییەكی ئابووریی وەها دەبێتەوە كە لە رابردوو هەرگیز ركابەریی وەها توندی بەخۆیەوە نەبینوە. هەرچەندە ریفۆرمەكانی پێویست روونن، بەڵام سیستمی سیاسیی ئەمریكا ناتوانێ ئەنجامی بدات، چوونكە لەپێناو وەدەستهێنانی دەستكەوت لە دوور مەودادا، بەرگەی ئازاری ئێستە دەگرێ. دەبێ ئەوەش بزانین كە سیستمی ئابووری و كۆمەڵایەتیی ئەمریكی دەزانێ چۆن كاردانەوەی هەبێت و لەگەڵ ئەو فشارانەدا رەفتار بكات. بەڵام ئەو گرفت بەرەنگاربوونەوە دژوارترەی كەوا رووبەرووی ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا دەبێتەوە بەرەنگاربوونەوە و تەنگەژەیەكی نێودەوڵەتییە، چوونكە رووبەرووی سیستمێكی وەها دەبێتەوە تەواو لەو سیستمە جیاوازە كەوا راهاتووە بەنێویدا بجووڵێت. راستە كە ئەمریكا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت هێشتا یاریزانە بەهێزە

جیهانییەکەیە، بەلاّم لەگەڵ کۆتاییهاتنی گشت ساڵێکدا ئاست و ڕێژەکە دەگۆڕێ.

لە ساڵی ١٩٨٩ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا – بەهۆی ئەو هێزە زەبەلاحەی هەیەتی– دانانی بنەمایەکانی سیستمی نێودەوڵەتی تاکە سواری مەیدانەکەیە. گشت ڕێگەکان دەچوونەوە واشنتۆن، هەروەها هزرەکانی ئەمریکی سەبارەت بە ئابووری و سیاسەتی دەرەوە لە گشت جوولە و هەنگاوێکی جیهانیدا وەك بەردی بناغەبوو. واشنتۆن لە گشت کیشوەرەکاندا بەهێزترین گەمەکەری دەرەکی بوو، چوونکە هەژموونی بەسەر نیوە گۆی خۆرئاوای زەویدا پەیداکرد، هەروەها لە ئەوروپا و خۆرهەلاّتی ئاسیادا هەر بەهێزی یەکلاکەرەوەی هاوسەنگکردن داندرا، لە خۆرهەلاّتی نێوەڕاست و نێوەند و باشووری ئاسیاشدا ڕۆڵی خۆی کاراتر و فراوانترکرد، هەر بە تاکە دەوڵەتێکیش مایەوە کەوا دەیتوانی بۆ هەر کردەیەکی سەربازی لە جیهاندا هێزی پێویست دابین بکات. پەیوەندییەکانیش لەگەڵ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا، بەنیسبەت هەر ولاّتێك لەم جیهانەدا– لە ڕووسیا و چینەوە بگرە تا دەگاتە باشووری ئەفریقا و هیند– لە گشت پەیوەندییەکی دیکە ئەو ولاّتانە لەگەڵ هەر ولاّتێکی دیکە گرنگتر بوو.

ئەم هەژموونە لە جەنگی دژ بە عێراقدا گەیشتە بەرزترین لووتکە. چوونکە جگە لە تووڕەیی و بەرهەڵستی و تەنانەت دوژمنایەتیی زۆرێك لە ولاّتانی جیهان، ویلایەتەکانی یەکگرتوو بەبێ هیچ تەشقەڵەیەکی پێشوەخت دژی ولاّتێکی سەربەخۆ و بە سەربازکردنی چەندان دەوڵەت و ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی لە کاتی جەنگەکە و دوای جەنگەکەش، توانی هێرشەکە ئەنجام بدات. ئاڵۆزییەکانی عێراق بەتەنیا بەرپرسی هەڵوەشانەوەی سیستمی ئەم

تاکجەمسەرییە نەبوو، چوونکە ئەگەر کردەکەی سەر عێراق سەرکەوتنێکی مەزنیشی بەدەستبهێنابایە، ئەوا شێوازی جێبەجێکردنی وەهای دەکرد هێزی ڕەهای ویلایەتەکانی یەکگرتوو زۆر ڕوون و بێگومان بێت؛ ئەم کارە تاکلایەنەیە بوو کەوا کاردانەوەی گشت ولاتانی جیهانی وروژاند. سیستمی تاکجەمسەری نەك بەهۆی عێراقەوە، بەڵکو بەهۆی فراوانیی بلاوبوونەوەی هێز لە جیهاندا دادەڕووخێت.

لە هەندێك لایەندا، وەها دێتەبەرچاو کە سیستمی تاکجەمسەری پێشوەخت کۆتایی هاتبێت. چوونکە یەکیەتیی ئەوروپا لە ئێستەدا بارستە (کتلە) هەرە گەورەکەی بازرگانییە، بەمەیش جەمسەرێکی دیکەی پێکهێناوە، جا مادام چین و هەندێك ولاتی زەبەلاحی دیکەی گەشەسەندوو گەشەکردنێکی خێرایان بەخۆیانەوە بینیوە، ئەوا کەرتی دوولایەنەی جەمسەریی بازرگانی دەبێتە جەمسەری سێینە، دواتر دەبێتە فرە جەمسەر. بەلام، لەگەل بوونی وەرچەرخانی هاوشێوە کە لە گشت کەرتەکاندا بەڕێوەدەچێت- بە دەرهاوێشتنی کەرتی سەربازی- ئەوا بیرۆکەی جیهانێکی فرە جەمسەر، لەگەل پەنجاوچوار یاریزانی خاوەن قەبارەی بەرێژە یەکسان، نە لە ئێستە و نە لە ئایندەیەکی نزیکدا وەسفی واقیعی هەنووکەیی ناکات. چوونکە ئەوروپا ناتوانێ لە ڕووی سەربازییەوە – تەنانەت سیاسیشەوە- وەك یەك بارستە ڕەفتار بکات. ئەلمانیا و یابانیش بەهۆی ڕابردووی خۆیانەوە ئیفلیج بوون. چین و هیندیش هێشتا هەر لە قۆناغی گەشەکردن و پێشکەوتنن. لەبەرئەوە، زاراوەکەی سامۆیل هانتینگتۆن، تاکایەتییەکی فرە جەمسەر unti-muiltipolarity، یان ئەوەی پسپۆرانی چینیی جوگرافیای سیاسی بە هێزی جۆراوجۆر و یەك هێزی مەزن ناوی دەبەن، زیاتر گوزارشت لە سیستمی هەنووکەیی نێودەولەتی دەکەن

و گوزارشتکارترە. زمانی تێکچوو نیشانەی واقیعێکی تێکچووە. بەکورتی، ویلایەتەکانی یەکگرتوو بە هێزە هەرە گەورەکەی جیهان دەمێنێتەوە، بەڵام جیهانێکە و چەندان هێزی گەورە و گرنگی دیکەش لەخۆی دەگرێ، جیهانێکە و تیایدا کارایی و متمانەی گشت یاریزانەکان زیاتر دەبێت. ئەم سیستمە تێکەڵ و فرەچەشنە نێونەتەوەییە– دیموکراسیتر و دینامیتر و کراوەتر و پەیوەندداترە– مەزندە دەکرێ، ئەو سیستمە بێت کەوا لە ماوەی چەند دەیەیەکی داهاتوودا لە سایەیدا دەژین. بۆ ئێمە وەها ساناترە کە وەسفی ئەو قۆناغە بکەین کەوا لێی دێینە دەرەوە نەك ئەوەی بەرەو رووی دەچین؛ لێرەوە ناونیشانی جیهانی دوای ئەمریکا سەری هەڵدا.

ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە سیستمە تازە گەشەسەندووەکەدا پێگەی بەرزتر داگیر دەکات، بەڵام وڵاتێکیش دەبێت کە کەمتر سوود لە سیستمە نوێیەکە وەردەگرێ. چوونکە زۆربەی هێزە گەورەکانی دیکە گەشەکردنی رۆڵ و پێگەی خۆیان لەجیهاندا دەبینن؛ لە راستیدا، ئەم کردەیە لە ئێستەوە دەستی پێکردووە. چین و هیند لە ناوچەی خۆیان و دواوەی خۆیشیاندا دەبنە دوو یاریزانی گەورە. هەروەها رووسیا لە قۆناغی خۆگونجاندنی دوای کۆتاییهاتنی یەکیەتیی سۆڤییەت هاتووەتە دەرەوە و رۆژ بەرۆژ بەهێزتر و دوژمنکارانەتر دەبێت. هەرچەندە یابان لەنێو ریزی هێزە هەڵکشاوەکاندا نییە، بەڵام ئامادەییەکی زیاتری هەیە لەبەردەم هاوسێیەکەی خۆیدا گوزارشت لە را و بۆچوون و هەڵوێستەکانی بکات. ئەورووپاش لە پرسەکانی بازرگانی و ئابووریدا بەهێز و بڕیارێکی زۆر مەزنەوە رەفتار دەکات. دەنگی بەرازیل و مەکسیکیش سەبارەت بە پرسەکانی ئەمریکای لاتینی بەشێوەیەکی زۆر بەهێز دەنگدانەوەی هەیە و دەبیسترێ. بەڵام وڵاتانی باشووری ئەفریقیا پێگەی رێبەرایەتیی

کیشوەری ئەفریقیایان بۆ خۆیان داگیرکردووە. کۆی ئەو هێزانە پانتاییەکی گەورەتر بۆخۆیان دەبەن کە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا زۆر لەو پانتاییە گەورەترە کە هەریەکێکیان لە ڕابردوودا داگیریان کردبوو.

بەڵام سەبارەت بە ویلایەتەکانی یەکگرتوو، تیرە نیشانەییەکە ئاماژە بە ڕەوت و ئاراستەیەکی پێچەوانە دەکات. ڕاستە کە ئابووری گەمەیەکی دەرئەنجام سفر نییە- گەشەکردنی یاریزانەکان بابۆڵەکە فراوانتر دەکات، ئەمەیش بۆ هەمووان کارێکی باشە- بەڵام سیاسەت واتا ململانێیەك لەپێناو هەژموون و بەرزەفتکردن. چوونکە کاتێك چالاکی و کارایی وڵاتانی دیکە زیاتر دەبێت، ئەوا ئەو ڕووبەرەی جوولەکردن کەوا ئەمریکا هەیەتی (زۆریش گەورەیە) بێگومان کەم دەبێتەوە. جا ئایا ویلایەتەکانی یەکگرتوو دەتوانێ لەگەڵ هەڵکشانی هێزی دیکەدا خۆی بگونجێنێ؛ ئەو هێزانەی کەوا ئاراستەی هەمەجۆری سیاسیان هەیە و لە چەندان کیشوەردان؟ گەرچی ئەمە بەو واتایە نییە قبووڵی هەراوزەنا و پاشاگەردانی و ئەو دوژمنایەتییانە بکات کەوا لێی دوورن، بەڵام تاکە ڕێگەی بەرپەرچدانەوەی ڕەفتاری شەڕخوازانە لە ڕێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی فراوان و پتەودا دەبێت. ئەمەیش کردەیی (ممکن) نییە تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە واشنتۆن ئامادەیی خۆی دەرببڕێ بۆ ئەوەی ڕێگە بە دەوڵەتی دیکە بدات لە سیستمە نوێیەکەدا ببنە خاوەنی پشك. ئەم هاوسەنگییەی نێوان هەماهەنگی و بەرپەرچدانەوە لە چەند دەیەکی کەمی داهاتوودا بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرەنگاربوونەوە و تەگەرەی سەرەکییە.

ئەم بەشەم بە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەستپێکرد و گوتم کە سیستمی نوێ هۆشداری لە دابەزین و لێژبوونەوەی ئەمریکی نادات، چوونکە من پێم وایە ئەمریکا هێزێکی زەبەلاحی هەیە و جیهانی نوێش هیچ هێزێکی زەبەلاحی نوێی

بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو کۆمەڵێك هێزی جۆراوجۆری بەرهەم هێناوە کە واشنتۆن دەتوانێ سەرکردایەتی و ئاراستەیان بکات. لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەمریکا نزمبوونەوە و لێژبوونەوە (انحدار)ی ڕێژەیی بەخۆیەوە دەبینێ– بەتایبەت لە لایەنی ئابووری– لەگەڵ ڕابوون و گەشەکردنی بەشەکانی دیکەی جیهان. جا هەرچەندە گەشەکردنی ئەوانی دیکە خێراتر بوو، ئەوا پشکەکەی لە بابۆڵەکەدا کەمتر دەبێتەوە (هەرچەندە ئەم گۆڕانە بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژ زۆر کەم دەبێت). جگە لەمانەیش، هێزی دیکەی ناحکوومی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چالاکییەکانیان زیاتر دەبێت، تا ئاستێکی زۆر جوولەی واشنتۆن کۆتوبەند دەکەن.

ڕاستە ئەمە بۆ ئەمریکا بە بەرەنگاربوونەوە و تەگەرە دادەندرێ، بەڵام بەرەنگاربوونەوەیەکە و ڕووبەڕووی هەمووان دەبێتەوە. بەدرێژایی نزیکەی سێ سەدە، جیهان لە لایەن دەوڵەتێکی مەزنی هەژموونداری لیبراڵییەوە پشتیوانیی لێ دەکرا؛ سەرەتا بریتانیا، دواتریش ویلایەتەکانی یەکگرتوو. ئەم دوو زلهێزە بەهۆی پاراستن و پاسەوانیکردن لە ڕێگەکانی بازرگانی و ڕێگەکانی دەریاییەوە یارمەتیدەری بەرهەمهێنانی ئابوورییەکی کراوەی جیهانی بوون، لە کاتەکانی ناخۆش و ڕووگیریشدا ڕۆڵی قەرزدەریشیان گێڕاوە و یەدەگی دراو و وەبەرهێنانی دەرەوەشیان پاراستووە و بازاڕەکانی خۆیانیان بە کراوەیی هێشتووەتەوە. کارێکی وەهاشیان کرد کە لە زەمەنی ئەواندا هاوکێشەی سەربازی لە بەرژەوەندیی گەورە ستەمکارەکان نەشکێتەوە، هەر لە فەرەنسای ناپلیۆنییەوە بگرە تا دەگاتە ئەڵمانیا و یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو. هەرچەندە لە ڕووی بەکارهێنانی هێزە زەبەلاحەکەیاندا خراپەی زۆریان کردووە، بەڵام ویلایەتەکانی یەکگرتوو بوو کە ئەم سیستەمەی ئێستەی بەرهەمهێنا و پاراستیشی؛ مەبەست

سیستمی بازرگانیی کراوە و دەستهەڵاتی دیموکراسییە کەوا سوودێکی زۆری بە زۆرینەی ڕەگەزی مرۆڤی گەیاندووە. جا لەگەڵ ئەوەی کاروبار و هەلومەرجەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و ڕۆڵی ئەمریکاش دەگۆڕێت، ئەوا ئەو سیستمەی باسمانکرد بەرەو داڕووخان دەچێت. دابەزین و داڕووخانی دۆلار- بە ئاستێك کە ئیدی وەك جاران یەدەگێکی جیهانیی دراوی نییە- دەبێتە گرفتی هەموو جیهان هەر وەك چۆن گرفتی ئەمریکاشە. ئەوەش ڕوونبووەتەوە کە چارسەری گرفتەکانی گشتی لە سەردەمی لامەرکەزییەت و دابەشبوونی هێزدا، بەبێ بوونی زلهێزەکان دژوارتر دەبێت.

هەندێك لە ئەمریکییەکان تەواو درکیان بە جیهانی گۆڕاوی دەوروبەری خۆیان کردووە. جیهانی بازرگانیی ئەمریکی زیاتر درك بەو وەرچەرخانانە دەکات کەوا لە جیهاندا ڕوو دەدەن و زۆریش بە خێرایی و ئەقڵانییەتەوە خۆی لەگەڵیاندا دەگونجێنێ. هەندێك ڕاپۆرتی نیمچە هاوشێوە کەوا لە کۆمپانیا زەبەلاحە فرەڕەگەزەکانی نێو ویلایەتەکانی یەکگرتوو دەرچووە، ئاماژە بەوە دەکەن کەوا گەشەکردنیان لە ئێستەدا پشت بە بڕین (اختراق)ی بازاڕی نوێی بیانی دەبەستێ. لەگەڵ گەشەکردنی داهات کەوا لەنێو ویلایەتەکانی یەکگرتوودا ڕێژەکەی ٢ بۆ ٣٪ی ساڵانەیە، لە دەرەوەشدا ١٠ بۆ ١٥٪ ی ساڵانەیە، درکیان بەوەکردووە کە لەسەریان پێویستە لەگەڵ جیهانی دوای ئەمریکا بگونجێن یان تیایدا زیان بکەن. هەروەها درککردنێکی هاوشێوە هەیە کە دەکرێ لە زانکۆیەکانی ئەمریکی تێبینی بکرێ، چوونکە ژمارەی ئەو قوتابیانە زیاتر دەبێت کەوا تیایاندا دەخوێنن و دواتریش بۆ دەرەوە سەفەر دەکەن و لەگەڵ قوتابیانی بیانی کارلێك دەکەن.

ئیدی گەنجانی ئەمریکا بەوە هەراسان نابن کە دەزانن دوا شێواز- لە کەرتی ئابووری و ئەندازیاریی بیناسازی و هونەر و تەکنۆلۆژیا- لە لەندەن و شانگهای و سیئۆی و تالین و مۆمبایدا بەرهەم دەهێندرێن.

بەڵام ئەم دیاردەیە - دیاردەی ڕووکردنە دەرەوە- لە جڤاکی ئەمریکی بەشێوەیەکی گشتی شتێکی باو نییە. چوونکە تاکو ئێستەیش بیرکۆ (ترکیز)ی ئابووریی ئەمریکی ئاراستەی نێوەخۆ کراوەتەوە، هەرچەندە ئەم مەسەلەیە لە ئێستەدا دەگۆڕێت، چوونکە بازرگانی ٢٨٪ تێکڕای بەرهەمی نێوەخۆ پێکدەهێنێ (بەبەراورد بەڕێژەی ٣٨٪ لە ئەڵمانیا). گۆشەگیری و دابڕان یەکێك بوو لە نیعمەتەکانی سروشت بۆ ئەمریکایەك کەوا بەچواردەوری مەزن و هاوسێی خۆشخۆ دەورەدراوە. ئەمریکا بە فێڵ و تەڵەکە و داڕووخانی جیهانی کۆن پیس بووە، بەردەوامیش توانای ئەوەی هەبووە وێنای سیستمێکی نوێ و جیاواز بکات؛ جا ئەگەر لە ئەڵمانیا بێت یان لە یابان و تەنانەت عێراقیش. بەڵام ئەم گۆشەگیرییە، لە هەمان کاتدا، وەهای لە ئەمریکییەکان کردووە زانیارییان لەسەر جیهانی دەرەوەی سنووری خۆیان نەبێت. چوونکە ئەمریکییەکان تەنیا بە چەند زمانێك قسە دەکەن و سەبارەت بە ڕۆشنبیری و کەلتوورەکانی دیکە شتێکی کەم دەزانن، لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتا باوەڕ بەوە ناهێنن کە ئەوان پێویستیان بە چاککردنەوەی ئەم دۆخە بێت. ئەمریکییەکان زۆر بەدەگمەن گرنگیی بە پێوەرە نموونەییەکانی جیهانی دەدەن، چوونکە ئەوان دڵنیان کە ڕێگە و شێوازی ئەوان باشترین و پێشکەوتووترە. لەبەر ئەم هۆیە دەبینی باوەڕ بەو قۆناغە گەشەسەندووە جیهانییە ناکەن. لەنێوان دەستەبژێری پیاوانی جیهانیی کار و چینی ڕۆشنبیری ئەمریکی لەلایەك و هەروەها لەنێوان زۆرینەی گەلی ئەمریکی لە لایەکی دیکەوە، بۆشاییەك هەیە کە بەردەوام لە فراوانبووندایە. جا بەبێ هەوڵ و

کۆششی ڕاستین بۆ دروستکردنی پردێك لەنێوان ئەم بۆشاییەدا، ئەوا لەوانەیە ئەم دابەشبوونە پێشکەوتن و سەرکەوتنە پڕ لە کێبڕکێیەکەی و ئایندە سیاسییەکەی وێران بکات.

گومانەکانی میللیی لە لایەن ڕۆشنبیرییەکی نابەرپرسانەی سیاسیی نیشتمانی پشتگیری لێ دەکرێ. زۆر سانایە ڕەخنە لە لووتبەرزی و تاکلایەنی و تاکڕەویی ئیدارەی بۆش بگیرێ کەوا لە دەرەوەڕا ئەمریکای پەکخست، بەڵام گرفتەکە هەر تەنیا لە بۆش و دیك چینی و ڕامسفێڵد و کۆمارییەکان کورت نابێتەوە، هەرچەندە ئەوان بوونە حزبی نێرینەکانی لووتبەرز کە شانازی بەوە دەکەن لە دەرەوە بێزراون. گوێ لە دیموکراتەکانی واشنتۆن ڕابگرە، ئەوسا سەبارەت بە بازرگانی و پێوەرەکانی کار و پرسەکانی مافی مرۆڤ و ئاژەڵ وهتد گوێت لە دەنگێکی تاکلایەنە دەبێت- جا ئەگەر لاوازتریش بێت-. بەڵام سەبارەت بە تیرۆر، ئەوا هەردوو حیزب هێشتا هەر بە زمانێك قسە دەکەن کە بەتایبەت ئاراستەی جەماوەری نێوخۆیی دەکرێ بەبێ گرنگیدان بەو کاریگەرییە ژەهراوییەی کەوا لە شوێنی دیکەدا دروستی دەکات. سیاسییەکانی ئەمریکی بەردەوام و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی -بەهۆی چەندان شکستی بێشومار- پۆلین و سزا و ئیدانەی گشت دەوڵەتەکان دەکەن (لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا، ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا سزای بەسەر نیوەی دانیشتووانی سەر گۆی زەویدا سەپاند). ئێمە تاکە دەوڵەتی دونیاین کەوا ڕاپۆرتی ساڵانە سەبارەت بە ڕەفتاری گشت وڵاتانی دیکە دەردەکەین. بەمەیش واشنتۆن گۆشەگیر و لووتبەرزە و لە جیهانی دەرەوە دابڕاوە.

شرۆڤەیەك کە لە پرۆژەی (پیو) بۆ هەڵوێستەکانی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٧دا دەرچووە (pew global Attitudes Survey) زیادبوونێکی گرنگی

بیروڕایە ئەرێنییەکانی سەبارەت بە بازرگانیی ئازاد و بازاڕەکان و دیموکراسی پیشان داوە. چوونکە زۆرینە فراوانەکانی وڵاتان کە لە چین و ئەڵمانیا تا دەگاتە بەنگلادیش و نیجیریا پێکهاتوون، لەهەمبەر گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بازرگانیی نێوان وڵاتاندا گوزارشت لە سوپاس و دەستخۆشیی خۆیان دەکەن. بەڵام ئەو وڵاتەی کە سەبارەت بە پشتگیریکردنی بازرگانیی ئازاد دوایین و کۆتا پێگەی وەدەستهێناوە– لەنێو ئەو چل و حەوت وڵاتەی کە لە ماوەی پێنج ساڵدا ڕا و بۆچوونەکانی وەرگیراوە– ویلایەتەکانی یەکگرتووە.

هەروەها تەماشای هەڵوێستی هەمبەر کۆمپانیاکانی بیانی بکە. کاتێک پرسیاری ئەوەیان لێ کرا ئاخۆ بۆچوونیان لە هەمبەریدا ئەرێنییە، خەڵکانێکی زۆر – کە ئەمەیش شتێکی کتوپڕ بوو– لە وڵاتانی وەك بەرازیل و نیجیریا و هیند و بەنگلادیش بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە. ئەوەی لە مەسەلەکەشدا کتوپڕ بوو ئەوە بوو کە ئەم وڵاتانە بەزۆری لە هەمبەر کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانی خۆرئاوا بەگومان بوون. (لە ڕاستیدا، بۆ نیگەرانییەکەی باشووری ئاسیا پاساوێکی ڕاستین هەبوو، چوونکە لە ڕابردوودا لەلایەن کۆمپانیایەکی فرە ڕەگەزەوە ئیستعمار کرابوو کە ئەویش کۆمپانیای بریتانی بۆ خۆرهەڵاتی هیندە). لەگەڵ ئەمەیشدا، ٧٣٪ ی خەڵك لە هیند و ٧٥٪ی بەنگلادیش و ٧٠٪ بەرازیل و ٨٢٪ی نیجیریا لە ئێستەدا هەڵوێستێکی ئەرێنییان لە هەمبەر ئەو کۆمپانیایانە هەیە، بەڵام ژمارەکە لە ویلایەتەکانی یەکگرتوودا ٤٥٪ بوو، ئەمەیش دەمانخاتە نێو پێنجیەکی ئەوانەی لە کۆتایی لیستەکەدا هاتوون. ئێمە حەز دەکەین جیهان ئامێزی خۆی بۆ لەباوەشگرتنی کۆمپانیاکانی ئەمریکی بکاتەوە، بەڵام کاتێك کۆمپانیایەکان دێنە ئەمریکاوە مەسەلەکە جیاواز دەبێت. هەروەها وەرچەرخانێکی گەورەش لە هەڵوێستی ئەمریکییەکان سەبارەت بە پرسی پەناهەندەیی دروستبووە. بەڵام

سەبارەت بە تەکنۆلۆژیا کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو تیایدا نموونەی سەرمەشقی هەموو جیهان بوو، ئەوا لە ئێستەدا هەڵوێستێکی بەرگریکارانەی توندی لەهەمبەریدا گرتووەتەبەر. چوونکە لەو کاتەی دەمانویست لە دروستکردنی هەر تەکنیکێکی نوێدا پێش هەموو دونیا بکەوین، ئێستە بە ترسەوە لە داهێنانەکان دەنواڕین و پرسیار سەبارەت بە توانای داهێنانەکان دەکەین بۆ گۆڕینی شتەکان.

لێرەدا جیاوازییەکە ئەوەیە کە ڕابوون و پێشکەوتنی ئەوانی دیکە بەهۆی هزر و کرداری ئەمریکییەوە بووە، چوونکە بەدرێژایی شێست ساڵ، سیاسی و دیبلۆماسییەکانی ئەمریکا بە گشت جیهاندا دەگەڕان بۆ ئەوەی هانی وڵاتان بدەن بازاڕەکانیان بکەنەوە و سیاسەتەکانیان ئازادبکەن و ڕەوتی بازرگانی وتەکنۆلۆژیا بگرنەبەر. ئێمە لە ناوچەکانی دووردەستی جیهاندا خەڵکمان هان دا لە ئابووریی جیهاندا بەرەنگاریی کێبڕکێ بگرنەبەر و دراو و پارەوپولیان ئازاد بکەن و پیشەسازییەکانی نوێیان پێشبخەن، ئامۆژگاریی خەڵکانی ئەو شوێنانەمان دەکرد لە گۆڕان نەترسن و نهێنیی سەرکەوتنەکانی ئێمە فێرببن. لەمەیشدا سەرکەوتنمان وەدەستهێنا، چوونکە دانیشتووانانی نێوخۆیی لە سەرمایەداریدا بوونە کەسی زۆر کارامە. بەڵام ئێمە لە ئێستەدا لەهەمبەر ئەو شتانەدا کەوتووینەتە گومانەوە کە بەردەوام مەزنمان دەکردن و شوێنپێیەکانیانمان هەڵدەگرتن؛ هەر لە بازاڕی ئازادەوە بگرە تا دەگاتە بازرگانی و کۆچبەری و گۆڕانی تەکنۆلۆژییەوە. کۆی ئەو شتانەش لەو کاتەدا ڕوودەدەن کەوا شەپۆڵەکە بەرەو ئێمە دێت. جیهان دەستی بە کرانەوە کردووە، ئەمریکاش دەرگە بەڕووی خۆی و خەڵك دادەخات و گۆشەگیر دەبێت.

دوای چەند نەوەیەکی دواتر، کاتێك مێژوونووسان سەبارەت بەو ڕۆژگارانە دەنووسن، لەوانەیە سەبارەت بە ئەمریکا وەها بنووسن کە لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیست ویەکدا، ئەمریکا لە ئەرکە مەزن و مێژووییەکەی خۆیدا سەرکەوتنی وەدەستهێنا کە ئەویش گلۆبالیزەکردنی جیهانە. بەڵام لەوانەشە ئەوەش بنووسن کە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا ئەوەی بیرچوو خۆی گلۆبالیزە بکات.

١- جیهانی ناخۆرئاوایی؟

وەك هەمووتان دەزانن، کریستۆفەر کۆلۆمبۆس لە ساڵی ١٤٩٢دا لە یەکێك لە سەفەرە دەریاییە دۆزەرەوەکانی خۆی کە لە هەموو سەفەرێکی دیکە بەرتەماتر بوو، ملی دەریای گرت. بەڵام ئەوەی زۆرێك لە خەڵك نایزانن ئەوەیە کە پێش هەشتا و حەوت ساڵ ئەدمیراڵێکی چینی بەناوی زینگ هی یەکەمین گەشتی -لە حەوت گەشتی دۆزینەوەیی- دەستپێکرد کە بەرنامەییەکانی لە کۆلۆمبۆس کەمتر نەبوو. کەشتییەکانی زینگ لە کەشتییەکانی کۆلۆمبۆس یان فاسکۆ دا گاما یان هەر گەورە دەریاوانێکی ئەورووپای هەردوو سەدەی پانزەیەم و شانزەیەم گەورەتر و باشتر بوون. زینگ لە گەشتی یەکەمیدا کەوا لە ساڵی ١٤٠٥ دا دەستیپێکرد، ٣١٧ کەشتی و ٢٨.٠٠٠ پیاوی لەگەڵ خۆیدا برد بە بەراورد لەگەڵ کەشتییەکانی کۆلۆمبۆس کە چوار کەشتی و سەدوپەنجا دەریاوان بوون. درێژیی گەورەترین کەشتیی چینی کە ناوی کەشتی کەنز بوو لە ٤٠٠ پێ زیاتر بوو، واتا چوار هێندەی درێژیی کەشتییە سەرەکییەکەی کۆلۆمبۆس بوو کە ناوی " سانتا ماریا" بوو و هەر یەکێکیشیان نۆ ئەستووندەی ڕاگری چارۆگەی هەبوو. بینای هەر یەکێك لەو کەشتییە زەبەلاحانە پێویستی بە بڕینی دارێکی هێندە زۆر بوو کە بەقەد ڕووبەری ٣٠٠ هێکتار دارستان دەبوو. جگە لەمانەیش، چەند

کەشتییەك هەبوون تایبەت بوون بە هەڵگرتنی ئەسپ و ئازووقە و خۆراك و ئاو و سەرباز. تەنانەت بچووکترین کەشتیی کەشتیگەلەکەی زینگ- کە کەشتییەکی جەنگی پێنج چارۆگەیی بوو، توانایەکی زۆری مانۆڕ و جوولەی هەبوو- دووهێندەی کەشتییە ئەفسووناوییە ئیسپانییە سێ چارۆگەکە بوو.

کەشتییەکانی چینی بە داری تایبەت و جومگەی ئاڵۆز و تەکنیکی پێشکەوتووی دابڕینی ئاو دروستکرابوون، هەروەها بەشی خوارەوە و قووڵاییەکەی دەتواندرا دەستکاری بکرێت و هەموار بکرێتەوە. کەشتییەکانی کنز ژووری گەورە و خۆشی تیادابوو، هەروەها چارۆگەکانی لە هەریر دروستکرابوون، هۆڵەکانی پەنجەرەیان هەبوو. هەر هەمووشیان لە حەوزە وشکەکانی نانجینگ دروستکرابوون کە گەورەترین بەندەری دروستکردنی کەشتی بوو لە جیهاندا و لە هەمووشیان پێشکەوتووتر بوو. لە میانی سێ ساڵی دوای ١٤٠٥ (١.٦٨١) کەشتی لەو بەندەرەدا نۆژەنکرانەوە و دروستکران. لەو کاتیدا بەشێکی کەمی ئەم کارە لەنێو ئەورووپادا ڕووی نەدا.

قەبارە زۆر گرنگ بوو، چوونکە مەبەست لەو کەشتیگەلە زەبەلاحانە تۆقاندنی خەڵکانی دەوروبەر و پیشاندانی هێز و هەژموونی ڕەچەڵەکی مینگ بوو. زینگ لە حەوت گەشتەکەیدا لە نێوان ساڵانی ١٤٠٥ و ١٤٣٣دا لە ناوچەیەکی زۆری زەریای هیندی و لە دەوری ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیادا گەڕا. هەروەها دیاریی پێشکەش بە دانیشتووانی ئەو شوێنانە کردوو و دیارییەکانی ئەوانیشی قبوڵکرد. کاتێکیش ڕووبەڕووی بەرهەڵستی دەبوویەوە، لە بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا دوودڵیی نەدەکرد. لە یەکێك لە گەشتەکانیدا چەتەیەکی دەریای سۆمەترەیی بەدیل گرت و لەگەڵ خۆیدا بردی، لە گەشتێکی دیکەیدا، ڕێبەرێکی یاخیبووی لە سیلان دەستگیرکرد و لەگەڵ خۆیدا بردی. لە تەواوی گەشتەکانیشیدا گوڵ و

میوە و بەردی گرانبەها و گیانداری سەیری وەك زەڕافە و گوێدرێژی کێویی لەگەڵ خۆیدا دەبردەوە، بۆ ئەوەی لە باغچەی ئاژەڵانی ئیمپراتۆریان دابنێ.

بەڵام ئەم سەربردەیەی زینگ بەشێوەیەکی سەیر کۆتایی هات. لەگەڵ هاتنی سەرەتای سییەکانی سەدەی پانزەیەمدا ئیمپراتۆرێکی دیکە جڵەوی دەستەڵاتی چینی گرتە دەست. ئیمپراتۆری نوێ بەشێوەیەکی کتوپڕ نێردەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕاگرت و پشتی لە بازرگانی و دۆزینەوە کرد. هەندێك بەرپرس هەوڵیان دا ئەو نەریتە بهێڵنەوە، بەڵام بێسوود بوو. لە ساڵی ١٥٠٠ دا، سەرای ئیمپراتۆریەت فەرمانی ئیمپراتۆری دەرکرد کە تیایدا بڕیار درابوو هەر کەسێك لە سێدارە بدەن ئەگەر کەشتییەك دروست بکات کە لە دوو چارۆگە زیاتر بێت (قەبارەی پێویست بۆ بڕینی مەودا دوورەکانی نێو دەریا). لە ساڵی ١٥٢٥ دا، دەستەڵاتەکانی دەریایی فەرمانیان پێ کرا هەر کەشتییەك وێران بکەن کەوا بۆ دەریاوانیی نێو زەریا ئامادە کرابێت و خاوەنیشی بخەنە بەندیخانەوە. لە ساڵی ١٥٥١دا، دەریاوانی بە کەشتییەکی دوو چارۆگە بۆ هەر مەبەستێك بووبێت بە تاوان هەژمار کرا و یاسا سزای دەدا. کاتێکش بنەوەچەی (السلالە) کینگ لە ساڵی ١٦٤٤دا دەستەڵاتیان گرتە دەست، لەسەر ئەم سیاسەتە بەردەوامبوون، بەڵام زۆر باوەڕیان بە ڕێورەسمەکان نەبوو، بۆیێ زۆر بەئاسانی بە درێژایی ٧٠٠ میل دەستیان بە سووتاندنی پشتێنیەك کرد کە لە کەناری باشوورییەوە دەستی پێدەکرد تا دەگیشتە چین و کردیانە ناوچەیەك کە بۆ نیشتەجێبوونی خەڵك نەدەگونجا. لە کۆتاییدا، ئەم ڕێکارانە بوونە هۆی هاتنەکایەی دەرئەنجامەکانی خوازراو کە: بریتبوو لە داڕووخانی پیشەسازیی دروستکردنی کەشتی لە چیندا. لە ماوەی ئەو دەیانەی کەوا لە پاش دوا گەشتی زینگ هاتن، دەیان دۆزەرەوەی خۆرئاوایی چوونە نێو ئاوەکانی چوار دەوری هیند و چین، بەڵام گەیشتنی

کەشتییەکی چینی بۆ ئەوروپا لە ساڵی ١٨٥١دا پێویستی بە سێ سەدەی تەواو هەبوو؛ لە سەردانێکدا بۆ لەندەن لەپێناو ئامادەبوون لە پیشانگەیەکی گەورە.

چ شتێك بووە هۆی ئەم وەرچەرخانە گەورەیە؟ دەستەبژێری چینی سەبارەت بە نزیکبوونەوەی چین لە دەرەوە دابەش ببوونە سەر دوو دەستە، هەروەها دەستەهەڵاتدارە نوێیەکانی پەکین پێیان وابوو نێردەکانی دەریاوانی شکستخواردوو و بێ ئەنجامن، چوونکە تێچوو و خەرجییان یەکجار زۆر بوو، پێشووەخت باجێکی زۆری بەسەر دانیشتووانانی شەکەتدا دەسەپاند داهاتەکانیشی زۆر کەم بوو. هەرچەندە بازرگانی بەهۆی هەندێك لەو پەیوەندییانە پێشکەوت و گەشەی کرد، بەڵام زۆربەی مامەڵە بازرگانییەکان بەتەنیا لە بەرژەوەندیی بازرگان و چەتەکانی دەریا تەواو دەبوو. جگە لەمانەیش مەنگۆلییەکان و هێرشهێنەکانی دیکە هەڕەشەیان لە سنووری ئیمپراتۆریایەکە دەکرد، ئەمەیش پێویستی بە سەرچاوە و ئاگاییەکی زۆر هەبوو. وەك پێدەچێ، نێردەکانی دەریاوانی بێئاگاییەکی زۆر گران و بەخەرجی بوون.

بەڕاستی بڕیارێکی چارەنووسساز بوو. چوونکە کاتێك چین بڕیاری دا لە جیهانی دەرەکی دوور بکەوێتەوە، ئەوا لە هەمان کاتدا ئەوروپا پەلوپۆی بۆ دەرەوە دەهاوێشت. تیمە نێردراوە دەریاوانییەکانیش بوو کە وزەی بە ئەوروپا بەخشی و ڕێگەی بۆ خۆشکرد هێز و هەژموونی خۆی لە گشت جیهاندا بڵاو بکاتەوە. بەڵام ئەگەر شیمانەی ئەوە بکەین کە ئەگەر چین کەشتیگەلە دەریاییەکانی خۆی پاراستبایە، ئایا ڕەوتی مێژووی هاوچەرخ دەگۆڕا؟ لەوانەیە وەڵامەکە نەخێر بێت. چوونکە بڕیاری چین بۆ ئاراستەگرتنەوە بەرەو نێوەخۆ بەسانایی بڕیارێکی خراپی ستراتیژی نەبوو، بەڵکو گوزارشتێك بوو لە چەقبەستنی شارستانی. جا ئەو بڕیارە کە پەیوەندیدار بوو بە وەستاندنی تیمە دەریاییە نێردراوەکانی

دۆزینەوەیی، گشت هۆیە ئالۆزەکانی هێشتنەوە و دواخستنی چین* و ولاتانی ناخۆرئاوایی پێکهێنا کە بە بەیەکەوە وایانکرد بۆ ماوەی چەندان سەدە لە ولاتانی خۆرئاوایی دواکەوتووترین.

ئەگەر بمانەوێ بزانین مەبەست لە رابوون و پێشکەوتنی ئەوانی دیکە چییە؛ دەبێ بزانین چەندە ئەو (ئەوانی دیکە) یە بە تەنبەڵی ماونەتەوە. ئەوە ڕوونبوویەوە کە هەژموونی کلتووری و مادییانەی خۆرئاوا دیاردەیەکی نوێ و کورتمەودا نییە، چوونکە نزیکەی زیاتر لە پێنج سەدە لە جیهانی خۆرئاواییدا دەژین. هەرچەندە ئێمە لە ئێستەدا رابوونی گەلان و کیشوەری دیکە دەبینین، بەلام سایەی خۆرئاوا زۆر درێژتر دەبێتەوە و میرات و کەلتوورەکەشی بۆ ماوەی چەندان دەیەی دیکە و لەوانەیە لەمەیش زیاتر درێژ بێتەوە.

ئەو گوتەیە بووەتە شتێکی باو کە چین و هیند تاکو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لە ڕووی دەوڵەمەندییەوە لە خۆرئاوا هەژارتر نەبوون. جا بەپشتبەستن بەم بۆچوونە، مانای ئەوەیە کە هەژموون و دەستهەلاتی خۆرئاواییی تەنیا لادانێکی کاتی بوو کەوا لە ڕەوتی مێژوودا تەمەنی ٢٠٠ ساڵە و ئێستە ئێمە دەگەڕێینەوە سەر هاوسەنگییە سروشتییەکەی خۆمان. هەروەها ئەم گوتەیەش ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێکەوت ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرکەوتن و پێشکەوتووتربوونی خۆرئاوادا هەبووە ئەویش بەهۆی خەلووزی بەردین و موستەعمەراتەکانەوە

---

* لەم بەشەدا نموونەیەکی زۆر سەبارەت بە چین و هیند دەهێنمەوە وەك دوو نوێنەری جیهانی ناخۆرئاوایی، چوونکە ئەم دوو ولاتە لە پێش قۆناغی پیشەسازیدا لە گشت ولاتانی دیکەی پێشکەوتووی ئاسیایی پێشکەوتووتر بوون.جا کۆی ئەو شتانەی کەوا سەبارەت بە دواکەوتنیان لە سەدەکانی پێنجەم و شەشەمدا – بە بەراورد بە خۆرئاوا– دروستن، ئەوا بەسەر زۆربەی شوێنەکانی جیهانی ناخۆرئاواییدا پیادە دەبێت.

بووە، هەر دۆزینەوەیەکیش سەرچاوەیەکی هەرزانی وزە و هەژموون لەسەر زەوییە بەپیت و دەوڵەمەندەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و کیشوەری ئەمریکادا ڕۆڵی بەرچاوی لەمەدا هەبووە. بێگومان، ئەو بۆچوونەی کە نکۆڵی لە بوونی هەر تایبەتمەندییەکی خۆرئاوایی دەکات سوودی سیاسی هەیە؛ بەلاّم لەگەڵ ئەوەی کە لەوانەیە لە ڕووی سیاسیەوە ڕاست بێت، بەلاّم لەسەر ئاستی مێژووییدا ڕاست نییە.

یەکێك لە هۆیەکانی ئەم بەدحاڵیبوونە ئەوەیە کە شیکەرەوەکان لە شیکردنەوەکانی خۆیاندا بەزۆری تەنیا جەخت لەسەر قەبارەی تێکڕایی هەردوو ئابووریی چین و هیندی دەکەنەوە. ئەم سیگنەڵەش لە ڕووی مێژووییەوە سەرلێشێوێنەرە، بۆنموونە: لە سەدەی حەڤدەیەمدا، ملیۆنەها جووتیاری هەژاری چینی کەوا لە ناوچە دووردەستەکان و دابڕاوەکانی چیندا دەژیان و بەرهەمێکی زۆر گەورەشیان هەبوو، بەلاّم بەشدارییان لە سامان و هێزی وڵاتدا نەدەکرد. ژمارەی دانیشتووان پێکهێنەری سەرەکی تێکڕای بەرهەمی نێوەخۆیی بوو، زۆربەی بەرهەمەکەش کشتوکاڵی بوو. جا هەرچەندە ژمارەی دانیشتووانی چین و هیند لە ساڵی ١٦٠٠ دا چوار هێندەی ژمارەی دانیشتووانی ئەورووپای خۆرئاوا بوو، بەلاّم بەرهەمی نێوەخۆییان گەورەتر بووە. تەنانەت لە ساڵی ١٩١٣ دا کاتێك بریتانیا یەکەمین زلهێزی جیهان بوو، لەگەڵ ئەو تەکنۆلۆژیا هاوچەرخەی کە هەیبوو و بەرهەمی پیشەسازی و بازرگانییەکەشی لە کۆی بەرهەمی گشت کیشوەری ئاسیا زۆرتر بوو، بەلاّم چین دەیتوانی بانگەشەی ئەوە بکات کە تێکڕایەکی زیاتری بەرهەمی نیوخۆیی هەیە.

لەکاتی شرۆڤەکردنی قۆناغی پێش پیشەسازی- واتا بەر لە حکوومەتەکانی دەستتێوەردەر و گواستنەوە و گەیاندن و باجەکانی هەمەچەشن- دەبینین کە

تێکڕای بەرهەمی نیوەخۆیی سەبارەت بە هێزی نیشتمانی یان ئاستی پێشکەوتنی وڵاتێك شتێکی ئەوتۆمان پێنالێت. هەروەها گوزارشت لە دینامییەت و توانای جڤاك ناکات بۆ دۆزینەوەی داهێنان و شتەکانی نوێ و ئەو تواناییانەی کەوا ڕێگەی نوێی پێکهێنانی سامان و بونیادنانی هێزی بە وڵاتان دەبەخشی.

هەرچۆنێك بێت، دەتوانین سەبارەت بە پێگەی ڕاستینی وڵاتان وێنەیەکی روونتر وەدەستبێنین ئەگەر هاتوو گەشەکردنی ئابووری و تێکڕای داهاتی نێوەخۆیی بۆ هەر تاکێك لەبەرچاو بگرین. تێکڕای داهاتی نێوخۆیی بۆ هەر تاکێکی ئەورووپای خۆرئاوا لە ساڵی ١٥٠٠ دا لە هی چین و هیند گەورەتر و زۆرتربووە. بە هاتنی ساڵی ١٦٠٠ یش گەورەترین و زۆرترین تێکڕای داهاتی نیوەخۆیی چینی بەڕێژەی ٥٠٪ بوو. لەو کاتییەوە تا ئێستەش بۆشاییەکە هەر بەرەو فراوانبوون دەچێت. لەنێوان ساڵانی ١٣٥٠ و ١٩٥٠ – شەشسەد ساڵ– تێکڕای نێوەخۆیی لە چین و هیند بە جێگری مایەوە (بۆ چین خۆی لەنێوان ٦٠٠ دۆلار و بۆ هیند خۆی لە ٥٥٠ دۆلار دەبینیەوە). هەر لەو کاتیدا، تێکڕای داهاتی نێوخۆیی بۆ هەر تاکێك

لە ئەورووپای خۆرئاوا لە ٦٦٢ دۆلارەوە بووە ٤,٥٩٤ دۆلار؛ واتا بە زیادبوونی ٥٩٤٪*.

---

*) خەملاندنەکانی تێکڕای بەرهەمی نێوخۆیی پێش ساڵی ١٩٥٠ لە کتێبی ((الاقتصاد العالمي: رؤية الفية)) وەرگیراوە کە نووسەرەکەی ئەنگۆس مادیسۆنە و سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری و دەرامەت و ژمارەی دانیشتووان و چەندان ژمارەی دیکەی تایبەت بە ڕابردووی دوورە. گشت ژمارەکانی مادیسۆن بەپێی دۆلار و بەهۆی هاوکێشەی هێزی کڕین PPP هەژمارکراوە. ئەمەیش لە کاتی بەراوردکردنی قۆناغە زۆر دوورەکانی زەمەنیدا شتێکی گونجاوە.

گەڕیدەکانی ئەوروپیی سەدەی حەڤدەیەم بەزۆری ئاماژە بەوە دەکەن کە هەلومەرجی بژێوی لە چین و هیند لە بژێویی باکووری خۆرئاوای ئەوروپا زۆر نزمتر بووە، بۆ نموونە: گریگۆری کلارکی زانای ئابووریزان وەها دەخەملێنێ کە ڕێژەی مامناوەندیی کرێی ڕۆژانەی کرێکارێك لە سەدەی هەژدەیەم لە ئەمستردام ٢١ ڕتل گەنم و لە لەندەن ١٦ ڕتل و لە پاریس ١٠ ڕتل بووە. لە کاتێکدا ڕێژەی مامناوەندیی لە چین – واتا هەر لە هەمان کاتدا– دەیتوانی ٦.٠ ڕتل گەنم بکڕێت. هەروەها کلارك شرۆڤەی دۆسییەکانی کردووە بۆ ئەوەی جیاوازیی نێوان ژمارەی قاتوقڕی و برسییەتییەکان دیاری بکات، ئەمەیش دەڕژێتە نێو هەمان ڕەهەند و ئاراستە. بەکورتی، خۆرئاوا بە ماوەیەکی زۆر و پێش سەدەی هەژدەیەم لە خۆشگوزەرانییەکی باشتردا دەژیا.

لەگەڵ ئەمەیشدا، مەسەلەکە بەردەوام بەمشێوەیە نەبووە. چوونکە سەبارەت بە سەدە یەکەمەکانی هەزاری دووەم، خۆرهەلاَت لە گشت لایەنەکانی دیکەدا لە خۆرئاوا پێشکەوتووتر بوو. چوونکە لەو کاتەی کە ئەوروپا لەنێو تاریکیی سەدەکانی نێوەڕاستدا نقوم ببوو، خۆرهەلاَتی نێوەڕاست و ئاسیا لەگەڵ کەلتوور و میراتێکی داهێنانی زانستی و ئافراندنەکان و پەیوەندییەکانی بازرگانیدا لەنێو گەشەکردن و پێشکەوتندا دەژیان. خۆرهەلاَتی نێوەڕاست لەو کاتیدا لەسەر عەرشی شارستانییەت دەژیا، چوونکە لەسەر بنەمای زانیاری و مەعریفەی گریکی و ڕۆمانی دەستی بە بونیادنان کردبوو، هەروەها لە چەندان بواری جۆراوجۆری وەك بیرکاری و فیزیا و پزیشکی و زانستی مرۆڤ و دەروونناسیدا داهێنانی پێشەنگانەی وەدیهێنا. بێگومان، ژمارەکانی عەرەبی لەوێدا داهێندران، هەروەها چەمکی سفریش هەر لەوێ داهێندرا. وشەی Aljdbra ش لە کتێبێ الجبر و المقابلە ی خوارزمی وەرگیراوە. هەروەها وشەی algorithm

ئـەلگۆریتم- لـە نـاوی ئـەو زانایـەوە وەرگـیراوە. لـە ڕووی سـەربازییەوە، عوسمانییـەکان جێگـەی ئیرەیـی پێبردنـی ڕکابـەرەکانیان بـوون، چـوونکە تـا سـەدەی حەڤدەیـەم لـە ئاسـیای نێوەڕاسـت و ئـەوروپا لـە فراوانکردنـی ئیمپراتۆریەکـەی خۆیـان بـەردەوام بـوون. هـەروەها هینـدیش لـە قۆناغـە زۆر گەشەسەندوو و پێشکەوتووەکەی خۆیدا، شانازی بـە سـەرکەوتن و پێشـکەوتنە زانسـتی و بلیمەتییـە هونەرییەکـەی و مەزنایـەتیی بـواری تەلارسـازیی خـۆی کردووە. تەنانەت لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمدا- لە سـەردەمی بنەوەچـەی کریشنادیفارایادا- زۆربەی سەردانیکەرە بیانییەکان وەسفی شاری فیجایاناجاری باشووری هیندییان کردووە بەوەی کە یەکێکە لـە مـەزنترین شـاری جیهـان و بـە شاری ڕۆمایان داناوە. پێش ئەمە بە چەندان سەدە، چین لـە ڕووی تەکنیکیـەوە لە هـەر وڵاتێکـی دیکـە دەوڵەمەنـدتر و پێشـکەوتووتر بـووە، چـوونکە تـەکنیکی ئەوتۆیان بەکاردەهێنا کە خۆرئاوا دوای چەندان سـەدە ئاشـنای بـوون. تەنانـەت لەو کاتیدا لە ئەفریقیا ڕێژەی داهاتی مامناوەندیی لە هی ئەوروپا بەرزتر بوو.

بەڵام دواتر و لە سـەدەی پانزەیەمـدا شـەپۆلەکە وەرچـەرخا و گـۆڕانی بەسـەردا هـات؛ لەگـەڵ هـاتنی سـەدەی شانزەیەمیشـدا دەسـتی بـە پێشـکەوتن کردبـوو. زانستی نوێ لەگەڵ شۆڕشی هزر دەستیپێکرد کەوا بە ڕێنسانس نـاوبرا و لەسـەر دەستی کەسانی وەك کۆپەرنیکۆس و فیسالیۆس و گالیلۆدا سەری هەڵدا. ماوەی نێـوان سـاڵانی ١٤٥٠ و ١٥٥٠ گـرنگترین دووکـەرتبوونی لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا بەخۆیەوە بینـی لـە لایـەك لـەنێوان بـاوەڕ و خـوو و نـەریت و ئایدۆلۆژیەکانـەوە، لەلایەکی دیکەشەوە تێبینیی و ئەزموونکردن و هزری ڕەخنەیی بوو. ئەمەیش لـە ئەوروپا ڕووی دا و پاڵی بەو شارستانیەوەنا بۆ ماوەی چەندان ساڵ بـەرەو پـێش بڕوات. لە ساڵی ١٥٩٣دا کاتێك کەشـتییەکی ئینگلیـزی ئامـادەکراو بـە هەشـتا و

حەوت تۆپهاوێژەوە مەودای ٣,٧٠٠ میلی بڕی بۆ ئەوەی بگاتە ئەستەنبوڵ، مێژوونووسی عوسمانی بە " شتە سەرسوڕهێنەرەکەی سەردەمی لە قەڵەمدا کە پێشتر کەس نە بینیویەتی و نە گوێی لێ بووە". لەگەڵ هاتنی سەدە حەڤدەیەمدا، گشت جۆرەکانی تەکنۆلۆژیا و بەرهەم و دەستگەکانی ئاڵۆز (وەك کۆمپانیا و سوپایەکان) لە ئەوروپای خۆرئاواییدا هێندە پێشکەوتوو بوون کە لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهاندا هاوشێوەی نەبوو.

ئەو باوەڕەی کە پێی وایە جڤاکەکانی ئاسیایی – بە هەر مانایەکی مادی– لە ساڵانی ١٧٠٠ یان ١٨٠٠ بە هەمان ئاستی جڤاکەکانی خۆرئاوایی ژیاون، ڕێك وەك ئەو باوەڕە وەهایە کە داهێنانەکانی زانستی و تەکنۆلۆژیی کەوا لە ماوەی سێ سەدەی ڕابردوودا جیهانی خۆرئاواییان گۆڕیوە، هیچ کاریگەرییەکی لە دۆخە ئابوورییەکەیدا نەبووە، بێگومان ئەمەیش مەسەلەیەکی زۆر پووچ و بێمانایە*. خۆ پێشکەوتنی زانستی هەر واتای داهێنانی ئامێرەکانی نوێ ناگەیەنێ، بەڵکو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ڕوانگەی ئەقڵیی جڤاکەکانی خۆرئاواییە، بۆنموونە: با باس لە کاتژمێری میکانیکی بکەین کەوا لە ئەوروپا سەدەی سێزدەیەمدا لە دروستکرا. دانییل بۆرستینی مێژوونووس کە بە دایکی ئامێرەکانی ناودێر کردووە، دەڵێ: " کاتژمێر دیواری نێوان جۆرەکانی مەعریفە و داهێنان و کارامەیی ڕووخاند. هەروەها دروستکەرانی کاتژمێر لە دروستکردنی ئامێرەکاندا زۆر بە ئاگاداری و زانیارییەوە بیردۆزەکانی میکانیك و فیزیایان پیادە کردووە".

---

*)دۆسییەکانی بواری شوێنەوار سەبارەت بەم بۆچوونەی خۆمان، بەڵگەیەکی دیکەی گرنگمان پێدەبەخشن، چوونکە پاشماوەی ئێسکە پەیکەری سەدەی هەژدەیەم ئەوە پیشان دەدەن کە ئاسیاییەکان لەو کاتیدا کورتتر بوونە، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ هەبوونی دۆخی بەدخۆراکی لە ئاسیا یان هەبوونی دەرامەتێکی کەمتر.

بەڵام کاریگەری و شوێنەوارەکانی لە مەودایەکی دوورتردا شۆڕشگێڕانەتر بوو. کاتژمێر مرۆڤی لەوە ڕزگارکرد پشت بە خۆر و مانگ ببەستێ، ئەوەشی کردە شتێکی کردەیی کە ڕۆژەکانی مرۆڤ ڕێکبخات و شەو دیاری بکات و کار ڕێکبخات، لەوانەیە لە کۆی ئەمانەیش گرنگتر پێوانی تێچووی کار بێت بەهۆی ژماردنی ئەو کاتژمێرانەی کەوا پرۆژەیەك تیایدا بونیادنراوە. پێش دروستکردنی کاتژمێر کات هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو کە بتواندرێ حیساب بکرێ.

کاتێکیش لەگەڵ هاتنی سەدەی شانزەیەمدا پرتوگالییەکان هێنایانە وڵاتی چین، ئەوا کاتژمێرە میکانیکیە ئەوروپییەکان لەو کاتژمێرە ئاوییانە زۆر ئاڵۆزتر بوون کە لە پەکین دروستکرابوون. بەڵام چینییەکان هێندە ڕێز و بەهایان بۆ ئەم ئامێرانە دانەنا و وەك گەمەیەك هەژماریان دەکرد، ئەوان زەحمەتیی ئەوەیان نەکێشا خۆیان فێری چۆنییەتی کارپێکردنی بکەن. لەبەر ئەم هۆیە، پێویستیان بەوە هەبوو لەپێناو کارپێکردنی داهێنانەکانیان هەندێك ئەوروپی لە لای خۆیاندا بهێڵنەوە. ئەمەی جاری دووەم بوو کە دوای سەد ساڵ دووبارە ڕووی دایەوە کاتێك پرتوگالییەکان تۆپهاوێژیان هێنایە پەکین، چوونکە ناچاربوون کارپێکەر بۆ مەکینەکانیان داوا بکەن. لەگەڵ هاتنی سەدەی هەژدەیەمدا، پەکین بەهیچ جۆرێك نەیدەویست ئەو ئامێرانە ببینێ کەوا بیانییەکان دروستیان کردبوو. لە ساڵی ١٧٣٦ تا ١٧٩٥ کیانلۆنگی ئیمپراتۆر حوکمی چینی کرد. ئەوجا لەو کاتیدا پاشا جۆرجی سێیەمی بریتانیا داوای بەستنی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ چین کرد، ئیمپراتۆری ناوبراویش بەمشێوەیە داوایەکەی ڕەتکردەوە: " ئێمە گرنگییەکی زۆر بە ئامێرە داهێنراو و خۆرئاواییەکان نادەین، هەروەها پێویستمان بە ڕێژەیەکی زۆری دروستکراوەکانی وڵاتەکەتان نییە". چینییەکان ئەقڵی خۆیان بەڕووی جیهاندا داخست.

ئاسیا بەبێ تەکنۆلۆژی و تەکنیکی نوێ، بووە نێچیری گرفتی مالسۆسیەی کلاسیکی. شرۆڤە و توێژینەوەکانی تۆماس مالسۆس کەوا لە ساڵی ١٧٩٨دا دەرچوو، تێزێکە و تایبەتە بە بنەمای ژمارەی دانیشتووان و ڕەشبینییەکی گەورەی تیادایە، بەڵام زۆرێك لە تێبینییەکانی مالسۆس گوزارشتیان لە زیرەکییەکی زۆر دەکرد. مالسۆس تێبینیی ئەوەی کرد کە بەرهەمهێنانی خۆراکی لە ئینگلترا بە ڕێژەی بیرکارییانەی (١، ٢، ٣، ٤......) زیادی دەکرد، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووان بە ڕێژەی ئەندازەیی (١، ٢، ٤،، ٨، ١٦،.....) زیادی دەکرد، جا ئەگەر ئەمجۆرە دژبوون و پێچەوانەییە چارەسەر نەکرابایە، ئەوا وڵاتەکە دووچاری برسیەتی و هەژاری دەبوو، هەروەها ئاستەکانی بژێوی تەنیا مەرگەساتەکانی وەك برسییەتی و نەخۆشییەکان بەرز دەکاتەوە (چوونکە ژمارەی دانیشتووان کەم دەکاتەوە)*. بەڵام هەرچەندە گرفتی مالسۆس واقیعی بوو، بەڵام لە مەزەندەکردنی هێزی تەکنۆلۆژیادا سەرکەوتنی وەدەستنەهێنا. هەروەها درکیشی بەوە نەکردبوو کە خودی ئەم فشارانە لە ئەوروپادا کاردانەوەیەکی مرۆڤیيانە دروست دەکات؛ شۆڕشی کشتوکاڵی کە ڕێژەی خۆراکی بەشێوەیەکی یەکجار گەورە زیادکرد. (هەروەها کیشوەرەکە بەهۆی ناردنی دەیان ملیۆن خەڵك بۆ زۆرێك لە مستەعمەرەکان و بەزۆریش بۆ کیشوەری ئەمریکا، فشاری دانیشتووانی کەمکردووە). کەواتە، مالسۆس سەبارەت بە

---

*) مەرگەسات و نەهامەتی و ڕووداوە مەزنەکانی وەك جەنگ و هتد ئاستی بژێوی بەرز دەکاتەوە ، چوونکە دەبێتە هۆی کوشتن و لەنێوچوونێکی زۆری خەڵك و ژمارەی دانیشتووان کەم دەبێتەوە و دەرامەتە جێگیرەکە لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، لە بەرانبەریشدا، گەشەکردنی شۆڕش خەڵك هان دەدات منداڵ و وەچەی زۆرتر بخەنەوە و تەمەنیشیان گەورەتر دەبێت، بۆیێ دەرامەت کەمتر دەبێتەوە، لەگەڵ گوزەرکردنی کاتیشدا ژمارەی دانیشتووانیش کەمتر دەبێتەوە. ئەم پرسە بە تەڵەی مالسۆس دادەندرێ، ئەوەشت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی مالسۆس بە ڕەشبین داندراوە.

ئەوروپا کەوتە هەڵەوە، بەڵام شیکردنەوەکەی سەبارەت بە ئاسیا و ئەفریقیا دروست دەرچوو.

هێز بێهێزییە

بەڵام، چۆن لەو گەشتە سەیروسەمەرە چینییانە تێبگەین؟ لە ڕاستیدا، کەشتیگەلی زینگ تەنیا بەشێکی بچووکی وێنەیەکی گەورەتری ئەو داهێنانە جوان و سەرسوڕهێنەرانە بوو کەوا لە هیند و چیندا وەدی دەهات (تەلار، باڵەخانە، شارەکان)، گەرچی خۆرئاوا لە هەمان کاتدا، لە ڕووی پێشکەوتندا لەوان لەپێشتر بوو، بۆنموونە لە هیند، زۆربەی خۆرئاواییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کۆشکی تاج مەحەل– کەوا لەلایەن ئیمپراتۆری مەغۆلی شا جاهان لە ساڵی ١٦٣١دا وەك ڕێزگرتنێك لە هاوسەرە خۆشەویستەکەی بونیادنراوە– مۆزەیەکی هونەرییە و لە ئەوروپادا هاوتای نییە. ویلیام هۆدگزی گەڕیدەی بریتانی لە وەسفکردنی کۆشکەکەدا دەڵێ : مادەکانی بێگەردن، شێوە و قەبارەکانی زۆر مەزن و جوانن، گونجان و هارمۆنیای دیمەنە هەمەکییەکە لە هەموو ئەوشتانە جوانتر و سەرکەوتووترە کە من تا ئێستە لە ژیانمدا بینیبێتم". دروستکردنی تاج مەحەل پێویستی بە بەهرە و کارامەییەکی مەزن و توانایەکی سەرسوڕهێنەری ئەندازیاری هەیە. جا چۆن دەکرێ جڤاکێك ئەو شتە سەیروسەرسوڕهێنەرانە دروست بکات و لە گشت ئاستەکانی دیکەشدا پێشنەکەوێت؟ جا ئەگەر چین بتوانێ ئەو کەشتیگەلە سەرسوڕهێنەر و ئاڵۆزە دەریاییە دروست بکات، بۆ نەیتوانیوە کاتژمێر دروست بکات.

بەشێك لە وەڵامەکە خۆی لە شێوازی بونیادنانی تەلاری تاج مەحەلدا دەبینێتەوە کە لە لایەن مەغۆلەکانەوە دروستکراوە. بیست هەزار کرێکار شەو و ڕۆژ و ماوەی

بیست ساڵ کاریان تیایدا کردووە. هەروەها ڕێگەیەکی سەرهەورازیان بە درێژایی دە میل دروستکردووە لەپێناو گواستنەوەی مادە و کەرەستەکان بۆ ئەو گومەتەی کەوا ١٨٧ پێ لەسەر زەوییەوە بەرزە. بودجەی دروستکردنی بێسنوور بووە، هەروەها نرخ بۆ کاتژمێرەکانی کاری نێو پرۆژەکە دانەندراوە. بەهەمان ڕێگە و شێوازیش کەشتیگەلی زینگ هی دروستکراوە، هەروەها دروستکردنی بینای شاری موحەڕەمە لە پەکین کەوا لە ساڵی ١٤٠٦ ەوە کاری تیادا کراوە و دروستکردن و تەواوکردنی پێویستی بە یەك ملیۆن کرێکار و ملیۆنێك سەرباز هەبووە بۆ ئەوەی چاودێریی کرێکارەکان بکات. بەکورتی کاتێك وزە و سەرچاوەیەکی مەزنی جڤاك لە خزمەتی چەند پرۆژەیەکدا تەرخان بکرێت، ئەوا پرۆژەی وەها بەزۆری سەرکەوتن وەدەست دەهێنێ. یەکیەتیی سۆڤییەت لە حەفتایەکاندا شانازی بە هەبوونی بەرنامەیەکی نایاب و دەگمەنی خۆزا (الفضاء) دەکرد. هەرچەندە لەو کاتیدا لەڕووی تەکنۆلۆژیەوە دواکەوتووترین گەلی پیشەسازی بوو.

بەلاّم دابینکردنی هێزی مەزنی کارگەر لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتێك ئەو ڕێگەیە نییە کە مرۆڤ بەرەو داهێنان ببات. لەم بارەیەوە، فیلیپ هانگی مێژوونووس بەراوردێکی جوان لەنێوان جووتیارانی دلتا یانگتزی و جووتیارانی ئینگلترا دەکات کە لە ساڵی (١٨٠٠) دوو لە دەوڵەمەندترین شوێنەکانی شین و ئەوروپا بوون. هانگ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەردوو ناوچە، بەپێی هەندێك پێوەر وەها دەهاتنە بەرچاو کە لەیەك ئاستی ئابووریدا بن، بەلاّم ئینگلترا لە پێوەری سەرەکیی گەشەکردندا بەچەند هەنگاوێك لەپێشتربوو، ئەویش تێکڕای بەرهەمهێنان بوو. چینییەکان دەیانتوانی وەها لە زەوییەکەیان بکەن تا ئاستێکی زۆر بەرز بەرهەمهێن بێت، بەلاّم بە تەرخانکردنی کرێکارێکی زۆرتر

ئەمەیان وەدی دەهێنا؛ هانگ بەم دۆخە دەڵێت بەرهەمی بێ پێشکەوتن. بەڵام ئینگلیزەکان لە گەڕان بەدوای شێوازی نوێی زیادکردنی بەرهەم نەدەوەستان، بۆئەوەی هەر جووتیارێك بتوانێ بەروبوومێکی زۆرتری هەبێت. بۆیێ بە بەکارهێنانی گیانداران و ئامێری داهێندراو، ئامرازی نوێی دابینکەری کاریان دۆزییەوە، بۆنموونە: کاتێك چەرخی ڕستنی هەمەجۆر پێشخرا کە پێویستی بە یەك کارپێکەری مەشقپێکراو بوو– ئەوا سەر لەنوێ دەستکارییان کردەوە و لە ئینگلترا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێندرا. بەڵام لە چیندا کارکردن لەسەر یەك ئامێر و دەستگەی ڕستن بەردەوام بوو کە لە ڕووی پێشکەوتنەوە لە دواوەتر بوو، بەڵام نرخی کەمتربوو، چوونکە دەتواندرا بەهۆی زۆرێك لە کرێکارانی مەشقپێنەکراو وەگەڕبخرێ. (ئەگەر بەهای کار کەمبوو، بۆچی پارە لەو ئامێرانە خەرج بکرێن کەوا کاتەکانی کار کەم دەکەنەوە؟) لە کۆتاییدا، لە ئەنجامی ئەمەدا دیاردەیەك پەیدابوو ئەویش ئەوەبوو کە ژمارەیەکی کەمی بریتانییەکان وایان لێهات بتوانن ڕووبەری زۆر فراوانی زەوی بکێڵن و بچێنن. لەگەڵ هاتنی سەدەی هەژدەیەمدا، ڕێژەی مامناوەندی ڕووبەری کێڵگەکان لە باشووری ئینگلترا بووە ١٥٠ هێکتار، لە بەرانبەریشدا لە لە دلتا یانگتزیدا یەك هێکتار بوو.

هەروەها نێردە دۆزرەوەکانی دەریایی جیاوازیی نێوان شێوازی خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتی ڕوون دەکاتەوە. نێردراوەکانی ئەوروپی قەبارەیان کەمتر بوو، بەڵام بەرهەمیان زیاتر بوو. لە زۆربەی دۆخەکانیشدا، ڕێگەی نوێ بۆ بەخشینی نرخی گەشتەکان بەکاردەهێندران. هۆڵەندییەکان ڕێگەی داهێندراویان لە بواری دارایی و باجدا دۆزییەوە، بازرگانانی ماسیی رنکە (herring) گرێبەستی وەهایان بەکاردەهێنا کە لە ماوەیەکی دواتردا داوای ڕادەستکردنی کاڵایەکانی دەکرد،

ئەمەیش لە هەشتایەکانی سەدەی شانزەیەمدا دەستیپێکرد. ئەم میکانیزمانەی دارایی بە پێشکەوتنێکی گەوهەری دادەنرێن، چوونکە بەخشینی پارە (التمویل)ی بۆ ژمارەیەکی زۆری نێردەکان دابین دەکرد. گشت گەشتێك شیمانەی ئەوەی لێ دەکرا قازانج وەدەستبێنێ و شتی نوێ و بەرهەمی نوێ بدۆزێتەوە. پرۆژەکە بەگرتنەبەری ڕێبازی ئەزموونکردن و فێربوون لە هەڵە بەرەو پێشەوە پاڵ دەندرا، چوونکە کۆی گەشت و نێردەکارییەکان لەسەر بنەمای ئەوانەی پێش خۆیان بونیاد دەنران. لەگەڵ کاتیشدا زنجیرەیەکی کارلەیەکترکردووی بازرگان و دۆزینەوە و زانست و فێربوون پێشدەکەوت.

لە بەرانبەرشدا لە وڵاتی چیندا، گەشتەکان و نێردەکارییەکان تەنیا پشتیان بە بەرژەوەندی و هێزی پاشا دەبەست، لەبەرئەوە لەگەڵ ڕۆیشتنی پاشادا ئەویش دەوەستا. لە یەکێك لە دۆخەکاندا، ئیمپراتۆری نوێ فەرمانی دەرکرد کە گشت پلانەکانی دروستکردنی کەشتییەکان لەنێوببرێن بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ سەرلەنوێ بونیادیان بنێتەوە. چینییەکان هەر لە سەدەی سێزدەیەمەوە دەیانتوانی زۆر بەکاراییەوە تۆپهاوێژەکان بەکاربێنن، بەڵام دوای سێ سەدە بەبێ یارمەتیی ئەوروپییەکان و ڕێنماییەکانیان بۆ چۆنییەتی ئەنجامدانی کارەکە نەیانتوانی تەنیا یەك تۆپیش بتەقێنن. لێرەوە دیڤید لاندسی مێژوونووسی ئابووری لە زانکۆی هارفارد ئەو بۆچوونەی لەلا دروست دەبێت کە چین لە " وەدیهێنانی کردەی پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژییایەکدا شکستی هێنا کەوا لە ڕووی ئابوورییەوە کارا و بەردەوامە". ئا ئەمە تراژیدیایەکەی ئاسیایە: هەرچەندە مەعریفە هەبوو، بەڵام فێربوونی تیادا نەبوو.

ئایا ڕۆشنبیری قەدەرێکە؟

بۆچی ولآتانی نا خۆرئاوایی لە جوولە وەستان لە کاتێکدا خۆرئاوا لە پێشکەوتن بەردەوام بوو؟ ئەم پرسیارە بۆ ماوەی چەندان سەدە گفتوگۆ و بێژبازییەکی زۆری لەسەر کراوە بەبێ ئەوەی کەس بگاتە وەلآمێکی ورد و تەواو. ڕوونە کە مافی موڵکایەتیی تایبەت و دەستگەکانی نوێی دەستهەلآت و چقاکی بەهێزی مەدەنی (واتا ئەو چقاکەی کە دەوڵەت کۆنترۆڵی ناکات)، سەبارەت بە گەشەکردنی ئەوروپا و دواتریش ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا پرسێکی کرۆکی بوو. لە بەرانبەریشدا، سزاری ڕووسی- بەشێوەی تیۆری- بەتەواوی ولآتی کردبووە موڵکی خۆی. لە چینیشدا سەرا و کۆشکی خانەوادەی مینگ لە لایەن هەندێك بەرپرسی چینییەوە بەڕێوەدەبرا کەوا ڕقیان لە بازرگانی دەبوویەوە. بەلآم چقاکەکان- لە گشت ناوچەکانی جیهانی نا خۆرئاواییدا- زۆر لاوازبوو و پشتی بە دەوڵەت بەستبوو. پیاوانی نێوخۆیی کار لە هیند بەردەوام دیل و کۆیلەی هەوەسەکانی کۆشك و سەرای ئیمپراتۆری بوون. لە چینیشدا بازرگانانی دەوڵەمەند لەپێناو شارەزابوون لە فەلسەفەی کۆنفۆشیۆس وازیان لە بازرگانی دەهێنا بۆ ئەوەی لە کۆشك و سەرای ئیمپراتۆری نزیکبن.

مەغۆل و عوسمانییەکان جەنگاوەر و ئەرستۆکراتی بوون، لەبەرئەوە وەها لە بازرگانییان دەنواڕی کەوا هیچ مەزنایەتی و گرنگییەکی تیادا نییە (هەرچەندە خۆرهەلآتی نێوەڕاست کەلتوور و میراتێکی زۆر دووروودرێژی بازرگانی هەبوو). لە هینیشدا، ئەم لایەنگرییە بەهۆی ئەو پێگە نزمەوە پتەو دەکرا کەوا بازرگانان لە پلەبەندیی چینایەتیی هیندۆسیدا داگیریان دەکرد. مێژوونووسان باوەڕیان وەهابوو کە بیروباوەڕ و سرووتەکانی هیندۆسی ببووە تەگەرەی بەردەم پێشکەوتن، لەمبارەیەوە پۆل کنیدی دەڵێ " توندوتیژیی ڕەهای حەرامکراوە ئاینییەکانی هیندۆسی کاریگەرییەکی نەرێنی لە کردەی نوێگەراییدا کرد:

ڕێژەیەکی زۆری مادەی خۆراکی بەفیڕۆچوو، چوونکە ڕێگە نەدەدرا گیاندارانی قرتێنەر و مێرووەکان بکوژرێن؛ هەروەها خوو و نەریتەکانی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆ دەربازکردن لە خاشاك و پاشماوەکانی لەشی مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی هەلومەرجی بەردەوامی ناتەندروستی کەوای کرد ناوچەکە ببێتە زەوییەکی بەپیتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تاعوون؛ سیستمی چینایەتیش گیانی دەستپێشخەری خنکاند و خوو و نەریتەکانی چەسپاند و بازاڕی کۆتوبەندکرد؛ هەروەها ئەو دەستەڵاتەی کەوا کاهینە براهمانییەکان بە دەستەڵاتدارە نێوخۆییەکانی هیندییان بەخشیبوو، وەهای کرد ئەم شێواز و نۆرمە دژە ژیانە لە بەرزترین ئاستەکانی خۆیدا زۆر کاریگەر بێت". هەروەها گی ئەی ئێم. ڕۆبێرتس تیشکی خستە سەر وێنا و دونیابینیی هیندۆسییانە بۆ جیهان.

بەڵام ئەگەر ڕۆشنبیری گرنگترین شت بێت، ئەدی چۆن دۆخی ئێستەیی چین و هیند لێکبدەینەوە؟ لە ڕاستیدا، لەم ڕۆژگارەدا، گەشەکردنە سەرسوڕهێنەرەکەی بەهۆی ستایشکردن و ڕۆڵی ڕۆشنبیریی هەردوو وڵات لێکدەدرێتەوە. ڕۆژێك لە ڕۆژان، کۆنفۆشیۆسییەت پێشکەوتنی ئیفلیج دەکرد، بەڵام لە ئێستەدا بووەتە هاندەری پێشکەوتن. هەروەها ئەقڵییەتی هیندۆسی تەگەرە بوو، ئێستەیش وەها لێی دەنواڕدرێ جۆرێك لە واقیعیەتی مادی بەرجەستە دەکات کەوا بە بنەمای سەرمایەداریی بازرگانی دادەنرێ. واپێدەچی کە بڵاوبوونەوە و پەلوپۆهاوێشتنی هەردوو ڕۆشنبیری و کەلتووری هیندۆسی و چینی ڕۆژانە بەڵگەی سەلمێنەر دەبەخشنە ئەم بیردۆزانە.

دانییل پاتریك موینهانی سیناتۆر و مەزنە ئەکادیمیستی کۆچکردووی ئەمریکی جارێك گوتی:" ڕاستیی سەرەکی لە هزری پارێزەرانە ئەوەیە کە ڕۆشنبیری نەك

سیاسەت، سەرکەوتنی جڤاکێك دیاری دەکات. بەلام ڕاستیی سەرەکیی لیبرالی ئەوەیە کە سیاسەت دەتوانێ ڕۆشنبیری بگۆڕێت و لەخۆیدا بیپارێزێ". ئەمەیش تەواو ڕاستە. ڕۆشنبیری گرنگە، بەڕاستی گرنگە، بەلام گۆڕانی بەسەردا دێت. چوونکە لە ساتێکی دیاریکراودا، لەوانەیە هەندێك تایبەتمەندیی جیاکەرەوە زۆر گرنگبن و وەها بێنە بەرچاو کە جێگیرن، بەلام هەر لەگەڵ ئەوەی دۆخێکی سیاسی و ئابووری گۆڕانیان بەسەردا بێت، ئەوا گرنگیی ئەو تایبەتمەندییانە کاڵ دەبنەوە و جێگە بۆ تایبەتمەندیی دیکە چۆل دەکەن. ڕۆژگارێك جیهانی عەرەبی مەڵبەندی زانست و بازرگانی بوو، بەلام لە دەیەکانی کۆتاییدا هەناردە سەرەکییەکانی تەنیا نەوت بوو. هەر بێژبازی و گفتوگۆیەکی ڕۆشنبیری دەبێ توانای لێکدانەوەی هەردوو قۆناغی هەبێت: سەرکەوتن و شکست.

بۆچی بازرگانیی ئاسیایی – کەوا ئێستە زۆر بەرجەستە و بالانومایە– بۆ ماوەی چەندان سەدە بزر و ژێر گڵ کەوتبوو؟ بەشێکی زۆری وەلامی ئەم پرسیارە هەردەبێ خۆی لە بونیادی ولاتانی ئاسیاییدا حەشار دابێت. زۆربەی ولاتانی ئاسیایی حکوومەتی دوژمنکارانە و بەهێز و مەرکەزییان هەبوو کەوا باجیان لە هاوولاتیانی خۆیان وەردەگرت بەبێ ئەوەی لە بەرانبەردا شتێکی زۆریان پێببەخشن. لە سەدەی پانزەیەمەوە تا سەدەی نۆزدەیەم، دەستهەلاتدارانی ئاسیایی بەگشتی، کۆپی و هاوشێوەی دەستهەلاتدارە کەڵەگایەکانی خۆرهەلاتی ئاسیابوون. کاتێك مەغۆلەکان لە سەدەی پانزەیەمەوە لە باکوورەوە هێندیان داگیر کرد، دەستهەلاتە دڕندەییەکەیان بە سەپاندنی باج و جزیە و بونیادنانی کۆشك و قەلا دەناسرایەوە و بەتەواوی ژێرخانی ئابووری و ڕێگەوبانەکان و بازرگانی و داهێنانەکانیان پشتگوێ خستبوو (تەنیا دەستهەلاتی پاشا مەزنەکەیان نەبێت ١٥٥٦–١٦٠٥). میرەکانی هیندۆسی لە باشووردا هێندە باشتر

نەبوون، چوونکە بازرگانەکان ناچاربوون ڕێژەی قازانجکردن بەبەرزی بهێڵنەوە، ئەمەیش بۆ خۆپاراستن بوو لەو باجە بەردەوام و ستەمکارەی کەوا دەستهەڵاتدارەکانیان دەیانسەپاند. هیچ کامێکیان حەزیان بە پێکهێنانی سامان نەدەکرد، چوونکە پێشوەخت دەیانزانی دەستی بەسەردا دەگیرێ.

بەڵام لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، دەستهەڵاتی مەرکەزی زۆر دوای ئەمە هات. کاتێك ناوچەکە لە سایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بەشێوەیەکی نەرم و بەڕێژە لامەرکەزی بەڕێوەدەبرا، ئەوا بازرگانی و کار و داهێنانەکان گەشەیان کرد، چوونکە کاڵا و هزر و خەڵك زۆر ئازادانە لە گشت شوێنێکدا تێکەڵی یەکتر دەبوون. تا سەدەی بیستەم داهات، لەو کاتیدا هەوڵێك بۆ دروستکردنی وڵاتانی سەربەخۆی بەهێز و نوێ درا و بووە هۆی پەیدابوونی چەند سیستمێك کە بووە هۆی متبوونێکی قووڵی ئابووری و سیاسی. جا لەگەڵ هەبوونی حکومەتەکانی بەهێز و جڤاکەکانی بێدەستهەڵات و لاوازدا ناوچەکە دوا کەوت و لە زۆر لایەنی پێشکەوتندا کەوتە دوای وڵاتانی دیکە.

بۆچی ئەم جۆرە دەوڵەتە مەرکەزیيانە لە ئەورووپادا سنووربەند و کۆتوبەند کرابوون، هەرچەندە بەزۆرێك لە شوێنەکانی دیکەی جیهانی نا خۆرئاواییدا بڵاوبووبونەوە؟ یەکەم، بەهۆی کڵێسای مەسیحییەوە بوو کە تاکە دەستگە بوو بتوانێ دژی دەستهەڵاتی پاشایان بوەستێتەوە، دووەم، بەهۆی دەستەبژێرێکی خاوەنزەوی لە ئەورووپادا کەوا لە گوندەکاندا بنکەیەکی سەربەخۆی هەبوو و وەك کۆتوبەندکاری دەستهەڵاتی تاکڕەو و خۆسەپێنی پاشایی ڕەفتاری دەکرد (یەکەم یاسای ماف The Magna Carta لە جیهانی خۆرئاواییدا لە ڕاستیدا پەیماننامەیەك بوو بۆ ئیمتیازی بارۆنەکانی خاوەنزەوی کە لە لایەن

خانەدانەکانەوە بەسەر پاشادا سەپێندرا). سێیەمیش، بەهۆی جوگرافیاکەیەوە بوو.

ئەوروپا بەچەند ڕووبارێکی گەورە و چیای سەرکەش و دۆڵی فراوان دابەش کراوە، ئەمەیش سروشتێکی تۆبۆگرافییە و چەندان سنووری سروشتیی بە ناوچەکە بەخشیوە و یارمەتیدەری دروستبوونی چڤاکی سیاسیی فرە قەبارە بووە: شاری سەربەخۆ، دۆقییەکان، کۆمارەکان، دەوڵەتان و ئیمپراتۆرییەکان. لە ساڵی ١٥٠٠ دا لە ئەوروپا زیاتر لە ٥٠٠ دەوڵەت و شاری سەربەخۆ و هەرێمی دەرەبەگایەتی هەبوو. ئەم هەمەڕەنگییەش واتا بوونی کێبڕکێیەکی بەردەوام لەنێوان هزر و خەڵك و هونەر و چەك و تفاقەکان. جا ئەو کەسانەی لە شوێنێکدا بەشێوازێکی خراپ ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرا یان دەبێزێندران و دەچەوسێندرانەوە، دەیانتوانی بچنە شوێنێکی دیکە و تیایدا گەشە بکەن. هەروەها ئەو دەوڵەت و وڵاتانەی سەرکەوتنێکیان وەدەستدەهێنا لاساییان دەکرایەوە، بەڵام شکستخواردووەکان لەنێودەچوون. جا بە تێپەربوونی کات ئەم کێبڕکێیە یارمەتیی ئەوروپای دا کە لە دروستکردنی سامان و دارایی و دروستکردنی جەنگەکانیشدا زۆر کارامە و دەستڕەنگین و داهێنەر بێت.

لە بەرانبەریشدا، ئاسیا لە چەند زەوییەکی دەشتایی فراوان پێکدێت وەك دەشتەکانی ڕووسیا و چین. جا لەم شوێنانەدا، سوپایەکان زۆر بەخێرایی پێشڕەوییان دەکرد و ڕووبەڕووی کەمە بەرگرییەك دەبوونەوە (چینییەکان ناچاربوون پەرژینە مەزنەکە دروستبکەن چوونکە بۆ خۆپاراستن و پاراستنی زەوییەکانیان نەیاندەتوانی پشت بە هیچ لەمپەرێکی سروشتی ببەستن). ئەم سروشتە جوگرافییە یارمەتیی دروستبوونی ئیمپراتۆریایەکانی بەرفراوان مەرکەزی دا کەوا توانیان بۆ ماوەی چەندان سەدە خۆیان بپارێزن. بۆنموونە لەو

ڕووداوە وردبەرەوە کەوا بەهۆیەوە دەستمان بەم بەشەکرد کە ئەویش بڕیاری خانەوادەی مینگ بوو بۆ وەستاندنی نێردە دوورەوە دەریاییەکانی دوای گەشتەکانی زینگ هی. لەوانەیە سەرنجراکێشترین شتێك لە قەدەغەکردنی ئەم گەشتە سەرکەوتن و سەرگرتنی بێت. سیاسەتێکی لەمجۆرە لە ئەوروپادا هەرگیز نەدەتواندرا پیادە بکرێ. چوونکە لەوێدا هیچ پاشایەك نەبوو هێزێکی تەواوی هەبێت ئەم جۆرە بڕیارە پیادە بکات، جا ئەگەر بەهێزیش بووایە، ئەوا خەڵکی شارەزا و کارامە دەچوونە وڵاتێکی دیکەی سەربەخۆ یان هەرێمێکی دەربەگیی هاوسێیان. بەڵام ئیمپراتۆری چین لەبەر ئەو هۆیانەی باسمانکردن توانای هەبوو ڕەوڕەوەی زەمەن بگەڕێنێتەوە دواوە.

ڕێژگە و ڕێگەکانی دەریایی بۆ ئەوروپا بەخششێکی دیکە بوو. چوونکە ڕووبارەکانی بەهێواشی بەرەو کەنداوەکانی پارێزراو دەچوون کە بۆ دەریاوانی لەباربوون، بۆ نموونە، ڕاین ڕووبارێکی پان و هێواشە و دەکرێ وەك ڕێگەیەکی خێرا بۆ گواستنەوەی کاڵا و خەڵك بەکاربهێندرێ. هەروەها دەریای نێوەڕاست دەریایەکی هێمنە– زیاتر بە دەریاچە دەچێت– و زۆرێك لە بەندەری گەورەی تیادایە. ئەم ڕێژگە و ڕەوتە ئاواییانە لەگەڵ ئەوانەی ئەفریقیا بەراورد بکە. هەرچەندە ئەفریقیا لە جیهاندا دووەم کیشوەری مەزنە، بەڵام پشتێنەیەکی کورتتری کەناریی هەیە، زۆربەشیان بۆ ئەوە دەست نادەن بەندەری گرنگییان لێ دروست بکرێ چوونکە ئاوەکانیان قووڵاییان کەمە. زۆربەی ڕووبارەکانیشی گەورەن و بۆ دەریاوانی ناگونجێن چوونکە تیژڕۆ و نقومکاران و دەبنە هۆی سەرگێژبوون. خۆ ئەگەر گەرمیی ناوچەی گەرمەسێریشی بخەیتە بان کە یارمەتیدەری تێکدانی خۆراك و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانە، ئەوا ئەو لێکدانەوە

جوگرافییە سەرنجڕاکێشەی دواکەوتنی ئەفریقیات دەکەوێتە دەست؛ بێگومان ئەمە تاکە هۆکار نییە، بەڵام لە گشت هۆکارەکانی دیکە گرنگترە.

ڕەنگە ئەم لێکدانەوانەی سەرەوە ئەو بۆچوونە دروست بکەن کە مێژوو هیچ توانایەکی نەبێت ڕەوتێکی دیکەی جیاواز بگرێتەبەر. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هۆکارە بونیادییانە گوزارشتن لە توانای جڤاکێك بۆ وەدەستهێنان و ئەنجامدانی شتێك؛ واتا ئەو شتانەی کەوا شیمانەکان ئاماژەی بۆ دەکەن. هەندێك کات لەوانەیە شیمانە دروستەکان و سەرلیستەکان شکستبێنن. چوونکە گەرچی ئەوروپا جوگرافیایەکی هەمەڕەنگی هەیە، بەڵام جارێك لە لایەن ئیمپراتۆریای مەزنی ڕۆما داگیرکرا؛ ئەو ڕۆمایەی کەوا هەوڵی دا مەرکەزییەتی ئیپمراتۆرییەکەی خۆی تا ئەوپەڕی توانا و بۆ درێژترین ماوە بپارێزێ. هەروەها خۆرهەلاتی نێوەڕاست لە یەکێك لە قۆناغەکانی مێژووییدا لەسایەی ئیمپراتۆرییایەکی پەلوپۆهاوێشتوودا گەشەکردنی بەخۆیەوە بینی. هەروەها چینیش هەرچەندە سروشتێکی کراوە و دەشتاییانەی جوگرافی هەیە، هەروەها هیندیش چەندان قۆناغ بەشێوەیەکی پێشکەوتووانە و گەشەسەندوو بووە و هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیوە. هەروەها ئیمتیازەکانی ئەوروپی لە سەرەتادا زۆر کەم بووە و بەزۆری تایبەت بووە بە چەك و تەکنیکەکانی جەنگ، بەڵام لەگەڵ گوزەرکردنی کاتدا چەند بەرابەر بووەتەوە و پشتی یەکتریان گرتووە، خۆرئاوا زیاتر و زیاتر پێشکەوتووە و بەپێش هەمووان کەوتووە.

دەستکەوت و تالانییەکان (غنائم)ی جەنگ

دۆزینەوەی ڕەوت و ڕێگەکانی نوێی دەریایی و شارستانییەتەکانی دەوڵەمەند و گەلانی سەیر و نامۆ، وزەی خۆرئاوای جوولاند و خەیاڵیشی وروژاند. چوونکە ئەوروپییەکان ڕوویان لە هەر شوێنێك کردبایە کاڵا و بازاڕ و دەرفەتیان دەدۆزییەوە. جا لەگەڵ هاتنی سەدەی حەڤدەیەمدا، گەلانی خۆرئاوایی هەژموونی خۆیان بەسەر گشت شوێن و کەلتوورەکانی دیکەدا سەپاند کەوا پەیوەندییان لەگەڵیاندا بەستبوو. هیچ شوێنێکی دونیا نەما پێی نەگەیشتبن، هەر لە زەوییەکانی بەرانبەر زەریای ئەتڵەسییەوە تا دەگاتە دوورترین شوێنی باشووری زەریای هێمن کە وەك ئامانجی هەرە گرنگی ئەوروپییەکان لەبەرچاو گیران. لە سەرەتادا، خۆرهەڵاتی دوور – چین و یابان– لەم هەژموونەی ئەوروپا دووربوون، بەڵام ئەوانیش لەگەڵ هاتنی نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا بوونە نێچیری فتوحاتەکانی خۆرئاوایی. جا لەگەڵ ڕابوونی خۆرئاوادا وردە وردە شارستانییەتیی جیهانی پێکدەهات؛ شارستانییەتێك کە لە لایەن چەند وڵاتێکی ئەوروپای خۆرئاوادا ڕەهەند و ڕوخسارەکانی شکلگیر بوون و هەر ئەوانیش هەژموونیان بەسەریدا پەیداکرد.

سەرەتا ئەوروپییەکان جەختیان لەسەر دۆزینەوەی ئەو بەرهەمانە کردەوە کەوا لەوانەبوو خەڵکی وڵاتانی خۆیان پێویستیان پێی ببێت. بەڵام ئەم مەسەلەیە لە هەندێك کاتدا بەشێوازی تاڵانکردن و هەندێك کاتی دیکەش بە پشتبەستن بە ئامرازی بازرگانییەوە دەبێت. ئەوان خوری و فەرووی کیشوەری ئەمریکا و بەهاراتی ئاسیا و زێڕ و ئەڵماسی بەرازیلیان لەگەڵ خۆیاندا دەبردەوە. بەڵام ئەم پەیوەندییەیان زۆر بەخێرایی مۆرکێکی بەردەوامتری بەخۆیەوە گرت. گرنگیدانەکانیان بەپێی کەشوهەوایەکان دەگۆڕا، بۆنموونە لە ناوچەکانی مامنێوەندیدا – لە ئەمریکای باکوور و باشوورەوە– سەقامگیرییان هەڵبژارد و لە

شوێنەکانی دووردەستیشدا ئەو جڤاکانەیان پێکهێنا کەوا مۆرکێکی خۆرئاواییان هەیە. ئەمە ئەو شتەبوو کەوا بە جیهانی نوێ ناویان دەبرد. هەروەها لەو شوێنانەشدا کە بینیان هی ئەوە نییە مرۆڤی تیادا نیشتەجێ ببێت- بەزۆری ئەو شوێنانەی کەوا کەشوهەوایەکی خولگەییان هەیە وەك باشووری خۆرهەلاتی ئاسیا و ئەفریقیا- لەپێناو بەرهەمهێنانی بەرووبوومی سوودبەخش بۆ بازارەکانی نێوخۆیی سیستمێکی کشتوکاڵییان پێکهێنا. هۆڵەندییەکان لەو شوێنەی کەوا بە هیندی خۆرهەلاتی ناودەبرا East Endies کێڵگەی زۆر فراوانیان دروستکرد (ئەوکات ئەوروپییەکان ئەم ناوەیان بەسەر هەموو ئەو شوێنانەدا بریبوو کەوا دەکەوتنە خۆرهەلاتی هیند) هەروەها پورتوگالییەکانیش لە بەرازیلدا. بەلاّم زۆر بەخێرایی کێڵگەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە دەریای کاریبی داپۆشتن کە بۆ کارکردن تیایاندا ئەفریقییەکانیان وەك کۆیلە بەکاردەهێنا.

لە میانی سەد ساڵ لە یەکەم پەیوەندیی ئەوروپیدا، پێشکەوتنێکی روون و بەرچاو هاتەکایەوە کە هی ئەوە نەبوو بگەرێتەوە دواوە: و ئەو پەیوەندییانە سیستمەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریی نێو جڤاکەکانی نا خۆرئاواییان گۆڕی یانیش وێرانیان کرد. سیستمی کۆن یان داڕووخا یان وێرانکرا یانیش لە زۆربەی کاتەکاندا دووچاری هەردوو دۆخ دەبوونەوە. ئەم وەرچەرخانە بەسەر گشت ولاّتاندا هات جا قەبارەیان هەرجۆرێك بووبێت، - لە بۆرمای بچووکەوە کەوا بونیادە تەقلیدییەکەی لەژێر حوکمی بریتانیدا داڕووخا- تا دەگاتە هۆزە گەورەکانی ئەفریقیا کە تیایدا ئەوروپییەکان سنووری نوێیان دیاری کردبوو و چەندان دابەشکارییان تیادا ئەنجام دابوو و دەستهەلاّتیشیان دابوویە دەست ئەو کەسانەی کە خۆیان پەسندیان کردبوون. گەرچی هەندێکجار لەگەڵ ئەم کاریگەرییە دەرەکییەدا درندەییش بەکاردەهات، بەلاّم لە زۆربەی کاتەکاندا

جۆرێك لە نوێگەرایی دروستکردبوو. لە دۆخەکانی دیکەشدا کاریگەریی ئەورووپی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانە بوو، چوونکە دوای وێرانکردنی شێواز و نۆرمەکانی کۆن رێگەی دیکەی ئەلتەرناتیڤی دانەهێنابوو جێگەیان بگرێتەوە. بەهەرحاڵ، ئەمریکا و ئاسیا و ئەفریقیا بۆ هەتاهەتایە و بەشێوەیەك گۆڕان کە گەڕانەوە ئەستەم بوو، ئەمەیش بەهۆی دۆزینەوەی ئەورووپا بوو بۆ ئەم شوێنانە.

ئەرازووی هێز رۆڵی خۆی لە دیاریکردنی ئاراستە و رووگەی فراوانبوونی ئەورووپادا بینی. چوونکە بەهۆی ئەوەی ماوەی چەندان سەدە ئەورووپییەکان لە رووی پێشکەوتنی سەربازییەوە نەیانتوانی بەسەر تورك و عەرەبەکاندا زاڵبن و لە دواوەی ئەوانەوە بوون– هەرچەندە سەرەوەرییان بەسەر زەریاکاندا هەبوو– هەر تەنیا بە دروستکردنی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیا دەستیان هەڵگرت، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەن کۆنترۆڵی بکەن، ئەمەیش تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم درێژەی کێشا. لە ئاسیاشدا ئەورووپییەکان کەمە رێگەیەکی سانای ئاوییان بەرەو کیشوەرەکە دۆزییەوە، ئەوجا لەوێدا نووسینگە و وێستگەی بازرگانییان دامەزراند و بەو پاشماوەیە رازی دەبوون کەوا چینییەکان دەستیان لێی هەڵگرتبوو. بەڵام لە باشووری بیابانی ئەفریقیا و کیشوەری ئەمریکادا، زۆر بەڕوونی لە دانیشتوونە لۆکاڵییەکە بەهێزتربوون و ئەمەیان دەزانی. فراوانبوون و پەلوپۆهاوێشتنی پورتوگالییانە لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمدا لە کۆنگۆ و زیمبابۆیدا دەستیپێکرد، بەڵام کەشوهەوای ئەوێ بۆ سەقامگیربوون لەبار نەبوو بۆیێ چوونە نیوە گۆی خۆرئاوا.

ئەمریکاش بەرێکەوت رۆڵی لە گەیشتنی ئەورووپییەکاندا هەبوو بۆ ئەوێ– کۆلۆمبۆس بەدوای رۆینگەیەك (ممر) دەگەڕا بۆ ئەوەی بگاتە هیندی خۆرهەڵات

East Endies، بـەلاّم تەگەرەیـەکی گـەورەی لەبـەردەم خۆیـدا بینیـەوە و دۆزینەوەکە دڵخۆشکەرانە بوو. ئەمریکا بـۆ مـاوەی چـوار سـەدە بـووە دەرگـە و کەلێنی هەلآتنی ئەورووپییەکان. ئەورووپییەکانیش بە چەند هۆیـەکی جۆراوجـۆری وەك زیادبوونی دانیشتووان و هەژاری و چەوسانەوەی ئاینی لە نیشتماندا یـانیش حـەزکردن بـە سەرکێشـی، بـەرەو ناوچـەکانی دیکـەی جیهـان کۆچـیان دەکـرد. کاتێکیش گەیشتنە ئەو شوێنانە، لە هەندێك لایەندا شارستانیی ئاڵۆزیـان بینـی، بەلاّم لـە ڕووی سـەربازییەوە زۆر سـەرەتایی بـوون، چـوونکە دەسـتە و گرووپـی بچـووك – کـۆرتیس، بیـزارۆ– دەیـانتوانی شکسـت بـە سـوپای نێوەخـۆیی ئـەو ولآتانە بێنن کە زۆر لە خۆیان گەورەتر بوون. ئـەم مەسـەلەیە و ئـەو نەخۆشـییە ئەورووپییانەی کەوا دانیشتووانەکانی نێوخۆیی نەیاندەتوانی بەرگەی بگرن، بوونە هۆی وێرانکردنێکی بەرفراوانی زۆرێك لە تیرە و هۆز و کەلتوورەکان.

ئیستعمار لە زۆربەی دۆخەکاندا بەهۆی ولآتانەوە ڕووی نەدا، بەڵکو بەهۆی چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراوی وەك هەردوو کۆمپانیای هینـدی خۆرهـەلآتی بریتـانی و هۆڵەندی (دوو کۆمپانیای قۆرغکار و ڕێگەپێدراو بوون و لەپێناو کۆتایی هێنان بە کێبڕکێی نێوان پیاوانی هەردوو ولآت دامـەزران) هـەروەها کۆمپانیایـەکی دیکـەی فەڕەنسـیی هاوشـێوەیان کـە ئـەویش کۆمپانیـای Compagne des Indes بوو، کە کۆمپانیایەکی حکوومی بوو و بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوە دەبـرا. لـە سـەرەتادا ئـەو کۆمپانیـا بازرگانییانـە گرنگییـان بـە زەوی نـەدەدا، بـەڵکو تاکـە مەبەستیان قـازانج بـوو، بـەلاّم کاتێـك وەبـەرهێنانیان لـەو ناوچـانەدا کـرد، ئـەوا ویستێکی زۆریان بۆ سەقامگیری و کۆنترۆڵکردن هەبوو. جا لەو کاتیدا، هێزەکانی ئەورووپی دەیانەویست ولآتانی کێبڕکێکار دووربخەنەوە. بەمشـێوەیە زەوتکردنـی

زەوییەکان و دروستکردنی ئیمپراتۆرییەکان بەشێوەیەکی فەرمی دەستیپێکرد و ئیمپراتۆریای بریتانی لە هەموویان گەورەتر بوو.

لەگەڵ پەیدابوونی ئیمپراتۆرییەکان بەشێوەیەکی فەرمی، بەرتەمابیە گەورەکان سەریانهەڵدا. چوونکە خۆرئاواییەکان تەمای شتێکیان هەبوو کە زۆر لە پارە و دارایی گەورەتر بوو، ئەوان بەرتەمایی دەستهەلآت و هەژموون و کەلتووریان هەبوو. بەمەیش – بێگومان بە ڕوانگە و بۆچوونی تۆ– یان بوونە ئایدۆلۆژیست یانیش کەسانی ئایدیالی. لەگەڵ خۆیشیاندا دەستگە و دابونەریت و هزری ئەورووپایان هێنایە نێو جڤاکەکانی ئیستعمارکراو، بۆنموونە: بریتانییەکان سیستمی دادوەریی بریتانییان هێنایە هیندستان، بەلآم دادوەری هیندی نەیدەتوانی سپیپێستەکان دادگەیی بکات. لەگەڵ گوزەرکردنی کاتیشدا، کاریگەریی ئەورووپییەکان لە موستەعمەراتەکاندا زۆر گەورە بوو، دواتریش پەرپییەوە پشت ئەو موستەعمەراتانەش. لەمبارەیەوە نیال فیرگسۆن دەڵێ کە ئیمپراتۆریەتی بریتانی بەرپرسە لە بلآوبوونەوە جیهانییەکەی زمانی ئینگلیزی و سیستمی بانکی و یاسای گشتی و پرۆتستانتی و حکومەتی کۆتوبەندکراو و حکوومەتی نوێنەرایەتی و ئازادی. ڕەنگە ئەم تێزە دووڕوویی و فیرسیی (نفاق) و دڕندایەتی کۆنترۆڵ و دەستهەلآتی ئیستعماری پشتگوێ خستبێ کە خۆی لە تالآنکردنی ئابووری، لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ، بەندکردن و ئەشکەنجەداندا دەبینییەوە. هەندێکیش – وەك هۆڵەندییەکان و فەرەنسییەکان– ڕەنگە دژی سەرچاوە ئینگلیزییەکەی ئەو هزرانە بوەستنەوە. بەلآم هەرچۆنێك بێت، گومانی تیادا نییە کە پەیدابوونی ئەو ئیمپراتۆرییانە بوونە هۆی بلآوبوونەوەی هزر و خوو و نەریتەکانی ئەورووپی لە گشت شوێنەکانی سەر گۆی زەوی.

تەنانــەت لــە خۆرھــەلاّتی دووریشــدا کــە خۆرئــاوا ھــیچ جــۆرە ھــەژموون و دەستبەســەرداگرتنێکی فــەرمیی بەســەر زەوییەکانیــدا نــەبوو، بــەلاّم کاریگــەریی ئەورووپی زۆر مەزن بوو. کاتێك کۆشك و سەرای ئیمپراتۆریی خانــەوادەی بێهێــزی کینگ لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا ویستی بازرگانیکردن بە مادەی ئــەفیون قەدەغە بکات، بریتانیا – کە گەنجینەکەی لەسەر داهات و قازانجی بازرگانیکردن بە ئەفیون ڕاهاتبوو– هێرشێکی کردە سەر ولاّتی چین کە بووە سەرەتای ئەو جەنگانەی کەوا بە جەنگەکانی ئەفیون ناودەبران و بۆشایی و کەلێنە گەورەکەی نێوان هەردوو ولاّتی دەرخست. لە کۆتاییشدا، پەکین لە ســالّی ١٨٤٢دا ناچــارکرا بە چەندان سازشکاری ڕازیبێت و دەست بە بازرگــانیکردن بــە ئــەفیون بکاتــەوە؛ دەســتبەرداری هــۆنگ کــۆنگ بــوو و پێــنج بەنــدەری بــۆ کەســە بریتانییــە نیشتەجێیەکان کردەوە، گشت بریتانییەکیشــی لــە یاســایەکانی چــین وەدەرنــا و قەرەبوویەکی یەکجار زۆریشی دا. لە ســالّی ١٨٥٣دا کەشــتییەکانی خۆرئــاوایی– ئــەمجارە ئــەمریکی– هاتنــە نێــو ئاوەکــانی یابــان و کۆتاییــان بــەو سیاســەتە گۆشــەگیرییە هێنــا کــەوا یابــان لــەو کاتیــدا گرتبوویــە بــەر. دوای ئەمــە، یابــان زنجیرەیەك ڕێکەوتنامــەی بازرگــانی واژۆکــرد کــەوا ئیمتیــازی تایبــەتی بەخشــییە ولاّتانی خۆرئاوایی و هاوولاّتییەکانیی. لــە هــەمان کاتیشــدا، ئیمپراتۆرییــەکان لــە گەشەکردن بەردەوام بوون، چوونکە پەلوپۆیان هاوێشت و گەیشتنە زەوییــەکانی ئیمپراتۆریــەتی نەخۆشــی عوســمــانی و ئــەفریقیاش. ئــەم کــردەی هەژموونــە لــە ســەرەتای ســەدەی بیســتــەمدا گەیشــتە ترۆپکــی خــۆی و چــەند پێتــەختێکی خۆرئاوایی کۆنترۆلّی ٨٥٪ ی زەوییەکانی جیهانیان کرد.

بەخۆرئاواییکردن Westernization

لە ساڵی ١٨٢٣دا، کۆمپانیای بریتانی بۆ خۆرهەڵاتی هیند، بڕیاری دروستکردنی خوێندنگەی دا لە کالکوتا، ئامانجیش لە کردنەوەی ئەم خوێندنگەیەدا ڕاهێنانی دانیشتوانانی لۆکاڵی بوو. لەگەڵ ئەوەی ئەم هەنگاوە تا ئەوپەڕی بە دانایانە و شەریفانە دەهاتە بەرچاو، بەڵام هاوڵاتییەکی بەرجەستەی هیندی- کەلکۆتایی بەناوی "ڕجا ڕام موهان ڕوی" هان دا بۆ ئەوەی نامەیەکی ئاگرین بۆ ویلیام بیتی سەرۆکوەزیرانی بریتانیا بنووسێت. ئەم نامەیە شایانی ئەوەیە چەند پەرەگرافێکی دووروودرێژی لێ بهێنینەوە و بیخەینە بەرچاوتان:

کاتێك ئەم فێرگەیەی فێرکردن پێشنیاز کرا.... چەندان خەونی پەمەیی نوقمی کردین کە ئەم ڕێژە پارەیە بۆ بەکارهێنانی چەند پیاوێکی بەڕێزی بەهرەدار و ڕۆشنبیری ئەورووپی بەکاربهێندرێت بۆ ئەوەی خەڵکی نێوەخۆی هیند فێری بیرکاری و فەلسەفە و سروشتناسی و کیمیا و زانستی توێکاری و چەندان زانستی دیکەی بەسوود بکرێ کەوا لەسەر دەستی گەلانی ئەورووپادا گەیشتووەتە پلەی تەواوەتی، پێگەی ئەو گەلانەی لە گشت گەلانی دیکەی جیهان بەرزتر کردووەتەوە.

ئێمە تازە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە حکومەت بەسەرپەرشتیی دانایانی هیندۆسی خوێندنگەیەکی سانسکرێتی دادەمەزرێنی کە لە پێناو گەیاندنی ئەو زانیارییانەیە کە پێشتر لە هیندستاندا بڵاو بوونەتەوە و پێویستیان بە مامۆستا و خوێندنگە نییە. دەتوانین تەنیا پێشبینیی ئەوە لەو خوێندنگەیە بکەین وردەکاریی قەواعیدی و تایبەتمەندیی کەمبەهای میتافیزیکی یان بێبەهای ئەوتۆ بئاخنێتە مێشکی گەنجان کە نە بۆ خاوەنەکانیان و نە بۆ جڤاکیش سوودێکی نییە.

زمـانی سانسـکریتی– هێنـدە دژوار و زەحمەتـە بەشـێوەیەك تـەواو فێربـوونی پێویسـتی بـە تـەواوی ژیـانی تاکەکەسـەکان هەیـە– زۆر بـەوە ناسـراوە کـەوا بەدرێژایی سەردەمەکان لەبەردەم بڵاوبوونـەوەی زانسـت و زانیـاری و مەعریفـەدا تەگەرەیەکی زۆر مەترسیدار بـووە.... ناتوانـدرێ چاکبوونەوەیەکی گـەورە لـەو مەزەندانە بەرهەم بێن: ئەو بابەتانـە چـین کـەوا فیـدانتا (فەلسـەفەی سـەرەکیی هیندۆسی پێشنیازی کردووە)؟..... ڕێگەم بـدە بڵێم لەگـەڵ ڕێـزی شایسـتە بـۆ پێگە بەرزەکەی جەنابتان، ئەگەر کار بەم پلانە بکرێ کەوا ئێسـتە گیراوەتەبـەر، ئەوا بەتەواوی ئامانجە ڕەچاوکراو و پێشنیازکراوەکە لەنێو دەبات.

هەرچەندە گوێم لەو بۆچوون و بەڵگەیە دەبێت کە دەڵێ بـەخۆرئاواییکردن تـەنیا بـەهۆی هێـز و چـەکەوە سـەپێندراوە، ئـەم نامەیـە و سـەدان نامـە و یاداشـتی هاوشـێوەی ئـەم نامەیـەم بیردێنێتـەوە. ڕاسـتە کـە بڵاوکردنـەوەی هزرەکـانی خۆرئاوایی لە زۆربەی کاتەکاندا بـە زۆرەملـێ هاتووەتەکایەوە، بـەڵام زۆرێـك لـە کەسـانی پەرۆشـی نـا خۆرئـاواییش هـەبوون کـە عـەودالّی فێربـوونی نـۆرمی خۆرئاوایی بوون. هۆی پشت ئەمە سانا و ڕوونـە: ئـەوان دەیانویسـت سـەرکەوتن وەدەستبێنن، خەڵکیش بەردەوام حەز بەوە دەکەن لاسایی کەسانی سـەرکەوتوو بکەنەوە.

کارامـەیی و لێهـاتوویی خۆرئـاوا لـە کەڵەکـەکردنی سـامان و هەڵگیرسـاندن و بەڕێوەبردنی جەنگەکاندا لەگەڵ هاتنی سەدەی حەڤدەیەم بـۆ هاوسـێیەکانی زۆر ڕوون و بەرچاو بوو. یەکێك لەو کەسانە بوتروسی ڕووسیای مەزن بوو کە چەندان مانگ لە ئەورووپادا گەڕا و بە پیشەسازی و سوپایەکەی سەرسام بـوو. کـاتێکیش گەڕایـەوە وڵاتەکـەی، بـەخێرایی زنجیرەیـەك ڕێکـاری ڕیشـەیی ڕیفۆرمییانـەی دەرکـرد: نوێکردنـەوەی سـوپا بـە نـۆرمی ئـەورووپی، هـەروەها نوێکردنـەوەی

سیستمی کارگێڕی و گواستنەوەی پایتەخت لە مۆسکۆی ئاسیاییەوە بۆ شارێکی نۆرم ئەورووپی لەسەر لێواری خۆرئاوای ئیمپراتۆریەتی رووسی کە ناوی لێنا سانت بترسبۆرگ. هەروەها ڕیفۆرمی لە یاسا و سیستمی باجیشدا کرد و تەنانەت هەوڵی دا گاڵتە بە کڵێسای ئۆرسودۆکسیش بکات، ئەمەیش بۆ ئەوە بوو زیاتر بیکاتە خۆرئاوایی. هەروەها داوای لە پیاوان کرد ڕیشیان بتاشن و پۆشاکی هاوشێوەی ئەورووپییەکان بپۆشن. جا ئەگەر یەکێك لەسەر پاراستنی مۆدەی کۆن سووربووایە، ئەوا ناچار دەبوو باجی ڕیش بدات کە ساڵانە سەد ڕۆبل بوو.

دوای بوتروسی مەزن، لیستێکی دووردرێژ و تایبەتمەندی ئەو کەسە ناخۆرئاواییانە هەبوو کەوا ویستیان هزرەکانی خۆرئاوا بهێننە ولاتەکەیان. هەندێکیشیان وەك بوتروس ڕادیکالی بوون. لەوانەیە لە هەموویان بەناوبانگتر کەمال ئەتاتورك بێت، کەوا لە ساڵی ١٩٢٢دا دەستهەلاتی لە دەوڵەتی داڕووخاوی عوسمانی وەرگرت و ڕایگەیاند کە لەسەر تورکیا پێویستە دەستبەرداری ڕابردووی خۆی ببێت و لەپێناو گەیشتن بە کاروانی خۆرئاوا، کەلتوور و ڕۆشنبیریی ئەورووپی بگرێتە بەر. ئەتاتورك کۆمارێکی عەلمانی بونیادنا و نووسینی بە پیتی تورکی ڕەتکردەوە و بڕیاری دا نووسین بە پیتەکانی ڕۆمانی بێت، هەروەها پەچە و باڵاپۆش و تەربووشی قەدەغەکرد، گشت بنەمایەکانی ئاینیی خەلافەتی عوسمانی لابرد. پێش ئەمەیش، لە یابان و لە ساڵی ١٨٨٥دا یوکچی فوکۆزاوای مەزن- تیۆردانەری ڕیفۆرمی ئیمپراتۆریەتی میجی- وتارێکی بەنێوبانگی بەناونیشانی دەستبەردان لە ئاسیا نووسی، لە وتارەکەیدا تاوتوێی ئەوەی کردبوو کە زۆر پێویستە یابان پشت لە ئاسیا بکات، بەتایبەتیش لە چین و کۆریا، هەروەها لە ولاتە شارستانییەکانی خۆرئاوادا بەدوای بەخت و چارەنووسی خۆیدا بگەڕێت. زۆرێك لە ڕیفۆرمخوازی چینی هەن کەوا تێزی

هاوشێوەیان پێشكەش كردووە، وەك صن یات سین، كەوا زۆر بەڕاشكاوی دانی بە پێگە سەركەوتووەكەی ئەورووپا و زەرووڕەتی لاساییكردنەوەی داناوە ئەگەر وڵاتی چین بیەوێ پێشبكەوێ.

هەروەها جواهیر لال نەهرۆ- یەكەم سەرۆكوەزیرانی هیندی سەربەخۆ- باوەڕی وەهابوو كە لەوانەیە كۆتایی هێنان بە دواكەوتوویی وڵاتەكەی پێویستی بە لاسایكردنەوەی لایەنی سیاسی و ئابووریی خۆرئاوە بێت. نەهرۆ لە قوتابخانەی هارۆ و زانكۆی كامبرج خوێندبووی، ئەمەیش وەهای لێكردبوو هەڵوێستێكی لیبراڵییانەی خۆرئاوایی هەبێت، تەنانەت جارێكیان بە نهێنیێ وەها خۆی وەسفكردبوو كە " دوا كەسی ئینگلیزە حوكمی هیند بكات". لە ڕاستیدا كەسانی هاوسەردەمی نەهرۆ لە گشت شوێنە جیاوازەكانی جیهاندا بەهەمانشێوەی نەهرۆ هزری خۆرئاواییان وەرگرتبوو. دوای قۆناغی ئیستعماریش، خودی ڕێبەران و سەركردەكانی شۆڕش هەوڵیان دا لە ڕووی سیاسییەوە خۆیان لە خۆرئاوا ڕزگاربكەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا ویستیان هەمان ڕێگەی خۆرئاوا بگرنەبەر بەرەو نوێگەرایی. تەنانەت جەمال عەبەدولناسری دوژمنە سەرسەختەكەی خۆرئاوا، قاتی مۆدێل سەیری لەبەردەكرد و زۆر بەپەرۆشییەوە مێژووی ئەورووپیی دەخوێندەوە. بەردەوامیش هزرە سیاسییەكانی خۆی لە زانایان و نووسەرانی بریتانی و فەڕەنسی و ئەمریكی وەردەگرت. فیلمە هەرە خۆشەكەش بەلای ناوبراو "ئەمە ژیانێكی مەزن و خۆشە" ی فرانك كابرابوو.

كە هەندێكجار ئەو سەركردانە و وتارە ئاگرینەكانیانمان بیردێتەوە كەوا دژی خۆرئاوا و ئاراستەكانی ماركسییە، ئەو باوەڕەمان لەلا دروست دەبێت كە ڕقیان لە خۆرئاوایە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر بەسادەیی پێڕەویی كەلتووره ڕادیكالەكەی

خۆرئاوایان دەکرد. چوونکە مارکس و ئەنگلس و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و لینین هەر هەموویان بیرمەندانی خۆرئاواین. تەنانەت لە ئێستەشدا کاتێك خەڵك لە ئاسیا و ئەفریقیا ڕەخنە لە خۆرئاوا دەگرن، بەزۆری ئەو بەڵگانە بەکاردێننن کەوا یان لە لەندەن یانیش لە پاریس و نیویۆرکدا بەدیارکەوتوون، بۆ نموونە: ڕەخنەکەی ئوسامە بن لادن لەو شریتە ڤیدیۆییەی کەوا لە ساڵی ٢٠٠٧دا دەرچوو، چەند ئاماژەیەکی تیادا بوو کە لە ئەسڵدا هی نوام چۆمسکی بوو، هەروەها نەبوونی یەکسانی و قەیرانی بارمتەی خانووبەرە و گەرمبوونی پلەی گەرمی زەوی وەك نووسینی ئەکادیمییەکی چەپڕەوی نێو بیرکلی بوو. لە ڕۆمانی (گەنجان)ی جۆزیف کۆنراد، ڕۆماننووس باس لە یەکەمین بەیەکگەیشتنی خۆی و خۆرهەڵات دەکات:" ئەوسا، پێش ئەوەی بتوانم لێوەکانم بکەمەوە، دەنگێك بە توندوتیژییەوە جنێوی دەدا و نەفرەتی دادەباراند: ڕێژنە وشەیەکی ناشرینی باراندە سەر گۆشە هێمنەکەی کەنداوەکە. بە ئاژەڵ و ڕەشەولاغ ناوزەدمی کرد، تا دەگاتە ناولێنانم بە چەند سیفەتێك کەوا لە زمانی ئینگلیزیدا ناتواندرێ باس بکرێ.

سەرکردەکانی نا خۆرئاوایی زۆر بە خۆرئاوا سەرسامبوون، بەتایبەتیش لە سەرکەوتن و پێشکەوتنی لە بەرهەمهێنانی سامان و زاڵبوون لە جەنگەکاندا. دوای شکستهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەر دەستی هێزەکانی ئەوروپا لە ڤییەننا و لە ساڵی ١٦٨٣دا، ئەم ئیمپراتۆریەتە بڕیاری دا شێواز و ڕێگەی دوژمنانی فێربێت. لە سەرەتادا چەکی لە ئەوروپا کڕی، بەڵام دواتر درکی بەوە کرد کە پێویستی بە شتێکی دیکەی زیاتر هەیە و پێویستییەکەی هەر تەنیا ئامێرەکان نییە، بۆیێ کارامەییەکانی ڕێکخستن و تەکنیکی جۆراوجۆر و شێوازەکانی هزر و ڕەفتاری هاوردەکرد. جا لەگەڵ هاتنی سەدەی نۆزدەیەمدا،

سەرکردەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سوپایەکانیان کردە سوپای مۆدێل خۆرئاوایی کە لە سریە و کتائیب و کۆلونیل و جەنەڕاڵەکان پێکهاتبوو. نەک هەر تەنیا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەتەنیا، لە ڕاستیدا لە گشت جیهاندا، سوپایەکان یەک شێوازی خۆرئاواییان گرتەبەر. لە ئێستەشدا گشت هێزەکانی چەکدار لە تەواوی وڵاتاندا– جا ئەگەر لە چین بێت یان ئەندۆنیسیا و نەیجیریا– بەپێی نموونەی خۆرئاوایی سەدەی نۆزدەیەم ڕێکدەخرێن.

ڕوی فۆکۆزاوا و نەهرۆ و کەسانی دیکە بەڵگەیەکی سەلمێنەری پێشکەوتن و سەرکەوتنی کەلتوور و ڕۆشنبیریی خۆرئاواییان پیشان نەدەدا. چوونکە ڕوی لە نامەیەکدا چەندان جار زانستی هیندی سەردەمی خۆی و زانستی ئەورووپیی پێش فرانسیس بیکۆنی بەراورد دەکرد. ئەوەی لە مەسەلەکەدا گرنگە مێژووە نەک بۆماوە. صن یات سینیش شارەزاییەکی باشی لەسەر شکۆیە ڕابردووەکانی چین و دەوڵەمەندیی میراتە مەعریفییەکەیدا هەبوو. فۆکۆ زاواش زانای مێژووی یابانی بوو. نەهرۆش چەندان ساڵ تەمەنی خۆی لە بەندیخانەی بریتانیدا بەسەربرد و چەندان چیرۆکی مێژوویی نیشتمانی نووسی کەوا لێوانلێو بوو لە سۆزی هەمبەر هیند. ئەوان باوەڕیان بە شکۆ و نەمرییەکانی کەلتوور و ڕۆشنبیریی گەلەکەی خۆیان هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان وەهابوو کە ئەگەر بیانەوێ لەو قۆناغە مێژووییەدا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە سەرکەوتن وەدەستبێنن، ئەوا لەسەریان پێویستە شوێنپێی خۆرئاوا هەڵگرن.

نوێگەرایی

ئەو پرسەی کەوا ڕیفۆرمخوازانی ناخۆرئاوایی لە سەدەی بیستدا لەپێناویدا خەباتیان دەکرد، دیسانەوە لە ئێستەدا وەک پرسێکی گەوهەریی تایبەت بە

ئایندە خۆی زەق دەکاتەوە: ئایا دەکرێ نوێخواز و هاوچەرخ بیت بەبێ ئەوەی خۆرئاوایی بیت؟ ئەدی جیاوازیی نێوان ئەو دووانە چییە؟ ئایا ژیانی نێودەوڵەتی بە ئاستێکی زۆر گەورە جیاواز دەبێت لەو جیهانەی کەوا هێزەکانی ناخۆرئاوایی قورساییەکی گەورەیان تیادا هەیە؟ ئایا ئەم هێزە نوێیانە بەهای نوێیان هەیە؟ یان ئاخۆ کردەی گۆڕان بەرەو دەوڵەمەندبوون وەهامان لێ دەکات هەموومان وێکچوو بین؟ ئەمانە هزری بێهودە و بێبنەما نین. لە ماوەی چەند دەیەیەکی داهاتوودا، سێ ئابووریی لە کۆی چوار ئابووریی گەورەی جیهانی، ناخۆرئاوایی دەبن (یابان و چین و هیند)، چوارەمیش کە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکایە، بەشێوەیەکی زۆر بەو دانیشتووانە ناخۆرئاواییانەی خۆی کاریگەر دەبێت کەوا دەستیان بە گەشەکردن کردووە.

هەندێك لە بیرمەندانی هاوچەرخ و بەرجەستەترینیشیان سامۆیل هانتنگتۆن پێی وایە کە نوێگەرایی و بەخۆرئاواییکردن دوو کردەی تەواو جیاوازن. بەپێی بۆچوونی هانتنگتۆن خۆرئاوا پێش ئەوەی هاوچەرخ و نوێ بێت، خۆرئاوایی بووە. خۆرئاوا کەسییەتیە تایبەتمەندەکەی خۆی لە دەوروبەری سەدەی هەشتەم یان نۆیەم وەدەستهێناوە، بەڵام نەبووە شتێکی نوێ و نوێگەرا تا سەدەی هەژدەیەم داهات. کاتێك دەڵێین جڤاکێك نوێگەرا و مۆدێرنە، ئەوا پەیوەندیی بە پیشەسازی و مەدەنییەت و بەرزبوونەوەی ئاستی فێرکردن و ڕۆشنبیری و سامانەوە هەیە. لە بەرانبەریشدا، ئەو سیفەتانەی کەوا دەکات جڤاکێك خۆرئاوایی بێت، چەند سیفەتێکی تایبەتن: کەلتوور و میراتێکی کلاسیکی و مەسیحی و جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت و دەستهەڵاتداربوونی یاسا و کۆمەڵگەی مەدەنی. هانتنگتۆن دەڵێ: " شارستانییەتیی خۆرئاوایی بەهادارە، نەك لەبەر ئەوەی جیهانییە، بەڵکو لەبەرئەوەی بێهاوتایە".

جگە لەمانەیش دۆخی هزریی زۆر نامۆ بۆ ئەو شوێنانەی کەوا خۆرئاوایی نین؛ لە ڕاستیدا تەواو جیاواز دێنە بەرچاو. یابان بۆ ئەم خاڵە ڕوونترین نموونە پێشکەش دەکات. یابان بەپلەیەکی زۆر بەرز ولاتێکی نوێخواز و مۆدێرن و هاوچەرخە، لە ڕووی تەکنۆلۆژیشەوە — بە بەرهەمهێنانی شەمەندەفەری خێرا و مۆبایل و ڕۆبۆتەوە— لە زۆربەی ولاتانی خۆرئاوایی پێشکەوتووترە. بەلام لەگەڵ ئەمەیشدا بۆ بیانییەکان و بەتایبەتیش سەردانیکارانی خۆرئاوایی، هەر بە نامۆیی و جیاواز دەمێنێتەوە. جا ئەگەر سامان نەیتوانی یابان بەخۆرئاوایی بکات— واتا بیکاتە خۆرئاوایی— ئەوا ناشتوانێ ئەوانی دیکەش بەخۆرئاوایی بکات.

بەمدواییانە کیشوەر مەحبوبانی کە ڕۆشنبیر و دیبلۆماسییەکی زۆر بەئەخلاقی سەنگافوورییە، پێشبینیی ئەوەی کردووە کە هێزەکانی ناخۆرئاوایی لە سیستمی گەشەسەندووی جیهانیدا شێواز و نۆرمە تایبەتمەندەکانی خۆیان دەپارێزن، جا ئەگەر دەوڵەمەندتریش بن. لە وتارێکی خۆیدا کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا خوێندییەوە، گوتی: ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کەوا ساری لەبەردەکەن (پۆشاکێکی تەقلیدیی هیندییە) لە هیند زیاتر دەبێت. بەلام، لەو کاتەی مەحبوبانی گەشەکردن و بەرزبوونەوەی حەزی ئافرەتانی بۆ لەبەرکردنی ساری ڕاگەیاند، ڕۆژنامەکانی هیندی باسیان لە دیاردەیەکی تەواو پێچەوانە دەکرد. ڕۆژنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئافرەتانی هیندی، لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، لەبەرانبەر پۆشاکی کرداریتر— کە مادەی جیاواز و شێوازی دوورین و مۆدیلی جیاوازیان هەیە— وازیان لە لەبەرکردن و دروستکردن و دوورینی ساری هێناوە، ئەم مەسەلەیەش واتا پۆشینی ساری، تەنانەت لەنێو جەرگەی کار و ئەو وەبەرهێنانە مەزنەی کەوا لە هیندا بەڕێوە دەچێت، هەر لە نزمبوونەوەیەکی بەردەوامدایە. (بۆچی؟ با ئافرەتێکی فەرمانبەری هیندی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە و ئەوەت بۆ ڕاڤە

بکات کە ئاخۆ خۆ پێچانەوە بە شەش تا نۆ یاردە قوماش کە زۆرجار توند و ڕەقیشە و دواتریش نووشتاندنەوە و لوولدانی بە وردی، شتێکی جاڕسکارە یان نا). لە ڕاستیدا، لە ئێستەدا ئافرەتانی هیندی پەنا دەبەنە بەر جۆرێك پۆشاکی تێکەڵ کەوا نۆرم و مۆدێلی نێوخۆیی و جیهانی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، بۆنموونە: پۆشاکی salwar Kurtaی هیندی (پۆشاکێکی فشوفۆڵە و لە شەرواڵێك پێکهاتووە کەوا بەپارچەی سەرەوە گەیەندراوە) لەمرۆژگارەدا زۆر لەبەر دەکرێت. لە کاتێکدا ساری بووەتە پۆشاکێکی تایبەت بە بۆنە و ئاهەنگەکان، وەك پۆشاکی کیمۆنۆی یابانی.

واپێدەچێ قسەکردنمان لەسەر پۆشاك ڕووکەشانە بێت، بەڵام لە واقیعدا وەها نییە. چوونکە پۆشاکی ئافرەت سیگەنڵێکی بەهێزە بۆ گونجانی جڤاکێك لەگەل نوێگەراییدا. بێگومان گرفتەکە لە پۆشاکدا نییە، بەڵام ئەمە هاوکاتە لەگەڵ هەڵوێستێکدا کەوا جیهانی هاوچەرخ بە ڕێگەی دیکە ڕەتی دەکاتەوە.

سەبارەت بە پیاوانیش، ئەوا پۆشاکی خۆرئاوایی لە گشت شوێنێکی ئەم جیهانەدا بلاو بووەتەوە. چوونکە هەر لەو کاتەوەی سوپایەکان پۆشاکی مۆدێل خۆرئاواییان پۆشیوە، پیاوانی جیهانیش پۆشاکی خۆرئاواییانەی کاریان لەبەر کردووە. دەستەی کاریش کە لە پۆشاکی ئەفسەری سوپای ئەورووپاوە سەرچاوەی گرتووە، هەر لە یابانەوە بگرە تادەگاتە ئەفریقیا و پیرۆ بووەتە یەك جۆرە پۆشاك – هەرچەندە لە ڕووی کەلتووری و ڕۆشنبیرییەوە لە یەکتری جیاوازن– ئەوا لە بۆنەی تایبەتدا (وەك سوێندخواردنێك پێش وەرگرتنی پۆستێکی وەزاری) چاکەتی بەیانیان و شەرواڵی خەتخەت یان هەر پۆشاکێك لەبەر دەکەن کەوا دیبلۆماسییەکانی بریتانی لە سەردەمی شا ئیدواردی حەوتەم پێش سەد ساڵ لەمەوبەر لەبەریان دەکرد. لە هیندیشدا لەبەر وابەستەبوون بە

پەیوەستەیی نیشتمانی، پۆشاکی تەقلیدی لەبەردەکری- گاندی پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە پۆشاکی نیشتمانی بپۆشرێت، وەك گوزارشتێك لە بەرەنگاربوونەوەی فەرمانەی (رسومات) گومرگی و رستر و چەندراوەکانی بریتانی- بەلام دەستە و تاقمی کاری خۆرئاوایی لە ئێستەدا پۆشاکی نموونەیی پیاوانی کاری هیندی و تەنانەت زۆرێك لە فەرمانبەرانی حکوومییە، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ بەشێکی نوێی قۆناغی دوای ئیستعمار لە هیندستاندا*. لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا زۆرێك لە پیاوانی کار لە پیشەسازییەکانی نوێدا بەتەواوی دەستبەرداری پۆشاکی فەرمی بوون و لە جیاتیدا پۆشاکێکی ئاسایی لەبەر دەکەن کەوا لە پانتۆلێکی جینز و کراسی نیوقۆڵ پێکهاتووە. تەنانەت ئەمەیش لە هەندێك ولاتانی دیکەدا بووەتە شتێکی باو، بەتایبەت لەنێو ریزی ئەو گەنجانەی کەوا لە پیشەسازییەکانی تەکنۆلۆژیدا کاردەکەن. بەکورتی، شێواز و مۆدیلی پۆشاکی کاری خۆرئاواییانە بووەتە شێوازێکی نموونەیی پیاوانی سەرانسەری دونیا، ئەمەیش وەك ئاماژەیەکە بۆ نوێگەرایی و هاوچەرخبوون.

مردنی سیستمی کۆن

بەخۆرئاواییکردن westernization هەر تەنیا دیمەنی دەرەوە نییە، بۆ نموونە: بەرێوەبەرانی جێبەجێکار لە گشت شوێنەکانی جیهاندا بەهۆی چەند نۆرمێکی توندوتیژانەی پێوەری بازرگانییانە کۆمپانیایەکانی خۆیان بەرێوەدەبەن. کۆی ئەم شێوازانەش- لە سیستمی ژمێریاری تا دەگاتە بەشداربوونی پشکەکان لە قازانج- بنەمایەکی خۆرئاواییانەی هەیە. ئەمەیش

---

*) سەد لەسەد وەها نییە، چوونکە هەرچەندە پیاوانی هیندیی سەرکەوتوو لە بواری سیاسەت و کاردا، لە ئێستەدا پۆشاکی خۆرئاوایی لەبەر دەکەن، ئەوا ژمارەیەکی زۆر کەمتری ئافرەتانی بەرجەستەی هیندی هەمان شت دەکەن.

هەر تەنیا لەنێو بازرگانیدا ناگوزەرێ. چوونکە لە میانی هەردوو سەدەی ڕابردوو و هەردوو دەیەی ڕابردوو بەتایبەت، دەستگەکانی حکوومی لە گشت شوێنێکدا لە ئێستە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر بەیەك دەچن؛ وەك پارلەمانەکان و دەستە و دامەزراوەکانی ڕێکخستن regulatory agencys (چەند دەستە و دامەزراوەیەکی سەربەخۆن و چاودێریی پیادەکردنی یاسا و بانکەکانی مەرکەزی دەکەن). دوو شرۆڤەکار توێژینەوەیەکیان ئەنجام دا کەوا چەندان وڵاتی ئەورووپی و ئەمریکای لاتینی گرتەوە و لە کۆتاییەکەیدا ئەوەیان بۆ ڕوونبوویەوە کە ژمارەی دەستە و دامەزراوەکانی ڕێکخستن لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦ و ٢٠٠٢دا حەوت هێندە زیادیان کردووە. تەنانەت سیاسەتیش لە گشت جیهاندا مۆرکێکی هاوشێوەی هەیە. چەندان ڕاوێژکاری ئەمریکی هەن کەوا لە بەرانبەر فێرکردنی سیاسییەکانی ئاسیایی و ئەمریکاییەکانی لاتینی کرێی زۆر گەورە وەردەگرن، بێگومان ئەمەیش لەبەرانبەر چۆنییەتیی فێرکردنی باشترین ڕێگەی کاریگەری دروستکردنە لەسەر هاووڵاتیانیان.

ڕاستە کە کتێب و فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆن تاوتوێی چەند پرسێك دەکەن کەوا لەگەڵ سەلیقەی لۆکاڵیدا دەگونجێ، بەڵام بونیادی ئەو پیشەسازییانە (جگە لە زۆرێك لە لایەنەکانی نێوەڕۆکەکانیاندا) زیاتر و زیاتر دەبنە یەك شت و وەك یەکیان لێ دێت، بۆ نموونە بۆلیۆد: وردە وردە واز لە نەریتی تایبەت بە بەرهەمهێنانی فیلمە درێژەکانی دەهێنێت کەوا بە بودجەیەکی کەم بەرهەمی دەهێنان و بەرەو بەرهەمهێنانی فیلمی کورتتر دەچێت کە ماوەیەکەیان کورتترە و بازرگانیترن، لەمەیشدا لەگەڵ وەبەرهێنەرانی هۆلیۆود و توانایەکانی هەناردەکردندا ڕێککەوتوون. بەهەر ڕێگەیەکی نێو پیشەسازیی سەرانسەری جیهانی پیشەسازیدا بڕۆیت، چەندان جۆری جیاوازی هەمان ئەو بابەتانە

دەبینیت- مەکینەکانی پارەگۆڕینەوە و ئاڵوێرکردن، قاوەخانە و شوێنەکانی فرۆشتنی پۆشاک لەگەڵ داشکاندنەکانی وەرزیی، جالیەی پەناهەندە و ڕۆشنبیری و مۆزیکی میللی.

ئەوەی لە ئێستەدا لە ولاّتانی گەشەسەندوودا بەرەو نەمان دەچێت، ڕۆشنبیرییەکی کۆنی دەستەبژێری و سیستمەکانی تەقلیدییە. بەرپرسی ئەمەیش خەڵکی ڕەشۆکی و بازاڕییە، بەهۆی سەرمایەداری و دیموکراسییەوە پەیدابووە. ئەمەیش بەزۆری لەگەڵ خۆرئاواییکردندا ڕێ دەکات و هاوکاتە، چوونکە ئەوەی جێگەی کەلتوور و ڕۆشنبیرییە کۆنەکە دەگرێتەوە- واتا کەلتوور و ڕۆشنبیریی نوێی باو- زۆر خۆرئاواییانە و بەدەستنیشانکراوی ئەمریکییانەیە. چێشتخانەکانی ماکدۆنالد و کاوبۆی شین و مۆزیکی ڕۆك بە گشت شوێنێکدا بلاّوبوونەتەوە، لەمەیشدا شێوە کۆن و زۆر تایبەترەکانی وەك خواردن و پۆشاك و گۆرانییان بەرەو لەنێوچوون ناچارکردووە. بەلاّم ئەمە پەیوەندیی بە گرنگیدانە زیاترەکە هەیە بە عامەی خەڵك و ئەو دەستەبژێرە بچووکەش کەمتر گرنگییان پێ دەدرێ کەوا لەسەر دیاریکردنی دابونەریتەکانی ولاّتێك ڕاهاتوون. کۆی ئەمانەیش بە ئەمریکی دەچێت، چوونکە ئەمریکا کەوا داهێنەری سەرمایەداریی میللی و بەکاربردنە، یەکەمجار گەیشتووەتە ئەو شوێنانە. ئێستەیش کاریگەریی سەرمایەداریی میللی بووەتە شتێکی جیهانی. چەندان سەدەیە فەرەنسییەکان ڕەخنە لە لەنێوچوونی کەلتوور و ڕۆشنبیرییەکەیان دەگرن، بەلاّم ئەوەی ڕووی دا، لە ڕاستیدا توانەوە و ئاوابوونی سیستمە پلەبەندییە کۆنەکەیە. ئایا لە سەدەی نۆزدەیەمدا زۆربەی گەلی فەرەنسی (زۆربەیان جووتیاری هەژاربوون) خواردنیان لە چێشتخانە متمانەدارەکان یان هەر شوێنێکی دەرەوەی ماڵەکانی خۆیان دەخوارد؟ هەروەها دەڵێن لە ئێستەدا ئۆپێرای چینی لە سەرەمەرگدایە،

بەلأم، ئایا ئەمە بۆ ئەو خۆرئاواییبوونە دەگەڕێتەوە یان بەهۆی هەلکشانی ڕۆشنبیریی میللی چینییەوەیە؟ ژمارەی ئەو جووتیارە چینییانە چەندە کەوا ماوەی چەندان دەیەیە لە گوندەکانیان گوێیان لە ئۆپێرا گرتبێ؟ ڕۆشنبیری و کەلتووری میللی بووەتە گرنگترین چوونکە چەندایەتی– لە سەردەمی دیموکراسیدا– بەسەر چۆنایەتیدا زاڵ دەبێت. ژمارەی ئەو کەسانەی گوێ دەگرن لە چۆنییەتیی ژمارەی گوێگران گرنگترە؟

تەماشای ئەو گۆڕانکارییانە بکە کەوا بەسەر شوێنێکدا هاتووە کە لە هەموو شوێنەکانی دیکە زیاتر تەقلیدی بوو. لە ساڵی ٢٠٠٤دا، کریستیان کاریلی پەیامنێری دەرەوەی گۆڤاری نیوزویك چووە تۆکیو دوای ئەوەی دەیەی پێشووی لە مۆسکۆ و بەرلیندا بەسەربردبوو. ناوبراو وەها پێشبینیی دەکرد کە وڵاتەکە واتا تۆکیۆ، زۆر بە نامۆ و گۆشەگیر بێتە بەرچاوی، چوونکە وەهای لەبارەوە خوێندبوویەوە، بەلأم شتێکی تەواو پێچەوانەی بینی: " ئەوەی من بینیم وڵاتێکی خۆرئاوایی هاوچەرخ و گەشەسەندووی دیکە بوو لەگەڵ چەند دابونەریتێکی سەرنجڕاکێش؛ گەلێکی ئاسایییە و ئەگەر کتوپڕ فڕێ بدرێتە نێو سنوورەکانی ئەورووپاوە، هیچ هەست بە نامۆیی ناکات ". دواتر ئەزموونی خۆی لەوێ باس دەکات و درێژەی پێ دەدات: " چووینە ماڵە نوێیەکەمان و کتوپڕ بینیمان خەریکین خۆمان بۆ بۆنەیەکی سەیری یابانی ئامادە دەکەین: هالۆوین".

هەروەها ئەو قسەیەی ئەکادیمیستی ئەمریکی دۆناڵد ریچی دەهێنێتەوە کە ماوەی پەنجا ساڵە لە یابان دەژیەت و وانە دەڵێتەوە، کە دەڵێ قوتابیانی گەنجی یابان وەك باوکانیان نین کە بەفەرمیبوون و ئاکاربوون و بنەمایەکانی رەفتاریان دەناسرێنەوە. ریچی دەڵێ:" ئەوان سەبارەت بە سیستمی خانەوادەیی هیچ شتێك نازانن، چوونکە ئێستە سیستمی خانەوادەیی بوونی

نییە. لەبەرئەوە، لەسەرم پێویستە سەرلەنوێ ئەم سیستەمەیان بۆ بونیاد بنێمەوە". ئەو پابەندبوون و ڕەچاوکردنە ئاکارییە تەقلیدییە ئاڵۆزە یابانییەی کەوا لە فیلمەکاندا دەیبینین، بۆ ئەو گەنجانە شتێکی سەیر و نامۆیە، وەك ئەوەی لە جیهانێکی لەنێوچووەوە بۆیان هاتبێ.

ئەوەی ئەمڕۆ بە نوێ و هاوچەرخە دادەندرێ زمانی ئینگلیزییە. لە ڕاستیدا، پێشتر و ئێستەیشی لەگەڵدا بێت هیچ زمانێك بەم فراوانی و قووڵییە لە جیهاندا بڵاو نەبووەتەوە. نزیکترین بەراورد کەوا دەیهێنینەوە زمانی لاتینییە لە چاخەکانی نێوەڕاستدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا بەراوردێکی لاوازە. چوونکە لاتینی لە زەمەنێکدا لە لایەن دەستەبژێرێکی زۆر کەمەوە بەکارهاتووە کە تیایدا نەخوێندەواری زۆر بەربڵاو بوو، هەروەها زۆربەی وڵاتانی ناخۆرئاوایی بەشێکی جیهانی مەسیحی نەبوون. بەڵام لە ئێستەدا، چارەگێك لە دانیشتووانی سەر گۆی زەوی (نزیکەی ١.٥ ملیار مرۆڤ) دەتوانن بە ئینگلیزی قسە بکەن، جا ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی و لاوازیش بێت. نەك تەنیا ئەمە، بەڵکو ڕێژەی بڵاوبوونەوە و پەلوپۆهاوێشتنی لە گشت شوێنێکدا زیاتر دەبێت– لە ئەوروپاوە بۆ ئاسیا و تا دەگاتە ئەمریکای لاتینی. هەروەها ئەو جیهانگەراییەی کەوا بەردەوامی و پەیوەندی و ئاڵوێرێکی بەردەوام هەڵکشاوی بازرگانی دروست دەکات، لە هەمان کاتدا پاڵنەرێك بۆ هۆکارێکی ساناى پەیوەندیش بەرهەم دەهێنێ. جا هەرچەندە یاریزانەکان زیاترین، ئەوا پێداویستی بۆ دۆزینەوەی پێوەرێکی هاوبەش زۆرتر دەبێت. لەبەرئەوە دەبینین کە نزیکەی ٨٠٪ی زانیارییە تۆمارکراوەکانی ئەلیکترۆنی بە زمانی ئینگلیزی نووسراون. ئەم مەسەلەیە لە پەیوەندییەکانی سیاسیشدا شتێکی باوە. کاتێك نێردراوی وڵاتانی یەکیەتیی ئەوروپی (بیست و پێنج دەوڵەت) لەپێناو گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی

پرسەكانی بازرگانی لە برۆكسلدا كۆ دەبنەوە، سەدان وەرگێڕیان لەگەڵدایە، بەڵام هەموویان بەزۆری بە زمانی ئینگلیزی قسە دەكەن.

ئایا زمانی هاوبەش وەها دەكات خەڵك بیر لە ڕێگەی هاوبەش بكەنەوە؟ هەرگیز بەشێوەیەكی سەدا سەد ئەمە نازانین، هەرچەندە زمانی ئینگلیزی لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لە گشت جیهاندا بووەتە زمانی نوێگەرایی. چوونكە وشەی تانك بە ڕووسی هەمان وشەی ئینگلیزییە كەوا هەمان واتای tank دەگەیەنێ. كاتێكیش هیندییەكان بە زمانی هیندی قسان دەكەن و دەیانەوێ بڵێن وشەی ناوەكی، دەڵێن nuclear. هەروەها پشووی كۆتایی هەفتە بە فەرەنسی le weekend. هەروەها بە ئیسپانی بە وشەی ئینتەرنێت دەڵێن internet. هەروەها بەكارهێنانی خەڵك بۆ شێوازی ئەمریكی بە كەمە ڕووخسار و نۆرمێكی تایبەتمەند زیاتر دەبێت كە ئەویش زمانێكی بازاڕی و ڕووكەشانەیە و پێویستی بە ئەدەب و ڕەچاوكردنی ڕێوڕەسم و ئادابەكان هەیە، لەوانەشە ئەم بازاڕیبوون و ڕەچاونەكردنەی لایەنی ئاكاری و ئەدەب – لە زمان و ئاخاوتندا– لە ئایندەدا بگاتە بواری دیكەش.

ئەم ئەگەرە گەورەساڵان و پیرەكان دەخاتە نێو نیگەرانییەوە. زۆربەی ئەو جڤاكانەی كەوا بەمدواییە چوونەتە نێو جیهانی نوێگەراییەوە حەز دەكەن سامانە نوێیەكەی و هەندێك ڕەگەزی سیستمە نوێیەكە ئاوێتەی یەكتر بكەن، بۆنموونە: لی كوان یو سەبارەت بە شوێنەكەی خۆی لە جیهاندا گوتی:" ڕابردوومان لە دواوەی خۆمان بەجێهێشت، نیگەرانییەكی ناوەخۆیی لەوەدا هەیە كە هیچ شتێكی ئێمە نامێنێتەوە سەرچاوەی لە ڕابردووەوە گرتبێ". بەڵام تەنانەت ئەم نیگەرانییەش لە ئەزموونی خۆرئاواییدا شتێكی ئاسایی و باوە. چوونكە كاتێك سەركردەكانی ئاسیایی لە ئێستەدا باس لە پێداویستیی پاراستنی بەهایە

ئاسیاییە تایبەتمەندەکانیان دەکەن، ڕێك وەك ئەو موحافیزەکارە خۆرئاواییانە دێنە بەرچاو کەوا هەوڵیان داوە بۆ ماوەی چەندان سەدە بەهای ئاکاریی خۆیان بپارێزن. کاتێك ئینگلترا ڕێگەی وەرچەرخانی پیشەسازی گرتەبەر، ئۆلیڤەر گولد سمیس لە ساڵی ۱۷۷۰دا نووسیویەتی: " سامان کەڵەکە دەبێت و پیاوانیش خراپ دەبن". پێدەچێ چین و هیند بە سەردەمە ڤیکتۆرییەکەی تایبەت بەخۆیاندا گوزەر بکەن، ئەو سەردەمەی کەوا سەرمایەداریی بەهێز هاوتەریب لەگەڵ پارێزکاریی کۆمەڵایەتیدا بەرێگەدا دەڕۆن. لەوانەیە ئەم مۆنتاژ و بەیەکگرێدانە بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە. چوونکە پابەندبوون بە دابونەریت و بەهایەکانی کۆمەڵایەتی تەنانەت لە هەندێك لەو وڵاتانەی کەوا زۆر پێشکەوتوون هێشتاکە بەهێزە وەك ئەمریکا و یابان و کۆریای باشوور. بەڵام، بەشێوەیەکی گشتی و لەگەڵ گوزەرکردنی کاتدا، زیادبوونی سامان و دەرفەتەکانی تاکەکەسی وەرچەرخانێکی حەتمییانەی کۆمەڵایەتی دەهێنێتە ئاراوە. چوونکە نوێگەرایی جۆرێك لە ئازادبوونی ئافرەتان دروست دەکات، هەروەها هەژموونی تەمەن و ئاین و کەلتوور و سیستمی دەرەبەگایەتی دادەڕووخێت. کۆی ئەمانەیش وا دەکەن کەوا جڤاکەکان زیاتر بە جڤاکەکانی ئەوروپا و ئەمریکای لاتینی بچن.

ئایندەیەکی تێکەڵاو

کە بیر دەکەمەوە و لەخۆم دەپرسم جیهان بە چ شێوەیەك دەکەوێتە بەرچاو لەو کاتەی خۆرئاوا پاشەکشە دەکات و ئەوانی دیکە سەرهەڵدەدەن، یەکسەر فیلمێکی زۆر گرنگی هیندیم دێتەوە یاد کەوا لە ساڵی ۱۹٦٥دا بەناوی Shakespeare Wallah بەرهەم هاتبوو. فیلمەکە باس لە گونجانی تیپێکی ئەکتەرانی گەڕۆکی شکسپیری دەکات لە هیندستانی دوای سەربەخۆیی، فیلمەکە باس لە ڕاستییەکی سەیر و غەماوی دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو

قوتابخانە و یانە و شانۆییانەی کەوا زۆر بەپەرۆشەوە داوای خزمەتگوزارییەکانی ئەو تیپەیان دەکرد، ئیدی وردە وردە گرنگییان پێنادەن. بەرێزەکانی ئینگلیز رۆیشتن و کەسێکیان نەما خەڵك ناچار بکەن گرنگی بە شکسپیر بدەن. بەمشێوەیە ئەوە بەدیارکەوت کە پەرۆشبوون بۆ شکسپیر بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندیی بە حوکمی بریتانیی نێو هیندستان هەبوو. رۆشنبیری و کەلتوورێك کە وەك پێدەچی پێرەوی هێزی دەکرد.

چ شتێك جێگەی ئەم تیمە گەرۆکە دڵخۆشکەرانەی گرتەوە؟ فیلمەکانی سینەمایی. بە چەند وشەیەکی دیکە بەشێك لە چیرۆکی فیلمی Shakespeare Wallah پەیوەندیی بە رابوونی رۆشنبیریی میللییەوە هەیە. بۆلیۆدیش کە بەشێکە لە رۆشنبیری و کەلتووری میللییانەی هیندی، لە رووی رۆشنبیرییەوە تێکەڵەیەکە، چوونکە شت لە رێبەر و پێشەوای رۆشنبیریی میللی و (لەوانەیە سەرچاوەکەی بێت) وەردەگرێ کە ئەویش ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکایە. چوونکە زۆربەی فیلمەکانی بۆلیۆد تەنیا دووبارەکردنەوەیەکی لاوازی فیلمەکانی کلاسیکیی ئەمریکییە، لەگەڵ زیادکردنی شەش بۆ دە گۆرانی بۆ هەر یەکێکیان. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا رەگەزە سەرەکییەکانی هیندی دەپارێزێت، چوونکە چیرۆکەکان بەزۆری باس لە دایکانی قوربانیدەر و کێشمەکێشی خانەوادەیی و جیابوونەوە قەدەرییەکان و خورافاتەکان دەکات، بەکورتی تێکەڵەیەکە لە خۆرهەلات و خۆرئاوا.

ئەو جیهانەی کە ئێستە خەریکە دەچینە نێوییەوە، تەواو وەك بۆلیۆد دێتە بەرچاو. تەواو نوێیە– واتا بە هێزەکانی خۆرئاوا کاریگەر دەبێت– بەلام لەگەڵ ئەوەشدا رەگەزە گرنگەکانی کەلتوور و رۆشنبیریی لۆکاڵیش دەپارێزێ. مۆزیکی رۆکی چینی بە ئامێر و ریتمە هاوشێوەکانی بە هاوشێوە خۆرئاواییەکەی

دەچێت، بەڵام بابەت و وشە و دەنگەکانی تەواو چینین. هەروەها سەماکارانی بەرازیلیش بە دیزاینەکانی خۆیاندا هەنگاوی ئەفریقی و لاتینی و هاوچەرخ (یان خۆرئاوایی) لەنێو یەکتریدا کۆدەکەنەوە.

لە ئێستەدا، خەڵك زۆر بەوە دڵخۆش و ئاسوودە دەبن کەوا مۆر و جێپەنجە لۆکاڵییەکانیان بخەنە سەر نوێگەرایی. کاتێك قۆناغی منداڵیم لە هیندستاندا بەڕێدەکرد، نوێگەرایی تەنیا لە خۆرئاوادا هەبوو. هەموومان دەمانزانی کە پێشکەوتووتر لە گشت بوارەکاندا– لە زانستەوە تا دەگاتە دیزاینکردن– لەوێ دروست دەکرا، بەڵام لە ئێستەدا ئەمە ڕاست دەرناچێ. ئەندازیارێکی سەرکەوتووی بیناسازیی یابانی پێمی گوت کە کاتێك منداڵ بووە، وەهای زانیوە کە باشترین و پێشکەوتووترین تەلار و بینا تەنیا لە ئەمریکا و ئەورووپادا دروست دەکران. بەڵام لە ئێستەدا تەلار و بینای نوێ گشت مانگێك لە چین و یابان و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و ئەمریکای لاتینیدا دروست دەکرێن. ئەوەی گەنج لە ئێستەدا دەتوانێ لە ماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە و نوسخە تایبەتەکەی نوێگەرایی دابهێنێت کەوا لە پێشکەوتندا لەهیچ شتێکی دیکەی خۆرئاوایی کەمتر نییە.

لە ڕاستیدا، لۆکاڵی و هاوچەرخ پێ بەپێی جیهانی و خۆرئاوایی گەشە دەکەن، بۆنموونە: فرۆشی مۆزیکی ڕۆکی چینی هێندە زۆرترە کە هەرگیز ناکرێ لەگەڵ فرۆشی ڕۆکی خۆرئاواییدا بەراورد بکرێ. هەروەها سامبا لە ئەمریکای لاتینیدا لە درەوشانەوەدایە. پیشەسازییە لۆکاڵییەکانی سینەماییش لە گشت شوێنێکی جیهاندا و لە ئەمریکای لاتینییەوە تا دەگاتە خۆرهەڵاتی ئاسیا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە گەشەسەندێکی بەردەوامن و بەشێك لە بەرهەمەکانیشیان دەفرۆشنە هۆلیوْد. هەروەها تەلەفزیۆنی یابانیش کە ڕاهاتووە ڕێژەیەکی یەکجار زۆری بەرنامەکانی ئەمریکی بکڕێت، ئێستە تەنیا بەڕێژەی لە سەدا پێنجی

بەرنامەکانی پشت بە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا دەبەستێت. لە فەرەنسا و کۆریای باشووریشدا کە بەردەوام فیلمەکانی ئەمریکی هەژموونی بەسەر وێستگەکانی تەلەفزیۆنییاندا هەبوو، ئێستە پیشەسازییەکی گەورەی سینەمایی تایبەت بەخۆیان هەیە. هونەری نوێی لۆکاڵی- کە بەزۆری ئاوێتەیەکی سەیری نێوان شێوازە داماڵراو (المجرد)ی خۆرئاوایی و بابەتی تەقلیدیانەی لۆکاڵییە- بە گشت شوێنێکدا بڵاوبووەتەوە. لەوانەیە بەئاسانی بە لافیتەکانی ستاربکس و کۆکاکۆلا هەڵبخەڵتێی کەوا لەگشت جیهاندا بڵاو بووەتەوە، بەڵام ڕابوون و سەرهەڵدان و گەشەکردنی لۆکاڵیانە و هاوچەرخانە گوزارشت لە کاریگەریی ڕاستینی جیهانگەرایی دەکەن.

بە وردبوونەوەیەکی زیاتر تەماشای هەژموونی زمانی ئینگلیزی بکە. هەرچەندە ژمارەی ئەو کەسانە زۆر زیاد بووە کە لە گشت جیهاندا بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن، بەڵام گەشەکردنە گەورەترەکە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ئینتەرنێت بۆ زمانی لۆکاڵییە. لە هیندستاندا خەڵك باوەڕیان وەهابوو کە کردنەوەی شەپۆلەکانی هەوایی دەبێتە هۆی گەشەکردنی وێستگە تایبەتە هەواڵییەکان کەوا بەرنامەکانیان بە زمانی ئینگلیزی پەخش دەکەن- ئەو زمانەی کەوا زۆربەی شارەزایان قسەی پێ دەکەن- بەڵام گەشەکردنە گەورەترەکە بۆ ئەو وێستگانە بوو کەوا بە زمانی نێوخۆیی دەپەیڤین. ئێستەیش دەبینین کە زمانی هیندی Hindi (یەکێك لە زمانە فەرمییەکانی هیند) و تامیل و تیلوگۆ و گۆیجاراتی و ماراسی، لەم جیهانە گلۆبالیزەکراوەدا کار و ڕۆڵێکی باش دەگێڕن. هەروەها زمانی چینی Mandarin زۆر بەهێز لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەبێتەوە. لە قۆناغی یەکەمی جیهانگەراییدا هەموان تەماشای وێستگەی CNNیان دەکرد. لە قۆناغی دووەمیشدا، هەردوو ئێستگەی BBC و Sky News، تەقلی بوون.

ئێستەیش گشت وڵاتێك كۆپیی تایبەتی ئێستگەی سی ئێن ئێن بەرهەم دەهێنێ؛ جەزیرە و عەرەبیە و NDTV و Aaj Tak ی هیندی.

كاتێك لە هیندستاندا بچووك بووم، ڕووداو و پرسە باوەكانی ئەو كات و بەتایبەتیش نێو دەوڵەتییەكان، بەهۆی ڕوومەكانی خۆرئاواوە زەق دەكرانەوە و پیشان دەدران. تۆ لەچاوی هەردوو ئێستگەی بی بی سی و دەنگی ئەمریكا جیهانت دەبینی و بەهۆی تایمز و نیوزویك و هیراڵد تریبیۆن و تایمزی لەندەنی (لە ڕۆژگارە كۆنەكاندا) تێی دەگەیشتیت. بەڵام ئێستە دۆخەكە گۆڕاوە، چوونكە زۆرێك لە كەناڵی هەواڵی پەیدابوون كەوا لەگشت جیهاندا نوێنەرایەتیی بۆچوونی تەواو جیاواز دەكەن. ئەگەر تەماشای جەزیرە بكەیت، ئەوا بێگومان دونیابینییەكت سەبارەت بە كێشەی عەرەب ئیسرائیل دەستدەكەوێ، ئەمەیش بەهیچ شتێك ناچێت كەوا لە خۆرئاوادا دەیبینیت یان دەیبیستیت. هەروەها ئەگەر تەماشای كەناڵێكی هیندی بكەیت، ئەوا سەبارەت بە بەرتەمایی و ئامانجی ئێران بۆ چەكی ناوەكی، بۆچوونێكی دیكە وەدەستدێنێت. ئەو شوێنەی لێی دەژیت كاریگەری لەسەر ڕاوبۆچوونت لە هەمبەر جیهاندا هەیە.

ئایا ئەم جیاوازییانە وادەكەن كە ئەوانی دیكە بەشێوەیەكی جیاواز لە بازرگانی و دەستهەڵات و سیاسەتی دەرەكی ڕەفتار بكەن؟ لە ڕاستیدا، ئەمە پرسێكی زۆر ئاڵۆزە. لە جیهانی بازرگانی و كاردا هۆكارە كرۆكییەكە قازانجە. بەڵام چۆن خەڵك دەگەنە ئەو دەرئەنجامە ئەوا لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە دەگۆڕێت، تەنانەت لەنێو سنووری خۆرئاواشدا. چوونكە بونیادی چالاكیی ئابووری لە ئیتاڵیا تەواو لە هی بریتانیا جیاوازە. هەروەها ئابووری ئەمریكیش زۆر بەڕوونی لە ئابووریی فەرەنسی جیاوازە. هەروەها نۆرمەكانی بازرگانیی یابانیش لە نۆرمەكانی چین و هیند جیاوازە. ئەم جیاوازییانەش لە ئایندەدا زیاتر دەبن.

هەمان ئەو پرسە لە هەندێك ڕوودا بەسەر سیاسەتی دەرەوەشدا پیادە دەبێت. بێگومان چەند ڕاستییەکی بناغەیی و سەرەکی هەن، وەك ئاسایش و کاریگەریی دروستکردن لە ژینگەی ڕاستەوخۆدا کە ئەم دووەش لە هەر سیاسەتێکی ئاسایشی نەتەوەییدا دوو پێکهێنەری کرۆکین. بەلأم بێجگە لەمانە، لەوانەیە ناکۆکی و جیاوازیی ڕاستین هەبن، لەوانەیە ئەم ناکۆکییانەش پەیوەندییان بە ڕۆشنبیری و کەلتوورەوە هەبێت یانیش نەبێت. با وەك نموونە پرسی مافەکانی مرۆڤ بهێنینەوە، ئەم مەسەلەیە لە ولأتانی ناخۆرئاواییدا ناکۆکی و جیاوازییەکی گەورەی لەسەرە، بەتایبەتیش لە چین و هیندستان لە لایەك و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکاش لە لایەکی دیکەوە. دوو هۆی سەرەکی بۆ ئەم ناکۆکی و جیاوازییە هەن. یەکەم، ئەم ولأتانە وەها لەخۆیان دەنوارن کە ولأتانی تازە گەشەسەندوون و هێندە هەژارن کە لێناگەڕێ و ناتوانن گرنگی بە پرسەکانی سیستمی جیهانی بدەن، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندیی بە سەپاندنی پێوەرەکان و مافەکان هەیە لە دەرەوە. دووەم، هێزی ڕێنوێنیکاری پرۆتستانی نین، لەبەرئەوە کەمتر پەرۆشی ئەوەن بەهایەکانی جیهانی لە گشت شوێنە ئاوەدانەکانی جیهاندا بلأوبکەنەوە. نە هیندۆسییەت و نە کۆنفۆشیوسییەت باوەڕیان بە هەبوونی ڕاسپاردە و ڕێنمایی و فەرمانەکانی گەردوونی نییە، هەروەها باوەڕیان بەوە نییە دین و ئیمان بە جیهاندا بلأوبکەنەوە. لەبەرئەوە، شتێکی شیمانە نەکراو و دوورە کە هەردوو ولأت — لەبەر چەند هۆیەکی کرداری و ڕۆشنبیری بەیەکەوە— پرسەکانی مافەکانی مرۆڤ لە سیاسەتی دەرەکییاندا بە شتی سەرەکی دابنێن.

بێگومان، هیچ شارستانییەتێك ناتوانێ لە سندووقێکی داخراودا پێشبکەوێت. تەنانەت بەنیسبەت ئاین و هەر بۆچوونێکی سەرەکیی هەمبەر جیهانیش هەروایە،

چوونکە گشت ولاّتان باکراوندی تێکەڵی وەهایان هەیە کەوا لە ڕەگەزی لۆکاڵی ڕەنگکراو بە کاریگەریی دەرەکی پێکهاتوون، بۆنموونە هیند ولاّتێکی هیندۆسییە و ماوەی چوار سەدە لە لایەن بنەوەچەکانی موسڵمانەوە و دواتریش هێزی پرۆتستانتیەوە حوکمی کراوە. چینیش هەرچەندە لە سایەی دەستهەلاّتێکی ڕاستەوخۆی دەرەکی نەژیاوە، بەلاّم باکراوندە کۆنفۆشیۆسییەکەی بەدرێژایی چل ساڵ زۆر بەشێوەیەکی دڕندانە لە لایەن ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزمییەوە بێزێندراوە. هەروەها یابانیش لەماوەی سەدەی ڕابردوودا زۆرێك لە نۆرم و هزرەکانی ئەمریکی هەڵبژاردووە. هەرچەندە ئەفریقیا دابونەریتی ڕەگداکوتاوی تایبەت بەخۆی هەیە، بەلاّم لە هەمان کاتدا خاکی گەورەترین گردبوونەوەی دانیشتووانە مەسیحییەکانی جیهانە و لە گەشەکردنیشدا خێراترە. هەروەها لە ئەمریکای لاتیندا هێشتا کڵێسایەکان بەنیسبەت ژیانی ولاّتەکانیان هێندە کرۆکین کە لە ئەورووپادا هەرگیز ناتواندرێ وێناشی بکرێ. ئێمە سەبارەت بە ئینجیلیەتی پرۆتستانتیی نێو ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا باسێکی زۆر دەبیستین، بەلاّم گەشەکردنە خێراترەکەی لە بەرازیل و کۆریای باشووردا بەڕێوە دەچێت. جا ئەگەر بەهایەکانی مەسیحییەت خۆی لە نێو جەرگەی دابونەریتەکانی خۆرئاواییدا دەبینێتەوە، ئەدی چۆن پێناسەی ولاّتێکی وەك باشووری ئەفریقیا بکەین کەوا زیاتر لە حەوت هەزار تائیفەی مەسیحیی هەیە؟ چۆن پێناسەی نەیجیریا بکەین کەوا ژمارەی کەسە ئینجیلییەکانی نێوی لە ژمارەی نێو ئینگلتەرادا گەلێك زۆرترە؟

لە ڕاستیدا، خۆرئاوا و ئەوانی دیکە لە هەزارەها ساڵ لەمەوبەر و تاکو ئێستەیشی لەگەڵدا بێت کارلێك دەکەن. خۆرهەلاّتی نێوەڕاست بۆ ماوەی چەندان سەدە زانستەکانی خۆرئاوایی پاراستووە و پێشیخستوون. هەروەها ڕووسیا

ململانێیەکی لەنێوان شوناسە خۆرئاواییەکەی و ناخۆرئاواییەکەی بەخۆیەوە بینی کە تەمەنەکەی لە چوار سەدە کەمتر نییە. لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا، خۆرئاوا زۆر لەمێژە بوونی هەبووە کە ئەمەیش وەهای کردووە ببێتە پێکهاتەیەکی ئەم شارستانییانە. لەبەرئەوە ئاساییە کە گەورەترین گازینۆ لە جیهاندا لە ماکاو، چین، بونیادبنرێ و بەشێوەیەك دروست بکرێ کە لاسایییەکی گۆڕەپانی قەدیس مارکی نێو ڤینیسیا بێت، کە خودی ڤینیسیاش بەشێوەیەکی زۆر مەزن بە تەلارسازیی ئیسلامی کاریگەر بووە. جا ئایا چینییە، خۆرئاواییە، یان ئیسلامی و هاوچەرخە؟ لەوانەیە هەموویان بێت بەیەکەوە.

نوێگەرایی بۆیێ ڕوخسارە خۆرئاواییەکەی خۆی وەرگرت، چوونکە لەگەڵ ڕابوونی خۆرئاوا دەستیپێکرد، بەلام لەگەڵ فراوانبوونی جیهانی نوێ و لەخۆگرتنی زۆرێك لە شوێنەکانی دیکەی جیهان، زیاتر بە قالبی تواندنەوە چوو. بازرگانی و سەفەرەکان و ئیستعمار و کۆچکردن و نێردەکانی تەبشیری شتەکانیان تێکەڵ بە یەکتری کرد. بەلام ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری، تایبەتمەند و جیاکەرەوەن، هەندێکیان مانەوەی خۆیان دەپارێزن هەرچەندە نوێخوازی و نوێگەرایی لەئارادان، بەلام هەندێکی دیکەیان ناتوانن، چوونکە لەگەڵ پێشکەوتنی سەرمایەداریدا، کۆنە دابونەریتە پلەبەندییەکان و خانەوادەییەکان و فەرمییەکان و دەربەگایەتییەکان دەمرن هەروەك چۆن هاوتاکانیان لە خۆرئاوادا مردن. هەروەها کاریگەریی بەهایە نوێیەکانی خۆرئاوایی هێشتا هەر بەهێزن. ڕاستە کە لەوانەیە چین و هیند کەمتر حەز بکەن لەنێو چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا ڕەفتار بکەن، بەلام ناچارن مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕاستییەش بکەن بەوەی کە ئەم پرسە لەسەر ئەجێندای جیهانیدا داندراوە. سەبارەت بە هیند بەنموونە– وەك دەوڵەتێکی دیموکراسی لەگەڵ دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیری لیبراڵی– توێژێکی

گرنگ لەنێو وڵاتەکەدا هەن، بۆچوونیشیان سەبارەت بەم پرسە بەشێوەیەکی زۆر گەورە بە بەهایەکانی خۆرئاوایی کاریگەرە.

ئەو پرسیارەی کە دەڵێ ئایا ئاییندە نوێگەرا و مۆدێرن دەبێت یان خۆرئاوایی؟ لەوە ئاڵۆزترە کە هێندە بە سادەیی لێی بنوارین. تاکە وەڵامی سادەش بۆ ئەم پرسیارە (بەڵێ) یە. هەروەها تاکە وەڵامە ئاڵۆزەکەش بەندە بە نوارین لە وڵاتانی دیاریکراو، لەپێناو تێگەیشتن لە رابردوو و ئێستە و رۆشنبیری و دابونەریتەکانی و شێوازی خۆگونجاندن لەگەڵ جیهانی خۆرئاوایی و نوێگەراییدا. لە بەشی داهاتوودا دەمەوێ ئەمە لەگەڵ دوو هێزی زۆر گرنگی گەشەسەندوودا بکەم: چین و هیند. لە هەمان کاتدا ئەمە دەبێتە باشترین رێگە بۆئەوەی لە کاریگەرییەکانی جوگرافیای نوێی سیاسی تێبگەین. لە کۆتاییدا، ئەو تەگەرە و بەرەنگارییە راستینەی کەوا لە ئاییندەدا رووبەرووی دەبینەوە، پەیوەندیی بە هەبوونی هەڵوێستی جیاوازەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە جوگرافیا و مێژوو و بەرژەوەندییەکان و توانایە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە. قسەکردن سەبارەت بە رابوونی ئاسیا نالۆژیکییە، چوونکە شتێك نییە ناوی ئاسیا بێت، لە راستیدا ئەمە چەمکێکی خۆرئاواییانەیە. بەڵکو چەندان وڵاتی زۆروزەوەند هەن و لەنێو ئەو شتەی کەوا بە ئاسیا ناودەبرێ زۆر لە یەکتری جیاوازن– وەك چین، یابان، هیند، ئەندۆنیسیا– هەر یەکێکیش لەوانە گومانێکی لەهەمبەر ئەوانی دیکەدا هەیە. جیهانیش بەنیسبەت چین و هیند جیاوازە، جیاوازییەکەش هەر لە شوناسەکەیانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی پێگە جوگرافییەکەیانەوە. ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی لە ئێستەدا لە جیهاندا دەگوزەرێ ئەوە بەدیاردەخات کە هێندە پەیوەندیی بە رۆشنبیرییەوە نییە بەقەد ئەوەی پەیوەندیی بە هێزەوە هەیە.

١- ئەوەی کردەی بەرەنگاری دەکات

لەوانەیە ئەمریکییەکان بە جوانییەکان سەرسام بن، بەڵام لەهەمبەر قەبارە و شتەکانی زەبەلاح سەریان سوڕدەمێنێ. بیر لە دۆڵی گەورە و دارستانە سوورەکانی کالیفۆرنیا و وێستگەی مەزنی مەرکەزی و جیهانی دیزنی و ئۆتومبێلەکانی دەبڵ ئەکسل و هێزەکانی چەکداری ئەمریکا و کۆمپانیای جەنەراڵ ئەلیکتریك و بابۆڵەی Double Quarter Pounder (لەگەڵ پەنیر) و Venti Latte بکەرەوە. ئەورووپییەکان حەزیان لە ئاڵۆزییە، یابانییەکان ڕێز لە شتەکانی ورد و وردەکارییەکان دەگرن. بەڵام ئەمریکییەکان حەزیان لە قەبارەیە و حەز دەکەن زەبەلاح بێت.

لەبەرئەم هۆیەیە چین بەشێوەیەکی زۆر بەهێز شۆکی کارەبایی لە ئەقڵی ئەمریکی دەدات. قەبارەی چین بەجۆرێکە وەها لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا دەکات وەك بستە بالاَ بێتە بەرچاو، چوونکە ژمارەی دانیشتووانی چین (١.٣ ملیار کەسە) و چوار هێندەی ژمارەی دانیشتووانی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکایە. لە ڕابردوودا و بەدرێژایی زیاتر لە سەد ساڵ، موبەشیرەکان و بازرگانانی ئەمریکی خەونیان بە توانایەکانەوە دەبینی- ملیارێك مرۆڤ بۆ دەربازکردنی گیانیان، ملیار بنباڵ بۆ ئەوەی لادەری بۆنی لێ بدەن- بەڵام هەرگیز نەیانتوانی لە قۆناغی خەونەکەیان بێنە دەرەوە و هەنگاوی زیاتر هەڵێنن. بەڵام، هەرچەندە چین زۆر گەورە و زەبەلاح بوو، لە هەمان کاتیشدا زۆر هەژاریش بوو. کتێبی بیرڵ باك (زەوی باش) کە بووە شانۆگەری و فیلمیش، وێنەیەکی سەبارەت بە چین پیشان دا کە هێشتا لەنێو ئەندێشەکاندا ماوەتەوە: جڤاکێکی کشتوکاڵی، جووتیاری تێکۆشەر، خاوەنزەویی چاوبرسی، برسییەتییەکان، لافاوەکان، تاعوون و هەژاری.

وتەیەکی بەناوبانگی ناپلیۆن پۆناپارت هەیە – کە لەوانەیە هی ئەویش نەبێت و درابێتە پاڵی– دەڵێ: " لێگەڕێن چین بخەوێ، چوونکە ئەگەر بێداربێتەوە جیهان دەلەرزێنێ". واپێدەچی چین بەپێی ڕێنماییەکەی ناوبراو بۆماوەی دووسەد ساڵ مابێتەوە، چوونکە بەبێ هیچ ڕۆلێکی گرنگ هەر بە تەنیەڵی مایەوە، تەنیا گۆڕەپانی جێبەجێکردنی خەون و بەرتەماییەکانی زلهێزەکانی دیکە بوو. لە سەدەی بیستەمیشدا یابان پێشی کەوت– ئەو یابانەی کە لە ڕابردوودا لە جەنگ و ئاشتیدا لاسایی چینی دەکردەوە. هەروەها لە جەنگی دووەمی جیهانیدا ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا هاوپەیمانیی لەگەڵدا بەست و لە ساڵی ١٩٤٥دا کورسییەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی پێ بەخشی. کاتێکیش چین و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بوونە دوژمنی یەکتر بەتایبەت لەو کاتەی کۆمۆنیستەکان لەساڵی ١٩٤٩دا دەستهەلاتیان گرتە دەست، چین زیاتر گەڕایەوە دواوە، چوونکە ماوتسی تۆنگ ولاتی بەرەو زنجیرەیەك لەرزینی مەرگبار پەلکێشکرد کە سەرمایە ئابووری و تەکنۆلۆژی و هزرییەکەی وێرانکرد. بەلام هەر لە ساڵی ١٩٧٩ وە وردەوردە دۆخەکانی چین گۆڕانیان بەسەردا هات.

ڕاستە کە ڕابوونی چین سەرلەنوێ دیمەنی ئابووری و سیاسییانەی جیهانی دادەڕێژێتەوە، بەلام بەو جیهانەش کاریگەر دەبێت کەوا تیایدا ڕادەبێت. هەروەها ڕووبەڕووی هەمان ئەو دوو هێزە دەبێتەوە کە جیهانی دوای ئەمریکا پێدەناسرێتەوە – واتا جیهانگەرایی و نەتەوایەتی. فشارەکانی ئابووری و تەکنۆلۆژی پاڵ بە چینەوە دەنێن بە ئاراستەی ئاوێتەبوونێکی هاوکارانە لەگەڵ جیهان هەنگاو هەڵێنێ. بەلام هەمان ئەو دوو هێزە (جیهانگەرایی و نەتەوایەتی)، دەبنە هۆی دروستکردنی دۆخێکی پڕ لە هەراوزەنا و شڵەژانی کۆمەلایەتی لە چیندا، ئەمەیش پاڵ بە سیستەمەکەوە دەنێت بەدوای ڕێگەی نوێدا بگەڕێت

بۆئـەوەی ئـەو جڤاکـەی خـۆی یـەکبخات کـە هەمەچەشـنی و هەمـەڕەنگی و جیاوازبوونەکانی بەرەو زیادبوون دەچـن. لەهـەمان کاتیشـدا، گەشـەکردن واتـای ئەوە دەگەیەنێ کە چـین هـەژموونی زیـاتر دەبێـت، چوونکە سـایەیەکی مـەزنتر دەخاتە سەر ناوچـەکە و جیهـانیش. لەبەرئـەوە سـەقامگیری و ئاشـتیی جیهـانی دوای ئـەمریکا، بەپلەیـەکی زۆر پشـت بـەو هاوسـەنگییە دەبەسـتن کـەوا چـین لەنێوان ئەم دوو هێزەدا – یەکبوون و جیابوونەوە– دەیڕەخسێنێ.

کاتێك مێژوونووسان دەنوارنە دەیەکانی سەدەی بیستەم، زیـاتر شـیمانەی ئـەوە دەکـرێ ئامـاژە بـە سـاڵی ١٩٧٩ بکـەن، چـوونکە وەك خـاڵێکی وەرچـەرخانە. چـوونکە لـەو سـاڵەدا، یەکیـەتیی سـۆڤییەت هێرشـی کـردە سـەر ئەفغانسـتان، بەمەیش وەك زلهێزێك بەدەسـتی خـۆی گـۆڕی بـۆ خـۆی هەڵکەنـد. هـەروەها لـە هـەمان ساڵیشـدا، چـین دەسـتی بـە ڕیفۆرمـەکانی ئـابووری کـرد. هـەروەها لـە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ ئاماژە بە ڕووداوێك درا ئەویش لە کۆبوونەوەیەکی نـەگونجاودا: کـۆنگرەی سـێیەمی لیژنـەی مەرکـەزی یانزەیـەمی حزبـی شـیوعی چـینی، ئەمـەیش وەك بـاوە بۆنەیەکـە بـۆ پێشکەشـکردنی وتـاری پـووچ و ئایدۆلۆژیایەکی بابردەڵەیە. چوونکە لە دانیشتنێکی پـێش کۆبوونـەوەی فـەرمی، دینگ زیاوبینگی سەرۆکی نوێی حزب قسەیەکی کـرد کە دەرکـەوت لـە مێـژووی نوێی چیندا زۆرترین گرنگیی هەیە. دینگ هـانی سیسـتمی دا بـۆ ئـەوەی جـەخت لەسـەر پێشـکەوتنی ئـابووری بکەنـەوە و پشـت بـە ڕاسـتییەکان ببەسـتن نـەك ئایدۆلۆژیا، ئەمەیش لەپێناو ئەوە بوو بـۆ سـەر ڕێگـەی ڕاسـت ڕێنـوێنیی بکـەن. دینگ لەو دانیشتنەدا گوتی: " گرنگ نییە کە پشیلە ڕەش بێت یان سپی. مـادام هێشتا بتوانێ مشکان ڕاوبکات، ئەوا پشیلەیەکی باشە". لەو کاتیەوە، چـین لـەو

ڕاسپاردەیەی لانەداوە. ڕێگەیەکی نوێگەرایانەی پراگماتیکی گرتووەتەبەر و بەموو لێی لانادات.

دەرئەنجامەکان سەرسامکەربوون. چین بۆماوەی سی ساڵ بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٪ی ساڵانە گەشەی کرد، ئەمە بۆ وڵاتێکی گەورە لەمێژووی تۆمارکراودا خێراترین تێکڕایە. هەر لەهەمان ماوەدا چین نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن مرۆڤی لە هەژاری دەرهێنا، ئەمەیش شتێك بوو کە لەمێژوودا وێنەی نەبوو. دەرامەتی ئاسایيانەی چین حەوت هێندە زیادی کرد. چین لەگەڵ گشت تەگەرە و لایەنەکانی نەرێییدا بەشێکی زۆری خەونی هەر وڵاتێکی جیهانی سێیەمی وەدیهێنا، ئەویش لەنێوبردنی هەژاری بوو. یان بەپێی گوزارشتەکەی جیفری ساکسی زانای بواری ئابووری:" چین لە مێژووی جیهاندا سەرکەوتووترین سەربردەی سەرکەوتنە ".

ئەو ڕێژە گۆڕانەی کەوا لە چیندا هاتەکایەوە لە سنووری خەیاڵیش بەدەرە. قەبارەی ئابووریی چینی بۆ ماوەی سێ دەیە هەر هەشت ساڵ جارێك دوو هێندە بوویەوە. لە ساڵی ١٩٧٨دا ئەو وڵاتە ٢٠٠ سپلیتی هەوایی لە یەك ساڵدا بەرهەم دەهێنا. لەساڵی ٢٠٠٥دا ٤٨ ملیۆن سپلیتی بەرهەم هێنا. لە ئێستەشدا، چین لە یەك ڕۆژدا هێندە بەرهەم دەهێنێت کە بەقەد گشت هاوردەکانی ساڵی ١٩٧٨ دەبێت. پانزە ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەمجار چوومە شانگهای، باندۆنگی خۆرهەڵاتی شارەکە تەنیا ناوچەیەکی دواکەوتووی لادێیی بوو. بەڵام لە ئێستەدا بووەتە ناوچەیەکی ئابووری و بەچەندان تاوەری پۆلاین و شووشەیی ڕازێندراوەتەوە کە وەك درەختی لەدایکبوون بە بریسکەن. هەشت هێندەی گەڕەکە نوێیە ئابوورییەکەی لەندەنە کەناوی Canary Wharf و کەمێکیش لەتەواوی شیکاگۆ بچووکترە. هەروەها شاری چونگکینگ لەسەر شێوەی شاری

شیکاگۆ خۆی ڕێکدەخاتەوە کە پێش سەد ساڵ لەمەوبەر لە گەشەکردندا خێراترین شاری جیهان بوو. لەوانەشە چونگکینگ – کە ژمارەی دانیشتووانی بە ڕێژەی ۳۰۰.۰۰۰ لە ساڵێکدا زیاد دەکات– ئێستە ئەو ناونیشانەی بۆ خۆی داگیر کردبێ، بەڵام تەنیا سەرلیستە، چوونکە سەرجەمی ئەو بیست شارە جیهانییەی کەوا لە گەشەکردندا زۆر خێران، هەر هەموویان لە ولاَتی چینن.

هەرچەندە شانگهای بۆ گەشتیارانی خۆرئاوایی زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام پەکین هەر بە سەنتەری سیاسەت و ڕۆشنبیری و هونەر و تەنانەت ئابووریش دادەندرێ لە چیندا. ئەمڕۆیش ملکەچی کردەی دووبارە پێکهێنانەوەیەکە کەوا لە مێژوودا وێنەی نەبووە (نزیکترین بەراورد ڕازاندنەوەی هاوسمانی شاری پاریسە لە سەدەی نۆزدەیەمدا). چوونکە لە ئێستەدا پەکین – بەشێکی زۆری ئەو کارانەی کەوا دەیکات لە ڕەوتی ئامادەکردنی شارەکەیە بۆ خولی گەمە ئۆلۆمپییەکانی ساڵی ۲۰۰۸– کار بۆ دروستکردنی شەش هێڵی نوێی میترۆی تونێلەکان و سیستمی شەمەندەفەری سادە بەدرێژایی ۳٤ کیلۆمەتر و دروستکردنی مەڵبەندێکی نوێ (بێگومان بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی سەرجەم دوونیا لەهەموویان مەزنترە)، هەروەها موڵکایەتیی نوێی زەویوزاری کە ڕووبەڕەکەی ۲۵ ملیۆن مەتری چوارگۆشەیە، هەروەها خەریکی دروستکردنی پشتێنەیەکی سەوزە بەدرێژایی ۱۲۵ کیلۆمەتر و دروستکردنی گوندێکی ئۆلۆمپی کە ڕووبەرەکەی ۱۲ کیلۆمەتر چوار گۆشەیە. کاتێك مرۆڤ تەماشای دیزاینە نوێیەکانی پەکین دەکات، تەنیا دەتوانێ بیر لە نەخشە زەبەلاح و ئاڵۆزەکانی ئەلبێرت سبیر بکاتەوە لەپێناو دووبارە بونیادنانەوەی بەرلینی دوای جەنگ ئامادەی کردبوون؛ لەڕاستیدا ئەلبێرت سبیر جۆنیۆر(کوڕی ئەندازیارێکی تەلارسازە) و دیزاینی ئەو شەقامە پانوپۆڕەی کرد کەوا کۆشکی موحەڕەم (شاری موحەڕەمە) و گوندی

ئولۆمپی بەیەکتری دەبەستێتەوە و درێژییەکەی هەشت کیلۆمەترە، هەروەها هیچ توانایەك لە وەرچەرخانی پەکین و دیزاینەکانی باوکی بۆ هێتلەر نییە: چوونکە دەڵێ: " ئەمە گەورەترە، زۆر گەورەترە).

هەر پیاوێکی کار لە ئێستەدا سەبارەت بە چین ژمارەی سەرسوڕهێنەری لەبەردەستە؛ بێگومان ئەمەیش بۆ سەرسامکردنی گوێگرە. لە ڕاستیشدا ژمارەی ورووژێنەرن، هەرچەندە کاتێك دەگەنە گوێچکەت زۆربەیان ڕەتدەکرێنەوە. چین گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری خەڵووز و پۆڵا و چیمەنتۆیە لە جیهاندا. هەروەها گەورەترین بازاڕی موبایلە لە جیهاندا. چین لە ساڵی ٢٠٠٥دا کاری بۆ جێبەجێکردنی چەند پڕۆژەیەك دەکرد کە ڕووبەرەکەی ٢٨ ملیار پێی چوارگۆشە بوو، واتا پێنج هێندە گەورەتر لەو پڕۆژانەی کەوا لە ئەمریکا جێبەجێ دەکران. هەروەها لە پانزە ساڵی ڕابردوودا کاڵا هەناردەکراوەکانی چین بۆ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بە ڕێژەی ١.٦٠٠ ٪ بەرزبوویەوە. لە ترۆپکی شۆڕشی پیشەسازیدا بریتانیا بە دوکان و دەستگەی جیهان دادەندرا، بەڵام لە ئێستەدا ئەم ناونیشانە بووەتە موڵکی چین. دوو دوو سێیەکی ئامێرەکانی کۆپیکردن و فڕنییەکانی مایکرۆیف و ئامێری وەگەڕخستنی دی ڤی دی و پێڵاوی جیهان لە لایەن چینەوە بەرهەم دەهێندرێ.

بۆئەوەی بیرۆکەیەکی تەواو سەبارەت بە هەژموونی چین لە دروستکردنی ئەو بەرهەمانە وەدەستبێنیت کەوا تێچوویەکی کەمیان هەیە، تەماشایەکی کۆمەڵگەکانی وول- مارت بۆ بازاڕکردن بکە. ئەم وول- مارتە لە زەبەلاحترین کۆمپانیایەکانی جیهانە، چوونکە داهاتی ساڵانەی هەشت هێندەی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە و سەدا دووی تێکڕای بەرهەمی لۆکاڵییانەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکایە. هەروەها بە هەوڵە کارایەکانی – لەوانەیە هەندێك بڵێن

هەوڵـە بێبەزەییـەکانی– ناسـراوە بـۆ وەدەسـتهێنانی نـزمترین نرخـی کردەیـی لەپێناو بەکاربەران. جا لەپێناو ئەم مەبەستەدا، کۆمپانیایەکی بە کاراییـەکی زۆر بەرزەوە تەکنۆلۆژیای داهێنانی کـارگێڕی بـەکار دەهێنـێ، لەوانەشـە گـرنگتریش لەمە ئەو کۆمپانیایانە بن کەوا بەرهـەمی وەهـا دروسـت دەکـەن کـەوا تێچـوویان کەمترە و ؛ بێگومان زۆرینە هەرە زۆرەکەشی لە چینە. وول– مارت ساڵانە ڕێـژە کاڵایەکی وەها لە چین هاوردە دەکات کە بەهایەکەی ١٨ ملیار دۆلاری ساڵانەیە.

هەروەها چین لە لایەنی بازرگانی و وەبەرهێناندا سیاسەتێکی کراوە دەگرێتە بەر کـەوا زۆر ڕوون و ڕەوانـە. ئەمـەیش یەکێکـە لـەو هۆیـە زۆروزەوەندانـەی کـەوای لێدەکەن لە یابانی نوێ جیاواز بێت. دەبێ بـزانین کـە چـین ڕێگـەی پێشـکەوتنی یابـانی (یـان کۆریـای باشـوور) ناگرێتەبـەر، بـەڵکو سـتراتیژێکە و بەشـێوەیەکی سەرەکی پشت بە هەناردەکردن دەبەسـتێت، بەشـێوەیەك کـە بـازاڕی لۆکـاڵی و جڤاکی بە داخراوی هێشتووەتەوە. بەڵام چین دەرگەکانی خۆی بەڕووی جیهانـدا کردووەتەوە. لـە ئێسـتەدا ڕێـژەی داهاتـە بازرگانییـەکانی لـە تێکـڕای بەرهـەمی لۆکاڵیدا دەگاتە ٧٠٪، ئەمەیش وەهای کردووە ئـابووریی چـین ببێتـە یـەکێك لـە کراوەترین ئابووری لە جیهاندا. لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا، هاوردەکـانی لـە ویلایەتـەکانی یـەکگرتووی ئـەمریکاوە زیـاتر لـە حـەوت هێندەیـە. کۆمپانیـای پرۆکتەر ئاند گامبڵ ساڵانە ٢.٥ ملیار دۆلار لە چین قازانج دەکات، بەرهەمـەکانی وەك شامپۆی هێد ئانـد شـۆڵدەرز و دایبیـی بـامبرزی منـداڵان بەشـێوەیەکی زۆر نائاسـایی لـە نێوەنـدی بەکاربـەرانی ئەوێـدا بووەتـە شـتێکی بـاو. هـەروەها کۆمپانیای ستاربێکس پێشبینیی ئەوە دەکـات ژمـارەی ئـەو قاوەخانانـەی کـەوا لەسـاڵی ٢٠١٠ لـە چـیندا نـاوی ئـەو هەڵـدەگرن لـە ژمـارەی قاوەخانــەکانی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا زۆرتر دەبێت. هەروەها چین دەرگـەی بـەڕووی

براند و ناوە جیهانییەکانیشدا کراوەیە. ئەندازیارانی بیناسازی زۆربەی تاوەرەکانی درەوشاوە و پرۆژە گەورەکانیان بونیادناوە کەوا چینی نوێیان پێ دەناسرێتەوە. لەو کاتەی چین بە دوای پیاوێکدا دەگەڕا کەوا لەسەر شانۆی جیهانیدا کردەی دەرهێنان بۆ یەکەمین بەدیارکەوتنی چین بکات، واتا گەمە ئۆلۆمپییەکانی ساڵی ٢٠٠٨، ئەوا پیاوێکی ئەمریکی هەڵبژارد کە ئەویش ستیڤن سبیلبرگ بوو. ناتوانین بڵێین کە هیند و یابان ڕێگەیان بەوە دەدا کەسێکی بیانی ڕۆڵێکی ئاوایان بۆ بگێڕێت.

هەروەها چین گەورەترین پارەداری جیهانە، یەدەگی دراوە بیانییەکانی ١.٥ تریلیۆن دۆلارە و بەڕێژەی ٥٠٪ لە هی یابانی هاوسێی و بە سێ هێندە لە موڵك و داراییەکانی کۆی یەکیەتیی ئەوروپا زۆرترە. ڕاستە کە لەوانەیە هەڵگرتنی ئەو یەدەگە زەبەلاحە سیاسەتێکی دانایانە بێت، لەوانەشە پێچەوانە بێت، بەڵام بێگومان ئاماژە بە توانایە زۆرباشەکەی چین دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێدمە و قەیرانەکان. بەکورتی ئەوانەی لەسەرەوە باسمانکردن بێهاتاویی چینیان پێکهێناوە. چین مەزنترین وڵاتی جیهانە و ئابوورییەکی هەیە کە لە ئابووریی گشت شوێنەکانی دیکە زیاتر گەشە دەکات، هەروەها گەورەترین کارگە و دووەم گەورە بەکاربەر و گەورەترین وڵاتە لە پاشکەوتکردن و دووەم وڵاتە لە خەرجییەکانی سەربازیدا*. چین شوێنی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا ناگرێتەوە وەك مەزنترین هێز لە جیهاندا، هەروەها وەك ڕوونە لە هەر یەکە لە

---

*) گوژمەی فەرمیی سەربازیی چین دەیخاتە پێگەی سێیەم لە جیهاندا، واتا لە دوای ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا و بریتانیا دێت. بەڵام زۆرێك لە لێکۆڵەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە زۆرێك لە خەرجییەکانی مەزن ناچنە نێو لیستی گوژمەی فەرمی. ئەمەیش وا دەکات کەوا چین لە خەرجیی سەربازیدا پێگەی دووەم داگیربکات (جا ئەگەر بە جیاوازییەکی زۆر دووریش بێت) لە دوای ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا دێت. .

بوارەکانی سەربازی و سیاسی و ئابووریشدا لە چەند دەیەیەکی داهاتوودا پێش ئەمریکا ناکەوێت، بەڵام لە زۆر لایەندا (یەك لە دوای یەك) دووەم گرنگترین وڵاتە لە جیهاندا و ڕەگەزێکی نوێی هەمەکی بۆ سیستمی نێودەوڵەتی زیادکردووە.

پلانی سەرکەوتووانەی مەرکەزی؟

لە ڕاستیدا، هەندێك کەس هەن گومان لە دۆسییەی ئابووریی چین دەکەن. هەندێك ڕۆژنامەوان و شرۆڤەکار باوەڕیان وەهایە کە ژمارەکان زۆر ورد و تەواو نین، هەروەها گەندەڵی لەو وڵاتەدا بڵاوبووەتەوە و بانکەکانی لەسەر لێواری خەرەندن و گرژییە هەرێمییەکانیشی لە بەرزبوونەوەدان، هەروەها نەبوونی یەکسانی بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار زیاتر دەبێت؛ سەرلەبەری دۆخەکە بەرەو قەیرانێکی سەداسەد هەنگاو دەنێت، دەبێ بۆ وردبوونەوەیەکی زیاتر لەم پێگەیەدا ئاماژە بەوە بکەین کەوا زۆربەیان ماوەی دوو دەیەیە ئەم قسانە دەکەن، بەڵام تاکو ئێستەیشی لەگەڵدا بێت بەلای کەمەوە پێشبینییە سەرەکییەکەیان نەهاتۆتە دی کە ئەویش داڕووخانی سیستمە نوێیەکەیە. ڕاستە چین بەدەست چەندان گرفتەوە دەناڵێنێ، بەڵام وەك هەر وڵاتێکی گەشەسەندووی دیکە هێشتا شتێکی لەدەستماوە لەپێناو وەدیهێنانیدا بیکات: ئەویش گەشەکردنی بەهێزە. لەمبارەیەوە، یەکێك لە بەناوبانگترین ڕەخنەگرانی سیستمەکە کە مینکسین بیی ناوە، دەڵێت" بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی گەشەسەندوودا، سەربردەی چینی لە هەر سەربردەیەکی دیکە سەرکەوتووترە کەوا دەکرێ بێتەوە یادمان".

سەبارەت بە سیستمی کۆمۆنیزم، پەکین لە پەسندکردنی سەرمایەداریدا بەڕووکەش هێندە ڕوونە کە جێگەی سەرسوڕمانە. ڕۆژێك سەبارەت بە باشترین

چارەسەر سەبارەت بە پرسی هەژاری لە گوند پرسیارم لە بەرپرسێکی چینی کرد، ئەویش وەڵامی دایەوە: " لەسەرمان پێویستە واز لە بازاڕ بهێنین بۆ خۆی کار بکات، بازاڕ خەڵك لە زەوییەکانیانەوە ڕادەکێشێت و بەرەو کارگەکانیان دەهێنێ، لە کێڵگەکانیانەوە بەرەو شارەکانیان دەهێنێ. بەشێوەیەکی مێژوویی ئەمە تاکە ڕێگەی چارەسەرکردنی هەژاریی نێو گوندەکان بوو. دەبێ پارێزگەری لە وەرچەرخانە پیشەسازییەکەمان بکەین". کاتێکیش هەمان پرسیارم لە بەرپرسانی هیند یان ئەمریکییە لاتینییەکان دەکرد، لە چەند لێکدانەوەیەکی ئاڵۆزەوە سەبارەت بە پشتگیریکردن لە گوندەکان و پێشکەشکردنی یارمەتی بە هەژاران و چەندان بەرنامەی دیکەی هاوشێوە سەرگەی خۆیان دەگرت کەوا هەرهەموویان بۆ هێواشکردنەوەی هێزەکانی بازاڕ و ئیفلیجکردنی کردەی وەرچەرخانە مێژووییەکەی پیشەسازی نەخشەیان بۆ کێشرابوو؛ کە زۆربەی جاریش ئازاربەخش بوون.

بەڵام نزیککارییەکەی پەکین لەوانەش جیاوازە کەوا زۆرێك لە ئابووریزانانی بازاڕی ئازاد وەك ئامۆژگاری پێشکەشیان کردبوو؛ چەند بەرنامەیەك بوون کە لەهەموو ئاستەکاندا لە چەند ڕیفۆرمێکی هاوکاتانە پێکهاتبوو و هەندێکجار بە کۆڕاپی واشنتۆن ناودێر دەکرا. لەمانەیش گرنگتر ئەوەیە کە نزیککارییەکەی لە چارەسەری بە هێدمە جیاوازە کەوا ڕووسیا لە قۆناغەی بۆریس یەڵتسیندا پشتی پێبەستا و ڕێبەرانی چینی زۆر بەوردی شرۆڤەیان کرد و بەزۆریش وەك نموونەیەکی نەرێنی وەك بەڵگە دەیانهێنایەوە، هەروەها لەم بارەیەشەوە لەگەڵ وەسفە کورت و بەسوودەکەی ستڕۆپ تالبۆت هاوڕا بوون کاتێك لە ئیدارەی کلینتۆندا کاری دەکرد، ناوبراو گوتوویەتی:" زۆرێك لە هێدمە و کەمێك لە چارەسەر". پەکین لەجیات ئەنجامدانی هێدمەیەکی گەورە نزیککارییەکی

پلەبەپلەی هەڵکشاوی هەڵبژارد، کە ناوی لێنا ستراتیژی گەورەکردنی پێگەی پۆینت (لە بیرکاریدا). چوونکە لە جیات داخستنی یەکسەری گشت پرۆژە ناکارایەکان و کۆتایی هێنان بە قەرزەکانی خراپ و یاسادانان بۆ تایبەتکردنی کەرتەکانPrivatization بە شێوەیەکی فراوان، چین چەند سیاسەتێکی گرتەبەر کەوا لەهەمبەر ئەو جومگە شکستخواردووانەدا دەستی بە گەشەپێدانی ئابووری کرد بەشێوەیەك ئەم بابەتە و پرسە خراپانە لەگەڵ گوزەرکردنی کاتدا لە ئابووریی تێکڕایی (پێگەی پۆینت) ببنە بەشێکی بچووك و بچووکتر. جا بەهۆی ئەمەوە، پەکین کاتی پێویستی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەشێوەیەکی پلەبەپلە کڕی. ئێستەیش دوای دە ساڵ لە هاندانی زۆربەی شارەزایان بۆ ئەنجامدانی ئەمە، دەستی بە خاوێنکردنەوەی بانکەکانی و کەرتەکانی ئابووری کردووە، بەخێراییەکیش ئەم کارە ئەنجام دەدات کەوا زۆر لەو ئامۆژگارییانە خاوترە کەوا شارەزایان پێشنیازیان کردووە. جگە لەمانەیش، چین لە ئێستەدا لەسایەی ئابوورییەکدا ئەو ڕیفۆرمانە ئەنجام دەدات کەوا قەبارەکەی دوو هێندەی جارانە و هەمەچەشنییەکەی بە ئاستێکی زۆر بەرز زیادی کردووە. ئەمە جۆرە سەرمایەدارییەکە بە تایبەتمەندی و مۆدێلی چینی.

شیمانەی ئەوە نەدەکرا پلانی مەرکەزی سەرکەوتن وەدەستبێنێ. لە ڕاستیشدا بە مانایەك لە مانایەکان تەنانەت لە چینیشدا سەرکەوتوو نەبوو. چوونکە زانیاریی پەکین و هەژمونی بەسەر شوێنەکانی دیکەی چین زۆر لەوە کەمترە کە حەزی لێدەکات و بیانییەکان خەیاڵی بۆ دەکەن. بەڵگەیش بۆ ئەمە پشکی حکوومەتی مەرکەزیی چینییە لە داهاتەکانی باجدا کە نزیکەی سەدا پەنجایە. هەمان ئەم ژمارەیە بۆ حکوومەتی فیدراڵیی ئەمریکی (کە بەپێی پێوەرەکانی نێودەوڵەتی حکوومەتێکی لاوازە) نزیکەی سەدا حەفتایە. بە واتایەکی دیکە،

کەمکردنـەوەی دەسـتهەڵاتی مەرکـەزی لەهەمبـەر سیاسـەتی پێشخسـتندا لـە ئێستەدا لە چیندا تایبەتمەندییـەکی ئابوورییـە، هـەروەها لـە ژیـانی سیاسیشـدا ڕوونتر و ڕوونتر دەبێـت. کەمکردنـەوەی هـەژموون و کۆنترۆڵەکـەش بەمەبەسـتە، چوونکە حکوومەت لە زۆر ناوچەی چیندا پێشخستنی بازاڕی ڕاستینی ئازاد هـان دەدات، هەروەها ئابووریش بەڕووی وەبەرهێنان و بازرگانیی دەرەکیدا دەکاتەوە و لەپێناو پیادەکردنی ڕیفۆرم لە ئـابووری و جڤاکەکەیدا سـوود لـە ئەنـدامبوونی خۆی لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهـانی وەردەگرێـت. زۆربـەی سەرکەوتنەکانیشـی (زۆربـــوونی پرۆژەکـــانی بازرگـــانی) و شکســـتەکانی (دابـــەزینی چـــاودێریی تەندروستی)، بەهۆی لاوازیی هەماهـەنگیی نێـوان مەرکـەز و هەرێمەکانییەوەیـە. ئەم گرفتـەیش– واتـا کەمبوونـەوەی خێـرای مەرکەزییـەت– دەبێتـە گـەورەترین بەرەنگاربوونەوە بۆ چین، دواتر دێنە سەر باسکردنی ئەم لایەنە.

لێـرەدا زۆر پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکـەین کـە چـین ناچـار نییـە بـۆ گەلەکـەی بگەڕێتەوە؛ گەلێك کە لە زۆربەی کاتەکاندا زۆر یارمەتیی پەکینی داوە بۆ ئەوەی ستراتیژەکانی جێبەجێ بکات. هەندێك حکوومەتی دیکـە، کـە زۆر بـە ئیرەییـەوە چاودێریی ڕووداوەکـانی چـین دەکـەن، درکیـان بـەو ڕاسـتییە کـردووە. چـوونکە بەرپرسانی هیند حەز دەکەن ئاماژە بەوە بکەن کە هاوتا چینییەکانیان ناچارنین سەبارەت بە دەنگدەران دووچاری نیگەرانی بین. ئەنـدامێکی گرنگـی حکوومـەتی هیندی پێمی گوت: " ئێمە ناچارین لەڕووی سیاسییەوە شتی زۆر خۆشەویستانە ئەنجام بدەین، بەڵام ئەو شتانە حەکیمانە نین. ئەمە لە دوورمەوددا توانایـەکانی ئابووریمـان لاواز دەکـات. سیاسـییەکان لـە نزیکمـەوددا پێویسـتیان بـە دەنگـی دەنگدەرانە. بـەڵام چـین دەتـوانێ پشـت بـە ڕوانگەیـەکی دوورمـەودا و دووربـین ببەستێ. هەرچەندە هەموو شتێك بەشێوەیەکی دروسـت ئـەنجام نـادات، بـەڵام

زۆرێك لە بڕیاری زیرەکانە و دووربینانە دەدات". ئەمە بەڕوونی لە گرنگیدانی هەنووکەیی بە فێرکردن دەبیندرێ. چوونکە حکوومەتی مەرکەزی وەك درککردنێك بە پێداویستیی وڵاتەکە بەهێزی مەشقپێکراوی کار لە باشترین ئاستدا و لەپێناو بەرزکردنەوەی بەهای ئابووریدا، خۆی پابەندکردووە بەهای بەخشینەکانی (منحە) فێرکردن و جۆرەکانی دیکەی یارمەتی لە ساڵی ۲۰۰۸دا بە ڕێژەی ۲.۷ ملیار دۆلار بەرزبکاتەوە، دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم بەخشین و تەرخانکردنی پارەیە لە ساڵی ۲۰۰٦دا نزیکەی ۲٤۰ ملیۆن دۆلار بوو. هەروەها بەرپرسان پلان بۆ زیاترکردنی ئەو خەرجییە حکوومییە دادەڕێژن کە لە ساڵی ۲۰۰٦دا ڕێژەی ۲.۸٪ تێکڕای داهاتی نێوخۆیی بۆ تەرخان کرابوو، دەیانەوێ لەگەڵ هاتنی ساڵی ۲۰۱۰دا لە تێکڕای داهاتی نێوخۆییدا ڕێژەی ٤٪ بۆ ئەم خەرجییە حکوومییە تەرخان بکەن کە بەشێکی زۆریشی بۆ چەند پەیمانگەیەك خەرج دەکرێ کەوا لەسەر ئاستی جیهانیدا دەستەبژێر و کێبڕکێکارن. بەڵام لەوانەیە ئەم جەختکردنەوە و گرنگیدانە لە هیندی دیموکراسیدا ئەستەم بێت، بۆنموونە: لەو کاتەی داهاتی زەبەلاح بۆ ڕیکلامە کورتمەودایەکانی ڕازیکردنی دەنگدەران خەرج دەکرێ، (ئەوا پەیمانگەکانی دەستەبژێری فێرکاری لە هیند دا بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی لە چیندا هەیە، لەپێناو کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو قوتابیانەدا ڕووبەڕووی فشار دەبنەوە کەوا بەپێی شایستەیی و توانای خۆیان لەو پەیمانگەیانەدا وەرگیراون، لە هەمان کاتیشدا نیوەی قوتابیان لەسەر بنەمای پشکی ڕێژەیی و بەپێی سیاسەتی دانانی ئاستێك بۆ هەڵاواردن وەردەگیرێن).

بۆ حکوومەتێکی نا دیموکراسی هیچ باو و ئاسایی نییە بۆماوەیەکی زۆر لە گەشەکردندا بەکارایی سەرکەوتن وەدەستبێنێ. زۆربەی حکوومەتەکانی داپڵۆسێنەر بەخێرایی گۆشەگیر و گەندەڵ و دەبەنگ دەبن؛ باشترین بەڵگەش بۆ

ئەمە مارکۆ و مۆبۆتۆ و مۆگابین (جا لە دۆخێکدا ئەگەر یەکێك باسی لە چەند لێکدانەوەیەکی رۆشنبیری کرد، ئەوەی وەبیر دێتەوە کە دۆسییەی حکوومەتی چینی لەسەردەمی ماودا زۆر خراپ بووە). بەلام ئێستە حکوومەتی چینی، هەرچەندە هەڵەی هەیە، بەلام پارێزگەری لە رەگەزی پراگماتیکی و کارامەیی دەکات. کەسێکی پایەبەرزی بواری بانکی لەمبارەیەوە دەڵێ:" لەگەڵ زۆربەی حکوومەتەکانی جیهان مامەڵەم کردووە، بەلام حکوومەتی چینی زیاتر سەرنجراکێش و سەرسامکارە". ئەمە بۆچوونی زۆربەی ئەو پیاوانەی کارە کەوا سەردانی چین دەکەن، وەك بیل گیتس کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا بە گۆڤاری فۆرچنی راگەیاند: " لەسەر خەڵك پێویستە.... حوکمەکانی هەڵسەنگاندنی خۆیان لەگەڵ ئەو شتانە بەراورد بکەن کەوا بەردەوامی بە باشترینی دادەنێن. بەشێوەیەکی کەسی ئەوەم بۆ روونبوویەوە کە سەرکردەکانی چین گرنگییەکی زۆر بەو شتانە دەدەن".

بەلام ئەم وێنەیە وێنەیەکی تەواو نییە. چوونکە هەرچەندە چین بەخێراییەکی زۆر گەورە گەشە دەکات و بەختی لە گشت ئاستەکاندا مشە و بەردەستە، بەلام دەوڵەتەکە- بەهۆی نزیککاریی لە ریفۆرمێکی پلەبەپلە- هێشتا هەژموونی بەسەر زۆرێك لە ئاستە بەرزەکانی ئابووریدا هەیە. چوونکە تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت، ئەو دەستگەیانەی موڵکی دەوڵەتن نزیکەی نیوەی تێکرای بەرهەم و داهاتی نێوەخۆیی چینییە. چوونکە لەنێو ٣٥ گەورە کۆمپانیای بازاڕی شنگهای بۆ پشکەکان، ٣٤ کۆمپانیا یان بەتەواوی یان بەشێوەیەکی بەشەکی موڵکی دەوڵەتن. بەزۆریش کۆنترۆڵی دەوڵەت دژ بە پایەداری و دەستپاکی و کارامەییە. چوونکە بانکەکانی چین- کە لە زۆربەی دۆخەکاندا هێشتا چەند قەوارەیەکی حکومین- ساڵانە لەپێناو پاڵپشتیکردنی کۆمپانیاکانی لاوازدا دەیان ملیار دۆلار

دابەش دەکات و بەچەند هۆیەك پارە بۆ هەرێم و کۆمەڵە و چەند کەسانێك دەنێرێ کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئابوورییەوە نییە. وەهاش دێتە بەرچاو کە گەندەڵی لە زێدەبووندایە و ڕێژەی ئەو دۆخانەی کەوا بەرپرسانی پلەبەرز دەگرێتەوە لە ڕێژەی ١.٧٪ی ساڵی ١٩٩٩ دا گەیشتە ٦.١٪ ساڵی ٢٠٠٢. هەروەها جیاوازییەکانی نێوان هەرێمەکان ڕوو لە زیادبووندایە و نەبوونی یەکسانیش بەخێراییەکی زۆر زیاد دەکات، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی گرژیی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە. لەمبارەیەوە ئامارێکی گوزارشتکار هەیە– کە لەلایەن حکوومەتەوە دەرچووە– زۆر پشتی پێ دەبەسترێ: لە ساڵی ٢٠٠٤ دا ٧٤.٠٠٠ خۆپیشاندانی نارەزایی جۆراوجۆر لە چیندا ڕووی ئەنجام دران. پێش دە ساڵ لەمەوبەریش تەنیا ١٠.٠٠٠خۆپیشاندان کرا.

لەگەڵ ئەمەیشدا دەتوانین ئەم دوو وێنە جیاوازە بەیەکەوە بگونجێنین. چوونکە لە زۆربەی دۆخەکاندا، گرفتەکانی چین لە سەرکەوتنەکانییەوە سەرچاوەیان گرتووە. چوونکە ئەو گەشەکردنە نایاب و ناوازەیەی ئابووری، گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی ناوازەی دروستکردووە. چین کردەی وەرچەرخانی دووسەد ساڵی پیشەسازی خۆرئاوای تەنیا لە سی ساڵدا ئاخنیوە. لە هەموو ڕۆژێکدا، دەیان هەزار کەس لە گوندەکانەوە کۆچ دەکەنە شارەکان و لە کێڵگەکانەوە دەچنە کارگەکان و لە خۆرئاواوە بەرەو خۆرهەڵات دێن، ئەو هاتنەش هێندە خێرایە کە مێژوو پێشتر هەرگیز دیاردەی وەهای بەخۆیەوە نەبینیوە. ئەو کەسانە هەر تەنیا بەشێوەیەکی جوگرافییانە کۆچ ناکەن، بەڵکو لەدوای خۆیاندا خانەوادە و چین و مێژوویەك بەجێدەهێڵن. لەبەرئەوە، سەیر نییە کە حکوومەتی چینی هەرگیز چاوی خۆی لەو قوڵپدانە کۆمەڵایەتییە نەپۆشێ. مینکسین پی سەبارەت بە کەمبوونەوەی توانای حکوومەتی چینی لە نێو قسەکانیدا ئەوە بەدیاردەخات

کە ئیدی دەستهەلاّتەکان وەك جاران تەنانەت نـاتوانن مامەڵە لەگـەڵ پرسـێکی سـادەی وەك سـەلامەتیی ڕێگـەکانیش بکـەن، چـوونکە ڕێـژەی مـردن بـەهۆی ڕووداوەکانە بۆ هەر ١٠٠٠٠ ئوتومبێلێك ٢٦ حالەتی مردنـە (بـە بـەراورد لەگـەڵ ٢٠ لە هیند و ٨ لە ئەندۆنیسیا)، بەلاّم زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ژمـارەی ئوتومبێلـەکانی سـەر ڕێگـەکانی چـین سـالاّنە بەڕێـژەی ٢٦٪ زیـاد دەکـات و لـە هیندستاندا ١٧٪ و لە ئەندۆنیسیا ٦٪. جا کاتێك هینـد لـە ڕووی گەشـەکردنەوە بەسەر چیندا زاڵ دەبێت، بێگومان ئەم مەبەستەشی هەیە- من گرۆ دەکـەم کـە ئەویش بەرزبوونەوەی ڕێـژەی ڕووداوەکـانی هاتووچـوو بەخۆیـەوە دەبینـێ، جـا ئەگەر دەوڵەتێکی دیموکراسی بێت یان نا.

چـاوێك بـە دەرئـەنجام و کاریگەرییـەکانی گەشـەکردنی چـین لەسـەر ژینگـەدا بگێڕەوە؛ نەك بە نیسبەت هەموو گۆی زەوی بەڵکو تەنیا بە نیسبەت چین. ٢٦٪ ئاوەکـانی گـەورەترین ڕووبارەکـانی چـین هێنـدە پیسـن کـە ئیـدی توانـای بەڕێوەبردنی ئەرکە سـەرەکییە ژینگەییەکـەی خۆیانیـان لەدەسـت داوە". تـەنیا بەدرێژایی ڕووباری یانگتزی نۆ هـەزار کارگـەی کیمیـایی هەیـە. هـەروەها پـەکین پێشتر لە پیسـبوونی هـەوادا پلـەی یەکـەمی داگـیر کردبـوو. لـەنێو دانیشـتووانی شـارەکانی چـیندا کـە ژمارەیـان ٥٦٠ ملیۆنـە ١٪ ی دانیشـتووانەکەی هەوایـەك هەڵدەمژن کە بەپێی پێوەرەکانی یەکیەتیی ئەورووپا بە پاك و دروست دادەندرێ. بەلاّم، لێـرەدا جێگـەی خۆیـەتی ئـەوە وەبـیر بهێنینـەوە کـە کـۆی ئـەو ژمـارە و خەملاندنانە لە حکوومەتی چینییەوە دێن. لە ڕاستیدا ڕەچاوکراوەکانی ژینگـەیی لە بەرنامەی کاری پەکیندا پلەیەکی بەرز داگیر دەکەن و لـە هـی گشـت ولاّتـانی دیکەی تازە گەشەسەندوو بەرزترە. هەروەها گەورە بەرپرسـانی چـینی بـاس لـە پێداویسـتیی تێکڕایـی بەرهـەمێکی سـەوز و لۆکـاڵی و گەشـەیەکی هاوسـەنگ

دەکـەن، هــەروەها ڕەچـاوکراوەکانی ژینگــەیی بەشــێوەیەکی زۆر گــرنگ و بەرجەستە لـە پلانـی سـەرۆك هیـو جینتـاو دێـت کـە سـەبارەت بـە گەیشـتن بـە جڤاکێکی ڕێکوپێك و گونجـاوە. لـەم چوارچێوەیەدا، دەسـتگەیەکی ڕاوێـژکاریی خۆرئاوایی لە چیندا شرۆڤەی چەند یاسایەکی نوێیـان کـردووە کـەوا تایبـەتـە بـە پیسبوونی هەوا، ئەو دەستگەیە وەها مەزەندەی کردووە کە داواکاری لەسەر ئەو بەرهەمانەی کەوا بەشۆکەی هەوا لادەدەن و لەنێوی دەبەن، بە ڕێژەی ٢٠٪ زیـاد دەکـات، ئەمـەیش بازاڕێـك بەرهەمـدەهێنیّ کـەوا بـە دە ملیـار دۆلار مەزەنـدە دەکریّ. ئای لەو گرفتە دژوارەی کەوا پـەکین دەیـەویّ مامەڵـەی لەگەڵدا بکـات: کەمکردنــەوەی ڕێــژەی هــەژاری پێویســتی بــە گەشــەکردنێکی بــەهێز هەیــە، گەشەکردنیش واتا پیسبوون و تێکچوونی ژینگەیی.

گرفتە گەورەترەکە کەوا چین لەکاتی پێشکەوتنیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە حکومەتەکەی بە شێوەیەك شەڕخوازە کە هەرگیز چارەسەر ناکریّ، بەڵکو خۆی لەو مەترسییەدا دەبینێتەوە کە حکوومەت توانای پاراستنی یەکییــەتیی جڤــاك لەدەســت بــدات؛ ئــەم گرفتــەیش لــە دوو تــوێی خۆیــدا کەمکردنەوەی خێـرای دەسـتهەلاّتی مەرکـەزی لـەخۆ دەگـریّ بـەلاّم زۆر لـەوەش دوورترە. قۆرغکردنی دەستهەلاّت لە لایەن حکوومەتەوە ڕێگەی بۆ خۆشـکردووە ڕیفـۆرمی فـراوان و خێـرا پیـادە بکـات، چـوونکە لـە توانایـدا هـەبووە خـەڵك و سەرچاوەکان بەپێی پێداویستی ئاراستەی ئەو شـوێنانە بکـات کـەوا پێویسـتیان پێیان هەیە. بـەلاّم ئـەو بڕیارانـەی کـەوا بوونـە هـۆی دروسـتبوونی ئـەو پـرس و قەیرانانە، واتا شلّەژانی ئابووری و کۆمەلاّیەتی و سیاسی، هەروەها دابڕانی حزبی کۆمۆنیستی و بونیادە پلەبەندییەکەی توانـای چارەسـەرکردنی ئـەو شـلّەژانانەی کـەمتر دەکەنـەوە. چـوونکە پـارتی کۆمنیسـتی چـینی- پـارتی کرێکـاران و

جووتیاران– لە ڕاستیدا یەکێکە لە ڕێکخراوە هەرە دەستەبژێرەکانی جیهان. لە سێ ملیۆن کەس (ژن و پیاو)ی مەدەنی و خوێندەواری پلەبەرز پێکهاتووە، ئەم کۆمەڵەیەش هەرگیز نوێنەرایەتیی جڤاکێکی فراوانی ئەو جووتیارانە ناکات کەوا سەرکردایەتیان دەکات. کەمینەیەکی زۆر کەمی گەورە بەرپرسەکانی کارامەیی سیاسییانەی گشتیی ڕاستینیان هەیە. بەلأم ئەو پاڵپشتکراوانە بەزۆری لە پسپۆڕییەکانی خۆیان و لە مانۆڕە حزبییەکانی نێوخۆیی و هونەری چاودێری و گرنگیپێدانی سیاسی (یان مەحسووبیەتی سیاسی) زۆر کارامە و شارەزان. لەسەر ئێمە پێویستە ئەوە ببینین کە ئاخۆ ئەو سەرکردانە لەگەڵ ژیانی گشتیی سیاسیدا کاریزما و توانای ڕەفتارکردنیان هەیە – ئەو کارامەییانەی کە لەپێناو حوکمکردنی گەلێک پێویستیان پێی هەیە کە خۆی ١.٣ ملیار مرۆڤ دەدات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ متمانەبەخۆکردنی زیاتر دەبێت.

لە شوێنەکانی وەك تایوان و کۆریای باشووردا –لە حەفتایەکان و هەشتایەکاندا– گەشەکردنی ئابووری لەگەڵ ڕیفۆرمە پلەبەپلەکانی یاسایی و کۆمەلأیەتی و سیاسیدا هاوکات بوو. ئەم دوو ڕژێمە توندوتیژبوون بەلأم زۆرەملێیانە و ملهوڕ و داپڵۆسێنەر نەبوون– جیاکردنەوە گرنگە– لەبەرئەوە هەوڵیان نەدا بەتەواوی کۆنترۆڵی جڤاك بکەن، ئەمەیش وایکرد شلکردنەوە و لادانی دەستەکە ساناتر بێت. جگە لەمانەیش ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا– پاڵپشتە داراییە هەرە گەورەکەیان– لەپێناو کرانەوەی سیستمەکانیان فشاری خستنەسەر. بەلأم پەکین ئەم فشارەی لەسەر نییە. ئەو وەرچەرخانەی کەوا چین بەخۆیەوەی دەبینێ وا دەکات بونیادەکانی زۆرەملێیی و تاکڕەوییەکەی هەڵبوەشێنەوە یانیش لە هەندێك شوێندا کاریگەرییەکەی خۆیان لەدەست بدەن. چوونکە خەڵك لە جاران زیاتر بژار و ئازادییەکی زۆرتریان هەیە.

هەروەها دەتوانن کار بکەن و جێگورکێ بکەن و موڵکیان هەبێت و دەست بە پرۆژەکانی بازرگانیی تایبەت بەخۆیان بکەن. لەگەڵ کۆی ئەمانەیشدا، بەرزەفتکردنی سیاسی هێشتا هەر بەهێزە و لە چەند شوێنێکی کرۆکیی دیاریکراویشدا چەند ئاماژەیەکی بەهێز بۆ هەبوونی هەن، بۆنموونە: یەکێ سیستمێکی ئاڵۆزی چاودێریکردنی ئینتەرنێتی پێشخستووە؛ هێندەش کارایە کەوا مرۆڤ دووچاری سەرسوڕمان دەکات.

پارتی کۆمۆنیست هێز و کاتێکی گەلێك زۆر لە نیگەرانیی تایبەت بە سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ناڕەزایی میللیدا تەرخان دەکات. بێگومان ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گرفتێك بووەتەوە کەوا ڕەهەندی بێسنوور و نادیاریکراو و بێ چارەسەری هەیە. ئەمە لەگەڵ دراوسێییە باشوورییەکەی چیندا بەراورد بکە. چەندان پرسی جۆراوجۆر هەن کە سیاسییەکانی هیند نیگەران دەکەن- گرنگترینیان دۆڕانە لە هەڵبژاردنەکان- بەڵام زۆر بەدەگمەن لەهەمبەر ڕوودانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی یان ڕزگاربوون لە خودی سیستمەکە دووچاری نیگەرانی دەبن. ئەوان لە ئەگەری سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و مانگرتنەکان دووچاری تۆقین نابنەوە، بەڵکو بە بەشێکی سروشتیی گفتوگۆیەکی ئاسایی نێوان دەستهەڵاتدار و جەماوەری لێکدەدەنەوە. هەروەها ئەو حکوومەتانەی لە شەرعیبوونی خۆیان دڵنیان، لە ڕێکخراوێکی وەك Falun Gong ناکەونە گومانەوە کەوا ئەندامەکانی لەپێناو مەشقکردنی تایبەت بە هەناسەدان کۆدەبنەوە.

زۆرێك لە نووسەرانی ئەمریکی لە بانگەشەیەك پەلە دەکەن و باوەڕیان وەهایە چین نادروستیی ئەو بیرۆکەیە دەسەلمێنێ کەوا ئەوە پیشان دەدات کە ڕیفۆرمەکانی ئابووری دەبنە هۆی ڕیفۆرمی سیاسی؛ یان سەرمایەداری دەبێتە

هـۆی سـەرهەڵدانی دیموکراسـی. لەوانەیـە ئـەوە بەدیاربکـەوێ کـە چـین لـەو دەستوورەدا دەرهاوێشتە بێت، بـەڵام جـاری زۆر زووە پێشبینیی ئەمـە بکـەین. دەستوور و بنەمایەکە لە گشت شوێنەکاندا و هەر لە ئیسپانیاوە بگرە تا دەگاتـە یۆنان و کۆریای باشوور و تایوان و مەکسیك، ڕاستیی خۆی سـەلماندووە ئـەویش ئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی پشت بە ئابووریی بازاڕ دەبەستن و هیـوای نوێخوازییـان هەیـە، کاتێـك دەگەنـە قۆنـاغی داهـاتی مامناوەنـدی (لـە نێـوان ٥.٠٠٠ و ١٠.٠٠٠ دۆلاردا) لـە ڕووی سیاسـییەوە دەسـت بـە گۆڕانکـاری دەکـەن. جا لەبەرئـەوەی دەرامەت لە چیندا هێشتا لەژێر ئـەو ئاستـەدایە، زۆر ناکردەییـە بێـژبازی لەسـەر ئـەوە بکـرێ کـە ئـەم وڵاتـە بنـەما و دەسـتوورەکەی شـکاندووە. شـتێکی بەڵگەنەویستە کـە چـین لـە پـانزە سـاڵی داهـاتوودا ڕووبـەڕووی تەنگوچـەڵەمە و بەرەنگاریی گەورە دەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەمە مانای ئەوەش نـەبێت کـە لـە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا چین دەبێتـە وڵاتێکـی دیموکراسـیی لیبراڵیـی وەك نـۆرمی خۆرئـاوایی. وەهـا چـاوەنواڕ دەکـرێ وڵاتـی چـین یەکـەمجار بـۆ سیسـتمێکی تێکەڵاوی هاوشێوەی زۆرێك لە وڵاتانی خۆرئـاوایی سـەدەی نۆزدەیـەم و وڵاتـانی خۆرئاوای ئاسیا لە حەفتایەکان و هەشتایەکاندا پێش بکەوێ کە بەشداریی میللی و ڕەگـەزەکانی دەسـتهەڵاتی باوکانـە و دەسـتەبژێریان لەگـەڵ یەکتریـدا ئاوێتـە کردبـوو. دەبـێ ئـەوە بـزانین کـە یابـان یەکێکـە لـە پێگەیشـتووترین سیسـتمی دیموکراسیی خۆرهەڵاتی ئاسیا کە تیایدا حزبـی حـوکمڕان مـاوەی شێسـت سـاڵە دەستهەڵاتی لەدەست نەداوە.

لە کۆتاییەکانی سـاڵی ٢٠٠٦دا لـە صـین وین جیابـاوی سـەرۆکوەزیرانی چـینیان پرسی – لەنێو کۆبونەوەی لەگەڵ شاندێکی سـەردانیکاری ئـەمریکی– کـە ئـاخۆ مەبەستی سەرکردەکانی چین لە وشەی دیموکراسیِ چی بوو کاتێك باسیان لـەوە

کرد کە چین بەرەو دیموکراسییەت دەچێت. وین ئەوەی بۆ ڕاڤەکردن کە لە سێ ڕەگەز و پێکهاتە پێکدێت: " هەڵبژاردن، سەربەخۆیی دادگەیی، سەرپەرشتیکردنی بناغەی هاوسەنگیی دەستهەڵاتەکان". جۆن سۆرنتۆنی بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە دەستگەی گۆڵدمان ساکس و شارەزا لە کاروباری چین کەوا سەرۆکایەتیی شاندەکەی دەکرد، بۆ ئەو سێ لایەنەی لەسەرەوە باسکرا، دەستی بە گەڕان و بەدواداچوون کرد و بینی ڕووگەگیری و ئاراستەیەکی (کەم) بەرەو هەڵبژاردنەکانی هەرێمی و زۆرێك لە ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئاراستەگرییەکی زیاتر بەرەو چاکترکردنی سیستمی یاسایی هەیە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، دادگەکانی چین ٨٠٠,٠٠٠ پرسیان وەرگرت، لە ساڵی ٢٠٠٦دا دە هێندەی ئەو ژمارەیەی سەرەوەیان وەرگرت. بەڵام ئەو دوا وێنە و دەرئەنجامەی کەوا سۆرنتۆن وەدەستی هێنا— لە وتارێکی بابەتیدا نووسی و لە گۆڤاری فۆرین ئەفیرز بڵاوبوویەوە— باسی لە سیستمێك دەکرد کە زۆر بەهێواشی بەڵام بەشێوەیەکی هەڵکشاو بەرەو زۆرێك لە بەرپرسیاریەتی و کرانەوە دەچێت.

بەڵام لەوانەیە هەنگاوەکانی هەڵکشاو بەس نەبن. لەسەر کۆمۆنیستەکانی دەستهەڵاتداری چین پێویستە ڕێوشوێنەکانی مارکسی مامۆستایان بخوێننەوە یانیش دووبارە چاوی پێدا بگێڕنەوە. ڕاستە کە کارڵ مارکس ئابووریناس و ئایدۆلۆژیستێکی خراپ بوو، بەڵام زانایەکی بەهرەمەندی کۆمەڵایەتی بوو. لە یەکێك لە تێبینییە سەرەکییەکانیدا هاتووە کە کاتێك جڤاکێك بونیادە ئابوورییەکەی دەگۆڕێت، ئەوا ئەو سیستمە سیاسییەش گۆڕانی بەسەردا دێت کەوا لەسەری بونیاد نراوە. هەروەها مارکس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کاتێك جڤاکەکان زیاتر بەرەو دیموکراسییەت دەچن، زیاتر پاڵپشتیی لە ئابووریی بازاڕ دەکەن. مێژووش سەلمێنەری ئەو پەیوەندییەی نێوان ئابووریی بازاڕ و

دیموکراسییەتە. چوونکە جگە لەو ولاتانەی کەوا دەولەمەندییان بەهۆی نەوتەوەیە، تەنیا یەك دەولەت لە جیهاندا هەیە کە ئاستێکی خۆرئاواییانەی پێشکەوتنی ئابووریی بەخۆیەوە بینیوە، کەچی هێشتا نەگەیشتووەتە پیادەکردنی دیموکراسییەتێکی تەواو، ئەویش سەنگافوورەیە. بەلام سەنگافوورە کە دەولەتێکی بچووکە دەستەبژێرێکی دەستەهەلاتداری هەیە کە لە رووی هێزەوە زۆر نائاسایین– دەرهاوێشتنەکە بە نائاسایی دەمێنێتەوە. زۆرێك لە سەرکردەکان هەولیان دا ئەو شتانە دووبارە بکەنەوە کەوا لی کوان یو ئەنجامی دا، واتا زیادکردنی سامان و وەدیهێنانی مۆدێرنیتە و پاراستنی هەژموونی سیاسیش لە یەك کاتدا، بەلام تاکو ئێستەیشی لەگەلدا بێت کەسێك لەوانە سەرکەوتنیان وەدەست نەهێناوە. لەگەل ئەمەیشدا، سەنگافوورە زۆر بەخێرایی دەگۆرێت، چوونکە جڤاکەکەی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەکرێتەوە، نەك هەر ئەمە بەلکو لە هەندێك لایەندا (بەتایبەتیش لایەنی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی) لە گشت جڤاکەکانی خۆرهەلاتی ئاسیا کراوەترە. بە تەماشاکردنێکی دەیان دەولەت لەماوەی دەیەکانی پێشکەوتنیاندا، لە کۆریای باکوورەوە بگرە تا دەگاتە ئەرژەنتین و تورکیا، مرۆڤ نموونەیەکی دووبارە دەدۆزێتەوە: ئەو ئابوورییەی کە پشتی بە خواستەکانی بازار بەستووە و لە دەرامەتدا دەگاتە ئاستی مامناوەندی، لە درێژ مەودادا دەبێتە دیموکراسییەکی لیبرالی. رەنگە ئەمەیش – وەك زۆرێك لە توێژەرەوەکان ئاماژەیان بۆی کردووە– لە زانستی سیاسیدا گشتاندنێکی متمانەداری گرنگترە.

زۆرێك لە نەوەی گەنجی سەرکردە لە چیندا لەو تەگەرە و کۆسپە تێدەگەن کەوا رووبەرووی ولاتەکەیان بووەتەوە و بەنهێنی باس لە پێداویستیی ئەوە دەکەن کە سیستمەکانی سیاسی توندوتیژییەکەیان کەمتر بکەنەوە. رۆژنامەوانێکی گەنج کە

پەیوەندییەکی پتەوی بە سەرکردایەتیی پەکینەوە هەیە، بە منی گوت: " کەسانی زیرەکتر لە حزبدا بیر لە ریفۆرمی ئابووری ناکەنەوە، بەڵکو بیر لە ریفۆرمی سیاسی دەکەنەوە". هەندێك وەزیر لە سەنگافوورە جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەرپرسانی چینی زۆرێك لە کاتی خۆیان بۆ شرۆڤەکردنی ئەو سیستمە سیاسییە تەرخان دەکەن کەوا لە لایەن لی کوان یو بونیادنراوە، هەروەها حزبی کۆمۆنیست لەپێناو هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتیی سەرکەوتنی ئەو دوو وڵاتە لە بەرهەمهێنانی دەستهەڵاتێکی دیموکراسی کەوا یەك حزب هەژموونی بەسەردا هەیە، شاندێکی ناردووەتە یابان و سوید. ئەوان سیستمی سیاسی و بنەمایەکانی هەڵبژاردن و ئەو ئیمتیازە فەرمی و نافەرمییانە دەپشکنن کەوا حزب هەیەتی، هەروەها تاوتوێی ئەو تەگەرانەش دەکەن کەوا رکابەرانی کەمبەختتر لە بردنەوە ناچارن تێیپەڕێنن. هەرچۆنێك بێت، جا ئەگەر ئەمە تەنیا چەند مەشقێکی ساختە بێت یانیش چەند هەوڵێکی هەمبەر دۆزینەوەی ڕێگەی نوێی پاراستنی دەستهەڵاتەکەیان بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات کە حزب درك بەوە دەکات کە پێویستی بە گۆڕانە. وەلێ ئەو تەگەرە و بەرەنگارییەی رووبەڕووی چین دەبێتەوە تەکنۆکراتی نییە، بەڵکو تەگەرە و بەرەنگارییەکی سیاسییە، پرسەکە دووبارە رێکخستنەوە و مشتومالکردنی دەستهەڵات نییە، بەڵکو وازهێنانە لە دەستهەڵات؛ وێرانکردنی بەرژەوەندییەکانی تایبەت و هەڵوەشاندنەوەی تۆڕەکانی چاودێری و وازهێنان لە ئیمتیازەکانی باو و ناسراوە. هیچ یەکێك لەمانەیش واتای وازهێنان لە دەستهەڵات ناگەیەنێ- بەلای کەمەوە هێشتا نا- بەڵام واتای تەنگکردنەوەی بازنەی ئەو کۆنترۆڵە و دەستهەڵاتە و رۆڵ و توانایەکانیەتی. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: هەرچەندە ئەو هەموو مەشقە نوێیەی بەڕێوەبردن دەکرێ، ئایا حزبی

کۆمۆنیستی چینی ئامادەیە ئەو دەستپێشخەرییە بکات کەوا قەڵەمبازێکی گەورەیە بەرەو پێشەوە؟

لە ڕاستیدا، زۆربەی ئەو دەستهەڵات و سیستەمە دیکتاتۆرییانەی کەوا ئابوورییەکەیان نوێبووەتەوە– تایوان و کۆریای باشوور و ئیسپانیا و پورتوگال – لەبەردەم ئەو گۆڕانکارییانە خۆیان ڕاگرت کەوا لە دوای ئەو نوێگەرایییە هاتن و بەشێوەیەکی سەقامگیرتر و ڕەواتر لێی دەرچوون. یەکینیش پێشتر ڕووبەڕووی چەندان گرفت و بەرەنگاری بوویەوە و لە خۆگونجاندن لەگەڵیدا سەرکەوتنی وەدەستهێنا. جا ئەگەر دەستهەڵات و سیستەمەکە بەشێوەیەکی باشیش ئەو وەرچەرخانە بەڕێوە نەبات، ئەوا شڵەژانی سیاسی ناتوانێ لەبەردەم گەشەکردنی چیندا ببێتە ڕێگر. ئەوجا بەبێ ڕەچاوکردنی ئایندەی واقیعیە سیاسییەکەی، شیمانەی ئەوە ناکرێ چین لەسەر گۆڕەپانی جیهانیدا پاشەکشە بکات. بۆ نموونە لە دوای شۆڕشی فەڕەنسیدا، فەڕەنسا بەچەند قەیرانێکی سیاسیدا گوزەری کرد کەوا دوو سەدە بەردەوام بوو و دوو ئیمپراتۆر لەو ماوەیەدا بەدوای یەکتریدا و دواتریش دەستهەڵاتێکی دیکتاتۆرییانەی نیمچە فاشی و چوار کۆمار هاتن. بەڵام لەنێو جەرگەی شڵەژانەکانی سیاسیدا لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەی کرد و وەك یەکێك لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان مایەوە.

لەوانەیە یەکێك لە هۆیە کرۆکییەکانی بەردەوامبوونی ڕێنسانس و ڕابوونی چین پەرۆشییە زۆرەکەی بێت بۆ سەرکەوتن. لە سەدەی بیستەمدا و دوای سەدان ساڵ لە هەژاری، چین داڕووخانی ئیمپراتۆری و جەنگێکی ناوەخۆیی و شۆڕشی بەخۆیەوە بینی، لە کۆتایشدا کەوتە ژێر ڕەحمەتی نۆرمە دۆزخییە کۆمۆنیستییەکەی ماو. چین بەهۆی سیاسەتی قەڵەمبازی گەورە بەرەو پێشەوە ٣٨ ملیۆن مرۆڤی لە دەست دا؛ لە وەرچەرخان بۆ بەڕێوەبردنێکی بەکۆمەڵی

هاوکارییانە collectivization ئەزموونێکی دڕندانە بوو. دواتر خۆی لەنێو گۆشەگیریدا نقومکرد و لە ماوەی شۆڕشی ڕۆشنبیریدا توێژە پیشەییە دانپێدانراو و ئەکادیمییەکەی خۆی بەتەواوی لەنێوبرد. لەگەڵ هاتنی حەفتایەکانیشدا، چین هیچ هۆیەکی وەهای لەبەردەستدا نەبوو سەری خۆی پێ بەرزبکاتەوە- بەپێچەوانەی هیند کە دەکرێ شانازی بە دیموکراسییەتەکەی خۆی بکات هەرچەندە گەشەکردنە ئابوورییەکەی هێواشە- تا ئەو کاتەی ڕیفۆرمەکانی دینگ هاتنە ئاراوە. ئێستەیش، سەرکردە و پیاوانی کاری چینی و گەلەکەشی بەشێوەیەکی گشتی حەزێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش پاراستنی ڕەوتی چوونەپێشەوەیە و دەستدرێژی نەکردنە بۆسەر سێ دەیە لە گەشەکردن و سەقامگیرییەکی ڕێژەیی.

شاردنەوەی ڕووناکییەکەی

هەر شتێك لەسەر ئاستی نێوەخۆیی چیندا ڕوودەدات، دەتوانێ لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا ژیان ئاڵۆز بکات. چوونکە قەبارەی هێزەکەی – لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە- ئەوەی یەکلایی کردووەتەوە کەوا کاریگەرییەکەی لە سنووورە سروشتییەکەی خۆی زۆر تێدەپەڕێ. وڵاتی وەها بەتواناش هەموو ڕۆژێك لەدایك نابێت. چوونکە ئەو وڵاتانەی کە لە ئێستەدا توانادارن- ویلایەتەکانی یەکگرتوو، بریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و ڕووسیا- ماوەی دوو سەدەیە نەگۆڕاون. زلهێزەکان بە ژنە گۆرانیبێژانی ئۆپێرا دەچن: دێنە سەر تەختەی شانۆی جیهانی و لەگەڵ چەند هەراوزەنایەکی گوێکەڕکەردا لێی دەچنە دەرەوە. تۆ بیر لە سەرهەڵدان و ڕابوونی ئەڵمانیا و یابانی سەرەتای سەدەی بیستەم بکەرەوە، یان داڕووخانی ئیمپراتۆریەتی هابسبۆر و ئیمپراتۆریەتی

عوسمانی لە هەمان ماوەدا. لەم دوو ڕووداودا چەندان قەیرانی جۆراوجۆر لە بەلقان و خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی شڵەژاوی هەنووکەییدا ڕوویان دا.

لە ساڵەکانی دواییدا ئەم نموونەیە بەتەواوی بەڕێوە نەڕۆیشت، چوونکە یابان و ئەڵمانیای ئێستە بوونەتە دووەم و سێیەم گەورە هێزی ئابووری لە جیهاندا، بەڵام لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە تا ئاستێکی زۆر بە تەنبەڵی مانەوە. تاکو ئێستە، شین بە کەمێك هەراوزەناوە گەیشتە ئەو پێگە هەنووکەییەی خۆی. چین لە ماوەی دەیەی یەکەمی پێشکەوتنیدا– هەشتایەکان– سیاسەتێکی ڕاستینی دەرەوەی نەبوو. یان ئەگەر بمانەوێ وردتر بین، ستراتیژییەتی گەشەکردنی ستراتیژێکی سەرەکی بوو. پەکین پێی وابوو کە پەیوەندیی باش لەگەڵ ئەمریکادا کلیلی پێشکەوتنیەتی، بەشێك لە هۆیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چین دەیویست بگاتە بازاڕە زەبەلاحترەکان و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووتر لە جیهاندا. لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا چین دەنگی بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا دەدا یانیش لەهەمبەر ئەو پرۆژە بڕیارانەی کەوا ئەمریکا پێشنیازی دەکردن خۆی لە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ بەدوور دەگرت. لە سنوورێکی فراوانتریشدا، بەپێی وەسفەکەی دینگ چین سەری خۆی بە نزمی دەهێشتەوە ئەمەیش وەك هەوڵێك بوو بۆ " شاردنەوەی ڕووناکییەکەی خۆی". تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت ئەم سیاسەتە – سیاسەتی دەستوەرنەدان و ڕووبەڕوونەبوونەوە– تا ئاستێکی زۆر بەرز بەردەوامە. جگە لەو شتانەی کە پەیوەندییان بە تایوانەوە هەیە، پەکین حەز بەوە دەکات خۆی لەهەموو ململانێیەکی هەمبەر وڵاتانی دیکە بەدووربگرێ. چوونکە هێشتا بیرکۆیی خۆی تەنیا لەسەر گەشەکردن چڕکردووەتەوە. باشترین نموونەش بۆ ئەم مەسەلەیە ئەو وتارە بوو کەوا سەرۆك هیۆ جینتاو لە کۆنگرەی حەڤدەیەمی حزب لەساڵی ٢٠٠٧دا خوێندیەوە و دوو کاتژمێر و نیوی خایاند،

تیایدا بە وردی و دووروودرێژییەکی زۆرەوە تیشکی خستە سەر پرسەکانی ئابووری و دارایی و پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، بەڵام بەتەواوی سیاسەتی دەرەوەی فەرامۆش کرد.

زۆرێك لە دیبلۆماسییە دێرینەکانی چین کاتێك باس لە زیادبوونی هێز و هەژموونی وڵاتەکەیان دەکرێ تووڕە دەبن. وو جیانمینی سەرۆکی کۆمکاری کاروباری دەرەوە لە چین و بالیۆزی پێشوو لە ویلایەتەکانی یەکگرتوودا دەڵێت:" مەسەلەکە دەمتۆقێنێ. هێشتا هەر وڵاتێکی هەژارین، وڵاتێکی تازە گەشەسەندووین. نامەوێ خەڵك بەشێوەیەکی زێدەڕۆیانە بیر لە ئێمە بکەنەوە". بەهەمانشێوە و ڕەوت کسینگهای فانگی جێگری سەرۆکی بازاڕی شانگهای بۆ پشکەکان دەڵێ:" تکایە بیر لە تێکڕای دەرامەت و بەرهەمی نیوەخۆیی بۆ هەر تاکێکی ویلایەتەکانی یەکگرتوو بکەرەوە کە بیست و پێنج جار لە تێکڕای نێوەخۆیی ئێمە زۆرترە. هێشتا ڕێگەیەکی زۆرمان لەبەردەمە". ئەم تووڕەبوونە لە میانەی گفتوگۆیەکی زۆر گرنگ لەنێو چیندا پەیدابوو کە تەوەرەکەی تایبەت بوو بەو ڕێگەیەی کەوا لەسەر پەکین پێویستە لە بنەمای سیاسەتە دەرەکییەکەی بیگرێتەبەر. لەو ماوەیەدا، واتا لە ساڵی ٢٠٠٢دا زینگ بیجیان کە ئەو کات جێگری سەرۆکی خوێندنگەی مەرکەزیی حزب بوو، لەپێناو گوزارشتکردن لە نیازی چین بۆ هەڵکشانێکی هێمنانە لەسەر پەیژەی جیهانیدا زاراوەی هەڵکشانی پەیژەیی داهێنا. کاتێك زینگ قسەی کرد خەڵك گوێیان گرت، چوونکە سەرۆکی پێشوو هەر سەرۆك هیۆ جینتاو بوو. کاتێك سەرۆك جینتاو و وین جیاباو ئەم دەستەواژەیەیان بەکاریان هێنا پاڵپشتییەکی فەرمی لێ کرا. بەڵام دواتر بەکار نەهاتەوە.

زۆرێك لە شیكەرەوەكانى خۆرئاوا پێيان وابوو كە گرفتەكە لە دەستەواژەكەدا واژەى پەيڕەيیە، چوونكە بژارەكانى چينى لەهەمبەر تايواندا كۆتوبەند دەكرد. بەڵام لە ڕاستيدا سەبارەت بەم مەسەلەيە دابەشبوونێكى گەورەى نێوەخۆيى لەگۆڕێدا نەبوو. چوونكە چين پێشتر و ئێستەيش تايوان بە پرسێكى نێوخۆيى دادەنێ و پێى وايە تەواو مافى ئەوەى هەيە هێز بەكاربێنێت، جا ئەگەر دوا بژارى بەردەستيشى بێت. لى زينگ گوتى" لينكۆڵن لەپێناو پاراستنى يەكيەتى جەنگێكى بەڕێوەبرد، لەگەڵ ئەمەيشدا، دەتوانيت بڵێيت كە ويلايەتەكانى يەكگرتوو بەشێوەيەكى پەيڕەيى هەڵدەستايەوە". بەلام هەندێك گەورە سەركردەى چين سەبارەت بە وشەيەكى ديكەى دەستەواژەكە نيگەران بوون، ئەويش واژەى هەڵكشان و وەسەركەوتن بوو. هەندێك ديبلۆماسيى سەرەكى لە بيرۆكەى گەڕان بە سەرانسەرى جيهاندا و قسەكردن سەبارەت بە هەڵكشانى چين، هەستيان بە ترس كرد. هەروەها بەشێوەيەكى دياريكراو سەبارەت بەوە نيگەران بوون كە هەندێك لە ڕەخنەگرانى نێو ولايەتەكانى يەكگرتوو هەڵكشانى چين وەك هەڕەشەيەك بۆ سەر وڵاتەكەيان بزانن. لەبەرئەوە، لى كوان يو ئەوەى بۆ پەكين پێشنياز كرد لەجيات هەڵكشان و وەسەركەوتن باس لە هەڵسانەوە بكات، سەركردەكانى حزب لە ماوەى حەسانەوەيان لە كۆمەڵگەى گەشتياريى بيداهى لە هاوينى ساڵى ٢٠٠٣دا سەبارەت بە واژەكە بێژبازييان كرد. لەو كاتييەوە باس لە پێشكەوتنى پەيڕەيى دەكەن. سەبارەت بەم مەسەلەيە زينگ دەڵێ:" بيرۆكەكە هەر هەمان شتى جارانە. تەنيا واژەكە گۆڕاوە". ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەو گۆڕانە گرنگيدان و تەقيەكردنێكى چين پيشان دەدات بۆ ئەوەى لە كاتى پێشكەوتنە خێرايەكەيدا هيچ گرفتێك دروست نەكات.

سیستم و دەستهەلاتەکە کار بۆ ئەوە دەکەن لەوە دڵنیابن کە گەلی چینیش لە ستراتیژەکە تێدەگەن. لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا تەلەفزیۆنی چینی زنجیرەیەکی دوانزە بەشی بەناونیشانی ڕابوونی گەلانی مەزن پێشکەشکرد، ئەوە ڕوونبوو کە ئامانج لەو بەرنامەیە ڕۆشنبیرکردنی گەلە. بەلام، لەبەر سروشتی سیاسییانەی بەرچاوی بابەتی زنجیرەکە، مرۆڤ دەتوانێ لەوە دڵنیابێت کەوا زۆر بە وردی وردبینی بۆ کراوە بۆ ئەوەی ئەو ڕا و بۆچوونانە پێشکەش بکات کەوا حکوومەت حەز دەکات بۆ خەڵکی پەخش بکات. زنجیرەکە قووڵ و زیرەکانە بوو و بەشێوازی بی بی سی و پی بی سی پێشکەش کرا و ڕووماڵی ڕابوونی نۆ هێزی مەزنی کرد –هەر لە پورتوگال و ئیسپانیاوە بگرە تا دەگاتە یەکیەتیی سۆڤیەت و ویلایەتەکانی یەکگرتوو– هەروەها لەنێو ئەو بەرنامانەدا چەندان چاوپێکەوتن لەگەڵ شرۆڤەکاران و پسپۆڕانی سەرجەم ناوچەکانی جیهان کرابوو. ئەو بەشانەی تایبەت بوون بە وڵاتەکان زۆر تاکانە و ورد و هاوسەنگ بوون. باسیش لە بابەتی ڕابوونی یابان کرا– ئەمەیش لە وڵاتی چیندا بابەتێکی هەستیارە– باسکردنەکەش زۆر دەستپاکانە و دادوەرانە بوو و هیچ هەوڵێکیشی تیادا نەدەبیندرا هیستریای نەتەوەیی هەمبەر هێرشەکانی یابان بۆ سەر چین بوروژێندرێ، هەروەها لە میانەی پێشکەشکردنی ئەڵقەکاندا چەندان جار ستایشی ڕابوونی ئابووریی یابان کرا کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئەو وڵاتە بەخۆیەوەی بینیوە. هەندێك لەو خاڵانەی کەوا جەختیان لەسەر کرایەوە زۆر سرووشبەخش بوون. چوونکە لە ئەڵقەکانی تایبەت بە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا بەنموونە، سەبارەت بە ڕێکخستن و ماڵیکردنی پرسی سەرمایەداری بەشێوەیەکی زۆر ورد و دووروودرێژ باس لە بەرنامەکانی تیۆدۆر و فرانکلین و ڕۆزفلت کرا و تیشک خرایە سەر ڕۆڵی دەوڵەت لە سەرمایەداریدا. هەروەها هەندێك دۆخی پێشبینیکراوی بێدەنگی هەبوون و جێگەی کەموکورتی

بوون، بۆ نموونە لە ئەڵقەکەی تایبەت بە یەکیەتیی سۆڤییەت تەواوی تیرۆر و تۆقاندن و کردەکانی پاکتاوکردن و مەسەلەی بەندیخانەی گولاگ لادرابوون یانیش باس نەکرابوون. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا، دانپێدانانی سەرسوڕهێنەریش هەبوون، لەوانە ستایشکردنی سیستمی دەستهەڵاتی نوێنەرایەتی لە ویلایەتەکانی یەککگرتوو و توانای بریتانیا بۆ وەدیهێنانی ئازادی و شەرعییەت و سەقامگیریی سیاسیی نێو هەردوو وڵات.

بەڵام پەیامی سەرەکیی زنجیرەکە ئەوەی پیشان دەدا کە ڕێگەی هەر گەل و نەتەوەیەك بەرەو مەزنی، لە پێشکەوتنە ئابوورییەکەیدا خۆی حەشارداوە، بەڵام ئامانج و بەرتەماییە سەربازی و ئیمپراتۆری و دوژمنکارانەکان، وڵاتان بەرەو ڕێگەی داخراو دەبەن. چەندان جار ئەم خاڵەیان ڕوونکردەوە و تیشکیان خستەسەر. چوونکە ئەڵقەی کۆتایی کەوا بە ڕوونی باس لە پەندە وەرگیراوەکانی نێو زنجیرەکە دەکات: ڕێگە کرۆکییەکانی گەیشتن بە پایەی زلهێزی: پتەویی نەتەوەیی و سەرکەوتنی ئابووری و تەکنۆلۆژی و سەقامگیریی سیاسی و هێزی سەربازی و داهێنانی ڕۆشنبیری و بەکێشکردن بوو. ئەوەی کۆتایی واتا بەکێشکردن، وەها ڕاڤە کرا کە بەکێشکردنی هزری گەلێکە و شتێکە بە چەمکی هێزە نەرمەکانی جۆزیف نای پابەند کرا کە یەکێك بوو لەو توێژەرانەی کەوا لە زنجیرەکەدا گفتوگۆی لەگەڵدا کرا. دواتر ئەڵقەی کۆتایی بە ڕاگەیەندراوێك کۆتایی پێهێندرا کە هەر گەلێك لەم جیهانە نوێیەدا، ناتوانێ باشتربوونە کێبڕکێکارییەکەی خۆی بپارێزێ تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کەوا مەعریفە و توانای تەکنۆلۆژی هەبێت و لەپێناو بەردەوامبوون لە داهێناندا بیخاتەگەڕ. بەکورتی، ڕێگەی بەرەو هەرژموون بە بازاڕەکانەوە دەڕوات نەك بە ئیمپراتۆرییەکانەوە.

ئاین و سیاسەتی دەرەوە

ئایا شێوازی بیرکردنەوەی چین سەبارەت بە جیهان بەشێوەیەکی تایبەت چینییە؟ نەخێر، لە زۆربەی لایەنەکاندا وەها نییە، ئەو پەند و وانانەی لە مێژووی زلهێزەکاندا وەرگیراون هەمان ئەو وانە و پەندانەن کەوا زۆرێك لە خۆرئاواییەکانیش وەریانگرتووە؛ ئەدی چۆن؟! لە کاتێکدا زۆرێك لەو کەسانەی کەوا لە زنجیرەکاندا گفتوگۆیان لەگەڵدا کرا توێژەری خۆرئاوایی بوون؟ شێوازی بیرکردنەوەی چینی هەمان ئەو تێگەیشتنە پیشان دەدات کەوا لە ڕابردوویەکی نزیکدا بووەتە پاڵنەری پشت ڕەفتاری هەریەکە لە یابان و ئەڵمانیا. پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ جیهاندا پەیوەندیی کردارین و لەسەر بنەمای هەلومەرج و بەرژەوەندییەکان و بۆچوونیان لەهەمبەر خۆیان وەك وڵاتێکی گەشەسەندوو بونیادنراوە. چوونکە لەگەڵ ئەو سێبەرە گەورەیەی کەوا چین خستوویەتییە سەر جیهان، بەڵام چین درك بەوە دەکات کە هێشتا وڵاتێکە و سەدان ملیۆن هەژاری هەیە. لەسەر ئەم بنەمایەوە، گرنگیدانە دەرەکییەکانی – بەزۆری– تایبەتن بە گەشەپێدان. کاتێك لەسەر چەند پرسێکی وەك مافی مرۆڤ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ، ئەوا هەندێك بەرپرسی گەنجی چینی دانی پێدا دەنێن کە بەلایانەوە گرنگ نییە. بێگومان ئەو هەستە بەو درکە پتەو دەبێت کە مافی مرۆڤ لە دەرەوە، پەیوەندیی بەو شتانەوە هەیە کەوا لە ناوەوەدا هەن. ئەگەر چین ڕەخنە لە دیکتاتۆرییەتەکەی بۆرما دەگرێ، ئەدی سەبارەت بە جوداخوازەکانی نێوخۆی خۆی چی دەڵێت؟

کۆنفۆشیوس لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا زۆر بەناوبانگ بوو. بەپێی بۆچوونی نیدهام، کار و بەرهەمەکانی کۆنفۆشیۆس:" لە لایەن گشت ڕێبەرانی مەزنی شۆڕشی فەرەنسیدا زۆر بەپەرۆشی دەخوێندرایەوە– ڤۆلتێر، ڕۆسۆ، دالیمبێرت، دیدیرۆت و ئەوانی دیکە". لەنێوان سالآنی ١٦٠٠ و ١٦٤٩دا لە ٣٠ بۆ ٣٥

ناونیشانی بەدیاردەکەوت کەوا لە گشت دەیەیەکدا لە ئەوروپا پەیوەندیی بە چینەوە هەبوو، لەنێوان ساڵانی ١٧٠٠ و ١٧٠٩دا ٥٩٩ کتێب سەبارەت بە چین نووسراون. ئەم بڵاوبوونەوە و قوڵبوونەوە لە چاپ و نووسینەکانی تایبەت بە چین، لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سی ساڵەکە (١٦١٨-١٦٤٨) هاوکات بوو، چوونکە ئاین هۆی بەرپابوونی خوێنڕشتنێکی بێوێنە و ڕژانی دەریایەك خوێن بوو. زۆرێك لە لیبراڵییەکانی ئەوروپا کۆنفۆشیۆسیەتیان کردە ئایکۆنێك، چوونکە کۆنفۆشیۆسییەت پشتی بە یاسای سروشتی دەبەست. بەلام ڤۆڵتێر لە کتێبەکەیدا (فەرهەنگی فەلسەفی) زۆر بەسادەیی وەها وەسفی کردووە: " بێ خورافات، بێ ئەفسانەی پووچ، هیچ یەکێك لەو باوەڕانەی تیادا نییە کەوا لۆژیك و سروشت سووکوڕیسوا دەکەن". دواتر ئەمانوێل کانت کۆنفۆشیۆسی بە " سوکراتی چین" ناوبرد. لیبینزیش- کە فەیلەسووفێکە و بۆشایی نێوان ئایندارى و عەلمانییەتی فراوانتر کردووە- زۆرتر تێپەڕێوە و گوتوویەتی: " ئێمە پێویستمان بە شاندی تەبشیریی چینی هەیە، بەڵکو فێرمان بکەن چۆن سوود لە ئاینی سروشتی وەربگرین و پیادەی بکەین....".

بیرمەندە سەرلیستەکانی ڕۆشنگەری کۆنفۆشیۆسییەتیان شکۆدار کردووە، چوونکە لە کاروبارەکانی مرۆڤیدا وەك ڕێبەرێك پشت بە لۆژیك دەبەستێت. لێرەوە ئەم بیردۆزە پێشکەوت: هەرچەندە ئەوروپا لە رووی زانستی و تەکنۆلۆژییەوە پێشکەوتوو بوو، بەلام چین " سیستمێکی پێشکەوتووتری ئاکاری و ڕێکخستنێکی زۆر سەرکەوتووانەتری مەدەنییانەی هەبوو" (کە پشت بە کارامەیی و شایستەیی دەبەستێت، نەك چاودێری و گرنگیپێدان)، هەروەها پشت بە (فەلسەفەی کرداری دەبەستێت)". کۆی ئەمانەیش زۆر سەرکەوتووانە پەیڕەیەکی باش ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و سیستمێکی پلەبەندیی کۆمەڵایەتییان

بەرهەمهێنا. ترۆپکی عاشقبوون بە ڕۆشنبیریی چینی لەگەڵ تێزەکەی ڤۆلتێر وتارێك سەبارەت بە ئاکار (Essai sur les moeurs) ەوە هات کە لە ساڵی ١٧٥٩دا دەرچوو، تۆماس فۆکسی توێژەری ئەڵمانی دەڵێ:" ڤۆلتێر چینی کردە دوڵەتێکی چاکەخواز و فازڵی سیاسی و دۆخێکی ئایدییانەی دەستهەڵاتێکی ڕۆشنگەرانەی ڕەها؛ ئاوێنەی چین لەپێناو وروژاندنی پیشاندنی ڕەخنەی خودی لەنێو پاشایانی ئەوروپادا بەرزکرایەوە". لە ساڵی دواتردا، فەریدریکی مەزن کە لەنێو پاشایانی ئەوروپی لەهەموویان ڕۆشنگەرتر و ڕۆشنبیرتر بوو، ڕاپۆرتی فیهیهۆی نووسی کەوا کۆمەڵێك نامە بوون و باڵیۆزێکی خەیاڵیی چینی لە ئەوروپا بۆ ئیمپراتۆریەتی چینی هەناردبوو، مەبەستی فریدریك بەراوردکردنی دەمارگیریی کڵێسای کاسۆلیکی و ئەقڵانییەتی چینی بوو.

بەزۆری خۆرئاواییەکان لە تێگەیشتنی جیاوازیی نێوان پێگەی ئاین لە چین و خۆرئاوادا دووچاری زەحمەتی دەبنەوە. تەماشای ئەزموونی ئەو موبەشیرە پورتوگالییەی نێو خۆرهەڵاتی دوور بکە کە ناوی ماتیۆ ریچی بووە، مێژنووسی مەزن جۆناسان سپێنس لە ڕۆژە سەرەتایەکانی خۆی لە چین – لە هەشتایەکانی سەدەی شانزەیەمدا– گواستوویەتییەوە، ئەمەیش هەوڵێکە بۆ ئەوەی خۆی وەك کەسێکی بەڕێز بناسێنێ، ریچی قژ و ریشی تاشیوە و خۆی بە عەبای پیاوانی بوزی پێچاوەتەوە. ریچی تەنیا دوای تێپەڕبوونی چەندان ساڵ ئەوجا زانیویەتی کە ئەم ڕەفتارەی چەندە سەرلێشێواوانە بوو، چوونکە ڕاهیبەکان و پیاوانی ئاینی لە چیندا ڕێزێکی زۆریان لێ نەگیراوە. لەبەرئەوە، چووەتە سەر کورسی و چەند کەسێك لەسەر شانی خۆیان هەڵیان گرتووە یان لەسەر شان هەڵیان گرتووە و بەمشێوەیە سەفەری کردووە، " هەروەك چۆن پیاوانی پایەبەرز لەسەر ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە ڕاهاتوون". بەپێی ئەو نێوەڕۆکەی کە لە نامەکەی

ریچی بۆ کلاودیۆ ئەکوافیفای سەرۆکی کۆمەڵەی یەسووعی هاتووە و لە ساڵی ١٥٩٢ دا نووسراوە" ناوی بیانییەکان و قەشەکان بە ئاستێك لە چیندا بەدناو و کەموکورت بوونە کە ئێمە پێویستمان بەو هۆکارانە و چەندان هۆکاری دیکە هەیە بۆئەوەی وەهای پیشان بدەین کە قەشەی سووکوچرووك نین ". لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٥٩٥دا، پۆشاکی رەهبانی و گشت ئێکسسوارەکانی دیکەی داکەند کەوا دەبوونە لەمپەر لەبەردەم کارە تەبشیرییەکەیدا و لە جیاتیدا پۆشاکی توێژەرەوەی کۆنفۆشیۆسی لەبەرکرد. ریچی لەسەرەتدا رقی لە کۆنفۆشیۆس دەبوویەوە چوونکە باوەڕی بە خودا و بەهەشت و نەمریی رووح نەبوو، هەروەها لە نامەیەکدا کە بۆ یەکێك لە هاورێیانی ناردووە نووسیویەتی کە قوتابخانەی کۆنفۆشیۆسی " پەرستگەی راستینی رۆشنبیران بوو". بەلأم لە کۆتاییدا ئەوەی بۆ روونبوویەوە کە هەرچەندە کۆنفۆشیۆس لە هەمبەر ئەو پرسانەی کەوا پەیوەندییان بە خودا و ژیانی دوایی هەبووە بەرگریی لە " هەڵوێستێکی توندوتیژی بێلایەنانە دەکرد" بەلأم لەهەمبەر چاکەکاری و ئاکار و دادپەروەریدا هەستێکی بەهێزی هەبووە. جا ریچی هەر وەك دۆخی کەسییەتییەکانی دیکەی رۆشنگەری، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە لەسەر خۆرئاوا پێویستە لە کۆنفۆشیوسیەتەوە فێربن.

پەیوەندیی ئاین بە سیاسەتی دەرەوە چییە؟ لە رووی مێژوویەوە، ئەو ولأتانەی کەوا بە مەسیحییەت و ئیسلام کاریگەربوون پاڵنەرێکیان بۆ بلأوکردنەوەی را و بۆچوونەکانیان و رێنوێنیکردنی خەڵك بۆ ئاینەکەی خۆیان پێشخستووە. ئەم گیانە تەبشیرییەش لە سیاسەتی دەرەوەی ولأتانی جۆراوجۆری وەك بریتانیا و ویلایەتەکانی یەکگرتوو و فەرەنسا و ئێراندا روونە. سەبارەت بە بریتانیا و ویلایەتەکانی یەکگرتوو- لەوانەیە بەهۆی هەژموونە بەهێزەکەیانەوە بێت-

هەستی پرۆتستانتی جێپەنجەی خۆی لە قووڵایی سیاسەتەکانی دەرەکی جێهێشتووە، بەتایبەت لە کاروباری نێودەوڵەتیدا. بەڵام چین لەپێناو بەرگری لەخۆکردندا پێویستی بە بڵاوکردنەوەی هیچ شتێك نییە بۆ هیچ کەسێك. هەر لەبەرئەوەی چین لە ڕێگەیدا بەرەو ئەوەی ببێتە هێزێکی جیهانی ئەوا مەبەستە مێژووییەکەی خۆی وەدیهێناوە. لەبەرئەوە، کاتێك پەکین لە هەمبەر مافی مرۆڤدا هەڵوێستی ساردوسڕە، مانای ئەوە نییە کە سیستمێکی سەرکوتکاری هەیە یان گۆشەنیگایەکی توندوتیژی واقیعیی لەهەمبەر بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەیە– هەرچەندە ئەمە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ– بەڵکو مانای ئەوەیە کە چینییەکان بەشێوەیەکی جیاواز لەو پرسانە دەنواڕن، نەك بەپێی چەند پێوەرێکی داماڵراوی هەڵە و ڕاستی، بەڵکو بە هەستێکی کردارییەوە کەوا سەرچاوە لە چوارچێوەی فەلسەفەیەکی ڕێنوێنیکارەوە دەگرێ.

زۆربەی جار پیاوانی کاری خۆرئاوایی تێبینیی دەکەن کە هاوتا چینییەکانیان گرنگییەکی زۆر بە بنەما و یاسا و گرێبەستەکان نادەن. هەستکردنی ئەوان بە بنەما ئەخلاقییەکان زیاتر لە فەلسەفەی ئاکاریی هەلومەرجیدا نزیکە، بۆ نموونە: ئەگەر پیاوێکی کار یان بەرپرسێکی چینی باوەڕی وەهابوو کە یاسا کرچوکاڵ و خراپە، ئەوا پشتگوێی دەخات یان بەدەوریدا دەخولێتەوە یان زۆر بەسانایی پێشنیازی نووسینی گرێبەستێکی نوێ دەکات. ڕێزگرتن لە هزرەکانی داماڵراو لە ئەقڵییەتی کردارییانەی چینیدا بەجۆرێك لە جۆرەکان پرسێکی سەیرە. هەروەها پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و متمانە لە پابەندبوونەکانی سەر کاغەز گرنگترە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بۆ ماوەی چەندان ساڵ نەیتوانی چین ناچار بکات یاسایەکانی موڵکییەتی هزریی تایبەت بەخۆی پیادە بکات، تەنیا دوای ئەوەی هەندێك کات هەوڵی خۆی بۆ دروستکردنی

پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی چیندا وەگەڕخست و لە میانیدا ئەوەی ڕوونکردەوە کەوا بۆ پێشخستنی سیستمی ئابووری و فێرکاری لە چیندا دەیەوێ یارمەتییان بدات. گەرچی کەمینەیەکی زۆرکەمی چینییەکان بەڕاستی ئەو بیرۆکەیان گرتەخۆ کە پێی وایە بنەما و یاسا و گرێبەستەکان لە شیکردنەوەی هەلومەرجییانەی پرسێك گرنگترین، ئەوە مانای ئەوەیە کە لەوانەیە پێشکەوتنی سیاسی و یاسایی لە چیندا ڕەوتێکی بازنەییتر و ئاڵۆزتر لەوە بگرێتەبەر کەوا مرۆڤ پێشبینیی دەکات.

کەلتووری ڕۆشنبیرییانەی چینیش بە ڕۆڵی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان کاریگەریی لە نزیککارییەکانیدا هەیە. ڕۆبێرت ویلەر لە زانکۆی بۆستندا دەڵێت:" چینییەکان لە هەستکردنیان بەهۆ و کاریگەریدا پشت بە بیرۆکەی وزەی تشی یان چی qienergy دەبەستن. تشی یان چیش کرۆکی هاوسەنگیی ژینگەییە fengshui و ڕەگەزی نێو جەستەیە کەوا بەهۆی دەرزییەکانی چینی و گژوگیایەکانەوە گەمەی پێ دەکرێ. بەشێکە لە ڕێگە و شێوازێکی فراوانتر بۆ تێگەیشتن لە جیهان وەك کۆمەڵێك هێزی کارلێککەر و تێکچڕژاوی ئاڵۆزە، هەروەها بەهۆی سیستمێکی سادە و گونجاو و هارمۆنیك وەك سیستمی هۆ و کاریگەری کارناکات... هەروەها ڕەنگە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەشدا هەبێت. بێگومان لەوانەیە ئەم لۆژیکە زێدەڕۆیانە بێت، نەك هەر ئەمە، لەوانەیە زۆر پووچیش بێت، بەڵام کاتێك سەبارەت بە بیرکردنەوەی چینییەکان لە گەڵیان دەپەیڤیت، زۆر بەخێرایی درك بەوە دەکەیت کە چەمکەکانی وەك وزەی تشی لە ئەقڵییەتی ئەواندا شتێکی کرۆکییە. سیاسەتی دەرەوە بە زۆرێك لە هێزەکانی جیهانی کاریگەر دەبێت، بەڵام بێگومان بۆچوونێکی سەرەکی لە هەمبەر جیهاندا

هەیە کەوا ڕێگەی درککاری و ڕەفتار و کاردانەوەی خەڵك ڕێکدەخات، بەتایبەتیش لە قەیرانەکاندا.

بەڵام ڕۆشنبیری لە بۆشاییەوە نایەت. هەروەها ڕابردوو و ترشی DNA چینی بە مێژووە نوێیەکەی کاریگەر دەبن؛ کاریگەریی خۆرئاوا و وێرانکارکردنی بەشێکی گەورەی کەلتوورەکەی لەلایەن کۆمۆنیزم و ئەو بۆشاییە ڕووحییەی لێیەوە هەڵقولا، هەروەها هەوڵە هەنووکەییەکانی بۆ گونجاندنی دابونەریتەکانی لەگەڵ نوێگەرایی لەمەدا کاریگەریی هەیە. چوونکە کاتێك لەگەڵ ئابووریزانانی چینی قسە دەکەیت، ئەوان بۆ بەرهەمهێنانی گەشەکردنی ئابووری یان وەستاندنی هەڵئاوسان، ڕێگەی کۆنفۆشیوسیت پێنابەخشن. ئەگەر بانکی مەرکەزیی چینی – کەوا زۆر هاوچەرخانە و نوێ دێتەبەرچاو و لەسەر نۆرمی خۆرئاواییە– لەسەر پێیەکانی خۆی هەڵنەستابایەوە کاتێك ویلایەتەکانی یەکگرتوو داوای لێکرد سەرلەنوێ دراوی خۆی هەڵسەنگێنێتەوە، ئەمە ئاماژەیەکە بە هەستی شانازیکردنی نەتەوەیی زیاتر لەوەی ئاماژە بە پاشخانی دیاریکراوی ڕۆشنبیری بکات. (کەی دواجار بووە کەوا ویلایەتەکانی یەکگرتوو لەترسی یەکێك لە حکومەتەکانی بیانی سیاسەتی ئابووریی خۆی گۆڕیبێت؟) لە ڕاستیدا، چینییەکان لە زۆر بواردا ئەقڵییەتی خۆرئاوایی دەگرنەبەر. هەندێك شرۆڤەکاری سیاسەتی دەرەوەی چینی خۆیان بە کۆنفۆشیۆسییەکانی مەسیحی ناو دەبەن، لەمەشدا مەبەستیان ئەوە نییە کەوا پیشانی بدەن هەڵگەڕابێتنەوە یان بووبێتنە ئینجیلی، بەڵکو ئەوان کەسانی چینیی ڕوانگە خۆرئاواین، هەوڵ دەدەن ڕێژەیەکی زۆرتری هەستکردن بە مەبەست و بەها ببەخشنە سیاسەتەکانی چینی. لە کۆتایشدا چین، وەك گشت وڵاتانی نا خۆرئاوایی، ئاوێتەیەکی

ڕۆشنبیریی تایبەت بەخۆی هەیە- چەند بەشێکی خۆرهەڵاتی و هەندێکیشی خۆرئاوایی- بۆ ئەوەی لە سەدەی بیست و یەکدا سەرکەوێ و گەشە بکات.

لەوە گەورەترە بشاردرێتەوە

گرفتە گەورەکەی چین پەیوەندیی بە تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیرییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە لایەنەکانی گشتیی هێزەوە هەیە. چین وەها لە خۆی دەنواڕێ کەوا گەلێکە و بڕیاری ئەوەی داوە بەشێوەیەکی دروست ڕابێت، هەروەها ڕەفتاریشی بە خاکەڕایی و دەستوەرنەدان و پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ هەمووان‌دا دەناسرێتەوە. بەڵام لە ڕابردوودا زۆرێك لە وڵاتانی گەشەسەندوو و ڕابوو پێیان وابوو کە پاڵنەری باشیان هەیە؛ لەگەڵ ئەمەیشدا بوونە هۆی ئەوەی سیستمەکە دووچاری شڵەژان و تێکچوون بکەن. ڕۆبێرت گیبلنی زانای سیاسی، تێبینیی ئەوە دەکات کە کاتێك هێزی گەلێکی دیاریکراو زیاتر دەبێت، ئەوا " حەز دەکات هەژموونەکانی خۆی بەسەر چواردەوریدا زیاتر بکات. جا لە پێناو زیادکردنی ئاسایش و سەقامگیرییە تایبەتەکەیدا، هەوڵ دەدات هەژموونەکانی سیاسی و ئابووری و هەرێمی فراوانتر بکات. هەروەها هەوڵی گۆڕینی سیستمی نێو دەوڵەتی دەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتەکانیدا بگونجێت". لێرەدا خاڵی سەرەکی و کرۆکی ئەوەیە کە زلهێزەکان لە گشت قۆناغەکانی مێژوودا باوەڕیان وەها بووە کە پاکترین نیازیان هەیە، بەڵام پێویستی و زەروورەت ناچاری کردوون لەپێناو پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەی کەوا بەردەوام لە فراوانبووندان، ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر. جا لەبەرئەوەی چین لە ڕووی هێزەوە وڵاتی دووەمی جیهانە، ئەوا بەرژەوەندییەکانی تا سنوورێکی زۆر مەزن فراوان دەبێت.

له کۆتاییدا، لەوانەیە نیاز و مەبەستەکانی چین هیچ پەیوەندییەکی بەو شتانەوە نەبێت کەوا لە ئایندەدا ڕوو دەدەن. چوونکه لەم جیهانە شلەژاوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان نیاز و مەبەست و دەرئەنجامەکانەوە نییە (هیچ ولاتێك نەبوو کەوا پێشبینیی جەنگی جیهانیی ساڵی ١٩١٤ بکات). مەسەلەکە زیاتر بە بازاڕێك دەچێت کەوا گشت کۆمپانیایەکان هەوڵ دەدەن بەهۆی بەرزکردنەوەی نرخەکانەوە تیایدا قازانجەکانیان زیاتر بکەن، بەڵام دەرئەنجامەکە بۆ کۆی سیستەمەکە تەواو پێچەوانەیە: واتا دابەزینی نرخ. بەهەمانشێوە، لە سیاسەتی نێو دەوڵەتیشدا– سیستمێکی دیکەی بەبێ یەك دەستهەلاتی ڕەها– نیاز و مەبەستەکانی ولاتان بەردەوام لەگەڵ دەرئەنجامەکەدا ناگونجێت. لێرەوە ئەو وتە بەنرخە ڕۆمانییە هات: " ئەگەر ئاشتیت ویست خۆت بۆ جەنگ ئامادە بکە".

بەلام سەبارەت مۆرکی ئاشتیخوازانەی ڕابوونی چین ئەوا لە میانی چەند مۆنتاژێك لە کرداری چینی و کاردانەوەکانی ولاتانی دیکە و کاریگەریی ئەو کارلێکە لەسەر کۆی سیستمەکەوە دیاری دەکرێ. چین لەبەر قەبارەکەی هیوای ئەوە دەخوازێت بچێتە سەر گۆڕەپانی جیهانی بەبێ ئەوەی کەس ببیینێ، بۆ نموونە: گەڕانی چین بەدوای وزە و مادەی خاو شتێکە و هەموو کەسێك دەیزانێ. چین زۆر بەخێرایی گەورە دەبێت و وزە و گشت جۆرەکانی کالایەکان بەکار دەبات و پێویستی بە سەرچاوەیەکی جێگیر هەیە. هەندێك ولاتی دیکە هەن نەوت دەکڕن، ئەدی بۆ چین هەمان کار ناکات؟ گرفتەکە خۆی لە قەبارەی چین حەشارداوە. چوونکە چین لە سنوورێکی زۆر فراواندا کار دەکات بەشێوەیەك ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕانی گەمەکە، جا ئەگەر حەز لێ بکات یان نا.

لە ڕاستیدا، تێگەیشتنی چین لە هەمبەر بەرژەوەندییەکانیدا دەگۆڕێ. هەروەها نەوەی گەنجیش بەباشی درك بە هێزی نوێی چین دەکات. هەندێك لە چاودێرانی چینیش لەهەمبەر ئەو بەهێزبوونە ڕۆژ بەڕۆژەی ئەو ولاتە هەست بە نیگەرانی دەکەن. ئەمەش ئەو شتە بوو کە لی کوان یو لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەو وتارەی کەوا لە زانکۆی فۆدان لەچین خوێندبوویەوە، لە میانی کۆمەڵێك هۆشدارییدا بەشێوەیەکی زۆر بە باقوبریق ئاماژەی پێکردبوو، ناوبراو لەو وتارەدا نیگەرانیی خۆی لە هەمبەر سەرکردایەتیی هەنووکەیی چین و تەنانەت نەوەی دواتریش دەربڕی؛ مەبەست ئەو نەوەیەیە کە لە زەمەنی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و هەژموونە گەشەسەندووەکەی چیندا لەدایك دەبێت، ناوبراو گوتی:" دەبێ زەرووڕەتی دڵنیاییکردنەوەی جیهان لە گەنجانی چینی بگەیەندرێ کە چین نابێتە هێزێکی تەگەرە دروستکار". هەروەها لی کوان بەشێوەیەکی شاراوە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوەی وەهای کردووە سەرکردەکانی چین پارێزگەری لە خاکەڕاییەکەی خۆیان بکەن، یادەوەرییە تاڵەکانی هەڵەکانی ماوتسی تۆنگ بوو؛ کە بریتی بوون لە هەڵگیرساندنی شۆڕشەکان لە دەرەوە و قەڵەمبازە گەورەکەی بەرەو پێشەوە و ئەو شۆڕشە ڕۆشنبیرییەی کە بووە هۆی مردنی نزیکەی چل ملیۆن چینی. " زۆر گرنگە گەنجانی چینی – کە لە قۆناغی ئاشتی و گەشەکردنێکی وەهادا دەژیەن کەوا ڕابردووی شڵەژاوی چینی هەرگیز بەخۆیەوەی نەبینیوە– ئەو هەڵە و کەموکورتییانە بزانن کەوا چین بەهۆی ئامانج و بەرتەماییە لە ئەندازە بەدەرەکانی و توندڕۆیی ئایدۆلۆژی ئەنجامی دا".

لە ئێستەدا، هێشتا سیاسەتی دەرەوەی چین بەشێوەیەکی هەمەکی لەسەر کاروبارەکانی بازرگانیدا چڕکراوەتەوە، هەرچەندە ئەمەیش تیشکی خۆی بۆ شوێنەکانی دیکە دەنێرێ، بۆنموونە لە ئەفریقیا: چین کار بۆ بونیادنانی

پەیوەندیی ئابووری دەکات، چوونکە کیشوەری ئەفریقیا سامانێکی زۆری سروشتیی هەیە کە چین پێویستی پێی هەیە بۆ ئەوەی گەشەبکات. چین و زۆرێك لە حکوومەتەکانی ئەفریقیا پێشوازییەکی گەرمیان لە دروستکردنی پەیوەندیی نوێی ئابووری کرد؛ بەشێوەیەکی بەشەکی لەبەرئەوە بوو کە هیچ پەیوەندییەکی ڕابردوویی ئیستعمارانە یان مێژوویەکی پڕ لە گرفت لەنێوانیاندا نییە کەوا پرسەکان ئاڵۆزبکات. لەبەرئەوە، ئاڵوێری بازرگانی لە نێوان هەردوو لادا بەڕێژەی ٥٠٪ ی ساڵانە گەشەدەکات، هەروەها وەبەرهێنانەکانی چین لە کیشوەرەکەدا بەخێراییەکی گەلێ زۆر زیاد دەکات. گەشەکردنی ئابووریی لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریقیدا ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات، زۆربەی ئەو گەشەکردنانەش دەگەڕێنەوە بۆ پەیوەندییەکی باش لەگەڵ چیندا. بەڵام هەندێك لە وڵاتانی کیشوەرەکە وەها لەپەیوەندییەکە دەنواڕن کە جۆرە خراپ سوود وەرگرتنێکە و لە هەژموونە نوێیەکەی چین ناڕازین، لەبەرئەوە چین هەوڵی تاقەتپڕووکێن دەدات بۆئەوەی نیازپاکیی خۆی پیشان بدات. لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦ دا، سەرۆك هیۆ جینتاو سەبارەت بە پەیوەندیی چینی ئەفریقی لووتکەیەکی بەڕێوەبرد. هەر چل و هەشت وڵات کەوا پەیوەندیی دیبلۆماسییان لەگەڵ چیندا هەیە، لەو لووتکەیە ئامادەبوون، زۆربەشیان لە لایەن سەرۆکەکانیانەوە یان سەرۆکوەزیرەکانیانەوە نوێنەرایەتی کرابوون. ئەمە گەورەترین لووتکەی ئەفریقی بوو کە لە دەرەوەی کیشوەرەکەدا بەڕێوەبچێت. لەو کۆبوونەوەیەدا، چین بەڵێنی دا کە لە ماوەی دوو ساڵدا یارمەتییەکانی دوو هێندە بکاتەوە، پێنج ملیار دۆلار بە قەرز و پاڵپشتی بدات، بۆ هاندان و پاڵپشتیکردنی وەبەرهێنانی چینیش لە ئەفریقادا سندووقێك بەبەهای ٥ ملیار دۆلار دامەزرێنێ و لە زۆرێك قەرزی خۆی خۆشبوو کە دەبووایە بدرابایەوە چین، هەروەها توانایەکی زۆرتر بۆ گەیشتن بە بازاڕی چینی فەراهەم بکات و مەشق بە

پانزەهــەزار كەســی دانیپێــدانراوی ئــەفریقی بكــات و لــە شــوێنە جیاجیایــەكانی كیشوەرەكەشدا نەخۆشخانە و خوێندنگەی نوێ بونیاد بنێ. وەك پێدەچی ئەمـە كاریگەرییــەكی زۆری لــە ســەرۆكوەزیرانی ئەســیوبیا كــرد كــەوا هــانی دا زۆر بەگوڕوتاوەوە بڵێت:" چین سەرچاوەی ئیلهامبەخشی هەموومانە".

چ كەموكورتی و هەڵەیەك لە بونیادنانی ئەو جـۆرە پەیوەندییانـەدا هەیـە؟ هـیچ، مەسەلەكە تەنیا هەر ئەوەیە كە چین بەچوونی بۆ ئەفریقیا ئەو بۆشاییە ئـابووری و سیاســی و ســەربازییە پڕدەكاتــەوە كــەوا پێشــتر بریتانیــا و فەڕەنســا و ویلایەتــەكانی یــەكگرتوو پڕیــان دەكــردەوە. ئەمــەیش خــۆی لەخۆیــدا مانــای بەرپابوونی بەریەككەوتن و ناكۆكی دەگەیەنێ، چوونكە گشت زلهێزەكان لەپێناو ڕەواجدان بە بەرژەوەندییەكانیان و بۆچوونی خۆیـان كـار دەكـەن لـەوەی كـە چ شتێك باشە لە ئەفریقیادا ئەنجام بدرێ. چین وەها پاساو بۆ ڕەفتارەكـانی خـۆی (لـەو كیشــوەرەدا) دەبینێتــەوە كــە بــەهیچ جۆرێــك دەســت لــە كاروبارەكــانی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە وەرنـادات؛ واتـا بێلایـەن و سوودبەخشـە. بـەڵام ئایـا ئەمـە ڕاســتە؟ مــۆزیس نــەییم، سەرنووســەری گۆڤــاری فــۆرین پۆلیســی، چــیرۆكێك سەبارەت بە حكوومەتی نەیجیری دەگێڕێتەوە كەوا دانوستانی دەكرد بۆ ئـەوەی لەپێناو سیستمی بانكـەكان لەگـەڵ بـانكی نێودەوڵەتیـدا لەسـاڵی ٢٠٠٧ ٥ملیـۆن دۆلار قــەرزی دەســتكەوێ. بانكەكـە سووربوو لەسـەر ئـەوەی كـە پـێش ئـەوەی قەرزەكەی بدرێتێ، دەبێ حكوومەت ریفـۆرم لـە بەڕێوەبەرایەتییـە گەندەڵەكـەی شەمەندەفەرەكاندا بكـات. ڕێككەوتنامەكـە هێنـدەی نـەمابوو واژۆ بكـرێ، بـەڵام حكوومەتی چینی هاتـە نێـو مەسـەلەكە و قـەرزێكی ٩ملیـار دۆلاری بـۆ نـەیجیریا پێشنیاز كرد بۆئەوەی سەرلەنوێ سیستمی هێڵی ئاسنی بەشـێوەیەكی هەمـەكی بونیاد بنێتەوە، قەرزەكەش بەبێ هیچ داواكاری و مەرجێك و بـەبێ داواكـاری بـۆ

ئەنجامدانی ریفۆرم پێشنیاز کرا. بۆیێ شاندی بانکی نێودەوڵەتی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا نێردرایە وڵاتەکەی. بێگومان پێویست ناکات بڵێین کە زۆرێك لە پارە و داراییەکانی چین دەچێتە سەر ئەکاونتە بانکییەکانی هەندێك گەورە بەرپرسی نەیجیری.

پەکین بۆی ڕوونبوویەوە کە وەها باشترە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ حکوومەتەکاندا بکات، چوونکە ئەو حکوومەتانە بەشێوەیەکی بەردەوام ئەو سامانە سروشتییانەیان هەیە کەوا چین پێویستی پێیان هەیە. هەروەها ئەنجامدانی ڕێککەوتنامە و گرێبەست ئاسانتر دەبێت کاتێك مامەڵە لەگەڵ یەك دەستهەڵاتی مەرکەزیدا دەکات، بەتایبەت ئەگەر ئەو حکوومەتە بێزێندراو بێت و هیچ شوێنێکی دیکە نەبێ پەنای بۆ ببات تەنیا وڵاتی چین نەبێت. لەبەرئەوە چین پلاتین و ئاسن لە زیمبابۆی دەکرێت و چەك و ئامێرە بێتەلەکانی تەشویش دەفرۆشێتە ڕۆبێرت مۆگابی– هەرچەندە لەلایەن یەکیەتیی ئەورووپا و ولایەتەکانی یەکگرتوودا ئابلۆقەی خراوەتە سەر– کە لەپێناو ترساندن و دەستگیرکردن و کوشتنی بەرهەڵستکارە نێوخۆییەکان بەکاری دەهێنێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە چین لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا پشتیوانە هەرە گرنگەکەی مۆگابییە.

دەستوەردان و تێوەگلانی چین لە سووداندا لە دەستوەردانەکەی نێو زیمبابۆی زۆر گەورەترە. چین هەر لە ساڵی ١٩٩٩ بە بەهای سێ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە کێڵگەکانی نەوتی ئەوێدا کردووە. هەروەها کۆمپانیایەکانی چین لە دوو یەکەی هەرە گەورەی نەوتیی سوداندا گەورەترین پشکیان هەیە، لە هەمان کاتیشدا چین ٦٥٪ی هەناردەی نەوتی سوودان دەکرێ. پارێزگەری لە هاوپەیمانییە سەربازییەکەی خۆی لەگەڵ سووداندا دەکات، پێشدەچێ چەکیشی پێ دابێت –

هەرچەندە لە لایەن نەتەوەکانی یەکگرتووە و کۆتوبەند خراوەتە سەر کردەی فرۆشتنی چەك بەسوودان- کە دواجار لەسەر دەستی میلشیایەکانی پشتگیرکاری حکومەتی دارفۆر کۆتایی هات. زۆرجار بەرپرسانی چینی ئەوە دووپات دەکەنەوە کە پەیوەندییەکی پتەوی سەربازییان لەگەڵ سوودان‌دا هەیە و دەیانەوێ بە هەمانشێوەش پارێزگەریی لێ بکەن. جێگری وەزیری دەرەوەی چین لە ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی وڵاتەکەی زۆر ڕوون و ڕاشکاو بوو کاتێك گوتی: "کار کارە. ئێمە هەوڵ دەدەین سیاسەت لە کار جیا بکەینەوە. دووەمیش، پێم وایە کە دۆخی نێوەخۆیی سوودان شتێکی نێوەخۆییە و ئێمە لە پێگەیەکدا نین هیچ شتێکیان بەسەردا بسەپێنین".

ئەگەر چین لەسەر گۆڕەپانی جیهاندا یاریزانێکی بچووك بووایە، ئەوا کەس گرنگییەکی زۆری بەو شتانە نەدەدا کەوا لە سوودان یان زیمبابۆی ئەنجامیان دەدات، بۆنموونە: کوبا- لەگەڵ ئەو هەموو زانیارییانەی لەهەمبەریدا دەیزانین- پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ هەردوو وڵاتدا - سودان و زیمبابۆیدا- هەیە و کەسیش گرنگیی پێنادات. ئەم پەیوەندییانەی چین لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە پێشکەوتنێکی هێواش و پشتپێبەستوو (اتکالی) هێواشی پێدەبەخشێ، لە دوورمەوداشدا خولی سیستمە خراپەکان و ئەو گرژییە کۆمەڵایەتییانە درێژتر دەکاتەوە کەوا کیشوەری ئەفریقیی کردووەتەوە پووشی بەردەم ڕەشەبا. لە هەمان کاتیشدا، ئەم جۆرە پەیوەندییانە وەها لە گەلانی ئەو وڵاتە ئەفریقییانە دەکەن بەهەمان لێنواڕ بنواڕنە چین کە بەدرێژایی چەندان ساڵ بەهۆیەوە لە وڵاتانی خۆرئاواییان دەنواڕی، هەرچەندە حکوومەتەکانی ئەم گەلانە بەچاوی ڕێز و باشەوە لە چین دەنواڕن.

لە ڕاستیدا، یەکێك لە هۆیەکانی جەختکردنەوەی پەکین لەسەر ئەفریقیا ئەوەیە کە ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەفریقی پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ تایواندا هەیە. حەوت دەوڵەت لە کۆی بیست و شەش دەوڵەت کە پەیوەندییان لەگەڵ تایواندا هەیە ئێستە لە ئەفریقیادان، بەڵام شەشانیان (بە باشووری ئەفریقاشەوە) لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا دانپێدانانەکەیان لە تایبییەوە گواستوەتەوە پەکین، ئەمەیش بەهۆی پێشنیازە پڕ لە دانابیەکانی پێشکەشکردنی یارمەتییەوەیە.

بەڵام چین زۆر کارامەترە و هێزی نەرم و هۆکاری باشتری دیبلۆماسی لە ئاسیادا بەکاردێنێ، ئاسیاش ئەو شوێنەیە کەوا چین زۆربەی کات و وزە و گرنگیدانەکانی بۆ تەرخان دەکات. پەکین بەهۆی دیبلۆماسییەتە کارامەکەی، لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا یارمەتیی ڕێکخستنی شۆڕش و وەرچەرخانی نێو هەڵوێستەکانی داوە. لە هەشتایەکاندا چین تەنیا پەیوەندییەکیشی لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیادا نەبوو، بە کۆریای باشوور و ئەندۆنیسیا و سەنگافوورەشەوە. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧دا چەند مانۆڕێکی هاوبەشی سەربازی لەگەڵ کۆبەندی وڵاتانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیادا ASEAN ئەنجام دا. یەکێك لە ڕاپرسییەکان بەڵگەی ئەم گۆڕانەی نێو هەڵوێستەکان زۆر بەڕوونی پیشان دەدات، چوونکە ئەوانەی کە ڕاپرسییەکەیان لەسەر ئەنجام درا کاتێك پرسیاریان لێ کرا کە متمانەیان بە کامە دەوڵەت هەیە هێزی جیهانی هەبێت، ئەوا کەسانی نێو تایلەند و ئەندۆنیسا – کە دوو هاوپەیمانی تەقلیدیی ئەمریکان– چینیان لە ویلایەتەکانی یەکگرتوو پێ باشتر بوو. تەنانەت لە ئوستوراڵیاشدا، هەڵوێستە باشەکانی هەمبەر چین و ویلایەتەکانی یەکگرتوو یەکسانە.

یادەوەرییە شۆڕشگێڕییەکانی سیاسەتی دەرەوەی چین– کە لە ڕووی کردارییەوە واتای بەکارهێنانی جیاوازی و ناکۆکییەکانی چینی دەگەیاند لەپێناو

ورووژاندنی گرفتەکاندا– تا ئەم دواییانەش لە خەیاڵەکاندا مابوون. داگیرکردنی ڤێتنام لە لایەن چینەوە، هەروەها بانگەشەکانی بە هەبوونی ماف لە دەریای باشووری چیندا و کێشە سنوورییەکانی لەگەڵ رووسیا و هیند بۆچوونێکی وەهای دروستکرد کە چین هاوسێیەکی هەراسانکار و وروژێنەری گرفتەکانە. بەلاّم پەکین لەگەڵ هاتنی کۆتاییەکانی نەوەدەکاندا سیاسەتێکی دەرەوەی تەواو جیاوازی هەرێمیی گرتەبەر، ئەم سیاسەتەش لەو کاتەدا زۆر روون بوو کە رۆڵی چین لە دوای قەیرانی ساڵی ی١٩٩٧ خۆرهەلاّتی ئاسیا زۆر بونیادنەرانە بوو. لەو کاتییەوە، پەکین لە بەکارهێنانی هێزە سیاسی و ئابوورییەکانی زۆر کارامەبوو کە بەشێوازێکی زۆر دانبەخۆداگرتووانە و پشوودرێژانەی زۆر کارا رەفتاری کردووە. رێبازێکی نەرمتری سیاسییانەی گرتووتەبەر، هەروەها گرێبەست و رێککەوتننامەی زۆر چاوتێرانەی یارمەتیی پێشکەشکردووە (ئەو یارمەتییانەشی بەزۆری لە یارمەتییەکانی ویلایەتەکانی یەکگرتوو باشتربووە)، هەروەها بەپەلە رێککەوتنێکی بۆ بازرگانیی ئازاد لەگەڵ ASEANدا مۆرکردووە. پێشتر خۆی لە کۆمەڵەکان و بەیەکگەیشتنەکانی هەمەلایەن بەدوور دەگرت، بەلاّم بەمدواییانە لە زۆرترین کۆنفرانس و یانە و کۆمەڵەدا بەشداری دەکات– تەنانەت یەکێکی تایبەت بەخۆی پێکهێناوە کە لووتکەی خۆرهەلاّتی ئاسیایە و بەئەنقەست ویلایەتەکانی یەکگرتووی لێ دەرهاوێشتووە. ئێستەیش چین لە ولاّتانی باشووری خۆرهەلاّتی ئاسیادا پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێ. تەنانەت گلۆریا ئەرۆیۆی سەرۆکی فلیپین و لایەنگری رووکەشانەی ئەمریکا، بەئاشکرا رایگەیاند: " ئێمە شادومانین چین ببێتە خوشکی گەورەمان".

ئەم گۆڕانە لە پەیوەندییەکانی پەکین لەگەڵ حکوومەتەکانی ولاّتانی هاوسێیدا دەبیندرێ، بۆنموونە ڤێتنامییەکان خۆشەویستییەکی تایبەتیان بۆ چین نییە،

یەکێك لە بەرپرسانی چین بەمنی گوت: " ئێمە بەشێوەیەکی باش دەبینین. چین بۆماوەی هەزار ساڵ ڤێتنامی داگیرکرد. لەو کاتیشەوە سێزدە جار هێرشی بۆ کردووین". بەلاّم دانی بەوەشدانا کە چین" ئامادەییەکی مەزنی هەیە، گەورەترین سەرچاوەمانە"؛واتا لەسەر حکومەتەکانی ئەو ناوچەیە و گەلانی پێویستە بەشێوەیەکی پراگماتیکی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ چیندا هەبێت. بەهەرحاڵ، ئەو کتێبخانانەی کەوا لە ڤێتنامدا سەردانیانم کردن بەشێوەیەکی بەرجەستە چەندان کۆمەڵە وتاری سەرکردە چینییەکانی وەك دینگ زیا و بینگ و زیمین و هیو جینتاو دەخەنە ڕوو.

پێش سەردانەکەم بۆ ڤێتنام، لەکاتی سەردانە فەرمییەکەی سەرۆکوەزیرانی چینی وین جیاباو لە ساڵی ۲۰۰۷دا چووبوومە تۆکیو، لەوێدا قسەیەکی هاوشێوەی ئەوەی سەرەوەم گوێ لێبوو. جیاباو خۆی لەوە دوورگرت بچێتە قووڵایی خاڵە زۆروزەوەندە پڕ لە گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵات و لەجیات ئەوە جەختی لەسەر لایەنە ئەرێنییەکان کردەوە؛ واتا جەختی لەسەر پەیوەندییە گەشەسەندووە ئابوورییەکەی نێوانیان کردەوە. بەلاّم کەمکردنەوەیەی ئەم گرژییە فشۆڵە و لە سیاسەتی دەرەوەی پەکیندا ئاماژە بە مەترسییەکی سەرەکی دەکات، ئەویش هەوڵدانیەتی بۆ بەکارهێنانی هەستوسۆزی نەتەوەیی لەپێناو مەبەستە تایبەتەکانی خۆیدا.

لە ڕابردوودا چین سووربوو لەسەر ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ یاباندا بەگرژی بهێڵێتەوە. ئەو ئابڕووبەری و کارە قێزەونانەی یابان لە جەنگدا ئەنجامی دا و دوودڵبوونی لە داننان بە گوناهەکانی بەشێکی زۆری گرفتەکەی ئەوکات بوو. بەلاّم وەها پێدەچوو کە چین زۆر بەچالاکییەوە کار بۆ زیاترکردنی ئەو گرفتە بکات، گەورەکردنی گرفتەکەش بەڕێگەیەك ئەنجام دەدرا کە بریتیبوو لە

باسکردنەوەی ڕەفتاری یابان لە جەنگدا لەو کاتانەی کەوا پێویستی پێی هەبووایە، هەروەها پۆزشەکانی یابانی ڕەتدەکردەوە و وانەی مێژووی نێو خوێندنگەیەکانیشی زۆر بەتوندی جەختیان لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکردەوە. لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٥دا حکومەتی چینی لەهەمبەر پرۆگرامە مێژووییەکانی خوێندنگەکان زەمینەی بۆ ناڕەزایی دژ بە یابان خۆشکرد، ئەم ناڕەزاییانە بوونە خۆپیشاندانی گەورەی میللی و کاری تێکدەرانە، هەروەها بەردبارانکردنی باڵیۆزخانەی یابانی و داواکاری بۆ نەکڕینی کاڵای یابانی.

لەڕووی ستراتیژییەوە بۆ پەکین لۆژیکی نییە کە وەك پێشوو لە هەمبەر تۆکیودا وەك ڕابردوو توندڕۆ بێت، بەتایبەت کە سیاسەتی ڕابوونێکی ئاشتییانەی گرتبووەبەر. چوونکە ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی هاوسێیەکی ڕکابەر و دژ بۆ خۆی پەیدابکات، هاوسێیەك سوپایەکی تۆقێنەر و ئابوورییەکی وەهای هەیە ئێستەیشی لەگەڵدا بێت سێ جار لە ئابووریی چین مەزنترە. لەبەرئەوە ئاقڵی و داناییە چین ستراتیژێك پیادە بکات کەوا یابان بەچەند پەیوەندییەکی ئابووری و هاوکارییەکی گەورەتر و گەیشتن بە بازاڕەکانی یابان و وەبەرهێنان و تەکنۆلۆژییە تایبەتەکەی ببەستێتەوە تا ئەو کاتەی لەگەڵ گوزەرکردنی کاتدا بەرزەفتی دەکات. نەك هەر ئەمە بەڵکو بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بەڵگەیەکی زۆر بەهێز هەیە، چوونکە یابان– هەرچەندە بەشێوەیەکی میسالییانە ڕەفتاری نەکردووە– بەڵام چەندان جار لەبەرانبەر دوژمنکارییەکەی کاتی جەنگ داوای لێبووردنی کردووە و زیاتر لە ٣٤ملیار دۆلاری وەك یارمەتی لەپێناو گەشەکردندا بەخشیوەتە چین(ئەمەیش شتێکە و چینییەکان هەرگیز باسیان نەکردووە). ئەوە ڕوونە کە حەزی ئاشتبوونەوە لەگەڵ یابان لەو کاتەوە سەری هەڵدا کە جیاباوی سەرۆکوەزیران لە ساڵی ٢٠٠٧دا سەردانی یابانی کرد، بەڵام

ڕەنگە ئەوەش درێژە نەکێشێت، چوونکە گرفتێکی چینی هەیە لەبەردەم ئەمەدا دەبێتە لەمپەر. لەبەرئەوەی حزبی کۆمۆنیست دوای وازهێنانی لە کۆمۆنیستی، بۆ پاراستنی یەکیەتیی چین لایەنی نەتەوەیی وەك خەڵەتاندنێك بەکارهێنا، هەستی هاوچەرخانەی نەتەوەیی چینیش بە دوژمنایەتکردنی یابان دەناسرێتەوە. لەبەر ئەم هۆیە، هێشتا ماو لە چیندا پاڵەوانە؛ چوونکە بەدژی یابانییەکان جەنگاوە و وڵاتەکەی یەکخستووە.

حکوومەتی چینی بەشێوەیەکی گشتی شیمانەی ئەوە دەکات کە دەتوانێت سۆزی خەڵکی بەرزەفت بکات، بەڵام لەمرۆژگارەدا ئەم متمانەیە لەدەست دەدات. چوونکە دەوڵەتێکی دیموکراسی نییە، ئەوا شارەزایی لەم بوارەدا کەمە. بە ئاگایی و دووڵییەکی زۆرەوە ڕەفتار لەگەڵ هەستوسۆزی گەلەکەیدا دەکات، هەروەها لەوەش دڵنیا نییە ئاخۆ دەبێ هانی بدات یان سەرکوتی بکات، ئەمەیش هەمووی لە ترسی دەرئەنجامەکانە، بۆنموونە: حکوومەتی چینی نازانێ لە هەمبەر کۆمەڵەیەکی وەك هاوپەیمانیی نیشتمانیدا چی بکات، ئەم کۆمەڵەیە نەتەوەپەرستی توندڕۆن و لە چالاکییەکانیاندا پشت بە ئینتەرنێت دەبەستن. هەر ئەو کۆمەڵەیەش بەرپرسی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی دژ بە ئەمریکابوون دوای ڕووداوی فڕۆکەی EP-3 ی ساڵی ٢٠٠١ و خۆپیشاندانەکانی دژ بە یابان لە ساڵی ٢٠٠٥، حکوومەت ڕێگەی بۆ هەردوو خۆپیشاندان خۆشکرد، بەڵام دواتر بۆی ڕوونبوویەوە لەوە زۆر توندوتیژتربوون کە پێشبینیی دەکرد. بەڵام ئەم دوو ڕووداوە، وەك پێدەچێ، پاڵیان بە دەستەهەڵاتەوە نا سەرلەنوێ بیربکاتەوە، چوونکە بەمدواییانە پەکێن پاڵپشتیی خۆی بۆ هێزی نەتەوەیی کەمتر کردووەتەوە و کار لەسەر ئەو هێزانە دەکات کەوا دیبلۆماسیتر و سیاسییانەترن.

بەڵام سەبارەت بە تایوان ئەگەری مەترسیداری ڕوودانی قەیرانێکی دەرەکی و هەڵچوونێکی گەورەتری نێوەخۆیی نەتەوەیی لە ئارادایە. چوونکە پەکین لە هەمبەر تایواندا نەرم نەبووە، هەروەها هەندێك سیاسەتمەداری تایوانیش لە هەمبەر چیندا نەرم نەبوون؛ وەك باروونە و ئەگەری تەقینەوەی هەیە، یەکێك لە نموونەی ئەو تەقینەوانە پێشنیازەکەی چین چوبیبانی سەرۆکی تایوانی بوو سەبارەت بە ئەنجامدانی گشتپرسییەك بۆ سەربەخۆبوونی تایوان لە ساڵی ٢٠٠٢دا کە بووە هۆی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی گەورەی توورەیی. چین لە زۆربەی کاتەکاندا پلانێك دەگرێتەبەر کەوا مەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ پارتی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی لە تایوان و نقومکردنی بە ئاشتی و هێمنی. بەڵام، ئەمەش بەبەردەوامی نییە. چوونکە لە ساڵی٢٠٠٥دا پەکین یاسایەکی دەرکرد کەوا دژی جیابوونەوە بوو و هەڕەشەی لە تایوان دەکرد کە ئەگەر بەهەر شێوەیەك بیەوێ چین توورە بکات، ئەوا هێزی سەربازی بەدژی بەکاردەهێنێ. لە ئەنجامی ئەمەدا و – لەبەر چەند هۆیەکی دیکە– یەکیەتیی ئەورووپا پلانەکەی خۆی بۆ لادانی ئابلۆقەی سەپێندراوی چەك بەسەر چین دواخست.

پرسی تایوان نموونەیەکی گرنگ و زیندوو لەسەر چۆنییەتیی ئیدارەدانی پاڵنەرەکانی ئابووری پیشان دەدات بۆ تەواوبوونی حەزەکانی سیاسیی نەتەوەیی، جا هەرچەندە لەیەکیش دووربن. ئەقڵانییەتی دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی ئابووریدا ناتواندرێ لەبواری سیاسیدا بەئاسانی پێڕەو بکرێ، چوونکە مێژوو و هەستوسۆزەکانی کەرامەت و شانازیکردن و تووڕەییش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن. لە ساڵەکانی دواییدا پەکین گۆڕا و ڕێبازێکی دانایانەتری لە هەمبەر تایواندا پیادە کرد کە ئاستی دوژمنایەتییەکەی کەمتر بوو (تەنانەت لە هەمبەر یابانیشدا)، چوونکە درکی بەوە کرد کەوا کات لە بەرژەوەندیی ئەودا تێدەپەڕێ.

بۆیێ چەندان هەنگاوی زیرەکانەی هەڵێنا کەوا پشتگیری لە سەربەخۆیی تایوان دەکرد لەسەر زەویی خۆیدا؛ گرنگترینیان دابەزاندنی فەرمانە(ڕسوومات)کانی گومرگ بوو لەسەر ئەو بەروبوومە کشتوکاڵییانەی لە هەرێمێکی تایوانی دەهاتن و لە گشت شوێنەکانی دیکە زیاتر حەزی بە سەربەخۆیی تایوان دەکرد. بێگومان لە هەمان کاتیشدا، سوپای چینی زۆر بەخێرایی گەشەی دەکرد، لەگەڵ ئامانجێکی ستراتیژیدا کەوا بریتی بوو لە وەدیهێنانی سەرکەوتنی خێرا لە هەر ململانێیەك کە لەوانەیە سەبارەت بە تایوان هەڵبگیرسێت. بە واتایەکی دیکە، گەشەکردنی ئابووری و جیهانگەرایی پاڵیان بە پەکینەوە نا پلان بۆ تەواوکردنی ڕەوت و کاروانەکەی خۆی دابنێ، لە هەمان کاتیشدا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی و سەربازی هێز تۆکمەتر و پێشکەوتووتر بکات.

ئەژدیها و هەڵۆ

گرنگیی پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ولاّتانی جیهاندا زۆر کەم و بچووك دەبێت ئەگەر بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەك ولاّتدا بەراورد بکرێ کە ئەویش ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکایە. با بەشێوەیەکی دیکە بیرۆکەکە ڕوونتر بکەینەوە، هەر گرفتێکی شیمانەکراو کە لەوانەیە چین ڕووبەڕووی ببێتەوە، ئەگەر نەبێتە هۆی تێوەگلاّنی ویلاتەکانی یەکگرتوو ئەوا هیچ گرنگییەکی نییە. بەبێ تێوەگلانی ئەمریکی، لەوانەیە جەنگ لەگەڵ تایواندا خوێناوی و تراژیدی بێت، بەلاّم دەرئەنجامەکەی جیهانیی فراوانی نابێت تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە ببێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی چینی– ئەمریکی. هەروەها ئەو گرفت و تەگەرەیەی کە لە چاوی ئەمریکادا ناوی ولاّتی چینە، بەبەراورد لەگەڵ ولاّتانی دیکەی دژ بە ئەمریکا ناوەڕۆکی گەورەتری هەیە. سیاسەتی دەرەوەی چینی بەدرێژایی سێ دەیە بۆ ڕازیکردنی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا تەرخان

کرابوو، ئەمەیش لەبەر چەندان هۆبوو، یەکەم: بەشێکبوو لە ستراتیژیەتی دژ بە یەکیەتیی سۆڤییەت، دواتر حەزکردن بە چوونە نێو بازارەکان و ریفۆرم، دواتر سەرلەنوێ شیاندنەوەی ولاتەکە دوای رووداوەکەی گۆرەپانی تیانانمین، دواتریش وەدەستهێنانی ئەندامییەتی لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانی، لە کۆتایشدا ئۆلۆمپیادەکانی پەکین. بەلام دەستەبژێری گەنج لە ئێستەی چیندا متمانەی رۆژ لە رۆژ زیاتر دەبێت کە ولاتەکەی پێویستی بەوە هەیە لە زۆر لایەنەوە وەك رکابەرێکی واشنتۆن خۆی ببینێ. بەلام لە واشنتۆندا، بەردەوام ئەو کەسانە هەن کەوا چین بە هەرەشەیەکی هاتووی سەر نموونە بالایەکان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکی دادەنێن. مەبەستم لەوە ئەوە نییە بلێم کە جەنگێك بەرپا دەبێت، یان تەنانەت ململانێیەکیش دروست دەبێت، بەلکو مەبەستمە ئاماژە بە ئەگەری رووادانی گرژیی نێوان هەردوو ولات بکەم. ئەوجا چۆنییەتیی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەم گرژییەدا، دیاریکەری ئایندەی پەیوەندییەکانیان و ئاشتیی جیهانییە.

لە ئێستەدا، بریار و قسەی هەرە بەرز لە پەکین و واشنتۆن بەیەکەوە لە دەستی هێزەکانی تەواوکردنە (التكامل). پەیوەندیی ئابووریی ئەمریکیی– چینی پەیوەندییەکی دوولایەنەی ئالۆزکراوە. چوونکە چین لەپێناو ساغکردنەوەی کالایەکانی پێویستی بە بازاری ئەمریکی هەیە، ویلایەتەکانی یەکگرتووش لەپێناو قەرز وەرگرتن پێویستی بە چین هەیە؛ هاوکوف و هاوشانێکی تایبەتە بە زەمەنی جیهانگەرایی بۆ وێرانکردنێکی دوولایەنەی ئالۆزکراوی سەردەمی ئەتۆمی. (جگە لە هێزەکانی سەقامگیری، هەردوو بارخانەی (الترسانه) ئەتۆمیی ئەمریکی و چینی رۆلێکی بەرپەرچدەرەوەشیان هەیە) راستیی هەبوونی جیهانێکی گلۆبالیزەکراو کە چین و ئەمریکا ناچار بکات بچنە نێو

هاوپەیمانییەکەوەبەهۆی جوگرافیایەکی سیاسییانەوە تەگەرەی بۆ دروست دەبێت. لەبەرئەوە، ئیدارەی بۆش سەبارەت بە پرسی تایوان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زۆر نەرم بوو. هەرچەندە جۆرج دەبلیۆ بۆش لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە دوژمنکارانەترین سەرۆکی ئەمریکی بوو کە مامەڵەیان لەگەڵ پەیوەندییەکانی ئەمریکی – چینی کردبێ، هەرچەندە تەواوی قۆناغی سەرۆکایەتییەکەی لە ستایشکردنی دیموکراسییەت و ئیدانەکردنی دیکتاتۆرییەتدا بەسەربرد و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی ئەمریکی دەکرد، بەڵام سەبارەت بە پرسی تایوان چەندان جار پشتیوانی لە چین کرد و هۆشداریی دەدایە تایوان کە هەوڵی جیابوونەوە نەدات، هیچ سەرۆکێکی دیکەی ئەمریکی پێشتر کارێکی وەهای نەکردووە. لەبەرئەوە دەبینین پەکین لەو ئیدارەیە ڕازییە، هەرچەندە وتارەکانی بۆش سەبارەت بە ئازادی زۆر بوون و خودی سەرۆك بۆش چاوی بە دالایی لاما کەوت.

واشنتۆن و پەکین دانایی تەواویان هەیە کە وایان لێ دەکات هەوڵی هاوکاریکردنی یەکتری بدەن. ململانێ لە نێوان زلهێزەکان شتێکە و جیهان لە کاتی کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە بەخۆیەوەی نەبینیوە. جا ئەگەر قەدەر وەها بێت بگەڕێتەوە، ئەوا ئەو گرفتانەی لە ئێستەدا نیگەرانمان دەکەن– تیرۆر، ئیران، کۆریای باکوور– بە بەراورد لەگەڵ ئەو شتانەی کە لەوانەیە ڕووبدەن، پرسگەلێکی زۆر سادە دەبەن. ئەمە مانای ڕوودانی کێبڕکێکردنە لەسەر خۆ پڕچەککردن و ململانێیەکانی سنووری و پێشبڕکێیەکان لەنێوان وڵاتانی هاوپەیمان و ئەو وڵاتانەی پشتیان بە وڵاتانی لەخۆیان گەورەتر بەستووە، هەروەها پەیدابوونی ململانێی لۆکاڵی و لەوانەیە لەو شتانەش زیاتر بێنە ئاراوە. هەروەها جوولەی پێشەوەی نوێگەریی ئابووری و سیاسی خێراییەکەی کەمتر دەبێتەوە، ئەگەر

هەر بەتەواویش نەوەستێ. لە ڕاستیدا، چین بەبێ هیچ جۆرە سیناریۆیەکی تۆقێنەر پەیوەندییەکانی ئەو هێزانە ئاڵۆز دەکات کەوا لەسەر ئەرزی واقیعدا بوونیان هەیە، بۆنموونە: ئەگەر ویلایەتەکانی یەکگرتوو و یەکیەتیی ئەورووپا هەڵوێستی کرۆکیی تەواو جیاواز لەهەمبەر ڕابوونی چین بگرنەبەر، ئەمە فشارێکی بەردەوام لەسەر هاوپەیمانیی خۆرئاوایی دەسەپێنێ بەشێوەیەك گرژییەکانی هەمبەر عێراق وەها لێ دەکات وەك دەمەقاڵییەکی پووچ بێتە بەرچاو. بەڵام ڕوودانی ململانێیەکی جدیی چینی ئەمریکی، ڕوخسارەکانی سەردەمی نوێ دیاری دەکات و دەیکاتە شوێنێکی دیکە کە زۆر لە کاملبوون و بازرگانی و جیهانگەرایی بەدووربێت.

هەندێك کۆمەڵەی ئەمریکی هەن- کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە پارێزکارە نوێیەکان و هەندێك بەرپرسی پەنتاگۆن پێکهاتوون- لەهەمبەر هەڕەشەی چین زەنگی هۆشداری لێ دەدەن و بەشێوەیەکی تایبەتیش ئاماژە بە لایەنە سەربازییەکەی مەترسییەکە دەکەن. بەڵام ڕاستییەکان پاڵپشتی لە پرسەکەیان ناکات. بەدڵنیاییەوە چین سوپایەکەی فراوانتر و گەورەتر دەکات، چوونکە گوژمەی بەرگریی چین بە ڕێژەی ١٠٪ ی ساڵانە زیاد دەکات، بەڵام تاکو ئێستەیشی لەگەڵدا بێت بەشێکی کەمی ئەو پارەیە خەرج دەکات کەوا ئەمریکا لەو بوارەدا خەرجی دەکات؛ لە باشترین دۆخەکاندا تەنیا لە ١٠٪ ئەو پارەیە خەرج دەکات کەوا پەنتاگۆن بۆ سوپایەکەی تەرخانی دەکات. ویلایەتەکانی یەکگرتوو ١٢ هەڵگری فڕۆکەی هەیە کە بە وزەی ناوەکی کار دەکەن و هەر یەکێکیان دەتوانن ٨٥ فڕۆکەی هێرشبەری جەنگیی هەڵگرن، بەڵام ئەندازیارانی دەریاوانیی چین ئێستە کار بۆ ئەوە دەکەن یەکەم هەڵگری فڕۆکە بونیاد بنێن. چین بیست مووشەکی ئەتۆمی هەیە کە بەپێی مەزەندەکانی پەنتاگۆن دەتوانن

بگەنە کەنارەکانی ویلایەتەکانی یەکگرتوو، بەلاَم ئەم چەکە " بچووك و بێهێزانە...... دەکرێ بکەونە بەر هێرشێکی کتوپڕ و دەستپێشخەرانە". لە بەرانبەریشدا ویلایەتەکانی یەکگرتوو نزیکەی ۹.۰۰۰ کلاَوەی ناوەکی ئامادە و نزیکەی ۵.۰۰۰ سەرە مووشەکی ستراتیژیی هەیە.

چینییەکان دەزانن کە تەرازووی سەربازی شکاوەتەوە. لەسەر ئەم بنەمایەوە، بەرەنگارییەکانی چین، کەوا کار بۆ وەدیهێنانی هاوسەنگیی سەربازی دەکات، هیچ کاتێك وەك بەرەنگارییەکەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لیّ نایەت. بەلاَم بەشێوەیەکی لۆژیکی بە زلهێزێکی نا یەکسان دەمێنێتەوە. ئێستە هەولّ دەدات ئەو ڕێگەیانە بدۆزێتەوە و پێشیان بخات کەوا دەبنە هۆی لاوازکردنی لەپێشدانەوە سەربازییەکەی ئەمریکا، وەك تەکنولۆژیای خۆزا (الفضاء) ئەو تەکنۆلۆژیایەی کەوا پشت بە ئینتەرنێت دەبەستیّ. بەلاَم لەمەیش گرنگتر ئەوەیە کە هەولّ دەدات هێزە ئابوورییەکەی و کارامەییە سیاسییەکەی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بهێنێتەدی، بەبیّ ئەوەی پەنا بباتە بەر هێزی سەربازی. چین نایەویّ هێرش بکاتە سەر تایوان یان داگیری بکات، بەلّکو دەیەویّ لە هێز و دەستهەلاَتی بزووتنەوەی سەربەخۆخوازیی تایوانی کەم بکاتەوە تا شەکەتی دەکات.

لە کاغەزێکدا بەناونیشانی کۆبەندیی پەکین- کە بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر چاوپێکەوتنەکان لەگەلّ بەرپرسان و ئەکادیمییە بەناوبانگەکانی چینیدا دەکاتەوە- جۆزیف کۆوپر ڕامۆ وێنەیەکی جوانی سیاسەتە نوێیەکەی دەرەوەی چین پیشان دەدات. " لەجیات بونیادنانی هێز لەسەر شێوازی ئەمریکی، کە پڕە لە چەك و بۆچوونی ئەوانی دیکە لەهەمبەر جیهاندا قبوولّ ناکات، هێزە گەشەسەندووەکەی چین جەخت لەسەر نۆرمە تایبەتەکەی و هێزی سیستمە

ئابوورییەکـەی و بەرگرییـە توندوتۆڵەکـەی لـە سـەرەوەرییە نەتەوەییەکـەی دەکاتەوە". ڕامۆ وەها وەسـفی دەسـتەبژێری چـینی دەکـات بـەوەی کـە هێـزە هەڵکشاوەکەی وڵاتەکەی لەگەڵ سیاسـەتێك کـەوا کـەمتر دەسـتوەردان دەکـات، وەهای لێ دەکات ببێتە هاوبەشێکی سـەرنجڕاکێش، بەتایبـەت لـە جیهانێکدا کـە وەها لە ویلایەتەکانی یەکگرتوو دەنوارِدرێ کەوا دەستبەسەرداگر و هەژموندار و لووتبەرزانەیە. ڕامۆ دەڵێ:" مەبەستی چین ململانێ نییە، بـەڵکو خـۆ دوورگرتنـە لە ململانێ. هەروەها سـەرکەوتنی ڕاسـتین لـە پرسـەکانی سـتراتیژیدا پێویسـتی بەوە هەیە بە کارامەییەوە ڕەفتار لەگەڵ دۆخێکی دیاریکراو بکرێـت بەشـێوەیەك بێ سێ و دوو دەرئەنجامەکە لە بەرژەوەندیی چیندا بێت. ئەمەیش لە هزری صن زی بیرمەندی کۆنی بواری ستراتیژی وەرگیراوە بەوەی کە " گشت جەنگێك پێش ئەنجامدانی دەبردرێتەوە یان تیایدا دەدۆڕێیت".

لـە بەرانبەریشـدا، ویلایەتـەکانی یـەکگرتوو دەزانـێ چـۆن ڕەفتـار لەگـەڵ پێشکەوتنێکی تەقلیدییانەی سـەربازیی سیاسـیدا بکـات. چـوونکە لـە کۆتاییـدا، ئەمە سروشتی هەڕەشەی سۆڤییەتی و هەڵکشانی نازییەکان بوو بۆسەر عەرشـی دەسـتهەڵات. ویلایەتـەکانی یـەکگرتوو باکراونـدێکی هـزری و ئـامراز- چـەك و گرێبەست و ڕێککەوتنامەی یارمەتیدەر و هاوپەیمانی-ی وەهای هەیە کە توانـای ئەوەی پێدەبەخشێ ڕووبەڕووی ئـەو پێشـکەوتنە ببێتـەوە. جا ئەگـەر چین بـە لووتبـەرزی و هەژموونـەوە ڕەفتاربکـات و هاوسـێیەکەی تـووڕە بکـات و جیهـان بترسێنێ، ئەوسا ویلایەتەکانی یەکگرتوو دەتوانێ بە کۆمەڵێك سیاسـەت وەڵامـی بداتەوە کەوا سوود لە کردەیەکی هاوسەنگکردنی سروشتی وەربگرێ کەوا پاڵ بە یابـان و هینـد و ئوسـتورالیا و ڤێتنـام – لەوانەشـە وڵاتـانی دیکەشـەوە- بنـێ لەپێناو کۆتوبەندکردنی هەژموونی هەڵکشـاوی چـینی هاوکـاریی یـەکتری بکـەن.

بەلاّم، ئەدی ئەگەر چین پابەندی ستراتیژە نایەکسانەکەی بوو؟ ئەدی ئەگەر ئابووری و پەیوەندی و رەفتارەکانی بەشێوەیەکی میانرەو و هێمن فراوانتر بکات و بەهێواشی بواری هەژموونەکەی فراوانتر بکات؟ ئەدی ئەگەر وەك هەولێك بۆ کەمکردنەوەی ئارامی و دانبەخۆداگرتنی ئەمریکییەکان، بەرەو لایەکانی ئاسیا بەهێواشی پالّی بە واشنتۆنەوە نا؟ ئەدی چی دەبێت ئەگەر پێگەی ئەلتەرناتیڤی ئەمریکایەکی لووتبەرز و ترسێنەری بۆخۆی داگیرکرد؟ ئەمریکا لەگەڵ سیناریۆیەکی لەمشێوەیەدا چۆن رەفتار دەکات؛ جۆرێك لە جەنگی سارد، بەلاّم ئەمجارە لەگەڵ جڤاکێکی زۆر زیندووی ئابووری کە لە رووی دانیشتووانەوە ژمارەی لە هەموو ولاّتانی دیکە زۆرترە؛ گەلێك کە خۆی وەك نموونەیەکی بێنەوا و بێدەستەلاّتی سۆسیالیزمی دەولّەت پیشان نادات و هێزی خۆی لە دەستوەردانە بێسوودەکانی سەربازیدا بەفیرۆ نادات؟ ئەمەیش بۆ ویلایەتەکانی یەکگرتوو بەرەنگاری و گرفتێکی نوێیە ؛ گرفتێك کە پێشتر هەرگیز رووبەرووی نەبووەتەوە و تا ئاستێکی زۆر بەرز خۆی بۆ ئامادە نەکردووە.

کاتێك دەستەبژێری سیاسەتی ئەمریکی بیر لە چۆنییەتی رەفتارکردن لەگەڵ چین دەکەنەوە، هێزێکی دیکەی هەلّکشاوی گەشەسەندووی نزیك چین فەراموش ناکەن کەوا خەریکە دەگاتە کاروانی پێشکەوتنی چین، ئەویش هیندستانە.

٢-هاوپەیمان

لە پایزی سالّی ١٩٨٢ بە فرۆکەیەکی سەر بە هێلّی ئاسمانیی هیندی سەفەرم کرد و لە فرۆکەخانەی سانت کروز لە بۆمبای بەرەو یەکێك لە زانکۆیەکانی ولایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا رۆیشتم. دەیەی پێشوو بۆ هیند دەیەیەکی زۆر توندوتیژ بوو، چوونکە بە خۆپیشاندانی نارەزایی میللی و ئاژاوەگێریێ و

بزووتنـەوەکانی جوداخـواز و بزاڤـەکانی یـاخیبوون و هەڵپەسـاردنی دیموکراسـی دەناسـرایەوە. لـە سـەرووی کـۆی ئەمانەشـەوە ئابوورییـەکی خراپـی هـەبوو کـە گەشـەکردنێکی کـەم و هەڵئاوسـانێکی کەڵەکـەبووی لەخۆیـدا کۆکردبوویـەوە. گەشـەکردنی ئـابووری بـەتۆزقاڵ پـێش گەشـەکردنی دانیشـتووان کـەوتبوو. لـەو کاتیدا کەسێکی ئاسایی هیندی بـەپێی تێکرای زیـادبوون لـە تێکـرای بەرهـەمی نێوەخۆیی بۆ هەر تاکێك، پێویستی بە پـەنجا و حـەوت سـاڵ هـەبوو بـۆ ئـەوەی دەرامەتی خۆی دوو هێندە بەرز بکاتەوە. جـا لـە سـایەی ئـەو واقیعـە خراپـەدا، زۆرێك لە هیندییەکانی بەهرەمەند و بەرتەمایەکان باوەڕیان وەهـابوو کـە ئاینـدە ڕاسـتەقینەکەیان تـەنیا لـەوەدا دەبیننـەوە وڵاتەکـەیان بـەجێبهێڵن. لەبەرئـەوە، نزیکەی ٧٥٪ی دەرچووانی پەیمانگەکانی تەکنۆلۆژیای هیندی لـە هەشـتایەکاندا بەرەو ئەمریکا کۆچیان کرد.

بـەڵام دەیـەی کۆتـایی لـە سـاڵی ١٩٩٧ وە تـەواو پێچـەوانەی ئـەو دەیەیـە بـوو. چوونکە هیند تیایدا لە قۆناغێکی پڕ لە سەقامگیری و ئاشـتی و خۆشـگوزەرانیدا ژیـا. هـەروەها ئـاگری جوداخوازییـەکان و ئاراسـتە دوژمنکارییـە نەتەوەییـەکان کەمبوونەوە. چەندان حکوومەتی نەتەوەیی و هەرێمی بەبێ هیچ گرفتێك بـەدوای یەکتریدا هاتن. تەنانـەت پەیوەندییـەکانی پـڕ لـە گـرژی و بەردەوامـەکان لەگـەڵ پاکسـتاندا گـەرمی و سـارێژبوونەوەیکی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینـی. لـە کـۆی ئەمانەیش گرنگتر– کە بناغەی کۆی ئـەم دیاردانـە بـوو– ئـەو وەرچـەرخانە بـوو کـەوا ئـابووریی هینـدی بەخۆیـەوەی بینـی، چـوونکە لـە کـۆی دەیەکـەدا گەشـەکردنێکی بـە ڕێـژەی ٦.٩٪ ی بەخۆیـەوە بینـی، لـە نیـوەی دووەمیشـدا ڕێژەکەی ٨.٥٪بوو. جا ئەگەر تێکرای دووەم بپارێزرێ و وەك خـۆی بمێنێتـەوە، ئەوا هیندییەکی ئاسایی لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ دەرامەتی خـۆی دوو هێنـدە

دەکاتــەوە. لــە ئێســتەوە واپێدەچــێ کــە کاریگــەریی کەڵەکــەیی ئــەم چــالاکییە نوێیەی ئــابووری تــەواو ڕوون بێــت، چــوونکە ژمــارەی ئــەو هیندییانــەی کــەوا لــە دەیەی ڕابردوودا لە دۆخی هەژاری دەرچوون لە ژمارەی ئەو کەسانە زۆر زۆرتــرە کەوا لەماوەی پەنجا ساڵی پێشوودا هەبوون.

جیهان ئەمە دەبینێ. لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیـدا کــەوا ســالآنە لــە داڤۆســی سویسرا بەڕێوەدەچێ، ئەستێرەیەکی نەتەوەیی هەیە ؛ ولأتێــك لــە کۆبوونــەوەی سەرکردەکانی جیهانـدا بــەهۆی زیرەکییــەکی بــێ وێنــە بەرجەســتە دەبێــت کــەوا ســەرۆکوەزیران یــان وەزیــری دارایــی پیشــانی داوە، یــان بــەهۆی ڕووداوێکــی سەرنجڕاکێشی بواری ڕیفۆرمەوە خۆی سەلماندووە.

لەو دوانزە ساڵەی کەوا تیایاندا چوومە کۆڕبەندی داڤۆس، هیچ ولأتێك ئەفسوونی لە ئەقڵی ئامادەبووان نــەکرد یــان بەســەر گفتوگۆیەکــەدا زاڵ نــەبوو وەك ئــەوەی هیند لە ساڵی ٢٠٠٦دا پیشــانی دا. مەســەلەکەش هــەر تــەنیا بەنــد نییــە بــە یــەك کۆنگرەوە. چوونکە جیهان ئێستە خۆشەویستی و سۆزێکی وەها بە هیند پیشان دەدات کە هەرگیز لە پێشووتردا ئەمە نەبیندراوە. ســەرکردەکانی ولأتــانی بیــانی یەك لــە دوای یــەك دەچــنە هینــد و پــەیمانی دروســتکردنی پەیوەنــدیی قــووڵتر و بەهێزتر لەگەڵ ولأتێکدا دەبەستن کەوا پێشتر زۆر نامۆ و جیاواز بوو.

لەگەڵ ئەمەیشدا زۆربەی چاودێرانی بیــانی هێشــتا لــەو دەرئــەنجام و بۆچــوونانە دڵنیانین کەوا لە ڕابوونەکەی هیند هەڵیــدەهێنجن. ئایــا دەبێتــە چــینێکی دیکــە؟ ئــەدی ئەمــە لــەڕووی ئــابووری و سیاســیدا چ واتایــەك دەگەیــەنێ؟ ئەگــەر هینــد دەوڵەمەنــدتر بــوو، لەگــەڵ چــین دووچــاری پێکــدادان دەبنــەوە؟ ئایــا وەك هاوپەیمانێك لە ویلایەتەکانی یەکگرتوو دەنواڕێ؟ ئایا شــتێك بــەناوی بۆچــوون و

ڕوانگـەی هیندۆسـییانە لەهەمبـەر جیهانـدا بـوونی هەیـە؟ لـە ڕاسـتیدا لەوانەیـە بیانییەكانی سەرگەردان هەست بـە كەمـە ئـارامی و حەسـانەوەیەك بكـەن كاتێـك دەزانـن خـودی هیندییـەكانیش لـەو وەلاّمدانـەوەی ئـەو پرسـیارانەدا دڵنیـانین. چوونكە لـە ئێسـتەدا هینـد پـڕە لـە گوڕوتـاو بـۆ ئـەوەی بیرێكـی مكـوڕ و قـووڵ بكاتەوە.

بەلاّم گوڕوتاوەكە لە كۆڕبەندیی ئابووریی جیهانیدا كاری خۆی كرد. هـەر لەگـەڵ ئـەوەی لـە زیورخـدا لـە فڕۆكـە دابـەزیت، یەكسـەر تـابلۆی ڕاگەیاندنـەكان و ڕیكلامەكان دەبینیت كەوا هەوڵی مەزنكردنی شكۆی هینـد دەدەن! تەنانـەت بـۆ پیشاندانی مەزنكردنی شكۆی هیند شاری داڤۆس بە لافیتە داپۆشـرابوو. لەسـەر یەكێك لە پاسەكانی نێوخۆیی نووسرابوو: " دەوڵەتی دیموكراسی، خاوەن بازاڕی ئازاد، لە هەموو ولاّتانی دیكە خێراتر لـە گەشـەكردندا". هـەروەها ئەگـەر بچیتە ژوورەكەت شالێكی دروستكراو لە خوریی پاشمینا و ئـامێرێكی ipod دەبینیـت كـە گـۆرانیی بۆلیـۆدیی لەسـەرە ؛دیـاریی شـاندی هینـدین. كـاتێكیش دەچـیتە ژوورەكانی كۆبوونەوەكان، بەزۆری گوێت لە دەنگێكی هیندی دەبێت كە دەنگی یـەكێك لـە دە بەڕێوەبـەری جێبـەجێكاری كۆمپانیایـە هینـدی- جیهانییەكانـە. هەروەها بەرپرسانی حكوومیش هەن، تیمـی خەونـەكانی هینـد؛ هـەر هـەموویان زیرەك و ڕەوانبێژن، هەمووشیان خـەریكن ڕیكـلام بـۆ بـەهای ولاّتەكـەیان بكـەن. هـەروەها ڕووداوە سـەرەكییە كۆمەلاّیەتییەكـە لـە كۆڕبەندییەكـەدا نمایشـێكی سەرسـامكاری كۆمـەڵێك كچـی جـوانی هینـدی بـوو كـەوا لەسـەر ڕیـتم و ئـاوازی زیندووی بەردەم باكراونـدێكی شـینی بریقـەداری تـاج مەحـەل خـەریكی نمایشـی هونەری بوون. كلاوس شوابی سەرۆكی كۆڕبەندییەكە مێزەر و شالێكی بریقەداری هیندی لەسەر بوو و خۆراكی تیكا بە گۆشت مریشكی دەخـوارد و لەگـەڵ مایكل

دیلدا سەبارەت بە ئایندەی وڵاتەکە قسەی دەکرد. دروشمەکە دەیگوت" هیند لە هەموو شوێنێکە". بەڕاستش وەهابوو.

ئەم ستراتیژە سەرکەوتووەی بازاڕکاری سەرلەنوێ و جار لە دوای جار بەکارهێندرایەوە. لە شەستەمین ساڵیادی سەربەخۆیی هیند سەرانسەری نیویۆرك ئاهەنگ و سیمیناری وەهابوون کەوا دەیانویست شوێنپێی سەرکەوتنی ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسیی هیند هەڵگرن و ستایشی بکەن. هەروەها دروشمی بۆنەیەکە India@60 بوو کە پیشاندەری لایەنە ڕێکخەرەکەی بوو، ئەوانیش کۆمپانیایەکانی تەکنۆلۆژیی هیندی بوون. ڕووداوەکە هێندە جیاواز بوو و لە ساڵیادی پەنجایەمین زۆر گەورەتر و ڕازاوەتربوو کەوا پێش دە ساڵ لەمەوبەر بەڕێوەچوو و بە ئاهەنگێکی غەمناکانەی پێشوازیکردن لە کۆنسوڵگەریی چیندا ئەنجام درا و تەنیا شەربەتی میوەجاتی تیادا پێشکەش کرا چوونکە شەراب لە لایەن گاندییەوە قەدەغە کرابوو، هەروەها لە ساڵیادی پەنجایەمیندا وتارێکیش پێشکەش کرا کەوا شانازی هەمەڕەنگیی هیند دەکرد، بەلاّم ئەو ڕووداوەی دوایی شتێکی زۆر مەزن و سەرنجڕاکێش و جیاواز بوو. هیند لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا لەڕووی خێرایی گەشەکردن لە جیهاندا –لە دوای چین– وڵاتی دووەم بوو، وەهاش پێدەچێ کە لەسەر ڕێگەیەکی ڕاست و دروست بڕوات کەوا لە دەیەی داهاتوودا ئامادەی دەکات لەو گەشەکردنە چالاکە بەردەوام بێت. ڕێك وەك دۆخی چین، تەنیا قەبارەی چین کە ملیارێك مرۆڤ دەبن واتای ئەوە دەگەیەنێ کە هەر لەگەڵ ئەوەی دەستی بە پێشکەوتن کرد، ئەوا سایەیەکی مەزن دەخاتە سەر جیهان.

بەلاّم لەو کاتەی کە ڕابوونی چین بووەتە ڕاستییەکی هەستپێکراو، ئەوا ڕابوونی هیند تا ئێستەیش پرسێکە و پەیوەندیی بە ئایندەوە هەیە، چوونکە تێکڕای

بەرهەمی لۆکاڵی بۆ هەر تاکێك لە ئێستەدا دەگاتە ٩٦٠ دۆلار. بەڵام ئەم ئایندەیە هەر لە ئێستەوە گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێ. توێژینەوەکەی گۆڵدمن ساکس BRIC ئەوە پیشان دەدات کە لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠١٥دا ئابووریی هیند یەکسان دەبێت بە قەبارەی ئابووریی ئیتالیا، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لە ئابووریی بریتانیا نزیك دەبێتەوە. لەگەڵ هاتنی ساڵی٢٠٤٠دا هیند لە پەیژەی گەورەترین ئابووریی جیهانیدا، شانازی بە داگیرکردنی پێگەی سێیەم دەکات. هەروەها لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٥٠ دا دەرامەتی تاك تیایدا بە بیست جار لەوەی ئێستەی زیاتر دەبێت. ڕاستە کە ئەم پێشبینییانە هەندێکجار فێڵ لە مرۆڤ دەکەن و بەزۆریش ململانێیەکان لە کۆتاییدا نامێنن، بەڵام ئەوەی لێرەدا شایانی وەبیرهێنانەوەیە ئەوەیە کە گەشەکردنی ئێستەی هیند زۆر لەوە بەرزترە کەوا شرۆڤەکە شیمانەی بۆ دەکات و وڵاتەکە — کە ئەمەیش لە هەموویان گرنگترە— توانای دیموگرافیی جێی ئومێدی هەیە. چوونکە لەو کاتەی جیهانی پیشەسازی پیر دەبێت، ئەوا هیند لە هەبوونی گەنج و تولازێکی زۆر واتا کرێکاران بەردەوامە. هەروەها لەو کاتەی کە چین بەهۆی سیاسەتە سەرکەوتووەکەی لە دیاریکردنی ژمارەی منداڵ یان سیاسەتی یەك منداڵدا ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی نەوەی گەنج بووەتەوە، ئەوا هیند لە ڕووی ڕێژەی گەنجەوە دۆخی هەڵئاوسانی هەیە، چوونکە سیاسەتی پێشووی تایبەت بە ڕێکخستنی خێزان شکستی هێناوە (لێرەدا پەند و وانەکە ئەوەیە کە پلانەکانی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی نەویستراو و نا ئەنقەست دروست دەکەن). جا ئەگەر دیمۆگرافیا قەدەرێك بێت، ئەوا ئایندەی هیند دەستەبەر و گەشە.

لە ڕاستیدا، تەنانەت واقیعی هەنووکەیی هیند جێگەی سەرسامییە. ڕێژەی هەژاری لە ئێستەدا بە ڕێژەی سەدا پەنجا لەهی بیست ساڵ لەمەوبەر کەمترە.

هـەروەها کەرتـە تایبەتەکەشـی بەشـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر چـالاك و کارایـە، چوونکە قازانجی وەها وەدەستدێنێ کە لەنێوان ١٥ و ٢٥ ٪ی ساڵانەیە. هەروەها هێزی کەرتی تایبەت هەر تەنیا لەو کۆمپانیایانە کورت نابێتـەوە کـەوا پشت بـە دامەزرانـدنی دەرەکـی دەبەسـتن وەك کۆمپانیـای ئینفۆسـیس کـە؛ گـرنگترین کۆمپانیای نێو ویلایەتەکانی یەکگرتووە (لەنێو زۆرێکیاندا) بە ئابووریی هیندیەوە گرێـدراوە. چـوونکە قازانجـەکانی کۆمەڵـەی تاتـا– کـە قەبارەیـەکی کۆمپانیـایی بەرفراوانــە هــەموو شــتێکی وەك ئوتومبێــل و پــۆلا و بەرنامەدارکردنــەکان (البرمجیـات) و سیسـتمەکانی راوێـژکاری بەرهــەم دەهێنــێ – لـە ١٧.٨ ملیـار دۆلارەوە بووەتـە ٢٢ ملیـار دۆلاری نێـو سـاڵی ٢٠٠٦ (٢٣ لـە سـەدا). هـەروەها قازانجـەکانی کۆمپانیـای ڕیلایـنس ئانـد سـترێز کـە گـەورەترین کۆمپانیایـەکانی هیندییە لەنێوان هەردوو ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٦دا دوو هێندەی لێ هـاتووە. هـەروەها تێکـڕای داهاتــەکانی کــەرتی تایبــەت لــە دروســتکردنی پارچــە گۆڕاوەکــانی ئوتومبێل– کە لە سەدان کۆمپانیای بچووك پێکهـاتووە– لـە کـەمتر لـە ٦ ملیـار دۆلاری ساڵی ٢٠٠٣ و بۆ ١٥ ملیار دۆلاری ساڵی ٢٠٠٧ بەرزبوویەوە. هـەروەها لـە ماوەی سێ ساڵی دواتردا کۆمپانیای جەنەراڵ مۆتورز بەتەنیا پارچە گۆڕاوەکـانی دەستکردی هیندی

بەبەهای یەك ملیار دۆلار هاوردە دەکات. هەروەها ژمارەی ملیاردێرەکانی هینـد لە ئێستەدا لە ژمارەی ملیاردێرەکانی هەر وڵاتێکی دیکەی ئاسیایی زۆرترە، هـەر هەمووشـیان بــە هــەوڵی تایبــەتی خۆیـان ســەروەت و ســامانەکانی خۆیـان کۆکردووەتەوە.

لە خوارەوە بۆ سەرەوە

لەلای ئەم خاڵەوە، هەر کەسێك پێشتر سەردانی هیندی کردبێ لە ئێستەدا دووچاری سەرسوڕمان دەبێتەوە. لەوانەشە بپرسێ: " هیند؟ بە فڕۆکەخانە ڕووخاو و ڕێگە پڕ لە کەندوکۆسپەکان و گەڕەکە فراوانە هەژارەکانی و لادێییە دەستکورتەکانی؟ ئایا باس لەو هیندە دەکەیت؟" بەڵێ، ئەمەیش هیندە. هەرچەندە ئەو وڵاتە چەندان ناوچەی هاوشێوەی سیلیکۆن فالیی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیجیریایەك لەخۆی دەگرێ کە سێ هێندەی نەیجیریایە؛ واتا زیاتر لە ۳۰۰ ملیۆن کەس ڕۆژانە بە کەمتر لە دۆلارێك دەژیەن. بەڵێ نیشتمانی ٤٠٪ ی هەژارانی جیهانە و لە ڕووی ژمارەی تووشبووانی بە نەخۆشیی ئیدز بە وڵاتی دووەم دادەندرێ. بەڵام، ئەگەر هیند هەژار و نەخۆشیش بێت، خۆ هیندێکی ناسراو و باوە، بەڵام وێنەی جووڵاو دەلالەتێکی زۆرتری لە وێنەی جێگیر و وەستاو هەیە. هیند دەگۆڕێت. ڕاستە کە هێشتا هەژاریی تیادا ماوە، بەڵام هێزی ئابوورییە نوێیەکەی لە هەموو شوێنێکدا شتەکان دەگۆڕێ. تەنانەت لە گەڕەکە هەژارە فراوانەکانیشدا دەتوانیت هەست بەمە بکەیت.

سەبارەت بە زۆرێك لە سەردانیکەران، هیند بە وڵاتێکی جوان نایەتە بەرچاو. پیاوانی کاری خۆرئاوایی دەچنە هیند و پێشبینی دەکەن کە کۆپییەکی دیکەی وڵاتی چین ببینن. بەڵام وەها نییە، چوونکە گەشەکردنی چین لە لایەن حکوومەتێکی بەهێزەوە سەرپەرشتیی دەکرێ. کاتێکیش پەکین بڕیار دەدات کە وڵاتەکە پێویستی بە فڕۆکەخانەی نوێ و ڕێگەی ئۆتوبانی هەشت سایدی و کۆمەڵگەی بریقەداری پیشەسازی هەیە، ئەوا لە ماوەی چەند مانگێکدا دروستیان دەکات. چین کۆمپانیایەکانی فرە ڕەگەز بەکێش دەکات، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا مۆڵەت و شوێنە گشتییەکانی بۆ دەستەبەر دەکات. یەکێك لە بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکانی ئەمریکی باس لەوە دەکات کە چۆن بەرپرسانی

چینی لەگەڵی چوونەتە ئەو شوێنەی کەوا پێشنیازیان کردووە شوێنگە نوێیە زەبەلاحەکەی لێ بونیاد بنرێ. شوێنەکە باش بوو و لەگەڵ گشت پێوەرەکانیدا دەگونجا؛ تەنیا گرفتێکی هەبوو کە پڕ بوو لە تەلار و خەڵك. بەڕێوەبەرە ئەمریکییەکە ئەم خاڵە بۆ خانەخوێیەکەی ڕوون دەکاتەوە، خانەخوێیەکەش زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ:" ئۆ، نیگەران مەبە، ئەم تەلار و خەڵکە لە ماوەی هەژدە مانگدا لێرە نامێنن". بەڕاستیش ئەمە ڕووی دا. بەڵام هیند حکوومەتێکی بەتوانای نییە کە بتوانێ لەپێناو هەندێك وەبەرهێنی بیانیدا خەڵك بگوازێتەوە شوێنێکی دیکە. هەروەها لە نیودەلهی و مۆمبایدا ئەو ژێرخانە بوونی نییە کەوا لە پەکین و شانگهایدا هەیە، هیچ شارێکی هیندی ئەو ڕێکخستنە مەدەنییەی نییە کەوا چین پێی دەناسرێتەوە. کاتێك پرسیارم لە فیلاسراو دیشمۆخی وەزیری بەرپرسی گرنگترین پیشەسازیی هیند کرد لەوەی کە ئاخۆ هیند دەتوانێ لە پێشخشتنی مەدەنیدا سوود لە ئەزموونی چینی وەربگرێ، وەڵامی دایەوە:" بەڵێ، بەڵام بەشێوەیەکی سنووردار. کاتێك خەڵکێك دەیانەوێ باریکەنە شارەکان پێش ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێ ئەوا چین داوای بەڵگەیان لێ دەکات کە ئاخۆ هیچ کاروپیشەیەکیان هەیە. ئەمەیش ئەوەیان بۆ دەستەبەر دەکات ملیۆنەها خەڵك پەیدا نەبن کەوا بەدوای کاردا بگەڕێن و لە گەڕەکە هەژارنشینەکاندا کۆببنەوە و بەگشت شارەکەدا بسووڕێنەوە. من ناتوانم ئەمە بکەم. دەستووری هیند ئازادیی نیشتەجێبوونی دەستەبەرکردووە. ئەگەر کەسێك بێت و لە مۆمبای بەدوای کارێکدا بگەڕێ، ئەوا بۆ ئەنجامدانی ئەمە تەواو ئازادە".

گەشەکردن لە هینددا بەهۆی حکوومەتەوە نییە، بەڵکو بەبێ حکوومەتە. بەڵکو تا ئاستێکی زۆر گەشەکردنێکی پڕ لە هەراوزەنا و هەڕەمەکییە، لە خوارەوە بۆ

سەرەوە ڕەوتی خۆی دەگرێت. بەڵام ئەو تایبەتمەندییە سەرەکیانەی کەوا وڵاتەکە پێیان دەناسرێتەوە خۆی لە کەرتێکی تایبەتی ڕاستین و مافی موڵکایەتی و مافە پتەوەکانی گرێبەست و دادگەیە سەربەخۆییەکان و حوکم و سەرەوەریی یاسادا دەبینێتەوە (تەنانەت ئەگەر زۆرجاریش پێشێل بکرێ). هەروەها کەرتی تایبەتی هیندی برِبڕەی پشتی گەشەکردنەکەیەتی. لە چیندا کۆمپانیای تایبەت پێش بیست ساڵ لەمەوبەر بوونیان نەبوو، بەڵام زۆرێك لەو کۆمپانیایانە سەدساڵ لەمەوبەر لە هیند هەبوون. ئەوجا بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان بەسەر ئەم تەگەرانەدا زاڵ دەبێت و سەرکەوتووانە لەگەڵ بیرۆکراسیدا ڕەفتار دەکات و خۆی لە ژێرخانێکی خراپ بەدوور دەگرێت و قازانج وەدەستدێنێ. ئەگەر نەشتوانێ بەهۆی خراپیی ڕێگەکانی گشتی و سەرەکی کاڵای زەبەلاح هەناردە بکات، ئەوا خزمەتگوزارییەکان و پرۆگرامسازییەکان هەناردە دەکات. گورشاران داسی بەڕێوەبەری جێبەجیکاری پێشووی کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵ بە گاڵتەوە دەڵێت: " حکوومەت شەوانە دەخەوێت و ئابووریش گەشە دەکات".

تایبەتمەندییە هەرە ووزێنەرەکە لە هیند سەرمایە مرۆییەکەیەتی؛ واتا ژمارەیەکی زەبەلاح و زیادبووی بەڵێندەران و بەڕێوەبەران و کەسانی شارەزا لە بازرگانیدا هەن. ژمارەشیان بەخێراییەکی هێندە زۆر گەشە دەکات کەوا زۆر لە خەیاڵکردنی هەر کەسێك گەورەترە، ئەمەیش بەشێوەیەکی بەشەکی بۆ زانینی زمانی نوێگەری دەگەڕێتەوە، واتا زمانی ئینگلیزی کە ڕوونبووەتەوە گرنگترین شتێکە بریتانیا لەدوای خۆیدا بەجێیهێشتبێ. بەهۆی ئەو زمانەوە توێژی بەڕێوەبەران و بەڵێندەران ئاگاییان لەسەر دوا شێوازی بازرگانیی خۆرئاوایی هەیە بەبێ ئەوەی پێویستیان بە وەرگێڕ یان ڕێبەری ڕۆشنبیری هەبێت. ئەوان

سەبارەت بە کۆمپیوتەر و بیردۆزەکانی بەڕێوەبردن و ستراتیژی بازاڕدۆزی و دوا داهێنانەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا شت دەخوێننەوە، ئەوان زۆر ڕوون و ڕەوان بە جیهانگەرایی قسە دەکەن.

دەرئەنجامەکە ئەوەیە کە هیند ولاتێکە لە گشت ولاتانی دیکەی گەشەسەندوو جیاوازترە. تێکرای بەرهەمی نێوخۆیی هیند لە سەدا پەنجای خزمەتگوزاری و سەدا ٢٥ پیشەسازی و سەدا بیست و پێنج کشتوکاڵی پێکدێت. دوو ولاتی دیکە کە لەم لایەنەوە بە هیند دەچن پورتوگال و یۆنانن؛ ئەوان دوو ولاتن کە قۆناغەکانی یەکەمی پیشەسازیی گشتیان تێپەڕاندووە و ئێستە دەچنە نێو ئابووریی دوای پیشەسازی. هیند لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵدا لەو دوو ولاتە پاشکەوتووترە، بەلام لە بواری خزمەتگوزارییەکاندا لە پێش ئەم دوو ولاتەیە؛ مۆنتاژ و زنجیرەیەکی هەمە چەشنە کە ناکرێ هیچ کەسێك پلانی بۆ دابنێت. هەروەها ئەوەی سەری مرۆڤ دەسوڕمێنێ ڕۆلی بەکاربەرە لە گەشەکردنی هیند. زۆربەی چیرۆکەکانی سەرکەوتنی ئاسیایی لەو ڕێکارە حکوومییانە سەرچاوەیان گرتووە کەوا خەلك ناچار دەکەن کردەی پاشکەوت ئەنجام بدەن، ئەوجا سەرمایە کەڵەکەبووەکە و ئەو سیاسەتانەی هیندن کەوا بۆ وەدیهێنانی گەشەکردن پاڵپشتیی لە بازاڕ دەکەن. بەلام لە هیند، بەکاربەر مولکە. گەنجانی دانپێدانراو لە هیند پێویستیان بەوە نییە تا کۆتایی تەمەنیان چاوەڕێ بکەن بۆ ئەوەی خانوویەك بۆ خۆیان بکڕن. ئەوان قەرزی بواری خانووبەرەیان دەست دەکەوێ. هەروەها دروستکردنی پلیتەکانی متمانە و باوڕپێکراو (الاعتماد) ساڵانە بەڕێژەی ٣٥٪ گەشە دەکات. هەروەها بەکاربردنی کەسی لە هیند دا ڕێژەی ٦٧٪ ی تێکرای بەرهەمی نێوەخۆ پێکدەهێنێت، کە لەوەی چین (٤٢٪) و هەر ولاتێکی دیکەی ئاسیایی بەرزترە. تاکە ولاتێك کەوا لە

بەکاربردنـدا لـەپێش هینـدە ویلایەتـەکانی یـەکگرتووی ئەمریکایـە کـە ڕێـژەی بەکاربردنی ٧٠٪یە.

هەرچـەندە ژێرخـانی هینـدی بـەرەو باشـتر دەڕوات و پـلان بـۆ نوێکردنـەوەی فرۆکەخانەکان و ڕێگەکانی گشتی و بەندەرەکان و هتد دەکرێت و زیادەکارییـان بۆ دەکرێت، بەلاَم هیند وەك چـین نایەتـە پـێش چاو. لەوانەیـە حکوومەتـەکانی دیموکراسی سەرلیستبوونی دیاریکراو بـۆ گەشـەپێدانی دوورمـەودا وەدیبهێـنن، بەلاَم حکوومەتەکانی دیکتاتۆری لە دوورمەودادا دەتـوانن بەکاراییـەوە پـلان بـۆ ئەو پرۆژە زەبـەلاح دابنـێن و جێبەجێشـی بکـەن کـە پەیوەنـدییان بـە ژێرخـانی ئابوورییەوە هەیە. ئەمەیش ڕوونە جا ئەگەر تۆ چین لەگەڵ هیند یـانیش لەگـەڵ بریتانیا بەراورد بکەیت. نۆرمان فۆستەری ئەندازیاری تەلارسازی بەمنی گوت کـە ئەو کات و ماوەیەی بۆ تاوتوێکردنی لایەنی ژینگەییی پرۆژەی دروستکردنی یـەك تەلار- دەرچەی پێنجەم- لە فرۆکەخانەی هیسرۆ تەرخان کرا، بۆ کۆتایی هێنان بە بونیادنانی فرۆکەخانەیەکی نوێی نێو پەکین بەسبوو، هەرچەندە لە هەر پێـنج دەرچەکەی فرۆکەخانەی هیسرۆ گەورەترە.

بـەلاَم هەنـدێك پسـپۆڕ جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە ئـەو ڕێبـازەی چـین لەسـەری دەڕوات چـەندان سـوودی ڕوون و بەرچـاوی هەیـە. یـبین یاشـینگ لـە پەیمانگەی ماساچوست بۆ تـەکنۆلۆژیا ئـەوە بـەدیاردەخات کـە کۆمپانیایـەکانی هینـدی بەشـێوەی بەشـەکی بەکارامەییـەکی زیـاتر لـە کۆمپانیایـەکانی چـینی سـەرمایەی خۆیـان بـەکاردێنن، چـوونکە سەرچـاوەیەکی بێسـنووریان نییـە. هـەروەها لەگـەڵ پێوەرەکـانی نێودەوڵـەتی گونجـاوە و بەشـێوەیەکی باشـتر لـە کۆمپانیایەکانی چین بەڕێوەدەبرێن. هەرچەندە هیند لـەدوای چـین ڕیفۆرمـەکانی دەسـتپێکردووە، بـەلاَم ژمارەیـەکی یـەکجار زۆرتـر کۆمپانیـای جیهـانی

بەرهەمهێناوە، وەك" تاتا، ئنفۆسیس، رانباکسی، وریلاینس. تایبەتمەندییەکانی ئەو رێبازە بەشێوەیەکی روونتر لەسەر ئاستەکانی دونیادا بەدیاردەکەوێ. کۆمپانیایەکانی هیند لە پێنج ساڵی رابردوودا پشکی شێریان لە خەلاتەکانی دیمینگ بەرکەوتووە کەوا یابان ساڵانە وەك رێزلێنانێك لە داهێنانەکانی کارگێڕیدا دەیبانبەخشێت، لەمەیشدا لە پێش گشت کۆمپانیایەکانی دیکەی ولاتانی دیکەیە بە خودی یابانیشەوە. هەروەها شەفافیەت و لێهاتوویی کەرتی ئابووری لە هیند، لە کەرتە ئابوورییەکانی ولاتانی گەشەسەندووی ئاسیایی کەمتر نییە (بێگومان بە دەرهێنان و دەرهاوێشتنی سەنگافوورە و هۆنگ کۆنگ)

یوودای کوتاکی دامەزرێنەری کۆمپانیای گەشەسەندووی خزمەتگوزارییەکانی دارایی دەڵێ: " ئامارەکان وێنەیەکی روونی ئەو گۆڕانانە پیشان نادەن کەوا لە ئەقڵییەتدا روویان داوە، ئەو هیندەی کە من تیایدا گەورەبووم ولاتێکی دیکەیە. ئەو کەسانەی کەوا لە ئێستەدا کاریان لەگەڵدا دەکەم زیاتر متمانەیان بەخۆیان هەیە و زیاتر پەرۆشی ئەو کارانەن کەوا دەتوانن لێرە ئەنجامی بدەن". هەروەها لە ئێستەدا ئەو شیمانە کۆنە خەریکە نەمێنێت کە پێی وایە هەر بەرهەمێك لە هیند دروستکرابێت واتا پلە دووە. کۆمپانیایەکانی هیندی پشکەکانی خۆیان لە کۆمپانیای خۆرئاوایی دەکڕن، چوونکە پێیان وایە کە دەتوانن بەشێوەیەکی باشتر بەرێوەی ببەن. وەبەرهێنانەکانی هیندی لە بریتانیا لە هەردوو ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا لە وەبەرهێنانەکانی هەمان ئەو دوو ساڵەی بریتانی گەورەتر بوو.

ئەم راستییە هەر بەتەنیا لە جیهانی کاردا نییە، چوونکە هیندی مەدەنی لێوانلێوە لە گوڕوتاو. دیزاینەرانی پۆشاك و نووسەر و هونەرمەند هەن، هەر هەموشیان باس لە گەشەپێدان و فراوانکردنی بەرهەمەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی بیانگەیەننە سەرانسەری جیهان. ئەستێرەکانی بۆلیۆدیش بە زیاترکردنی ژمارەی

کەسانی دەرەوەی هیند، جەماوەری نێوخۆیی زیاتر دەکەن. تەنانەت یاریزانانی کریکیت لە ئێستەدا لەپێناو بەکێشکردنی جەماوەر لە دەرەوە کار بۆ چاکترکردنی گەمەکە دەکەن. وەك ئەوەی ملیۆنان کەس کتوپڕ ئەو کلیلانەیان دۆزیبێتەوە کەوا توانا و وزەکانیان دەردەپەڕێنێ. یان بەپێی گوزارشتەکەی پیاوێکی بەناوبانگی هیندی کە دەڵێ: " کاتێك لە کۆنەوە دەچینە نێو نوێ، کاتێك سەردەمێك کۆتایی دێت، کاتێك گەلێك دەرچەیەك دەدۆزێتەوە کەوا ماوەیەکی زۆرە چەپێندراوە، ئەوا ساتێك دێت، بەڵام ئەو ساتە لە مێژوودا دەگمەنە،".

ئەم چەند وشەیە کە نەوەیەکی دیاریکراوی هیند وەك ناوی خۆیان ئەزبەریان کردووە، لە لایەن جواهیر لال نەهرۆی یەکەم سەرۆکوەزیرانی هیند- لە نیوەشەوی پانزەی ئابی ساڵی ١٩٤٧- و لەو کاتەدا گوتراوە کە بریتانییەکان لە هیند دەستهەڵاتیان دایە دەست ئەنجوومەنی دەستووری. نەهرۆ ئاماژەی بە لەدایکبوونی هیند دەکرد وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەڵام ئەوەی ئێستە دەگوزەرێ لەدایکبوونی هیندە وەك جڤاکێکی سەربەخۆ: زیندوو و هەمەچەشن و کراوە و چالاك و لەسەرووی ئەمانەشەوە ئامادەیی گۆڕانی تیادایە. هیند ڕێگەیەکی هێندە جیاوازی گرتووتەبەر کە نەك تەنیا لە ڕێگە کۆنەکەی جیاوازە، بەڵکو لە ڕێگەی گشت وڵاتانی دیکەی ئاسیاییش جیاوازترە. هیند دەوڵەتێکی هێمنی ڕێکوپێك و نیمچە دیکتاتۆری نییە کە بەپێی پلانە داڕێژراوەکە بکرێتەوە، بەڵکو دەوڵەتێکی دیموکراسیی پڕ لە هەراوزەنایە کە لە کۆتاییدا ئازادیی ئابووری بەخشیوەتە گەلەکەی.

ڕۆژنامەکانی هیندی بەڕوونی ئەو گۆڕانە پیشان دەدەن. لە ڕابردوودا، هەواڵەکانی حکوومەت لاپەڕەکانی داپۆشیبوو، هەروەها بەزۆریش بەشێوەیەکی

کۆددار دەنووسران و باسیان لە کار و چالاکییەکانی حکوومەت و پارتەکانی سەرەکی و دەستە و دامەزراوەکانی کارگێڕی دەکرد. خەڵکانێکی زۆر کەم هەبوون لە نووسینەکان تێدەگەیشتن، بەڵام خەڵکانی دیکە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تێی دەگەن و لە ڕاستیشدا هیچ تێنەدەگەیشتن. بەڵام ڕۆژنامەوانیی هیندی لە ئێستەدا لە دۆخێکی ڕاستینی پێشکەوتن و گەشەکردندا دەژیەت (بۆ گەشەکردنی ڕۆژنامەوانیی نووسراو گۆڕەپانێکی دەگمەنە) و پڕە لە سەربردەی پیاوانی کار و ڕابوونەکانی تەکنۆلۆژی و دیزاینەری پۆشاک و کۆمەڵگەکانی بازاڕکردن و بێگومان باسی بۆلیۆدیش کەوا لە ئێستەدا لە هۆلیۆد زیاتر فیلم بەرهەم دەهێنێ. هەر تەنیا ڕۆژنامەوانی نییە کەوا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، بەڵکو تەلەفزیۆنی هیندش کەوتووەتە نێو ئەم گۆڕانەوە، چوونکە نزیکەی هەر مانگ جارێك کەناڵێکی نوێ پەیدا دەبێت بە کەناڵە هەواڵییەکانیشەوە. لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٠٦دا هیند زیاتر لە بیست کەناڵی تەواو هەواڵیی هەبوو.

شتێك هەیە کە لە نمایشکردنێکی سەرسامکار زیاترە. با باسێکی چۆنییەتیی ڕەفتارکردن لەگەڵ کارەساتی تسۆنامی بکەین کەوا لە ساڵی ٢٠٠٥دا ڕووی دا؛ حکوومەت سەبارەت بە یارمەتی و کۆمەکەکانی بیانی، کارێکی کەمێك زیاتر لە هەماهەنگی دەکرد، چوونکە لە ساڵی ٢٠٠٥دا پێشنیازەکانی کۆمەکە دەرەکییەکانی ڕەت دەکردەوە (ئەمەیش نیشانەیەکی دیکەی عیزەتی نەفسی نەتەوەیی بوو). بەڵام گۆڕانکارییە سەرسوڕهێنەرترەکە لە شوێنێکی دیکەوە هات. هیندییەکان بەنهێنی ڕێژەی ٨٠ ملیۆن دۆلاریان بۆ هەوڵەکانی ڕزگارکردن بەخشی. لە کاتێکدا کۆکردنەوەی ئەم ڕێژە زۆرە لە دوای بوومەلەرزە بەهێزەکەی گواجارات کە بە پلەی ٧,٩ ڕێختەر بوو پێویستی بە ساڵێکی تەواو هەیە. تەنانەت واپێدەچێ کارەکانی خێرخوازیش گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ (لە

ئاسیادا بە گشتی كەمە، كاتێكیش دەوڵەمەندەكان كاری خێرخوازی دەكەن، دەیبەخشنە پەرستگە و پیاوانی ئاینی)، بۆنموونە: بریمجیی ملیاردێری مەزن كە یەكێكە لە دەوڵەمەندترین پیاوانی هیند، ڕایگەیاند: بەشێكی زۆری سامانەكەی بۆ دەستگەیەكی خێرخوازی بەجێدەهێڵێت. هەروەها ئەنیل ئاغاڕوال كە ملیاردێرێكی دیكەیە، پلانی خۆی بۆ بەخشینی ملیارێك دۆلار ڕاگەیاند بۆ ئەوەی زانكۆیەكی نوێ لە ئۆریسا دروست بكرێ كە لە هەموو شوێنەكانی دیكەی هیند هەژارترە. هەروەها چەند كۆمەڵەیەكی دیكەی قازانجنەویست هەن كە بەشداری لە هەردوو كەرتی چاودێریی تەندروستی و پەروەردە و فێركردندا دەكەن، ئەم كۆمەلانە چەند بەرپرسیاریەتێكیان خستووەتە سەر شانی خۆیان كە لە ڕاستیدا بەرپرسیاریەتیی دەوڵەتن. ئێستەیش نزیكەی ٢٥٪ی خوێندنگەكان و ٨٠٪ی سیستمی تەندروستی دەكەوێتە دەرەوەی كەرتی حكوومی. هەروەها كۆمپانیای ئینفۆسیس بۆ پرۆگرامسازییەكان لەپێناو دروستكردنی نەخۆشخانە و خانەی نازاداران و خوێندنگە و كتێبەكانی خوێندنگەییدا، دەستی بە دامەزراندنی دەستگەیەكی تایبەت بەخۆی كردووە.

كۆی ئەو كارانە بە شتێكی باو دێنە بەرچاو. چوونكە هیند – كە یەكێكە لە هەژارترین وڵاتانی جیهان– بەشێوەیەكی زۆر سەرسوڕهێنەر لە یەكێك لە لایەنەكانی سەرەكیدا وەك دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان – ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا– دێتە بەرچاو، ئەویش ئەوەیە كە جڤاكی هەردوو وڵات هەژموونی خۆیان بەسەر دەوڵەتدا سەپاندووە. ئاخۆ ئەو نۆرمە لە هیندیشدا سەركەوتنی خۆی دەسەلمێنێ وەك ئەوەی لە ویلایەتەكانی یەكگرتوودا سەلماندوویەتی؟ ئایا دەكرێ جڤاك شوێنی دەوڵەت پڕبكاتەوە؟

پێویستبوونی حكوومەت

زۆرجار ڕەخنەی توند لە حکوومەتی هیندی دەگیرێ، بەلام بەلای کەمەوە لە لایەنێکدا سەرکەوتنێکی مەزنی وەدەستهێناوە؛ دیموکراسییەتی وەدەستهێناوە. بەڕاستی دیموکراسییەتی هیند دەرهاوێشتە و دەگمەنە. چوونکە هیند ماوەی شێست ساڵە دەستهەلاتی دیموکراسیی پاراستووە. جا ئەگەر ئەم پرسیارە بکرێت: " هیند دوای بیست و پێنج ساڵ چۆن دێتە بەرچاو؟" ئەوا وەلامەکە زۆر بەڕوونی بەمشێوەیە دەبێت: " هەر وەك ئێستە دەبێت؛ دەوڵەتێکی دیموکراسی". ڕاستە کە دیموکراسییەت (شعووبییەت) بەرهەم دەهێنێ و هەوڵی ڕازیکردنی خەڵك دەدات و لە جوولەدا هێواشە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا سەقامگیرییەکی درێژخایەن دێنێتە ئاراوە.

سیستمی سیاسی لە هیند بەزۆرێك لەو دامو دەستگەیانە قەرزدارە کەوا بریتانییەکان لە دوو سەدەی ڕابردوودا دایانمەزراند. لە زۆرێك لە ناوچەکانی ئاسیا و ئەفریقیا ئامادەیی بریتانی بەشێوەیەکی ڕێژەیی کاتی بوو، بەلام لە هیندستاندا چەند سەدەیەکی خایاند. چوونکە بریتانیا هیندی بە گەوهەری تاجە ئیمپراتۆرییەکەی دادەنا، لەبەرئەوە چەندان دەستگەی بەردەوامی حکوومی لە سەرانسەری ئەو ولاتەدا دامەزراند، لە دادگەکانەوە بگرە تا دەگاتە زانکۆ و دەستە و دامەزراوەکانی کارگێڕی. بەلام لەوانەش گرنگتر، لەوانەیە ئەوەبێ کە هیند بەختی هەبوو پارتی کۆنگرەی هەبوو- کە بووە هۆی سەربەخۆبوونی- و هەروەها ئەوەی یەکەمی دوای سەربەخۆییش بەختێکی دیکەی هیند بوو، کەوا گرنگیی بە باشترین دابونەریتی بریتانی دا و دابونەریتەکانی کۆنی هیندیشی لەپێناو پتەوکردنیان نوێکردەوە. ڕاستە کە لەوانەیە پیاوانی وەك جەواهیر لال نەهرۆ بەباشی لە ئابووریی ولاتەکەیان تێنەگەیشتبن، بەلام هەر هیچ نەبێ لە ئازادیی سیاسی تێگەیشتن و زانیان چۆن پارێزگەری لێ بکەن.

ئەو بنەما سیاسی و دامەزراوەییەی کە پێشوەخت لە هیند هەبوو، سەروەت و سامانێکی گرنگبوون. بەدڵنیاییەوە، ئەم دەستگەیانە بەهۆی گەندەڵییەکی بەربلاو و قۆرغکردنی دەستهەڵاتی سیاسی هێندە داخوران و گەیشتنە ئاستێك لە هەندێ کاتدا بەتەواوی شێوان. بەلأم هیند لە ڕووی تیۆرییەوە بونیادێکی هاوچەرخانەی کارگێڕیی زۆر چاکی هەیە. دادگە و سیستمی کارگێڕی و لیژنەی تیۆرییانەی سەرپشککراو و سەربەخۆی هەیە. ئەم بنەمایە سەرەکییەش چەندان سوودی هەیە، ئەوجا خراپ بەکارهێنانی دەستهەلأت چەندەش بەرزبێت، بۆ نموونە: هیند ناچار نییە بانکێکی سەربەخۆی مەرکەزی دابهێنێت، چوونکە پێشوەخت بانکێکی وەهای هەیە. هەروەها پێویستی بە دامەزراندنی دادگەکانی سەربەخۆ نییە؛ زۆر بەسانایی دەتوانێ دادگەکانی خۆی پاك بکاتەوە. جگە لەمانەیش، هەندێك لە لیژنەکانی هیندیی وەك لیژنەی نیشتمانی بۆ هەڵبژاردنەکان، زۆر دەستپاك و کارامە و ڕێزلێگیراون.

بەلأم، ئەگەر حکومەتی هیندی لە هەندێك لایەنیشدا سەرکەوتنی وەدەستهێنابێ، لە زۆر لایەنی دیکەشدا شکستی هێناوە، بۆنموونە: هیند لە پەنجایەکان و شێستەکاندا هەوڵی دا بەهۆی بەرهەمهێنانی نموونەیەکی تێکەلأوی ئابووری –کە تێکەڵەیەك بێت لە سەرمایەداری و کۆمۆنیزم– خۆی نوێبکاتەوە. دەرئەنجامەکە ئەوە بوو کەرتێکی تایبەت هاتە ئاراوە کەوا بەچەند یاسایەك کۆتوبەندکراو بوو، هەروەها کەرتێکی گشتیی گەندەڵ و بێ کارامەیی و شارەزاییش دروستبوو. بێگومان دەرئەنجامەکە خراپ بوو، لەگەڵ هاتنی حەفتایەکانیشدا کاتێك هیند زیاتر بەرەو سۆسیالزم چوو بووە کارەساتێکی گەورە. لە ساڵی ١٩٦٠دا تێکڕای بەرهەمی لۆکاڵی هیندی بۆ هەر تاکێك لە هی چین زۆرتر بوو و دەگەیشتە ٧٠٪ی تێکڕای داهات و بەرهەمی کۆریای باشوور؛

لە ئێستەشدا لە پێنج یەکی تێکڕایی بەرهەم و داهاتی چینی کەمترە بۆ هەر تاکێك، هەروەها بە بیست جار لە تێکڕای بەرهەمی نێوخۆیی کۆریای باشوور کەمترە.

لەوانەیە ئەوەی لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر ببێتە هۆی بێهیوایی، دەرئەنجامی هیند بێت لە لیستی گەشەپێدانی مرۆیی نەتەوەکانی یەکگرتوو کە نەك ولآتان تەنیا بەپێی دەرامەت هەڵناسەنگێنیّ، بەڵکو لە هەمان کاتدا بەپێی تەندروستی و فێرکردن و چەند پێوەرێکی دیکەشەوە هەڵسەنگاندیان بۆ دەکات. لەو لیست و داتایەدا هیند لە کۆی ١٧٧ ولآتدا پلەی ١٢٨ی مینی هەیە؛ لە دوای سووریا و سریلانکا و ڤێتنام و کۆماری دۆمینیکانەوە دێت. ڕێژەی زانینی خوێندن و نووسین لەنێو ریزی ژناندا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و هێدمەیی نزمە و لە ٤٨٪ کەمترە. هەرچەندە نووسین و وتاری زۆر هەن کەوا باس لە یارمەتیدانی هەژاران دەکەن، بەلآم حکوومەتی هیندی کارێکی زۆری بۆیان نەکردووە ئەگەر بێتو لەگەڵ ولآتانی دیکەی هەژار بەراورد بکرێ. هەروەها وەبەرهێنانی لە بوارەکانی خزمەتکردنی مرۆڤ – لە تەندروستی و فێرکردنیدا– زۆر زۆر کەمە، کاتێکیش پارە و دارایی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرا، ئەوا بەدەگمەن بەشێوەیەکی ڕاستودروست خەرج دەکرا. ڕاجیڤ گاندیی سەرۆکوەزیران لە هەشتایەکاندا گوتی کە لە کۆی هەر دە ڕوپییەیەکدا شیمانە دەکرێ تەنیا یەك ڕوپییەی لیّ خەرج کرابیّ و درابێتە کەسێکی هەژار.

ئایا سەبارەت بەو گرفتانە دەکرێ گلەییەکە ئاراستەی دیموکراسیەت بکرێتەوە؟ بەتەواوەتی نەخێر. چوونکە سیاسەتەکانی نادروست و بەڕێوەبردنی خراپ دەبنە هۆی شکست جا ئەگەر بەرپرسەکانی سەرکوتکار و تاکڕەوبن یانیش دیموکراسی. لەگەڵ ئەمەیشدا، چەند لایەنێکی دیاریکراوی دیموکراسی هەن کە

دەکرێ گرفت دروست بکەن، بەتایبەتیش لە ولاتێکدا کە دووچاری هەژاری و دەرەبەگایەتی و نەخوێندەواری بووبێتەوە. دیموکراسیەت لە هیند بەزۆری گوزارشت لە ویست و ئیرادەی زۆرینە ناکات، بەڵکو دەربڕی کەمینەیەکی ڕێکخراوە و بریتین لە دەرەبەگەکان و تائیفەکانی بەهەژموون و جووتیارانی دەوڵەمەند و یەکیەتی و کۆمەڵەکانی حکوومی و دزانی نێوخۆیی. (نزیکەی پێنج یەکی ئەندام پارلەمانانی هیندی بە تاوانی جۆراوجۆر تاوانبارکراون، لەوانە بردنی دارایی و پارەوپوولی گشتی، دەستدرێژی سێکسی، کوشتن) ئەم کەمینە ڕێکخراوانە لە زۆربەی هاوولاتییان دەوڵەمەندترن، هەروەها ماڵ و موڵکی دەوڵەت بە تالان دەبەن بۆ ئەوەی لە دۆخی خۆیاندا بمێننەوە، بۆنموونە: پارتی کۆمۆنیستی هیندی لەپێناو سوودمەندبوونی هەژاران نییە کەوا بانگەشە بۆ گەشەکردنی ئابووری دەکات، بەڵکو بۆ پاراستنی دۆخە بەرێژە تایبەتمەند و باشەکەی کرێکارانی سەندیکایی و کەسانی سەر بە پارتەکەیە. لە ڕاستیدا چەپی هیندی تا ئاستێکی زۆر دژی ئەو سیاسەتانەیە کەوا بەمدوواییانە لە کەمکردنەوەی هەژاریی گشتیدا سەرکەوتنی وەدەستهێناوە.

بەلام دیموکراسییەت دەتوانێ هەڵەکان ڕاست بکاتەوە، هەروەك چۆن لە یەکێك لە پرسە کرۆکییەکاندا کردی. لە نەوەدەکاندا تەوژمێکی نەتەوەیی هیندۆسی، هیندی گرتەوە و لە میانی پارتی بهاراتیا جاناتا BJP هەژموونی بەسەر ژیانە سیاسییەکەی هیند پەیداکرد. پارتی ناوبراو ناکۆکیی نێوان هیندۆس و موسڵمانەکانی گەشکردەوە و لەمەیشدا سوودی لە ڕاستییەکی ڕوونی سیاسی وەرگرت، ئەویش بێدەسەلاتی و بێ هەژموونیی موسڵمانەکان بوو (گەرچی ئەو ناوچانەی هیندی بریتانی کەوا موسڵمانان تیایدا زۆرینە بوون، بوونە پاکستان و بەنگلادیش، موسڵمانەکانی زۆربەی ناوچەکانی هیندیش بوونە کەمینەیەکی لاواز

و بێهێـن). بـەڵام خۆشـکردنی ئـاگری ڕق و توندوتیـژی لـە لایـەن پـارتی BJPدا دەرئـەنجامی پێچـەوانەی لێ کەوتـەوە. لـە سـاڵی ٢٠٠٤ دا حکوومـەتی عـەلمانی بەسەرۆکایەتیی مانموهان سینگی وەزیری پێشووی دارایی کە لـە هـاوینی سـاڵی ١٩٩١دا ئابووریی هیندی کردەوە، بەتەواوی گەیشتە دەسـتهەڵات. ئەمـەیش لـەو کاتــەدا ڕووی دا کــەوا ســۆنیا گانــدی ڕێبەرایــەتیی هاوپەیمانییەکــەی بــەرەو ســەرکەوتن کــرد و لــەجیات ئــەوەی پۆســتەکە بۆخــۆی ببــات (ســینگ)ی وەك ســەرۆکوەزیران دەستنیشــان کــرد. بەمشــێوەیە سیســتمی دیموکراســیی پــڕ لــە هــەراوزەنا و زۆربــەی جــاریش گەنــدەڵ، پیــاوێکی کــردە ســەرۆکوەزیرانی حکوومەتەکەی کەوا زۆر زیرەك و دەستپاك بوو و هیچ گومـانێکی لەسـەر نـەبوو، هەروەها شارەزاییەکی قووڵیشی هەبوو. سینگ – بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی ئۆکسفۆرد وەدەستهێنابوو– بەڕێوەبـەری پێشـووی بـانکی مەرکـەزیی هینـدی و وەزیـری پـلان و دارایـی بـوو. هـەروەها ئـەو تایبەتمەندییانـەی کـەوا ئـەو پیـاوە هەیبوو، لە فراوانیی ئەقڵ و قووڵیی ئـەخلاق، هـەر لـە زەمـەنی نـەهرووە لـە لای هیچ سەرۆکوەزیرانێکی دیکەی هیندی نەبوو.

بەڵام بەهرە و کارامەییە دەگمەنـەکانی سینگ و کەسییەتییەکەی یارمەتییـەکی زۆری وڵاتەکـەیان نـەدا. خێرایـی ڕیفۆرمـەکان هیـوای نیازپاکـەکانی بـەبادادا. چوونکە لە تەوژمە سـەرەتاییەکەی ڕیفۆرمـەکان لـە نەوەدەکانـەوە، حکوومـەتی هیندی لە نیودەلهی و ویلایەتەکان بەیەکەوە هیچ دەستپێشخەرییەکی بەسـوودی بۆ گەشەکردن پێشکەش نەکرد، وەك دروستکردنی ناوچـەی گـەورەی ئـابووری و پڕۆژەی تایبەت بە ژێرخانی ئابووری. بەڵکو لە هەنـدێ کاتـدا هەنـدێك بەرنامـەی نوێی پێشنیاز کرد و بـەو بەرنامانـە دەچـوون کـەوا لـە ڕابـردوودا سـەرکەوتنێکی ئەوتۆیان وەدەست نەهێنابوو. لەگەڵ ئەمەیشدا، ناکرێ بەرپرسیاریەتیی تـەواوی

ئەم ئیفلیجییە بخرێتە سەر شانی حکوومەت. هەروەها گۆڕینی پارتی فەرمانڕەوا نابێتە هۆی وەدیهێنانی ریفۆرمی وەك ئەوەی چین. هەرچەندە ریفۆرمەکانی ئابووری گەشەکردنێك بەرهەمدەهێنێ، بەڵام هەڵوەشانەوەشی لێ پەیدا دەبێت. ئەوانەش کە لە کردەی گۆڕانکارییەکە زیانیان بەرکەوتووە بە دەنگێکی بەرزتر لە دەنگی ئەو کەسانە هاوار دەکەن کە سوودمەند بوون. جا ئەگەر سیاسەتی هاوپەیمانییەکانیش بخەیتە سەر ئەمانە- کەسێك لە شوێنێکدا بەردەوام دەتوانێ ریفۆرمێکی پێشنیازکراو بوەستێنێ- ئەوا بۆ هێواشکردنەوەی جوولە و بزاوتەکە راچێتەیەکی میسالیت دەکەویتە بەردەم، هەنگاوێك بۆ پێشەوە و سێ چاریەك هەنگاو بۆ دواوە. ئەمە بەهای دیموکراسییەتە.

بەهەرحاڵ، هیچ رێگەیەکی دیکە نییە، چوونکە دیموکراسییەت قەدەری هیندە. وڵاتەکە بە ئاستێك هەمەچەشن و ئاڵۆزە کە ناتواندرێ بە رێگەیەکی دیکە حوکمی بکرێ. لەسەر سیاسییە زیرەکەکانی هیند ئەوە دەمێنێتەوە کەوا دیموکراسییەکە بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان بەکاربێنن. ئەمەیش لە راستیدا بەشێوەیەك لە شێوەکان رووددەدات. چوونکە حکوومەت بەمدواییانە لە بواری فێرکردن و تەندروستیی ناوچەکانی گوندنشیندا دەستی بە وەبەرهێنان کردووە، هەروەها جەختی لەسەر چاکترکردنی توانای بەرهەمی کشتوکاڵیش کردووەتەوە. دەکرێ لە هەندێك کاتدا ئابووریی باش ببێتە هۆی سیاسەتێکی باش؛ یان بەلای کەمەوە، ئەمە ئەو شتەیە کەوا هیند هیوای بۆ دەخوازێت. بەراستیش دیموکراسییەت لە ساڵی ١٩٩٣ وە فراوان بووە بۆئەوەی دەنگێکی زۆرتر بداتە گوندنشینەکان تاکو کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن، بەمەرجێك ئەنجوومەنەکانی گوند ٣٣٪ی کورسییەکانیان بدەنە ئافرەتان. لەبەرئەوە لە ئێستەدا ملیۆنێك ئافرەت لە گوندەکانی هیند هەن کەوا دەتوانن لە کردەی

هەڵبژاردنەکانــدا بەشــداربن، ئەمــەیش دەرفــەتی ئــەوەیان پێدەبەخشــێ داوای فێربــوون و چــاودێرییەکی باشــتری تەندروســتی بکــەن. جگــە لەمانــەیش، لــە ئێستەدا کار بۆ فراوانکردنی ئازادیی زانیارییەکان دەکرێ بەو هیوایەی ئەمە وەها لــە خەڵکەکــە بکــات لەســەر حکوومــەتێکی باشــتر ســووربن، ئــەوجا لــە ئاســتی ســەرکردەکان بێــت یــانیش لــە ئاســتی بەڕێوەبــەرانی نێوخــۆیی بێــت. ئەمــە گەشەپێدانێکە کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەستپێدەکات، چــوونکە جڤــاگ پــاڵ بە دەوڵەتەوە دەنێت.

جــا ئایــا دەوڵــەت وەڵامدانــەوەی دەبێــت؟ ئــەو دەوڵەتــەی کــە لــەکاتی حــوکمی بریتانیــدا بونیــادنراوە و لــە ســەردەمی سۆســیالیزمی هینیــدیدا فــراوان بــووە، لــە ئێستەدا پــڕە لــەو بیرۆکراســییانەی کــەوا عاشــقی توانــا و ئیمتیــازە پووچــەکانی خۆیــانن، ئــەو سیاســییانەش لــەنێو ئــەو دەوڵەتــەدا زۆرن کــەوا چێــژ لــە توانــا و دەستهەڵاتەکانی شوانانەی (الرعوی) خۆیان وەردەگرن. هەندێك کەســی دیکــەش هــەن کــەوا هێشــتا دڵســۆزی هزرەکــانی سۆســیالزم و هاوکــاریی نێــوان وڵاتــانی جیهانی سێیەمن. لــەم بیردۆزانــەدا زۆرێــك لــەو ڕۆشــنبیر و ڕۆژنامەوانانــە دەچــنە ڕیزیانەوە کەوا لە ساڵی ١٩٦٨ وە و هەر لەو کاتەی لە زانکۆیەکان بوون بەباشــی مەشقیان لەسەر دوا هزرەکانی ڕادیکالیدا کردووە. ئەو دەســتەبژێرانەی کــۆن بــە گۆڕانی هیند هەڕەشەیان لێ دەکرێ، لەبەرئــەوە هــەوڵ و کۆششــی خۆیــان چــڕتر دەکەنــەوە. زۆرێــك لــە چــینی دەســتهەڵاتداری هینــد لــەو جڤاکــە هاوچــەرخە بازرگانییە کراوەیەدا هەست بە ئاسوودەیی ناکــەن کــەوا لــە چــوار دەوریانــدا لــە گەشەکردندایە.

لە کۆتاییدا، ئەوەی گرنگە حکوومەتە. چوونکە تەنانەت کۆمپانیایــەکانی تایبــەت لە هیند بەبێ بازاری پشکەکان گەشەیان نەدەکرد کــەوا زۆر بەباشــی ڕێکخــراون،

هـەروەها سیسـتمێکی دارایـی هەیـە کـەوا بـە شـەفافیەت و توانـای بڕیـاردان و جێبـەجێکردن دەناسـرێتەوە؛ هـەر هەمووشـیان چـەند وەزیفەیـەکی حکـوومین. هەروەها پیشەسازیی سـەرکەوتوو و بـەقازانجی پەیوەندییـەکانی بێتـەل بـەهۆی یاسایە دانایـەکانی حکوومەتـەوە دامـەزراوە و ئـەو کۆتوبەنـدە یاسـاییانەی کـەم کردووەتەوە کەوا پێشتر دەستوپێی پیشەسـازیی دەبەسـت. هـەر حکوومـەتیش بوو کەوا پەیمانگەکانی تەکنۆلۆژیای لـە هینـد دامەزرانـدووە. کـەرتی تایبـەت لـە هیند ناتوانێ چارەسەری قەیرانی ئیدز و دابەزینی ئاستی پـەروەردە و فێرکـردن لە گوند و گرفتەکانی ژینگەیی بکات. بەڵام زۆربـەی هیندییـەکان حکوومەتەکـەی خۆیان بە ناشایستە یان گەندەڵ؛ زۆرجـاریش بـە هـەردووکی دەزانـن. لەوانەشـە هەستەکانی دژ بـە خـاوەن پۆسـتەکان لـە مـاوەی سـێ دەیەکـەی ڕابـردوودا لـە هەڵبژاردنەکانی هیند هێزێکی زۆر کاریگەر بێت. چوونکە ئێستەشی لەگەڵدا بێـت هیندییەکان کەسانی بێسـوود فـڕێ دەدەنـە دەرەوەی بازنـەی دەسـتهەڵات بـەو هیوایەی کە حکوومەتەکەیان باشتر بێـت. دەنگـدەرانیش لەمـەدا مـافی خۆیانـە، چوونکە ئەگەر حوکمڕانی باشـتر نـەبێت، ئـەوا وڵاتەکـە هـەرگیز سـوود لـە وزە و تواناکانی وەرناگرێ.

لەوانەیە ئەمە لە ئێستەدا دژبوونە سەرەکییەکەی هیند بێت. جڤاکەکەی کـراوە و بـەگوڕوتاو و باوەڕبـەخۆبووە و ئامادەیـە ڕووبـەڕووی جیهـان بێتـەوە، بـەڵام دەوڵەتەکەی = چینە دەستهەڵاتدارەکەی– لـە هەمبـەر ئـەو واقیعانـەدا دوودڵ و بەتەقیە و بەگومانە کەوا لە چواردەوریدا دەگۆڕێن. ڕوونی ئەم گرژییە لـە بـواری سیاسـەتی دەرەوەدا لـە گشـت بوارەکـانی دیکـە ڕوونـتر دیـارە. ئـەو بەرپرسـیاریەتییەش کـەوا بـەردەوام لـە فراوانـی و گرنگبووندایـە بـەردەوام

دەبینـــدریّ، بەرپرســـیاریەتیی دەستنیشـــانکردنی ئـــەو ڕێگەیـــەش زۆر ڕوون و بەرچاوە کەوا بەهۆیەوە هیند ئاوێتەی جیهان دەبێت.

کوێر و بیّ ددان

هینـد لـە دوای وەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی زۆر پەرۆشـی ئـەوەبوو لەسـەر گۆرەپانی جیهانیدا رۆڵی هـەبێت، ئـەم ئامـانج و بەرتەماییەشـی لـە بریتانیـا بـۆ مابوویـەوە کـەوا بەشـێکی زۆری ئیمپراتۆرییەتەکـەی خـۆی لـە نیودەلهییـەوە بەڕێوەدەبرد. چوونکە بریتانیا لەو دەیانەی کەوا دوای جەنگی یەکـەمی جیهـانی هاتن لە هیندەوە عێراقی بەڕێوەدەبرد. هەروەها سەربازانی هیندی بوون کەوا لە خۆرهـەلآتی نێوەڕاسـت و شـوێنەکانی دیکـەدا هێرشـە ئیسـتیعمارییەکانی بەریتانیایان جێبەجیّ کرد. هەروەها نووسینگەی هیند لە دەسـتهەلآتی جیهانیـدا چەقێکی هەسـتیاری هـەبوو- گرنگترین درێژبوونـەوەی ئیمپراتۆریـەتی بریتـانی بوو- هیندییەکان لەو سەردەمیدا چاودێریی گەمەی زلهێزەکانیان دەکرد و هـەر لەو هێزە مەزنەشەوە فێری گەمەکە بوون.

جەواهیر لال نەهرۆ، یەکەم سەرۆکوەزیرانی هینـد بـۆ وەرگرتنـی ئـەم میراتـە زۆر گونجاو بوو. چوونکە وەك هەر جەنتڵمانێکی ئینگلیزی لە زانکۆی هارۆ و کامبرێج زانستی وەرگـرت و زۆری سـەفەرکرد و زۆری خوێنـدەوە و لەسـەر کاروبارەکـانی جیهانی بەچڕوپڕی نووسی. سەبارەت بە مێژووش زانیارییەکی بێهاوتـای هـەبوو. چوونکە لە یەکێك لە قۆناغە دووردرێـژەکانی ژیانیـدا لـە بەندیخانـەکانی هینـدی بریتانی بەسەربرد- ئەمجارەیان لە ساڵی ۱۹۳۰- ۱۹۳۳ - زنجیرە نامەیـەکی بـۆ کچەکەی نووسی کەوا تیایدا مێژووی سەرلەبەری جیهانی کورتکردبوویـەوە، واتـا مێژووی ٦۰۰۰ پ.ز تا دەگاتە ئەو کاتەی کەوا تیایدا ژیاوە. هەروەها لەو نامانەیدا

به دووورودرێژی باسی له ڕابوون و کەوتنی ئیمپراتۆرییەکان و لێکدانەوەی جەنگ و شۆڕشەکان و ژیاننامەی پاشا و کەسایەتییەکانی دیموکراسی کردبوو؛ کۆی ئەمانەیشی نووسیبوو بەبێ ئەوەی پشت به هیچ سەرچاوە و شۆڕشێك ببەستێ. له ساڵی ١٩٣٤دا ئەم نامانه کۆکرانەوە و له کتێبێکدا بەناوی (لمحات من تاريخ العالم) بڵاوکرانەوە و دەستخۆشی و ناوبانگێکی جیهانییانەی وەدەستهێنا، چوونکه ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز وەها وەسفی کردبوو بەوەی کە یەکێکە له سەرنجڕاکێشترین کتێبەکان.

لەبەرئەوە، سەیر نییە ئەگەر نەهرۆ له سیاسەتی دەرەوەی هیندیدا ببێتە کەسییەتییەکی بێوێنە. بەدرێژایی ماوەی پۆستەکەی وەك سەرۆکوەزیران– لە ساڵی ١٩٤٧ بۆ ساڵی ١٩٦٧ – خۆی وەزیری دەرەوەش بوو. کیە. بیی. ئێش. مینۆنی سکرتێری وەزارەتی دەرەوەی هیند (یەکێك لەو کەسە یەکەمانەی کەوا ئەم پۆستەی وەرگرتووە) له ژیاننامە کەسییەکەی خۆیدا دەڵێت: " هیچ نەریتێکی تایبەتمان نەبوو بۆی بگەڕێینەوە و بیکەینە مەرجەعی خۆمان، چوونکه هیند سیاسەتێکی دەرەوەی تایبەت بەخۆی نەبوو تا ئەو کاتەی سەربەخۆیی خۆی وەدەستهێنا. تەنانەت ئێمە بۆ توێژینەوەی مێژوویش بەشێکمان نەبوو تا ئەو کاتەی خۆم دامەزراند... لەبەرئەوە سیاسەتەکانمان وەك پێویست پشتی بە مەزەندەی یەك پیاو دەبەست، ئەویش جەواهیر لال نەهرۆی وەزیری دەرەوە بوو". ئەمەیش مانای ئەوەیە کە یەکەم سیاسەتی دەرەوەی هیند پشتی بە بنەما و حوکمەکانی نەهرۆ بەستبوو کە لە واقیعدا تایبەتمەند بوو. چوونکه نەهرۆ کەسێکی میسالی بوو و باوەڕی بە پێوەرەکانی ئەخلاقی هەبوو. پشتگیریی بێلایەنیی دەکرد و دژی جەنگی سارد بوو. ئەدی چۆن له کاتێکدا ماهاتما گاندیی مامۆستای ئاشتیخوازێکی کەللەڕەق بوو؟!.

ماهاتما بەردەوام دەیگوت:" (ئەگەر هاتوو) چاو بەچاو و ددان بە ددان بێت، ئەوا زۆر بەخێرایی جیهان کوێر و بێ ددان دەبێت". جا ستراتیژەکەی؛ ستراتیژی ڕەتکردنەوەی توندوتیژی لە ڕووخاندنی ئەو ئیمپراتۆریایەدا سەرکەوتنی وەدەستهێنا کەوا هەرگیز خۆری لێ ئاوا نەدەبوو. نەهرۆ وەك قوتابیەکی ماهاتما، لەسەر دروستکردنی ڕێبازێکی نوێدا سوور بوو کەوا لە کاروبارەکانی نێودەوڵەتیدا پابەندی ئەم نموونەیە بێت.

نەهرۆ سیاسەتی دەرەوەی هیندی بە هزری ئەبستراکت جێگیرکرد نەك بە وێناندنێکی ستراتیژی بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی. ئەو ڕقی لە هاوپەیمانی و پەیماننامەکان دەبوویەوە و بە بەشێکی بنەمایە کۆنە واقیعییەکانی سیاسەتی دادەنا، هەروەها گرنگی بە پرسەکانی سەربازی نەدەدا. چوونکە داوای لە لۆرد ماونتباتنی هاوڕێی کرد — کە دوا دەستهەلاتداری بریتانی بوو و بۆماوەیەکی کورت وەك سەرۆکی دەوڵەتی هیند دەستبەکاربوو— بەڕێوەبەرایەتیی بەرگری ڕێکبخات، هەروەها تەنیا بۆ ئەوە هەندێك دەستوەردانی کرد کە لێنەگەڕی هیچ ڕێنمایی و ڕاسپاردەیەکی بچێتە نێو کەوا هێزێکی زیاد لە پێویست بداتە سوپای سەربازی، ئەمەیش ئەو شتەبوو کەوا بونیادی ئیمپراتۆریەتی بریتانیای بیر دەهێنایەوە. کاتێکیش ماونتباتن پێشنیازی ئەوەی کرد سەرۆك ئەرکانێکی بەهێزی بەرگری هەبێت، نەهرۆ ئەم ڕێنماییەی ڕەتکردەوە، چوونکە وەزیرێکی مەدەنی دەویست وەك سەرۆکی بالاَ. دوای هەفتەیەك لە کاری حکوومەتە نوێیەکەیدا سەردانی وەزارەتی بەرگری کرد و زۆر لەوە تووڕە بوو کە بینی هەندێك ئەفسەری سەربازیی لەوێدا کار دەکەن (هەر وەك چۆن لە گشت وەزارەتەکانی بەرگریی جیهاندا باوە). لەو کاتیەوە، گشت فەرمانبەرانی هێزەکانی چەکدار کەوا لە گەڕەکی باشوور لە نیودەلهیدا کار دەکەن، پۆشاکی

مەدەنی لەبەردەکەن. هەروەها وەزیری بەرگری فی کیە کریشنا مینۆن– کەوا ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی نەهرۆدا پۆستەکەی پڕکردبوویەوە، هەروەها ڕاوێژکارە متمانەپێکراوەکەی– لە نەهرۆ کەمتر گرنگی بە کاروبارەکانی سەربازی دەدا، چوونکە جەنگەکانی دوورمەودای ئایدۆلۆژیی نێو پارلەمانی لە پلانی ستراتیژی پێ باشتر بوو.

سیاسەتی دەرەوەی هیندی لە دەیەکانی یەکەمیدا تایبەتمەندییەکی خەیاڵییانەی هەبوو، چوونکە پڕبوو لەو وتارانەی کەوا باسیان لە ئاشتی و نیازەکانی پاك دەکرد. زۆرێك لە چاودێرانی خۆرئاوایی پێیان وابوو ئەو هەڵوێستە تەقیەکارانەیە تەنیا پەردەیەکی دووکەڵینە و گەلێك لە پشت خۆیدا دەشارێتەوە کەوا بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان هەوڵێکی ئاقڵانەیان هەیە. بەڵام، لە هەندێك جاردا، ئەوەی دەیبینی هەر ئەو ڕاستییە. چوونکە نەهرۆ لە زۆرێك لە ڕەفتار و مامەڵەکانیدا حەزی بەوە دەکرد تەما و هیوا لەسەر گشت حیساباتێکی دیکە دابنێ، بۆنموونە: کاتێك هۆشداری درا کە لەوانەیە وڵاتی چینی کۆمۆنیستی هەوڵ بدات تیبیت بخاتە نێو چوارچێوەی خۆیەوە، باوەڕی بەمە نەکرد، بەڵکو گوتی کە ئەمە دەبێتە سەرکێشییەکی دەبەنگانە و ناکرداری. تەنانەت دوای ئەوە کاتێك لە ساڵی ١٩٥١دا تیبیت بووە هی چین، نەهرۆ هەوڵی نەدا سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن بۆ بەرژەوەندییەکانی چینی بکات کە بەدرێژایی سنووری باکووری هیند درێژ دەبێتەوە. ئەوجا لەجیات ئەوەی سەبارەت بە سنوورێکی (کێشە لەسەر) لەگەڵ چین دانوستان بکات، بەشێوەیەکی یەکلایەنە و وەك باوەڕبوونی بە دروستییەکەی هەڵوێستی هیندی ڕاگەیاند. لەبەرئەوە کاتێك چین لە ساڵی ١٩٦٢دا هیندی داگیر کرد و ململانێیەکەی بەیەکجاری لە بەرژەوەندیی خۆیدا یەکلا کردەوە، نەهرۆ شۆك بوو و لە یەکێك لە وتارەکانیدا لەبەردەم گەلدا

گوتی:" ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەم جیهانە هاوچەرخەدا پچڕابوو و لە کەشێکی دەستکردی ئەوتۆدا دەژیاین کە خۆمان دامانهێنابوو". ئیدی لەو کاتیەوە نەهرۆ وەك جاران نەمایەوە و دوای دوو ساڵ، لە نووسینگەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کرد.

هەرچەندە وتارەکە لە زۆربەی کاتەکاندا بەشێوەیەکی میسالییانە مایەوە، بەلاّم سیاسەتەکانی هیند لەگەڵ گوزەرکردنی کاتدا زیاتر بەرەو واقیعبوون چوو. ئەوەی لە مەسەلەکەشدا گرنگ بوو ئەوەبوو کە بەشێوەیەکی زۆر تایبەت لە سەردەمی کچەکەی نەهرۆدا — ئەندیرا گاندی– واقیعیتر و داناتیانەتر بوو. کردەیەکی هێمنانەی پێگەیشتن بۆ دەستەبژێری سیاسەتی دەرەوەی ولاّتەکە هەبوو. لەگەڵ ئەمەیشدا، نیودەلهی لەو کاتیدا هێشتا هەر نەیدەتوانی لە جیهاندا ڕۆڵێکی فراوانتر بگێڕێ. ڕاستە کە نەهرۆ و ئەندیرا دوو کەسییەتیی جیهانی بوون، بەلاّم هیند لە سایەی هەلومەرجی توندوتیژ و دژواری وەها کاری دەکرد کەوا جوولە و بزاوتەکانی کۆتوبەند کردبوو. چوونکە ململانێ لە ناوچەی هاوسێیدا– لەگەڵ پاکستان و چین و سیریلانکا– هەر بە کۆتوبەندکراوی مایەوە و پانتایەکی تەنگەبەری هێشتەوە. لە جەنگی ساردیشدا، ئاقیبەتی ئەوەبوو وەك هاوپەیمانێکی شلوشەویی یەکیەتیی سۆڤیەت بمێنێتەوە، واتا لەگەڵ لایەنە دۆڕاوەکەی ئەو ململانێیە درێژەدا بوو. لەکۆی ئەمانەیش گرنگتر ئەوەبوو کە کارکردی ئابوورییانەی هیندی لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچوو، ئەمەیش سەرچاوە و هێزی بەکێشکردن و پێگە و هەژموونەکەی کەمکردەوە.

بەلاّم بەپێی ڕا و بۆچوونی سی. ڕاجا موهان، زۆربەی ئەو هەلومەرجانە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا گۆڕاوە. جەنگی سارد کۆتایی هات، هیندیش وردەوردە گەشە دەکات، هەروەها پەیوەندیی لەگەڵ هاوسێیەکانی– لە چینەوە بۆ پاکستان و

یۆنانی یان بۆتانی بچووك لە (لە دەقە عەرەبییەکەدا نووسراوە بۆتان) – بەشێوەیەکی بەرچاو باش بووە. دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە هیند لە جیهاندا ڕۆڵێکی گەورەتر دەگێڕێت. هەروەها وەها پێشبینی دەکرێ کە لە کۆتاییدا دەبێتە زلهێزێکی دیکە. گرنگترین لایەنەکانی ئەم ڕۆڵەش پەیوەندییە هەرە باشەکەیەتی لەگەڵ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا.

هەڵو و مانگا

لەوانەیە زۆربەی ئەمریکییەکان سەریان سوڕبمێنێ کاتێك دەزانن کە هیند دەوڵەتێکە لە هەموو دەوڵەتەکانی دیکەی دونیا زیاتر پشتگیری لە ئەمریکا دەکات؛ بەلای کەمەوە لە یەك پێوەردا. چوونکە لە توێژینەوەیەکدا کەوا ڕێکخراوی پۆ Pew بۆ هەڵوێستەکانی جیهانی ئەنجامی داوە و لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٥دا بڵاو کرایەوە، بەشدارانی شانزە دەوڵەت پرسیاریان لێ کرا ئاخۆ بۆچوونێکی باشیان لە هەمبەر ئەمریکادا هەیە؟ ئەوا ڕێژەی ئەو هیندییانەی کەوا بە بەڵێ وەڵامیان دابوویەوە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو (٧١٪) بوو، لە دوای خودی ئەمریکییەکان پێگەی دووەمیان داگیرکردبوو، چوونکە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە وڵاتەکەی خۆیان ڕازی بوون ٨٣٪بوو. هەرچەندە ڕێژەکان لە ڕاپرسییەکانی دیکەدا کەمتر بوون، بەڵام دەرئەنجامە سەرەکییەکە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە: هیندییەکان زۆر لە ئەمریکا ڕازین و لە هەمبەریدا هەستێکی تایبەتیان هەیە.

لەوانەیە یەکێك لە هۆیەکانی ئەم حەز و هەستە تایبەتە ئەوە بێت کە حکوومەتی هیندی بۆماوەی چەند دەیەیەك هەوڵی دا بەزۆر هەستەکانی دوژمنایەتی بناخنێتە دەروونی هاووڵاتییەکانی. (کاتێك هەوڵیان دەدا پاساو بۆ ئەو

ئەهامەتییانە بهێننەوە کەوا هیند لە حەفتایەکاندا تیایدا دەژیا، سیاسییەکان بەزۆری باسیان لە دەستێکی شاراوە و دەرەکی دەکرد- مەبەستیان دەستوەردانی سی ئای ئەی یان دەستوەردانی ئەمریکی بوو بەشێوەیەکی گشتی- تەنانەت ئاڕ. کەی. لاکسمان وێنەکیشی وێنە کارتۆنییەکانن دەستی بە کێشانی دەستی ڕاستین کردبوو کە دابەزیبوویە خوارەوە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی دروستکردنی جۆرەها هەراوزەنا و وێرانکاری).

بەلاّم لەمە گرنگتر ئەو ڕاستیەیە کەوا هیندییەکان باش لە ئەمریکا تێدەگەن، چوونکە جڤاکەکەی کراوە و پڕ لە هەراوزەنایە و سیستمێکی دیموکراسیی وەهای هەیە کە هەرگیز پێشبینی ناکرێ، ڕێك وەك جڤاك و سیستمە دیموکراسییەکەی خۆیانە. تەنانەت سیستمە سەرمایەدارییەکەشیان بەو سەرمایە ئەمریکییە دەچێت کەوا بۆ هەمووان کراوەیە. هەروەها زۆرێك لە هیندییەکانی مەدەنی بەباشی ئاشنای ئەمریکان و بە زمانی ئەمریکی قسان دەکەن و کەسێك دەناسن کەوا لە ئەمریکادا دەژیەت، لەوانەیە ئەو کەسە یەکێك بێت لە کەسانی نزیکی خۆیان.

لوبیی هیندی لە ئەمریکا پردی پەیوەندیی نێوان هەردوو ڕۆشنبیرییە. زۆرجار کردەی کۆچکردنی هیندییەکان بەرەو ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بە بەفیڕۆچوون و کۆچکردنی مێشکەکان وەسف دەکرێ، بەلاّم دروستترە بۆ هەردوو ولاّت بە سوودی مێشکەکان لێکی بدەینەوە. هیندییەکان لە دەرەوەی ولاّتی خۆیاندا ڕۆلّێکی کاریگەر و کرۆکییان لە کرانەوەی ولاّتی دایکدا بینیوە. چوونکە کاتێك دەگەڕێنەوە ولاّتەکەیان پارە و هزری وەبەرهێنان و پێوەری نێودەولّەتییان لەنێو جانتادایە، لەکۆی ئەمانەیش گرنگتر هەستکردنیانە بەوەی کە هیندییەکان دەتوانن هەموو شتێك وەدەستبێنن (ئەندام پارلّەمانێکی هیندی

لە ڕووداوێکدا لە ئەندێرا گاندیی سەرۆکوەزیرانی پێشووی هیندی پرسی و گوتی:" بۆچی وەها دێتە بەرچاو کە هیندییەکان لە گشت شوێنێکدا سەرکەوتن وەدەستدێنن تەنیا لە ولاتەکەی خۆیان نەبێت؟") ئەو سەربردانەی باس لەو هیندیانە دەکات کەوا لە ئەمریکا دەگەنە بەرزترین پلەکانی سەرکەوتن، دەتوانن لە هینیشدا هەمان سەرکەوتن وەدەستبێنن، چوونکە لە هیندیشدا هەست بە شانازی دەکەن و حەزی وەدیهێنانی هەمان شتیان هەیە. بەلام سەبارەت بە ئەمریکییەکان، ئەزموونە ئەرێنییەکەیان لەگەلّ هیندییەکانی نێو ئەمریکادا وەهای لیّ کردوون بە ئەرێنییەکی هاوشێوە بنوارنە ڕۆشنبیری و کەلتووری هیندی.

زۆربەی ولاتان پەیوەندیی وەهایان لەگەلّ یەکتریدا هەیە کەوا بەزۆری لەنێو بازنەی حکوومەتەکانیان ناچێتە دەرەوە. بەلام هەندێکجار پەیوەندییەکان نەك هەر لەنێوان حکوومەتەکاندا پێش دەکەون، بەلّکو لەنێو جڤاکەکانیشدا پێشکەوتن بەخۆیانەوە دەبینن. ئەمریکاش پەیوەندییەکی گەورەتری ستراتیژی لەگەلّ دوو ولاتدا پێشخستووە، ئەوانیش بریتانیا و دواتریش ئیسرائیلە. لە هەردوو دۆخدا، پەیوەندییەکانیان فراوان و وردبوو، لە سنووری تەنیا پەیوەندیی نێوان دوو بەرپرسی حکوومی دوورتر دەڕۆیی. لەبەرئەوە ئاساییە کە ئەم دەولّەتانە بەهۆی ئەمەوە بەبەردەوامی ببنە هاوبەشی یەکتری.

پەیوەندییەکی لەمجۆرە لەنێوان ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا و هیند دا نیمچە حەتمییە؛ بەلای کەمەوە لە ئاستێك لە ئاستەکاندا. چوونکە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو جڤاکە زیاتر و زیاتر تێکدەچڕژیّ و قوولّتر دەبێتەوە، ئەوجا ئەگەر هەردوو ولات پەیماننامەی نویّ مۆربکەن یانیش نا. بەلام، ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنیّ کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو و هیند لەسەر گشت پرسەکانی سیاسیدا

هاوڕان. چوونكە لە كۆتاییدا، ڕۆزفلت و چەرچڵ لەكاتی هاوپەیمانیە پتەوەكەیان لە سەردەمی جەنگدا سەبارەت بە چەند پرسێك ناكۆكی كەوتە نێوانیانەوە- گرنگترین ناكۆكیش پرسی سەربەخۆیی هیند بوو- دواتر ئەمریكا بەهۆی قەیرانی ساڵی ١٩٥٦ سوێسەوە هاوپەیمانیی خۆی لەگەڵ بریتانیا ڕاگرت. هەروەها ڕۆناڵد ڕێگان- كە بەرگریكارێكی سەرسەخت بوو لە ئیسرائیلییەكان- ئەو هێرشەی ئیسرائیلی بۆ سەر لوبنان شەرمەزاركرد كەوا لە ساڵی ١٩٧٨دا ڕووی دا. واشنتۆن و نیودەلهی دوو هێزی گەورەن و پابەندی و گرنگیدانی ئاڵۆزی دەرەكی و بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە، لەبەرئەوە بەدڵنیاییەوە سەبارەت بە چەند پرسێكی سیاسی ناكۆكی دەكەوێتە نێوانیانەوە. جگە لەمەیش، ئەوان بەپێچەوانەی ئەمریكا و بریتانیا سەبارەت بە جیهان بۆچوونی جیاوازیان هەیە. بە واتایەكی دیكە، مێژوو و ئاین و ڕۆشنبیریی هیندی، دەبێتە لەمپەر لە هەڵبژاردنی بۆچوون و ڕوانگەی تەواو ئەمریكی لە هەمبەر جیهاندا.

بۆچوون و ڕوانگەی هیندۆسی لە هەمبەر جیهاندا

هەرچەندە لەنێوان هەردوو وڵاتدا كێبڕكێیەكی گەشەسەندوو هەیە، بەڵام هیند زیاتر و زیاتر لە چین نزیك دەبێتەوە، هەر هیچ نەبێ سەبارەت بە چوونی هەردوو وڵات بۆ سەر گۆڕەپانی جیهانی. هیند خۆی لەو قەناعەتە بەدوورگرتووە كە تەنیا هەق و ئەخلاق بكاتە بەرنامەی كار كەوا پێشتر سەردەمی نەهرۆی پێ دەناسرایەوە، هەروەها خۆی لەو تێكۆشان و ئامادەكارییەش بەدوورگرتووە كەوا ماوەی ئەندێرا گاندیی پێدەناسرایەوە و سەرلیستیی باڵای نەتەوەیی بەخشیبوویە گەشەپێدان و كرۆكی كاروبارە دەرەكییەكانی و سیاسەتە

نێوخۆییەکەی. ئەوە یەکێکە لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی هیندی (ئاشتی و سەقامگیری لەپێناو گەشەپێدان)، کە چەندان جار سەرۆکوەزیران مانمۆهان سینگ ڕایدەگەیاند و هاوشێوەی ئامانجێکی دیکەیە کەوا لە هیند ڕاگەیەندراوە. سیاسییەکانی هیند ئێستە لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر درک بەو بەرەنگاری و گرفتە قووڵانە دەکەن کەوا ڕووبەڕووی پێشکەوتنی جڤکائێکی گەورەی وەک هیند دەبێتەوە– بەتایبەتی ئەگەر جڤاکێکی دیموکراسی بێت کە فشارەکانی نێوخۆیی بەخێرایی و قووڵییەوە کاریگەرییان دەبێت– لەبەرئەوە ئەوان بەتەواوەتی جەخت لەسەر پرسەکانی نێوخۆیی دەکەنەوە، چوونکە لە ئێستەدا وەها دەنوارنە کاروباری دەرەوە، وەک بلێی ئامرازێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەو گرنگیدانە سەرەکییانە. ئەو دژبوونەی کە لە هیند هەیە و خۆی لە وڵاتێکی هەژار و لە هەمان کاتیشدا زلهێزێکدا دەبینێتەوە، چالاکیی هیند لە دەرەوە کۆتوبەند دەکات. ئەمەیش بەشێوەیەکی تایبەت مانای ئەوەیە کە هیند حەز ناکات وەها تەماشای بکرێت کەوتووەتە نێو ستراتیژی هاوسەنگیی دژ بە چین؛ چینێك کە ڕۆژ بەڕۆژ دەبێتە هاوبەشە سەرەکییە بازرگانییەکەی.

هەروەها ڕۆشنبیری و کەلتوورێکی هیندی هەیە کەوا ڕوانگەی تایبەتی کرۆکیی خۆی و دونیابینیی تایبەت بەخۆی هەیە. هیندۆسەکان وەک کۆنفۆشیوسییەکان، باوەڕیان بە خودایەکی تاك و تەنیا نییە. هەر خانەوادەیەك نوسخە تایبەتمەندە هیندۆسییەکەی خۆی دادەڕێژێت. دەتوانیت ڕێز لە هەندێك باوەڕ بگریت و ڕقت لە هەندێکی دیکەیان بێتەوە، هەروەها دەتوانیت متمانە و باوەڕت بە هیچ شتێك نەبێت. دەتوانیت کەسێکی گژوگیاخۆر بیت یانیش گۆشت بخۆیت. دەتوانیت نوێژ بکەیت و نوێژیش نەکەیت. هەر یەکێك لەو بژارانە option ئەوە دیاری ناکەن ئاخۆ تۆ هیندۆسیت یان نا. هیچ هەڵگەڕانەوەیەك نییە و کەس بە بێدین و

خوانەناسی تۆمەتبار ناکرێ، چوونکە هیچ کۆمەڵەیەکی کرۆکیی باوەڕدار یان بنەما و ڕێباز و ئەرك و سوننەت و ڕاسپاردەیەکی ئاینی بوونی نییە و داوای هیچ شتێکت لێ ناکرێ، هیچ شتێکیش حەرامکراو نییە.

لەوانەیە سێر مونیێر مونیێر- ویلیامز، مامۆستای سانسکرێتی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لەنێوان سالآنی ١٨٦٠- ١٨٩٩- یەکەم خۆرئاوایی بێت کەوا بەشێوەیەکی هەمەگیر هیندۆسییەتی خوێندبێ. مونیێر کە لە بۆمبای لەدایکببوو، لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پەیمانگەیەکی هیندی دامەزراند کە دواتر بووە مەڵبەندی مەشقی سەرکردەکانی دەستهەلآتداری بریتانی لە هیندا. هەروەها کتێبەکەی بەناوی هیندۆسی کەوا چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٨٧٧دا دەرچوو، چەند دەقێکی سانسکرێتیی کۆنی تیادابوو، هەروەها شارەزاییە نایابە کردارییەکەی لەهەمبەر هندۆسییەت لەو کتێبەدا بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە. ناوبراو وەك ڕوونکردنەوەیەك نووسیوویەتی:

((هیندۆسییەت) هەرهەمووی لێبوردەییە... لایەنی ڕووحی و مادیی، ناوەکی و دەرەکی، خودی و بابەتی، ئەقلآنی و نائەقلآنی، پاك و چەپەڵی تیادایە. دەکرێ بە شەشپاڵوویەکی زەبەلاح بچوێندرێ... لایەنێکی هەیە کە بۆ کەسانی کردارییە، لایەنێکی دیکەی هەیە بۆ ئەخلاقییەکانی توندڕۆ، هەروەها یەکێکی دیکەش بۆ کەسانی خۆپارێز لە گوناه و پارسا و خەیاڵییەکان، لایەنێکیش بۆ هەستی و شعوورییەکان، یەکێکی دیکەش بۆ ئەو کەسانەی کە دەم لە فەلسەفە دەکوتن و بۆ ڕاماوەکانیش چەندان خاڵی تیادایە. هەروەها ئەوانەی بە سرووتەکانی ئاینی ئاسوودە دەبن، تیایدا مەبەستی خۆیان بە تێروپڕی دەدۆزنەوە، هەروەها ئەوانەی نکۆڵیی لە توانای کردارەکان دەکەن و بوونی باوەڕ بە پێویست و مەرج دەزانن، پێویستیان بەوە نییە لە دەرەوەی سنوورەکەیدا بمێننەوە، هەروەها

ئەوانەی خوویان بە شتەکانی هەستییەوە گرتووە لەوانەیە سەلیقە و چێژی خۆیانی لێ تێر بکەن، هەروەها ئەو کەسانەشی بێبەش نەکردووە کەوا چێژ و خۆشی و شادومانی لە تێرامان و پەیوەندیی نێوان مادە و رووح و مەتەڵی بوونێکی سەربەخۆ و بناغەی مرۆڤ دەبینن، لەوانەیە عیشقە تیۆرییەکەی خۆیانی پێ تێر بکەن. ئەم توانای فراوانبوونە بێسنوورە تەنانەت لەنێو ریزی هەر یەکێك لەو ڕێبازانەدا دەبێتە هۆی دابەشبوونێکی بێسنووری تائیفی.

باشترین نموونە بۆ توانایەکانی هیندۆسی ئەو ڕێگەیەیە کەوا بوزییەتیشی گرتەخۆ. چوونکە هەرچەندە بوزا هیندییە و بوزییەتیش لە هیند دامەزراوە، بەڵام بوزییەت لە ئێستەدا بەشێوەیەکی کرداری لە هیند بوونی نییە. ئەمەیش لە ئەنجامی چەوساندنەوە نەبوو، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە. هیندۆسییەت پەیامی بوزییەتی بەتەواوی هەڵمژی و زۆر بەسانایی بووە بەشێك لە هیندۆسییەت. ئێستەیش، ئەگەر بتەوێ بوزییەکان بدۆزیتەوە، دەبێ کاروانەکەت لە شوێنی لەدایکبوونی بوزییەتەوە دەستپێبکەیت و هەزاران میل ببڕیت و بەرەو کۆریا و ئەندونیسیا و یابان بچیت.

نیراد چودهۆریی نووسەری بەنگالی بەهۆی زۆریی ئاڵۆزییەکانی هیندۆسییتەوە دووچاری ئاڵۆزی بوو، چوونکە لە یەکێك لە کتێبەکانیدا نووسیوویەتی: " هەرچەند مرۆڤ زیاتر وردەکارییەکانی هیندۆسییەت بخوێنێتەوە، زیاتر دووچاری سەرگەردانی دەبێت. هێندە ئاڵۆزە کە مرۆڤ ناتوانێ لەهەمبەر گرێیەکە بەگشتی بیرۆکەیەکی ئەقڵانی پێکبهێنێ، نەك هەر ئەمە بەڵکو زۆر ناکردەییە کە بتواندرێ بە کاردانەوەیەکی لۆژیکییانە لێی بچیتە دەرەوە". هیندۆسییەت بە مانا ئیبراهیمییەکەی ئاین، ئاین نییە، بەڵکو فەلسەفەیەکی ئازادە، فەلسەفەیەکە و

وەڵامی پێ نییە بەڵکو تەنیا پرسیارە. لەوانەیە تاکە بنەمای سەرەکیی نێو هیندۆسییەت لێڵی و ناڕۆشنی بێت.

بەهەرحاڵ، کۆی ئەمانە لەهەمبەر جیهانی واقیعیدا چی دەگەیەنن؟ هیندۆسییەکان کەسانی تەواو کردارین. ئەوان زۆر بەئاسانی دەتوانن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا خۆ بگونجێنن. لەبەرئەوە دەبینین کە پیاوانی کاری هیندی-ئەوانەی هێشتا بەپلەیەکی باڵا هەر هیندۆسین- دەتوانن لە هەر ژینگەیەکدا سەرکەوتن وەدەستبێنن کەوا ڕێگە بە بازرگانی بدات، جا ئەگەر لە ئەمریکا بن یانیش ئەفریقیا و خۆرهەڵاتی ئاسیا. هەر لەگەڵ ئەوەی بتوانن لەپێناو پەرستش و تێڕامان شتێکی بچووک لە گۆشەیەکی ماڵەکەیان دابنێن، ئەوا ئەرکە هیندۆسییەکەی خۆیانیان بەجێهێناوە. هیندۆسییەتیش وەك بوزییەت هانی ژیانکردن دەدات لەگەڵ ناکۆکی و جیاوازییەکان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هانی مرۆڤ دەدات هەڵیشی بمژێ.

ئەدی سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە؟ ئەوە ڕوونە کە هیندییەکان لە کرۆکی خۆیاندا لە خۆرئاواییەکان و تەنانەت لە ئەنگلۆ- ئەمریکیەکانیش زیاتر ئاشنای لێڵی و نا دڵنیایین (نا یەقینی). زۆر ئەستەمە کەوا هیندییەکان وەك هەڵمەتەکانی خاچپەرستی لە سیاسەتی دەرەوە بنواڕن یان ڕێنوێنیکردنی خەڵکی بەرەو دیموکراسیەت بە ئامانجێکی بەرزی نەتەوەیی بزانن. بژی و لێگەڕێ خەڵکیش بۆخۆیان بژیەن؛ ئەمە ئەقڵییەت و دونیابینیی هیندۆسییە. هەروەها هیندییەکان ڕقیان لە بەڵێندانە پابەندکار و ئاشکرایەکانی تایبەت بە ئاراستەگرییە سەرەکییەکانی وڵاتەکەیانە. لێرەوە، هیند بەوە ئاسوودە نابێت وەك هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمریکا لە ئاسیدا بدرێتە قەڵەم یان وەك لایەنێك لە پەیوەندییەکی نوێی تایبەتدا هەژمار بکرێ. لە ڕاستیدا، لەوانەیە ئەم

ڕقبوونەوەیــە لــە پۆلێنکــاریی ڕوون و کرچــوکاڵی (دۆســت یــان دوژمــن) دا خەسڵەتێکی گشتیی ئاسیاییانە بێت. چوونکە لەوانەیە نـاتۆ بـۆ کۆمـەڵێك وڵاتـی خۆرئــاوایی هاوپــەیمانێکی میســالی بێــت – هاوپــەیمانێکی فــەرمیی دژ بــە فراوانخوازییەکانی سۆڤییەتی کە دەستگە و دامـەزراوەی خـۆی هەیـە و مەشـقی سـەربازی ئـەنجام دەدات– بـەلام زۆرینــەی وڵاتــانی ئاسـیایی بەرپەرچـی ئـەو میکانیزمە ڕوونانە دەدەنەوە کەوا ئامانجیان وەدیهێنانی هاوسـەنگییە. لەوانەیـە هەموویان هەوڵ بدەن خۆیان لە چین بپارێزن، بەلام کەسیان دان بـەوەدا نـانێن. ئەمە سیاسەتی هێزە کەوا بوێریی ئـەوەی نییـە نـاوی خـۆی ئاشـکرا بکـات، جـا ئەگەر بەهۆی ڕۆشنبیرییەوە بێـت یـانیش بـەهۆی هەلومەرجـە هەنووکەییەکـەوە بێت.

بەلام – هەر وەك دۆخـی چـین– هـەر دەبـێ ترشـیی نـاوەکیی هینـدی (دی ئـێن ئەی) لەگـەڵ مێـژووی هاوچـەرخدا تێکـەڵ بکـرێ. کاتێـك هینـد لـە ئـەزموونێکی بێهاوتای خۆرئاواییدا ژیا بەشێك بـوو لـە ئیمپراتۆریـەتی بریتـانی؛ بـە فێربـوونی زمانی ئینگلیزی و گرتنەبەری ڕێبازی دەستگە سیاسی و یاساییەکانی بریتـانی و بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی ئیمپراتۆریـەت. ئێسـتەیش هزرەکـانی لیبراڵـی وەهـا چـوونەتە نێـو هـزری هیندییـەوە کـە لـە زۆر لایەنـدا بوونەتـە شـتێکی لۆکـاڵی. هەروەها بێژبازی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت کـەوا لـە ئێسـتەدا بـاڵی بەسـەر خۆرئـاوادا کێشـاوە، لـە نیـوەدەلهی و مۆمبـای و چیندا کەشـێکی لـەباری بۆخـۆی دۆزیوەتـەوە. هـەروەها ڕۆژنامـە و ڕێکخراوەکـانی نـاحکوومیی هیندی هـەمان تـرس و هۆشـداری دەورووژێـنن کـەوا هاوشـێوە خۆرئاواییـەکانیان دەیانورووژێنن. هەروەها ئـەو ڕەخنانـەی کـەوا ئاراسـتەی سیاسـەتی حکوومـەتی دەکەنەوە ڕێك هاوشێوەی ئەو ڕەخنانەیە کەوا لە لەندەن و پاریس و واشنتۆنتدا

دەیانبینیت. بەڵام ئەمە تەنیا بەسەر ئەو دەستەبژێرەدا پیادە دەبێت کەوا لە هیند بە زمانی ئینگلیزی دەپەیڤن- هێشتا هەر کەمینەن لەو وڵاتەدا- هەروەها زیاتر بە جیهانە خۆرئاواییەکەیان ئاسوودە دەبن لەوەی خۆیان. (لە پیاوێکی کاری ڕۆشنبیری هیندی، یان شرۆڤەکارێك یان زانایەك بپرسە، ناوی دوا کتێب چی بووە کەوا بە زمانێکی نا ئینگلیزی خوێندبێتیەوە). سەبارەت بە ماهتماگاندی، دەتوانین بڵێین کە سیفەتەکانی هیندی بەسەر کەسییەتیەکیدا زاڵبوون. بەڵام هزرەکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوە تێکەڵەیەك بوو لە ڕەتکردنەوە و شەرمەزارکردنی توندوتیژیی هیندۆسی و ڕادیکالیزمی خۆرئاوایی، کەوا کرداریبوونێکی زیرەکانە دەیڕازاندەوە و لەوانەیە بە پاشخانی ئەو خانەوادەیەوە کاریگەر بووبێت کەوا سەر بە چینێکی بازرگان بوون. کاتێکیش نەهرۆ ڕایگەیاند کە دوا ئینگلیزە حوکمی هیند بکات، لەبەرئەوە ئەو قسەیەی کرد چوونکە هەستی دەکرد کە وڵاتەکەی پێش دەکەوێت و ڕەگە کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکانی بە ڕوونییەکی زیاتر خۆی بەدیاردەخات و لە ئایندەدا هیند لە لایەن هیندییەکانی ڕەسەنترەوە حوکمی دەکرێ. ئەم کاریگەرییە یەکتربڕە هیندی و خۆرئاواییە خۆی لە جیهانێکی زۆر نوێ و هاوچەرخ و خێرا گۆڕاودا بەدیاردەخات کەوا تیایدا هێزەکانی ئابووری و سیاسی لە هەندێك جاردا بەرەو ئاراستەی جیاواز بەکێش دەکرێن.

وزەی ئەتۆمی

ڕێککەوتنی پێشنیازکراوی ئەتۆمیی نێوان ئەمریکا و هیند، نموونەیەکی باشی ململانێی نێوان بۆچوونێکی تەواو ئابوورییانەی هەمبەر جیهانگەرایی و سیاسەتی هێز پیشان دەدات. واشنتۆن لە ساڵی ٢٠٠٧دا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هیند بۆ ئاستێکی بەرزتری هاوکاری و دانوستان بەرزکردەوە کە گەیشتە ئاستی

ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی. لەوانەیە ڕێککەوتنامە و پەیماننامەی ئەتۆمی پرسێك بێت کە تەنیا بە شارەزایانی سیاسییەوە تایبەتمەند بێت، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر لەمە گەورەترە. ئەگەر سەرکەوتن وەدەستبێنێ، ئەوا سەرلەبەری دیمەنە ستراتیژییەکە دەگۆڕێت. چوونکە بەشێوەیەکی زۆر بەهێز و بەردەوام هیندستان وەك یاریزانێکی سەرەکی دەخاتە سەر گۆڕەپانی جیهانی و پێگە ئەتۆمییە نهێنییەکەشی ئاسایی دەبێت و بناغە و پایەی هاوبەشییەکەی لەگەڵ ویلایەتەکانی یەکگرتوودا جێگیرتر و بەهێزتر دەبێت. هەروەها هیند لەگەڵ ئەندامانی دیکەی یانەی ئەتۆمی، وەك: ئەمریکا، بریتانیا، فەڕەنسا، ڕووسیا و چین، دەخاتە نێو تایەکی یەکسانی تەرازوو.

بەپێی پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی، هەر دەوڵەتێك لە ساڵی ١٩٦٨دا چەکی ئەتۆمیی هەبووبێت، ئەوا دەوڵەتێکە و چەکیی ڕەوای ئەتۆمیی هەیە، هەروەها هەر دەوڵەتێکیش لە دوای ئەو مێژووەوە ئەو چەکانەی پێشخستبێ، دەوڵەتێکە و یاسای پێشێلکردووە (ئەمە گرنگترین برگەی گشت دەرهاوێشتەکانە). هیندیش کە لە ساڵی ١٩٧٤دا بۆمبی ئەتۆمیی تەقاندووەتەوە، گرنگترین دەوڵەتە و تاکە هێزی پێشبینیکراوی جیهانییە کە لە دەرەوەی پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی ئەتۆمییە. ئیدارەی بۆش پاساوی ئەوەی هێنایەوە زیادکردنی هیند بۆ نێو پەیماننامەکە بۆ مانەوەی پێویستە. هەروەها لەبەر چەند هۆیەکی هاوشێوەش بوو کە موحەممەد بەرادعیی سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی (بەرپرسی چاودێریکردن و جێبەجێکردنی پەیماننامەکە)، پاڵپشتیکارێکی سەرسەختی ڕێکەوتننامەی هیندۆ- ئەمریکی بوو. لە ڕاستیدا هەرچەندە سیستمی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی بە چۆڕێکی (جرعە) تەندروستانەی واقیعی کاری بۆ

هێزکردنێکی میسالیيانە کردووە. ئەمەیش بەسەر ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا پیادە دەبێت، کەوا لە سەرانسەری جیهاندا بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێشخستنی کڵاوی دیکەی ناوەکی پرسێکی مەترسیدار و نا ئەخلاقییە، بەلام خۆی هەزاران چەکی ئەتۆمیی هەڵگرتووە.

سەبارەت بە هیند، ڕێکەوتننامە ئەتۆمییەکە بەشتێکی زۆر سانا پوخت کراوەتەوە: ئایا هیند بە چین دەچێت یان بە کۆریای باکوور؟ نیوەدەڵهی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ جیهان هیندستان وەك هێزێکی ناوەکی پەسندبکات، لەبەرانبەریشدا هیند پابەند دەبێت بەوەی کە تا ئەوپەڕی توانا بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆی بکاتە شتێکی بێ زیان و دەستەبەرکراو. پێش ئیدارەی بۆش، سیاسەتی ئەمریکی بەشێوەیەکی بێهودە بۆ ماوەی چەند دەیەیەك هەوڵی دا بەرنامەی چەکی ئەتۆمیی هیندی بوەستێنێ، هیندیش بۆ ماوەی سی و سێ ساڵ لەژێر باری قورسی سزایەکانی ئەمریکادا دەینالآند بەبێ ئەوەی دەستبەرداری هەڵوێستی خۆی بێت– تەنانەت کاتێك لە ئێستەش هەژارتر بوو– هەر کەسێك لە هیند تێبگات دەزانێ کە ئەو وڵاتە پێش ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە بەتەواوی دەستبەرداری چەکە ئەتۆمییەکانی بێت، بە بەختیارییەکی زۆرترەوە چەند ساڵێکی دیکەش بەڕێ دەکات.

بە بۆچوونی ئابوورییانە، ڕێککەوتنی ئەتۆمی بۆ هیند زۆر پێویست نییە. ڕاستە کە توانای ئەوە بەو وڵاتە دەبەخشێت کە بگاتە تەکنۆلۆژیای مەدەنیی ئەتۆمی و دابینکردنی پێداویستییەکانی وزە، بەلام ئەمە تەنیا بەشێکی بچووکی ڕەوتی تێکڕای پێشکەوتنیەتی. لەوانەشە شتە ماندەرەکانی جیهانگەرایی نیودەڵهی هان بدەن لەهەمبەر ئەم مەسەلەیەدا واز لە بەفیڕۆدانی کاتی خۆی بهێنێ و زیاتر جەخت لەسەر پێشخستن بکاتەوە و ئەم گرنگیدانانە بۆ ماوەیەکی دیکە

دوابخات. لە کۆتاییدا، زۆر جۆر شێوەی وزەی ئەلتەرناتیڤ هەن، یابان و ئەڵمانیا بۆ گەیشتن بە پلەی زلهێزیی خۆیان سەرکەوتنیان وەدەستهێناوە بەبێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر چەکی ئەتۆمی.

بەلآم بەرتەمایی و ئامانجە ئەتۆمییەکانی هیند پەیوەندیی بە شانازیکردنی نەتەوەیی و ستراتیژێکی جیۆسیاسییەوە هەیە. چوونکە زۆرێك لە سیاسییەکان و دیبلۆماسییەکانی هیند زۆر لەو ڕاستییە بێزارن کە دەڵێ هیند بەبەراورد لەگەڵ چین و ڕووسیا و هێزی دیکەی ئەتۆمی، بەردەوام لە پلەی دووەمدا دەمێنێتەوە. لەو ولآتانەی باسمانکردن هیچ کارگە و یەکەیەکی ئەتۆمی ناکەونە بەر هیچ جۆرە سیستمێکی چاودێریکردنەوە، لە کاتێکدا هیند بەلای کەمەوە بەشێکی زۆری بەرنامە ئەتۆمییەکەی دەخاتە بەرچاوی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی. هیند بەوە زۆر نیگەران دەبێت کە لەگەڵ چین یەکسان نەبێت. چوونکە بەرپرسانی هیندی زۆر بەهێمنی ئاماژە بەوە دەکەن کە چین لە بلآوکردنەوەی ئەتۆمیدا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، ئەویش بەشێوەیەکی تایبەت لە میانی پاکستانەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا، ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا پلان بۆ ئەوە دادەنێت تەکنیکی مەدەنییانەی ئەتۆمی ببەخشێتە چین. بەلآم هەرچەندە هیند ولآتێکی دیموکراسی و شەفافە و سەبارەت بەقەدەغەکردنی بلآوبوونەوەی ئەتۆمی دۆسیەیەکی پاك و بێگەردی هەیە، بەلآم ماوەی سی و سێ ساڵە لەم جۆرە هاوکارییە بێبەش کراوە.

سەبارەت بەم مەسەلەیە، جیهانگەرایی و جوگرافیای سیاسی لەسەر ئاستی جیاوازدا کار دەکەن. زۆرێك لە لایەنگرانی ئەمریکا بۆ داماڵینی چەکی ئەتۆمی- کەوا هیند (لە پرسی قەدەغەکردنی بلآوبوونەوەی ئەتۆمیدا بەئایاتولآ ناویان دەبات "- دژی ڕێککەوتنامەکەن یانیش تەنیا لەو کاتەدا ڕەزامەندی لەسەر

دەردەبڕن کە هیند بەرهەمهێنانی مادەی دوولەتبوونی ناوەکی (انشطارية) دیاری بکات. (واپێدەچێ چین بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیۆمی وەستاندبێ، هەروەك چۆن زلهێزی دیکە هەمان کاریان کردووە، بەڵام بڕیارەکە خۆبەخشانە و خۆویستانەیە، بەشێکی زۆری هۆیەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشتر بە مادەی دوولەتبوونی ناوەکی نقوم بووە). بەڵام هیند هەر ڕێکارێکی ناچارکارانە بە هەڵپەساردنێکی لایەنگرانەی ئەتۆمی دادەنێ. ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکاش ئەم ڕاستییە ستراتیژییەی خستۆتە نێو حیساباتەکانی خۆیەوە. چوونکە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا دژی هەبوونی یەك دەوڵەتی هەژموونداره کەوا ئەورووپا و ئاسیا کۆنترۆڵ بکات. جا ئەگەر هیند ناچار بکرێ هێزە ناوەکییەکەی خۆی کۆتوبەند و سنووردار بکات– بەبێ ئەوەی کۆتوبەندی هاوشێوە بخاتە سەر چین– ئەوا دەرئەنجامەکە دەبێتە هۆی نەبوونی هاوسەنگی و ئەمەیش لە بەرژەوەندیی چین تەواو دەبێت. لێرەوە پرسیارەکەی ڕۆبێرت بلاکویلی باڵیۆزی پێشووی ولایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە هیند خۆی زەق دەکاتەوە و ڕاستییەك دەخاتە بەرچاو کاتێك دەپرسێ: چ شتێك لە بەرژەوەندیی دوور مەودای ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادایە پشتگیری لە ڕێکارێك بکات کەوا بەهۆیەوە چین لە ئاسیادا ببێتە تاکە هێزی هەژموونداری ناوەکی؟

ئەوەی لە مەسەلەکەدا شتێکی سەیرە ئەوەیە کە تەگەرەی ڕاستین لەبەردەم ڕێککەوتننامەکە لە واشنتۆنەوە دروست نەبووە، بەڵکو لە نیوەدەلهییەوە دروستبووە. چوونکە هەندێك سیاسی و ڕۆشنبیری بەرجەستەی هیند ئەو خستنەڕووە ڕەتدەکەنەوە کەوا بەدرێژایی تەمەن یەکجار پێشکەش دەکرێ، ئەمەیش پاڵی بە یەکێك لە کۆمێنتەرانی کەناڵی NDTV هیندییەوە نا بڵێت:" واپێدەچێ ئێمە نازانین چۆن بڵێین بەڵێ". چوونکە لەو کاتەی سەرۆکوەزیرانی

هیندی و هەندێك گەورە بەرپرسی دیکەی حکوومەت ئەو دەرفەتەیان بینی کەوا رێککەوتننامەکە دەیبەخشێتە هیند، ئەوا حوکمەکانی کۆن و پێشوەخت و چارەسەرەکانی شکستخواردوو چاوی هەندێکیان کوێرکرد. زۆرێك لە دەستەبژێری هیندی بە گۆشەنیگای نەمرۆییانە دەیانڕوانیە جیهان کە ئەویش بریتیبوو لە ؛ هیند وەك ولاتێکی هەژار و چاکەخواز و لە ولاتانی جیهانی سێ و خاوەن سیاسەتێکی بێلایەن و گۆشەگیرانەی دەرەوە (رەنگە هەندێکیشیان شکستخواردووشی بخەنە سەر). ئەوان دەزانن چۆن لە جیهانێکی وەهادا کاردەکەن؛ سوالی بەخشش لە کێ دەکەن و لە سەنگەریدا دەجەنگن. بەلام لە جیهانێکدا کە تیایدا هیند هێزێکی مەزنە و بە متمانەوە لەسەر گۆرەپانی نێو دەولەتیدا هەنگاوهەلدێنێ، لە دانانی یاسایەکاندا بەشدار دەبێت و نەك تەنیا هەر پێی کاریگەر نابێت، بەلکو دەبێتە هاوبەشێ بەهێزترین ولات لە مێژوودا، ئەمە پێشنیازێکی نوێ و جێگەی نیگەرانییە. سەدان جار کۆمێنتەری لەو جۆرە ئەو جۆرە پرسیارانەیان کردووە: " بۆچی ئێستە ویلایەتەکانی یەکگرتوو ئەمجۆرە لوتف و خۆشخوویيە لەهەمبەر ئێمەدا دەنوێنێ؟" لە سالی ۲۰۰۷دا هێشتاکە بەدوای دەستی دەرەکی و شاراوەدا دەگەران.

بەرپرسەکانی چین توانیان زۆر بەکارامەیی و لێهاتوویەکی بەرزەوە سەرلەنوێ بیر لەو رۆلە نوێیەی ولاتەکەیان بکەنەوە وەك هێزێکی جیهانی. بەلام دەستەبژێری هیندی هەتا ئێستە خۆی وەها پیشان نەداوە کە رکابەری هاوسێیەکەیەتی. هەرچۆنێك بێت، بەبێ رەچاوکردنی ئەو رەوتەی کەوا رێککەوتننامە ئەتۆمییەکە دەیگرێتە بەر، ئەوا تەنگوچەلەمەکانی تێپەراندنی بە نێو نیودەلهییەوە ئەو کۆتوبەندە سەرەکییانەی بەکارهێنانی هێزی هیندی لە سالەکانی داهاتوودا زەق دەکاتەوە. هیند ولاتێکی بەهێزە بەلام حکوومەتەکەی

بێهێـزە. نـاتوانێ هێـزە نەتەوەییەکـەی خـۆی لـەپێناو وەدیهێنـانی ئامانجـە نەتەوەییەکەیدا بەکاربێنێ.

زاراوەی جوگرافی

دەتوانیت درك بـەوە بکـەیت کـە هینـد ولاتێکـی سـەیرە ئـەویش نـەك لـە میـانی تێبینیکردنی ئەو کەسانەی ماریان خۆشدەوێ، بـەڵکو لـە میـانی چـاودێریکردنی ئـەنجامی هەڵبژاردنەکانییـەوە: لـە چ ولاتێکـی دیکـەدا لـە سـایەی گەشـەکردنی ئابووریدا جەماوەرییبوونی خۆت لەدەست دەدەیت؟ لە ساڵی ٢٠٠٤دا هاوپەیمانیی پارتی BJPی حوکمڕان چووە نێو هەڵبژاردنەوە کە باهۆزی توندی ئابووری پاڵی پێوەدەنـا، چـوونکە ولاتەکـە بـە ڕێـژەی ٩٪ گەشـەی دەکـرد، بـەلام BJP لـە هەڵبژاردنەکەدا شکستی هێنـا. کۆمـەڵێك ڕۆشـنبیری لۆکـاڵی- کـە زۆربـەیان لـە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە سۆسیالیستی بوون- ئەمەیان وەها لێکدایەوە کە ڕابوون و پێشـکەوتنەکە پـووچ و بـەتاڵ بـووە، هـەروەها گەشـەکردنیش بەشـێوەیەکی پلەبەپلـە بـەڕێوە نەچـووە، هـەروەها پـارتی حـوکمڕان ڕاسـتیی هینـدی بیرچـووەتەوە. بـەلام ئەگـەر بـە چـاوێکی پشـکێنەرانەوە بنواڕیتـە واقیـع، زۆر بەسانایی بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئـەم لێکدانەوەیـە دروسـت نییـە. چـوونکە لـە نەوەندەکاندا ڕێژەکانی هەژاری لە هیندستاندا زۆر بەخێرایی و بـەژمارەی هێنـدە گـەورە لـە دابەزینـدا بـوو کـە بـۆ هـەموو کەسـێك ڕوون و ڕەوان بـوو. لەگـەڵ ئەمەیشدا، ئەم مەسەلەیە لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ یش هـەر بـەردەوام بـوو. چـوونکە هاوپەیمانیی پارتی کۆنگرە (کە ئەو کات جڵەوی دەستهەلاتی گرتـە دەسـت) بـە ڕێژەی ٨٪ زیاتر بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕێژەی گەشەکردنی پاراست، بەلام لە کـۆی ئـەو هەڵبژاردنـە هەرێمییانـەدا سـەرکەوتنێکی زۆر کـەمی وەدەسـتهێنا کـەوا لـە ماوەی دەسهەلات وەرگرتندا ئەنجامی دەدا، هەرچەندە سەبارەت بـە تێکچـوونی

یەکسانی و دابەشکردنی سامان چەند پاڵنەرێکی شەرعی هەبوون، ئەدی بۆچی ئەمە لە هیندا نابینین؟

وتەیەکی بەناوبانگی تۆماس (تیپ) ئۆنێل ی وتەبێژی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکی هەیە کە دەڵێ: " سیاسەت هەر هەمووی لۆکاڵییە". دەکرێ لە هیند ئەم وتەیە لەسەر بەرد بنووسرێ. چوونکە هەڵبژاردنەکان لە هیند هەرگیز هەڵبژاردنی نەتەوەیی نین، بەڵکو هەڵبژاردنی لۆکاڵی و هاوکاتانەی هەرێمین بەبێ ئەوەی هیچ بابەتێکی هاوبەشیان لە نێواندا هەبێت.

تەمەنی هەمەڕەنگیی چین دەگاتە چوار هەزار ساڵ، ئەمەیش لەنێو کەلتوور و دابونەریت و زمان و ڕۆشنبیریی هیندیدا ڕەگی داکوتاوە. وڵاتێکە ١٧ زمان و ٢٢,٠٠٠ شێوەزاری هەیە، بۆ ماوەی چەندان سەدەی دووورودرێژیش لە سەدان میرنشین و مەملەکەت و وڵات پێکهاتبوو. کاتێك بریتانییەکان لە ساڵی ١٩٤٧ هیندیان بەجێدەهێشت، حکوومەتی نوێ ناچار بوو سەبارەت بە ڕێکەوتنامەی تاکانە لەگەڵ ٥٠٠ دەستەهەڵاتداردا بەهۆی بەرتیل و هەڕەشەوە دانوستان بکات و هەندێکجاریش پەنای بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەبرد، ئەمەیش لەپێناو چوونە نێو یەکیەتیی هیندی بوو. لە دابەشبوونی پارتی کۆنگرەی نیشتمانیی هیندی لە حەفتایەکانەوە، هیچ پارتێکی هیندی دەرفەتی هەژموونێکی نەتەوەییانەی بۆ نەڕەخسا. هەروەها کۆی ئەو حکوومەتانەی کەوا لە دوو دەیەی دواییدا پێکهاتن، بریتیبوون لە هاوپەیمانییەك کەوا لە پارتەکانی هەرێمی پێکهاتبوون بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی هاوبەشیان لەنێواندا هەبێت. ڕوشیر شارما کە وەبەرهێنانەکانی دەستگەی مۆرگان ستانلی لە بازارە گەشەسەندووەکاندا بەڕێوە دەبرد، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە زۆرینەی بیست و هەشت ویلایەتەکەی

هیند لەپێناو پارتەکانی هەژموونداری هەرێمییەوە دەنگیان دا، بێگومان ئەمەیش لەسەر حیسابی ئەو پارتانە بوو کەوا بە نەتەوەیی ناودێر کرابوون.

باشترین نموونە بۆ ئەمە ئەو شتە بوو کە لە ویلایەتی ئوتار برادیش ڕووی دا کە گەورەترین ویلایەتی هیندە (ئەگەر سەربەخۆ بووایە، ئەوا بەهۆی ژمارەی دانیشتووانەکەیەوە شەشەمین وڵاتی مەزن بوو لە جیهاندا). لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، دوو پارتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئەو پرسەی کەوا بە پرسە مەزنەکانی نەتەوەییان دانابوو، خۆیان کاندیدا کرد. پارتی BJP بەشێوەیەکی کارا و گەرموگوڕ کاری بۆ بووژاندنەوەی لایەنی نەتەوەییانەی هیندۆسییەت کرد، بەڵام پارتی کۆنگرە جەختی لەسەر تایبەتمەندییە عەلمانییەکان دەکردەوە و شانازی بەو ڕێژە گەشەکردنە دەکرد کەوا وڵاتەکەی وەدەستی هێناوە. بەڵام هەردوو پارت پلەی سێیەم و چوارەمیان وەدەستهێنا و لە دوای دوو پارتی دیکەی لۆکاڵی هاتن کەوا جەختیان لەسەر پرسە تەواو نێوخۆییەکان دەکردەوە؛ ئەمەیش لەپێناو بەخشینی دەستهەڵاتێکی زۆربوو بە چینە نزمەکانی کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەوەی لە ئوتار برادیشدا وەدیهات لەوانەیە لە باشوور و تەنانەت مۆمباشدا سەرکەوتن وەدەستنەهێنێ. چوونکە موسڵمانانی هیندی لە چەند ویلایەتێکدا گرنگییەکی گەورەیان هەیە، بەڵام لە هەندێك ویلایەتی دیکەدا ئامادەییان نییە. هەروەها ئەو سەرکردە سیاسییانەی کەوا هێز و هەژموونیان لە ویلایەتی تامیل نادۆدا هەیە، لە هیچ شوێنێکی باکووردا لایەنگریان نییە. ویلایەتی بنجابیش ڕۆشنبیرییەکی تایبەتی سیاسییان هەیە کە پەیوەندیی بە پرسەکانی سیخ و پەیوەندییەکانی هیندۆ- سیخییەوە هەیە. هەروەها سیاسییەکانی ڕاجستان لە کارناتاکادا هیچ بەکێشبوون و هەژموونێکی مەعنەوییانەی سیاسییان نییە، چوونکە هەردوو ویلایەت بە دوو زمانی جیاواز

دەپەیڤن. دەکرێ مەسەلەکە بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە سەرانسەری ئەورووپا بچوێنین کەوا تیایدا لەگەڵ دەنگدەران لە پۆلۆنیا و فەرەنسا و ئیرلەندا باس لە یەك پرس بکرێ. جارێك وینستۆن چەرچڵ گوتی کە هیند " تەنیا زاراوەیەکی جوگرافییە، بەبێ ئەوەی وەك ئەورووپا کەسییەتییەکی سیاسی هەبێت". ڕاستە کە چەرچڵ سەبارەت بە هیند زۆر جار بەهەڵەدا چووە، بەڵام لەم خاڵە بەتایبەت بۆچوونەکەی دروست بووە.

ئەم جیاوازی و دوو کەرتبوونە سوودی زۆری هەیە، بۆ نموونە: هەمەچەشنی و وزە کۆمەڵایەتییەکەی پتەو دەکات و نایەڵێ خۆڕادەستکردنە دەست دیکتاتۆر بێتەکایەوە. کاتێك ئەندیرا گاندی لە حەفتایەکاندا هەوڵی دا حکومەت بەشێوەیەکی تاکڕەوانە و سەرکوتکارانە و مەرکەزییانە بەڕێوەببات، هەوڵەکەی بە ئاسانی سەری نەگرت، بەڵکو لە شەش هەرێمی هیندیدا چەند بزاڤێکی یاخیبوونی وروژاند. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، هەستی پەیوەستبوونی هەرێمییانە لە هیند بووژایەوە و وڵاتەکە سیستمە سروشتییەکەی خۆی دۆزییەوە. لە وڵاتێکی زۆر هەمەچەشندا تەنانەت توندڕۆیی نەتەوەیش دەبێتە شتێکی زەحمەت. لەبەرئەوە، کاتێك پارتی BJP دەیەوێ شۆڤینیزمی هیندۆسی دژ بە کەمینەی موسڵمانی هیندی بوروژێنێ، ئەوا بەزۆری دەبینێ کە چینە نزمە کۆمەڵایەتییەکانی هیندۆسی و هەروەها هیندییەکانی باشوور لە هەمبەر ئەم گوتارەدا هەست بە بێزاری و نیگەرانییەك دەکەن کەوا بە ناچارکارانە و لووتبەرزانە دێتە بەرچاو.

بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم هەمەچەشنی و دووکەرتبوونە، کاری دەوڵەتی هیندی ئاڵۆز دەکات. کۆتوبەندەکانی دەیەی ڕابردوو دیاردەیەکی تیژتێپەڕ نییە کەوا لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا نەمێنێ، بەڵکو گوزارشتێکە لە ڕاستییە

بونیادییەکەی نێو سیاسەتی هیندی. ئەم کۆتوبەندانەش وەها دەکات کە زۆر زەحمەت بێت حکوومەت بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دیاری بکات و ولآت بۆ پالپشتیکردنی ئامادە بکات و دواتریش لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا کۆمەلێك سیاسەت جێبەجێ بکات، جا ئەگەر لە بواری ریفۆرمی ئابووری یانیش سیاسەتی دەرەوە بێت. هەروەها سەرۆکوەزیران ناتوانێ بەهەمان شێوەی نەهرۆ سەرکردایەتیی دەستهەلآتی نەتەوەیی بکات، لەوانەیە هەر سەرۆکوەزیرانێکی داهاتووش جارێکی دیکە نەتوانێ ئەمە بکاتەوە. چوونکە ئەم پۆستە لە سەرکردەی بالآوە بووەتە تەنیا سەرۆکی ئەنجوومەنێك و پارتی دەستهەلآتداریش بووەتە تەنیا پارتێك کەوا سەرکردایەتیی هاوپەیمانییەکی لەبەردەستە و لە دژبەری هاوشێوە و یەکسانی خۆی پێکهاتوون. بەزۆریش حکوومەتی مەرکەزی رادەستی ئیمتیاز و دەستهەلآتی حکوومەتە هەرێمی دەبێت کەوا رۆژ بەرۆژ متمانە و سەربەخۆییەکەی زیاتر دەبێت. ئەمەیش لە رووی ئابوورییەوە واتای بەردەوامبوونی سەرکەوتن دەگەیەنێ، هەرچەندە کردەی رێکخستن کەمە و ریفۆرمەکان لاوەکین و چالاکی و ئەزموونەکان لەسەر ئاستی ویلایەتەکانن. هەروەها سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکی، ئەو واتایە دەگەیەنێ کە وەرچەرخانێکی گەورە لە شێواز و نۆرم رووی نەداوە و کەمە پابەندبوونێکی گەورە هەیە و رۆلێکی کەم چالاکتری لەسەر گۆرەپانی نێودەولەتیدا هەیە. راستە کە هیند لە جاران پتر رۆلێکی گەورەتری نێودەولەتی دەگێرێ و هەژموون بەسەر باشووری ئاسیادا پەیدا دەکات، بەلآم نابێتە ئەو هێزە جیهانەی کەوا هەندێك هیوای بۆ دەخوازن و هەندێکیش لێی دەترسن. ئەمە لە ئایندەیەکی نزیکدا روو نادات.

ئەگەر پێشتر جۆرە كێبڕكێیەك لەنێوان هیند و چیندا هەبووبێت، بەڵام ئێستە كۆتایی هاتووە. چوونكە قەبارەی ئابووریی چین سێ هێندەی قەبارەی ئابووریی هیندیە و ئێستەیشی لەگەڵدا بێت بەخێراییەكی زۆرتر گەشە دەكات. ئەمەیش واتای ئەوەیە كە هیند لە ڕووی ئابوورییەوە ناتوانێ پێش هیند بكەوێ تەنیا لەو كاتەدا نەبێ كە وەرچەرخانی مەزن و جێگیر بۆماوەی چەند دەیەیەك لە ڕەوتی هەردوو وڵاتدا بێتە ئاراوە. بەڵام سیناریۆیە ڕێتێچووەكە ئەوەیە كە چین بە مەوادیەكی باش هەر لەپێش هیند دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا دەبێ ئەوە بزانین كە هێشتا هیند دەتوانێ سوود لە تایبەتمەندییەكانی وەك ئابوورییەكی زەبەلاح و گەشەسەندوو، دیموكراسیەتێكی سیاسی و نموونەیەكی پڕشنگداری عەلمانیەت و لێبوردەیی و زانیارییەكی قووڵی خۆی لە هەمبەر خۆرئاوا و خۆرهەڵات و پەیوەندیی تایبەتی خۆی لەگەڵ ئەمریكادا وەربگرێ.

دەكرێ ئێستەی هیند بە ئەمریكای كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەیەم بەراورد بكرێ. چوونكە لەو ماوەیەی ئاماژەمان بۆی كرد، كۆتوبەندە نێوخۆییەكانی ئەمریكا لە هەڵكشانی ئەو وڵاتە بۆ سەر شانۆی جیهانی بە ئاستێكی زۆر بەرز تەگەرەی خستە بەردەم ئەمریكا. چوونكە لەگەڵ ساڵی ١٨٩٠دا ئەمریكا لە ڕووی ئابوورییەوە پێش بریتانیا كەوتبوو، بەڵام لەسەر ئاستی دیبلۆماسی و سەربازیدا بە هێزی پلە دوو دادەندرا. ڕیزبەندی سوپایەكەشی لە دوای بولگاریا لەنێو ڕیزی سوپای جیهاندا لە پلەی چواردەیەمدا بوو. هەروەها قەبارەی چەكە دەریاییەكانی هەشتیەكی قەبارەی چەكی دەریایی ئیتاڵی بوو، هەرچەندە هێزە پیشەسازییەكەی لەو كاتیدا بە سێزدە جار گەورەتربوو. هەروەها لە هەندێك كۆبوونەوە و كۆنگرەی نێودەوڵەتیدا بەشداری كرد، دیبلۆماسییەكانیشی لە كاروباری جیهانیدا یاریزانی بچووك بوون. هەروەها واشنتۆن شارۆچكەیەكی

بچووك بوو گرنگیدانەکانی زۆر تەنگەبەر بوون و حکوومەتەکانی بەدەستهەلاتی سنووردار دەناسرانەوە، بەشێوەیەکی گشتیش وەك پۆستێکی گرنگ و کرۆکی لە سەرۆکایەتی نەدەڕواندرا. بێگومان ئەمریکا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ولاتێکی بێهێزبوو، ئەم واقیعەش پێویستی بە چەندان دەیە و گۆڕانی مەزنی نێوخۆیی و قەیرانی قووڵی نێودەوڵەتی هەبوو بۆ ئەوەی بگۆڕدرێت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ویلایەتی واشنتۆنی ئەمریکی گەشەبکات و ببێتە مەرکەزی و لەپێش گشت ویلایەتەکانی دیکەی دایەوە. سەرۆکەکانیش لە تیۆدۆر ڕۆزفلتەوە تا دەگاتە وودرۆ ویلسۆن دەستیان بە ناساندنی ئەمریکا کرد وەك هێزێکی جیهانی.

لە کۆتاییدا، بناغەی هێزی ئەمریکی – جڤاکە زیندووەکەی ئەمریکا– خاڵی بەهێز و بێهیزی ئەمریکا بوو. چوونکە ئەو جڤاکە بوو کە ئابوورییە زەبەلاحەکەی ئەمریکای دروستکرد، بەلام لە هەمان کاتیشدا هەڵکشان و پێشکەوتنی خاوکردەوە و ڕەوتەکەی گۆڕی و بەشداری و کاراییەکەی لە شانۆی جیهانیدا بەردەوام فشۆڵکرد. لەوانەیە هیندیش ئەزموونێکی هاوشێوە بەڕێوەببات، چوونکە جڤاکێکی هەیە کە دەتوانێ بەشێوەیەکی زۆرباش وەلامی ئەو دەرفەتانە بداتەوە کەوا جیهانە گلۆبالیزەکراوەکە پێی دەبەخشێت؛ جڤاکێك لە ئابووری و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا گەشەدەکات و بالا دەکات. بەلام سیستمی سیاسی لە هیند لاوازە و دەکرێ ببڕدرێت و دەستی تێوەر بدرێ، لەبەرئەوە هێشتا ئامادەیی ئەوەی تیادا نییە ڕۆڵە شایستەکەی لە جیهاندا بگێڕێ. لەوانەیە زنجیرەیەك قەیران کۆی ئەو واقیعانە بگۆڕێت، بەلام بەبێ ئەوەی هێدمە بە سیستمەکە بگات، ئەوا جڤاکی هیندی لە گەمە جیهانییە نوێیەکەدا پێش دەوڵەتەکەی کەوتووە.

ئەم ململانێیەی نێوان جڤاك و دەوڵەت تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت هێشتا لە ئەمریکادا هەیە. لێرەدا لەو کاتەی دەبینە گرنگترین و تاکە یاریزانی سەدەی بیست و یەك، پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت پرسیار بکەین کە کاردانەوەی خودی ئەمریکا لە هەمبەر جیهانی دوای ئەمریکادا چۆن دەبێت.

هەژموونی ئەمریکی

لە ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٧دا نزیکەی چوارسەد ملیۆن مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا – چارەگە دانیشتووانێکی سەر گۆی زەوی– ئەو ڕۆژەیان کردە پشوو، چوونکە ئەو ڕۆژە لەگەڵ شێستەمین ساڵیادی ڤیکتۆریای شاژن و چوونی بۆ سەر تەختی پاشایەتی هاوکات بوو. ئاهەنگەکە بەبۆنەی یۆبیلی ئەڵماسیی ماوەی پێنج ڕۆژ لەسەر وشکایی و دەریادا بەردەوام بوو، بەڵام نمایشی سەربازی و ئاهەنگی یادکردنەوەی سوپاس لە ٢٢ی حوزەیران بوونە ترۆپکی ئاهەنگەکە. سەرۆکوەزیرەکانی ئەو موستەعمەرە بریتانیاییانەی کەوا خودموختارییان وەرگرتبوو، هەر هەموویان ئامادەبوون، هەروەها میر و دۆق و باڵیۆز و نوێنەرانی شوێنەکانی دیکەی جیهانیش لەوێ ئامادەبوون. ڕیزبەندی و نمایشە سەربازییەکە لە پەنجا هەزار سەرباز پێکهاتبوو کەوا ئەسپسوارەکانی هۆزار لە کەنەدا و یەکەی سوارچاکانی باشووری وێڵزی نوێ و تیپی سەربازانی تفەنگ کورت لە ناپۆلی و سەربازانی عەلی جەمال لە بیکانێر و سەربازانی بۆرخا لە نیپاڵ و چەندەها و چەندەهای دیکەی تیادابوو. ئەو کات و ساتە، بەپێی وەسفکردنی یەکێك لە مێژوونووسان، ساتێکی ڕۆمانی بوو.

ئاهەنگەکە کە بەبۆنەی یۆبیلی ئەلْماسیی بوو لە گشت گۆشە و کەللەبەرەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا بە چەندان نمایشی زەبەلاح دەناسرایەوە. "لە حەیدەر ئاباد"دا لە هەر دە تۆمەتبارێکی بەندکراودا یەکێکیان ئازادکران". جیمس مۆریس دەنووسێت، " ئاهەنگێکی سەمایی زۆر مەزن لە ڕانگۆندا هەبوو، هەروەها خوانی نیوەڕۆ لە کۆشکی سولْتان لە زنجبار ئامادەکرابوو، هەروەها ڕێورەسمی درووود و سلاوێك بەڕێوەچوو کە کەشتییەکانی جەنگی لە کەنداوی تیبلدا بەهۆی نمایشێکەوە پێشکەشیان کرد، هەروەها نمایشێکی کۆرس لە هابی فالی لە هۆنگ کۆنگدا بەڕێوەچوو". هەروەها لە بانگالۆر پەیکەرێکیان بۆ شاژن سازکردبوو، لە شاکاباتنامدا تەلارێکی نوێ بۆ شارەوانی دروست کرا. لە سەنگافوورەشدا پەیکەرێك بۆ سێر ستامفۆرد ڕافلْز لە نێوەڕاستی شاری بادانگ سازکرا، نافوورەیەکیش لەنێوەڕاستی باغچە گشتییەکانی شانگهای دروستکرا (گەرچی ئەو موستەعمەرەش نەبوو). هەروەها دە هەزار منداڵ لە شەقامەکانی ئۆتاوادا ڕێپێوانیان دەکرد و ئالآی بریتانیایان ڕادەشەقاند.

لە لەندەندا ئارنۆڵد توینبیی گەنج تەمەنی هەشت ساڵ بوو، لەسەر شانی مامی دانیشتبوو و زۆر بە گوڕوتاوەوە چاودێریی نمایشەکەی دەکرد. ئەم توینبییە کە دواتر بووە بەناوبانگترین مێژوونووسی سەردەمی خۆی، ئەوە باس دەکات کە چاودێریکردنی مەزنی و شکۆداریی ئەو ڕۆژە وەهای لێ کردبوو هەست بکات کە خۆر " لەنێوەڕاستی ئاسماندا ڕاوەستا و و جێگیرە.... کەشەکەم بیردێتەوە، زۆر باش و خۆش بوو. ئەوە ئێمەین لەسەر ترۆپکی جیهاندا دەوەستین، بۆیەش گەیشتینە ئەو ترۆپکە بۆئەوەی تا هەتایە لەسەری بمێنینەوە. بێگومان شتێك هەیە پێی دەگوترێ مێژوو، بەلأم مێژوو شتێکی قێزەونە و بۆ گەلانی دیکە ڕوو

دەدات. ئێمە زۆر بە ئاسوودەییەوە لە دەرەوەی کۆی ئەو شتانەین، من دڵنیام".

بەڵام بێگومان، مێژوو بۆ بریتانیا ڕووی دا. ئەو پرسیارەش لەهەمبەر زلهێزەکان لە زەمەنی ئێمەدا ئەوەیە: ئاخۆ مێژوویەك بۆ ئەمریکاش ڕوو دەدات؟ ئایا لە ئێستەدا ڕوودەدات؟ وێکچوونێکی سەد لەسەد نییە، بەڵام بریتانیا لە ترۆپکی شکۆی خۆیدا نزیکترین گەلە لە چاخی نوێ دەگاتە ئەو شوێنەی کەوا لە ئێستەدا ئەمریکا پێیگەیشتووە. لەبەرئەوە، لەسەرمان پێویستە ئاگاییمان بخەینە سەر ئەزموونی بریتانیای مەزن کاتێك بیر لەوە دەکەینەوە کە ئاخۆ هێزەکانی گۆڕانکاری کار لە ئەمریکا دەکەن و چۆن؟

زۆرێك لە دووبارەبوونەوەی هاوچەرخانەی گرفتە مێژووییەکانی بریتانیا هەن، بۆ نموونە: دەستوەردانە سەربازییە نوێیەکانی ئەمریکا لە سۆماڵ و ئەفغانستان و عێراقدا ڕێك هاوشێوەی دەستوەردانە کۆنەکانی سەربازیی بریتانیان لە هەمان ئەو شوێنانەدا. گرفتی سەرەکیی ستراتیژیش ئەوەیە کە ئەمریکا وەك بریتانیای پێشوو لەسەر گۆڕەپانی جیهانیدا تاکە پارێزانێکی ڕاستینی جیهانییە، هێندەش وێکچوون کە سەران دەسوڕمێنن. بەڵام، چەند جیاوازییەکی کرۆکیش لەنێوان بریتانیای ئەو کات و ئەمریکای ئێستەدا هەن. چوونکە بریتانیای کۆن لە کاتی هەوڵدانی بۆ پاراستنی پێگەی خۆی وەك مەزنترین هێز، بەرەنگاربوونەوە و تەگەرە هەرە گەورەکەی ئابووری بوو نەك سیاسی، بەڵام لە ئەمریکادا پێچەوانەکەی ڕاستە.

کاریگەریی بریتانیا

لە جیهانی ئـەمڕۆدا، زۆر زەحمەتـە ئەگـەر تـەنیا وێنـای مـەزنیی ئیمپراتۆریـەتی بریتانیش بکەین. چونکە ئەو ئیمپراتۆریەتە لە ترۆپکی شکۆی خۆیدا چارەیەکی گۆی زەویی داپۆشیبوو و چارەیەکی ژمارەی دانیشتووانی سەرگۆی زەویشی لـەخۆی گرتبـوو. تـۆڕی لەنـدەن لـە موسـتەعمەراتەکان و زەوی و بنکـە و شۆێنەکانی دیکەدا سەرتاپای گۆی زەویی داگرتبوو، ئیمپراتۆریەتەکەش بـەهۆی دەریاوانیی پاشایەتییەوە دەپارێزرا کـەوا لـە مێـژوودا مـەزنترین هێـزی دەریـایی بوو. لە کاتی ئاهەنگێران بەبۆنەی یۆبیلی ئەڵماسییەوە، نمایشی نزیکـەی ١٦٥ کەشـتی کـرا کـەوا چـل هـەزار دەریـاوان و سـێ هـەزار تۆپهاوێـژ لـە پۆرتسمۆس؛زەبەلاحترین گردبوونـەوەی کەشـتیگەلی دەریـاوانیبوو لـە مێـژوودا*. بەدرێـژایی چـارەگە سـەدەیەکی پـێش ئـەم بۆنەیـە، ئیمپراتۆریەتەکـە بـەهۆی ١٧٠,٠٠٠ میلی دەریایی لـە کێبلـی درێـژکراوە بـەنێو زەریاکانـدا ٦٦٢,٠٠٠ کێبڵـی هەوایی و داپۆشراوی ژێرزەوی هەبوو، کەشتییەکانی بریتانی پێشخسـتنی یەکـەم تۆڕی پەیوەندیی جیهانییان بەهۆی تەلەگرافەوە ئاسان کرد. هەروەها هێڵـەکانی شـەمەندەفەر و کەناڵـەکان (گرنگترینیـان کـەناڵی سـوێس) بـوون کـە توانـای بـەردەوامی و پەیوەنـدیی سیسـتمەکەی پتـەوتر کـرد. بـەهۆی کـۆی ئەمانـەوە، ئیمپراتۆرییەتی بریتانی یەکەمین بازاڕی ڕاستینی جیهانی دامەزراند.

ئەمریکییەکان باس لـە توانـای بەکێشـکردنی ڕۆشـنبیری و هزرەکانمـان دەکـەن، بـەلام هێـزی نـەرم لـە سـەدەی نۆزدەیەمـەوە لەگـەڵ بریتانیـادا دەسـتیپێکرد. چـوونکە بـەهۆی ئیمپراتۆریەتەکـەوە، زمـانی ئینگلیـزی وەك زمـانێکی جیهـانی بڵاوبوویەوە کەوا لە دوورگەکانی کاریبییەوە تا دەگاتە قاهیرە و لە کیپ تاونەوە

---

*) ئەستەمە بە وردی خەملاندن بۆ ئـەم ژمارەیـە بکـرێ، چـوونکە لێکۆڵـەرەکان پێـوەری جۆراوجۆریان بەکارهێناوە (هاوکێشەی هێزی کڕین، دۆلارەکانی ساڵی ١٩٨٥، و هیدیکە).

تا دەگاتە کالکۆتا قسەی پێ دەکەن. ئەدەبی ئینگلیزی لە گشت شوێنێکدا بووە شتێکی باو؛ شەکسپیر و شارلۆك هۆڵمز و ئەلیس لە وڵاتی سەیروسەمەرەدا، ڕۆژە خوێندنگەییەکانی تۆم براون و چیرۆك و کەسییەتییە بریتانییەکان لەهی هەر گەلێکی دیکە زیاتر بوونە بەشێکی ڕەگداکوتاوتری ڕۆشنبیریی نێو دەوڵەتی.

هەروەها بەهایەکانی ئینگلیزیش بە هەمانشێوە بڵاوبوونەوە. کلاودفیلیزی مێژوونووس جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بریتانیا و ئیسپانیا دوو هێزی ئیمپراتۆریی زەمەنی خۆیان بوون و هەوڵیان دا هزر و دابونەریتەکانی خۆیان بۆ موستەعمەراتە خۆرئاواییەکان بگوازنەوە. ئیسپانیا دەیویست ڕیفۆرمی دژ بدۆزێتەوە (ئەویش بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمی بوو کەوا کڵێسای کاسۆلیکیی ڕۆمانی لەساڵی ١٥٤٥دا لەپێناو ڕووبەڕبوونەوەی زیادبوونی هێزی پرۆتستانتی لە ئەوروپا بەڕێوەی دەبرد) لە جیهانی نوێدا پێگەیەکی بۆ بدۆزێتەوە، بریتانیاش دەیویست فرە ئاینیی و سەرمایەداری گەشە بکەن. وەك دواتریش ڕوونبوویەوە، هزرەکانی بریتانی سەلماندی کەوا لە هزرەکانی ئیسپانی جیهانیترە. لە ڕاستیدا، جۆر و شێوەکانی کار و خۆشڕابواردنی هاوچەرخ بەهای یەکەم گەلی پیشەسازی — لە جیهاندا— لەخۆیدا ئاوێتە کردووە. لەوانەیە بریتانیا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەرکەوتووترین هەناردەکاری ڕۆشنبیرییەکەی بووبێت. لە ئێستەدا ئێمە باس لە خەونی ئەمریکی دەکەین، بەلام پێش ئەمە شێواز و نۆرمی ژیانکردنی ئینگلیزی هەبوو؛ نۆرمێك بوو بەدواداچوونی بۆ دەکرا و سەرسامییەکی مەزنی بۆ خۆی ڕاکێشابوو و لە گشت ناوچەکانی جیهانیشدا لاسایی دەکرایەوە، بۆنموونە: هزرەکانی گەمەی خاوێن و بەهایەکانی وەرزشی و ئارەزوومەندییەکان لەلایەن دکتۆر تۆماس ئارنۆڵدی مامۆستای بەناوبانگ و بەڕێوەبەری خوێندنگەی ڕۆگبی (ئەو شوێنەی کەوا ڕووداوەکانی ڕۆمانی ڕۆژە

خوێندنگەییەکانی تۆم براونی تیایدا ڕووی دابوو) کاریگەرییەکی زۆری لە دی کوبیرتینی بارۆنی فەڕەنسی کردبوو کەوا لە ساڵی ١٨٩٦دا داهێنەری گەمە نوێیەکانی ئۆلۆمپییەکان بوو. لەبەر ئەم هۆیە، ئیان بوروماى نووسەر بەشێوەیەکی گونجاو وەها وەسفی گەمەکانی ئۆلۆمپی کردبوو کە " بیرۆکەی خەیاڵیانەی گوندێکی ئینگلیزییە".

کۆی ئەمانە لە ساڵی ١٨٩٧دا دانی پێدا نەندرابوو، بەڵام زۆربەشیان وەها بوون. چوونکە بریتانییەکان تاکەکەس و وڵات نەبوون کە بەراوردی نێوان ئیمپراتۆرییەت و ڕۆمایان کردبوو، ڕۆژنامەی لوفیگارۆی فەڕەنسی ڕایگەیاندبوو کە خودی ڕۆما" هاوتا و هاوشانێکی بۆ پەیدابووە، ئەگەر نەڵێین پێشیشی کەوتووە، ئەویش ئەو هێزەیە کەوا حکومی خەڵك دەکات و بەرژەوەندییەکانیان لە کەنەدا و ئوسترالیا و هیند و دەریایەکانی چین و میسر و نێوەڕاست و باشووری ئەفریقیا و لە زەریای ئەتڵەسی و دەریای نێوەڕاستدا بەڕێوەدەبات". تەنانەت ڕۆژنامەی کروز – زیتونگ لە بەرلین کەوا بەزۆری بیروبۆچوونەکانی دەستەبژێری ئەرستۆکراتی بڕۆسیی دژ بەئینگلیزی تیادا ڕەنگ دەداتەوە، ئیمپراتۆرییەکەی وەها وەسفکردبوو کەوا لە ڕووی کردارییەوە زۆر پتەوە. هەروەها لەپشت زەریای ئەتڵەسییەوە، نیویۆرك تایمز بە شێوەزارێکی زۆر بەگوڕوتاوەوە ئاماژەی بەوە کردبوو کە:" ئێمە بەشێکین، بەشێکی گەورە، لە بریتانیای مەزن کەوا وەها پێدەچێ زۆر بە سانایی بۆ ئەوە هەڵبژێردرابێت هەژموون و دەستهەڵاتی بەسەر سەرتاپای گۆی زەویدا هەبێت".

لێژبوونەوەی گرۆڵەی بریتانیا

پێگەی شکۆدارکراوی بریتانیا زۆر لەوە فشۆڵتر بوو کە خۆی پیشان دەدا و بانگەشەی دەکرد. چوونکە تەنیا دوای دوو ساڵ لە ئاهەنگی یۆبیلی ئەڵماسیدا، مەملەکەتی یەکگرتوو چووە نێو جەنگەوە، ئەویش جەنگێك بوو کەوا بەڕای زۆربەی توێژەرانەوە ئەو ساتە بوو تیایدا هەژموونە جیهانییەکەی بەرەو داڕووخان و لێژبوونەوە دەستیپێکرد. لەندەن لەوە دڵنیابوو کە بەبێ هەوڵ و تەقەلایەکی گەورە سەرکەوتن وەدەستدێنێ. ئەدی چۆن؟! لە کاتێکدا سوپای بریتانی ماوەیەکی کەمبوو کە لە جەنگێکی هاوشێوەدا لەگەڵ دەروێشەکان لە سوودانداسەرکەوتنی وەدەستهێنابوو، هەرچەندە ژمارەیان دوو هێندەی ئەوان بوو. چوونکە سوپای بریتانی لە جەنگی ئوم درماندا و تەنیا ٤٨ سەربازی خۆی لەدەست دا، بەڵام تەنیا لە ماوەی پێنج کاتژمێردا ٤٨.٠٠٠ جەنگاوەری لە ڕیزی دەروێشەکاندا کوشت و بریندارکرد. زۆرێك لە بریتانییەکان وەهایان زانی جەنگی دژ بە بۆرییەکانیش Boers – کە لە ڕەچەڵەکێکی هۆڵەندین و لە باشووری ئەفریقیادا دەژیەن– بەهەمانشێوەی جەنگی دەروێشەکان سانا دەبێت، یان بەپێی گوزارشتی یەکێك لە ئەندام پارڵەمانەکان "ئەوە ئیمپراتۆرییەتی بریتانیە لە بەرانبەر ٣٠.٠٠٠ جووتیاردا".

بریتانیا بەهۆی چەند هۆیەکی بەڕووکەش ئەخلاقی جەنگەکەی هەڵگیرساند کە گوایە بەرگریکردنە لە مافەکانی دانیشتووانی باشووری ئەفریقیا کە بە زمانی ئینگلیزی قسەیان دەکرد و لە لایەن کۆچبەرە هۆڵەندییە دەستهەڵاتدارەکانەوە؛ بۆیرسەکانەوە – وشەی Boer بە هوڵەندی و ئەفریقی واتای جووتیار دەگەیەنێ– بەشێوەیەکی خراپ ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرا. بەڵام، لە هەمان کاتدا ئەوەش لە دەرەوەی ئاگایی لەندەن نەبوو کە باشووری ئەفریقیا لە ساڵی ١٨٨٦وە زێڕی لێ دۆزراوەتەوە و ڕێژەی چاریەکە زێڕی هەموو جیهانی بەرهەم

دەهێنا. بەهەرحاڵ ئەفریکاییەکان هێرشێکی دەستپێشخەرانەیان ئەنجام دا و جەنگ لە ساڵی ١٨٩٩دا دەستیپێکرد.

هەر لە سەرەتاوە کاروبار و هەلومەرجەکان بۆ بریتانیا خراپ کەوتنەوە. ڕاستە کە بریتانیا پیاوێکی زۆرتر و چەکی باشتری هەبوو و باشترین جەنەڕاڵەکانی دەنارد (لەوانە لۆرد کیچینەری پاڵەوانی جەنگی ئوم درمان)، بەڵام بۆیرسەکان لە بەرگریکردندا زۆر خۆڕاگر و توندبوون، خاکەکەشیان باش دەناسی، هەروەها لەلایەن دانیشتووانانی سپیپێستەوە پاڵپشتییەکی گەورەیان لێ دەکرا، تەکتیکی سەرکەوتووانەی جەنگی پارتیزانییان گرتەبەر کەوا پشتی بە جوولەی لەشسووکانە و خێرایی دەبەست. کاتێکیش بریتانییەکان بینیان کە پێشکەوتوویە سەربازییە زەبەلاحەکەیان لە گۆڕەپاندا سوودێکی زۆریان پێنەبەخشین، سەرکردەکانیان پەنابردە بەر شێواز و ڕێگەی دڕندانە؛ گوندەکانیان سووتاند، خەڵکی سڤیلیان بەرەو سەربازگەکانی دەستگیرکردن برد (کە لە جیهاندا وێنەی نەبوو)، سەربازێکی بێشوماریان هێنایە سەر گۆڕەپانی جەنگ. لە کۆتاییدا، ٤٥٠.٠٠٠ سەربازی بریتانی لە باشووری ئەفریقیا دژی میلیشیایەك دەجەنگان کەوا ژمارەی جەنگاوەرانیان ٤٥.٠٠٠ بوو.

ڕاستە کە بۆیرسەکان نەیانتوانی بەیەکجاری بەرپەرچی بریتانییەکان بدەنەوە و لە ساڵی ١٩٠٢دا خۆیان ڕادەستکرد، بەڵام بریتانیا لە ڕوانگەیەکی فراوانترەوە جەنگەکەی دۆڕاند. ٤٥.٠٠٠ پیاوی کردە قوربانی، هەروەها نیو ملیار پاوەندی خەرجکرد، پانتایی بڵاوبوونەوەی سوپاکەی هێندە فراوانکرد کە هێندەی نەمابوو بەتەواوی دووچاری کارەساتیان بکاتەوە، هەروەها دەستەوەستانییەکی گەورە و گەندەڵییەکی زەبەلاح لەو جەنگەدا ئاشکرابوو. جگە لەمانەیش، ئەو تەکتیکە دڕندەییانەی کەوا لە جەنگەکەدا پێڕەوی کردن لەبەردەم هەموو

جیهانـدا وێنەکـەی ناشـرین کـرد. لـە نیشتمانیشـدا، کـۆی ئەمانـە بوونـە هـۆی ئاشکرابوون و یانیش دروستبوونی دووبەرەکی سـەبارەت بـە ڕۆڵـی جیهانییانـەی بریتانیـا. لـە دەرەوەشـدا، گشـت زلهێزەکـانی دیکـە– فەڕەنسـا، ئـەڵمانیا، ویلایەتـەکانی یـەکگرتووی ئـەمریکا– دژی کردارەکـانی لەنـدەن بـوون، لـۆرانس جیمسی مێژوونووس سەبارەت بە بریتانییـەکانی سـاڵی ۱۹۰۲ نووسـی ئـەوان "" بەبێ هاوڕێ بوون".

ئێستە با بەخێرایی بێینەوە نێو ساتی ئێستە کە تیایدا زلهێزێکی زەبەلاح هەیـە، لـە ڕووی سـەربازییەوە تێکناشـکێ، لـە ئەفغانسـتاندا سـەرکەوتنێکی سـانا وەدەستدێنێ، دواتر ڕوو لـە شـتێکی دیکـە دەکـات کـە پێـی وایـە دژ بـە ڕژێمـی دابڕاوی سەدام حوسەین لە عێراق جـەنگێکی دیکـەی ئاسـانە. دەرئەنجامەکـەش ئەوەبوو کە سەرکەوتنی سەرەتا خێرابوو، بەڵام دواتر ململانێیەکی درێژ و تـاڵ و پـڕ لـە هەڵـەی سیاسـی و سـەربازیی بـەدواداهات و ڕووبـەڕووی دژایـەتی و ناڕەزاییـەکی تونـدی نێودەوڵـەتی بوویـەوە. بێگومـان وێکچـوونەکە ڕوونـە: ویلاتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بریتانیایە و جەنگی عێـراقیش جـەنگی بویرسـە؛ بەدرێژاییش پێدەچێ ئایندەی ئەمریکا غەمۆکانە بێت. ئەوجا بەبێ ڕەچـاوکردنی دەرئەنجامەکـە لـە عێـراق، تێچـووی جەنگەکـەش زۆر گـران بـوو. ویلایەتـەکانی یـەکگرتووی ئـەمریکا شـەکەت بـوو، سوپایەکەشـی توانـا و بڕسـتی لەبـەر بـڕا، وێنەکەیشـی ناشـرین بـوو. هـەروەها وڵاتـانی ناحـەزی وەك ئـێران و فـەنزوێلا و زلهێزەکانی وەك ڕووسیا و چین، لـە ئێسـتەدا سـوود لـە سـەرقاڵبوون و قـەدەرە خراپەکەی واشنتۆن دەبینن. ئەمەیش هـەمان بابەتـە وێکچـوو و باوەکەیـە، واتـا بابەتی داڕووخان و لێژبوونەوەی گرۆلەی ئیمپراتۆرییەتی بریتانی کـە سـەرلەنوێ خۆی بەدیاردەخاتەوە. واپێدەچی مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە.

هەرچەندە ویکچوونەکان روونن، بەلام بەڕاستی هەلومەرجەکان ویکناچن.
مێژوونووسان سەدان کتێبیان نووسیوە و ئەوە راڤە دەکەن کە ئەگەر لەندەن چەند سیاسەتێکی دیاریکراوی دەرەوەی پێڕەو بکردبایە دەیتوانی قەدەری خۆی بگۆڕێ. هەندێکیان دەڵێن، تەنیا ئەگەر خۆی لە جەنگی بویرس بەدووربگرتبایە وەهای بەسەر نەدەهات. هەندێکی دیکەیان دەڵێن ئەگەر لە دەرەوەی ئەفریقیا بووایە وەهای لێ نەدەقەوما. بەلام نیال فریگیسون بەگاڵتە و لاقرتێیەوە دەڵێت ئەگەر بریتانیا بەشداریی لە جەنگی یەکەمی جیهانی نەکردبایە، ئەو قوڕەی بۆ نەدەگیرایەوە (ئەگەر بریتانیا بەشداریی نەکردبایە، لەوانەبوو جەنگی جیهانی رووی نەدابووایە)، لەوانەیە بیتوانیبایە پێگەی خۆی وەك گەورەترین هێز بپاراستبووایە. لە راستیدا، جۆرە راستییەك لەو لۆژیکە شیمانەییەدا هەیە(چوونکە جەنگی یەکەمی جیهانی بەڕاستی بریتانیای مایەپووچ و قەللۆش کرد)، بەلام بۆئەوەی شتەکان بخەینەوە سەر رەوتە دروستە مێژووییەکانی خۆیانەوە، لەسەرمان پێویستە لە چەند گۆشەیەکی جیاوازە لەو مێژووە بنوارین. سەیر نییە کە بریتانیا دووچاری دارمان و لێژبوونەوە بوویەوە، بەڵکو ئەوەی سەیرە مانەوەی هەژموونەکەیەتی بەدرێژایی ئەو ماوەیە. هەروەها تێگەیشتن لەو رێگەیەی کەوا بەهۆیەوە بریتانیا گەمەی بە کارتەکانی بەردەستی کرد– کە لەگەڵ گوزەرکردنی کاتدا لاواز و بێهێز دەبوو– لەوانەیە بۆ تیشك خستنە سەر رێگەی ئایندەیی ئەمریکا یارمەتیدەرێك بێت.

هەڵکشانە سەیر و دەگمەنەکەی هێزی بریتانی

بریتانیا بۆ ماوەی چەندان سەدە بە وڵاتێکی دەوڵەمەند مایەوە (لە زۆربەی ئەو قۆناغەشدا وەك مەزنترین هێز مایەوە)، بەلام لە رووی ئابوورییە لە نەوەیەك زیاتر نەیتوانی وەك مەزنترین هێز بمێنێتەوە. زۆربەی جار لە بەستنەوەی

لووتکـەی مەزنایـەتیی بریتانیـا بـە ڕووداوە گـەورەکانی ئیمپراتۆریـەت – وەك یۆبیلی ئەڵماسی– هەڵە دەکەین کەوا بە نیشانەکانی هێز دادەنـدرا. بـەڵام دەبـێ بزانین کە باشترین ساڵەکانی بریتانیا ئەوانەی پێش ساڵی ١٨٩٧ بـوون. ترۆپکـی مەزنایەتیی بریتانیا نزیکەی نەوەیەك بەر لەم مێژووە و لە ساڵی ١٨٤٥ تـا سـاڵی ١٨٧٠ بوو. بریتانیا لەو کاتیدا زیاتر لە ٣٠٪ تێکڕای بەرهـەمی جیهـانیی بەرهـەم دەهێنا. هەروەها بەکاربردنی وزەش لە لایـەن بریتانیـەوە نزیکـەی ١٥٥ جـار لـە بەکاربردنی بڕووسیا زۆرتر بوو. هـەروەها بەرپرسـی خمسـی ئـاڵوێری بازرگـانیی جیهـانی و دوو پێنجیـەکی ئـاڵوێرە پیشەسـازییەکەی بـوو. کـۆی ئـەم شـتانەی لەدەسـتبوو و ژمـارەی دانیشتووانیشـی تـەنیا ٢٪ی تێکـڕای دانیشـتووانی گـۆی زەوی بوو!.

لە ساڵی ١٨٢٠دا کاتێك ژمارەی دانیشتووان و کشتوکاڵ دوو هۆکاری دیاریکـەر و سـەرەکیی تێکـڕای بەرهـەمی نێوەخـۆیی بـوو، ئـابووریی فەڕەنسـا لـە ئـابووری بریتانیـا گـەورەتر بـوو. لەگـەڵ هـاتنی حەفتایـەکانی سـەدەی نۆزدەیەمیشـدا، ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لـە زۆربـەی پێوەرەکـانی پیشەسـازیدا لەگـەڵ بریتانیـا یەکسـان بـوو، دواتـر لـە سـەرەتایەکانی دەیـەی هەشـتایەکاندا بـەپێش بریتانیا کەوت، دواتـریش ئـەڵمانیا پـاش پـانزە سـاڵ هـەمان شـتی کـرد. لەگـەڵ دەسـتپێکردنی جـەنگی یەکـەمی جیهانیشـدا، ئـابووریی ئـەمریکا دوو هێنـدەی ئـابووریی بریتانیـای لێ هـاتبوو. هـەروەها ئـابووریی هەریەکـە لـە فەڕەنسـا و ڕووسیاش لـە ئابوورییەکـەی گـەورەتربوون. لـە سـاڵی ١٨٦٠دا بریتانیـا ٥٣٪ی ئاسـنی جیهـانی بەرهەمـدەهێنا (لـەو کاتیـدا ئەمـە ئامازەیـەك بـوو بـۆ هێزێکـی زەبەلاحی پیشەسازی)، بەڵام لە ساڵی ١٩١٤دا کەمتر لە ١٠٪ی بەرهەمهێنا.

چەندان ڕێگەی پێوانی هێز هەن. لەندەن لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ڕووی سیاسییەوە هێشتا پایتەختی جیهان بوو. چوونکە لەو ماوەیەدا فەرمانەکانی لەندەن لەگشت شوێنەکانی جیهاندا – تەنیا ئەورووپا نەبێت– بالأبوو. هەروەها نەدەکرا کەس دژی بڕیارەکانی بوەستێتەوە یان لە زۆربەی دۆخەکاندا نارەزایی دەربڕێ. بریتانیا لە قۆناغێکدا ئیمپراتۆریەتەکەی خۆی پێکهێنابوو کە پێش سەرهەڵدانی هزری نەتەوەیی بوو، لەبەرئەوە بەرزەفتکردنی شوێنە دوور و لەیەك دوورەکان و پاراستنی ئەو هەژموون و کۆنترۆڵە تەگەرەیەکی کەمی دەهاتە بەردەم. هەروەها هیچ هێزێکی هاوتای هێزە دەریاییەکەی نەبوو و بۆ ماوەی زیاتر لە سەد ساڵ هەر بەو جۆرە مایەوە. بریتانیا بەهۆی درێژبوونەوە ئیمپراتۆرییەکەی، لەسەر کەرتی بانکی و گواستنەوەی کالآ و دابینکردن و وەبەرهێنانەکان لە جیهاندا هەر بە هەژموونداری مایەوە. لەندەنیش هێشتا هەر مەڵبەندی بەڕێوەبردنی ئابووریی جیهانی بوو و هێشتا هەر پاوەند دراوێکی یەدەگی جیهانی بوو. هەتاکو ساڵی ۱۹۱٤ ئەو قەبارە سەرمایەیەی کەوا بریتانیا لە دەرەوە وەبەرهێنانی پێ کردبوو، دوو هێندەی ئەو سەرمایەیە بوو کەوا فەرەنسا وەبەرهێنانی پێ کردبوو، هەروەها پێنج هێندەی سەرمایەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بوو. داهاتەکانی ئەو وەبەرهێنانانە و کاری دیکەی شاراوەی بازرگانی، بەشدارییەکی زۆری لە پەردەپۆشکردنی داڕووخان و لێژبوونەوەی بریتانیادا کردبوو.

بەلأم لە ڕاستیدا ئابووریی بریتانی دادەبەزی. لەو ڕۆژگارانەدا، پیشەسازی و دروستکردن بەرپرسی زۆربەی ئابووریی نەتەوەیی بوو، هەروەها ئەو کالآیانەی کەوا بریتانیا بەرهەمی دەهێنان زیاتر ڕابردوویان دەنواند نەك ئاینده. لە ساڵی۱۹۰۷دا بریتانیا چوار هێندەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا پایسکیلی

بەرهەمهێنا. بەڵام ئەمریکا دوانزە هێندە ژمارەی ئەو ئوتومبێلانەی بەرهەمهێنا کەوا بریتانیا بەرهەمی دەهێنان. هەروەها بۆشاییەکە لە پیشەسازیی کیمیایی و بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی زانستی و چەندان بواری دیکەدا بەباشی دەبینرا. بەشێوەیەکی گشتی، ڕێژەی گەشەکردنی بریتانی لە ٢.٦ ٪ لە تروپکی هێزی خۆیدا دابەزی و بووە ١.٩ ٪. لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٨٨٥یش لە دابەزین بەردەوام بوو. بەڵام ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا و ئەڵمانیا بە ڕێژەی ٥٪ گەشەیان دەکرد. بەمشێوەیە، دوای ئەوەی بریتانیا یەکەمین شۆڕشی پیشەسازی دەستپێکرد، بەڵام ئیدی وەك جاران ئەو کارامەییەی نەبوو کە توانای پێ ببەخشێت بەرەو دووەم شۆڕشی پیشەسازیی ببات.

کەسانی پسپۆڕ کەمێك دوای دەستپێکردنی لێژبوونەوەی بریتانیا تاوتوێی هۆیەکانی ئەو لێژبوونەوەیان کرد. هەندێکیان جەختیان لەسەر هۆکارەکانی جیۆسیاسی کردەوە، هەندێکی دیکەشیان جەختیان لەسەر هۆکارە ئابوورییەکان کردەوە، وەك کەمیی وەبەرهێنان لە دروستکردنی کارگە و ئامرازی نوێ و خراپیی پەیوەندییەکانی کار و نەبوونی کارامەییەکانی بازاڕدۆزی. هەروەها ئەوەشیان بۆ ڕوونبوویەوە کە سەرمایەداریی بریتانی چەقبەستوو و مۆدێل کۆنە. چوونکە پیشەسازییەکانی بریتانی وەك پرۆژەی قەبارە بچووك لەگەڵ پیشەکارە کارامەکان دادەمەزرا نەك وەك کارگەی گەورە و ڕێکخراوی وەك ئەوانەی کەوا لە ئەڵمانیا و ویلایەتەکانی یەکگرتوودا دامەزران. چەند ئاماژەیەکیش بۆ هەبوونی گرفتی گەورەتری ڕۆشنبیری و کەلتووریش دەکرا. چوونکە بریتانیای دەوڵەمەند ئیدی وەك جاران گرنگی بە فێرکاری و پەروەردەی کرداری نەدەدا و مادەی زانست و جوگرافیای پشتگوێ خست و گرنگی بە ئەدەب و فەلسەفە دەدا. هۆی ئەمەیش بۆ چینی ئەرستۆکراتیی خاوەنزەوی دەگەڕێتەوە کەوا مۆرکی

دەربەگانەی جڤاکی بریتانیایان دەپاراست. چوونکە ئەو دەستەبژێرە ڕقی لە پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا دەبوویەوە بە ئاستێك کە پیشەسازە سەرکەوتووەکان خۆیان لە دیمەن و قیافەی ئەرستۆکراتییەکاندا پیشان دەدا– خانووی لادێییانە و ئەسپ– هەروەها هەر شوێنەوارێکیان دەشاردەوە کەوا ئاماژە بە سەرچاوەی داراییەکانیان بکات. لەجیات ئەوەی منداڵەکانیان کیمیا و ئەندازەی کارەبایی بخوێنن، لە هەردوو زانکۆی ئۆکسفۆرد و کامبرێدج کاتەکانی خۆیان لە لووشدانی مێژوو و ئەدەبی کۆنی ڕۆمانی و گریکی بەسەر دەبرد.

لەوانەیە هیچ یەکێك لەم کەموکورتییانە شتی گەوهەری و کرۆکی نەبووبن، چوونکە پۆل کنیدی دەڵێت:" هەژموونی بریتانیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەرئەنجامی زنجیرەیەك هەلومەرجی نائاسایی بوو. جا بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی هێزی وەك جوگرافیا و ژمارەی دانیشتووان و سامانەکانی سروشتی، ئەوا بریتانیا دەیتوانی پێشبینیی وەدیهێنانی ۳ بۆ ٤٪ تێکرای بەرهەمی جیهانی بکات، بەڵام پشکەکەی بۆ دە هێندەی ئەم ژمارەیە بەرزبوویەوە". لەبەر ئەم هۆیە، کاتێك ئەو هەلومەرجانە بەرەو نەمان چوون؛ هەروەها کاتێك وڵاتانی دیکەی خۆرئاوایی دەگەیشتنە کاروانی دروستکردن و پیشەسازی، هەروەها کاتێك ئەڵمانیا بووە یەك و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکاش دابەشبوونی خۆی بۆ باکوور و باشوور چارەسەرکرد، هەردەبووایە بریتانیا لێژبێتەوە. لیۆ ئەمیریی پیاوی دەوڵەتی بریتانی لە ساڵی ۱۹۰۵ وە ئەم وێنەیەی زۆر بەڕوونی بینیبوو، ناوبراو دەپرسێ: چۆن ئەم دوورگە بچووکانە دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ لەبەردەم چەند دەوڵەتێکی وەك ویلایەتەکانی یەکگرتوو و ئەڵمانیا خۆیان ڕابگرن کەوا بە هەنگاوی خێرا دەڕۆن بۆ ئەوەی ببنە ئیمپراتۆریای مەزن و دەوڵەمەند؟ چۆن ئێمە دەتوانین بە چل ملیۆن مرۆڤ کێبڕکێ لەگەڵ چەند

ولاتێکدا بکەین کەوا قەبارەیان نزیکەی دوو هێندەی قەبارەی ئێمە دەبێت؟"
ئەم پرسیارە لە ئێستەدا لە لایەن زۆرێك لە ئەمریکییەکانەوە سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەکەی ئەمریکا لەهەمبەر هەڵکشان و گەشەکردنی چیندا دەکرێت.

سیاسەتێکی باش، ئابوورییەکی خراپ

بریتانیا لەوەدا سەرکەوتنی وەدەستهێنا کەوا بۆ ماوەی چەند دەیەیەك لە دوای نەمانی هەژموونی ئابوورییەکەی، پێگەی خۆی وەك یەکەمین زلهێزی جیهان بپارێزێ. ئەمەیش بەهۆی ڕوانگەیەکی دانایانەی ستراتیژی و دیبلۆماسییەتێکی باشەوە بوو. کاتێك لەندەن بینی کە تەرازووی هێز گۆڕانی بەسەردا دێت، پێشوەخت بڕیارێکی هەستیاری ستراتیژی دا کەوا یارمەتیدەری بوو بۆ ئەوەی ماوەی چەند دەیەیەك تەمەنی هەژموونی خۆی درێژ بکاتەوە: ئەوەی هەڵبژارد کە لەجیات ئەوەی ململانێ لەگەڵ ئەمریکادا بکات، خۆی لەگەڵ هەڵکشانەکەی بگونجێنێ. بەمشێوەیە، لە ماوەی چەند دەیەیەکی کەمی دوای ساڵی ١٨٨٠، لەندەن لە مەسەلە دوای مەسەلە لەبەردەم واشنتۆنی متمانەبەخۆ و گەشەسەندوو وردە وردە سازشی کرد. بێگومان، بۆ بریتانیا ئاسان نەبوو لەو موستەعمەراتانەدا دەستبەرداری هەژموونی خۆی بێت کەوا لەپێناویاندا دوو جەنگی بەڕێوەبرد (جەنگی شۆڕشگێڕی و جەنگی ١٨١٢)، هەروەها لەگەڵ جوداخوازانیشدا لە جەنگە نێوخۆییەکەیدا هاوسۆزیی نواند. لە کۆتاییشدا بریتانیا بۆ بەرژەوەندیی موستەعمەراتەکانی پێشووی، بەتەواوی سازشی لە

نیـوە خۆرئاواییەکـەی گـۆی زەوی کـرد، هەرچـەندە لەوێـدا بەرژەوەنـدیی زۆر گەورەی هەبوو*.

بیرۆکە ستراتیژییەکە بەڕاستی دەرەوشاوە و بەرز بوو. چـوونکە ئەگـەر بهاتبایـە بریتانیا دژ بە هەڵکشانی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بوەستابایەوە– جگە لە گشت پابەندییەکانی دیکـەی– ئـەوا گشـت دارایـی و سـامانی خـۆی لەدەسـت دەدا. لەگەڵ ئەو هەموو هەڵەیەی کەوا لە ماوەی نیوەی سەدەی دواتـردا کـردی، ئەوا ئامانج لە ستراتیژەکەی لەندەن سەبارەت بە واشنتۆن– ستراتیژێك بوو کەوا گشت حکوومەتەکانی بریتانیا هەر لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا پێوەی پابەندبوون– کۆکردنەوەی هێزی خۆی بوو لەسەر بەرە هەستیارەکانی دیکە. لـە ئەنجامی ئەمەیشدا، سەروەری و سەرداریی خۆی لەسەر دەریایەکاندا پاراسـت و بەهۆی پێنج کلیلەوە هەژموونی بەسەر ڕێڕەو و ڕەوتە ئاواییـەکان هێشـتەوە کـە زۆرجار دەگوترێ ئـەم پێـنج کلیلـە جیهـان دادەخـەن، ئـەوانیش: سـەنگافوورە، کیپی ئەفریقی، ئەسکەندەرییە، گەرووی جەبەل تاریق، گەرووی دوفر.

بریتانیا کۆنترۆڵە ئیمپراتۆرییەکەی و هەژموونە جیهانییەکەی – لەگـەڵ هـەبوونی بەرهەڵستییەکی بەرێژە کـەم– بـۆ مـاوەی چـەندان دەیـە پاراسـت. چـوونکە لـە یەکلاکردنەوەی جەنگی یەکـەمی جیهانیـدا، بریتانیـا زیـاتر لـە ١.٨ ملیـۆن میلـی چوارگۆشـە زەوی و ١٣ ملیـۆن ملکەچـی نـوێی بۆخـۆی بـرد کـە زۆربـەیان لـە خۆرهـەلاتی نێوەڕاسـتدا بـوون. لەگـەڵ ئەمەیشـدا، بۆشـایی نێـوان ڕۆڵـە سیاسییەکەی و توانایە ئابوورییەکەی لـە گـەورەبوون و فراوانبـوونی بەردەوامـدا

*)مـاتیۆ ڕیچـی مـوژدەهێن (مبشـر) کـەوا لـە سـەدەی شـانزەیەمدا کاتـژمێرەکانی بـۆ ئیمپراتۆری چینی هێنا.

بوو. چوونكە لەو كاتەی ئیمپراتۆرییەكەی لە پێشوودا سەرچاوەی قازانج بوو، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا بووە بارێكی زۆرگران بەسەر خەزێنەی بریتانیاوە. هەروەها ئەو كاتە بۆ نەریتی نرخ گران گونجاو نەبوو. لەبەرئەوەی ئەو كات ئابووریی بریتانیا لە پاشەكشەدا بوو و جەنگی یەكەمی جیهانیش زیاتر لە ٤٠ ملیار دۆلاری تێچووبوو، هەروەها قەرزەكانی بریتانیا — كە رۆژگارێك قەرزدەری سەرەكی بوو– گەیشتە ١٣٦٪ تێكرای بەرهەمی نێوەخۆیی. هەروەها بەرزبوونەوەی قەرزی حكوومەت بۆ دە هێندە واتا نۆرە و جارەكانی (دفعات) سوود، لەگەڵ هاتنی نیوەی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، نیوەی خەزێنەكە بۆ خۆی رادەكێشێ. بریتانیا ویستی لە ئاستە سەربازییەكەی جارانی خۆی بمێنێتەوە، بۆیێ دوای جەنگی یەكەمی جیهانی كەشتیگەلی ئەڵمانیای بە نرخی هەرزان كڕی، هەروەها بۆماوەیەكی كورت پێگەی خۆی وەك گەورەترین هێزی دەریایی پاراست. بەڵام لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٣٦ خەرجیی بەرگریی ئەڵمانیا سێ هێندەی خەرجیی بریتانیا زیادی كرد. هەر لە هەمان ئەو ساڵەشدا كە تیایدا ئیتاڵیا هێرشی كردە سەر ئەسیوبیا، مۆسۆلینیش ٥٠.٠٠٠ سەربازی لە لیبیا دانا، ژمارەی سەربازانی مۆسۆلینیش دە هێندەی ژمارەی ئەو سەربازە بریتانیانە بوو كەوا كەناڵی سوێسیان دەپاراست. ئەم هەلومەرجانە و هەروەها یادەوەرییەكانی جەنگی جیهانی كەوا بووە هۆی كوشتنی ٧٠٠.٠٠٠ بریتانی، وەهای لە حكوومەتەكانی بریتانیا كرد لە دەیەی سییەكاندا نیازە پاكەكانیان پێ باشتر بێت و بەوە رازیبن خۆیان لە پێكدادان لەگەڵ هێزە فاشییەكە بەدووربگرن.

لێرەدا گرفتەكانی دارایی كاریگەرییان لە ستراتیژییەكان كرد، باشترین نموونەش بۆ ئەمە بڕیاری گۆڕینی سەنگافوورە بوو بۆ بنكەیەكی زەبەلاخی دەریایی.

بریتانیا سەنگافوورەی– جەبەل تاریقی خۆرهەلاتی– بە قورگی شووشە ستراتیژییەکەی نێوان هیند و زەریای هێمن دەزانی، لەبەرئەوەی دەتوانێ جوولەکردنی یابان بەرەو خۆرئاوا بوەستێنێ. (بریتانیا بژاری پاراستنی هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ تۆکیودا هەبوو – زۆرێك لە نەرمی– بەڵام ویلایەتەکانی یەکگرتوو و ئوستورالیا رەتیان کردەوە). ستراتیژەکە شتێکی لۆژیکی بوو، بەڵام بریتانیا لەبەر دۆخە ناسەقامگیرە داراییەکەی، پارەی پێویستی نەبوو بۆ ئەوەی گورژمەی بۆ تەرخان بکات. چوونکە حەوزەکانی پرچەککردنی کەشتییەکان زۆر بچووك بوون و جێگەی ئەو کەشتیگەلانەی تیادا نەدەبووەوە کەوا بتوانن رووبەرووی یابانییەکان ببنەوە، هەروەها سووتەمەنیش بەپێی پێویست نەبوو، خۆ قایمکردنەکانی بواری بەرگریش زۆر سادە بوون. لەبەر ئەم هۆیانە، کاتێك هێرشی یابانی دەستپێکرد، سەنگافوورە لە ماوەی یەك هەفتەدا کەوت.

دواتر جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا بۆ ئەوەی دوا بزمار لە تابووتی هێزی ئابووریی بریتانی بدات (لە ساڵی ١٩٤٥دا تێکڕای بەرهەمی نێوەخۆیی ویلایەتەکانی یەکگرتوو دە هێندەی تێکڕای بەرهەمی بریتانی بوو). بەڵام، تەنانەت لەو کاتیشدا بریتانیا بەشێوەیەکی کاریگەری ئەوتۆ مایەوە کەوا ببووە جێگەی سەرسوڕمان، بەلای کەمەوە بەشێوەیەکی بەشەکی بەهۆی وزەی دەرهاوێشتە و ئەو بەرتەماییانەوە بوو کەوا وینستۆن چەرچڵ پێی دەناسرایەوە. کاتێك ئەوە رەچاو دەکەیت کەوا ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا زۆربەی تێچووە ئابوورییەکانی هاوپەیمانانی دەدا و رووسیاش بەرگەی زۆربەی هێدمەکانی دەگرت، ئەوا مەسەلەکە ویستێکی دەگمەنی لە بریتانیا دەخواست کە هەر بە یەکێك لەو سێ زلهێزە بمێنێتەوە کەوا لە دوای جەنگدا چارەنووسی جیهانیان دیاری کرد. لە راستیدا وێنەی رۆزفلت و ستالین و چەرچڵ لە کۆنگرەی

یالْتا لە شوباتی ساڵی ١٩٤٥دا کەمێك سەرلێشێوێنەرە، چوونکە سێ زلهێز نەبوون بەڵکو دوو هێزی مەزن هەبوون لەگەڵ سەرکێشێکی سیاسیدا کەوا توانی خۆی و وڵاتەکەی لە گەمەگەدا بهێڵێتەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەوە بریتانیا بۆ ماوەیەکی زۆری نێو سەدەی بیست زۆرێك لە ڕەگەزەکانی زلهێزییەکەی خۆی بهێڵێتەوە.

بەڵام بێگومان ئەمە بەبێ نرخ و بەخۆڕایی نەبوو، چوونکە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە بەرانبەر ئەو قەرزەی کەوا بەخشییە لەندەن، لە دوورگەی کاریبی و کەنەدا و زەریای هیندی و زەریای هێمندا دەستی بەسەر دەیان بنکەی بریتانیادا گرت. سەبارەت بەم پرسە یەکێك لە ئەندام پاڕلەمانەکانی ئەوکات گوتوویەتی:" با ئیمپراتۆریەتی بریتانی بدرێتە قەرزدەرێکی ئەمریکی؛ تاکە هیوامان".لەو کاتەی کە جۆن مینارد کینیزی زانای ئابووریزان زیاتر ڕق و قینی هەڵسابوو کاتێك وەسفی یاسای Lend-Leas Actی کردبوو و گوتبووی کە هەوڵێکە بۆ دەرهێنانی هەردوو چاوی ئیمپراتۆرییەتی بریتانی. بەڵام ئەو چاودێرانەی کەوا لایەنی سۆزییان کەمتر بوو بە مەسەلەیەکی بێ چەندوچۆنیان دانابوو کە هەردەبێ بکرێ. ئارنۆڵد توینبیی مێژوونووس – کە ئەوکات ببووە مێژوونووسێکی بەناوبانگ– وەها دڵی ئەمریکییەکانی دابوویەوە بەوەی کە " دەستی ئەمریکا لە دەستی ڕووسیا و ئەڵمانیا و یابان زۆر نەرمتر و میهرەبانترە، پێم وایە کە ئەمە بژارە بەردەسەکانە".

خاڵی کرۆکی ئەوە بوو کە بریتانیا وەك هێزێکی مەزن بەهۆی کارکردە خراپە سیاسییەکەیەوە دانەڕووخا، بەڵکو بەهۆی بەڕێوەبردنێکی خراپی ئابوورییەوە بوو. چوونکە هەژموونێکی مەزنی جیهانیی هەبوو، بەڵام ئابوورییەکەی لە ڕووی بونیادییەوە لاواز بوو. هەروەها پەنابردنی بۆ چارەسەری نادانایانە مەسەلەکەی

زیاتر تێك دا؛ ئەو لەسەر پێوەری زێڕ پایەدار و جێگیر نەبوو، هەروەها فەرمانە (ڕسوومات)ی ئیمپراتۆریی سەپاند و بەهۆی جەنگەوە کەوتە ژێر باری قەرزی گەورە. دوای جەنگی دووەمی جیهانیش، بەرنامەیەکی ئابووریی سۆسیالیزمییانەی گرتەبەر – پلانی بیفیریدج– هەروەها کۆتوبەندی توندوتیژ و زەحمەتی خستە سەر بەشە فراوانەکانی ئابووری، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کە ولآتەکە لە شێستەکان و حەفتایەکاندا بکەوێتە نێو دۆخی چەقبەستنەوە (الرکود)، تا ئەو کاتەی کەوا مارگرێت تاتشەر لە هەشتایەکاندا یارمەتیی بووژانەوەی ئابووریی بریتانیای دا.

بەکورتی، بریتانیا بە کارامەییەکی سەرنجڕاکێشی سیاسی و سەرسامکار گەمەی بە کارتە بێهێزەکانی سیاسی کرد، هەرچەندە پێگە ڕێژەییە ئابوورییەکەی ماوەی حەفتا ساڵ لە لێژبوونەوەدا بوو. ئەم مێژووەش وانەی زۆر گرنگ دەداتە ویلایەتەکانی یەکگرتوو.

پێشەنگبوونی ئەمریکا لە دوورمەودادا

یەکەم، زۆر پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە شەقڵی سەرەکیی لێژبوونەوەی بریتانیا– داڕووخانێکی ئابووریی کە هەرگیز نەدەکرا چارەسەر بکرێ– لەمڕۆدا بەسەر ویلایەتەکانی یەکگرتوودا پیادە نابێت. چوونکە پێشەنگبوونی ئابوورییانەی بریتانیا تەنیا چەند دەیەیەکی خایاند، بەلآم پێشەنگیی ئەمریکا زیاتر لە ١٣٠ ساڵی خایاند. چوونکە ئابووریی ئەمریکا لە نیوەی هەشتایەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە پێگە و پلەی مەزنترین ئابووریی جیهان داگیر دەکات، هێشتاکەش و هەتا ئەمڕۆژگارەش هەر لە هەمان پێگەی جاراندایە. هەروەها ویلایەتەکانی یەکگرتوو لەوکاتییەوە لە تێکڕای بەرهەمی جیهانیدا پشکێکی

جێگیر و نەگۆڕی پاراستووە، ئەمەیش مەسەلەیەکە و جێگەی سەرسوڕمانە. چوونکە بە دەرهاوێشتنی کۆتاییەکانی چلەکان و پەنجایەکان- کاتێك وڵاتانی دیکەی پیشەسازی وێرانبوون و پشکی ئەمریکا بۆ ٥٠٪ بەرزبوویەوە- ویلایەتەکانی یەکگرتوو بۆ زیاتر لە سەدەیەك بەرپرسی چاریەکێکی بەرهەمی جیهانی بوو (٣٢٪ لە ساڵی ١٩١٣ و ٢٦٪ لە ساڵی ٢٠٠٧)*. شتێکی ڕێتێچووە کە ڕێژەکە لە هەردوو دەیەی داهاتوودا دابەزێت بەڵام بە پلەیەکی زۆر نا. چوونکە زۆربەی مەزەندەکان ئاماژە بەوە دەکەن قەبارەی ئابووریی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٢٥دا یەکسان دەبێت بە دوو هێندەی قەبارەی ئابووریی چین سەبارەت بە بەهای تێکڕای بەرهەمی نێوخۆیی لە بازاڕی nominal GDP (بەڵام بۆشاییەکە لە هەمبەر ڕێژەی هێزی کڕین بچووکتر دەبێتەوە).

دەکرێ تێبینیی جیاوازیی نێوان ئەمریکا و بریتانیا بکەین لە باری گوژمە سەربازییەکەیانەوە. بریتانیا هەژموون و کۆنترۆڵی بەسەر دەریایەکاندا بڵاوکردبوویەوە، بەڵام لەسەر زەوی نا. چوونکە سوپای بریتانی هێندە بچووك بوو کە ئۆتۆ فۆن بسمارکی ڕاوێژکاری ئەڵمانی جارێك بە گاڵتەوە گوتبووی ئەگەر بریتانییەکان هێرش بکەنە سەر ئەڵمانیا، زۆر بەسانایی داوا لە پۆلیس دەکرێت دەستگیریان بکات. بەڵام ئەو پێشەنگایەتییە دەریاییە بریتانییە- قەبارەی هێزی دەریاوانی لە دووەم و سێیەم هێزی گەورەترین دوو سوپای دەریایی

---

*) ئەم ژمارانە پشت بە تێکڕایەکانی خەرجکردنی دراو دەبەستن لە بازاڕدا، بەبێ ئەوەی پێوەرەکانی بژێوی هەژمار بکرێن. بەڵام سەبارەت بە هاوکێشەی بەهای کڕین ژمارەکان بەمشێوەیەن: ١٩٪ لە ساڵی ١٩١٣، ٢٧٪ لە ساڵی ١٩٥٠، ٢٢٪ لە ساڵی ١٩٧٣ و ٢٢٪ لە ساڵی ١٩٩٨دا، ١٩٪ لە ساڵی ٢٠٠٧دا. ئەم ژمارانەش ئاماژە بە هەمان نموونە دەکەن کە ئەویش سەقامگیربوونی هێزی ئابووریی ئەمریکییە لەسەر ڕێژەی ٢٠٪ی تێکڕای بەرهەمی جیهانی.

جیهـان بەیەکـەوە گـەورەتر بـوو– لەسـەر حیسـابی گەنجینەکـەی بـوو کـەوا بەشێوەیەکی تراژیدی دووچاری لەبەرڕۆیشـتن (استنزاف) و بـەفیڕۆدان کرابـوو. بەڵام سوپای ئەمریکا– لە بەرانبـەردا– لـە گشـت ئاسـتەکاندا کۆنترۆڵی تـەواوی هەیە– دەریا و زەوی و ئاسمان و خۆزا– لە هەر چوارده دەوڵەتەکە بەیەکـەوە زیـاتر خـەرج دەکـات، چـوونکە بەرپرسـی زیـاتر لـە ٥٠٪ خـەرجیی سـەربازیی جیهانییە. هەندێك کەس وەها دەمەتەقیێ دەکـەن کـە گوایـە ئـەم پێـوەرەش لـە بەرانبـەر وڵاتـانی دیکـەی جیهانـدا لـە بـەهای لەپێشـدانەوە و پێشـەنگایەتی و پێشکەوتنی سەربازیی ئەمریکی کەم دەکاتەوە، چوونکە ئەم پێوەرە بردنـەوە و لەپێشــدانەوە زانسـتی و تەکنۆلۆژییەکـەی ڕەچـاو نـەکردووە. ویلایەتـەکانی یـەکگرتوو لـە توێژینـەوەکانی بـەرگری و پێشخسـتندا گوژمەیـەکی وەهـا خـەرج دەکات کە زۆر زۆرترە لە گوژمەی گشت وڵاتـانی دیکـەی جیهـان بەیەکـەوە. زۆر گرنگە لێرەدا ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە ئەم خەرجییە زەبەلاحـەی هـەبووە بـەبێ ئـەوەی دووچـاری مایەپووچـبوون و قەللۆشـی ببێـت. خـەرجیی بـەرگریی لـەم ڕۆژگـارەدا ٤.١٪ تێکـڕای بەرهـەمی نێوخۆییـە، واتـا زۆر کـەمترە لـە زۆربـەی قۆناغەکانی جەنگی سارد. (لـە سـەردەمی دەسـتهەڵاتی ئایزنهـاوەردا، بـۆ ١٠٪ی تێکڕای بەرهەمی نێوخـۆیی بەرزبوویـەوە). نهێنییەکـەش لـە پێگـەی پۆینتدایـە، چوونکە کاتێـك قـەبارەی تێکـڕای بەرهـەمی نێوەخـۆیی ئـەمریکی زیـاتر و زیـاتر گەورە دەبێت، خەرجییـەکان – ئەوانـەی کـە پشـتیان دەشـکاند ئەگـەر هاتبـا و هەلومەرجەکان جیـاوازبووان– کـەمن یـان دەکـرێ بەرگـەیان بگـیرێ، بۆنموونـە: لەوانەیە جەنگی عێراق پرۆژەیەکی پیرۆز و پیاوچـاکانە یـانیش کارەسـات بێـت– ئەمە بەندە بە ڕوانگەی تۆوە– بەڵام لە هـەردوو دۆخـدا ویلایەتـەکانی یـەکگرتوو مایەپووچ نابێت. ڕاستە کـە خـەرجیی جـەنگ زۆر گرانـە، بـەڵام تێچـووەکەی لـە ئەفغانستان و عێراق بەیەکەوە – ١٢٥ ملیار دۆلارە لە ساڵێکدا– ئەمەیش لـە ١٪

تێکڕای بەرهەمی نێوخۆیی ویلایەتەکانی یەکگرتوو کەمترە. بەڵام خەرجیی جەنگی ڤێتنام لە ساڵی ١٩٧٠دا ١,٦٪ی تێکڕای بەرهەمی ئەمریکی بوو و زیاتر لە دەیان هەزار سەربازی ئەمریکی لەو جەنگەدا گیانیان لەدەست دا.

توانای سەربازییانەی ئەمریکی هۆی بەهێزیی ویلایەتەکانی یەکگرتوو نییە، بەڵکو دەرئەنجامیەتی. هۆیەکەش بریتییە لە بنکەی ئابووری و تەکنۆلۆژیی ویلایەتەکانی یەکگرتوو کە هێشتا هێزێکی زەبەلاحی هەیە. بێگومان ویلایەتەکانی یەکگرتوو ڕووبەڕووی بەرەنگاری و گرفتی گەورەتر و قووڵتر و فراوانتری وەها دەبێتەوە کە زۆر لەوانەی ڕابردووی گەورەترن، هەروەها گومانیشی تیادا نییە کە سەرهەڵدان و پەیدابوونی (ئەوانی دیکە) واتای ئەوەیە کە ئەمریکا لە تێکڕای بەرهەمی جیهانیدا پشکی کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەمە هەرگیز بە لێژبوونەوەکەی بریتانیای سەدەی بیستەم ناچێت، کاتێك ئەوەی کۆتایی ڕێبەرایەتیکردنی داهێنان و وزە و پیشەسازی لەدەست دا. ئابووریی ئەمریکی هەر بە زیندوویی و دینامییەتەوە دەمێنێتەوە، هەروەها ویلایەتەکانی یەکگرتوو هەر بە پێشەنگی شۆڕشەکانی داهاتووی زانست و تەکنۆلۆژیا و پیشەسازی دەمێنێتەوە مادام دەتوانێ ئەو تەگەرە و بەرەنگارییانە لەخۆ بگرێت و لەگەڵیان بگونجێت کەوا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

ئاییندە لێرەیە

کاتێك هەوڵ دەدەم ڕاڤەی ئەوە بکەم کە ئەمریکا لە جیهانی نوێدا بەچ شێوەیەك چارەسازی بۆ پرس و کاروبارەکانی خۆی دەکات، هەندێکجار دەڵێم:" تەماشای چوار دەوری خۆتان بکەن". ئاییندە پێشوەخت لێرەیە. جیهانگەرایی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا فراوانی وقووڵییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی. چوونکە

ولاّتـانی بەرهـەمهێنی کـالاّ ژمارەیـان زۆرتـر بـووە، هـەروەها تـەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان مامەڵەکان ساناتر دەکەن، سەرمایەکان لە جوولەکردن بە گشت شوێنەکانی جیهاندا ئازادن. هەروەها ویلایەتـەکانی یـەکگرتوو بەشێوەیەکی زۆر گەورە سوودی لەو پێشکەوتنانە بینیوە. چوونکە ویلایەتەکانی یەکگرتوو بەهۆی وەبەرهێنانەکانـەوە سـەدان ملیـۆن دۆلاری پێگەیشـتووە؛ ئەمـەیش بـۆ ولاّتێـك شـتێکی دەگمەنـە کـە سـەرمایەیەکی گـەورەی تایبـەت بـەخۆی هەیـە. کۆمپانیایـەکانی بەسـەرکەوتنێکی گـەورەوە چـوونەتە نێـو چـەندان ولاّت و پیشەسـازیی نـوێ. هـەروەها تـەکنۆلۆژیا و مامەڵـەی نـوێی بـەکارهێناوە، کـۆی ئەمانەیش لـەپێناو زیـادکردنی قازانجـەکانی بـووە، هـەروەها هەرچـەندە بـەهای دۆلار لـە دوو دەیـەی رابـردوودا بەرزبوونـەوەی بەخۆیـەوە بینیـوە، بـەلاّم هەناردەکانی ئەمریکی هەر بە خۆڕاگری ماونەتەوە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە تێکڕای گەشـەکردن لـە تێکڕای بەرهـەمی نێوخـۆیی بەدرێـژایی بیست و پێـنج سـاڵ بەرێژەیـەکی کـەم ٣٪ی تێپەڕانـدووە؛ ئەمـەیش بەرێژەیەکی گرنگ لە هی ئەوروپا زۆرترە (لـە یاپانـدا تێکڕایەکـە لـە هـەمان ئـەو ماوەیـەدا گەیشـتە ٢.٣٪). هـەروەها گەشـەکردنی توانـای بەرهـەمهێنان – ئەکسـیری ئـابووریی نـوێ لـە دەیـەی کۆتاییـدا – رێـژەی ٢.٥٪ تۆمـارکردووە، جارێکی دیکە بە خـاڵێکی تـەواوی سـەدی لـە تێکڕای ئـەوروپا بـەرزترە. بـەپێی کۆڕبەندی ئـابووریی جیهـانی، لـە ئێسـتەدا ولایەتـەکانی یـەکگرتوو وەهـا پـۆلێن دەکرێ کە ئابوورییەکەی لە گشت ئابوورییـەکانی دیکـەی جیهـان کێبڕێکـارترە. ئـەم پۆلینکردنانـەش سـالاّنە و هـەر لـە سـاڵی ١٩٧٩ وە دەردەچـن و پێگـەی ویلایەتـەکانی یـەکگرتووش جـێگیرە، گەرچـی هەنـدێکجار لەبەرانبـەر ولاّتـانی بچـووکی وەك بـاکووری ئـەوروپا؛ سـوید و دانیمـارك و فنلەنـدا دەخلیسـکێ –

ژمارەی دانیشتووانی هەرسێ ولآت بەیەکەوە بیست ملیۆنە، واتا لە ژمارەی دانیشتووانی ویلایەتی تکساس کەمترە). لەوانەیە ڕەوتی گەشەکردنی پێشەنگانەی ئەمریکی وەها بێتە بەرچاوت کە بەرەو لێژبوونەوە دەچێت، لەوانەشە بۆ ولآتێکی پیشەسازیی پێشکەوتوو لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمی داهاتوودا ئەمە بە سروشتیتر بێتە بەرچاو، بەڵام خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە ئەمریکا ئابوورییەکی دینامیی زۆر پلەبەرزی هەیە کە هێشتاش پێگەی خۆی دەپارێزێ، هەرچەندە قەبارەیەکی زۆر گەورەی هەیە.

تۆ تەماشای پیشەسازییەکانی ئایندە بکە. باوەڕەکان وەهان کە تەکنۆلۆژیای ورد- زانستێکی پیادەکارییە و لەسەر ئاستی ئەتۆمی یان بەشۆکیدا پەیوەندیی بە بەرزەفتکردنی مادەوە هەیە - ئەوا سمینە (اختراقات) زانستییەکان لە ماوەی پەنجا ساڵی داهاتوودا سەرکردایەتی دەکات. چوونکە لە کاتێکی دیاریکراوی ئایندەدا- یان وەها بەمن دەڵێن- خانەوادەکان بەرهەمەکان لە مادەی خاو دروست دەکەن، هەروەها کۆمپانیایەکانی زۆر بەسانایی ئەو تێکڕایانە دادەهێنن کەوا گەردیلەکان دەکەنە کاڵآ. جا ئەگەر ئەمە زێدەڕۆییی بێت یانیش جۆرێك پێشبینیکردن بێت، ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو بەتەواوی هەژموونی بەسەر ئەم بوارەدا هەیە. چوونکە ئەمریکا لە ڕیزی ئەو سێ دەوڵەتەی ڕاستەوخۆ دوای ئەو دێن (ئەڵمانیا، بریتانیا، چین) بەیەکەوە، ژمارەیەکی زۆرتری مەڵبەندەکانی توێژینەوەی تایبەت بەو زانستەی هەیە، زۆرێك لە مەڵبەندە نوێیەکانیشی جەخت لەسەر بابەتی تەنگی خاوەن توانایەکی بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی بیانکەنە چەند پیادەکارییەکی کردارییانەی بازاڕدۆزی- وەك مەڵبەندی تەکنۆلۆژیای وردی سەر بە هەردوو زانکۆی ئیمۆری - جۆرجیا و تایبەت بە زانستی لووی (اورام) جینی و

پێشبینیکراوەکان. هەروەها گوژمەی تەرخانکراوی حکوومی بۆ توێژینـەوەکانی تایبەت بە تـەکنۆلۆژیای ورد لـە ویلایەتـەکانی یـەکگرتووی ئـەمریکا دەگاتـە دوو هێندەی گوژمەی نزیکترین کێبڕکێکار کە ئەویش یابانە. جا لەو کاتەی کە چین و یابان و ئەڵمانیا بە پشکێکی باشی ئەو وتارانـە بەشـداری دەکـەن کـەوا بـاس لـە مادە وردەکان و بابەتە ئەندازیارییەکان دەکەن، ئـەوا ویلایەتـەکانی یـەکگرتووی ئـەمریکا بڕوانامـەی مـافی داهێنـان لـە بـواری تـەکنۆلۆژیای ورد بەرێژەیـەك دەردەچوێنێ لە کۆی ئـەو بڕوانامانـە زۆرتـرە کـەوا کـۆی جیهـان دەری دەکـات، ئەمـەیش ئامـاژە بـە هێـزی دەگمـەنی ئـەمریکا دەکـات بـۆ گـۆڕینی بـیردۆزی ئەبستراکت بۆ بەرهەمی کرداری.

دەستگەی لۆکس بە سەرۆکایەتیی مایکل هۆلمان داتابێسێکی بۆ هەڵسـەنگاندنی تێکـڕای توانـای کێبڕکێـاریی وڵاتـان لـە بـواری تـەکنۆلۆژیای ورد دامەزرانـد. شیکردنەوەکانی هەر بە تـەنیا نەیانڕوانیـە چـالاکی لـە بـواری تـەکنۆلۆژیای ورد، بەڵکو لە داهێنانی زانستیدا تەماشای توانای دروستکردنی گەشەکردنیشـی کـرد. ئەوەی بۆ ڕوونبوویەوە کە هەندێك وڵات کەوا لە توێژینەوەکانـدا گوژمەیـەکی زۆر خەرج دەکەن، ناتوانن زانستەکەیان بکەنە بازرگانی. چوونکە ئـەم وڵاتانـەی نێـو بـورجی عـاجی گوژمەیـەکی زۆر گـەورە لـە پێنـاو توێژینـەوەدا خـەرج دەکـەن، هەروەها وتاری زانستی لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەکەنەوە و مافەکانی دروستکردن و داهێنانیشـیان هەیـە، بـەڵام لەبـەر هۆیـەك نـاتوانن کـۆی ئەمانـە بکەنـە کـاڵای بازرگـانی و هـزر. لـەو وڵاتانـەی کـەوا سـەر بـەم گرووپـەن، چـین و فەرەنسـا و بریتانیان. لە کاتێکدا ٨٥٪ وەبەرهێنانە ئابوورییە زۆر مەترسیدارەکان لـە بـواری تەکنۆلۆژیای ورد دا بۆ کۆمپانیایەکانی ئەمریکی دەچێت.

ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا هەژموونی بەسەر پیشەسازیی تەکنۆلۆژیای بایۆلۆژیشدا هەیە؛ واتا بەکارهێنانی سیستەمەکانی بایۆلۆژی لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی پزیشکی و کشتوکاڵی و پیشەسازی. لە ساڵی ٢٠٠٥ دا کۆمپانیا تایبەتمەندە ئەمریکییەکانی بواری تەکنۆلۆژیای بایۆلۆژی، زیاتر لە ٣.٣ ملیار دۆلاریان لەسەر شێوەی گوژمەیەکی سەرەڕۆیانە وەرگرت، لە کاتێکدا کۆمپانیایەکانی ئەورووپی تەنیا نیوەی ئەم گوژمەیەیان وەرگرت. هەروەها دەرکردنەکان (اصدارات)ی پشکەکانی دوای سەرەتایی IPO – Post لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا حەوت هێندەی ئەوەی ئەورووپا بوو. هەرچەندە دەرکردنە سەرەتاییەکانی پشك IPOs لە ئەورووپا لە ساڵی ٢٠٠٥دا داراییەکی زۆرتری پێگەیشت، بەڵام دەرکردنی سەرەتایی بۆ پشکەکان چالاکییەکی زۆر وەرچەرخاو و گۆڕاوە، چوونکە لە ساڵی ٢٠٠٤دا بەهای دەرکردە سەرەتاییەکانی پشکەکان لە ئەمریکادا چوار هێندەی ئەوەی ئەورووپا گەورەتر بوو. هەروەها لە بواری تەکنۆلۆژیای وردیشدا کۆمپانیایەکانی ئەمریکا لە وەرچەرخاندن و گۆڕینی هزرەکان بۆ بەرهەمی قازانجبەخشی بازرگانی زۆر کارامە و لێهاتوون، چوونکە قازانجی پیشەسازییەکانی بایۆتەکنۆلۆژی لە ساڵی ٢٠٠٥دا گەیشتە نزیکەی ٥٠ ملیار دۆلار، واتا پێنج هێندە لەوەی ئەورووپا گەورەتر بوو، هەروەها هاوتای ٧٦٪ تێکڕای قازانجەکانی جیهانییە*.

* بێگومان ئەو زانیارییانەی کەوا لە کۆمپانیاکانی گشتی وەرگیراون، تەنیا بەشێکی وێنەکە پیشان دەدەن، چوونکە زیاتر لە سێ چارەکی کۆمپانیایەکانی بایۆتەکنۆلۆژی لە جیهاندا (کە ژمارەیان ٤,٢٠٣ کۆمپانیایە) کۆمپانیای تایبەتن. ئەورووپا ٤٢٪ی کۆی کۆمپانیایەکانی تایبەتی هەیە و (لە بەرانبەردا ئەمریکا ٣١٪ی هەیە). بەڵام ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە کۆمپانیا گشتییەکانی بایۆتەکنۆلۆژی پشکی شێری بەردەکەوێ کە دەکاتە ٥٠٪ و ئەورووپاش تەنیا ١٨٪ بەردەکەوێ. لەوانەیە ئەمەیش بەڵگەیەکی پێگەیشتنی بازاڕی ئەمریکی بێت.

بێگومـان پیشەسـازی و دروسـتکردن (التصـنیع) بەشـێوەیەکی پلـە بـە پلـە لـە ویلایەتەکانی یەکگرتوو دوور دەکەوێتەوە بەرەو جیهانی گەشەسەندوو دەچێت و ئەمریکا دەکاتە ئـابووریی خزمەتگوزارییـەکان. ئەمـەیش زۆرێـك لـەو ئـەمریکی و ئەوروپییانە دەترسێنێ کەوا دەپرسن ئەگەر هاتوو گشت شتێك لـە ولآتـی چـیندا دروست بکرێ، ولآتەکەیان چی دروست دەکـات؟ بـەلآم لـە ڕەوتـی ئابوورییـەکی جیهانیـدا هـەردەبێ وەهـا لـە پیشەسـازی و کـردەی دروسـتکردنی ئاسـاییانە بنـوارِدرێ کـەوا تیایـدا ولآتـانی وەك چـین بوونەتـە بەشـێکی گرنگـی زنجـیرەی پڕکردنی بازاڕ لەو جۆرە کالآیانە؛ بەلآم هەر وەك بەشێك دەمێنێتەوە.

جیمس فالۆسی نووسەری گوڤاری ئەتلانتیك مونسلی سـاڵێکی لـە چـیندا بەسـەر بـرد بـۆ ئـەوەی لـە نزیکـەوە و بـە وردی چـاودێریی ئـەو هێـزە زەبەلاحـەی دروسـتکردن و پیشەسـازی بکـات، هـەروەها سـەبارەت بـە پرسـی چـۆنییەتی پتـەوکردنی تـەوزیفی دەرەکیـی لێکدانەوەیـەکی باوەڕپێهێنـەری سەبارەت بـە توانای کێبڕکێکردنی ئەمریکی پێشکەشکرد ؛ پیاوانی کـاری چـینی زۆر بەباشـی لـەم لێکدانەوەیـە تێدەگـەن. زۆربـەی ئەمریکییـەکان بـە پسـپۆڕ و شـارەزاییە ئیدارییەکانیشـەوە، کێرڤـی زەردەخەنـەداریان نەبیسـتووە، بـەلآم پیشەسـاز و دروستکەرانی چینی بەباشی پێی ئاشنان. ئەم کێرڤە – کە بریتییـە لـە هێڵێکـی چەماوە و لەسەر شێوەی پیتی U لەسەر ڕوخسارێکی زەردەخەنـەداری سـادەی کـارتۆنی کێشـراوە و لــە حەفتایەکانـدا بەدیارکـەوتووە (ل) – پێشـکەوتن و وەرچەرخانی بەرهەمێکە لە قۆناغی وێناندن (تصور)ەوە بۆ قۆناغی فرۆشتن. لـە بەشی سەرەوەی لای چەپی چەماوەکەدا بەرهەمێك بە بیرۆکـەی دیزاینـی ئاست بەرزی پیشەسازییانە دەستپێدەکات؛ بەرهەمەکە چۆن دێتە بەرچاو و چۆن کـار دەکات. دوای ئەوە بەرەو خوارەوە پلانێکی چڕوپڕی ئەندازەیی دێت. لـە بەشـی

خوارەوەی چەماوەی U دا دروستکردنە تەواوەتییەکە و بەستن و بارکردن دێت. دواتریش لە هەڵکشانی بەرەو سەرەوەی لای ڕاستدا دابەشکردن و بازاڕدۆزی و فرۆشتن بەشێوەی دانە (التجزئە) و گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری و فرۆشەکانی پارچە یەدەگ و گۆڕاوەکان (القطع التبديل) و پاشکۆیەکانە. فالۆس تێبینیی ئەوەی کردووە کە چین گرنگی بە بەشی خوارەوەی چەماوەکە دەدات، لە کاتێکدا ئەمریکا گرنگی بە بەشی سەرەوە دەدات- هەردوو کۆتایی پیتی U- واتا ئەو شوێنەی کە پارەی تیادایە. " ڕێگەیەکی سانا بۆ گوزارشتکردن لەمە- واتا پارە ڕاستینەکەی کە لە ناوی مارکەکەدا هەیە و هەروەها فرۆشتن بەشێوەی دانە (تجزئە)- لەوانەیە ڕوون بێت، بەڵام وێنە ڕوونترەکە خۆی لە وردەکارییە نادیارەکاندا بەدیاردەخات". باشترین نموونە بۆ ئەمە ئامێری iPod: ئەم ئامێرە بەزۆری لە دەرەوەی ویلایەتەکانی یەکگرتوودا دروست دەکرێ، بەڵام زۆرینەی بەهایە زیادکراوەکە (القيمة المضافە) کۆمپانیای ئەپڵ لە کالیفۆرنیادا دەیبات. ئەم کۆمپانیایە قازانجێکی تێکڕایی وەدەستهێناوە کەوا ڕێژەکەی دەگاتە ٨٠ دۆلار بۆ هەر ئامێرێکی iPodی ٣٠ گێگا بایت کە بە فرۆشتنی تاک و بەدانە (تجزئە) بە نرخی ٢٩٩ دۆلار (لە ساڵی ٢٠٠٧دا) فرۆشراوە. هەروەها قازانجەکەشی بە نزیکەی ٣٦٪ ە لە نرخی جوملە مەزەندەکراوە کە ٢٢٤ دۆلارە. (هەروەها ئەگەر ئامێرەکە لە کۆگەی سەر بە کۆمپانیای ئەپڵ فرۆشرا، ئەوا قازانجی فرۆش بەدانەشی بخەرە سەر). هەروەها کۆی تێچووی پێکهاتەکان ١٤٤ دۆلارە. لە بەرانبەریشدا کۆمپانیا دروستکەرەکانی چینی تەنیا چەند خاڵێکی سەدی لە بەرهەمەکانیاندا قازانج دەکەن.

باشترین دروستکراو و پیشەسازییەکانی ئەمریکا

ئەوانەی زۆرتر نیگەرانن دەڵێن: " ئاه، ئەمە ڕاستە، بەڵام تەماشای ئەو وێنەیە دەکەیت کە ئەمڕۆ گیراوە. ئەو شتە سەرلیستییانەی کەوا ئەمریکا هەیەتی، لەگەڵ لەدەستدانی بنەمایە زانستی و تەکنۆلۆژییەکەی زۆر بەخێرایی دادەخورێ". بۆ هەندێك كەس لێژبوونەوە و دابەزینی زانست ئاماژەیەکە بۆ هەڵوەشانەوەی فراوانی ڕۆشنبیری و کەلتووری. ئێمە گرنگی بە بنەمایەکان نادەین– بیرکاری– دروستکردن، بیرنیشاندان و کۆششکاری (اجتهاد) لە کار، پاشکەوت لای ئێمە جێگەی بایەخ نین– هەروەها دەبینە جڤاکێکی پسپۆڕ لە بەکاربردن و حەسانەوە و ڕابواردن. لەم بارەیەوە، جیفری ئیملت، بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە کۆمپانیای جەنەڕاڵ ئەلیکتریك دەڵێت: " لە ساڵی ٢٠٠٦دا، لە ئەمریکا ژمارەی ئەو دەرچووانەی کەوا باوەڕنامەی مەشقی وەرزشییان هەیە، لە خاوەن باوەڕنامەکانی ئەندازەی کارەبا زۆرترن. جا ئەگەر بمانەوێ ببینە پایتەختی مەساج لە جیهاندا، ئەوا لە ڕێگەین بۆ ئەوەی ئەو پێگەیە وەربگرین".

هیچ ئامارێکی دیکەی باشتر لەو ئامارە نییە کەوا پەیوەندیی بە پاشەکشەکردنی ئەندازیارییەوە هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا ئەکادیمیای نیشتمانی بۆ زانستەکان ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هۆشداری لەمەڕ ئەو ئەگەرە دەدات کە لەوانەیە ویلایەتەکانی یەکگرتوو وەك ڕێبەری زانست لە جیهاندا بەشێوەیەکی خێرا پێگەی خۆی لە دەست بدات. چوونکە لە ساڵی ٢٠٠٤دا ڕاپۆرتەکە ڕایدەگەیەنێ کە لە چیندا ٦٠٠.٠٠٠ ئەندازیار و لە هیندیشدا ٣٥٠.٠٠٠ و لە ولایەتەکانی یەکگرتوودا ٧٠.٠٠٠ ئەندازیار دەرچوون. ئەم ژمارانە لە سەدان گوتار و کتێب و پێگەی ئەلیکترۆنیدا بڵاوبوونەوە و بوونە چیرۆکی سەر بەرگی گۆڤاری فۆرتشن و گۆڤاری کۆنگریشیونال ڕیکورد و لە قسەی کەسانی بەهەژموونی نێو جیهانی تەکنۆلۆژیاشدا – وەك بیل گیتس– ڕەنگی دایەوە. پێدەچێ ئەم ژمارانە

بەڕاستی جێگەی نیگەرانی و بێهیوایی بن. چ هیوایەك بۆ ویلایەتەكانی یەكگرتوو دەمێنێتەوە ئەگەر لە بەرانبەر هەر ئەندازیارێكی بڕوانامەداری ئەمریكیدا ١١ ئەندازیاری چینی و هیندی هەبن؟ جگە لەمانەیش، ڕاپۆرتەكە ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە هەر كۆمپانیایەك دەتوانێ ٥ كیمیازانی بەگوروتاو و خاوەن مەشقێكی بەرز لە چین و ١١ ئەندازیار لە هیند بە تێچوو و مووچەی یەك كیمیازان یان یەك ئەندازیاری نێو ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا دابمەزرێنن.

تاكە گرفت لەو ژمارانەدا ئەوەیە كە زۆر ورد نین. كارڵ بیالیكی ڕۆژنامەوان لە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرنال و ژمارەیەك لە ئەكادیمیستەكان لە مەسەلەكەیان كۆڵییەوە و لە ئەنجامدا زۆر بەخێرایی بۆیان ڕوونبوویەوە كە ژمارە تێكڕاییەكانی ئاسیایی چەند دەرچوویەكی ئەو پەیمانگەیانەی لەخۆی گرتبوو كەوا ماوەی خوێندن تیایاندا دوو یان سێ ساڵە؛ كەسانێكیشن كەوا لە كارە سانا و سادەكانی تەكنیكیدا باوەڕنامە وەردەگرن. هەروەها كۆمەڵێك مامۆستای كۆلیژی برات بۆ ئەندازیاری لە زانكۆی دۆك چوونە چین و هیند لەپێناو ئەوەی زانیاری لە سەرچاوەكانی حكوومی و نا حكوومیدا كۆ بكەنەوە و چاوپێكەوتن لەگەڵ پیاوانی كار و ئەكادیمیستەكاندا بكەن، ئەو دەرئەنجامەیان وەدەستهێنا كە دوورخستنەوەی دەرچووەكان لەو پەیمانگەیانەی كەوا بەرنامەكان فێردەكەن پێویستیان بە دوو یان سێ ساڵ هەیە، ئەوا ژمارە چینییەكە دادەبەزێننە نیوە، واتا نزیكەی ٣٥٠,٠٠٠ دەرچووی خاوەن باوەڕنامە. ئەگەری ئەوەش هەیە كە ئەم ژمارەیەی دوایش بەهۆی جیاوازیی لە پێناسەكردنی وشەی ئەندازیاردا قەبەكرابێت، چوونكە زۆرجار كەسە هونەرییە تەكنیكییەكانی بواری چاككردنەوەی میكانیكی ئۆتومبێل و تێكچوونی ئامێرەكانی پیشەسازیش دەگرێتەوە. هەروەها بایلیك دەڵێ دەستگەی زانستی نیشتمانی كەوا لە

ویلایەتەکانی یەکگرتوو و ولآتـانی دیکەشـدا ئـەم ئامارانـەی پشـکنیوە، ژمـارەی دەرچـووانی چـینی بـە نزیکـەی ٢٠٠.٠٠٠ دەرچـوو لـە سـالێکدا دەخـەملێنێ. لـە کاتێکـدا ڕون هێـرای مامۆسـتای سیاسـەتی گشـتی لـە پەیمانگـەی ڕۆشسـتر بـۆ تـەکنۆلۆژیا، ژمـارەی دەرچـووانی هینـدی بـە ١٢٠.٠٠٠ و ١٣٠,٠٠٠ لـە سـالێکدا دەخەملێنێ. ئەمەیش مانای ئەوەیە کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە بەرانبـەر هـەر تاکێك کە چین و هیند ئامادەیان دەکەن، مەشق و ئامادەکـاریی بـە ژمارەیـەکی زۆرتری ئەندازیاران دەکات.

ژمارەکـە بـاس لـە پرسـی چۆنایەتیش ناکـات. مـن وەك کەسـێك کـە لـە هینـد پەروەردە بووم، دەتوانم خەملانـدن بـۆ چـاکە و دەسـتکەوتەکانی بـەناوبانگترین ئـەکادیمیا ئەندازەییـەکانی و پەیمانگـە تەکنۆلۆژییـەکانی هینـدی بکـەم (IIT). گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەوەیـە کـە سەرپەرشـتیی یـەکێك لـە تاقیکردنـەوە هەرە کێبڕێکارەکان و زەحمەتـەکان دەکـات، چـوونکە لـە کـۆی ٣٠٠.٠٠٠ کەسـی تۆمارکراودا ٥,٠٠٠ کەس وەردەگرێ؛ واتا تێکـڕای وەرگـرتن یەکسـانە بـە ١,٧ ٪ (لـە بەرانبـەر ٩ بـۆ ١٠٪ لـە زانکۆیـەکانی هارفـارد و یـال و برینسـتۆن). ئـەو کەسانەش کەوا لـە تاقیکردنـەوەدا دەردەچـن لـەنێو ملیارێـك کەسـدا باشـترین و زیرەکترینن. بەلآم، لە ڕاستیدا، زۆرێـك لـە پەیمانگـەکانیش پلـە دوون، ئەمـەیش بەهۆی ئامێر و پێداویستییە ئاسایی و مامۆستایە کەمتەرخەمەکانیان و پرۆگرامە خراپەکانی خوێندنەوەیـە کـەوا هـیچ جـۆرە داهێنـان و خـەیاڵێکیان تیـادا نییـە. ئەمـەیش ڕاجیـف سـاهنی جـەختی لەسـەر دەکاتـەوە کـە پـێش ئـەوەی بچێتە پەیمانگەی کالیفۆرنیا لە یەکێك لەو پەیمانگەیانە خوێندوویەتی، ناوبراو دەڵێ: " تایبەتمەنـدیی سـەرەکی پەیمانگـەکانی هینـدی بـۆ تـەکنۆلۆژیا تاقیکردنـەوەی داخیلبوونــە کــە بەشــێوەیەکی زۆربــاش لــەپێناو خوێنــدکارانی زۆر زیرەکــدا

ئامادەکراوە. بەڵام سەبارەت بە وانە خوێندن و پاشکۆیەکانییەوە، ئەوا ناکرێ لەگەڵ هیچ پەیمانگەیەکی بەرێز و دانپێدانراوی تەکنۆلۆژیی ئەمریکی بەراورد بکرێ". تەنانەت دوای پەرینەوەش لەو پەیمانگە تەکنۆلۆژی و ئەکادیمیایە دەستبژێرەکانی دیکە — کەوا ساڵانە ۱۰,۰۰۰ خوێندکار تیایدا خوێندن تەواو دەکەن و دەردەچن— جۆری خوێندنی باڵا لە چین و هیند بە پلەیەکی زۆر بەرز هەر بە خراپی دەمێننەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە زۆرێك لە خوێندکارانی ئەم دوو وڵاتە بۆ مەشق و ڕاهێنان و باشتر فێربوون دەچنە دەرەوەی وڵات.

داتایەکان ئەم بۆچوونە تایبەتانە دووپات دەکەنەوە. لە ساڵی ۲۰۰۵دا دەستگەی ماکنزیی جیهانی بۆ توێژینەوە، سەبارەت بە بازاڕی گەشەسەندووی کاری جیهانی ئەوەی بۆ ڕوونبوویەوە کە نموونەی پێکهاتوو لە بیست و هەشت وڵاتی کرێ هەرزاندا نزیکەی ۳۳ ملیۆن کەسی دانپێدانراوی گەنجی لەژێر دەستدایە*، ئەمەیش بە بەراورد لەگەڵ تەنیا ۱۵ ملیۆن لەو نموونەیەی کەوا لە هەشت وڵاتی کرێ بەرزی وەك (ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا، مەملەکەتی یەکگرتووی بریتانیا، ئەڵمانیا، یابان، ئوستورالیا، کەنەدا، ئێرلەندا، کۆریای باشووردا هەن). بەڵام لەنێو ئەو گەنجە دانپێدانراوانەی وڵاتانی کرێ نزمدا، ژمارەی ئەو کەسانە چەندە کەوا کارامەیی پێویستیان هەیە بۆ ئەوەی لە بازاڕی جیهانیدا کێبڕکێ بکەن؟ " ژمارەیەکی زۆر کەمی پاڵێوراوان بۆ کار دەتوانن لە هەر کۆمپانیایەکی بیانیدا بەسەرکەوتوویی کاربکەن"، بەمشێوەیە توێژینەوەکە شتێك

---

*) ژمارەکەی دەستگەی ماکنزیی جیهانی دەرچووانی مەشقکردووی ئەندازیاری، پارەدان (التمویل)، کارگێڕی و دارایی، توێژینەوەکانی زانستەکانی ژیان و نا پسپۆڕەکانی دانپێدانراوی وەك کارگەرانی مەڵبەندەکانی پەیوەندی (callceenters) لەخۆ دەگرێ. هەروەها وەها پێناسەی دانپێدانراوانی گەنج دەکات کە دەرچوون و شارەزایی حەوت ساڵیان هەیە.

بەدیاردەخات و ئەمە بەچەند لێکدانەوەیەك پاساو بۆ مەسەلەیەك دەهێنێتەوە کە گرنگترینیان خراپیی جۆری پەروەردە و فێرکردنە. هەروەها توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە کەوا چەندایەتی و چۆنایەتیی پەروەردە و فێرکردن لە چین و هیند لە ئاستێکی نزمدان، تەنیا هەندێك ئەکادیمیای ئاست بەرز نەبێت. چوونکە گەرچی داواکارییەکی زۆر لەسەر ئەندازیاران هەیە، بەلام ژمارەی مەشقدیتووەکانیان بەرێژە کەمن، لەبەرئەوە دەبینی کە کرێیەکانیان سالانە بە رێژەی ١٥٪ دادەبەزێ؛ ئەمەیش نیشانە و ئاماژەیەکی دڵنیاکەرەوەیە کە خواست لەسەر ئەندازیارانی خاوەن ئەزموون لە هەردوو ولاتدا زۆر لە ژمارەی ئەندازیارانی بەکەڵك زۆرترە.

(ئەگەر خاوەنی کار بیت و دەیان هەزار ئەندازیاری بەئەزموون و مەشقدیتوو لە گشت ساڵێکدا دەردەچن، ئاوا ناچار نابیت سالانە سەرمووچەیەك بدەیتە فەرمانبەرانت کەوا رێژەکەی ١٥٪ یە).

خوێندنی بالا باشترین پیشەسازییەکانی ئەمریکایە. دوو لیست هەن بۆ باشترین زانکۆیەکانی جیهان. لە یەکێکیاندا- ئەمەیش توێژینەوەیەکی تەواو چەندایەتییانەیە کەوا توێژەرانی چینی ئەنجامیان داوە- هەشت لە باشترین دە زانکۆی جیهاندا لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادان، لە ئەوی دیکەشدا- کە توێژینەوەکە لەوەی پێشوو زیاتر گرنگی بە چۆنایەتی داوە و لەلایەن Times Higher Educational supplement لە لەندەن ئەنجام دراوە- حەوت زانکۆیە. دوای ئەمە بەجۆرێك لە جۆرەکان ژمارەکان لەیەکتری دوورکەوتوونەتەوە. چوونکە لەنێو باشترین بیست زانکۆدا، حەڤدە یان پانزە زانکۆ لە ئەمریکادا هەن. هەروەها لە باشترین پەنجاشدا، سی و هەشت یان بیست و یەك زانکۆ لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادان. جا ئەگەر ئەوەش

لەبەرچاو بگرین کە ژمارەی دانیشتووانی ئەمریکا تەنیا ٥٪ی ژمارەی دانیشتووانی جیهان پێکدەهێنێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا هەژموونی بەسەر خوێندنی باڵادا هەیە، چوونکە ٤٢٪ یان ٦٨٪ی باشترین پەنجا زانکۆ لە جیهاندا موڵکی ئەمریکان و بە پشتبەستن بەو توێژینەوەیەی کەوا دەیخوێنێتەوە، هیچ بوارێکی دیکە نییە کە ئەمریکا بەمشێوەیە هەژموونی بەسەریدا هەبێت*.

راپۆرتێک بەناوی ئایندەی زانکۆیەکانی ئەورووپی– کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە مەڵبەندی ریفۆرمی ئەورووپیی دەرچووە و بارەگەیەکەی لە لەندەنە– ئاماژە بەوە دەکات کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو ٢.٦٪ تێکرای داهاتی نێوخۆیی لە خوێندنی باڵادا دەخاتە واری وەبەرهێنانەوە، ئەمەیش لە رێژەی ئەورووپا و یابان زۆرترە، چوونکە ئەورووپا ١,٢ ٪ و یابان ١.١ ٪ی تێکرای داهاتی نێوخۆیی لەم بوارەدا دەخەنە واری وەبەرهێنانەوە، هەروەها دۆخەکە لە بواری زانستەکاندا بە تایبەت جێگەی سەرسامییە. چوونکە لیستێکی ئەو خوێندنگەیانە پیشان دەدات کەوا باشترینی ١,٠٠٠ زانای کۆمپیوتەر لە جیهان وانەی تیادا دەڵێنەوە و دە خوێندنگەکەی سەر لیستەکە هەرهەموویان ئەمریکین. ئێستەیشی لەگەڵدا بێت خەرجیی ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە بواری توێژینەوە و پێشخستندا لە خەرجیی ئەورووپا زۆرترە. هەروەها هاوکاریی نێوان دەستگەکانی فێرکردن و دەستگەکانی بازرگانیی ئەمریکی لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهاندا هاوشێوەی نییە. هەروەها بۆ خوێندکاران– ئەو خوێندکارانەی بۆخوێندن روو لە ئەمریکا دەکەن– ئەمریکا

*)بەردەوام هێرشەکانی باڵی راستڕەو بۆ سەر زانکۆیەکانی ئەمریکا سەری منیان سوڕماندووە، چوونکە باڵی راستڕەو بە بورجە عاجییەکانی گۆشەگیر وەسفی ئەم زانکۆیانەیان کردووە. لە جیهانێکی پڕ لە کێبڕکێدا ئەم دەستگەیانە هەژموونیان بەسەر بواری کارەکانی خۆیاندا هەیە.

هەر بەو شوێنە سەرنجڕاکێشترە دادەندرێ کە ناکرێ لەگەڵ هیچ شوێنێکی دیکە بەراورد بکرێ، چوونکە زۆرترین ڕێژەی خوێندکارانی جیهان لەوێدان و ڕێژەکەش بەشێوەیەکی ورد دەگاتە ٣٠٪ کۆی ژمارەی خوێندکارانی بیانی لە جیهاندا. ئەم سەرلیستییانەش بە ئاسانی ناسڕێنەوە، چوونکە بونیادی زانکۆیەکانی ئەورووپی و یابانی — زۆربەیان لە دەوڵەتەوە بەڕێوە دەبرێن– ناگۆڕێن. هەرچەندە چین و هیند دەستگەی نوێ دەکەنەوە، بەڵام ئاسان نییە لە ماوەی چەند دەیەیەکدا زانکۆی وەها لە هیچەوە دامەزرێنن کە ئاستەکەی جیهانی بێت. فەرموون ئێوە و ئامارێک سەبارەت بە ئەندازیاران کەوا لەوانەیە پێشتر نەتانبیستبێ: لە هیندستاندا زانکۆیەکان ساڵانە ٣٥ بۆ ٥٠ کەسی خاوەن باوەڕنامە بە پلەی دکتۆرا لە زانستی کۆمپیوتەردا دەردەچووێنن؛بەڵام ژمارەکە لە ئەمریکا ١,٠٠٠ (هەزارە).

ڕاهێنان و فێرکردنی مرۆڤ بۆ ئەوەی بیربکاتەوە

بەڵام ئەگەر زانکۆیەکانی ئەمریکی وەك پلە یەك پۆلین کرابن، ئەوا خەڵکانێکی بەژمارە کەم باوەڕیان بەوە هەیە کە خوێندنگەکانی ئەمریکی لە هەمان پێگەدا دابنێن و پۆلینی بکەن. هەمووان دەزانن کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئەمریکی دووچاری قەیران بووەتەوە، هەروەها خوێندکاران لە وانەکانی زانستییەکان و بیرکاریدا ساڵ لە دوای ساڵ ئەنجامی خراپتر وەدەستدێنن بەتایبەت لە پۆلینە جیهانییەکاندا. بەڵام لێرەدا ئامارەکان — لەگەڵ ئەوەی ڕاست و دروست نین– مەسەلەیەکی کەمێك جیاواز ئاشکرا دەکەن. گرفتی ڕاستینی ئەمریکا پەیوەندیی بە سەرکەوتن و لەپێشدانەوە و پێشەنگایەتییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە دەرفەتەکانەوە هەیە. توێژینەوەی ئاراستەکانی نێو دەوڵەتی لە زانستەکان و بیرکاریدا TIMSS لە سەرەتای سەرهەڵدانی لە ساڵی

١٩٩٥ وە پێوەری سەرەکین لە بەراوردکردنی بەرنامەکانی پەروەردە و فێرکردن لە ولاَتانی جۆراوجۆردا. نوێترین دەرئەنجامێکی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا دەری چوواند، ویلایەتەکانی یەکگرتووی لە نێوەڕاستی ئەو کۆمەڵەیە دانا کەوا توێژینەوەکە ڕووماڵی کردبوون و بریتی بوون لە ٢٤ دەوڵەت، بەلاَم زۆرێك لەو ولاَتانەی کە لەدوای ئەمریکاوە هاتبوون، ولاَتانی جیهانی تازە گەشەسەندووی وەك مەغریب و تونس و ئەرمینیان. دەرئەنجامی خوێندکارانی پۆلی هەشتەم لە ئەنجامی خوێندکارانی پۆلی چوارەم باشتر بوو (ئەو دوو پۆلە جیاوازەی کەوا توێژینەوەکەیان لەسەر ئەنجام درا)، بەلاَم لەگەڵ هاوپۆلاَنی خۆیان کە لە ولاَتانی وەك یابان و سەنگافوورە و هۆڵەندا بوون – واتا خوێندکارانی پۆلی هەشتەم و چوارەمی ئەو ولاَتانە– ئەمریکییەکان لە ڕووی نمرەوە لە دواوەی ئەمانەوە بوون. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە جۆرە ترسێکی پێشبینیکراو هەواڵەکەیان بلاَو کردەوە، بۆ نموونە وولْ ستریت جۆرنالْ نووسیبووی: " بۆمبی زەمەنی ئابووری: نەوجەوانانی ویلایەتەکانی یەکگرتوو خراپترین خوێندکاران لە بیرکاریدا".

بەلاَم، تەنانەت ئەگەر ئەنجامەکانی قوتابیانی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لە زانست و بیرکاریدا لەهی ولاَتانی پێشکەوتووی وەك سەنگافوورە و هۆنگ کۆنگ نزمتر بێت، بەلاَم تێکڕای دەرئەنجامەکان جیاوازییە جوگرافی و نەژادی و ئابووریی – کۆمەلاَیەتییەکان دەشارێتەوە. چوونکە خوێندکارانی هەژار و خوێندکارانی کەمینەکان ئەنجامێکی زۆر نزمتر لە تێکڕای ئەنجامی ئەمریکی وەدەستدەهێنن، لە کاتێکدا " خوێندکارانی خوێندگە گشتییەکانی ئەمریکا لە دانیشتووانە دەوڵەمەندەکەی دەوروبەری شارەکان ئەنجامی نزیك ئەنجامی خوێندکارانی سەنگافوورە وەدەستدەهێنن – واتا ئەو ولاَتەی کە بەپێی توێژینەوەکەی TIMSS بەڕێژەیەکی زۆر لە ئەنجامی بیرکاریدا لەپێشترە.

ئەمانەیش ئەو خوێندکارانەن کەوا کێبڕکێ دەکەن بۆ ئەوەی شوێنە بەتاڵە زۆر دەگمەنەکانی بەرزترین زانکۆیەکانی ئەمریکی پڕ بکەنەوە. جیاوازیی لە ئەنجامی پرۆگرامە زانستییەکانی نێوان قوتابخانەکانی ناوچە هەژارەکان و ئەوانەی لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی نێو ویلایەتەکانی یەکگرتوودان بە چوار پێنج جار لە جیاوازیی نێوان تێکڕایە نیشتمانییەکانی ویلایەتەکانی یەکگرتوو و سەنگافوورە گەورەترە. بە واتایەکی دیکە، ئەمریکا وڵاتێکی مەزن و هەمەچەشنە و گرفتی نەبوونی یەکسانییەکی ڕاستەقینەی هەیە. ئەمەیش لەگەڵ گوزەرکردنی ڕۆژەکاندا، دەبێتە گرفتی کێبڕکێ، چوونکە ئێمە نەمانتوانیوە سێیەکی ژمارەی ئەو کارگەرانە فێربکەین و ڕایانبهێنین کەوا لە بواری ئابووریی مەعریفیدا کار دەکەن، ئەمە ئاستی وڵات بەگشتی دادەبەزێنێ. بەڵام، لە هەمان کاتیشدا، کۆمەڵە گەورەکەی خوێندکاران لە پێنجیەکی سەرەوەی خوێندنگەکانی ئەمریکی لە جیهاندا لە پۆلینی باشترین دادەندرێن. ئەوان زیرەك و بەهەوڵ و کۆششن و لە ژیانێکی سیستماتیکی بەرزی ئەکادیمی و نا ئەکادیمی دەژیەن، هەر کەسێکیش بەمدواییانە سەردانی یەکێك لە زانکۆیەکانی رابیتەی لاولاو (ئیڤی لیگ)ی کردبێ، دەتوانێ شایەتی بۆ ئەمە بدات.

من قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیم لە مۆمبای تەواوکردووە، هەر یەکێك لەو خوێندنگە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییانەش سەر بە دەستگەیەکی نایاب بوون کە ناوی کاتدرائیە و خوێندنگەی جۆن کانون بوو. شێواز و نۆرمەکەی (لە سی ساڵەوە) ڕەنگدانەوەی شێوازەکانی وانە گوتنەوەی ئاسیاییانە بوو، کەوا جەخت لەسەر ئەزبەرکردن و تاقیکردنەوەی بەردەوام دەکەنەوە. لە ڕاستیدا ئەم شێوازە نۆرمێکی کۆنی پەروەردە و فێرکردنی ئینگلیزی و ئەورووپییە کەوا لە ئێستەدا بە ئاسیایی ناودەبرێ. بیرمە من

ڕێژەیەکی زۆری زانیارییەکانم ئەزبەر دەکرد و لە تاقیکردنەوەکاندا هەموویم دەڕژاندە سەر کاغەز و دواتریش یەکسەر لەبیرم دەچوونەوە. کاتێکیش بۆ خوێندن چوومە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا، جیهانێکی تەواو جیاوازم بینی. چوونکە لەو کاتەی کە سیستمی ئەمریکی لە توندوتیژی و ئەزبەرکردندا زۆر خاوخلیسکە – جا ئەگەر لە بیرکاری بێت یانیش شیعردا– بەڵام زۆر لە پێشخستنی توانا جەوهەرییەکانی ئەقڵیدا زۆر سوودمەندتر و باشترە، چوونکە مرۆڤ بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا پێویستییەکی زۆری بەمجۆرە ڕەوتەی پەروەردە و فێرکردن هەیە. سیستمەکانی دیکەی پەروەردە و فێرکردن فێرت دەکەن چۆن دەچیتە نێو تاقیکردنەوەکان، بەڵام سیستمی ئەمریکی فێرت دەکات چۆن بیر بکەیتەوە.

بێگومان ئەم تایبەتمەندییە تا ئاستێك ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی لە ویلایەتەکانی یەکگرتوو ئەو ژمارە زەبەلاحەی بەڵێندەر و داهێنەر و کەسانی سەرکێش دەردەچن. لە ئەمریکادا، ڕێگە بە خەڵك دەدرێ سەرکێشی و بوێرییان هەبێت و بەرەنگاریی دەستهەڵات ببنەوە و شکست بێنن و سەرلەنوێ لەسەر پێیەکانی خۆیان بوەستنەوە. ئەمە ئەمریکایە و یابان نییە کەوا دەیان کەس تیایدا دەردەچن و خەڵاتی نۆبل وەدەستدێنن. ثارمو شانمۆ گاراتنام– کە ماوەیەك لەمەوبەر و لە سەنگافوورەدا وەزیری فێرکردن بوو– لە ڕەوتی لێکدانەوەی جیاوازیی نێوان سیستمی وڵاتەکەی و سیستمی ئەمریکادا دەڵێ: " هەردووکمان سیستمێکمان هەیە کەوا پشت بە توانا و شایستەیی دەبەستێ. بەڵام سیستمی ئێوە پشت بە بەهرە و توانا دەبەستێ، لە کاتێکدا سیستمی ئێمە پشت بە تاقیکردنەوە دەبەستێ. ئێمە دەزانین چۆن وەها لە خەڵکی بکەین بچنە نێو تاقیکردنەوەکانەوە، ئێوەش دەزانن کە چۆن تا ئەوپەڕی سوود لە

بەهرەی خەڵك وەربگرن. هەردوو مەسەلەش گرنگن، بەڵام چەند شوێنێك لە مێشكدا هەن ناتوانین بەباشی تاقییان بکەینەوە، وەك داهێنان و حەزی شتزانین (الفضول) و گیانی سەرکێشیێ و بەرتەمایی (الطموح). لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەمریکا ڕۆشنبیری و کەلتوورێکی وەهای فێربوونی هەیە کەوا بەرەنگاریی باوەڕ و هزرەکانی باو دەبێتەوە، جا ئەگەر ئەمە واتای بەرەنگاربوونەوەی دەستهەڵاتیش بگەیەنێ. ئەمە ئەو بوارانەیە کەوا لەسەر سەنگافوورە پێویستە لە واشتنۆنەوە فێری ببێت".

بەمدواییانە هەندێك بەرپرسی سەنگافووری سەردانی هەندێك خوێندنگەی ئەمریکییان کرد بۆ ئەوەی فێرببن چۆن سیستمێك دابمەزرێنن کەوا ڕەچاوی زیرەکی و داهێنان و خێرایی بیرکردنەوە لە چارەسەری گرفتەکان بکات و لەهەمبەر ئەو سیفەتانەدا پاداشتی تاکەکان بکات. لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٧ لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا هاتووە کە توێژەرانی باشترین خوێندنگەکانی سەنگافوورە هاتوون و چوونەتە ئەکادیمیای زانست- کە خوێندنگەیەکی گشتییە بەڵام لە هەندێك مادەدا پسپۆڕ و تایبەتمەندن و دەکەوێتە ڤێرجینیا- بۆ ئەوەی لە شێوازەکانی وانەگوتنەوەی ئەمریکی بکۆڵنەوە". لەو کاتەی خوێندکاران " توێژینەوەیان لەسەر ئەو گژوگیایە وردانە دەکرد کەوا بەشێوەیەکی بۆماوەیی دەستکاری کرابوون و وێنەی گەڵایەکانیان دەکرد و زانیارییان لە پەڕاوەکانی تێبینییەکانیان دەنووسی، (میوانە سەنگافوورییەکان) ماوەی چاوەڕوانیی مامۆستایان تۆمارکردبوو بۆ ئەوەی خوێندکاران وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، هەروەها ئەوەشیان نووسیبوو کە نەوجەوانان چۆن بە دەنگێکی گەورە قسەیان کردووە و چۆن لەسەر ڕا و بۆچوونەکانی خۆیان پێداگربوون". هار هۆی بینگ — ئافرەتێکی سەردانیکاری سەنگافووری بوو- کە بەپێی ڕۆژنامەی واشتنۆن

پۆست زۆر کاریگەر بووە، چوونکە گوتوویەتی:" تەنیا لە میانی چاودێریکردنەوە دەتوانیت ئەو خوێندکارانە ببینیت کەوا لە وانەکاندا زیاتر بەشدار و کاران لە جیات ئەوەی بەدرێژایی ڕۆژ جارس ببن". بۆیێ لە وتارەکەدا هاتووە:" تاقیگەکان لە سەنگافوورەدا – هار وادەڵێت– پڕن بەڵام توندوتیژن، هەروەها خوێندکاران زیرەکن، بەڵام دوودڵن لەخۆوە و بەشێوەیەکی خۆویستانە وەڵام بدەنەوە. بۆییێ هوا چۆنگ لە ئێستەدا بۆ هاندانی لەخۆوەیی (العفویە) ۱۰ نمرە دەداتە هەر خوێندکارێك کە بەشێوەیەکی زارەکی بەشداری و چالاکیی هەبێت".

چەکە نهێنییەکەی ئەمریکا

ڕەنگە شتەکانی سەرلیست (الافضلیات) ئ ئەمریکا ڕوون بێت ئەگەر لەگەڵ ئاسیادا بەراورد بکرێ، کەوا هێشتا لە چەند وڵاتێك پێکهاتووە و زۆربەیان تازە گەشەسەندوون. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپا، ئەوا پەراوێزەکە زۆر لەوە تەنگتر دەبێتەوە کەوا زۆرێك لە ئەمریکییەکان باوەڕەیان پێی هەیە. ئەوروپا گەشەکردنێکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێ کە لە ساڵی ۲۰۰۰ تا ئێستە لە خێرایی گەشەکردنی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا نزیکبووەتەوە. هەروەها دەستی بەسەر نیوەی وەبەرهێنانە بیانییەکانی جیهاندا گرتووە و شانازی بە هێزی بەرهەمهێنانی خۆی دەکات کەوا لە هەندێك کاتدا وەك ئەوەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکایە. هەروەها لە ساڵی ۲۰۰۷دا زیادەیەکی (فائض) بازرگانیی ڕاگەیاند کە لە کانوونی دووەم بۆ تشرینی یەکەم ڕێژەکەی ۳۰ ملیار دۆلار بوو. هەروەها وڵاتانی ئەوروپی لە کۆی دە پێگەی یەکەمی نێو بەڵگەنامەی توانای کێبڕکێکردن کەوا لە لایەن کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیدا دەرچووە، حەوت پێگە داگیر دەکەن. ڕاستە کە ئەوروپا گرفتی خۆی هەیە و ڕێژەی بێکارییەکەی بەرزە و بازاڕەکانی کاری توندوتیژن، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا تایبەتمەندیی خۆیشی

هەیە، لەوانە سیستمی خانەنشینی و چاودێریکردنی تەندروستی کەوا کارایی و هاوسەنگییەکەیان لەوەی ئەمریکییەکان زۆرترە. بەکورتی، ئەوروپا لە کورتمەودادا لە بواری ئابووری دەبێتە بەرەنگاری و کێبڕکێکارێکی ولایەتەکانی یەکگرتوو.

بەلاّم ئەوروپا خالێکی لاوازی کرۆکیی هەیە، یان با وردتر بین، ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا تایبەتمەندییەکی کرۆکیی هەیە کەوا لە ئەوروپا و زۆربەی ولاّتانی پێشکەوتووی جیا دەکاتەوە، ئەویش زیندوویەتی و چالاکیبە دیمۆگرافییەکەیەتی. نیکۆلاس ئیبرستاد کە توێژەرێکی پەیمانگەی پرۆژەکانی ئەمریکایە، مەزەندەی وەهایە کە ژمارەی دانیشتووانی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٣٠دا لە ٦٥ ملیۆن کەس زیاتر دەبێت، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی ئەوروپا هەر بە جێگیری دەمێنێتەوە. هەروەها ئیبرستاد سەبارەت بە ئەوروپا درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت" ژمارەی ئەو گەورەساڵانەی کەوا تەمەنیان لە ٦٥ ساڵ زیاترە، دوو هێندەی ژمارەی ئەو منداڵانەیان لێ دێت کەوا تەمەنیان لە خوار پانزە ساڵییەوەیە، ئەمەیش چەند نێوەرۆکێکی نیگەرانیکاری ئایندەیی لەخۆی دەگرێ. (لە ئێستەدا دابەزینی ژمارەی منداڵان واتا دابەزینی ژمارەی کارگەرانی داهاتوو). بەلاّم لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا، زیاتربوونی رێژەی منداڵان لە گەورەساڵان هەر زیاتر دەبێت. بەشی دانیشتووان لە نەتەوەکانی یەکگرتوودا وەها مەزەندە دەکات کە رێژەی ئەو کەسانەی لە تەمەنی کاردان لە بەرانبەر هاوولاّتییانی پیر لە خۆرئاوای ئەوروپادا کە لە ئێستەدا ٣.٨:١یە، لە ساڵی ٢٠٣٠دا دادەبەزێتە ٢.٤:١. بەلاّم رێژەکە لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا لە ٥.٤:١ بۆ ٣.١:١ دادەبەزێت و دەکرێ هەندێك لەو گرفتە دیموگرافییانە چاك بکرێن ئەگەر پیرانی ئەوروپا بڕیار

بدەن زیاتر کاربکەن، بەلأم تاکو ئێستە ئەمەیان نەکردووە و زۆر دووریشە ئەم دیاردانە وەرچەرخانیان بەسەردا بێت". تاکە ڕێگەی زانستی بۆ خۆپاراستن لەو لێژبوونەوە دیمۆگرافییە ئەوەیە کە ئەوروپا ڕێژەیەکی زیاتری کۆچبەران وەربگرێ. گەرچی ئەورووپییە ڕەسەنەکان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ەوە بەتەواوی لە وەدیهێنانی جێگرەوەکانی خۆیان وەستاون، ئەوە مانای ئەوەیە کە تەنانەت پاراستنی ڕێژەی هەنووکەیی دانیشتووان پێویستی بە وەرگرتنی کۆچبەرێکی بە ڕێژە باش هەیە. بەلأم گەشەکردن پێویستی بە وەرگرتنی کۆچبەرێکی زۆرتر هەیە. بەلأم وەك دێتە بەرچاو جڤاکەکانی ئەوروپا ناتوانن پێشوازی لە خەڵکانێك بکەن و لەخۆیان بگرن کە کەلتوور و ڕۆشنبیرییەکی نامۆ و ناباویان هەیە. پرسی ئەوەی کێ لەسەر هەڵەیە – کۆچبەران یان جڤاکەکان– پەیوەندیی بە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەوە نییە. بەلأم واقیعی سیاسی ئاماژە بەوە دەکات کە لەو کاتەی ئایندە ئابوورییەکەی ئەوروپا پشت بە وەرگرتن و لەخۆگرتنی زۆرێك لە پەنابەران دەبەستێ، بەلأم لە هەمان کاتدا بەرەو ڕێکاری وەرگرتنی ڕێژەیەکی کەمتری کۆچبەران دەچێت. بەلأم ئەمریکا یەکەمین گەلی جیهانی بونیاد دەنێت کەوا لە گشت نەژاد و ڕەنگ و ئاین و باوەڕێك پێکهاتووە و لەگەڵ یەکتریشدا بەشێوەیەکی تەواو گونجاو دەژیەن.

بەلأم ئەوەی بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە زۆرێك لە ولأتانی ئاسیایی – تەنیا هیند نەبێت– لە دۆخێکی دیمۆگرافییانەی هاوشێوەی ئەوروپا و تەنانەت خراپتریشدا دەژیەن. چوونکە تێکڕا و ڕێژەکانی بەپیتی(الخصوبە) لە یابان و تایوان و کۆریا و هۆنگ کۆنگ و چیندا* لە ئاستی لەجێدانان (الاستعاضة) زۆر

*) لەوانەیە ڕێژەی منداڵبوون لە چیندا ورد نەبێت، ئەمەیش بەهۆی سیاسەتی یەك منداڵەوەیە کە لەلایەن حکوومەتەوە پێڕەو دەکرێ، بەلأم کۆڕایی و کۆبەندیی دیموگرافی هەر

نزمترە (٢.١ منداڵبوون بۆ هەر ئافرەتێك)، هەروەها مەزەندەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێك وڵاتی سەرەکیی خۆرهەڵاتی ئاسیایی لە نیوەی سەدەی داهاتوودا ڕووبەڕووی دابەزینێکی گەورەی ژمارەی هاووڵاتییە کارگەرەکانیان دەبنەوە. پێش ماوەیەك ژمارەی هاووڵاتیانی کارگەر لە یابان گەیشتە ترۆپك، بەڵام لەگەڵ ساڵی ٢٠١٠ و بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٥دا دەگاتە ڕێژەی سێ ملیۆن کارگەر. چاوەڕوانکراویشە کە لە ماوەی دەیەی داهاتوودا ژمارەی کارگەران لە چین و کۆریا بگاتە ترۆپك. هەروەها دەستگەی گۆڵدمان ساکس پێشبینیی دەکات کە ڕادەی مامناوەندیی تەمەن لە چیندا لە ٣٣ی ساڵی ٢٠٠٥ەوە بۆ ٤٥ ی ساڵی ٢٠٥٠ بەرز دەبێتەوە (زیادبوونێکی زۆر لە تەمەنی چینییەکان). لەوانەیە لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٣٠ دا ژمارەی پیرانی تەمەن ٦٥ ساڵ بەسەرەوە لە چیندا وەك ژمارەی منداڵانی تەمەن خوار ١٥ ساڵیی لێبێت. هەروەها ڕەنگە وڵاتانی ئاسیایی بەقەد وڵاتانی ئەورووپی دووچاری گرفتی کۆچبەران ببنەوە و یابانیش دووچاری کەمبوونەوەیەکی شیمانەکراوی ژمارەی کارگەرانی ببێتەوە، چوونکە ناتوانێ پێشوازی لە هاتنی ژمارەیەکی پێویستی کۆچبەران بکات و ڕێگەش نادات ئافرەتانی بەشێوەیەکی تەواو بەشداری لە هێزە کارگەرەکەیدا بکەن.

پیربوونی دانیشتووان کاریگەریی گەورەی هەیە. یەکەم، باری گرانی خانەنشینی هەیە– ژمارەیەکی کەمی کارگەران پاڵپشتی لە ژمارەیەکی گەورەتری پیرانی سەر و ڕیشسپی دەکەن– دووەم، هەروەك بنجامین جۆنزی زانای ئابووری ڕوونی دەکاتەوە کە داهێنەرترین ئافرێنەر– و زۆربەی ئەوانەی خەڵاتی نۆبلیان

بە دروستی دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕێژەی تێکرای بەپیتی و منداڵبوون لە چیندا پانزە ساڵ یان زیاتر دەبێت کە لە ئاستی لەجێدانان (الاستعاضة) کەمترە

وەدەستهێناوە- گرنگترین کار و بەرهەمیان لە تەمەنی سی و چل و چوار ساڵیدا ئەنجام دەدەن. سێیەم، لەگەڵ زۆرتربوونی تەمەنی کارگەران، لە پاشکەوتکارەوە دەبنە خەرجکار، ئاقیبەتە مەترسیدارەکانی ڕێژەی پاشکەوت و وەبەرهێنانی نیشتمانیش گرفتێکی دیکەیە. سەبارەت بە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی- کەوا لە حەسانەوە و ڕەزامەندی و حەزی کەمتری کاری ماندووکاردا دەژیەن- ئەوا پێکهاتە خراپەکەی دیمۆگرافیاش نەخۆشییەکی کوشندەیە.

دانیشتووانە سپیپێستەکانی ئەمریکی – ئەوانەی هەر لە ئەمریکا لەدایکبوون- وەك هاوتا ئەورووپییەکانیان ڕێژەیەکی دابەزیوی بەپیتییان هەیە. ئەگەر کۆچبەران نەبوونایە، ئەوا گەشەکردنی تێکڕای بەرهەم و داهاتی نێوخۆیی لە ماوەی چارەگە سەدەی ڕابردوودا هاوشێوەی گەشەکردنی ئەوەی ئەورووپایە. هەروەها لەپێشدانەوە و پێشەنگایەتیی (تفوق) ئەمریکا لە داهێنان تا ئاستێکی زۆر دەرئەنجامی مەسەلەی کۆچبەرییە. چوونکە خوێندکارانی بیانی و کۆچبەران ٥٠٪ی توێژەرە زانستییەکانی وڵات پێکدەهێنن، کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە لقە زانستییەکان و ئەندازیاریدا ڕێژەی ٤٠٪ی باوەڕنامەکانی دکتۆرایان وەدەستهێنا، هەروەها بە ڕێژەی ٦٥٪ باوەڕنامەکانی دکتۆرایان لە زانستەکانی کۆمپیوتەر وەدەستهێنا. لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠١٠، خوێندکارانی بیانی زیاتر لە ٥٠٪ی ئەو باوەڕنامانەی دکتۆرا وەدەستدێنن کەوا لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا لە گشت بوارەکاندا دەبەخشرێن. هەروەها لە لقەکانی زانستیدا ژمارەکە لە ٧٥٪ نزیکتر دەبێتەوە. گەشەکردنی شیمانەکراو لە توانای بەرهەمهێنانی ویلایەتەکانی یەکگرتوودا و لەپێشدانەوە و پێشەنگایەتیی (تفوق) لە تەکنۆلۆژیای ورد و تەکنۆلۆژیای بایۆلۆژیدا، هەروەها توانای بۆ دارشتنی

ئایندە بەندە بە سیاسەتی پەیوەنددار بە کۆچبەرییەوە. جا ئەگەر ئەمریکا توانی ئەو کەسانە بهێڵێتەوە کەوا لەنێو ولاّتدا فێریان دەکات، ئەوا داهێنان و ئافراندنی تیادا بەرپا دەبێت. خۆ ئەگەر گەڕانەوە ولاّتەکەیان ئەوا داهێنان و ئافراندنەکە لەگەڵ خۆیاندا دەبەن.

جگە لەمانەی سەرەوەش، پرسی کۆچبەری لە ئەمریکادا پەرۆشی و وزە دەبەخشێتە ویلایەتەکانی یەکگرتوو بەتایبەت ئەگەر بە ولاّتانی دیکەی دەوڵەمەند بەراورد بکرێ. چوونکە کاتێك ولاّتان زیاتر دەوڵەمەند دەبن، ئەوا پاڵنەری پێشکەوتن و وەدیهێنانی سەرکەوتن لاواز دەبێت. بەلاّم ئەمریکا بۆ پاراستنی وزە و زیندوویەتی بەردەوام نوێبووەوەی خۆی، ڕێگەیەکی نوێی دۆزیوەتەوە. ڕێگەکەش لە میانی لافاوی ئەو کەسانەیە کەوا تەمای ئەوەیان هەیە لە جیهانێکی نوێدا ژیانێکی نوێ بژیەن. ئەو کەسانە ئەوانەن کەوا چەندان کاتژمێری دووروودرێژ لەبەر تیشکی سووتێنەری خۆردا میوە دەڕنن و قاپشۆریی دەکەن و تەلارەکان بونیاد دەنێن و لە ئێشکگرییەکانی شەواندا نۆرە دەگرن و شوێنەکانی زبڵ و خاشاك پاك دەکەنەوە. ئەوان لە هەلومەرجی زۆر خراپەوە دێنە ویلایەتەکانی یەکگرتوو و لەدوای خۆیاندا خانەوادە و جفاکێك بەجێدەهێڵن، تەنیا لەبەرئەوەی لە ژیاندا کار و پێشکەوتنیان دەوێ. ئێستەیش هەموومان دەبینین کەوا بوونەتە بڕبڕەی پشتی چینی کارگەری ئەمریکی، منداڵ و نەوەکانیشیان بوونەتە بەشێك لە نۆرم و شێوازی ژیانی ئەمریکی. ئەمریکا توانی سوود لەو وزەیە وەربگرێ و هەمەچەشنییەکان بەڕێوەببات و ئەو کەسە نوێیانە لەخۆی بگرێ کەوا هاتوونەتە نێویەوە و لەڕووی ئابووریشەوە پێشبکەوێت. لە کۆتاییشدا هەر خودی ئەو مەسەلەیەیە کە ئەمریکا لەوە بەدووردەخاتەوە ئەزموونەکەی بریتانیا و گشت نموونەیەکی دیکەی مێژوویی زلهێزەکانی بواری

ئابووری دووبارە بکاتەوە کەوا زۆر قەڵەو و تەنبەڵ بوون، دواتر لە بەردەم ڕابوونی گەلانی زۆر لەخۆیان لاوازتر و زیندووتر پاشەکشە بکەن.

وێنەیەکی سەرتاپاگیر (الشاملة)

زۆرێك لە شارەزایان و لێکۆڵەران و تەنانەت هەندێك لە سیاسییەکان، لە هەمبەر کۆمەڵێك لەو ئامارانەدا هەست بە نیگەرانی دەکەن کەوا هۆشداریی خراپ لەمەڕ ویلایەتەکانی یەکگرتوو دەدەن. ڕێژەی پارە و داراییە پاشکەوتکراوەکان سفرە، هەروەها کورتهێنان لە حیسابی ڕەوان (الجاری) و کورتهێنانی بازرگانی و گوژمەشدا بەرزە. نێوەڕاستی دەرامەتیش هەر لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوە، پابەندبوون بە پێشکەشکردنی یارمەتیی کۆمەڵایەتی هەرگیز نایەتەدی. ئەگەر سیستمی ئابووریی ئەمریکا کرۆکی هێزی ئەمریکا بێت، ئەوا سیستمە سیاسییەکەی کرۆکی لاوازییەکەیەتی. بەڵام دەبێ بشزانین کە ژمارەکان هەموو ئەو شتانەمان پێشکەش ناکەن کەوا پێویستمان بە زانینیان هەیە. چوونکە ئەو ئامارە ئابوورییانەی کەوا پشتیان پێ دەبەستین پێوەرێکی نزیککردنەوەیی (التقریبی) و کۆنی ئابووریمان پێشکەش دەکەن. چوونکە زۆربەیان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لەپێناو وەسفکردنی ئابوورییەکی وەها داندراون کەوا لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتەکانەوە چالاکییەکەیان دیاریکراوە. بەڵام ئێستە ئێمە لە بازاڕێکی وابەستە و پەیوەندداری جیهانیدا دەژین و شۆڕشێکی بەرفراوانیش لە بواری ئامرازەکانی دارایی و تەکنۆلۆژی و بازرگانییدا بوونی هەیە. لەبەرئەوە، ئەگەرێك هەیە لەوەی کە ئێمە بەشێوەیەکی دروست شتەکان هەڵنەسەنگێنین.

بۆنموونە، لە ولأتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا، شتێك هەبوو کە پێی دەگوترا ئەو بێکارییەی هەڵئاوسان خێرا ناکات (NAIRU) و یەکێك بوو لە یاسایە گشتییەکانی زانستی ئابووری. بەشێوەیەکی سەرەکی ئەمە مانای ئەوە بوو کە ناکرێ بێکاری دابەزێتە خوار ئاستێکی دیاریکراو بەبێ ئەوەی هەڵئاوسان بەرزبکاتەوە. بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ڕێژەی بێکاری لە زۆربەی لە ولأتانی خۆرئاواییدا و بەتایبەت لە ویلایەتەکانی یەکگرتوودا، لەژێر ئەو ڕێژەیە بوو کەوا زانایانی ئابووری پێیان وەهابوو شتێکی کردەیی (ممکن)ە. با نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە؛ وەها شیمانە دەکرا کە چەقبەستن لە حیسابی ڕەواندا لە ئەمریکا هی ئەوەیە لەلای ڕێژەی ٤٪ی تێکرای بەرهەمی نێوخۆییدا پاڵپشتیی لێ بکرێ، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٧دا گەیشتە ٨٠٠ ملیار دۆلار، واتا ٧٪ی تێکرای بەرهەم. ڕاستە کە چەقبەستنەکە لە حیسابی ڕەواند گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار، بەڵام پێویستە ئەوەشمان لەبیربێت کە زێدەیەکی جیهانی لە پارەکانی پاشەکەوتدا هەیە و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکاش هەر بە شوێنێکی سەقامگیر و سەرنجڕاکێشی نائاسایی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی تیادا بکرێ.

ڕیچارد کووپر لە زانکۆی هارفارد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕێژەی پارەی پاشکەوتی ئەمریکی بەشێوەیەکی نادروست هەژمار دەکرێ، هەروەها وێنەیەکی نادروست سەبارەت بە بوونی قەرزێکی زەبەلاح لە کارتەکانی متمانە (الائتمان) و بارمتەکانی خانووبەرەدا هەیە کە ناکرێ بەرگەیان بگیرێ. چوونکە هەرچەندە زۆربەی خانەوادە ئەمریکییەکان بەڕاستی لە ژیانێکدا دەژیەن کە زۆر بەرزترە و لەگەڵ توانا مادییەکانیاندا ناگونجێ، ئەوا وێنەکە بەپێی بۆچوونی کووبر لە ڕووی تێکڕاییەوە بە ڕاست دەچێت. چوونکە کۆی پارەی پاشەکەوتی تایبەت بە

ئـەمريكا- كـەوا پاشـەكەوتى خانـەوادەييش دەگرێتـەوە (ژمارەيـەكى نزمـە كـە زۆرجار بەلگـەى پـێ دەهێندرێتـەوە و نزيكـەى تـەنيا ٢٪ دەرامـەتى كەسـييە)- هەروەها پاشەكەوتى كۆمپانيايـەكان لـە سـالّى ٢٠٠٥دا ١٥٪ بـووە. بـە واتايـەكى ديكـە، دابـەزينى ئاسـتى پاشـەكەوتى كەسـى بەرزبوونـەوەى پاشـەكەوتى كۆمپانيايى پارسەنگى دەداتەوە. لەمەيش گرنگتر ئەوەيە كـە لەوانەيـە بيرۆكـەى تێكـڕا و كـۆى پاشـەكەوتى نيشـتمانى، مـۆدێلى كـۆن بووبێـت و بەڕاسـتى شـێوازەكانى بەرهـەمهێنانى نـوێ پيشـان نـەدات، چـوونكە لـە ئـابووريى نوێـدا، گەشەكردن لە كۆمەلێك خەلكەوە دێت كەوا كالا و خزمەتگوزاريى نوێ دادەهێـنن نەك كەلّەكەبوونى پارە و دارايى". كەوا لە نيوەى يەكەمى سەدەى بيستەمدا زۆر گرنگتر بوو. لەگەلّ ئەمەيشدا ئێمە تا ئێستەيش جەخت لەسەر حيسابى سەرمايە دەكەينـەوە. چـوونكە حيسـاباتەكانى نيشـتمانى كـەوا بـەپێى بۆچـوونى كـووبر تێكـڕاى بەرهـەمى نێوخـۆيى و پێـوەرە تەقليدييـەكانى پاشـەكەوتى نيشـتمانى دەگرێتـەوە، " لـە سـييەكانى سـەدەى بيسـتەمدا لـە بريتانيـا و ويلايەتـەكانى يەكگرتووى ئەمريكادا لە ترۆپكى سەردەمى پيشەسازيدا داڕێژراوە".

ئابووريناسان وەها پێناسەى پاشەكەوت دەكەن؛ دەرامەتێكە و لـەجيات ئـەوەى ڕاستەوخۆ بە ئاراستەى بەكاربردن بڕوات، لەپێناو ئەگەرى بەكاربردن لە ئايندەدا وەبـەرهێنان دەكـات. پێـوەرە هەنووكەييـەكانى وەبـەرهێنانيش جـەخت لەسـەر سـەرمايەى مـادى و نيشـتەجێكردن دەكەنـەوە. بـەلام كـووبر جـەخت لـەوە دەكاتەوە كە ئەم پێوەرە سەرلێشێوێنەرە. چوونكە خەرجييەكانى فێركـردن بـە بەكاربردن دادەنێت، بەلام، لـەو ئابوورييـەى كـەوا پشـت بـە زانيـارى و مەعريفـە دەبەسـتێ، ئـەو خەرجييانـەى كـەوا لـە فێركردنـدا خـەرج دەكـرێن، ڕۆلێكـى هاوشێوەى پاشەكەوت دەگێڕن- لەمڕۆدا خەرج دەكرێن بۆ ئەوەى سەرمايە زياد

بکات و دەرامەت و توانای خەرجکردن لە ئایندەدا بەرزبکاتەوە. هەروەها خەرجییەکانی توێژینەوە و پێشخستنی تایبەت هەرگیز ناچنە نێو چوارچێوەی حیساباتەکانی نیشتمانییەوە، بەڵکو بە خەرجییەکی مامناوەندیی بازرگانی دادەندرێن، هەرچەندە زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خەرجکردن بۆ لێکۆڵینەوە و پێشخستن بەشێوەیەکی گشتی قازانجی بەرز ببەخشێت؛ کە زۆر بەرزترە لەو وەبەرهێنانەی کەوا لە بواری بیناسازی -بەپێی گوزارشتی هەنووکەیی- وەك پاشەکەوتێك دادەندرێ. بەمشێوەیە کووبر ئەو خەرجییانەی کەوا لە کڕینی شتەکاندا - ئەو شتانەی زۆر دەمێننەوە (comsumer durables)- هەروەها لە فێرکردن و لێکۆڵینەوە و پێشخستندا خەرج دەکرێن، بە پارەی پاشەکەوتکراو دادەنێ؛ ئەمەیش ڕێژەی پاشەکەوتکردن لە ولایەتەکانی یەکگرتوودا زۆر بەرز دەکاتەوە. هەرچەندە پێوەرە نوێیەکە ڕێژەی لای گەلانی دیکەش بەرز دەکاتەوە، بەڵام بەشداریکردنی ئەو خەرجییانە (فێرکردن، لێکۆڵینەوە و پێشخستن و ئەو شتانەی زۆر دەمێننەوە) لە پارەی پاشەکەوتکراوی تێکڕاییدا " لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا بەرزترە لە زۆربەی وڵاتانی دیکە، لەوانەیە هەندێك وڵاتانی ئەسکندنافی نەبێت".

لەگەڵ کۆی ئەمانەشدا، هێشتا ویلاتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بەدەست چەندان گرفتی مەترسیدارەوە دەناڵێنێ. چەندان ئاراستەی باو هەن کە ئەگەر بە ڕوانگەیەکی سەرتاپاگیری ئابووریی لێیان بنوارین مرۆڤ دووچاری نیگەرانی دەکەن، بۆ نموونە ڕێژەی پاشەکەوت بەبێ ڕەچاوکردنی ژمارەکەی لەمڕۆدا، لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا زۆر بە توندی دابەزیوە. جا بەپێی گشت پێوەرەکان، بەرنامەی دەستەبەری تەندروستی هەڕەشەی وێرانکردنی گوژمەی فیدراڵییە. هەروەها وەرچەرخانی خێرا لە زێدەوە (الفائض) بەرەو کورتهێنان

لەنێوان هەردوو ساڵی ٢٠٠٠– ٢٠٠٨ دەرئەنجامی مەترسیداری هەیە. هەروەها دەرامەتەكانیش بۆ گشت خانەوادەكان زۆر بەهێواشی بەرز دەبنەوە. گەشەكردنی نایەكسانیش كەوا بە ڕوخسارە زۆر زەق و بەرچاوەكەی سەردەمی نوێ دادەندرێ و بەهۆی هێزێكی سێ ڕەهەندییەوە پتەو دەكرێ و پاڵپشتیی لێ دەكرێ: ئابووریی مەعریفە، تەكنۆلۆژیای زانیارییەكان، جیهانگەرایی. ئەوەی لە هەمووان زیاتر جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە كە ئەمریكییەكان ٨٠٪ ی زیادەی پاشەكەوتی جیهانی قەرز دەكەن و لە بەكاربردندا خەرجی دەكەن. لە كۆتاییشدا، ئەم گرفتانە لە كاتێكی زۆر خراپدا كەڵەكە دەبن، چوونكە ئابووریی ئەمریكا– بە گشت هێزێكییەوە– لە ئێستەدا ڕووبەڕووی گەورەترین و بەهێزترین بەرەنگاری و گرفتی وەها دەبێتەوە كە لە مێژووی خۆیدا هەرگیز نەیبینیوە.

هەمووان هەمان گەمە دەكەن

با نموونەیەك لە وەرزشە زۆر خۆشەویستەكەی خۆم بهێنمەوە كە ئەویش تێنسە. ئەو ئەمریكییانەی كەوا حەز لە تێنس دەكەن بەمدواییانە دیاردەیەكی نیگەرانیكاریان تێبینی كردووە: دابەزینی ئاستی ئەمریكا لە پاڵەوانیەتییەكانی تێنس. ئارۆن بیلهۆڤەر لە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزدا ئەو ژمارانە دەهێنێتەوە كەوا ئەمە دەسەلمێنن. ماوەی سی ساڵە، ئەمریكییەكان لە پاڵەوانیەتیی كراوەی ئەمریكادا نیوەی خشتە پێكدەهێنن (واتا نیوەی یاریزانەكان كەوا ژمارەیان ١٢٨ و بۆ كێبڕێكردن تیایدا هەڵبژێردراون). بۆنموونە، لە ساڵی ١٩٨٢ دا لە كۆی ١٢٨ یاریزاندا ٧٨ یاریزان ئەمریكی بوون، بەبەراورد لەگەڵ بیست یاریزان كەوا بۆ كێبڕكێكردن لە پاڵەوانیەتیی ساڵی ٢٠٠٧ دا هەڵبژێردراون. زۆر كەس پرسیار لەهۆی دابەزین و لێژبوونەوەی ئاستی ئەمریكا دەكەن و دەڵێن بۆچی ئەمریكا بەمشێوە خێرایە بۆ ئەم ئاستە دابەزیوە. وەڵامەكەش خۆی لە كۆمەڵێك ژمارەی

دیکەدا شاردووەتەوە. ٢٥ دەوڵەت یاریزانەکانی خۆیان هەنارد بۆ ئەوەی لە پاڵەوانیەتیی کراوەی ئەمریکادا بەشداری بکەن. بەڵام لە ئێستەدا ژمارەی وڵاتەکان بووەتە ٣٥ دەوڵەت، واتا زیادبوونەکە بە ڕێژەی ٤٠٪. وڵاتانی وەك ڕووسیا و کۆریای باشوور و سربیا و ئوسترالیا لە ئێستەدا یاریزانی ڕیزی یەکەم بەرهەم دەهێنن، هەروەها ئەڵمانیا و فەرەنساو ئیسپانیا لە پێشوو زیاتر مەشق بە یاریزانەکانیان دەکەن. لە حەفتایەکانەوە سێ وڵاتی ئەنگلۆساکسۆنی- ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا، بریتانیا، ئوسترالیا- بەتەواوی دەستیان بەسەر تێنسدا گرتووە. لە کاتێکدا ئەو یاریزانانەی کەوا لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە شانزە پلەکەی پێشەوە پۆلینکراون سەر بە دە وڵاتی جۆراوجۆرن، کارکرد (الاداء) ی ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا خراپ نەبوو؛ تەواوی مەسەلەکە بریتییە لەوەی کە هەمووان – کتوپڕ- لە ئێستەدا ئەم گەمەیە دەکەن.

ئەگەر گەمەی تێنس زۆر پووچیش بێتە بەرچاو، با تەماشای گەمەیەکی سەرکێشانەتر بکەین. لە ساڵی ٢٠٠٥دا شاری نیویۆرك بۆ بێداربوونەوە و ئاگاداری هۆشدارییەکی دا. بیست و چوار دەرچوونی سەرەتایی پشکەکان (IPO) لە کۆی بیست وپێنج لە گەورەترین دەرچووی ئەو ساڵیدا لە وڵاتانی دیکەی جگە لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا پێشنیاز کران. ڕووداوێکی تەزێنەر و هەژێنەر بوو، چوونکە بەبەردەوامی بازاڕەکانی دراوی ئەمریکی مەزنترین و قووڵترین و زیاترین ڕۆینەی دراوییان (السیولە) یان لە جیهاندا هەبوو. ویلایەتەکانی یەکگرتوو پارەی بەخشییە ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کەوا لە هەشتایەکاندا بەسەر پیشەسازیدا هات، هەروەها شۆڕشی تەکنۆلۆژی لە نەوەدەکان و قەڵەمبازە بەردەوامەکانی زانستی بایۆلۆژیاش لەلایەن ئەمریکاوە

پشتگیریی لێ کرا. ئەم ڕۆینە (السیولە)ی بازاڕەش بوو کەوا بازرگانیی ئەمریکی بە سڕکراوی هێشتەوە. نیگەرانییەکەی هێندە گەورەبوو کە سەرۆکی شارەوانیی نیویۆرك مایکل بلۆمبێرگ و سیناتۆر لە چاری چاك سکامر دەستگەی ماکنزی ئاند کۆمپانییان ڕاسپارد کە ڕاپۆرتێك ئامادە بکەن بۆ ئەوەی دۆخی توانای کێبڕێکاریی دارایی شاری نیویۆرك هەڵسەنگێنێ. ڕاپۆرتەکەش لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٦دا دەرچوو.

بەشێکی زۆری ئەو گفتوگۆیەی کەوا باسی گرفتەکەی دەکرد، جەختی لەسەر زۆریی یاسایەکانی ئەمریکا دەکردەوە؛ بەتایبەت ئەو یاسایانەی کەوا دوای مەسەلەی کۆمپانیای ئەنرۆن دەرچوون وەك یاسای ساربانیس- ئۆکسلی، هەروەها هەڕەشەی بەردەوام بە لێپێچینەوەی یاسایی کەوا بەسەر سەری بازرگانیی ویلایەتەکانی یەکگرتوودا دەسووڕایەوە، تەنگەژەیان دروست دەکرد. ئەو دۆزینەوانە ڕاستن، بەڵام بەڕاستی هۆی وەرچەرخان و ئاراستەگرتنی بازرگانی بۆ دەرەوە ئاشکرا ناکەن. چوونکە ئەمریکا وەك جاران و بەشێوەیەکی باو چالاکییە بازرگانییەکانی خۆی ئەنجام دەدا، بەڵام خەڵکانی دیکە دەهاتنە نێو گەمەکەوە. لەبەرئەوە، یاسای ساربانیس- ئۆکسلی و چەندان ڕێکاری دیکەی یاسایی، ئەو کاریگەرییەی دروست نەدەکرد ئەگەر ڕاستیی هەبوونی ئەلتەرناتیڤی دیکەی هەنووکەیی نەبووایە. ئەوەی لێرەدا ڕوو دەدات، وەك هەر ناوچەیەکی دیکە، زۆر سانایە: ئەوانی دیکە ڕادەبن. چوونکە کۆی گشتیی پشك و قەواڵە و سپاردە و قەرز و هۆکارەکانی دیکە لە ئەمریکادا- بە واتایەکی دیکە بەدەگە جیهانییەکەی- هێشتا هەر لە پێش کۆی گشتیی ئەو هۆکارانەیە کەوا لە هەر ناوچەیەکی دیکەدا هەن، بەڵام ناوچەکانی دیکەش گەشەکردنێکی خێرای ئابووریی و داریی بەخۆیانەوە دەبینن. ئەمەیش بەشێوەیەکی تایبەت بەسەر

ولآتە گەشەسەندووە هەڵکشاوەکانی ئاسیادا پیادە دەبێت- بە ڕێژەی ١٥.٥٪ی ساڵانە لەنێوان ساڵانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٥دا- بەڵام بەسەر ئەوروپاشدا پیادە دەبێت کە گەشەکردنێك بەڕێژەی ٦.٥٪ وەدەستدێنێت و (لە ڕێژەی گەشەکردنی ئەمریکا نزیکترە). لە ساڵی ٢٠٠١دا، سەدا ٥٧ی دەرچوواندنی پشکەکانی سەرەتایی IPOsای گرانبەها لە بازاڕەکانی دراوی ئەمریکیدا هاتەکایەوە، ئەمەیش لە بەرانبەر١٦ ٪ ساڵی ٢٠٠٥بوو. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦دا هەر ئەوەتا ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا سێیەکی ژمارەی تێکڕایی دەرچوونە سەرەتاییەکانی پشکەکانی کرد کەوا لە ساڵی ٢٠٠١دا پێشوازیی لێ کرد، لە کاتێکدا بازاڕەکانی دراو و دارایی ئەوروپی، قەبارەی دەرچوونە سەرەتاییەکانی پشکەکان IPOsای تایبەت بەخۆی کرد کە ڕێژەکەی ٣٠٪ بوو، قەبارەکە لە ئاسیا و (بەتەنیا یابان نەبێت) دوو هێندە بوویەوە. هەروەها داهاتەکانی دەرچوونە سەرەتاییەکانی پشکەکان IPOS و لیستە بیانییەکان تەنیا بەشێکی ئەم چیرۆکەن. چوونکە لێ وەرگیراوی ئابووریی (مشتقات مالیە derivitves) نوێ هەن کەوا پشت بە ئامرازی سەرەکیی دارایی دەبەستن، وەك پشکەکان و دانەوەکانی ڕێژەی سوود، کە بەنیسبەت سندووقەکانی دەستەبەرکردن hedge funds و بانکەکان و کۆمپانیایەکانی دەستەبەری و ڕۆینەی (السیولە) تێکڕایی بازاڕەکانی نێو دەوڵەتی، گرنگییەکەی بەشێوەیەکی جێگیر زیاد دەکات. ئەو یاریزانەی کەوا دەستی بەسەر بازاڕەکانی نێودەوڵەتی بۆ لێ وەرگیراوەکانی داراییدا گرتووە لەندەنە، چوونکە بازاڕە داراییەکانی بەرپرسن لە ٤٩٪ی بازاڕی لێ وەرگیراوە داراییەکانی تایبەت بە ئاڵوێرکردنی دراوی و ٣٤٪ لە بازاڕی ڕێژەی سوود. (بەڵام ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بەرپرسی ١٦٪ و ٤٪ی ئەو دوو بازاڕەیە بەشێوەیەکی زنجیرەداری بەدوا یەکدا هاتوو). هەروەها بازاڕەکانی دارایی ئەوروپا

بەشێوەیەکی گشتی ٦٠٪ لێ وەرگیراوە داراییەکانی پەیوەندیدار بە ڕێژەی سوود و ئالۆزیی دراوی و پشکەکان و پارەدانەکان (التمویل) پێکدەهێنێت. چاوپێکەوتنەکانی دەستگەی ماکنزی کە لەگەڵ هەندێك سەرکردەی پیاوانی کار لە جیهاندا ئەنجامی داون ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوروپا نەك تەنیا هەژموونی تەواوی بەسەر لێ وەرگیراوە داراییەکاندا هەیە، بەڵکو هەژموونی بەسەر داهێنانی لێ وەرگیراوە نوێیەکانیشدا هەیە. تەنیا یەك بەرهەم نەبێت کە ئەم مەسەلەیە نەیگرتووەتەوە و تیایدا ئەوروپا دوای ئەمریکا دێت، ئەویش کاڵایەکانە.

لە ڕاستیدا، چەند هۆیەکی دیاریکراوی ئەم دابەزین و لێژبوونەوەیە هەن، بۆنموونە، زۆرێك لە دەرکراوە سەرەتاییە گەورەکان کەوا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا لە ئەوروپا ڕوویان دا بەهۆی تایبەتکردن (خصخصە)ی کۆمپانیایەکانی حکومیی چین و ئەوروپاوە بوو. بێگومان لەو کاتیشدا دەرکراوە چینییەکان چوونە هۆنگ کۆنگ، هەروەها ئەوەی ڕووسیا و ئەوروپای خۆرئاواییش چووە لەندەن. لە ساڵی ٢٢٠٦دا سێ لە گەورەترین دەرچوواندنی سەرەتایی پشکەکان لە بازاڕەکانی گەشەسەندووەوە هاتن. بەڵام کۆی ئەمانە بەشێکن لە دیاردەیەکی فراوانتر، ئەویش ئەوەیە کە ئەو دەوڵەت و کۆمپانیایانەی لە ئێستەدا چەند بژارێکیان لەبەر دەستدایە، پێشتر ئەو بژارانەیان نەبوو، بازاڕەکانی دارایی لە دەرەوەی ئەمریکا- بەتایبەتیش لە هۆنگ کۆنگ و لەندەن- بەشێوەیەکی باش ڕێکخراون، ئەمەیش ڕێگە بە کۆمپانیایەکان دەدات چەند هۆکارێکی دیکە ڕەچاو بکەن، وەك ناوچە زەمەنییەکان و فراوانبوون و سیاسەت.

کاتێك کۆمپانیایەکانی ئەمریکی دەچوونە دەرەوە، ڕاهاتبوون لەسەر ئەوەی سەرمایە و زانیاری لەگەڵ خۆیاندا ببەن. بەڵام کاتێك لە ئێستەدا دەچنە دەرەوە، ئەوەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا دانیشتوانانی نێوخۆیی پێشوەخت

پـارە و زانیارییـان هەیـە. بەڕاسـتی جیهانێـك بـەناوی جیهـانی سـێیەم نـەماوە. کەواتـە، کۆمپانیایـەکانی ئـەمریکی چ شـتێك لەگـەڵ خۆیانـدا دەبەنـە هینـد و بـەرازیل؟ هـەروەها سەرلیسـتە کێبڕکێکارییەکـەی ئـەمریکا چـییە؟ ئـەم دوو پرسیارە هەرگیز پیـاوانی کـاری ئـەمریکی بەگشـتی بـە مێشـکیاندا نـەهاتووە – کەمێکیان نەبن– بـەوەی کـە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان ناچـار دەبـن وەڵامیـان بدەنـەوە. وەڵامەکەش خۆی لە شتێکدا حەشارداوە کەوا زانای ئابووریزان مـارتن وۆڵـف لـە کاتی وەسفکردنی جیهانی گۆڕاودا ئاماژەی بـۆ کـردووە، نـاوبراو گوتوویـەتی کـە پسپۆڕانی ئابووری لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون گفتوگۆ لەسەر دوو چـەمکی سـەرەکی بکـەن: سـەرمایە و کـار، ئـەم دووانـەش دەبنـە دوو کـاڵا کـە لەبەردەسـتی هەمووانداپە. بەڵام ئەوەی کە تایبەتمەندی بە چالاکیی ئابووری دەبەخشێت هـزر و وزەن. لەسەر هەر دەوڵەتێك پێویستە لـە ئێسـتەدا یـان سەرچـاوەی هزرەکـان بێـت یـانیش وزە (واتـا نـەوت و گـازی سروشـتی و خـەڵووزی بـەردین و هتـد). ویلایەتــەکانی یــەکگرتوو پێشــتر و ئێســتەیش لەتوانایدایــە وەك گــرنگترین سەرچــاوەی بــەردەوامی هــزرە نوێیــە بچــووك و گــەورەکان، تــەکنیکی و داهێنانییەکان، ئابووری و سیاسییەکان بمێنێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێ ئەمـە بکات، دەبێ چەند گۆڕانکارییەکی گرنگ ئەنجام بدات.

سیاسەتێکی بێ بەرهەم

ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا مێژوویەکە لە نیگـەرانیی هەمبـەر لەدەسـتدانی پێشکەوتن و پێشەنگایەتییەکەی. ئەمەیش بەلای کەمەوە شەپۆلی چـوارەمە بـۆ ئەو نیگەرانییەی کەوا هەر لە ساڵی ١٩٤٥وە سەری هەڵداوە. ئـەوەی یەکـەم لـە کۆتاییــەکانی پەنجایەکانــدا بــەهۆی نــاردنی مــانگی دەســتکردی ســپوتنیکی یەکیەتیی سۆڤییەتەوە سەری هەڵدا. دووەمیش لە سـەرەتای حەفتایەکاندا بـوو،

کاتێک نرخی بەرزی نەوت و گەشەکردنی هێواش ئەو باوەڕەی لە لای ئەمریکییەکان دروستکرد بەوەی کە ئەورووپای خۆرئاوایی و سعوودییە دوو هێزی ئایندەن، لەبەرئەوە سەرۆک نیکسۆن گەیشتنی جیهانێکی فرە جەمسەری ڕاگەیاند. هەروەها شەپۆلی سێیەم لە نێوەڕاستی هەشتایەکاندا گەیشت، ئەویش لەو کاتەدا بوو کە زۆربەی شارەزایان باوەڕیان وەهابوو یابان دەبێتە مەزنترین هێزی هەژموونداری بەسەر تەکنۆلۆژیا و ئابوورییەوە. بەڵام هەرچەندە لە هەر یەکێك لەو دۆخانەدا هەستی نیگەرانی چەند بنەمایەکی لۆژیکیانەی هەبوو، بەڵام هیچ یەکێك لەو سیناریۆیانە وەدینەهاتن. هۆیەکەش دەگەڕێتەوە- هەر وەك واقیع سەلماندی- بۆ نەرمی و توانای خۆگونجێنەرانەی سیستمی ئەمریکی و سروشتە داهێنەرەکەی و توانای هەڵمژینی هێدمەکان و چاککردنەوەی هەڵەکانی و وەرچەرخاندنی ئاگاییەکەی. بیرکۆیی خستنە سەر دابەزین و لێژبوونەوەی ئابووریی ئەمریکی لە کۆتاییدا بووە هۆی ئەوەی خۆی لێ بەدووربگیرێ. گرفتەکەی ئەمڕۆش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە سیستمی سیاسیی ئەمریکی بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئاڵۆزەکانی توانای بەرهەمهێنانی هاوپەیمانیی فراوان و تواناداری لەدەستداوە.

لە ئێستەدا کەموکورتییە ئابوورییەکانی ئەمریکا ڕاستینن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، دەرئەنجامی خاڵەکانی ئیفلیجبوونی سەختی وەزیفییانەی نێو ئابووریی ئەمریکی نین، هەروەها ڕەنگدانەوەی هەڵوەشانەوەی کەلتووری و ڕۆشنبیریش نین؛ بەڵکو دەرئەنجامی سیاسەتە دیاریکراوەکانی حکوومەتە. هەروەها پشتبەستن و گرتنەبەری سیاسەتی جۆراوجۆر دەتوانێ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بە خێرایی و ئاسانییەکی ڕێژەیی بباتە پێگەیەکی سەقامگیرتر کە بەراورد ناکرێ. لەوانەیە سبەینێ بڕیار لەسەر کۆمەڵێك ڕیفۆرمی ئامانجداری

کرداری بدرێ کەوا ئامانجیان کەمکردنەوە و دابەزاندنی خەرجییەکان و یارمەتییە ناپێویستەکان و زیادکردنی پاشەکەوت و فراوانکردنی مەشق لە بوارە کرداریيەکان و تەکنۆلۆژییەکان و دەستەبەرکردنی مووچەکانی خانەنشینی و دۆزینەوەی چەند ڕێکارێکی کردارییانەی تایبەت بە کۆچبەران و گەیشتن بە ڕێگەی کارا بێت بۆ بەکارهێنانی وزە*. لەمەیشدا ناکۆکییەکی گەورە لەهەمبەر زۆربەی پرسەکاندا لەنێوان پسپۆڕانی سیاسەتەکاندا نییە، هەروەها زۆربەی ڕێکارە پێشنیازکراوەکانیش پێویستیان بە قوربانیدانی وەها نییە کەوا تەنگوچەڵەمە و شەکەتییەکانی کاتی جەنگمان بیر بێنێتەوە، بەڵکو تەنیا چەند هەموارکردنەوەیەکی کەمی ئەو چارەسازییانەن کەوا لە ئێستەدا هەن. لەگەڵ ئەمەیشدا، بەهۆی سیاسەتەوە بە شتی نەکردەیی دێنەبەرچاو. سیستمی سیاسیی ئەمریکی توانای چارەسەری لە سنوورێکی بەرفراواندا لەدەستداوە، هەروەها ئەو توانایەشی لە دەستداوە کە لە ئێستەدا بەرگەی کەمە ئازارێك بگرێت بۆ ئەوەی دواتر سوودێکی زۆری پێبگات.

ویلایەتەکانی یەکگرتوو لەگەڵ چوونی بۆ نێو نێو سەدەی بیست و یەك، ئابوورییەکی بونیاد لاواز یان جڤاکێکی هەڵوەشاوەی نییە، بەڵام ژیانێکی زۆر ئیفلیجکارانەی پێشخستووە. پارەوپوول و بەرژەوەندیی تایبەت و ئامرازە ئابوورییەکانی

---

*) ڕیفۆرمی چاودێریکردنی تەندروستیم نەخستووەتە نێو ئەم لیستەوە، چوونکە گرفتێك نییە کە بتواندرێ بە سانایی چارە بکرێ. زۆربەی گرفتەکان لە واشنتۆندا پێویستیان بە چەند چارەسەرێکی سانا و سادە هەیە کەوا پەیوەندییان بە سیاسەتەوە هەیە، بەڵام ڕووبەڕووی ئیفلیجبوونێکی سیاسی دەبێتەوە. چاودێریکردنی تەندروستی لەسەر ئاستی سیاسەتەکان و لە هەمان کاتیشدا ئاستی سیاسیشەوە گرفتێکی ئاڵۆزە. ئەمەیش مانای ئەوە نییە کە پێویستی بە چارەسەر نییە، بەڵام بەردەوامی لە سایەی هەموو هەلومەرجەکاندا ڕێك وەك ئەمڕۆ چارەسەرەکەی دژوار بووە.

ڕاگەیاندن و کۆمەڵەکانی دروستکردنی فشار لەسەر سیستەمی سیاسی، دووچاری کەموکورتییەکی وەزیفی و زۆر توند بووەتەوە و تەمەنیشی نزیکەی ٢٢٥ ساڵ دەبێت. دەرئەنجامەکەش بێزبازییەکی توندی بێ وەستانە سەبارەت بە شتی پووچ– سیاسەت وەك شانۆیە– هەروەها مانا و هەماهەنگی و کردارێکی کەم هەیە. وڵاتە پڕ لە گورپوتاو و باوەڕدارەکە بە کردەیەکی سیاسییانەی بێ بەرهەم شەکەت کراوە و کردەیەکی سیاسییە کە زیاتر بۆ ململانێی حزبی دارێژراوە نەك بۆ چارەسەکردنی گرفتەکان. لەگەڵ گەشەکردنی بەرژەوەندیی تایبەت و زیادبوونی کۆمەڵەکانی فشار و خەرجیی سیاسیی (pork-barrel spending)، پرۆسەی سیاسی لە سێ دەیەی ڕابردوودا زیاتر لایەنگرانە و کەمتر کارایە.

زۆرێك لە زانایانی سیاسەت حەزدەکەن کە هەردوو حزبە سیاسییەکە لە ئەمریکادا لە ڕووی بێگەردیی ئایدۆلۆژی و ڕێککاری و سیستماتیکبوونی توندوتیژ، زیاتر بە حزبەکانی ئەورووپی بچن. هەر چۆنێك بێت، ئەمە ڕووی دا. ئێستەیش ژمارەی میانڕۆیەکانی هەردوو لا وردە وردە کەم دەبنەوە، دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە ئێمە گەیشتینە ڕێگەی داخراو. سیستەمەکانی پارلەمانی لە ئەورووپا لەگەڵ هەبوونی پارتی دەمارگیریشدا کارەکانیان بەشێوەیەکی زۆرباش بەڕێوەدەبەن، چوونکە دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ بەئاسانی بەرنامەی کارەکانی جێبەجێ بکات. بۆنموونە سەرۆکوەزیرانی بریتانی پێویستی بە هیچ جۆرە پاڵپشتییەکی پارتی ئۆپۆزسیۆن نییە، چوونکە زۆرینەی دەسەڵاتداری هەیە. بەڵام سیستەمی ئەمریکی لە بەرانبەردا، سیستەمی دەسەڵاتێکی هاوبەش و ئەرکی تێکچڕژاو و دابەشکردنی توانادارییەکانە (صلاحیات). پێشکەوتنیش پێویستی بە هاوپەیمانیی فراوانی نێوان دوو پارتی

سیاسی و نا دەمارگیر هەیە. لەبەر ئەوە بوو کە جیمس مادیسۆن متمانەی بە پارتەکانی سیاسی نەبوو، لەگەڵ گشت دەستە و تاقمە جوداخواز و جیابووەکانی دیکەدا بەیەك چاو تەماشای دەکردن و بە مەترسییەکی مەزنی سەر دەوڵەتی لاوی ئەمریکی دادەنان.

دەزانم کە کۆی ئەم سکالاّ و گلەییانە بە میسالی و ڕۆمانسی دێنەبەرچاو، هەروەها ئەوەش دەزانم کە بەردەوام و تەنانەت لە سەردەمی مادیسۆنیشەوە دەمارگیرییەکی بێزراو و نەگریس لە ئەمریکادا هەبووە. بەلاّم، لەگەڵ ئەمانەیشدا هاوکارییەکی زۆر لەنێوان هەردوو حزبدا هەبووە بەتایبەتیش لە سەدەی ڕابردوودا. چوونکە لە ڕەوتی کاردانەوەیان لەهەمبەر ئەو ناکۆکییە سیاسییەی کەوا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمی پێ دەناسرایەوە– دواجار کە تیایدا دوو هەڵبژاردنی کێبڕێکارانە بەدوای یەکدا ئەنجام دران– زۆرێك لە سیاسییەکانی ئەمریکا هەوڵیان دا هێزێك دروست بکەن کەوا ئامانجی دروستکردن و دامەزراندنی دەستهەلاّتێکی چاکەخواز بێت و چارەسەری گرفتەکان بکات. ڕۆبێرت بروکینگز لە ساڵی ١٩١٦دا پەیمانگەی برۆکینگزی لە واشنتۆندا دامەزراند چوونکە ناوبراو ڕێکخراوێکی " دوور لە بەرژەوەندیی سیاسی یان ئابووری دەویست..... ئەمەیش لەپێناو کۆکردنەوە و شیکردنەوەی ڕاستییە کرۆکییە ئابوورییەکان بوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پتەو و لۆژیکی بیخاتە بەردەم وڵاتەکە". یەکەم سەرنووسەری گۆڤاری فۆرین ئەفێرز– کەوا لە دەستگەی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەردەچوو و لە ساڵی ١٩٢١ دامەزرا، بە جێگرەکەی خۆی گوت کە ئەگەر یەکێککیان وەك دیموکراسییەك بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ کرا، ئەوا لەسەر ئەوی دیکەیان پێویستە لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمارییەکان یەکسەر دەست بە هەڵمەتێك بکات. ئەمە لەگەڵ دەستگەیەکی

شرۆڤکاردا بەراورد بکە کەوا هێندە لەمێژ نییە دامەزراوە- دەستگەی هێریتیگ فاوندەیشنی موحافەزەکار- هەروەها لەگەڵ ئەو قسەیەش بەراوردی بکە کە جێگری پێشووی سەرۆکەکەی بۆرتۆن باینز گوتبووی: " ڕۆڵی ئێمە ئەوەیە دروستکاری بڕیاری موحافیزەکاران پێشکەش بکەین و لە هەمان کاتیشدا چەند بەڵگەیەك پێشکەش بکەین کەوا پاڵپشتی لە ئێمە دەکەن".

گرفتەکە خۆی لەوەدا حەشارداوە کە پێشکەوتن لە هەر گرفتێکی سەرەکیدا- چاودێریکردنی تەندروستی، دەستەبەری کۆمەلایەتی، ڕیفۆرمی باجی- پێویستی بە چارەسەر و هەماهەنگیی هەردوو حزبەکە هەیە. هەروەها لە سیاسەتی دەرەوەشدا، دارشتنی سیاسەتێکی ستراتیژی سەبارەت بە عێراق یان ئێران یان کۆریای باکوو و چین، پێویستی بە پاڵپشتییەکی بەهێزی هەردوو حزب هەیە. مەسەلەکە پێویستی بە نواڕینێکی دوورمەودا هەیە. بەلام ئەمە تا ئاستێکی زۆر دوور شیمانە بۆ نەکراوە. چوونکە ئەوانەی پاڵپشتیی لە چارەسەرە ئەقلانییەکان و دەرچواندنی یاسایەکانی چارەسەر دەکەن، لە لایەن سەرکردایەتیی حزبەوە پەراوێز دەخرێن، ئەو پارە و سامانەش لە دەستدەدەن کەوا لە کۆمەڵەکانی خاوەن بەرژەوەندیی تایبەتەوە هاتوون و بەردەوامیش لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆیەکاندا لەلایەن لایەنەکەی خۆیانەوە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا هێرشیان دەکرێتە سەر. چوونکە سیستەمەکە شتی هاندەر و دەم چەورکردنی باش پێشکەشی ئەو کەسانە دەکات کەوا بە پایەداری دەمێننەوە و دەگەڕێنەوە نێو تیمەکەی خۆیان و بە تیمەکە دەڵێن کە ئەوەت ڕەتکردووەتەوە مل بۆ دوژمن کەچ بکەیت. ئەمەیش بۆ کۆکردنەوەی سامان مەسەلەیەکی باشە، بەلام بۆ دەستهەلات و حوکمڕانی زۆر مەترسیدارە.

بەکورتی، تاقیکردنەوە ڕاستینەکە بۆ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا- لە هەندێك لایەندا- پێچەوانەی ئەو دۆخەیە کەوا بریتانیا لە ساڵی ١٩٠٠دا ڕووبەڕووی بوویەوە. هێزی ئابووریی بریتانی بەشێوەیەکی پلەبەپلە لاواز دەبوو، لەگەڵ ئەمەیشدا توانی هەژموونە زەبەلاحە سیاسییەکەی لە گشت جیهاندا بپارێزی. بەڵام ئابووری و جڤاکی ئەمریکی توانایان هەیە ڕووبەڕووی فشار و کێبڕکێیەکانی ئابووری ببنەوە. ئەوان هەردووکیان دەتوانن خۆیان بگونجێنن و بەپایەداری بمێننەوە. بەڵام تاقیکردنەوە ڕاستینەکە بۆ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا تاقیکردنەوەیەکی سیاسییە و بەتایبەت دەکەوێتە سەر شانی واشنتۆنەوە، بەتەنیا و بەشێوەیەکی گشتی لەسەر شانی ئەمریکا نییە. جا ئایا واشنتۆن دەتوانێ لەگەڵ جیهانێکدا خۆی بگونجێنێ کەوا تیایدا خەڵکانی دیکە ڕادەبن و گەشە دەکەن؟ هەروەها ئایا دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ وەرچەرخانەکانی نێو هێزە سیاسی و ئابوورییەکان بکات؟ ئایا بەڕاستی دەتوانێ بەرگەی جیهانێکی فرە دەنگ و بیروبۆچوون بگرێت؟ ئایا دەتوانێ لە جیهانێکدا گەشەبکات کەوا خۆی تیایدا هەژموون و کۆنترۆڵی نییە؟

مەبەست و ئامانجی ئەمریکی

کاتێك مێژوونووسان هەوڵ دەدەن لە جیهانی سەدەی بیست و یەك تێبگەن، دەبێ قەیرانی دوورگەی پارسلی (Parsley کە واتای کەرەوز دەگەیەنێ) تێبگەن. لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٢دا حکوومەتی مەغریبی دوانزە سەربازی هەناردە دوورگەیەکی بچووك کە ناوی لەیلا بوو، ئەو دوورگەیە لەنێو گەرووی جەبەل تاریقدایە و چەند سەد پێیەك لە کەنارەکەی دوورە. سەربازەکان لەوێدا ئاڵای خۆیان هەڵدا. هەرچەندە دوورگەکە هیچ دانیشتووانێکی لێ نییە - هەندێك بزن نەبێت- هیچ شتێکیش تیایدا گەشەی نەکردووە تەنیا کەرەوزی کێوی نەبێ

(هەر لێرەشەوە ناوە ئیسپانییەکەی خۆی perejil)ی وەرگرتووە، سەبارەت بەخاوەنداریکردن لەو دوورگەیە لەنێوان مەغریب و ئیسپانیادا ململانێیەکی کۆن هەیە و هەر یەکێك لەو دوو وڵاتە خۆیان بە خاوەنی دەزانن. دوای چەند هەفتەیەك ٧٥ سەربازی ئیسپانی لەسەر دوورگەکە دابەزین و ئاڵایە مەغریبییەکەیان دابەزاند، لە جیاتیدا دوو ئاڵای ئیسپانییان چەقاند و مەغریبییەکانیان ڕەوانەی وڵاتەکەیان کردەوە. حکوومەتی مەغریبی زۆر بەتوندی نارەزایی دژ بەو کردارە جەنگییەی ئیسپانیا دەربڕی و چەندان خۆپیشاندانی گەورەی ڕێکخست و تیایدا گەنجەکان ئەم دروشمەیان دەگوتەوە: " بەگیان، بەخوێن، فیداتین ئەی لەیلا!" ئیسپانیا هێلیکۆپتەرە جەنگییەکانی بەسەر دوورگەکەدا دەسووڕاندەوە و کەشتییە جەنگییەکانیشی لە بەرانبەر کەناری مەغریبیدا جێگیرکردبوو. بۆ چاودێرێکی دوور، کۆی مەسەلەکە بە ئۆپێرایەکی کۆمیدی دەهاتە بەرچاو. بەڵام، مەسەلەکە چەندە پووچ و بێمانا بێت، ئەوا کەسێك ناچار دەبوو قسە لەگەڵ هەردوو وڵاتدا بکات و هەوڵ بدات بە خۆگری و ئارامییەوە باوەڕیان پێبهێنێت.

نەتەوەکانی یەکگرتووە یان یەکیەتیی ئەورووپا ئەم ڕۆڵەیان نەگرتە ئەستۆ، هەروەها هیچ وڵاتێکی ئەورووپیی هاوڕێ وەك فەڕەنسا کە پەیوەندیی باشی لەگەڵ هەردوو وڵاتدا هەبوو، خۆی لێ نەکردنە ساحێب، بەڵکو ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا ئەم ڕۆڵەی گرتە ئەستۆ. لەمبارەیەوە، کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئەوکات سەبارەت بەم مەسەلەیە بە وردە گاڵتەیەکەوە دەڵێ:" لەگەڵ خۆمدا بیرم دەکردەوە، من چ پەیوەندییەکم بەکۆی ئەم شتانە هەیە؟ بۆچی ئێمە – ویلایەتەکانی یەککرتوو– لەنێو جەرگەی مەسەلەکەداین؟". کاتێکیش ئەوە ڕوونبوویەوە کە گشت ڕێگەکانی دیکە سەرکەوتنیان وەدەستنەهێنا، بە

(هەر لێرەشەوە ناوە ئیسپانییەکەی خۆی perejil)ی وەرگرتووە، سەبارەت بەخاوەنداریکردن لەو دوورگەیە لەنێوان مەغریب و ئیسپانیادا ململانێیەکی کۆن هەیە و هەر یەکێك لەو دوو وڵاتە خۆیان بە خاوەنی دەزانن. دوای چەند هەفتەیەك ٧٥ سەربازی ئیسپانی لەسەر دوورگەکە دابەزین و ئاڵایە مەغریبییەکەیان دابەزاند، لە جیاتیدا دوو ئاڵای ئیسپانییان چەقاند و مەغریبییەکانیان ڕەوانەی وڵاتەکەیان کردەوە. حکومەتی مەغریبی زۆر بەتوندی نارەزایی دژ بەو کردارە جەنگییەی ئیسپانیا دەربڕی و چەندان خۆپیشاندانی گەورەی ڕێکخست و تیایدا گەنجەکان ئەم دروشمەیان دەگوتەوە: " بەگیان، بەخوێن، فیداتین ئەی لەیلا!" ئیسپانیا هێلیکۆپتەرە جەنگییەکانی بەسەر دوورگەکەدا دەسووڕاندەوە و کەشتییە جەنگییەکانیشی لە بەرانبەر کەناری مەغریبیدا جێگیرکردبوو. بۆ چاودێرێکی دوور، کۆی مەسەلەکە بە ئۆپێرایەکی کۆمیدی دەهاتە بەرچاو. بەڵام، مەسەلەکە چەندە پووچ و بێمانا بێت، ئەوا کەسێك ناچار دەبوو قسە لەگەڵ هەردوو وڵاتدا بکات و هەوڵ بدات بە خۆگری و ئارامییەوە باوەڕیان پێبهێنێت.

نەتەوەکانی یەکگرتووە یان یەکیەتیی ئەورووپا ئەم ڕۆڵەیان نەگرتە ئەستۆ، هەروەها هیچ وڵاتێکی ئەورووپیی هاوڕێ وەك فەرەنسا کە پەیوەندیی باشی لەگەڵ هەردوو وڵاتدا هەبوو، خۆی لێ نەکردنە ساحێب، بەڵکو ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا ئەم ڕۆڵەی گرتە ئەستۆ. لەمبارەیەوە، کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئەوکات سەبارەت بەم مەسەلەیە بە وردە گاڵتەیەکەوە دەڵێ:" لەگەڵ خۆمدا بیرم دەکردەوە، من چ پەیوەندییەکم بەکۆی ئەم شتانە هەیە؟ بۆچی ئێمە – ویلایەتەکانی یەکگرتوو– لەنێو جەرگەی مەسەلەکەداین؟". کاتێکیش ئەوە ڕوونبوویەوە کە گشت ڕێگەکانی دیکە سەرکەوتنیان وەدەستنەهێنا، بە

گەڕێکی دیبلۆماسییانەی گەرموگوڕی تەلەفۆنی دەستپێکرد، تا کاتێکی درەنگی شەوی هەینی و بەیانیی ڕۆژی هەینی زیاتر لە دوانزە پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ پاشای مەغریب و وەزیری دەرەوەیدا ئەنجام دا. " بڕیارم دا فشار دروست بکەم بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێکی خێرا، چوونکە ئەگەر من وەهام نەکردبایە، ئەوا هەستی لووتبەرزی و عیزەتی نەفس زاڵدەبوو و هەڵوێستەکان ڕەق دەبوون و کەسەکان زیاتر کەللەڕەق دەبوون. شەو باڵی خۆی بەسەر دەریای نێوەڕاستدا کێشابوو، نەوەکانیشم بۆ مەلەوانیکردن دەهاتن!"

لەبەرئەوە، پاول ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکەی بە کۆمپیوتەرەکەی ماڵەوە نووسی و هەردووکیانی ناچارکرد پێی ڕازی بن، بە قەڵەمی خۆیشی لە جیات هەردوو لایەن واژۆی کرد و دواتر بە فاکس بۆ هەریەکە لە ئیسپانیا و مەغریبی نارد. هەردوو وڵات لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دوورگەکە بە بەتاڵی و چۆڵی بهێڵنەوە و سەبارەت بە دۆخە ئایندەییەکەی لە ڕیبات دانیشن و دەست بە گفتوگۆ بکەن. هەردوو حکوومەت دوو ڕاگەیاندنیان دەرکرد و تیایدا سوپاسی ئەمریکایان کرد، چوونکە لە چارەسەرکردنی قەیرانەکە یارمەتیی داون. کۆڵن پاوڵیش لەگەڵ نەوەکانیدا چووە مەلەوانیکردن.

ئەمە نموونەیەکی بچووکە، بەڵام ئاماژەپێدەرە. ویلایەتەکانی یەکگرتوو هیچ بەرژەوەندییەکی لە گەرووی جەبەل تاریقدا نییە. بەپێچەوانەی یەکیەتیی ئەورووپاش هیچ هەژموونێکی تایبەتی بەسەر ئیسپانیا و مەغریب نییە. ناشتوانێ وەك نەتەوەکانی یەکگرتوو بەناوی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی قسەبکات. بەڵام تاکە وڵاتیش بوو کە بتوانێ چارەسەری ململانێیەکە بکات، ئەویش لەبەر هۆیەکی کرۆکی و زۆر سادە بوو: لە جیهانێکی تاکجەمسەردا، تاکە زلهێز بوو.

وەها لەساڵی ٢٠٠٢ دەنواردرێ کە ترۆپکی سیستمی تاکجەمسەرییە. بۆ ئەمریکا ساتە ڕۆمانییەکەیە. دەیەی پێشی دەیەیەکی دڵخۆشکەر و شادیهێن بوو، چوونکە واشنتۆن زیادەیەکی زەبەلاحی بەرهەم دەهێنا و بەهای دۆلاریش زۆر بەرزبوو، هەروەها بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری ئەمریکی ئەستێرەی جیهانی بوون. لە کۆتاییشدا، جیهان بینی کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە ساڵی ٢٠٠١دا زۆر دڕندانە هێرشی دەکرێتە سەر، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی هاوسۆزییەکی گەورە لە هەمبەریدا دروستببێت. هەندێکیش هەستیان بە بەختەوەری دەکرد کە بینیان زلهێزێك خەریکە ملکەچ و سەرشۆڕ دەبێت. بەڵام فراوانبوونی سنووری کاردانەوەی ویلایەتەکانی یەکگرتوو لەهەمبەر ئەو هێرشەدا لە توانای وێناندنی هەر دەوڵەتێکی جیهان زۆر بەدووربوو. چوونکە واشنتۆن یەکسەر ٥٠ ملیار دۆلاری خستە سەر گوژمەی بەرگرییەکەی؛ تەنیا زیادەکە لە کۆی گوژمەی ساڵانەی بریتانیا و ئەڵمانیا زۆرتر بوو. هەر بەتەنیاش تیرۆری خستە سەرووی لیستی ئەجێندای جیهانییەوە، ئەمەیش وەهای کرد کە وڵاتانی دیکە بە خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەم بەندەدا سەرلەنوێ سیاسەتی دەرەوەی ئاراستە بکەنەوە، بۆنموونە پاکستان کە ماوەی چەند ساڵێك هاوپەیمانی بزووتنەوەی تاڵیبان بوو، لەماوەی هەفتەیەکدا دژی وەستایەوە. دوای یەك مانگیش ویلایەتەکانی یەکگرتوو هێرشی کردە سەر ئەفغانستان کەوا حەوت هەزار میل لێیەوە دوورە– زۆربەی هێرشەکانیش لە ئاسمانەوە بوو – بەخێرایی سیستمە ئەفغانییەکەی ڕووخاند.

لە ئێستەشدا هێشتا ئەمریکا تاکە زلهێزە، بەڵام چەند خاڵێکی لاوازیشی هەیە. ئابوورییەکەی بەدەست چەند گرفتێکەوە دەناڵێنێ، هەروەها نرخی دراوەکەی لە دابەزین و لێژبوونەوەدایە، چەند گرفتێکی دوور مەوداشی هەیە کەوا ڕووبەڕووی

بووەتەوە و پەیوەندیی بە بەرزبوونەوەیەکی گەورەی ژمارەی ئەو کەسانە هەیە کەوا پشت بە یارمەتییەکانی کۆمەڵایەتی دەبەستن، ڕێژەی پارە پاشەکەوتکراوەکانیشی لە نزمبوونەوەدایە. هەروەها هەستەکانی دوژمنایەتیی دژ بە ئەمریکا لە گشت شوێنێکدا- هەر لە بریتانیا تا دەگاتە مالیزیا- بەشێوەیەکی نائاسایی بەرزبووەتەوە. بەڵام دەبێ بزانین کە وەرچەرخانە بەرجەستترەکە و سەرسوڕهێنەرترەکەی نێوان نەوەدەکان و ئێستە هیچ پەیوەندییەکی بە ویلایەتەکانی یەکگرتووەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە گشت جیهانەوە هەیە. چوونکە لە نەوەدەکاندا ڕووسیا بەتەواوی پشتی بە یارمەتی و قەرزەکانی ئەمریکا بەستبوو، بەڵام لە ئێستەدا زیادەی گوژمەی ساڵانەی خۆی ڕادەگەیەنێ کە دەیان ملیار دۆلارە. هەروەها وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیا کە ئەوکات لەپێناو دەرچوونیان لە قەیرانەکانیان پێویستییەکی زۆریان بە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی بوو، ئێستە یەدەگی زەبەلاحی پارەی بیانییان هەیە و بۆ بەخشینی قەرز بە ئەمریکا بەکاری دەهێنن. هەروەها لە نەوەدەکاندا، خواستی ئەمریکی بە تاکە هێزی پاڵنەری گەشەکردنی چینی دادەندرا. بەڵام چین لە ساڵی ٢٠٠٧دا بەشدارییەکی وەهای لە گەشەکردنی جیهانیدا کرد کەوا زۆر لە بەشدارییەکەی ویلایەتەکانی یەکگرتوو گەورەتربوو- بەلای کەمەوە لە دەیەی سییەکانەوە یەکەم جارە کەوا وڵاتێك لە وەدیهێنانی ئەمەدا سەرکەوتن وەدەستبێنێ- هەروەها وەك گەورەترین بازاڕی بەکاربەران لە جیهاندا لە چەند دەستە و بوارێکی گەوهەریدا پێش ئەمریکا کەوتووە.

ئەم دیاردە جیهانییە - ڕابوونی ئەوانی دیکە- لە دوورمەودادا هەمیشە لە کەڵەکەکردنی هێزی خۆی بەردەوام دەبێت، بەبێ ڕەچاوکردنی بەرزی و نزمییە کاتییەکانی. بەڵام ئەمریکا هەرچەندە بونیادی سەرتاپاگیری تاکجەمسەری-

لەسەر ئاستی ئابووری و دارایی و ڕۆشنبیریدا– وردەوردە لاواز دەبێت، بەڵام هەر لە ئاستە هەژموونداره سیاسی و سەربازییەکەی بەسەر جیهاندا دەمێنێتەوە. هێشتاکەش واشنتۆن هیچ کێبڕکێکارێکی ڕاستینی نییە، هەروەها بۆماوەیەکی بەرێژە درێژیش ئەم کێبڕکێکارەی ئەمریکا پەیدا نابێت، بەڵام ڕووبەڕووی چەندەها کۆتوبەندی جۆراوجۆر دەبێتەوە. بێگومان، جیهانی تاکجەمسەری کە ماوەی چەند دەیەیەکە ماوەتەوە، هەر بەخێرایی و لە شەو و ڕۆژێکدا کتوپڕ نابێتە جیهانێکی دووجەمسەری یان فرەجەمسەر، بەڵکو وەرچەرخانەکە لە سروشتی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا بەهێواشی ڕوودەدات. تاکجەمسەری وەك ڕاستییەکی دیاریکەری سیستمی نێودەوڵەتی لە ئێستەدا بەردەوام دەبێت، بەڵام لەگەڵ گوزەرکردنی هەر ساڵێکیشدا زیاتر لاوازتر دەبێت، لە هەمان کاتیشدا هێزی وڵاتانی دیکە و یاریزانانی دیکە زیاتر دەبن.

لەوانەیە ئەم وەرچەرخانە لە هێزدا بەشێوەیەکی گشتی بەسوود بێت. چوونکە یەکەم؛ بەهۆی شتی نوێی وەك گەشەکردنێکی بەهێزی ئابوورییەوە هاتووەتە ئاراوە و لە گشت جیهاندا دەبێتە هۆی سەقامگیری. ئەمەیش بۆ ئەمریکا سوودبەخشە ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵەی لەهەمبەردا بکرێ. چوونکە جیهان لەسەر ڕەوت و ڕێبازی ئەمریکا بەڕێوە دەڕوات، هەروەها وڵاتانیش دیموکراسیتر و کراوەتر دەبن و زیاتر سیستمی بازاڕ پەسند دەکەن. جا مادام ئێمە هێزی نوێگەری و کارلێکی جیهانی و بازرگانی دەپارێزین و پارمەتیی گەشەکردنیان دەدەین، ئەوا دەستهەڵاتی باش و مافی مرۆڤ و دیموکراسییەت هەر هەموویان بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدێنن. ئەگەرچی ئەم بزاڤە بەردەوام خێرا نییە، چوونکە بەزۆری ڕووبەڕووی کۆسپوتەگەرە دەبێتەوە، بەڵام ئاراستە سەرەکییەکەی ڕوونە. تۆ تەماشای ئەفریقیا بکە کە بەزۆری وەك

كیشوەرێكی وەها لێی دەنواڕدرێ كەوا كەمترین هیوا دەبەخشێ؛ بەشی هەرە زۆری كیشوەرەكە لە ئێستەدا بوونەتە دیموكراسی و لە دۆخی گەشەكردنی ئابووریدان.

ئەم دیاردانە دەرفەتێك بە ویلایەتەكانی یەكگرتوو دەبەخشن بۆ ئەوەی لە جیهانێكی دەوڵەمەندتر و دینامیتر و وروژێنەرتر ببێتە پاریزانێكی تەوەرەیی و سەنترالّی. بەلأم سوود وەرگرتن لەم دەرفەتە پێویستی بە گۆڕانێكی گەورەی ئەمریكا هەیە بۆ ئەوەی زیاتر لە جیهان نزیكبێتەوە. ئەمریكا بەهێزە ڕێژەییەكەی خۆی دەتوانێ زۆر شت بكات، هەرچەندە ئەم هێزە لەگەلّ زیادبوونی هێزی ولأتانی دیكە كەمتر دەبێتەوە، بەلأم هێشتا شتێكی زۆر بۆ واشنتۆن دەمێنێتەوە كە سەبارەت بە سەرلەنوێ پێناسەكردنەوەی مەبەست و ئامانجی ئەمریكا ئەنجامیان بدات.

چاكییەكانی (فضائل) كێبڕكێكردن

چۆن ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا لەوەدا شكستی هێنا سوود لە دەرفەتەكانی خۆی وەربگرێ؟ ئەمریكا كارتی زۆر قازانجهێنی دەگمەنی لەبەردەستدابوو بۆ ئەوەی لە كاروبارەكانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەشێوەیەك بەكاریبهێنێ كە تا ئێستە لە مێژووی هیچ ولأتێكدا بۆ هیچ دەولّەتێك نەڕەخساوە. بەلأم لەگەلّ ئەمەیشدا لە گشت ئاستەكاندا بەشێوەیەكی خراپ گەمەی بە كارتەكان كرد. ئەمریكا هەژموونێكی بێوێنەی وەدەستهێنا. ئەدی چی لێكرد؟

ئەوەی جێگەی گاڵتەپێکردنە ئەوەیە کە ئەو مەرجەی وەهای کرد گشت ئەو هەڵە و سەرچیغرۆیشتنانە ببنە شتێکی کردەیی و ڕێتێچوو- بەبێ ڕەچاوکردنی کاریگەریی کەسییەتییەکان و سیاسەتە دیاریکراوەکان (کە بەهەرحاڵ شتی زۆری لەبارەوە نووسراوە) – هێزە زەبەلاحەکەی ئەمریکایە. ئەمریکییەکان متمانەیەکی مەزنیان بە چاکییەکانی کێبڕکێکردن هەیە. ئێمە پێمان وایە کە کاتێك کەشێکی کێبڕێکارانە دەڕەخسێ، تاك و کۆمەڵە و کۆمپانیایەکان کارێکی باشتر ئەنجام دەدەن. بەڵام لەسەر گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا ئەو ڕاستییەمان لەبیرچوو. چوونکە هەر لەگەڵ داڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەتەوە، ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە جیهاندا وەك پەیکەرێکی بێوێنەی زەبەلاح لووتبەرزیی دەنواند. ڕاستە کە ئەم کارە چەند سوودێکی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا وەهای کرد واشنتۆن لووتبەرز و کەمتەرخەم و تەنبەڵ بێت. هەندێکجار سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هاوشێوەی ئەو ستراتیژە بوو کە جەنەڕاڵ مۆتۆڕز لە کۆتاییەکانی حەفتایەکاندا گرتیەبەر ؛ نزیککارییەك بوو کەوا بە چەند هۆکارێکی نێوخۆیی پاڵی پێوەنرابوو، گرنگییەکی کەمیش بەو کەشە فراوانە دەدات کەوا کاری تیادا دەکات. ئەم سیاسەتە لەگەڵ جەنەڕاڵ مۆتۆڕزدا سەرکەوتوو نەبوو، تاکو ئێستە لەگەڵ ویلایەتەکانی یەکگرتووشدا سەرکەوتوو نەبووە.

زۆربەی سیاسییەکان و شارەزایانی سیاسی- بە ئەمریکی و بیانییەکانەوە- لە قبوولکردنی جیهانی تاکجەمسەردا دواکەوتن. لە ساڵی ١٩٩٠دا، لەو کاتەی یەکیەتیی سۆڤیەت دادەڕووخا، مارگرێت تاتشەر بۆچوونێکی ئاشکراکرد کە لەو کاتیدا باوبوو، ئەویش ئەوەبوو کە جیهان بەرەو سێ ئاراستەی هەرێمیی هەنگاو دەنێ،" یەکێکیان پشت بە دۆلار دەبەستێ، یەکێکیشیان بە یەنی یابانی، یەکێکی دیکەش بە مارکی ئەڵمانی". جۆرج بۆشی باوك خۆی نقوومکردنە نێو

سیستمێکی دوو جەمسەری و هەرگیز وەك سەرۆکی تاکە هێزێکی مەزن ڕەفتاری نەکرد. هەروەها لە هەمبەر ئەو گۆڕانە مێژووییانەی کەوا بەسەر سیستمی جیهانیدا دەهاتن، بە تەقییەوە خۆی نزیك دەکردەوە. چوونکە لەجیات ئەوەی بانگەشەی سەرکەوتنێکی بێوێنە بکات لە جەنگی سارد دا، ئیدارەکەی تەنیا ڕەفتاری ئەوە بوو کە بە شێنەیی دەستکەوتەکانی داڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەتی کۆبکاتەوە، هەروەها بەردەوامیش ئەوەی ڕەچاوکردبوو کەوا لەوانەیە ئەم کردەیە بە دژە ئاراستە وەرچەرخێت یان بەتوندوتیژی کۆتایی پێبێت. کاتێکیش جۆرج بۆش خۆی بۆ جەنگی یەکەمی کەنداو ئامادە دەکرد، زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بونیادبنێت و ڕەزامەندیی نەتەوەکانی یەکگرتووی دەستکەوێ و پابەندی ئەو سەرپشککردنە بێت کەوا جەنگ شەرعییەتەکەی بەخشیبوو. کاتێکیش کورتهێنانی ئەمریکی زیادی کرد و ئابووریی ئەمریکی بەرەو کرژبوونەوە و پاشەکشەکردن چوو، جیمس بێکەری وەزیری دەرەوەی نارده زۆرێك لە وڵاتانی جیهان بۆئەوەی لەپێناو جەنگدا پارە کۆبکاتەوە. هەروەها گەورەترن دەستکەوتی سیاسەتە دەرەکییەکەی – واتا یەکخستنی ئەڵمانیا– بەهۆی بەکارهێنانی هێزێکی تاکلایەنە بەدینەهات بەڵکو بەهۆی دیبلۆماسییەتێکی هاوکارانە بوو– هەرچەندە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا لەو کاتیدا گشت کارتە قازانجبەخشەکانی لەبەر دەستدابوو. هەردوو ئەڵمانیا لە میانی هاوپەیمانییەکی خۆرئاواییەوە بوونە یەك، ٣٤٠.٠٠٠ ڕووسی زۆر بەبێدەنگی ئەڵمانیای خۆرهەلاتیان جێهێشت– لەگەڵ ملکەچی و ملدانێکی تەواوی مۆسکۆدا.

هەندێك وەها دركیان دەکرد کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو لەگەڵ داڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەتدا تاکە جەمسەرە کە مابێتەوە، بەلآم شیمانەی ئەوەیان کرد

کە تاکجەمسەریی قۆناغێکی ڕاگوزەرە، یان بەپێی یەکێك لە ڕۆژنامەوانەکان چرکە ساتێکە. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ساڵی ١٩٩٢دا قسەکردن لەسەر لاوازی و بێهێزیی ئەمریکا زاڵبوو، پۆڵ تسۆنگاس لە میانی هەڵمەتی خۆی بۆبردنەوە — ناوبراو کاندیدایەکی پارتی دیموکرات بوو— گوتی:" جەنگی سارد کۆتایی هات، ئەڵمانیا و یابانیش سەرکەوتن". بەلاّم هێنری کیسنجەر لە کتێبەکەی بەناوی دیبلۆماسییەت کەوا لە ساڵی ١٩٩٤دا دەرچوو، پێشبینیی هاتنەکایەی جیهانێکی فرە جەمسەری کردووە، گەرچی ئەمە تەنیا ڕای ناوبراو نەبوو بەڵکو ڕا و بۆچوونی زۆربەی شارەزایان بوو. ئەوروپییەکان پێیان وابوو کە بەرەو یەکیەتی و یەکبوون و وەرچەرخان و گۆڕانیان بۆ هێزێکی جیهانی لە ڕێگەدان. ئاسیاییەکانیش بە متمانەوە باسیان لە بەدیارکەوتنی سەدەی باسفیکی دەکرد.

بەلاّم، لەگەڵ بوونی ئەم بانگەشانشدا، گرفتەکانی دەرەکی — هەرچەندە دووریش بن— بەردەوام لەنێو باوەشی واشنتۆنەوە کۆتاییان دەهات. کاتێك لە ساڵی ١٩٩١دا قەیرانی بەڵقان هاتە ئاراوە، جاك بووسی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەوروپا لە لۆکسمبۆرگەوە گوتی:" ئەمە کاتی ئەوروپایە. ئەگەر گرفتێك هەبێت کە دەکرێ ئەوروپییەکان چارەسەری بکەن، ئەوا گرفتی یوگسلافییە. ئەم ولاّتە ئەوروپییە و ئەمریکییەکان هیچ پەیوەندییەکیان پێیەوە نییە". ئەمە ڕایەکی نائاسایی و دژ بە ئەمریکا نەبوو، چوونکە زۆربەی سەرانی ئەوروپا بەخودی تاتشەر و هیلمۆت کۆڵیشەوە باوەڕیان بەمە هەبوو. بەلاّم دوای گوزەرکردنی چەندان ساڵی خوێناوی، بەرپرسیارییەتیی وەستاندنی جەنگەکە بۆ ئەمریکا جێهێڵدرا. کاتێکیش کۆسۆڤۆ لە ماوەیەکی دواتری ئەو دەیەیەدا بەدیارکەوت، ئەوروپییەکان یەکسەر ڕۆڵی سەرکردایەتییەکەیان بۆ واشنتۆن جێهێشت. هەمان

نموونە لە قەیرانی ئابووریی خۆرهەڵاتی ئاسیاشدا دووبارەبوویەوە، هەروەها ئەم نموونەیە لە تێکۆشانی تەیمووری خۆرهەڵات لەپێناو سەربەخۆیی و ململانێیە بەدوایەکداهاتووەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، دواکەوتنی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی لە دانەوەی قەرزەکانیان دووبارەبوویەوە. هەرچەندە وڵاتانی دیکەش بەزۆری لە چارەسەرکردنەکەدا بەشدار دەبوون، بەڵام ئەگەر ئەمریکا نەهاتبایەتە نێو پرسەکانەوە قەیرانەکان بەردەوام دەبوون. لە هەمان کاتیشدا، ئابووریی ئەمریکی هەر لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا ئەوکاتی لە درێژترین گەشەکردنی خۆیدا دەژیا.

کاتێك بیل کلینتۆن لە ساڵی ١٩٩٣دا دەستهەڵاتی گرتە دەست، بەڵێنی دا کە نیگەرانیی هەمبەر سیاسەتی دەرەوە بوەستێنێت و وەك تیشکی لێزەر جەخت لەسەر ئابووری بکاتەوە. بەڵام بەکێشکردنە تاکلایەنەکە زۆر بەهێز بوو. چوونکە لەگەڵ هاتنی قۆناغی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، ببووە سەرۆکێکی تایبەتمەند و پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوە و زۆربەی کات و وزەی خۆی بۆ گرنگیدان بە پرسەکانی دەرەکی تەرخان دەکرد، وەك: ئاشتیی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و قەیرانی بەڵقان. جا وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ نموونەی ئەو نقومبوونە زێدەڕۆیانە بەنێو کاروباری نێودەوڵەتیدا– لە دەستوەردان لەپێناو ڕزگارکردنی ئابوورییەکان تا دەگاتە بونیادنانی گەلان– جۆرج بۆشی کوڕ لەنێو هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەڵێنی دا کە پابەندییەکانی ئەمریکا کەم بکاتەوە. دواتریش ماوەی سەرۆکایەتیی جۆرج بۆشی کوڕ و لەوەش گرنگتر یانزەی سێپتێمبەر هات.

لە ماوەی ساڵەکانی سەرۆکایەتیی کلینتۆندا، هێزی ئەمریکی ڕوونتر بوویەوە، هەروەها واشنتۆنیش زیاتر هەنگاوی بەرەو پێشەوە دەنا، حکوومەتەکانی دەرەوەش زیاتر بەرگرییان دەکرد. هەندێك ڕاوێژکاری ئابووریی کلینتۆن وەك

میکی کانتۆر و لۆرێنس سامرز، لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بە لووتبەرزی تۆمەتبار کران. لە ئەورووپاشدا هەندێك دیبلۆماسیی ئەمریکی وەك مادلین ئۆڵبرایت و ریچارد هۆڵبرووك رەخنەیان لێ گیرا، چوونکە سەبارەت بە ئەمریکا وەها قسەیان کردبوو، کە بەپێی لێدوانەکەی ئۆڵبرایت مانای " ئەو گەلەی کە دەکرێ پشتی تێ بکرێ". دەگەیەنێ. لەوانەیە لێرەوە زاراوەی هێزی زێدەرۆ هاتبێت کەوا ئیبر فێدرینی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە نەوەدەکاندا دایهێنا؛ بێگومان مەبەست لە زاراوەکە ستایشکردن نەبوو.

بەڵام سەرلەبەری ئەم سکاڵا و گلەییانە ئەگەر لەگەڵ ئەو دوژمنایەتییە بەراوردبکرێ کەوا جۆرج دەبلیو بۆش وروژاندی، دەتوانین بڵێین زۆربڵێییەکی بەئەدەبانە بوو. چوونکە ئیدارەی بۆش چەندان ساڵ لە شانازیکردن بە سستوسووککردنی پەیماننامە و رێکخراوە هەمە لایەنەکان و رای گشتیی جیهانی و گشت ئەو شتانە بەردەوام بوو کەوا ئامادەبوون بۆ نزیکبوونەوە لە چارەسەردۆزیی سیاسییانەی جیهانی. تا شکستی ئەم نزیککارییە پڕ لە بەریەککەوتنە لەگەڵ هاتنی ماوەی دووەمی سەرۆکایەتیی بۆشدا بووە شتێکی روون، چوونکە لەو کاتیدا ئیدارەکە لە چەندان بەرەی وەك عێراق تا دەگاتە پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیلی– فەلەستینی و پرسی کۆریای باکوور، دەستی بە گۆڕینی رێبازەکەی کرد. بەڵام گرتنەبەری سیاسەتە نوێیەکان زۆر درەنگوەخت و بەشێوەیەکی پڕ لە ڕاڕایی و ڕق و تووڕەییەکی گەورەوە هاتن، هەروەها لە لایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی ستراتیژی نوێ ڕەتکرانەوە.

بۆ ئەوەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی بۆش تێبگەین، هەر تەنیا ئەوەندە بەس نییە بیرکۆیی خۆمان لەسەر پاڵنەرە جاکسۆنییەکانی (مەبەست لە سەرۆك ئەندرۆ جاکسۆنە) دیك چینی و دۆناڵد ڕامسفێڵد یان پاشخانە تکساسییەکەی

بۆش یان كودەتا بەدخوازییەكەی موحافیزەكارە نوێیەكان كۆبكەینەوە. لە ڕاستیدا، هۆكاری یەكلاكەرەوە لە سیاسەتەكانی بۆشدا یانزەی سێپتێمبەر بوو. لە ماوەی دەیەی پێش هێرشەكەدا، ویلایەتەكانی یەكگرتوو لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بە ئازادی دەسووڕایەوە. بەڵام هەندێك كۆتوبەندی نێوەخۆیی– پارە و دارایی، كۆنگرێس، ڕای گشتی– وەهایان كرد كە واشنتۆن نەتوانێ سیاسەتێكی تاكلایەنە یان بەریەككەوتنی دەرەكی بگرێتە بەر. دەستوەردانە سەربازییەكان و یارمەتیدانەكانی دەرەكی لە لایەن ئەمریكییەكانەوە پشتگیرییەكی میللییان لێ نەدەكرا، بەڵكو دەیانویست ویلایەتەكانی یەكگرتوو لە جیهان بكشێتەوە، چوونكە لە ماوەی جەنگی ساردا دووچاری ناخۆشی و نەهامەتی ببوونەوە. لەبەر ئەم هۆیە، دەستوەردان لە بەڵقان و فراوانكردنی هاوپەیمانیی ناتۆ و پێشكەشكردنی یارمەتییەكان بە ڕووسیا، پێویستی بە هەوڵ و كۆششێكی زۆری ئیدارەی بۆش هەیە، چوونكە لە زۆربەی كاتەكاندا ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەكی گەورە و بەهێز بوویەوە، هەرچەندە سەركێشییەكی بەڕێژە بچووك بوون و پێویستیان بە كەمە سەرچاوەیەك هەبوو. بەڵام ڕووداوەكانی یانزەی سێپتێمبەر گشت شتێكی گۆڕی. ئەو هێرشانە كۆتوبەندە نێوخۆییەكانی سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكایان تێكشكاند. هەروەها وڵاتێكی یەكگرتوو و جیهانێكی زۆر هاوسۆزی بەخشییە جۆرج بۆش، هەروەها گیانی بوێریی خستە بەر ئەندامە زۆر توندەكانی ئیدارەی ئەمریكا بۆ ئەوەی سەركەوتنەكە بكەنە پاساوی هێرشكردنە سەر عێراق و ئەنجامدانی هێرشەكە بەشێوەیەكی تاكلایەنە ڕابگەیەنن. ویلایەتەكانی یەككرتووی ئەمریكا پێویستی بە وڵاتانی دیكەی جیهان و میكانیزمە كۆنەكانی پەیوەندیدار بە شەرعییەت و هاوكاری نەبوو. بەڵكو ئیمپراتۆرێكی نوێی جیهانییە و واقیعێكی نوێ دروست دەكات؛ ئەمە ئەو شتە

بوو کە پاساوەکە بەدیاریخست. هەروەها ئەو هاوکێشەیەی کەوا سیاسەتی دەرەوەی بۆش لێکدەداتەوە زۆر سادەیە:

سیستمێکی تاکجەمسەر+ ئەفغانستان+ ڕووداوەکانی یانزەی سێپتێمبەر= ڕەفتاری تاکلایەنە+ عێراق*

خۆ هەر کرۆك و جەوهەری سیاسەتی ئەمریکی لە قۆناغی تاکجەمسەردا بەتەنیا نەگۆڕا، بەڵکو شێواز و نۆرمەکەشی گۆڕا و بووە ئیمپراتۆر و لووتبەرز. چوونکە لەگەڵ هەبوونی زۆرێك لە پەیوەندی و بەردەوامی لەگەڵ سەرکردەکانی جیهاندا،

---

*) ئەمە بابەتی کتێبەکە نییە، بەڵام من بەردەوام پشتگیریم لە ڕووخاندنی سەدام حوسەین دەکرد. هەروەها لە سەرەتاشەوە هانم دەدان هێزێکی زۆر گەورەتر بەکاربێنن و دەستەوەردانێك بکەن کە لە ڕووی نێو دەوڵەتییەوە پەسندکراوبوو، دواتریش عێراق داگیربکەن. ئەو لۆژیکەش کە پشتم پێی بەستبوو بۆ ڕاستییەك دەگەڕایەوە کە پێی وایە سیاسەتی دەرەوەی خۆرئاوایی لەهەمبەر عێراقدا دڵڕووخابوو-سزایەکان پێشێل دەکران، ڕێژەیەکی بێشوماری خەڵکی مەدەنیش بەهۆی ئابلۆقەکەوە دەمردن، هەروەها ڕێکخراوی ئەلقاعیدەش بەهۆی بوونی بنکە سەربازییەکانمان لە سعوودیە ڕقیان هەڵگرتبوو، (مەبەستم ئەو بنکە سەربازییانەی نێو سعوودیەیە کەوا بەهۆیەوە بڕیاری ناوچەی دژە فڕینمان دیاری دەکرد)- هەروەها متمانەی تەواویشم هەبوو کە هەبوونی عێراقێکی نوێتر و میانڕۆتر لەنێو جیهانی عەرەبیدا، یارمەتیی لەنێوبردنی هێزە چەقبەستووەکانی نێو جیهانی عەرەبی دەدات. لە هەفتەکانی یەکەمەوە دژی سیاسەتی داگیرکردنی عێراق بووم لەلایەن ئەمریکایەوە. جا بە نواڕین لە ڕووداوەکە لە دوای ڕوودانی، من ئێستە دان بەوەدا دەنێم کە نەك تەنیا لە گرنگیی لووتبەرزی و بێدەستهەڵاتی ئیدارەکەم کەمکردەوە، بەڵکو دژواریی ڕەگداکوتاوی نێو سروشتی کردەکەشم کەم کردەوە. بەڵام ئێستەیشی لەگەڵدا بێت من هەر باوەڕم بەوە هەیە کە عێراقێکی نوێ و میانڕۆ گۆڕانێکی گرنگ لە ژیانی سیاسیی نێو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دروست دەکات. هیوادارم لە دوور مەودادا عێراق بگاتە ئەو پێگەیە، بەڵام تێچووەکە بۆ ئەمریکا و ناوبانگەکەی زۆر زۆر گەورە بوو، بۆ عێراقییەکانیش هەرمەپرسە. هەرچۆنێك بێت، سیاسەتی دەرەوە وابەستەی نرخ و سوودە.

بـەڵام تـەنیا بـە یـەك ئاراسـتە ڕوو دەدات. زۆر بەسـادەیی، واشـنتۆن تـەنیا سیاسەتی نوێی ئەمریکی بە حکوومەتـەکانی دیکـە ڕادەگەیـەنێ و هیچـی دیکـە. بەرپرسـە پایەبـەرزەکانی ئـەمریکا لـە بلّقـە تایبەتـەکانی خۆیانـدا دەژیـەن، زۆر بەدەگمەنیش گفتوگۆی ڕاستین لەگەڵ هاوشانانی دەرەوەیان دەکەن. یـەکێك لـە ڕاوێژکارانی سیاسەتی دەرەوە لە یەکێك لە حکومەتە مەزنـەکانی ئـەوروپا پێمـی گوت:" کاتێك چـاوپێکەوتن لەگـەڵ بەرپرسـانی ئـەمریکی دەکـەین، ئـەوان قسـە دەکـەن و ئێمـەش گـوێ دەگـرین، زۆر بەدەگمـەنیش دژی ڕا و بۆچـوونەکانیان دەوەستینەوە، زۆر کەمیش ڕاشکاوانە قسە دەکەین، چوونکە ئەوان نـاتوانن لـەو شتانە تێبگەن کـەوا ئێمـە دەیـانڵێین. ئـەوان زۆر بـەڕوونی هەڵویسـتی ئـەمریکی دووبارە دەکەنەوە، وەك ئەو گەشتیارەی کە پێی وایە تەنیا پێویستی بەوەیە بە دەنگێکی بەرز و هێواش قسەبکات بۆ ئەوەی هەموومان تێی بگەین.

کریسـتۆفەر بـاتنی، لایـەنگری سەرسـەختی ئـەمریکا وەك مفـەوەزی پەیوەندییـەکانی دەرەوە لـە ئـەوروپا بـاس لـە ئەزموونەکـەی خـۆی دەکـات و دەڵێ:" تەنانەت بەنیسبەت بەرپرسێکی پایەبەرزیش کە مامەڵە لەگـەڵ ئیـدارەی ئـەمریکا دەکـات، تـۆ هەسـت دەکـەیت ڕۆڵـت یارمەتیـدەر و پاشـکۆیەکە: جـا هەرچەندە خانەخوێیەکانت بەئەدەب و ئەتەکێت بن، تـۆ وەك پاشـکۆیەك دێیـت کە هەڵگری نیازی باشیت و هیوای ئەوە دەخوازیت لەگـەڵ ڕۆیشـتنتدا سوپاسـی هەوڵـەکانت بکرێـت و ماندووبوونـەکانت بـەرز بنرخێنـدرێ... ئـەویش لـە بەرژەوەنـدیی سـەرکردایەتیکردنێکی خاکەڕایانـە کـەوا سـەرۆك بـۆش هیـوای بـۆ دەخوازێـت– لەمەیشـدا لەسـەر هەقـە– بـۆ هەنـدێك لـە یارمەتیـدەرەکانی زۆر بەسـوودە کـەوا هـەوڵ بـدەین بچـینە نووسـینگەکانیانەوە بـۆ ئـەوەی جارێـك کۆبوونەوە لەگەڵ خـودی خۆیانـدا بکـەن!" بـاتن درێـژە بـە قسـەکانی دەدات و

دەڵێ: " کاتێك بەرپرسانی حکوومەتی ئەمریکی لە کۆنگرەیەکی دەرەوەدا بەشداری دەکەن، بە جۆرە کاروانێك دەگەنە جێ هەر شایستەی داریوشە. هوتێلەکان دەبنە پێگە و سەنگەری سەربازی و جوولەی شارەکان دەوەستن، هەروەها لە لایەن پیاوانی ملەستوورەوە کە چەند پارچە پلاستیکێك بە گوێیەکانیاندا شۆڕبووتەوە پاڵ بە جەماوەرە بەستەزمانەکانەوە دەندرێ و لە گۆشەیەك دەئاخندرێن. ئەمە دیمەنێك نییە دڵ برفێنێت و ئەقڵەکان سەرسام بکات".

پێدەچێ گەشتە دەرەکییەکانی سەرۆك بۆش بۆ ئەوە رێکخرابن کە پێویستیی بە کەمترین پەیوەندیی هەبێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی سەردانیان دەکات. بەزۆری دوو هەزار کەس و فرۆکە و هەلیکۆپتەر و ئوتومبێل لەگەڵیدا دەبن. هیچ شتێکی ئەوتۆش نابینێ تەنیا تەلار و هۆڵەکانی کۆبوونەوەکان نەبێت. هەروەها گەشتەکانی هیچ جۆرە هەوڵێکیان تیادا نابیندرێ کە رێز و قەدرزانین بەو وڵاتە و کەلتوور و رۆشنبیرییەکەی پیشان بدات، بەزۆریش کەسانی نێو کۆبوونەوەکەی خەڵکانی دەرەوەی حکوومەتەکان لەخۆ دەگرن، وەك: پیاوانی کار، سەرکردەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەسانی چالاك. ڕاستە کە دەبێ سەردانەکانی سەرۆك زۆر بەوردی بەرنامەیان بۆ دارێژرابێ، بەڵام تەرخانکردنی چەند لایەنێکی ئەو سەردانانە بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ گەلانی ئەو وڵاتە بیانییانەدا دەبێتە هۆی ئەوەی بەهایەکی بەرزی رەمزییانەی هەبێت. با نموونەیەك لەم بارەیەوە بهێنینەوە کە رووداوێکە و پەیوەندیی بە سەرۆك بێل کلینتۆن و هیندەوە هەیە. لە ئایاری ساڵی ١٩٩٨دا، هیند پێنج بۆمبی ئەتۆمیی لەژێر زەویدا تەقاندەوە. ئیدارەی کلینتۆن بەتوندی نیودەلهی ئیدانەکرد و چەند سزایەکی بەسەردا سەپاند، هەروەها ئەو سەردانە سەرۆکایەتییەشی دواخست

کەوا بڕیاری لەسەر درابوو. سزایەکان زۆر توند و ئازاربەخش بوون، چوونکە بەپێی یەکێك لە خەملاندنەکان، لە گەشەکردنی تێکڕای بەرهەم و داهاتی نێوخۆیی ساڵی دواتر بە خاڵێکی سەدی لەسەر هیند کەوت. لە کۆتاییشدا، کلینتۆن نەرم بوو و لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٠دا سەردانی هیندی کرد. پێنج ڕۆژ لەو وڵاتەدا مایەوە، لە ماوەی ئەو ڕۆژانەشدا سەردانی چەند شوێنێکی بەناوبانگی کرد و پۆشاکی تەقلیدیی هیندی لەبەرکرد، هەروەها لە سەما و ئاهەنگەکاندا بەشداری کرد. ئەو پەیامەشی گەیاند کە چێژێکی زۆری لە هیند وەرگرتووە و چ وەك کەلتوور و ڕۆشنبیری چ وەك وڵاتێك بە هیند سەرسام بووە. دەرئەنجامەکە چی بوو؟ کلینتۆن لە هیند دا بووە ئەستێرەیەکی درەوشاوە. گەرچی جۆرج دەبلیو بۆش لە مێژووی ئەمریکادا نزیکترین سەرۆکی ئەمریکی بوو لە هیند، بەڵام هیچ یەکێك لەو گرنگیدان و خۆشەویستی و ڕێزەی پیشان نەدا. سیاسەت گرنگە، ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەو ڕەمزییەتەی کەوا چوار دەوری تەنیوە ئەویش گرنگە.

دوور لەو ڕق و تووڕەیی و قێزەی کەوا شێواز و نۆرمی ئیمپراتۆرییانە دروستی دەکات، ئەوەش دەسەلمێنێ کە بەرپرسانی ئەمریکی سوود لە ئەزموون و شارەزایی بیانییەکان وەرناگرن، بۆنموونە: پشکێنەرانی نەتەوەکانی یەکگرتوو لە عێراقدا سەریان لەو گوێپێنەدانە سوڕمابوو کە لە ئەمریکییەکانیان دەبینی کاتێك پێش جەنگ قسەیان لەگەڵدا دەکردن. ئەمریکییەکان لە واشنتۆندا ئاسوودە بوون و هەر لە ئەمریکا نەجووڵابوون چەند وانەیەکیان سەبارەت بە بەڵگەکانی هەبوونی چەکی کۆکوژ دەدایە ئەو پشکێنەرانەی کەوا چەندان هەفتە پێگەکانی عێراقیان ڕووماڵ کردبوو. یەکێك لەو پشکێنەرانە بەمنی گوت: "پێموایە ئەوان زۆر گرنگی بەو ڕاپۆرتە سەرەتاییانەی تایبەت بەو کارگانە دەدەن

کەوا شیمانە دەکرا بەشێوەیەکی دووانـەیی بەکارهێنـدرابن. بـەڵام، وەهـا نـەبوو، ئەوەیان بۆ خودی خۆم ڕاڤەکرد کە ئەو کارگانە بۆچی بەکاردەهێندران".

ئەمریکییەکان وەها دێنە بەرچاوی بیانییـەکان وەك بڵێـی هـیچ شـتێك سـەبارەت بـەو جیهانـە نـەزانن کـەوا شـیمانە دەکـرێ ئـەوان بـەڕێوەی ببـەن. لـەمبارەوە، کیشوەر مەحبوبانیی وەزیری دەرەوەی پێشووی سەنگافوورە و باڵیۆزی پێشـوو لـە نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا دەڵێـت:" دوو جـۆر دایـەلۆگ هـەن، یـەکێك لەگـەڵ ئەمریکییـەکان لـە ژوورەکانـدا، یـەکێکیش بـەبێ ئـەوان". جـا لەبـەر ئـەوەی ئەمریکییەکان لەنێو قۆزاخەدا دەژیەن، ئەوا ئەو گۆڕانە وردەوردەیە نابینن کـەوا لە گشت شوێنەکانی دونیادا لە هەڵوێستەکانی هەمبەر ئەمریکادا ڕوو دەدات.

ئەمجارەیان مەسەلەکە جیاوازە

ئاسـانە ئـەو نـاکۆکی و هەسـتی دوژمنایەتییـە فـەرامۆش بکـرێ کـە لـە جـەنگی عێراقەوە سەری هەڵدا، بەو پێیەی تـەنیا هەسـتی ڕق و ئیرەیـی بـوو لـە هەمبـەر ئەمریکا (گەرچی هەندێکیشی ڕاست و لە جێگەی خۆیشیاندان). موحافیزەکارانی ئەمریکی دەڵێن کـە هـەر کاتێك ویلایەتـەکانی یـەکگرتووی ئـەمریکا کردەیـەکی بەهێزی سەربازی ئەنجام بدات، بەرهەڵسـتییەکی گـەورەی میللیـی لـە ئـەورووپادا ڕوو دەدات، بۆنموونە: وەك ئەو کاتەی کە لە سەرەتای هەشـتایەکاندا مووشـەکە ئەتۆمییەکانی بیرشینگ لە ئەورووپا بڵاوکرانەوە. بەڵام دۆسییە مێژووییەکە تـەواو پێچەوانەی ئەمە بەدیاردەخات. چوونکە خۆپیشاندان و ناڕەزاییـەکانی میللـی دژ بـە بڵاوکردنـەوەی مووشـەکەکانی بیرشـینگ لـەپێناو پڕوپاگەنـدەی تەلـەفزیۆنی ئامادەکران، بەڵام واقیع شتێکی جیاواز بوو، چوونکە زۆربەی ڕاپرسییەکانی ئـەو کات ئەوەیان دەرخست کە ٣٠-٤٠٪ی ئەورووپییەکان و لـەوەش زیـاتر زۆر بـەهێز

پاڵپشتیی سیاسەتەکانی ئەمریکایان دەکرد. تەنانەت لە ئەڵمانیاشدا- کە تیایدا هەستوسۆزی ئاشتییانە لە گشت شوێنێکی دیکە بەرزتر بوو- بەپێی ڕاپرسییەك کەوا ڕۆژنامەی دیر شپیگل لە ساڵی ۱۹۸۱دا ئەنجامی دابوو، ئەوە ڕوونبوویەوە کە ٥٣٪ی دانیشتووانی ئەڵمانی پشتگیرییان لە بلاوکردنەوەی مووشەکەکان دەکرد. هەروەها زۆرینەی فەرەنسییەکان لە زۆرترین ساڵەکانی سەرۆکایەتیی ڕێگاندا پشتگیرییان لە سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکرد، تەنانەت وولتر مۆنیلی کاندیدای دیموکراتەکانی نێو هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٤ یان بە باشترین دەزانی. بەلام لە ئێستەدا زۆرینەی هەرە زۆری خەڵك لە زۆربەی ولاتانی ئەورووپی کە ڕێژەیان دەگاتە ۸۰٪، دژی سیاسەتی ئەمریکان، نەك هەر ئەمە، دەشڵێن کە ویلاتەکانی یەکگرتوو مەزنترین هەڕەشەی سەر ئاشتیی جیهانییە.

جۆزیف جۆف- کە یەکێکە لە بەرجەستەترین شرۆڤەکارانی کاروبارەکانی نێو دەوڵەتی لە ئەڵمانیا- تێبینیی ئەوەی کردووە کە هەستکردن بە ڕق و دوژمنایەتی لە هەمبەر ئەمریکادا لە میانی جەنگی سارد دا بریتیبوو لە دیاردەیەکی چەپڕەوانە." لە بەرانبەریدا، بەردەوام ڕاستڕەوییەکی میانڕۆی دژ بە کۆمۆنیزم و هەروەها لایەنگری ئەمریکا هەبوو..... ڕاستە کە ژمارەکان زیاد و کەم دەبوونەوە، بەلام بۆ پشتگیریکردن لە ولایەتەکانی یەکگرتوو بەردەوام بنەمایەکی پتەوت هەبوو ". بەکورتی، جەنگی سارد ئەورووپای بە پاڵپشتیکاری ئەمریکا هێشتەوە. ساڵی ۱۹٦۸ لە ڤێتنام بە نموونە، چەندان خۆپیشاندانی میللی دژ بە سیاسەتەکانی ئەمریکا بەڕێوەچوون، بەلام لە هەمان کاتیشدا هێرشی سۆڤییەتی بۆ سەر چیکوسلۆڤاکیا لە هەمان ساڵدا بوو. بەو واتایەی کە ئەورووپییەکان (و ئاسیاییەکان) دژی ئەمریکا بوون، بەلام ڕا و بۆچوونیان بە نیگەرانبوون لە هەمبەر هەڕەشەی سۆڤییەتیدا هاوسەنگ دەبوویەوە. جارێکی

دیکـە ڕاپرسـییەکان ئەمـەیان سـەلماند. چـوونکە بەرهەڵسـتیکردنی ئـەورووپی تەنانەت بۆ جەنگی ڤێتنام هەرگیز نەگەیشتە ئاستی ئـەو بەرهەڵسـتییەی کـە دژ بە جەنگی سـەر عێـراق لـە گۆڕێدا بـوو. ئەمـە لـە دەرەوەی ئەورووپاشدا ڕاست دەردەچێت. لە ئوستورالیادا زۆرینەی گەل تا ساڵی ١٩٧١ هـاوڕابوو لـەوەی کـە ولاتەکـە لـە جـەنگی ڤێتنامـدا بەشـداری بکـات، لـەو کاتـەی سـوپایەکەی لەوێـدا کێشایەوە.

سەبارەت بە زۆرینەی جیهان، جەنگی عێـراق هـیچ پەیوەندییـەکی بـە عێراقـەوە نەبوو. جۆرج کاستانیدای وەزیری دەرەوەی پێشووی مەکسیك پێمی ڕاگەیانـد:" هەرگیز بەلای مەکسیك و چیلییەوە گرنگ نییـە کـێ حـوکمی بەغـدا دەکـات.... ئەمـە پەیوەنـدیی بـە چۆنییەتیی مومارەسـەکردنی دەسـتهەلاتی زلهێزەکانـەوە هەیە بەسەر جیهاندا. ئەمەیش شـتێکە و هـەموومان گرنگییـەکی گـەلێ زۆری پـێ دەدەین". جا ئەگەر تەنانەت هێرشەکەی سەر عێراق لە کۆتاییدا سـەرکەوتنیش وەدەسـتبێنێت، ئـەوا تـەنیا گرفتـی عێـراق چارەسـەر دەکـات، بـەلام گرفتـە ئەمریکییەکە هەر دەمێنێتـەوە. چـوونکە گشـت خـەڵکی سـەر گـۆی زەوی لـەوە نیگەرانن و ترسیان هەیە لە جیهانێکدا بژیەن کەوا تیایـدا یـەك دەوڵـەت هێزێکـی زۆری هەبێت. جـا ئەگـەر نەشـتوانن دژی ئـەم هێـزە بوەسـتنەوە، خـۆ دەتـوانن کۆتوبەندی بکەن، بۆ نموونە: لە پرسی عێراقدا هیچ ولاتێك نـەیتوانی ڕێگـری لـە ئـەمریکا بکـات ئـەو جەنگـەی دژ بـە عێـراق هەڵنەگیرسـێنێ، گەرچـی لـە هەڵگیرسـاندنی ئـەو جەنگـەدا بەشـێوەیەکی نێودەوڵـەتیش ڕێگـەی پێنـەدرابوو، بـەلام ولاتـانی دیکـەی جیهـان بـە وەسـتانیان لەسـەر کـەنار و پـەراوێزەکانی کێشەکەدا لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکە هەوڵەکەیان قورستر کرد. چوونکە هیچ ولاتێکی عەرەبی – تا نووسینی ئەم چـەند دێـڕەش– بـاڵیۆز خانـەی خۆیـان لـە

بەغدا نەکردەوە. هەروەها هاوپەیمانانی نا عەرەبی ویلایەتەکانی یەکگرتووش بەسوودتر نەبوون.

نیکۆلا سارکۆزی زۆر دڵی بەوە خۆش دەبێت کاتێك لە فەرەنسا بە ئەمریکی و تەنانەت بە موحافیزەکاری نوێ بانگ دەکرێ. ناوبراو لایەنگرێکی ڕاشکاو و ڕوونی ئەمریکایە و بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێ کە دەیەوێ لە زۆر بواراندا لاسایی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بکاتەوە. کاتێك کۆندۆلیزا ڕایس لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی فەرەنسا لە ئایاری ساڵی ۲۰۰۷دا چاوی بەو سەرۆکە کەوت، پرسیاری لێ کرد:" دەتوانم چیت بۆ بکەم؟" وەڵامی دایەوە:" وێنەتان لە جیهاندا جوان بکەن. زۆر زەحمەتە بەهێزترین و سەرکەوتوترین وڵات، یەکێك بێت لەو وڵاتانەی کەوا لە جیهاندا کەمترین جەماوەریان هەیە. ئەم مەسەلەیە گرفتی گەورە بۆ ئێوە و هاوپەیمانەکانتان دروست دەکات. لەبەرئەوە، بۆ چاکترکردنی ئەو ڕوانگەیەی کەوا بەهۆیەوە دەنوارنە ئێوە، چیت پێ دەکرێ بیکە ؛ ئەمە ئەو شتەیە کە دەتوانیت بۆمی بکەیت".

نووسەرێکی موحافیزە نوێیەکان بەناوی ڕۆبێرت کاگان بێژبازی لەسەر ئەوە دەکات کە ناکۆکییە ئەوروپی– ئەمریکییەکانی تایبەت بە هاوکاریی نێودەوڵەتی بەهۆی جیاوازیی هێزەکانیانەوە دروست بووە. چوونکە کاتێك وڵاتانی مەزنی ئەوروپی لە جیهاندا زلهێزبوون، ئەوا سیاسەتی واقیعییان بەرز دەنرخاند و گرنگییەکی کەمیان بە هاوکاریی نێودەوڵەتی دەدا. جا لەبەرئەوەی –بەپێی گوزارشتەکەی کاگان– ئەوروپا لە ئێستەدا لاواز و بێهێزە، ئەوا یاسا و کۆتوبەندەکانی پێ باشترە. بەڵام ئەمریکا دەیەوێ لە ڕەفتارکردندا ئازادیی تەواوی هەبێت:" جا لەبەرئەوەی ئێستە ویلایەتەکانی یەکگرتوو بەهێزە، ئەوا ڕێك وەك گەلانی بەهێز ڕەفتار دەکات". بەڵام ئەم ڕا و بۆچوونە لێکدانەوەیەکی

خراپ بۆ مێژوو دەکات و بەخراپ لەو پێگە بێهاوتایە تێدەگات کەوا ئەمریکا لە دیبلۆماسییەتی سەدەی بیستەمدا داگیری کردووە. چوونکە ئەمریکا بەهێزترین دەوڵەتی جیهان بوو کاتێك پێشنیازی کرد کۆمەڵەی گەلان لەپێناو ئیدارەدانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دابمەزرێ. هەروەها کاتێك نەتەوەکانی یەکگرتوو دامەزرا و لە پێناو هاوکاریی ئابوورییانەی نێو دەوڵەتیدا سیستمی بریتۆن وودسی داهێنا و گرنگترین دەستگەکانی نێودەوڵەتی لە جیهاندا دامەزراند، ئەوا ئەمریکا لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیشدا هێزە هەژموونداره‌کەی سەر جیهان بوو. جیهان لەژێر پێیەکانی ئەمریکادا بوو، بەلام فرانکلین دیلانۆ ڕۆزفلت و هاری ترۆمان نەیانویست ئیمپراتۆرییەتی ئەمریکی دروست ببێت، بەڵکو سیستمی هاوپەیمانییەکانی نێودەوڵەتی و دەستگەی فرەلایەنیان دامەزراند و یارمەتیی ولاتانی دیکەی جیهانیان دا سەرلەنوێ لەمیانی هەناردنی شەپۆلی گەورەی یارمەتی و وەبەرهێنانەکانی تایبەت سەرلەنوێ لەسەر پێیەکانی خۆیان بوەستنەوە؛ پلانی مارشال (بەشێکی مەڵبەندیی ئەم هەوڵەبوو) کە بەپێی بەهای ئێستەی دۆلار بە نزیکەی ١٠٠ ملیار دۆلار دەخەملێندرێ. بە واتایەکی دیکە، ئەمریکا لە زۆربەی قۆناغەکانی سەدەی بیستدا پلانی هاوکاریی نێودەوڵەتی گرتەبەر، ئەمەیش بەهۆی ترس و بێهێزی و بێدەستهەلاتی نەبوو، بەڵکو لە سەرگەی هێز و متمانەبەخۆبوونەوە بوو.

گرنگیدانی تایبەت بە دیبلۆماسییەت لە جەرگەی ئەم نزیککارییەدا بوو. دەنا چی وەهای لە فرانکلین ڕۆزفلت کرد- لەو کاتەی ئەمریکا لە ترۆپکی هێزی خۆیدا بوو- لە هەردوو ساڵی ١٩٤٣ و ١٩٤٥ئەم هەموو مەوادیە ببڕێت و بچێتە تاران و یالتا بۆ ئەوەی لەگەڵ چەرچل و ستالین کۆببێتەوە. ڕۆزفلت نەخۆش بوو و لە کەمەرییەوە تا خوارەوە دووچاری نیوە ئیفلیجی ببوو، هەروەها دە ڕەتڵ

پاڵپشـتیکاری پـۆلاینی بـە پێیەکانییـەوە کرابـوو. سـەفەرکردنی ئاسمـانی و دەریایی بۆ ماوەی چل کاتژمێر جەستەی شەکەت کردبوو. ئەو ناچار نـەبوو ئـەو سەفەرە بکات، چوونکە زۆر نوێنەری هەبوو– جۆرج مارشاڵ، دوایت ئایزنهاوەر– دەیانتوانی ئەرکەکە ئەنجام بدەن. یانیش دەیتوانی سەرکردەکانی دیکـە داوەت بکات بچنە ئەمریکا. بەڵام فرانکلین ڕۆزفلت لەوە تێگەیشتبوو کە هێزی ئـەمریکی دەبێ چاوتێرانە و جوانمەردانە بێت. بۆیێ سـووربوو لەسـەر ئـەوەی لـە جەنگدا پشکێکی دادپەروەرانەی شکۆمەندی ببەخشـێتە سـەرکردە سـەربازییەکانی وەك مۆنتگـومریی بریتـانی. هـەروەها چـینی هێنایـە نێـو ئەنجوومـەنی ئاسـایش هەرچەندە وڵاتێکی هەژاری کشتوکاڵیش بوو، چـوونکە بـاوەڕی وەهـابوو کـە زۆر گرنگـە وڵاتێکـی مـەزنی ئاسـیایی لـە دەسـتەی نێودەوڵەتیـدا نوێنەرایـەتی و ئەندامییەتیی هەبێت.

ڕۆزفلت نموونەکەی پتەوکرد و نەوەکانیشی پاراسـتیان. کاتێـك جـۆرج مارشـاڵی وەزیری دەرەوە ئەو پلانەی داهێنا کەوا ناوی ئەوی هەڵگرتبوو، سووربوو لەسـەر ئەوەی کە دەستپێشخەری و هەژموونەکە لە دەستی ئەوروپییەکاندا بێـت. چـەند دەیەیەك دوای ئەمـە، پردەکـانی بونیادنـا و بوارەکـانی پـارەدار کـرد و زانیـاریی تەکنیکی بـە وڵاتـانی دیکـە بەخشـی. هـەروەها توێـژەران و خوێنـدکارانی خـۆی نـاردە دەرەوە بۆئـەوەی جیهـان ئـەمریکا و ئەمریکییـەکان بناسـێ. گرنگییـەکی زۆریشی بە هاوپەیمانانی خۆی دا، جا ئەگـەر بچـووکیش بـن. مەشـقی هاوبەشـی سەربازیشـی لەگـەڵ وڵاتـانی بچـووکدا کـرد، جـا ئەگـەر ئەمـە شتێکیشـی نەخستبایەتە سەر ئامادەگیی ئەمریکیش ئەوا بەلایـەوە گـرنگ نـەبوو. هـەروەها سەرۆکان و وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا لە ماوەی نیو سەدەدا بەگشت شوێنێکی

دیکەدا گەڕان و هاوتا و هاوشانەکانی خۆیان لە بازنەیەکی بێکۆتایی کاری دیبلۆماسیدا بانگهێشتکرد و پێشوازییان لێیان کرد.

بێگومان کۆی ئەم هەوڵ و کۆششانە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێمە سوودبەخش بوون. چوونکە جیهانێکی دەوڵەمەند و پڕ لە ئاسایش و سەقامگیری و لە هەمان کاتیشدا پاڵپشتیی بۆ ئەمریکا وەدەستهێنا. هەروەها بنەمایە بەهێزەکانی ئابووریی جیهانی تەواو ڕەگیان داکوتا کە خەڵکانی دیکەش بەشدارییان تیایدا کرد و ئەمریکاش تیایدا گەشەی کرد. سیاسەتێکی زۆر ڕۆشنگەرانە بوو؛ گرنگی بە بەرژەوەندیی تایبەت دەدا، لە هەمان کاتیشدا بەرژەوەندیی خەڵکانی دیکەشی ڕەچاو دەکرد. جگە لەمانەیش، ئەم سیاسەتە بە قسە و کردار بووە هۆی دڵنیاکردنەوەی وڵاتانی دیکە و شێوەیەکی دەستەبەرکراویشی وەدەستهێنا بەوەی کە هیچ پێویست بەوە ناکات لە هێزە زەبەلاحەکەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بترسن.

بنەما و ڕێبازە نوێیەکانی چاخی نوێ

هەندێك ئەمریکی پێیان وایە کە پێویست ناکات لە مێژوو فێرببین، بەڵکو تەنیا بە کۆپیکردنەوەی دەستهەڵگرن. ئەگەر تەنیا بتوانین کۆپییەکی دیکەی ئیدارەی ترۆمان بدۆزینەوە– پێدەچێ زۆرێك لە لیبراڵی و دیموکراتەکان پەرۆشی بن– ئەوا دەتوانین کۆمەڵێك دەستگەی نوێ بۆ سەردەمی نوێ دابمەزرێنین. بەڵام ئەمە پێی دەگوترێ سۆز و غەریبی کردن، نەك بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی.

کاتێك ترۆمان و ئەشیسۆن و مارشاڵ سیستمی دوای جەنگیان دامەزراند، ئەوا شوێنەکانی دیکەی جیهان لە دۆخی لاوازی و بێهێزییەکی گەورەدا بوون، هەروەها جیهان شوێنەوارە وێرانکارەکان و دەمارگیریی نەتەوەیی و جەنگ و سیستمی پارێزگەریی ئابووریی پێوە دیاربوو. لە ئەنجامی ئەمەدا، لە گشت شوێنێکدا پشتگیرییەکی مەزن هەبوو- بەتایبەتیش لە ویلایەتەکانی یەکگرتوودا- بۆ تەڤلیبوون بە جیهان و دەرهێنانی لە هەژاری و دروستکردنی دەستگە و دامەزراوەی جیهانی و پتەوکردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی؛ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە جەنگ بەرپا نەبێتەوە. جا لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا بەهۆی شکستپێهێنان بە فاشیزم چاکە و فەزڵی ئاکارییانەی وەدەستهێنا، بەلاّم هێزێکی بێهاوتاشی هەبوو. تێکرای بەرهەمی نێوەخۆیی ئەمریکی ٥٠٪ ی ئابووریی جیهانی پێکدەهێنا. هەروەها لە دەرەوەی بوارە سۆڤییەتیەکەشدا، سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێبەرانەی واشنتۆنیش لە دروستکردنی دەستگە و دامەزراوەی نوێدا هیچ ململانێیەك نەبوو. بەلاّم ئێستە جیهان گۆڕاوە، پێگەی ئەمریکاش لە جیهاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. خۆ ئەگەر ترۆمان و مارشاڵ و ئەشیسۆنیش زیندووبوونایە، ئەوا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك بەرەنگاری و ئاستەنگی جۆربەجۆر دەبوونەوە. ئەرکی ئێستە بریتییە لە داڕشتن و پێکهێنانی نزیککارییەکی نوێ بۆ سەردەمی نوێ، نزیککارییەك مامەڵە لەگەڵ سیستمێکی جیهانیدا بکات کە تیایدا هێزێکی بەربلاو لە زۆربەی شوێنەکانی دونیادا سەریانهەڵداوە، ئەمەیش دیاردەیەکە کە پێشتر بوونی نەبووە و هەمووان هەست بە هەژموون و دەستهەلاّت دەکەن.

ئەمریکا لە ئێستەدا ئەو کارتانەی لە دەست نییە کەوا لە ساڵی ١٩٤٥دا یان تەنانەت تاکوو ساڵی ٢٠٠٠ لەبەردەستیدا بوون. بەلاّم لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتا

کارتەکانی لە هی گشت ولآتانی دیکە بەهێزترن– کۆمەڵێکی نیمچە تەواوی هێزی ئابووری و سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیری– هەروەها لە ئایندەیەکی نزیکیشدا هەروەها دەمێنێتەوە. ڕەنگە لەوانەش گرنگتر ئەوە بێت کە ئێمە پێویستمان بە شکلگیرکردن و داڕشتنی جیهانێکی نوێ نەبێت. چوونکە ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەی کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر دەستی ویلایەتەکانی یەکگرتوودا دروستبوو، پێویستییەکی بێچەندوچۆنی بە فراوانکردن و ڕیفۆرم هەبێت، نەک سەرلەنوێ داڕشتنەوەی. چوونکە جۆن ئیکنبیری توێژەر لە زانکۆی برینستۆن، تێبنیی کردووە کە ئەو سیستمە ئاراستەکارەی خۆرئاوا کەوا لە چلەکان و پەنجایەکاندا دامەزراوە ڕێگە بە فراوانکردنی بازرگانیی جیهانی و سەرهەڵدانی هێز و میکانیزمی هاوکاری و ئیدارەدانی ململانێیەکان دەدات. بەبەردەوامی و ئاسانیش ناتوانێت بەرپەرچی گرفتە دیاریکراوەکانی وەك ململانێی هێزە گەورەکان و تراژیدیا نێوخۆییەکانی مافی مرۆڤ بداتەوە، بەلآم ئەمە ڕێك سنووری پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتییە نەك سنووری هەیکلییاتە تایبەتەکان. لە هەمان کاتیشدا، بوونی چەکی ئەتۆمی و بەرپەرچی ئەتۆمی وەها دەکات ئەگەری هەوڵدانی هێزە گەشەسەندووەکان بۆ خەسپاندنی سەربازییانە دژ نەیارەکانیان ببێتە پرسێك کە زۆر بەگران لەسەریان دەوەستێ؛ ئەگەر نەڵێین جۆرە خۆکوشتنێکیشە. یان بە گوزارشتی ئیکنبیری:"سیستمی هەنووکەیی خۆرئاوایی، بەکورتی ڕووخاندنی زەحمەتە و تەقلیبوونیش بەنێو سیستمەکە سانایە". هەر بەم لێنوارە، ئەڵمانیا و یابان بژارەکانی خۆیان بینی و پێشدەچێ چین و هیندیش بەهەمان لێنوارِ (منظار) ئایندەی خۆیان ببینن. ئەوان هەردووکیان بەدڵنیاییەوە دەیانەوێ هێز و پێگە و ڕێزێکی زیاتر وەدەستبێنن، بەلآم ئەویش لەنێو چوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتیدا نەك بەهۆی ڕووخاندنی سیستمەکەوە. جا مادام بەردەوام ئەم دوو ولآتە نوێیە هەست دەکەن کە

دەتوانن پێگەیەك بۆ خۆیان وەدەستبێنن، ئەوا گشت ئەو پاڵنەرانەیان هەیە بۆ ئەوەی لەم سیستمەدا ببنە دوو هاوبەشی بەرپرس.

ڕابوونی ئەوانی دیکە کردەیەکی دوورودرێژ و هێواشە. کردەیەکە و ڕۆڵێکی سەنتراڵی و کرۆکیی بۆ ئەمریکا دەستەبەردەکات، جا ئەگەر لە ڕۆڵی پێشووش جیاواز بێت. ڕاستە کە چین و بەرازیل و هیند و ڕووسیا و باشووری ئەفریقیا و کۆمەڵەیەکی مەزنی وڵاتانی قەبارە بچووکتر، لە ساڵەکانی داهاتوودا ڕادەبن و گەشە دەکەن، بەڵام لەنێوانیاندا خاڵی نوێی گرژی دروست دەبێت. زۆرێك لەو وڵاتە گەشەسەندووانە دوژمنایەتی و ڕکابەری و ململانێی سنووری و ناکۆکیی نوێیان لەنێواندا هەیە، لە زۆربەی کاتەکانیشدا، هەست و سۆزی نەتەوەیی لەگەڵ گەشەکردنی پێگەی ئابووری و جیۆسیاسیدا گەشە دەکات. لێرەوە، ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بۆ ئەوە دەشێت ببێتە هاوبەشێکی گونجاو- چوونکە دوورە- لە زۆربەی ئەو وڵاتە هەرێمییانە دوورە کە لە ڕابوونی دەوڵەتێکی هەژموونداری هاوسێ و هاوکێشوەر نیگەرانن. بەپێی بیروڕایەکانی ویلیام وولفۆرس، هەژموونی ئەمریکی لەگەڵ سەرهەڵدان و ڕابوونی هێزە هەرێمییەکانی هەژموونەدار و دەستهەڵاتخوازدا زیاتر دەبێت. (زۆرجار لەکاتی قسەکردن سەبارەت بە ئاسیا ئاماژە بەم هۆکارانە دەکرێ، گەرچی بەسەر زۆربەی شوێنەکانی دیکەی جیهانیشدا پیادە دەبێت). بەڵام کردەکە میکانیکی نابێت. چوونکە کاتێك یەکێك لەو وڵاتانە بەرجەستە دەبن و ڕادەبن (وڵاتی چین)، ئەوا جوولەیەکی دینامییانەی هاوسەنگکار و پێشبینیکراو دروست نابێت، لەوانەشە هاوسێیەکەی (هیند) هاوپەیمانییەکی فەرمی لەگەڵ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا ببەستێ. چوونکە جیهانی ئەمڕۆ لەمە زۆر ئاڵۆزترە. بەڵام ئەم دەوڵەتە ڕکابەرانە لەنێو جەرگەی سیستمی جیهانیدا بەڕاستی دەرفەتی

ئـەوە بـۆ ئـەمریكا دەرەخسـێنن ڕۆڵێكـی گـەورە و بونیادنەرانـە بگێڕێـت. ویلایەتـەكانی یـەكگرتوو ئـەو توانایـەی هەیـە كـە لـە ماوەیـەكی كورتـدا وەك ئـەڵمانیای كۆتاییـەكانی سـەدەی نۆزدەیـەمی لێ بێـت، ئـەو ئەڵمانیایـەی كـەوا بەهۆی بسماركەوە ؛ دەلالە بەشـەرەفەكە لـە ئـەوروپادا گـۆڕانی بەسـەردا هـات، چـوونكە پەیوەنـدیی پتـەوی لەگـەڵ گشـت ولاتـە مەزنەكانـدا دروسـت دەكـرد، پەیوەندیی پتەوتر لەو پەیوەندییانەی كە لەنێوان خودی ئەو دەوڵەتانـەدا هەیـە. ئەڵمانیا لەو قۆناغیدا تـەوەری سیسـتمی ئـەوروپی بـوو. بـەڵام لـە ئێسـتەدا، بـۆ ئەوەی ببیتە دەلالێكی جیهانی، كارێكـە و پەیوەنـدیی نـەك هـەر بـە حكوومـەتی ئەمریكییەوە هەیە، بـەڵكو پەیوەنـدیی بـە خـودی جڤـاكی ئەمریكیشـەوە هەیـە، لەگـەڵ كـۆی ئـەو وزە و خەونانـەی كـە ئـەم مەسـەلەیە بـۆ بەرەنگاربوونـەوە دەیانهێنێ. ئەمە ڕۆڵێكە كەوا توانا بـە ئـەمریكا دەبەخشـێ¯ بـە بەرژەوەندییـە جیهانییەكانی و ئامادەییەكـەی لـە سـەرجەم شـوێنەكانی جیهـان و ئـەو هێـزەی هەیـەتی و هـەروەها جڤاكـە هەمەچەشـنە كۆچـبەرەكەیەوە¯ فێربێـت چـۆن بـە كارامییەكی لەڕادەبەدەر ڕۆڵی خۆی بگێڕێ.

ئەم ڕۆڵە نوێیەش لە ڕۆڵی مەزنترین هێـزی تەقلیـدی تـەواو جیـاوازترە. چـوونكە ڕاوێژكردن و هاوكاری و تەنانەت سازشیش لەخۆی دەگرێ. هەروەها هێزی خـۆی لــە دانــانی ئەجینــدا و دیــاریكردنی گرفتــەكان و بەســتنی هاوپەیمانییەكانــدا وەردەگـرێ. ڕاسـتە كـە بریتـی نییـە لـە دەسـتهەلاتێكی سـەروو بـۆ خـواروی قووچەكی كەوا ئەمریكا تیایدا بڕیارەكانی خۆی بدات و دواتر بـە ولاتـانی دیكـەی سوپاسـگوزار (یـان بێـدەنگ)ی ڕابگەیـەنێ، بـەڵام لـە هـەمان كاتیشـدا ڕۆڵێكـی كرۆكییە، چوونكە دانانی ئەجیندا و ڕێكخستنی هاوپەیمانییەكان لەو جیهانەدا بە دوو شێوەی دەسـتهەلاتی سـەرەكی دادەنـدرێن كـەوا لـە چـەند یاریزانێـك زیـاتر

پێکهاتووە. سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنێك کە بە قسەی خۆش و خۆشخوویییەوە دەتوانێ کۆمەڵێك بەڕێوەبەری سەربەخۆ ئاراستە بکات، هێشتا لە جیهانەکەی ئێمەدا هەر کەسێکی هەژمووندارە.

لە ڕاستیدا، کۆمپانیایەکانی فرە ڕەگەز لە ئەمریکا باشترین ڕێگەیان بۆ وەدیهێنانی سەرکەوتنی نێو جیهانی دوای ئەمریکادا دۆزییەوە. چوونکە ئەو کۆمپانیایانە بەهۆی گۆڕینی شێواز و ڕێگەی کۆنیانەوە توانیویانە دەست بەسەر بازاڕە نوێیەکاندا بگرن. باشترین نموونە بۆ ئەمە کۆمپانیای جەنەراڵ ئەلیکتریکە کە پێشتر متمانەی بە پرۆژە هاوبەشەکانی دەرەوە نەدەکرد، بەڵکو ڕێژەی سەداسەدی لە هەر پرۆژەیەکی بیانیدا دەویست کە موڵکی خۆی بوو. بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا درکی بەوەکرد – لەوکاتەی کە چاودێریی کارامەیی و داهێنان و متمانە گەشەسەندووەکەی کۆمپانیا نێوخۆییەکانی نێو بازاڕە گەشەسەندووەکانی وەك چین و هیند و ڕووسیا و بەرازیل و باشووری ئەفریقیای کرد– ستراتیژەکەی لەو شوێنانە زۆر دووری دەخاتەوە کەوا لەگشت شوێنێکی دیکەی جیهان خێراتر گەشە دەکەن. جا لەبەرئەوە جەنەراڵ ئەلیکتریك ستراتیژی خۆی گۆڕی. جیفری ئیمیلتی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری جەنەراڵ ئەلیکتریك ئەم مەسەلەیە بەمشێوەیە پوخت دەکاتەوە:" بێگومان، هێشتا دەتوانین لە کڕینی کۆمپانیا بچووکەکان بەردەوام بین و بیانکەینە کۆمپانیای جەنەراڵ ئەلیکتریك، بەڵام فێربووین کە وەها باشترە لەگەڵ کۆمپانیای ژمارە ٣ هاوبەش بین کەوا دەیەوێ ببێتە کۆمپانیای ژمارە ١، لەوەی کە کۆمپانیایەکی بچووك بکڕێن یان بەتەنیا کاربکەین". نیویۆرك تایمز ئەم وەرچەرخانەی وەها لەقەڵەم دا کە دوورکەوتنەوەیە لە ئیمپریالیزمی کارگێری کەوا بووەتە دەستبلاویەك و جەنەراڵ ئەلیکتریك ناتوانێ بەرگەی باری تێچووەکەی بگرێت.

بەڵام واشنتۆن کەوا لە بازاڕدا ڕووبەڕووی کێبڕکێ نابێتەوە، هێشتا ئەوەی بۆ ڕوون نەبووەتەوە کە ئیمپراتۆریەتی دیبلۆماسی کردەیەکی دەستبلاوانەیە و ویلایەتەکانی یەکگرتوو ناتوانێ لەمە زیاتر بەرگەی خەرجییەکەی بگرێت.

هێشتاش بۆ هەژموونی ئەمریکی بازاڕی بەهێز هەن، ئەمەیش بۆ چەند هۆیەکی جیۆسیاسی و ئابووری دەگەڕێتەوە. هەروەها هێشتا خواستێکی بەهێزی ئایدۆلۆژیشی لەسەرە. سیمۆن تای توێژەری سەنگافووری دەڵێ:" هیچ کەسێك لە ئاسیادا نایەوێ لە جیهانێکدا بژیەت کەوا چین بەسەریدا زاڵ و هەژموونـدار بێت. هیچ خەون و نموونەیەکی چینی نییە کە خەڵك بەرەو پیلی بچن". هەروەها فێرناندۆ ئەنریکیە کاردۆسۆی سەرۆکی پێشووی بەرازیل جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوەی جیهان بەڕاستی لە ئەمریکای دەوێت ئەوەیە سەبارەت بە بازرگانی هیچ سازشێك لێرە و لەوێ نەکات، بەڵکو بنەما و ڕێبازەکانی پتەو بکات. کەسیش ناتوانێ ئەم ڕۆڵە بگێڕی ئەمریکا نەبێ. بە واتایەکی دیکە هێزە نەرمەکانی ئەمریکا پەیوەندییەکی پتەویان بە هێزە توند و پتەوەکەیەوە هەیە، بەڵام ئەو مۆنتاژەی کەوا هەردوو هێز بەیەکەوە دەلکێنێ، لە هەمبەر کاروبار و پرسەکانی جیهانیدا ڕۆڵە بێهاوتاکە بە ئەمریکا دەبەخشێت.

جا بۆ وەسفێکی واقعیانەتری ڕێگە و شێوازی کاری ئەم جیهانە نوێیە، شەش بنەمای سادە دانراون:

١.هەڵبژێرە: هێزە زەبەلاحەکەی ئەمریکا وەهای کردووە واشنتۆن پێی وابێت کەوا لە پێداویستیی هەبوونی سەرلیستەکان (الاولويات) بووردراوە، چوونکە هەموو شتێکی دەویست. زۆر گرنگە ویلایەتەکانی یەکگرتوو سەبارەت بەم مەسەلەیە زیاتر ڕێککارانەتر (انضباط) بێت. چوونکە بۆنموونە ئیدارەی بۆش لە

هەمبەر کۆریای باکوور و عێراقدا نەیتوانی بڕیاربدات ئاخۆ دەیەوێ سیستم و دەستهەڵاتەکانی ئەم دوو وڵاتە بگۆڕێ یان سیاسەتەکانیان (واتا وەستاندنی پرۆژەی ئەتۆمی). ئەم دوو مەبەستەش تەواو پێچەوانەن. ئەگەر هەڕەشە لە وڵاتێك بکەیت بەوەی کە سیستم و دەستهەڵاتەکەی دەگۆڕیت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی حەزی ئەو سیستم و دەستهەڵاتە بۆ پەیداکردنی چەکی ئەتۆمی زیاتر پێداگرانەتر بێت، چوونکە چەکی ئەتۆمی لە جیهانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا واتای سیاسەتی دەستەبەرکردن دەگەیەنێت.

بزانە جیهان چۆن دێتە بەرچاوی ئێران. هەر چوار دەوری بە هێزی ناوەکی تەنراوە (ڕۆسیا، چین، هیند، پاکستان، ئیسرائیل)، هەروەها لەسەر سنوورەکانیشیدا دەیان هەزار سەربازی ئەمریکی هەن (لە عێراق و ئەفغانستان). هەروەها سەرۆکی ویلایەتەکانی یەکگرتوو چەندان جار ئەوەی ڕاگەیاندووە کە سیستم و دەستهەڵاتی تاران بە ناشەرعی دەزانێ و هیوای ڕووخانی بۆ دەخوازێ. یارمەتیی داراییش پێشکەش بەو کۆمەڵە هەمەچەشنانە دەکات کەوا هەمان ئامانجی ئەویان هەیە. ئەگەر تۆ لە تاران بیت ئەم دۆخە وەهات لێ دەکات دەستبەرداری بەرنامە ئەتۆمییەکەت بیت؟ سووربوون لەسەر هەردوو مەبەست-گۆڕینی سیستم و دەستهەڵات و گۆڕینی سیاسەت- وەهای کردووە نەتوانین هیچ کامێکیان وەدەستبێنین.

یان تەماشای سیاسەتی ئەمریکیی هەمبەر ڕووسیا بکە؛ ئێمە هەرگیز نەمانتوانی سەبارەت بە مۆسکۆ ئەوە دیاری بکەین کە ئاخۆ بەرژەوەندییەکانمان یان نیگەرانییەکانمان چین. ئایا مەترسیی چەکە ئەتۆمییە نا سەلامەتەکانیەتی کە ناکرێ دەستەبەر بکرێ تەنیا بە یارمەتیی ئەمریکا نەبێت؟ ئایا یارمەتیی مۆسکۆیە بۆ دابڕینی ئێران؟ یانیش سیاسەتی تایبەت بە نەوت و گازی

سروشتییە؟ یان هەلومەرجەکانی مافی مرۆڤە لە ڕووسیا؟ سیاسەتی ئەمریکی لەهەمبەر ڕووسیادا لە گشت ئەو شتانە پێکهاتبوو کەوا " پێشتر باسکران". بەڵام حوکم واتا هەڵبژاردن. ئەگەر بەڕاستی باوەڕمان ئەوەبێ کە بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی و تیرۆر مەترسیدارترین پرسن کەوا لە ئێستەدا ڕووبەڕوویان دەبینەوە— هەروەك سەرۆك بۆش گوتی— ئەوا دەستەبەرکردن و بێ مەترسییکردنی بارخانەی (الترسانە) ئەتۆمیی ڕووسی و ڕێگەگرتن لە ئێران بۆئەوەی نەتوانێ چەکە ئەتۆمییەکانی پێشبخات، دوو پرسن کە دەبێ هەوڵ بدەین هاوکاریی مۆسکۆ — نەك کەسی دیکەی— لەهەمبەردا وەدەستبێنین.

هەروەها ویلایەتەکانی یەکگرتوو سەبارەت بەو پرسانەی کەوا بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەندییان بە وڵاتی چینەوە هەیە، پێویستی بە هەڵبژاردن هەیە. چوونکە چین گەشەکردن و پێشکەوتنێکی گەورەتر و خێراتری هێز و هەژموون لەمێژوودا وەدەستدێنێت؛ تەنانەت لە گەشەکردنەکەی ڕابردووی ویلایەتەکانی یەکگرتووش گەورەتر و خێراترە. هەروەها دەبێ پانتاییەکی سیاسیی گەورەتر و تەنانەت سەربازیش ببەخشرێت بەشێوەیەك لەگەڵ ئەو هێزەدا بگونجێت. لەهەمان کاتیشدا دەبێ گەشەکردن و هەڵکشانەکەی نەبێتە پەردەیەك بۆ فراوانخوازی و دوژمنایەتیی پەکخستن. وەدەستهێنانی ئەم هاوسەنگییە— لە لایەك ترساندن و بەرپەرچدانەوەی چین؛ و لەلایەکی دیکەوە لەخۆگرتن و گرنگیدان بە گەشەکردنەکەشی — کۆسپ و بەرەنگارییە مەرکەزییەکەی بەردەم دیبلۆماسییەتی ئەمریکییە. لەسەر ویلایەتەکانی یەکگرتوو پێویستە سنوورێك بۆ چین دابنێت، بەڵام دەبێ درك بەوەش بکات کە ناتوانێ لەگشت شوێنێکدا ئەم سنوورەی بۆ دابنێت. بەداخەوەش، گەورەترین و مەترسیدارترین کۆسپوتەگەرە کەوا ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە کاتی داڕشتنی سیاسەتێکی وەهادا ڕووبەڕووی

دەبێتەوە، کەشە سیاسییە نێوخۆییەکەیەتی کەوا هەر حەز بەوە دەکات کە هەر چارەسەرێك وەك سازشکردن و ڕازیکردن لەقەڵەم بدات.

لێرەوە ولایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا دەتوانێ شتێك لە بریتانیای مەزن فێرببێت. ئەویش پێداویستییە بۆ دیاریکردنی بژارە مەزنەکانی ستراتیژی سەبارەت بە ئاراستەکردنی وزە و گرنگیدانەکانی. کاتێك بریتانیا ڕووبەڕووی هەڵکشان و پێشکەوتنی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بوویەوە، زۆر بەداناییەوە ئەو هەنگاوەی هەڵێنا، بەڵام سەبارەت بە خودی ئیمپراتۆرییەکەی داناییەکەی کەمتر بوو. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بریتانیا ڕووبەڕووی گرفتێك بوویەوە کەوا زۆر بە گرفتە هەنووکەییەکەی ئەمریکا دەچێت. چوونکە کاتێك قەیرانێك لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەتەقییەوە، جا هەرچەندە دووریش بووایە، خەڵك تەماشای لەندەنی دەکرد و دەیپرسی: " سەبارەت بەو قەیرانە چی دەکەیت؟" هەڵە گەورە ستراتیژییەکەی بریتانیاش ئەوە بوو کە چەندان دەیەی درێژ وزە و پارە و کات و گرنگیدانی لە هەوڵی بێهوودەی هەمبەر دەستەبەرکردنی سەقامگیری لە شوێنە دوور و لاوەکییەکانی سەر نەخشەی جیهاندا خەرج دەکرد. بۆ نموونە دەبووایە لە ڕێکخستنی ڕێکارە دەستوورییەکانی هەمبەر جووتیارانی ناوچەی ترانسفاڵدا هەوڵێکی کەمتری بدابووایە کەوا بووە هۆی بەرپابوونی جەنگی بۆیرس و پشتی ئیمپراتۆریەتی شکاند، لە هەمان کاتیشدا دەبووایە هەوڵ و کۆششێکی زۆرتری لە بەرپەرچدانەوەی توانای ئەو بەرهەمەدا بخستبایەتەگەڕ کەوا بەرەو لێژبوونەوە گرۆل دەبوویەوە، چوونکە ئەڵمانیا خەریکبوو لەنێو جەرگەی ئەورووپادا ڕادەبوو.

چەند دەستەبژێریکی بریتانی زۆر بەوردی مێژووی ڕۆمانیایان خوێندەوە، نەك هەر تەنیا لەبەرئەوەی سەرسامی ئیمپراتۆریەتی مەزنی پێشوو بوون، بەڵکو

لەبەرئـــەوەی لـــەپێناو چـــۆنییەتیی بـــەڕێوەبردنی زەوییـــە پانوپۆڕەکـــانی کیشوەرەکانی جۆراوجۆردا بەدوای چەند پەند و وانەیەکدا دەگەڕان. خواست لەسـەر کەسـانی لێهـاتووی بـواری زمـان و مێـژوو و کـردەی بـەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتـدا هـەبوو. بـەلاّم ئـەم مەسـەلەیە بـووە هـۆی پشتگوێخسـتنی زەرووڕەتی پێشخستنی ئەندازیاریی ئایندە. هەروەها هێـز و هـەژموونی بریتانیـا وەهـای لێکـرد بـەو هەسـتە قەدەریبوونـە مێژووییـە سەرمەسـت بێـت کـەوا سەرهەڵدانەوەی نـوێی پرۆتسـتانییەت خـۆراکی پێدەبەخشـی. کـوریللی بـارنێتی مێژوونووس لە حەفتایەکاندا نووسیبووی کـە شۆڕشـی ئـەخلاقی لـە نێوەڕاسـتی سەدەی نۆزدەیەمدا بەسەر ئینگلترادا زاڵبـوو، ئەمـەیش لـەو جڤاکـە کرداریـیـەی دوورخستەوە کەوا پشتی بە ئەقڵی بەرپاکەری شۆڕشـی پیشەسـازی دەبەسـت و لەهەمان کاتیشدا بـەرەو ئاراسـتەی جڤاکێك پـاڵی پێوەنـا کـەوا بـاوەڕی وشـکی ئاینی و بنەمای توندڕەوانەی ئاکاری و ڕۆمانسی بەسەریدا زاڵبوو.

هـەروەها ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە ویلایەتـەکانی یـەکگرتووش زۆر بـە سـانایی بکەوێتە نێو تەڵەیەکی هاوشێوەی ئیمپراتۆرییەتەوە. چوونکە هەر قـەیرانێك لـەم جیهانـەدا دورسـتببێت پێویسـتی بـە گرنگیـدان و ڕەفتـارکردنی ئـەمریکا هەیـە. هـەروەها بەرژەوەنـدی و چـاودێری و سانسـۆرە بڵاوەکـانی ئـەمریکی بەهـەمان شێوەی بەرژەوەندی و چاودێری و سانسۆرەکانی بریتانیا فراوانە لـەو کاتـەی لـە ترۆپکی مەزنایەتیی ئیمپراتۆرییەتەکەی بوو. ئەوجا بۆ ئەوانەی باوەڕیان وەهایـە کە پێگەی ئەمریکا لە جیهاندا لە پێگەی ئیمپراتۆریەتی بریتانی تـەواو جیـاوازە، زۆر بەسـوودە کـە ڕاپـۆرتی بونیـادی سـەرەکی Base structure reportسـاڵی دارایـی ٢٠٠٦ بخوێننـەوە. چـوونکە لـەم ڕاپۆرتـەدا، وەزارەتـی بەرگری شانازی بەوە کردووە بەوەی کە یەکێکە لـە گـەورەترین خاوەنزەوییـانی

جیهان، ئەویش بە تێکڕایەکی مادیی کە لە ٥٧١.٢٠٠ یەکە زیاترە لە (تەلار، دامەزراوەکان، شوێنگە و پاشکۆیەکان) پێکدێت و بەسەر زیاتر لە ٣.٧٠٠ شوێن دابەشبووە لەسەر ڕووبەری نزیکەی ٣٠ ملیۆن هێکتار. ڕاپۆرتەکە باس لە تۆڕێکی کشاو دەکات کە لە پێکهاتوو ٧٦٦ بنکە دەکات کە لە چل وڵاتی بیانیدا هەن، لە ئەنتگوا تا دەگاتە میرنشینی یەکگرتوو دەبیندرێن. ئەم بنکانە لە ساڵی ٢٠٠٥دا بەلای کەمەوە یەکسانن بە ١٢٧ ملیار دۆلار و ١٩٧,٠٠٠ سەرباز و هەمان ڕێژەی فەرمانبەرانی سەربەخۆ و مەدەنیشیان تیادایە، جگە لە ٨١,٠٠٠ بەکارهاتووی نێوخۆیی. هەروەها ڕووبەری ٦٨٧,٠٠٠ هێکتار (یان نزیکەی ١,١٠٠میلی چوارگۆشە) زەویی بیانی دادەپۆشێت و ١٣ ملیار دۆلار لەسەر ئەو کەسانە دەوەستێ کەوا تەنیا لەپێناو کاری چاککردنەوە (صیانە) باج دەدەن.

لەوانەیە ئەمریکا لە بریتانیای کۆن بەهێزتر بێت، بەڵام ناتوانێ ئەو پەند و وانەیە پشتگوێ بخات کەوا پەیوەندیی بە زەرورەتی دیاریکردنی بژارەکانیەوە هەیە. ناکرێ لە گشت شتێك خۆی تێوە بگلێنێ. گرژییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گرنگن، بەڵام گشت سەرچاوە و وزە و گرنگیدانێکی هەڵمژیوە و لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا لە گشت پرسێکی دیکەی نێو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا زیاتر گرنگی پێدەدرێ. لەسەر واشنتۆن پێویستە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی و حوکمدان لەسەر داواکارییەکانی سووننە و شیعە لە بەغدا، بچێتە نێو سەدەی بیست و یەك- بەرەو چین و هیند و بەرازیل بڕوات- کە تیایاندا ئایندە دروست دەکرێت. بە جەختکردنمان لەسەر ئەو شتەی کەوا بە پرسێکی پێداگر دێتەبەرچاو، وەهامان لێ دێت شتە گرنگە ڕاستینەکە لەبیر بکەین.

٢.بنەمای پانوپۆڕ پتەوبکە، نەك بەرژەوەندیی تەسك. لەنێو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا دژبوونێکی کرۆکی هەیە. ئایا ئەمریکا دەیەوێ

بەگوڕوتاوەوە بەرەو وەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی بڕوات یان دەیەوێ کۆمەڵێك بنەما و بناغە و دابونەریت و بەها دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی جیهان پیادەیان بکات؟ لە سەردەمی هێزە گەشەسەندووە نوێیەکاندا دەبێ ئامانجی سەرەکیی ویلایەتەکانی یەکگرتوو ئەوەی دووەم بێت؛ ئەمەیش بۆ ئەوەیە ئەو دەوڵەتە گەشەسەندووانە تەنانەن لەو کاتەی هێز و هەژموونیشیان زیاد دەبێت هەر بەردەوام بن، ئەمەیش بە ژیانکردنێك دەبێت کە بەپێی بنەمایەکانی سیستمی هەنووکەیی نێودەوڵەتییە. ئەمە ئەو هۆکارە کۆتوبەندکارە سەرەکییەیە کەوا دەتوانین بونیادی بنێین، ئەمەیش بۆئەوەیە کردەی ڕابوونی ئەوانی دیکە نەبێتە کردەیەکی بەردەوامی کێبڕکێکارانە کەوا هێزە مەزنەکان لەپێناو بەرژەوەندی و ئیمتیازە تایبەتەکانیان هیوای بۆ بخوازن و کاتێکیش وەدەستیان هێنا سەرلەبەری سەقامگیریی سیستمەکەی پێ تێکوپێك بدەن. ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم سیستمە سەرکەوێ، لەسەرمان پێویستە کە ئێمەیش پابەندی ئەو بنەمایانە ببین. چوونکە ئەگەر ویلایەتەکانی یەکگرتوو بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە ڕەفتاربکات و بەپێی بەرژەوەندییەکانی هەنگاو هەڵێنێت و لە ڕەفتارەکانیشیدا تەنیا ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، ئەدی وڵاتی چین بەهەمانشێوەی بەرژەوەندخوازانە و سەربەخۆیانە لە هەمبەر تایواندا ئەو ڕەفتارانەی ئەمریکا دووبارە ناکاتەوە؟ یان بۆچی هیند لەگەڵ پاکستان هەمان ڕەفتار ناکات؟ ئەگەر ئێمە خۆمان پابەندی بنەمایەکان نەبین، بۆچی وڵاتانی دیکە پێوەی پابەندبن؟

یەکەم، ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێ کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو سەرلەنوێ خۆی پابەندی ئەو دەستگە و میکانیزمانە بکات کەوا لە میانی پێنج دەیەکەی ڕابردوودا (بە ئاستێکی زۆر بەرز) دروستی کردوون. بەڵام، ئەمە واتای ئەوە نییە

که له زۆر کۆبوونەوەی نەتەوەکانی یەکگرتوو ئامادە بێت و پەیماننامەیەکی زۆر واژۆ بکات. کاتێك ویلایەتەکانی یەکگرتوو بانگەشەی هەبوون و لەخۆگرتنی بەهای جیهانی دەکات، ئەوا دەبێ زۆر بە وردی و گرنگیدانەوە هەڵوێستەکانی خۆی دابڕێژێت، بۆ نموونە: جۆرج دەبلیۆ بۆش لە ئاهەنگی دووبارە دامەزراندنەوەی بەسەرۆك ڕایگەیاند که " سیاسەتی ویلایەتەکانی یەکگرتووە که خوازیار و پاڵپشتیی گەشەکردنی بزووتنەوە و دەستگە دیموکراتییەکانی گشت وڵاتان و کەلتوورەکان بکات، ئەمەیش بە ئامانجی کۆتاییهانانە بە تاکڕەوی و داپڵۆسین و سەرکوتکاری". لەگەڵ ئەمەیشدا، کاتێك دیموکراتخوازەکانی تایوان و پاکستان سەرکوت دەکرێن، ئەوا نەتەوەکانی یەکگرتوو لە جێگەی خۆیان ناجوولێن و نقەیان لێوە نایەت، بە پاساوی ئەوەی – لەوانەیە بەشێوەیەکی دەمامکدارانە– چەند دۆخێکی تایبەتن. لەگەڵ ئەمەیشدا، واشنتۆن وڵاتی چین سەرکۆنە دەکات و ئیدانەی هیند دەکات لەسەر ئەوەی لەهەمبەر کۆریای باکوور و بۆرما سیاسەتێکی توندتر ناگرنەبەر. دیبلۆماسییەکانی هەردوو وڵات پێت دەڵێن که کۆریا و بۆرما دوو دۆخی تایبەتن. له ڕاستیشدا ئەمە ڕاستە، چوونکە ناسەقامگیری لە بۆرما گرفتێکە و زۆر لە ویلایەتەکانی یەکگرتووەوە دوورە، بەڵام بۆرما سنوورێکی دوورودرێژی لەگەڵ چین و هیند هەیە، ناسەقامگیریش لە بۆرما بۆ هیند و چین واتا پەیدابوونی ملیۆنان پەناخواز لەسەر سنوورەکانیان. لەسەر واشنتۆن پێویستە لەوە بگات که ئەگەر ئەو دەرهاوێشتەکانی خۆی هەیە، ئەوا خەڵکانی دیکەش دەرهاوێشتەیان هەیە. دەنا دەبێ واز له دەرهاوێشتەکانی خۆی بهێنێ. بەڵام ئەگەر هیچ کام لەم دوو کردارەی ئەنجام نەدا، واتا قسە و کرداری یەك نەبێت و بەشتێك ئامۆژگاریی خەڵك بکات و شتێکی دیکە ئەنجام بدات، ئەوا دەبێتە جۆرێك لە فرێسیەتی (نفاق)، ئەمەیش بەسوود نییە و ڕاستگۆیی ئەمریکا دادەبەزێنێتە خوارەوە.

سەبارەت بە تیرۆریش، ئەوا ویلایەتەکانی یەکگرتوو ئاسۆیەکی تەنگی پیشان دا. نموونـەییترین پارێزگـەریی بەرنامـەدار دژی مەترسـیی تـیرۆر، دەبـێ لـەمیانی کۆمەڵێك ڕێکاری جیهانییانەی گومرگی و ڕێکار و کۆتوبەندی تایبەت بە دیاردەی پەنابەری بێت کە بە پێوەرێکی یەکسان لە شوناسـی خـەڵك و کاڵاکـانی گشـت شوێنەکانی جیهان وردبێتەوە و بەشداری لـە ئـاڵوێرکردنی زانیارییەکانـدا بکـات. بەڵام نزیکبوونەوە تاکلایەنـەکانی ئـەمریکا، وڵاتـان و هێڵـەکانی ئاسمـانی ناچـار دەکـات تـەنیا لەسـەر سـنوورەکانیدا بچـنە ژێربـاری ڕێکـار و کۆتوبەنـدەکانی؛ بەمەیش چەند خاڵێکی خنکان دروست دەبێت، ئەمـەیش کارێکـە و لـە دەرەوەدا دەرئەنجامی نەرێنیی لەسەر ئابوورییەکەی و وێنەی وڵاتەکەدا دەبێت. لەبەر ئـەم هۆیـە، لـە دوای ڕووداوەکـانی یـانزەی سـێپتێمبەرەوە ڕێـژەی سـەفەرکردن بـۆ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا کەمبووەتەوە، لە بەرانبەریشـدا گەشـتیاری لـە گشت جیهاندا گەشەی کردووە.

گرنگترین و بـەردەوامترین نموونـە بـۆ ئـەم دژیوونـەی نێـو سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکا پەیوەندیی بە بڵاوبوونەوەی ئەتۆمییـەوە هەیـە. ویلایەتـەکانی یـەکگرتوو داوا لـە وڵاتـانی دیکـەی جیهـان دەکـات زۆر بەتونـدی پابەنـدی پەیماننامـەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئـەتۆمی بـن. پەیماننامەکـە سیسـتمێکی دوو ئاسـتیی بەرهـەمهێناوە: ئـەو دەوڵەتانـەی کـەوا پـێش سـاڵی ١٩٦٨ چـەکی ئـەتۆمییان پێشخسـتووە، ڕێگـەیان پـێ دەدرێ چـەکی ئـەتۆمییان هـەبێت، ئـەو وڵاتانەش کە دوای ئەم ساڵە ئـەو کارەیـان نـەکردووە، ڕێگـەیان پـێ نـادرێ ئـەو چەکەیان هەبێت (جا بەپێی ئەمە دەبـێ ئـەو وڵاتانـە لـەپێناو پێشخسـتنی وزەی ئەتۆمیـدا چـەند ڕێنماییـەکی دیـاریکراو پیـادە بکـەن). بـەڵام لـەو کاتـەی ویلایەتەکانی یەکگرتوو و هێزە ئەتۆمییەکانی دیکە هێشتا سوورن لەسەر ئەوەی

ولآتانی بێ ئەتۆمی مل بۆ بڕیارەکە بدەن، ئەوا خودی خۆیان هیچ هەنگاوێك بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکی دیکەی نێو پەیماننامەکە هەڵناهێنن: " مەبەستمان هەوڵدانە بۆ ئەنجامدانی دانوستان -بە نیازی باشەوە- سەبارەت بە ڕێکارە کارایەکانی پەیوەندار بە کۆتاییهێنان بە کێبڕکێی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی... و داماڵینی ئەو چەکانە". لەسەر ئەو بنەمایەوە، کاتێك ویلایەتەکانی یەکگرتوو بە دەوڵەتانی دیکە دەڵێ کە پێشخستنی تەنیا یەك تاکە چەکی ئەتۆمی لە ڕووی ئاکاری و سیاسی و ستراتیژییەوە کارێکی قێزەونە و خۆیشی بارخانەیەك بۆ خۆی دەپارێزێ کە لە هەزاران مووشەك پێکهاتووە و لە هەمان کاتیشدا مووشەکی نوێ پێشدەخات و تاقییان دەکاتەوە، ئەوا ئیدانەکەی پووچ و بێمانا دێتە بەرچاو. ئەوجا لە لای خاڵی هەستکردن بەو نیگەرانییە، هەر یەکە لە هێنری کیسنجەر و جۆرج شوڵتز و ویلیام بیری و سام نان پێشنیازیان کرد کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو ڕێبەرایەتیی هەوڵێکی تەمادار بکات لەنێوان هێزەکانی ئەتۆمی - بەتایبەتیش ڕووسیا کەوا لەگەڵ ئەمریکا ٨٥٪ کۆی چەکە ئەتۆمییەکانی جیهانییان هەیە- لەپێناو کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو چەکانە و گواستنەوەی لە دۆخی ئامادەگییەوە، لە کۆتاییشدا کارکردن بە ئاراستەی جیهانێکی بەتاڵ لە چەکی ئەتۆمی. جا ئەگەر ئەمە بکەین یان نا، هەروەها ئەگەر بیرۆکەی گۆڕینی جیهان بۆ شوێنێکی بێ ترس و بەربەرچی ئەتۆمی بیرۆکەیەکی باش بێت یان، ئەوا ویلایەتەکانی یەکگرتوو ڕاستگۆیی و متمانەیەکی زۆری وەدەستدەهێنا ئەگەر بەو ئاراستەیە هەندێك هەوڵی جدییانەی بدابووایە، دەنا جارێکی دیکە وەها دێتە بەرچاو وەك ئەوەی بە جیهان بڵێ: " بە قسەم بکەن، بە عەمەلم مەکەن".

٣.بسمارکبە نەك بریتانیا: جۆزیف جۆف ئاماژەی بە هەبوونی دوو نموونەی مێژوویی کرد کە دەکرێ ویلایەتەکانی یەکگرتوو لەکاتی داڕشتنی ستراتیژە گەورەکەیدا ڕەچاویان بکات، ئەوانیش: بریتانیا و بسمارك بوون. بریتانیا هەوڵی دا دژی هێزە مەزنە گەشەسەندوو و هەڕەشەلێکەرەکان هاوسەنگییەك دروست بکات، کەچی بێجگە لەمە، کاری بۆ ئەوە نەکرد خۆی بەسەر کیشوەری ئەورووپادا بسەپێنێ. بەڵام بسمارك، لە بەرانبەردا، ئەوەی هەڵبژارد کە تەڤلی گشت هێزە مەزنەکان ببێت. ئامانجیشی دروستکردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ هەموویاندا بەشێوەیەك پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەو هێزانەدا لە پەیوەندییەکانی نێوان خودی ئەو هێزانەدا بەهێزتر و پتەوتربکات؛ بۆئەوەی ئەڵمانیا ببێتە تەوەری سیستمی نێو دەوڵەتی لە ئەورووپادا.

بۆ ویلایەتەکانی یەکگرتوو، بژار و مۆدێلی بریتانی بژارێکی دروست نییە. ئەمریکا لە ڕابردوودا دژ بە ئەڵمانیای نازی و ڕووسیای سۆڤییەتی ئەم ڕۆڵەی گێڕاوە، بەڵام ئەم ستراتیژە لە سایەی هەلومەرجەکانی ئێستەدا دانایانە نییە. چوونکە جیهان بەسەر چەند بەرە و سەربازگەیەکدا دابەش نەبووە، هەروەها لەپێشتر پەیوەنددارتر و متمانەدارترە. لەوانەیە هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی هاوسەنگییەك دژ بە هێزە گەشەسەندووەکان، سیاسەتێکی مەترسیدار و لەرزێنەری سەقامگیری بێت. چوونکە ئەگەر واشنتۆن دژ بە وڵاتی چین ئەمە بکات- پێش ئەوەی چین هیچ جۆرە حەزێکی مکوڕانە بۆ لاوازکردنی سیستمی نێو دەوڵەتی پیشان بدات- ئەوا خۆی بە گوشەگیری و تەنیایی دەبینێتەوە؛ هەروەها باجێکی گرانیش دەدات چوونکە هێزێك بووە و بووەتە هۆی تێکوپێکدان و لێکترازان. ئەوجا بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەمریکا زلهێزێکە، دەبێ زێدەڕۆیی نەکردن لە گێڕانی ڕۆڵەکەیدا پایەیەکی سەرەکیی هەر ستراتیژێکی مەزن بێت. دەنا،

خەڵکانی دیکە بەچەندان ڕێگەی هەمەچەشن هەوڵ دەدەن لەگەڵیدا بگەنە دۆخی هاوسەنگی.

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە واشنتۆن تەواو گونجاوە بۆئەوەی لە سیستەمی هەنووکەیی جیهانیدا ڕۆڵێکی وەك ئەوەی بسمارك بگێڕێت. ئیدارەی بۆش لەمیانی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یابان و ئوستورالیا و هیند، لە ئاسیاشدا کارێکی مەزنی ئەنجام دا. هەروەها دەبێ هەمان کاریش لەگەڵ ڕووسیا و چینیشدا بکات. هەرچەندە ویلایەتەکانی یەکگرتوو لەگەڵ مۆسکۆ و پەکیندا چەندان ناکۆکیی هەیە، بەڵام لە بەرژەوەندیی واشنتۆندا نییە بیانکاتە دوو نەیاری بەردەوام. خۆنزیککردنەوە لە ڕەوتەکەی بسمارك بەوە دەناسرێتەوە کە سەرلیستی و باشتربوون (الافضلیه) دەداتە ویلایەتەکانی یەکگرتوو، توانای ئەمریکا بۆ دامەزراندنی جیهانێکی نوێ و سەقامگیر تا ئەوپەڕی زیاد دەکات. جا ئەگەر سەرکەوتنیش وەدەست نەهێنێ، بەڵام ڕەواییبوون و بوار بە ئەمریکا دەبەخشێ ڕۆڵی پارسەنگ و هاوسەنگکارێك بگێڕێ.

٤. سیستمی دابڕاو و جیابۆوە. لە نێوەندی شرۆڤەکاران و توێژەران و کەسانی بواری پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا، سەبارەت بە چۆنییەتیی پاراستنی بەردەوامکاری (الدیمومە)ی ئاشتیی جیهانی، بیردۆزێکی هەژمووندار و زاڵ هەیە. ئەم بیردۆزە ئەوە بەدیاردەخات سەقامگیرترین سیستم ئەوەیە کەوا هێزێکی تاکانەی بێهاوتای هەژمووونداری هەبێت کەوا پارێزگەری لە سیستەمەکە بکات. بریتانیا و ویلایەتەکانی یەکگرتوو بۆ ماوەی دووسەد ساڵ ئەم ڕۆڵەیان گێڕا. لە هەردوو دۆخیشدا، دەوڵەتی هەژموونداری و زاڵ لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە زاڵبوو، هەروەها ببووە تاکە پەناگەی بازاڕ و قەرز و مەڵبەندی دارایی جیهانی و پارێزەری دراوی یەدەگ. هەروەها بریتانیا و ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە هەردوو

ئاستی سیاسی و سەربازیشدا، هەریەکە لە ڕێڕەوە دەریاییەکانیان دەستەبەر دەکرد و لە هەمبەر هەڕەشەکانی گەشەسەندووش کاریان بۆ هاوسەنگی دروستکردن دەکرد، کاتێکیش بیانزانیبووایە زۆر پێویستە بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوونی هەراوزەنا و پاشاگەردانی دەستوەردان بکەن، ئەوا نەدەسڵەمینەوە. هەرچەندە هەردووکیان هەڵەی زۆریان کرد، بەڵام سەقامگیریی سیستمەکە و سەرکەوتنی ئابووریی جیهانی و جڤاکە کراوەکان، هەر هەموویان بریتیبوون لە کەلتوور و میراتێکی دەگمەنی هەژموونی ئەنگلۆ- ئەمریکی.

بەڵام ئەدی ئەگەر هەژموونەکە لاوازبێت، چی دەبێت؟ ئەمریکا ئیدی وەك جاران تاکە بازاڕی مەزنی جیهانی نییە، چاوەڕوانیش دەکرێ دۆلار تا هەتایە پێگە سینبولّییەکەی خۆی وەك دراوی یەدەگ بپارێزێ. هەروەها لە چەند شوێنێکی دیاریکراویشدا- وەك دەریای باشووری چین- چاوەڕێ دەکرێ هێزی سەربازیی ئەمریکی لە هێزی چینی کەمبایەختر بێت. هەروەها ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە دانوستانەکانی نێودەوڵەتیشدا، ناچار دەبێت لەهەمبەر خەڵکانی دیکەدا سازش و هەماهەنگی بکات. ئایا کۆی ئەمانە دەبنە هۆی ناسەقامگیری و پاشاگەردانی؟

لە ڕاستیدا مەرج نییە هەژموونی ئەنگلۆ- ئەمریکی کەوا دووسەد ساڵ بەردەوام بوو، سیستمێکی نا فشۆڵی دروستکردبێ وەك لە بیستەکان و سییەکاندا دەبیندرا. (کاتێك هێزی بریتانی کەمبوویەوە، ولایەتەکانی یەکگرتوو حەزی نەکرد جێگەی بگرێتەوە، بۆیێ ئەوروپا بۆشاییەکەی پڕکردەوە). چوونکە چەمکی سەرەکیی سیستمی هەنووکەیی- ئابوورییەکی کراوەی جیهانی، دانوستانی نێودەوڵەتی- پێشوازییەکی فراوانی لێ دەکرێ. جگە لەمانەیش، چەند شێوەیەکی نوێی دیکەی هاوکاری و هەماهەنگی نوێ هەن کەوا بەشێوەیەکی پلەبەپلە پێشدەکەون. ئان ماری سلوتر ئەوەی وەسفکردووە کە

چۆن سیستەمەکانی یاسایی کۆمەڵێك پێوەری نێودەوڵەتی بەرهەم دێنن و پێڕەوی دەکەن بەبێ ئەوەی کەس ناچار بکەن، هەروەها سیستمێکی تێکچڕاو پێکدەهێنن کەوا لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەچێت. ڕاستە کە سەقامگیری گشت پرسێك چارە ناکات، بەڵام هەر هیچ نەبێ زۆربەیان چارەسەر دەکات. بە واتایەکی دیکە، لەوانەیە گەڕان بەدوای چارەسەرەکانی هەر زلهێزێك بۆ گشت گرفتەکان بێهوودە و ناپێویست بێت.

لەسەر ویلایەتەکانی یەکگرتوو پێویستە ئەم سیستمە تایبەتە پێڕەو بکات. ریچارد هاس، سەرۆکی پێشووی پلاندانانی سیاسەتەکان لە وەزارەتی دەرەوە بەشێوەیەکی داهێنەرانە داوای " هاوکارییەکی جیاواز و سەربەخۆی نێودەوڵەتیی کردووە". ئەم پێشنیازە پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێ کە هیچ دەستگە و دامەزراوە و ڕێکخراوێك نییە بەردەوام لەسەر هەق بێت، هەروەها هیچ بنەما و ڕێبازێکی میسالییانە بوونی نییە. لەسەر ئەم بنەمایە، لەوانەیە نەتەوەکانی یەکگرتوو کار بۆ چارەسەری گرفتێك بکات، ناتۆش گرفتێکی دیکە، هەروەها ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی OAS گرفتێکی دیکە چارەسەر بکات. جا لەوانەیە سەبارەت بە پرسە نوێیەکانی وەك گۆڕانی کەشوهەوا، دروستکردنی هاوپەیمانییەکی نوێ کەوا لە کۆمپانیاکانی تایبەت و ڕێکخراوەکانی ناحکومی پێکهاتبێت، بە چارەسەرێکی لۆژیکی دابندرێ. هەراوزەنا و پاشاگەردانیی نێودەوڵەتی زیاتر دەبێت، جا لەو کاتەی نەرم و گونجاو و سازشکار دەبیت، ئەوا دەرئەنجامی باشتری دەبێت لەوەی کە بەتەنیا لەو پرسە نزیکبیتەوە و بۆ چارەکردنی گرفتەکانی نێودەوڵەتی پشت بە یەك بیرۆکە یان یەك ڕێگە ببەستیت؛ ئەو دۆخەی باسی دەکەین ڕێگەیەك بوو کەوا لە ڕابردوودا گرفتەکانی نێودەوڵەتیمان پێ چارە دەکرد. هەبوونی سیستمێکی نێودەوڵەتی کەوا لە

میانیدا کۆمەڵێکی هەمەچەشنی بونیاد و چارەسەردا چارەسەری گرفتەکان بکریّ، دەتوانیّ سەقامگیرییە تایبەتەکەی دروست بکات. ڕاستە کە وەك ئەو سیستمی فەرمییە هەنووکەییە سەرنجڕاکێش نابێت کەوا بەهۆی یەك دوو ڕێکخراو لە نیویۆرك و جنێفدا بەڕێوە دەبریّ، بەلاّم لەوانەیە واقیعیتر و بەردەوامتر بێت.

٥. لە چەند ئاستێکدا بیربکەرەوە. ئەمریکا بەدرێژایی مێژوو و تاکو ئێستە بەهێزترین سوپای هەیە. بەلاّم لەگەلّ ئەمەیشدا، لە وەدیهێنانی سەرکەوتن لە عێراقدا دووچاری چەندان گرفت بوویەوە. هەروەها سوپای ئیسرائیلیش لەڕووی هێز و پێشکەوتنەوە هەرگیز لەگەلّ هێزی حیزبوللاّی لوبنانیدا بەراورد ناکریّ، بەلاّم ئەو سوپایەش نەیتوانی لە بەرانبەر حیزبوللاّدا سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە وەدەستبێنیّ. بۆچی؟ چوونکە لە سەدەی ئێستە بەرپەرچدانەوەی یەکسەری دەستەوتاقمەکانی چەکدار ئاسانە، بەلاّم سەرکەوتنی زەحمەتە. ئەمە تەنیا هەر بەسەر جەنگدا پیادە نابێت. ئێوە تەماشای پەیدابوونی هاوپەیمانیی ڕێکخراوەکانی مادەکانی هۆشبەر و کۆمەڵەکانی شۆردنەوەی پارە و کرێکارانی پەناهەندە و تیرۆرستان بکەن، هەر هەموویان لە حکوومەتەکان بچووکتر و هەژارترن؛ مەبەست ئەو حکوومەتانەیە کەوا دژیان وەستاونەتەوە. لەو سەردەمەدا کە بە چالاکییەکی بەردەوام و سنووربڕ دەناسرێتەوە، ئەو کۆمەڵە و دەستە و تاقمە بچووکانەی کەوا گیانی داهێنان و پەرۆشی و بڕیاریان هەیە، سەرلیستی و گرنگییەکی گەورەیان هەیە.

ئەوجا یەکەمین و گرنگترین وانەی ژێر باری ئەو هەلومەرجانە ئەوەیە کارێکی وەها نەکەیت ڕاکێشرێیتە نێو تەڵە و داوەکانەوە. لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا کەوا لە ساڵی ٢٠٠٤دا پەخش کرا، ئوسامە بن لادن بە ڕوونی و ڕاشکاوییەکی

سەرسوڕهێنەرەوە ستراتیژێکی باسکرد کە ناوی لێنابوو " تەشقەڵەکردن و وروژاندن و دانانەوەی تەڵە" و گوتی:" ئەوەی لەسەرمان پێویستە بیکەین ئەوەیە دوو موجاهید بنێرین..... بۆئەوەی پارچە قوماشێك بەرزبکەنەوە کەوا لەسەری نووسرابێت ئەلقاعیدە، بۆ ئەوەی جەنەڕاڵەکان بۆ ئەویٚ ڕابکەن و زیانی مرۆڤی و ئابووری و سیاسی بە ئەمریکا بگەیەنین". پەیامەکە گەیشتە گشت کۆمەڵە تیرۆرستییەکانی جیهان. ئێستەیش بەبیٚ هیچ جۆرە پەیوەندییەکی روون یان هاوکاری و ڕێنمایی زیاتر لە لایەن بن لادنەوە، ڕێکخراوە بچووکەکانی باشووری خۆرهەلاتی ئاسیا تا دەگاتە باکووری ئەفریقیا و لەوێشەوە ئەورووپا، ڕایدەگەیەنن کەوا بەشێکن لە ئەلقاعیدە، بەمە گرنگیی ئەم ڕێکخراوە قەبەتر دەکەن و گرنگیدانێکی نێودەوڵەتی بۆ پرسەکەیان ڕادەکێشن؛ بێگومان پاڵ بە ئەمریکاشەوە دەنیٚ بەخێرایی بێت بۆ ئەوەی دژی بوەستێتەوە. ئەم جۆرە کاردانەوە زێدەڕۆیانە وەها دەکەن سیاسەتەکانی ئەمریکا و بوونی سەربازییانەی ئەمریکی ببنە دوو پرسی سەرەکی، ئەوسا گفتوگۆیە نێوخۆییەکەی تایبەت بە تیرۆر و تۆقاندن بەرەو ئیمپریالیزمی ئەمریکی دەڕوات.

تۆ تەماشای شێوازی ڕەفتار و نزیکبوونەوەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا بکە سەبارەت بە بیرۆکەی فراوانکردنی بوون و ئامادەیی خۆی لە ئەفریقیادا. ئەو زمانەی کەوا ئیدارەی بۆش بەکاری هێنا شایانی ڕێزلێگرتنە، چوونکە تیرێزا ویلانی یارمەتیدەری وەزیری بەرگری بۆ کاروباری ئەفریقیا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیی ساڵی ٢٠٠٧دا دەڵیٚ:" دەمانەویٚ ڕێگە لە گرفتەکان بگرین بۆ ئەوەی نەبنە قەیران، قەیرانەکانیش نەبنە مەرگەسات و تراژیدیا". ئەو چارەسەرەی کەوا ئیدارەکە پشتی پیٚ بەستابوو پێکهێنانی تیپێکی نوێی سەربازیی تایبەت بە کیشوەرەکە بوو AFRICOM لەگەڵ سەرکردە و

دەستەی ئەرکانی تایبەت بەخۆی. بەڵام، بەپێی گوزارشتی دەیڤید ئیگناتیۆسی نووسەر لە واشنتۆن پۆست: " ئایا سوپای ئەمریکی بۆ هەوڵدان لەپێناو بونیادنانی ئەو گەلەی وەك دیارە ئەفریکۆم وێنای دەکات، ئامرازێکی گونجاوە؟ ئایا بوون و ئامادەییە دوو هێندەکەی ئەمریکا دەتوانێ تیرۆر و ناسەقامگیریی لە کیشوەرەکەدا بوەستێنێ، یان لە جیات ئەمە دەبێتە موگناتیسێکی نوێ و کەسانی دژ بە ئەمریکا بەکێش دەکات؟". ویلایەتەکانی یەکگرتوو لە ئەفریقیادا بەرژەوەندیی بێشوماری هەیە؛ بەرژەوەندییەکانیش هەر لە پاراستنی سەقامگیریی دەوڵەتەکانییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دانانی ئاستێك بۆ هەژموونی چین و رێگەگرتن لە ترازیدیایەکانی مرۆڤی. بەڵام ئایا تیپی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە رێگەیەکی گونجاوە؟ یان ئایا ئەوە زۆر بەسادەیی وەڵامدانەوەیەکی ئاسان و هەموارە؟ لێرەدا مەترسییەکە پەیوەندیی بە فەوتانی سەرچاوەکانەوە هەیە، بەهۆی ئیمپریالیزمی وێناکراوی ئەمریکی. بەڵام گرفتە قووڵترەکە گرفتی وێناندنکارییەکەیە (التصوری)؛ دەستنیشانکردنی نادروستی گرفتەکەیە. مارك توین دەڵێ:" ئەو کەسەی چەکوشێکی هەیە، گشت گرفتێك بە بزمار دەزانێت".

لەسەر ولایەتەکانی یەکگرتوو پێویستە بەشێوەیەکی داهێنەرانە و لەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدا بیربکاتەوە. ئەمەیش رێگەی بۆ خۆش دەکات پشت بە یەکێك لە سەرلیستییە سەرەکییەکانی ببەستێت، ئەویش ئەوەیە کە پێکهاتە (تشکیلە)یەکی فراوانتر و قووڵتری ئامرازەکانی هەیە، نەك هەر تەنیا سوپاکەی. بۆنموونە: ئەگەر سیاسەتی ئەمریکی لە هەمبەر ئەفریقیادا پێداگری لەسەر بونیادنانی کۆمەڵە دیبلۆماسییەکەمان و توانامان بۆ بونیادنانی گەلان و تیپە تەکنیکییەکانی یارمەتیدان بکردبایەوە، لەوانەیە بەبەراورد لەگەڵ

ئەفریکۆمدا بە بێزارکەر بهاتبایەتە پێشچاو، بەڵام لە دوورمەودادا کاراتر دەبوو. ئەم قسەیە بەسەر دەرەوەی ئەمریکاشدا پیادە دەبێت. ئەوەی لە پاکستاندا وەك کەموکورتییەکی ویلایەتەکانی یەکگرتوو دێتەبەرچاو، وەگەڕخستنی هەوڵێکی گەورەترە بۆ یارمەتیدانی ئەو وڵاتە بۆ نوێگەرایی، هەروەها دەبێ ئەوەش ڕوونبکرێتەوە کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو هاوپەیمانییەکی لەگەڵ گەلدا دەوێت نەك تەنیا لەگەڵ سوپادا. کاتێك لە هیند دەژیام، خزمەتگوزارییەکانی زانیاریی ئەمریکی (U.S Information Services) ڕۆڵی بلاوکەرەوەی ڕۆشنبیری و هزر و بەهایەکانی دەگێڕا، بەڵام ئەم نزیککارییە دیبلۆماسییە لە دوای جەنگی ساردەوە بەتەواوی داخرا و لە دوای یانزەی سێپتێمبەریش تەواو چۆڵبوو. چوونکە هەوڵەکانی سەربازیی ئەمریکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆیی ئیسلامی نزیکەی تریلیۆنێك دۆلاری وەدەستهێنا، لە کاتێکدا چالاکییەکانی دیبلۆماسی و مەدەنی لە ١٠ ملیار کەمتری وەرگرت.

سەرەڕای ئەمانەیش، ئەمریکا زۆر لە حکوومەتەکەی گەورەترە. هەروەها چەندان دەستگە و زانکۆ و ڕێکخراوەکانی خێرخوازی و مرۆڤ هەن بە قووڵی و کارایییەکی گەورەتر لە حکوومەت لە دەرەوە کار دەکەن. لەسەر واشنتۆنیش پێویستە زیاتر لەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە فێرببێت، زیاتریش کاریان لەگەڵدا بکات و ئەمریکییەکانی دیکەش هان بدات تەڤلی چالاکی و هەوڵەکانیان بن. هەروەها لە جیات ئەوەی موسڵمانانی ئەمریکی لێپرسینەوەی پۆلیسییانەیان لەگەڵدا بکرێت و بێزار و دەستبەسەر بکرێن، بۆ ئەوەی لەپێناو تێگەیشتن لە هێزی بەکێشکردنی بنەوانگرانەدا (الاصولیە) بانگهێشت بکرێن. بەکورتی، جڤاکی ئەمریکی کە یەکێکە لە هێزە سەرەکییەکانی ئەمریکا لە جەنگی دژ بە تیرۆردا زۆر پشتگوێ خراوە.

٦.شەرعییەتی هێز. ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا گشت جۆرە هێزەکانی بەرێژەی گەورە هەیە، تەنیا یەك هێز نەبێت، ئەویش شەرعییەتە. لە جیهانی ئەمرۆشدا ئەمە بە کەموکورتییەکی کرۆکی دادەندرێ. چوونکە شەرعییەت رێگە بە مرۆڤ دەدات ئەجیندا دابنێت و قەیرانەکان دەستنیشان بکات و پشتگیریی و هاودەنگی لەنێوان دەوڵەتان و هێزەکانی ناحکوومیدا کۆبکاتەوە. هەر شەرعییەتیش بوو کە رێگەی بۆ بۆنۆی گۆرانیبێژی رۆك خۆشکرد سیاسەتی حکوومەت لەهەمبەر پرسێکی هەستیاردا بگۆڕێت، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی قەرزەکان بوو. هێزەکەیشی لە توانای بەرجەستەکردنی نموونەکانی ئاکاری و هزریدا خۆی نواند.

شەرعییەت چەندان شێوەی هەیە. ئیدارەی کلینتۆن لە سێ دۆخی گرنگدا هێزی بەکارهێنا: لە بۆسنە و هایتی و کۆسۆڤودا. هەرچەندە ئیدارەکە دۆسییەی ئەم پرسانەی نەبردە ئەنجوومەنی ئاسایش، بەلاَم هیچ ئاماژەیەك بۆ پێویستبوونی ئەو هەنگاوە لەگۆڕێدا نەبوو. بەڵکو کۆفی ئەنانی ئەمینداری گشتی چەند راگەیەندراوێکی دەرکرد کەوا پاساوی بۆ دەستوەردان لە کۆسۆڤۆ دەهێنایەوە، ناوبراو لەمبارەیەوە گوتی:" نابێ سەروەریی دەوڵەتان وەك پەردە و پۆشەرێك بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەکاربێت". ئیدارەی کلینتۆنیش بەهۆی هەبوونی هەستێکی سەرەکی بە متمانە و باوەڕ، توانی بەشێوەیەکی بەشۆکی خۆی لەمە دەرباز بکات. چوونکە هەرچەندە ئیدارەی کلینتۆن– یان ئیدارەی جۆرج بۆشی باوك– لە زۆر دۆخدا یەکلاکەرەوە بوو، بەلاَم جیهان سەبارەت بە نیازەکانیان پێویستی بە بەڵێن و دەستەبەرییەکان نەبوو. سەبارەت بە ئیدارەی هەنووکەیی بۆش، هەرچەندە کۆی سەرزەنشتەکە– بەجیاوازییەکی گەورە لەنێوان خۆی و هەردوو ئیدارەی پێشوو– ناکەوێتە ئەستۆی ئیدارەکەوە، چوونکە هێرشەکانی

یانزەی سێپتێمبەر هیچ بوارێکی دیکەی بۆ نەهێشتەوە تەنیا سەپاندنی هەژموونی ئەمریکی و ڕەفتارکردن بەهێز نەبێت لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، بەڵام دەبوایە ئەمە بووبوایە هۆیەك و وەهای لێ بکردبایە لەمەڕ ئەو کارانەی کەوا لەسەری پێویستبوو ئەنجامیان بدات، ڕاوێژ و هاوکاری و هەماهەنگی وەگەڕبخات، ئەمەیش لەبەر دوو هۆی گرنگ: یەکەمیان بۆ ترساندنی دوژمنەکانی، دووەمیش بۆ ترساندنی شوێنەکانی دیکەی جیهان.

ئیدارەی بۆشی کوڕ لە قۆناغی خۆئامادەکردن بۆ جەنگی عێراق وەها دەهاتە بەرچاو کە هەرگیز لە بەهای کردەی شەرعییەت نەگەیشتبێ. لەوانەیە بەرپرسانی ئەمریکی ئەو ڕایە ڕەت بکەنەوە کە پێی وایە ئەوان لەگەڵ هاوپەیمانانیان لە ئەوروپای نوێ و ئاسیا و ئەفریقیادا دابڕاو بوون، بەڵام زۆربەیان یان بە بەرتیل یانیش بە ماستاوکردن بۆ چوونە نێو هاوپەیمانی باوەڕیان پێ هێندرا. هەرچەندە حکوومەتەکانی ئەوروپای نێوەڕاست پاڵپشتیی واشنتۆنیان کرد، بەڵام گەلانیان بەهەمان ژمارەی کەسانی نێو ئەوروپای کۆن – کە دژبوون– دژی ئەو مەسەلەیە وەستانەوە. جا واشنتۆن بەهۆی بێئاگایی و ئاگادارنەبوونی لەهەمبەر ئەو جیاوازییەدا، بەخراپ لە تورکیا گەیشت، هەمووشمان دەزانین کە تورکیا هاوپەیمانێکی کۆن و دڵسۆزە، بەڵام لە نەوەدەکاندا زیاتر دیموکراتیتر ببوو. چوونکە حکوومەت دەیویست پاڵپشتیی لە ویلایەتەکانی یەکگرتوو بکات، بەڵام ٩٠٪ گەلی تورکی دژی ئەمە بوون. دەرئەنجامەکەش – دوای دەنگدانێکی داخراوی پارلەمانی– ئەوە بوو کە تورکیا نەیتوانی پشتیوانی لە ئەمریکا بکات؛ ئەمەیش واتای ئەوەیە کە جەنگ لە دوو بەرەی دژ بە سەدامەوە بووەتە جەنگێکی تاکبەرەیی و تاکسەنگەری بە گشت ئەو دەرئەنجامە جدییانەی کەوا بەدوای خۆیدا دەیانهێنێ. بەمشێوەیە، کاتێك

جەنگ هەڵگیرسا، ویلایەتەکانی یەکگرتوو پاڵپشتیی زۆرینەی گەلی یەك دەوڵەتی جیهانی وەدەستهێنابوو کە ئەویش ئیسرائیله. لەوانەیە مرۆڤ سەری لە دڵسۆزییەکەی تۆنی بلێر سوڕبمێنێ، بەڵام پێشبینیی ئەوە ناکات کەوا سیاسییە زۆر دیموکراسییەکان لە جیهاندا حەزەکانی زۆرینەی هەرە زۆری گەلانیان پشتگوێ بخەن.

میکافیلی دەڵێ: " وەها باشترە خەڵك لێت بترسن لەوەی کە تۆیان خۆشبوێت". پێدەچی دیك چینی ئەم دروشمەی بە جیدی وەرگرتبێ. چوونکە لە وتارێکدا کەوا لە ساڵی ٢٠٠٧دا خوێندییەوە، وتەیەکی بێرنارد لویسی هێنابوویەوە کە هەمان مانای وتەکەی میکافیلی دەگەیەنێ، ئەویش ئەوەیە کە دەستهەڵاتدارانی تاکڕەو و خۆسەپێن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا لە قۆناغی جەنگی سارد دا، فێربوون کە لە یەکیەتیی سۆڤییەت بترسن نەك ئەمریکا. بەڵام میکافیلی و دیك چینی هەڵەن. بەڵێ ڕاستە کە هاوپەیمانانی یەکییەتیی سۆڤییەت لە سۆڤییەت دەترسان، بەڵام ویلایەتەکانی یەکگرتوو خۆشەویستبوو، یان هیچ نەبێ جێگەی سەرسامی بوو. تەماشابکەن کامەیان تاکو ئێستە ماون. شتێکی سەیر و نامۆ و جێگەی نیگەرانییە کەوا دیك چینیی جێگری سەرۆك ستایشی ئەو ستراتیژە دڕندانە و شکستخواردووانەی سیستمێکی دیکتاتۆرییانەی سەرکوتکار بکات. ڕاستە کە ویلایەتەکانی یەکگرتوو بەهێزی خۆی جیهانی گۆڕی، بەڵام بە ڕێباز و بیروباوەڕەکانیشی ئەم گۆڕانەی دروستکرد. چوونکە کاتێك خۆپیشاندەرانی لایەنگری دیموکراسی لە چیندا لە گۆڕەپانی تیانانمیندا گردبوونەوە، پەیکەرۆکەیەکی بچووککراوەی پەیکەری ئازادییان دروستکرد، نەك فڕۆکەی جۆری F-16. ڕەنگە وێنەی ئەمریکا هێندە خۆشخووانە و جوان نەبێت وەك ئەمریکییەکان تێیگەیشتوون، بەڵام لە کۆتاییدا لە ئەلتەرناتیڤی دیکە

باشترە. هەر ئەمەیشە کە وایکرد جیهان بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ بەرگەی هێزەکەی بگرن.

ترس و دوودڵی

بەڵام، پێش ئەوەی ویلایەتەکانی یەکگرتوو بتوانێ هەر کامێك لەو ستراتیژانە جێبەجێ بکات، هەردەبێ هەموارکردنەوە و دەستکارییەکی زۆر لەوە فراوانتر بکات. پێویستە ترس لە خۆی دووربخاتەوە. ئەو ترسەی کەوا لە ویلایەتەکانی یەکگرتوودا کەشێکی پڕ لە گومان و تۆقینی دروستکردووە، مەبەستم ئەو ترسەیە کە وەهای لە ئێمە کردووە هەڵەی ستراتیژی بکەین. دوای ئەوەی باوەڕمان بەخۆمان هێنا کە لەسەرمان پێویستە بەخێرایی و بەتەنیا و بەشێوەیەکی پێشدەستانە (استباقی) و یەکلایەنە ڕەفتاربکەین، سەرکەوتنمان لەوە وەدەستهێنا نیازە پاکەکانی نێو دەوڵەتی لەنێو ببەین و هاوپەیمانەکانمان لەخۆمان زویر کرد و دوژمنانمان بۆ خۆمان زیاتر کرد، تاکە دەستکەوتیشمان ئەوەبوو تەنیا کەمێك لەو گرفتە مەزنە نێودەوڵەتیانەمان چارەسەرکرد کەوا ڕووبەڕوویان دەبینەوە. ئەوجا بۆ ئەوەی ویلایەتەکانی یەکگرتوو پێگەی خۆی لە جیهاندا وەربگرێتەوە، لەسەری پێویستە یەکەمجار متمانەبەخۆکردن وەدەستبێنێتەوە.

بەبێ گشت پێوەرەکانی بابەتی، ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا تا ئێستەیش پێگەیەکی مەزنی هەیە. ڕاستە کە ڕووبەڕووی قەیران و گرفتەکان و بەرهەڵستیش بووەتەوە، بەڵام هەلومەرجی هەنووکەیی- بە بەراورد لەگەڵ هەر هەڕەشەیەکی دیکەی ڕابردوو (ئەڵمانیای نازی، دوژمنایەتییەکەی ستالین، جەنگی ئەتۆمی)- زۆر بەگونجاو و لەبار دێتەبەرچاو، جیهانیش

بەپێی ڕێگە و نۆرمی نوێ ڕەفتار دەکات. لە ساڵی ١٩٣٣دا فرانکلین دیلانۆ ڕۆزفڵت ئەو مەترسییە ڕاستینەی دیاری کرد کەوا هەڕەشە لە ویلایەتەکانی یەکگرتوو دەکات و گوتی: " تاکە شتێك کەوا لەسەرمان پێویستە لێی بترسین، ترس خۆیەتی.... تۆقینێکی نادیاریکراو و نا لۆژیکی و بێ پاساوە". ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لەوکاتەی سیستمی ئابووری و سیاسییانەی ئەمریکی لەسەر لێواری داڕووخان بوو و نیوەی هێزی کارگەر بێکاربوو و فاشیزم بەرەو جیهان دەچووە پێشەوە، ئەو هۆیەکانی ترسی ڕەت دەکردەوە. بەڵام ئێمە لە زەمەنی گەشەسەندن و پشکووتن و ئاشتیدا توانیمان بە شێوازێك لە شێوازەکان تۆقین بخەینە نێو دڵی خۆمانەوە. وەبیرهێنانەوەی ئەم پرسە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە کە لە حیسابات و داوەرییەکان و تێگەیشتندا هەڵە ناکەین.

ئەمریکا بووە میللەتێکی بارگاویکراو بە نیگەرانی. ئەو لە هەمبەر تیرۆرستان و ولآتانی نەیار و ناحەز و موسڵمانان و مەکسیکییەکان و کۆمپانیایەکانی بیانی و بازرگانیی ئازاد و پەناهەندەکان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتیدا نیگەرانە. بەهێزترین گەل لە مێژوودا دەبینێ چواردەوری بەهێزی دەرەوەی بەرزەفتی خۆی تەنراوە. هەرچەندە ئیدارەی بۆش بەشێوەیەکی زۆر بەهێز بەشداریی لەو دۆخەدا کرد، بەڵام دیاردەکە لە تاکە سەرۆکێك زۆر گەورەترە.

دەکرا هەڵمەتی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی نیشتمانیی تایبەت بەو جیهانە نوێیەی کەوا تیایدا دەژین، دەرفەتێك دروستبکات. بەڵام لەلای کۆمارییەکانەوە مەشقێکبوو لەسەر هیستیریای سینگکوتان و شین و شەپۆر. گەرچی هەندێك سیاسی لە شانۆی سیاسی دەرچوون، بەڵام وشە و گوفتارەکانیان کاریگەرییان بەسەر هۆشیاریی

نەتەوەییەوە هەیە، بۆ نموونە: ڕۆدی گولیانی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا چەندان جار هاواری دەکرد و ئامادەبووانی لە هەبوونی نەتەوەیەکی بەدخواز ئاگادار دەکردەوە: " ئەوان نایەنەوێ ئێوە لەو زانکۆیەدابن!" هەروەها دەگێڕنەوە کە بە ئەنگوستی ئاماژەی بە خوێندکاران دەکرد و دەیگوت:" یان تۆ، یان تۆ، یان تۆ". گولیانی ئەمریکای هان دا کە هەر تەنیا لە دۆخی هێرشکردندا نەمێنێتەوە، بەڵکو لە چەند سەنگەرێکی نوێشدا هێرش دەستپێبکات.

جۆن مەکین لە کتێبەکەی خۆیدا کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەرچوو، نزیککارییەکی کرداریتری گرتووەتەبەر، ناوبراو دەنووسێت:" سواری بالأڕۆیە (المصعد) نەفرەتییەکە ببە! سواری فڕۆکە نەفرەتییەکە ببە! دەبێ حیسابی ئەوەش بکەیت کە لەسەر دەستی تیرۆرستێکەوە دووچاری ئازار دەبیتەوە، دەبینیت زۆر نزیکە لەو ئەگەرانەی کەوا بەهۆی شەپۆلێکی فراوانەوە بەرەو دەریا ڕابماڵدرێیت". دواتر شتێکی دیکەی بۆ زیادکردووە کە وەك بنەمایەکی تاقیکراوەی کردارییە:" چاودێریی پێوەری مەترسیی تیرۆرستییانە بکە، کاتێکیش دابەزێتە ژێر سفرەکانەوە، دووبارە وەرە دەرەوە". بەڵام، بۆ بەدبەختی، لە یانزەی سێپتێمبەرەوە پێوەری مەترسییەکە هەرگیز دانەبەزیوەتە ژێر ڕەنگی زەرد (واتا ئاستێکی بەرزی مەترسیدار سەبارەت بە ئەگەری بەرپابوونی هێرشێکی تیرۆرستی). لە فڕۆکەخانەکانیشدا، بەردەوام ڕەنگەکە پرتەقاڵی بوو؛ واتا مەترسییەکی گەورە و ئاست بەرز هەیە، ئەمەیش دووەم ئاستی بەرزیی مەترسیدارییە. لەگەڵ ئەمەیشدا، ئیدارەی ئاسایشی نیشتمانی دانبەوەدا دەنێ کە تا ئێستەیش هیچ زانیارییەکی باوەڕپێکراو نییە کەوا هۆشداری لە هەبوونی هەڕەشەیەکی وەکاتانەی سەر

نیشتمان بدات. هەر بەڕاستی، لە یانزەی سێپتێمبەرەوە لە سەرتاپای وڵاتدا تەنیا دوو سێ پیلانگێڕی لاوەکییانەی تیرۆرستی ئاشکراکراون، هەروەها هیچ خانەیەکی نووستووی ئەلقاعیدە لە ئەمریکا نەدۆزراوەتەوە.

لەگەڵ ئەمانەیشدا، دوژمنەکە- هەروەك زۆرێك لە سیاسییەکانی ئەمریکی وەسفی دەکەن- گەورە و جیهانی و بێبەزەییە. گۆلیانی بەوپەڕی ئەعساب ساردییەوە ئێران و ئەلقاعیدەی دەخستە نێو یەك لیستەوە. بەڵام میت رۆمنی لەوە دوورتر رۆیشتووە و دەڵێ بەدخوازە شیمانەکراوەکان هەر هەموویان کۆبوونەتەوە. بەڵام ئێران، لە راستیدا، هێزێکی شیعییە و بەشێوەیەکی کرداری یارمەتیی ویلایەتەکانی یەکگرتووی داوە رژێمی تالیبان بڕووخێنێ کەوا لە لایەن ئەلقاعیدەوە لە ئەفغانستان پشتگیریی لێ دەکرێ. هەروەها سوننە توندڕۆیەکانی سەر بە قاعیدە شیعەی عێراقیان دەکوشت، میلیشیا شیعییەکانی سەر بە ئێرانیش لە تۆڵەدا سوننەی عێراقییان دەکوشت. کەواتە، ئێمە لە ئێستەدا یەکێك لەو هەڵە کرۆکییانەی سەرەتای جەنگی سارد دووبارە دەکەینەوە کاتێك گشت دژبەرە شیمانەکراوەکانمان دەخستە نێو یەك زەمبیلەوە و هەرگیز پۆلینمان نەدەکردن و لەیەکترمان جیا نەدەکردنەوە، بۆنموونە: ماوتسی تۆنگ و ستالین دوو پیاوی شەڕخواز بوون، بەڵام دوو شەڕخواز بوون کەوا رقیان لە یەکتری دەبوویەوە، ئەمە راستییەك بوو و ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو سوودی لێ وەربگیرابووایە، دەکرا سوودێکی مەزنی بۆ جیهانی ئازاد هەبووایە. خۆ دوورگرتنیش لە ئەنجامدانی ئەمەدا هیچ جۆرە هێزێکی تیادا نابیندرێ، بەڵکو دەبەنگییە.

کێبڕکێکردن لەسەر وەدەستهێنانی نازناوی کەسی بەهێز چەند هزرێکی نوێی وەدیهێنا کەوا پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە و؛ خۆی لەنێوان باش و

خراپـدا دەبینێتـەوە. بۆنموونـە ڕۆمنـی کـە خـۆی بـە بەڕێوەبـەرە زیرەکـە جیهانییەکـە دەناسـێنیٚ، بەمدواییانـە گـوتی کـە هەرچـەندە" هەنـدێك کـەس گوتیان لەسەرمان پێویستە گوانتانامۆ دابخەین، بەڵام من پێم وایـە کـە دەبیٚ قەبارەی گوانتانامۆ دوو هێندە لیٚ بکەین".

هەنـدێك کـەس ستایشـی سیاسـەتی هێرشـبەرانەی ئیـدارەی بـۆش دەکـەن، چوونکە نەیهێشت لە دوای یانزەی سێپتێمبەرەوە دووبـارە هێـرش بکرێتـەوە سەر خاکی ئەمریکا، بێگومان ئیدارەکە شایستەی سوپاسە، چوونکە ژێرخانی قاعیـدەی لـە ئەفغانسـتان و چـەندان وڵاتـی دیکـەدا هەڵوەشـاند کـەوا لـق و لایەنگری قاعیـدەیان تیـادا بـوو؛ هەرچـەندە سـەرکەوتنەکەی لـە وەدیهێنـانی ئەمەدا زۆر لەوە دیـاریکراوتر بـوو کـەوا هەنـدێك کـەس باوەڕیـان پێـی هەیـە، بەڵام لە یـانزەی سێپتێمبەرەوە هێرشـی تیرۆرسـتی لـە وڵاتـانی دیکـەی وەك بریتانیا و ئیسپانیا و مەغریب و تورکیا و ئەندۆنیسـیا و سعوودیەشـدا ئـەنجام دران کە زۆربـەیان زۆر بەتونـدی دژی تـیرۆر وەسـتابوونەوە. خـاڵی هاوبەشـی نێوان ئـەو هێرشـانە ئـەوەبوو کـە بـەهۆی چـەند کۆمەڵـەیـەکی نێوخـۆیی ئـەو وڵاتانەوە ئەنجام درابوون. واتـا دۆزینـەوە و وەسـتاندنی ڕەگـەزە بیانییـەکان زۆر لە دۆزینەوەی کۆمەڵە نێوخۆییەکان ساناترە.

جا ئەو خاڵە سەرلیسـتە (الافضـلیة) گرنگـەی کـەوا ویلایەتـەکانی یـەکگرتوو لەمبارەیەوە هەیـەتی ئەوەیـە کۆمەڵـەی تونـدڕۆی نێوەخـۆیی نییـە. چـوونکە موسڵمانەکانی ئەمریکی بەگشتی سەر بە چینی نێوەڕاستن، هەروەها میانڕۆن و بەشێوەیەکی نویٚ ئاوێتەی جڤاکە نوێیەکە بـوون و باوەڕیـان بـە ئـەمریکا و خەونی ئەمریکی هەیە. یەکێك لە گشتپرسییە سـەراپاگیرەکان کـەوا لـە لایـەن مەڵبەنـدی Pew بـۆ توێژینـەوەکان لـە سـاڵی ٢٠٠٧دا سـەبارەت بـە ڕا و

بۆچوونی موسڵمانانی ئەمریکی ئەنجام درا، ئەوەی دەرخست کە زیاتر لە ٧٠٪ ئەو خەڵکە باوەڕیان وەهایە کە ئەگەر مرۆڤ لە ئەمریکا لە کاروبارەکانی خۆی هەوڵ و داهێنانی هەبێت، سەردەکەوێ (بەڵام ژمارەکە بۆ ئەمریکییەکانی ئاسایی ٦٤٪ پێکدەهێنێ). هەروەها گشت وەڵامەکانیان سەبارەت بە زۆربەی پرسیارەکان لەگەڵ هزر و باوەڕدارییە باوەکانی ئەمریکا دەگونجا و و لە هەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ وەڵامەکانی موسڵمانانی وڵاتانی دیکە جیاواز بوو، بۆنموونە: ڕێژەی ١٣٪ موسڵمانانی ئەمریکی باوەڕیان وەهایە کە دەکرێ پاساو بۆ هێرشەکانی خۆکوژی بهێندرێتەوە. ڕاستە کە ڕێژەکە بەرزە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی ٤٢٪ی موسڵمانانی فەرەنسا و ٨٨٪ی ئوردنییەکان ڕێژەیەکی زۆر کەمە.

بەڵام ئەم تایبەتمەندە ڕوونەی ئەمریکی کە نیشانەی توانای وڵاتەکەیە بۆ لەخۆگرتنی کۆچبەرانی نوێ، بە نەمان هەڕەشەی لێ دەکرێ. چوونکە ئەگەر سەرکردەکانی ئەمریکی ئاماژە بەوە بکەن کە پێویستە بە چاوی گومانەوە تەماشای سەرلەبەری جڤاکی موسڵمان بکرێ، ئەوا ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی ئەو جڤاکە بە جڤاکی ویلایەتەکانی یەکگرتوو دەگۆڕێ.

هەرچەندە دیموکراتەکان لە زۆربەی پرسەکاندا لە کۆمارییەکان ئەقلانیترن، بەڵام حزبەکە هەر لەوە دەترسێ بۆچوون و وێنەیەك دروست بکات کە پارتێکی بەهێز و توندوتیژ نییە (صارم)، لەبەر ئەم هۆیە پاڵێوراوانی سەرۆکایەتییەکەی لەگەڵ یەکتری لە کێبڕکێدان بۆ ئەوەی بیسەلمێنن لە نێرایەتی و هەستی دوژمنایەتیدا لە توندوتیژترین کەسانی کۆماری کەمتر نین. چوونکە لە دیبەیتێکی سەرۆکایەتیدا لە کارۆلیانی باشووردا لە ساڵی ٢٠٠٧

کاتێك سەبارەت بە ئەگەری کاردانەوە لەهەمبەر هێرشێکی دیکەی تیرۆرستی پرسیار لە کاندیدایەکان دەکرا، یەکسەر بەڵێنیان دەدا کە هێرش بکەن و تۆڵە بکەنەوە و بۆ گواستنەوەی کەسێك زەوی لەژێر پێیاندا بلەرزێنن. تەنانەت باراك ئۆباما کە تاکەکەس بوو لە سەرەتادا بەشێوەیەکی جیاواز وەڵامی دایەوە، یەکسەر درکی بە فشۆڵیی هەڵوێستە سیاسییەکەی خۆی کرد و ئەویش بە تۆڵەکردنەوە هەڕەشەی کرد. دوای دیبەیتەکەش ڕکابەرەکانی ئاماژەیان بەوەکرد کە وەڵامدانەوە ڕاستین و تەواوەکەی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو هێز و عەزمی پێویستی نییە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك. (لە ڕاستیدا، وەڵامەکانی سەرەتای دروست بوون. چوونکە گوتی یەکەم شتێك کە بیکات دڵنیابوونەوەیە لەوەی ئاخۆ کاردانەوەی کتوپڕ کارایە، دواتریش دڵنیایی لەوە پەیدا دەکات کە ئاخۆ لەپێناو دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی هێرشەکە باشترین زانیاریی هەواڵگریی ڕێتێچووومان هەیە، دوای ئەمەیش لەگەڵ هاوپەیمانان دەجوولێین بۆ ئەوەی تۆڕە بەرپرسەکە هەڵبوەشێنینەوە).

هەرگیز ناتوانین ڕێگری لە کۆمەڵێکی بچووکی کەسانی نابار بکەین و لەمپەریان بۆ دروست بکەین بۆ ئەوەی نەتوانن کارێکی تیرۆرستییانە نەکەن. جا ئەگەر بەرپرسانی هەواڵگریمان و ئۆرگانەکانی ئاسیشمان زۆر لێهاتوو و دووربینیشبن، چوونکە هەندێك کەس بەردەوام تواناى ئەوەیان دەبێت بەنێو کەلێنەکانی وڵاتێکی گەورە و کراوە و هەمەچشنی وەك وڵاتی ئێمەدا خۆیان بخزێنن. تاقیکردنەوەی ڕاستین بۆ سەرکردەکانمان پەیوەندیی بەوەوە نییە کە ئاخۆ دەتوانین سەد لە سەد ڕێگە لە ڕوودانی هێرشەکان بگرین، بەڵکو چۆنییەتیی کاردانەوەمانە. ستیڤن فلینی شارەزا لە ئاسایشی نیشتمانی لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەدا جەخت لەسەر هەمان مەسەلە

دەکاتەوە و دەڵێت کە دەبێ نەرمی و توانای خۆ گونجاندنەوەمان وەك ئامانجێکی خۆمان ڕەچاو بکەین؛ واتا ئاستی خێراییمان لە گەڕانەوەمان بۆ دۆخی پێش ڕوودانی کۆسپوتەگەرەیەك. لە زانستەکانی مادیدا، نەرمی وەها پێناسە دەکرێ کە توانای مادەیەکە بۆ وەرگرتنەوەی شێوە بنەڕەتییەکەی خۆی لە دوای گۆڕانیدا. ئەوجا ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆمبێك تەقییەوە، دەبێ لەوە دڵنیابینەوە و ئەوە دەستەبەر بکەین کە کەمترین پاشاگەردانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لێ بکەوێتەوە. ئەمەیش ڕێگە لە تیرۆرستەکە دەگرێ ئامانجە سەرەکییەکەی وەدیبهێنێت. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر نەتۆقین، ئەوە لەڕووی لۆژیکییەوە واتای ئەوەیە کە ئێمە شکستمان بە تیرۆر و تۆقاندن هێناوە.

ئەو کەشە پڕ لە ترس و تۆقینەی کە هەنووکە بەرهەمی دەهێنین، لەوانەیە کاریگەرییەکی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە. هەر چۆنێك بێت، دوو مەسەلە هەن کە دەکرێ بە جۆرە دڵنیایی و بەقینێکەوە پێشبینییان بکەیت. شوێنەوار و کاریگەرییەکانی ڕاستینی هێرشەکە زۆر کەم و دیاریکراو دەبێت. ئەمەیش ڕێگە بە وڵاتەکە دەدات زۆر بەخێرایی بچێتەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆیەوە. خوێنیش لە شادەمارەکانی واشنتۆندا دەجۆشێ. هەروەها سیاسییەکانیش هێرشی کتوپڕ و گورچکبڕ دەکەنە سەر کەسێك یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی بیپلیشێننەوە و وێرانی بکەن و لەنێوی ببەن..... هەروەها هێرشی تۆڵەکردنەوەش گونجاو و گرنگ دەبێت ئەگەر توانی ئامانجە دروستەکانی خۆی بپێکێت. بەڵام، ئەدی ئەگەر تاوانکاران لەنێو هامبۆرگ و مەدرید و ترینتۆن بوون؟ لە ڕاستیدا، ئەگەرێکی گەورە هەیە– لە ڕاستیدا گەورەترین ئەگەرە– کە هێرشی ئایندەیی لەو وڵاتانەوە بێن کەوا بەبێ مەبەست و

بێئاگایانـە تیرۆرسـتان دالّـدە دەدەن. جـا ئایـا دەکـرێ بریتانیـا و ئیسـپانیا بۆردومان بکەین هەر لەبەر ئەوەی خانەیەکی تیرۆرستییان تیادایە؟

دەرئەنجامێکی دیکەی پێشبینیکراوی هێرشێکی تیرۆرستی بریتییە لـە زۆرێـك لـەو کۆتوبەندانـەی کـەوا دەخرێنـە سـەر جوولـە و تایبەتمەنـدی و ئـەو ئازادییانەی مەدەنی کەوا تێچووی زۆر گەورەی ئـابووری و سیاسـی و ئاکـاری دەخاتە سەر ئەمریکا. کردەی چاودێریکردنی خـەڵك لـە فڕۆکەخانـەکان کـەوا سـاڵانە نزیکـەی پێـنج ملیـار دۆلاری تێدەچـێت، سـاڵانە لەگـەڵ دۆزینـەوەی مەترسـییەکانی نـوێ و شـیمانەکراودا ئـاڵۆزتر دەبێـت. هـەروەها سیسـتمی پێدانی ڤیزا کەوا بووەتە شتێکی قێـزەون و پـڕ لـە کۆتوبەنـد، لـە گشـت ئـەو جارانەی کەوا یەکێك لە تاوانکاران لە دزەکردندا سەرکەوتن وەدەستدەهێنێ، زیاتر و زیاتر قێزەونتر و بەکۆتوبەندتر دەبێت. بێگومان، لـەکاتی دانـانی ئـەم ڕێکارانەدا، هیچ کەسێك ڕەچاوی وەدیهێنـانی هاوسـەنگیی نێـوان پێداویسـتی بۆ ئاسایش و پێداویستی بۆ کرانەوە و میواندۆستی ناکات.

بەڵام ترسەکانمان هەر تەنیا بەند نییە بە تیرۆرەوە. لوو دوبس لە کەناڵی سی ئـێن ئـێن و قسـەکەر بـەناوی توێـژی تـووڕە و دووچـاربوو بـە نەخۆشـیی گومانکردن لە جڤاك، هەڵمەتی بەردەوام دەکاتە سەر ئەو هێـزە بەدخوازانـەی کە بەردەوام وەك لافاو ڕامان دەماڵن. هەروەها بۆ زۆرێك لـە ڕاسـتڕەوەکانیش پەناهەنـدەکانی ناشـەرعی بوونەتـە نەخۆشـی و وەسواسـێك کـەوا ئـەقڵیانی داگیرکـردووە. پـارتی ئـازادیی بازرگـانیش خـۆی بـۆ ئـەوە تـەرخان دەکـات تواناییەکانی دەوڵەت زیـاتر بکـات بۆئـەوەی لـەپێناو قەدەغـەکردنی خـەڵك لـە کـارکردن چـاودێرییەکی بـەردەوامی هـەبێت. دیموکراسـییەکانیش لـە کرێـی فەرمانبەرانی ویلایەتەکانی یەکگرتوو نیگەرانن، بەڵام ئەو ترسانە لـە ئێسـتەدا

لەهەمبەر بازرگانیی ئازادە. چوونکە لەگەڵ پاراستنی دەستگەکانی ئەمریکی لە کێبڕکێکردن بێگومان دەبێتە هۆی لاوازکردنی توانای بەرهەمهێنانی وڵات، سیاسەتەکانی ئابووریی کراوەش لەنێو حزبدا بەخێرایی پشتگیریی خۆی لەدەست دەدات. سەرکەوتنە مێژووییەکەی کلینتۆن لە دووبارە ئاراستەکردنەوە و چاککردنەوەی هەڵەکانی پارتەکەی (بەرەو ئایندە و بازارەکان و بازرگانی و کارایی)، لە ئێستەدا لە هەوڵی دوای جەماوەریبوونێکی کاتیدا بەفیڕۆ دەدرێ.

بەشێك لە سیاسەتی دەرەوە پەیوەندیی بە کردارەکانمانەوە هەیە، بەڵام بەشێکی دیکەش هەیە پەیوەندیی بە کەسییەتیمانەوە هەیە. باوەڕەکان وەهان کە هۆبێرت هامفری گوتوویەتی کە یاسای مافەکانی مەدەنیی ساڵی ١٩٤٦ یەکێك بووە لە گرنگترین سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەو دەیەیە. بەزۆری ئەمریکا شوێنی ئەو ترياقە مەزنەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی بووە. چوونکە کاتێك ڕەفتارەکانی ئەمریکا سەبارەت بە جیهان توندوتیژ و هەڕەمەکی و ستەمکارانە بووە، ئەوا خودی ئەمریکا بەردەوام کراوە و پێشوازیکار و لێبوردە بووە. بیرمە کە لە حەفتایەکاندا سەردانی ئەمریکام کرد منداڵ بووم، ئەوکات هیند بە فەرمی دژی ئەمریکا بوو. بەڵام ڕاستیی ئەمریکا وەك خۆم تاقیم کردەوە وەك بەدرۆخستنەوەیەکی بەهێزی ئەو پڕوپاگەندەیە بوو کەوا دژی دەکرا، هەروەها ئەو وێنە کاریکاتێرییەشی سڕییەوە کەوا لە لایەن دوژمنەکانییەوە دەکێشرا. بەڵام ئەم وێنە کاریکاتێرییە بەهۆی بێئاگایی و سەرنج نەدان و ترس و ترسنۆکیی بیرۆکراتیانەوە هەڕەشەی ئەوە دەکات ببێتە ڕاستی.

لە کۆتاییدا، کرانەوە مەزنترین هێزی ئەمریکایە. زۆرێك لە شارەزایانی لێهاتوو لە سیاسەتەکاندا هەزری زیرەکانەیان هەیە و پێیان وەهایە کە توانای بەرهەمهێنان و پارەی پاشەکەوتکراو سیستمی چاودێریی تەندروستی لە ئەمریکا و هەژموونیشیان باشتر دەبێت. بەڵام ئەمریکا لە ڕووی مێژووییەوە بەهۆی کارامەیی و لێهاتوویی سیستمی چاودێریی تەندروستییەوە سەرنەکەوتووە، بەڵکو بەهۆی هێز و کارایی و زیندوویەتیی جڤاکەکەیەوە بووە. ئەمریکا بۆیێ سەرکەوتنی وەدەستهێنا چوونکە خۆی بەڕووی دونیادا کردەوە؛ دەرگەی بەڕووی کالاَ و خزمەتگوزارییەکان و هزر و داهێنانەکاندا کردەوە، لە کۆی ئەمانەیش گرنگتر دەروازەکانی خۆی بەڕووی خەڵك و ڕۆشنبیری و کەلتوورەکانی هەمەچەشندا کردەوە. ئەم کرانەوەیەش ڕێگەی بە ئێمە داوە لەهەمبەر قۆناغەکانی نوێی ئابووریدا زۆر بەخێرایی و نەرمییەوە کاردانەوەمان هەبێت و مامەڵە لەگەڵ گۆڕان و هەمەچەشنیدا بکەینەوە و سنوورەکانی ئازادی و سەربەخۆیی تاك فراوانتر بکەین. ڕێگە بۆ ئەمریکا خۆشبوو یەکەمین گەلی جیهانی بونیاد بنێت، شوێنێك کە خەڵکی گشت جیهان دەتوانن کاری تیادا بکەن و تەڤلی ببن و ئاوێتەی ببن و بەشداری لە یەك خەون و یەك چارەنووسدا بکەن.

لە پایزی ساڵی ١٩٨٢دا وەك خوێندکارێکی تەمەن هەژدە ساڵی لە هیندەوە گەیشتمە ئەمریکا، ئەو هیندەی کەوا هەشت هەزار میل لێیەوە دوورە. ئەوکات ئەمریکا لە قۆناغێکی زۆر سەخت و توندوتیژدا دەژیا. چوونکە لە کانونی یەکەمی ئەو ساڵدا بێکاری گەیشتبووە ١٠.٨٪. هەروەها بەهۆی چەند قەیرانێکی مەزنی وەك ؛ جەنگی ڤێتنام، پرسی ۆتەرگیت، قەیرانی وزە، قەیرانی بارمتەکان لە ئێران، متمانەی ئەمریکا بەخودی خۆی کەم ببوویەوە.

وێنــەی هەلیکۆپتــەرەکان لەســەر باڵیۆزخانــەی ئــەمریکا لــە ســایگۆن بــوو، نیکسۆن دەستی لە کار کێشایەوە، ڕیزی دووڕودرێژی ئۆتومبێل لەبەردەم وێستگەکانی بەنزیندا نۆرەی گرتبوو، هەروەها بارمتەکانی چاوبەستراو هەر لەبەرچاو و مێشکی ئەمریکییەکان لانەدەچوو. یەکیەتیی سۆڤییەتیش بە قۆناغێکی شادومانانەدا گوزەری دەکرد، چوونکە لە وڵاتە زۆر دوورەکانی دەرەوەی سنووری خۆی؛ لە ئەفغانستانەوە تا دەگاتە ئەنگۆلا و ئەمریکای نێوەڕاست هەژموونی زیاتر دەبوو. لە حوزەیرانی هەمان ساڵیشدا، ئیسرائیل هێرشی کردە سەر لوبنان و لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دۆخی نیگەرانیی کردە شتێکی سەرەکی؛ ئەو خۆرهەڵاتەی کە بەردەوام لە گشت شوێنێکی دیکەی جیهان زیاتر بارودۆخی گرژتر بوو.

سەرەڕای ئەمانەیش، بەڵام ئەمریکا تا ئاستێکی سەرسوڕهێنەر وڵاتێکی کراوە و چاوتێربوو. ڕێگان ئەم سیفەتانەی بەرجەستە دەکرد. هەرچەندە ناوبراو لەنێو جەرگەی ڕەشەبایەکەدا بەڵام بەردەوام گەشبینیی لێ دەتکا. لە بەرانبەر هەڵکشانی هێزی مۆسکۆدا، بەوپەڕی متمانەوە باسی لە قەیرانێکی کوشندەی نێو سیستمی سۆڤییەتی کرد و پێشبینیی کرد کە چارەنووسەکەی ئەوەیە دەکەوێتە سەر قۆمەتێك خۆڵەمێشی مێژوو. لە لایەکی دیکەوە لەو ڕۆینگە (ممر) سیاسییەی کەوا هەردوو پارتی سەرەکیی لەیەك جیا دەکردەوە (political aisle)، تۆماس (تیب) ئۆنێلی ئەمریکی –ئیرلەندی و وتەبێژ بە ناوی ئەنجوومەن، ڕاوەستابوو کەوا پیاوێکی زۆر دڵسۆز بوو و چاوتێری و لێبوردەیی قوتابخانەی کۆنی لیبراڵی بەرجەستە دەکرد. بۆ هەر شوێنێك چووبایەم، کەشەکە گەرموگوڕ و پێشیوازیکارانە بوو. هەستێك بوو کە من پێشتر هەستم پێی نەکردبوو. وڵاتێکە و ئامێزی بۆ جیهان، بۆ هەر کەسێك

کردووەتەوە کەوا خۆشی بوویت. هەروەها بۆمنی میوانی گەنج، وەهام هاتە بەرچاو کەوا هیوا و دەست و دڵکراوەییەکی بێسنوورم پێدەبەخشیٚ.

جا بۆ ئەوەی ئەمریکا لەم سەردەمە نوێیە پڕ لە بەرەنگارییەدا گەشەبکات و بپشکویٚ، هەروەها بۆ ئەوەی لەنێو دۆخی ڕابوونی ئەوانی دیکەدا سەرکەوتن وەدەستبێنێ، پێویستی بەوە هەیە تەنیا لە یەك تاقیکردنەوەدا سەرکەوتن وەدەستبێنیٚ. لەسەر ئەمریکا پێویستە چۆن بۆ خوێندکارێکی گەنجی دەبەنگی هەژدەساڵی- کە نەوەیەك لەمەوبەر چووەتە نێویەوە- شوێنێکی سەرنجڕاکێش بوو، دەبیٚ بەهەمانشێوە بۆ ئەو گەنجەش سەرنجڕاکێش بێت کەوا ئەمڕۆ دەچێتە نێویەوە.

کۆتایی

پیرست